# زنجیرە وتار

## زمان و زمانی کوردی (ئامادەکردنی تاهیر عەلیار)

هێژا تاهیر عەلیار نووسەر و لێکۆلەر کە پێشتر چەند زنجیرە وتاری لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکاندا بڵاو بونەتەوە[1]، لە پرۆژەی تازەی خۆیدا، دەمانکاتە هاوسەفەری خۆی و ماڵە وماڵی نووسەرانی کوردمان دەگێڕێت بۆ ئەوەی جیهانی ئەفسووناوی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە زمانی نووسەر و شاعیر و ئەدیبی کوردەوە هەست پێبکەین.

بابەتی زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەیەکی بێ کیانی پەنجا ملیۆن کەسی، پێویستی بە ئاوڕدانەوەی جیددی هەیە و لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک کەس بە تایبەت لە ناوخۆی وڵات بە کاری بێوچان و درێژخایەنی خۆیان لایەنەکانی زمانێکی کۆنی پڕ لە سامانیان دەرخستووە و ئەو هیوایە دەبەخشن کە زمانی کوردی بتوانێ جێگای شیاوی خۆی لە ناو زمانە گرنگەکانی جیهان، پەیدا بکات.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان لە گەڵ بەرز نرخاندنی هەوڵی پسپۆڕان و شارەزایان لەم بوارەدا، پشتیوانی لە هەموو هەوڵێک دەکات و لە هەموو شارەزایان دەگێڕێتەوە کە بەرهەمەکانیان لەم بوارەدا بۆ ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان بنێرن. زنجیرە وتارەکانی کاک تاهیر عەلیار لە مانگی سپتامبەری ٢٠٢٢ دەستپێدەکات و هەفتانە بڵاو دەکرێتەوە.

http://www.bokan.de/laperekan/Edebiat/edibani%٢٠bokani/T-Alyar/alyar.htm

ڕێداکسیۆنی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان

یەکی سپتامبەری ٢٠٢٢

---

[1] تەرەغە، هەژدیها داشی، کۆشکی زارا هێمای هاوبەشی میتولۆژیک لە ناوچەی بۆکان"!،" مهاباد لە مابەینی دوو شەڕدا "، "بۆکان لە ئەمرۆ و لە مێژوودا" و بابەتەکانی تر

## پێرست:

سەبارەت بە زمان و زمانی کوردی....................................................٣

## سەبارەت بە زمان و زمانی کوردی(بەشی ١)

ئەو سەردێرە بۆ باسکردن لە سەرزمان و زمانی کوردی دیاریکراوە و هەر مەتلەبێک کە پێوەندی بە زمان و زمانی کوردییەوە بێ دەکرێ لە و بەشەدا بڵاو بکرێتەوە . چاوەڕێین ئەو بەرێزانەی لەو بارەوە نووسێنێکیان هەیە بە ناردنی بۆچوونەکانیان ئەو بابەتە دەوڵەمەندتر کەن .  هەوەڵین مەتڵەبمان لەو بارەیەوە لە کتێبی **<u>کاروانی خەیاڵی خالید ئاغای حیسامی</u>** هەڵبژاردووە.




زۆر باشم لە بیرە مامۆستای ئەوکاتەمان کابرایەک بوو بە ناوی (میرزا رەحیم آصف) کە یا خوا ئەگەر ماوە خوای گەورە بە ختەوەری و تەمەنی درێژی پێ بدا و ئە گەر نەشماوە بە خوایەتی خۆی لێی خۆش بێ. رۆژێک چوومە دەرەوە دیتم مەلا ساڵحی کتێب فرۆش باری کتێبە کانی لە بن سێبەری دارەکانی پشت حەوزی ئاوایی خستووە مەلا ساڵح خەلکی ئەو دیو ، ناوچەی سلێمانی بوو، هەموو ساڵێک جاریک دوجار باری وڵاخێک کتێبی دە هێنا ناوچەی ئێمە بۆ فرۆشتن و لە بەر ئەوە کە زۆر هاتووچۆی دەکرد بۆ هەموو لایەک ناسراو بوو .

له لای مەلا ساڵح دانیشتم سه یری کتێبه کانم کرد ، له ناویاندا جزوەیەکی بچوک هەبوو لێی نووسرابوو (پند نامه عطار) که لێکم کردەوه هەمووی شیعر بوو ، هەروەک له ناوەکەشی دیاره هەمووی پەند و ئامۆژگاری بوو. نەمزانی بۆچی ئەو جزوه سەرنجی منی راکێشاو چاوی منی گرت ، ویستم بیکڕم مه لا ساڵح وتی نرخی ٥ قڕانه.

گوتم باشه دەچم پارەت بۆ دێنم ، چوم پارەم هێنا بەڵام هەتا هاتمەوه مه لا ساڵح باری لێنابوو ڕۆیشتبوو ، پرسیم بۆ کێهەلا چوو گوتیان بۆ لای خوارێ ، به غار به دوایدا ڕۆیشتم له خوار باغەکانی بەر دێ گرتمەوه ، گوتم: هاتووم بۆ کتێبەکه ، مەلا ساڵح له گەڵ ئەوەش بار کردنەوه و لێنانەوەی له بەر گران بوو دیسان دڵی نه شکاندم و بارە کەی کردەوه و ، کتێبەکەی پێدام ئیتر خەنی بووم. من که له کتێی دەرس بەولاوه چی ترم نەدیبوو چەندم پێ سەیر بوو کتێبێک له هەوەڵ هه تا ئاخری هه مووی هەڵبەست بێ و هیچی تری تێدا نەبێ قەتم شتی وا نەدیبوو ، ئیتر لەو ڕۆژەوه کار و پیشەم بوو به خوێندنەوەی ئەو کتێبه به چەشنێکی وا که هەمووم له بەر کردبوو ، ئەگەر له ڕێگەش دەڕۆیشتم له بەر خۆمەوه ئەو شیعرانەم دەخوێندەوه و ئێستەش لەو هەڵبه ستانه هێندێکیانم له بیره که سەرەتای بەو شیعره دەست پێ دەکا:

دلا گر خردمندی و هوشیار مکن صحبت جاهلان اختیار

ئیتر ورده ورده باوخۆش ببووم و ڕێگەی دیوەخانم ببۆوه ، وام لێ هاتبوو جار جار دەست له کتێبخانەی دیوەخانەکەش وەردەم که له ناو تاقەیەکدا له لای سەروی ژورەکه بوو. په ند نامه ی (عطار) وای تامی هەڵبەست پێ چێشتبووم هەر به دوای ئەو جۆره شته دا دەگەڕام . ئەو کتێبخانەیه گەوره نەبوو بەڵام جۆره کتێبێکی کۆن و له مێژینەی تێدا وەگیر دەکەوت وەک : کلیله و دمنه ، شاهنامه ، مەسنەوی ، انوار سهیلی ، خمسه نظامی ، مسلم، تفسیر خازن ، الف لیله و زۆر کتێبی چیرۆک و شتی تر که هەموویان فارسی

بوون و له ناو ئەوانه دا داستانێکی پولیسی ،جنایی به ناوی( خانه زرد ) هه بوو له پێشەکیەکەیدا نووسەر نووسیبووی ئەو کارەساته سالی ١٩١٦ ئەگەر چاکم له بیر مابێ رووی داوه و له فەڕانسی یەوه وەرگەڕابوو بۆ فارسی، من هیچ داستانی له وه شیرین تر و سه رنج راکێش ترم نەدیوه .

رۆژێک هەر له ناو ئەو کتێبخانه دا دەبینم کتێبێک هەیه خەتی وەک ئەوانی تر نیه وەک فارسی دەچێ و فارسیش نییه به زەحمەت چەند دێڕێکم لێ خوێندەوه ، ئای ، ئای کوڕە خۆ ئەو کتێبه کوردییه ، خۆ کتێبی کوردیش هەیه ، ئەروانمه لاپەڕەی هەوەڵی به خەتێکی گەوره لێ ی نووسراوه **شێخ ڕەزا تاڵەبانی** ئەو جار زیاتر له هەوەڵ و ناوەڕاست و ئاخری ئەو کتێبه ورد ئەبمەوه ئەبینم له ئاخر و ئوخریدا ئەو شاعیره به فارسیش شیعری گوتوه ، ئای لەو شته سەیره ئەوه ئەبێ ئەو کابرایه چ زانا و هەڵکەوتوویەک بێ چیتان لێ بشارمەوه لەو رۆژەوه ئیتر دیوانی شێخ رەزا منی به جارێک له پەندنامەی عەتتار پچرییەوه هەر لاپەڕەیەکی لەوی دی شیرین تر به تایبەتی ئەو هەڵبەسته فارسیانەی که سه رەتاکەی بەو شیعره دەست پێدەکا :

نه سر از مطلع گیلان به در آرد ماهی نه علم بر کشد از سمت بخارا شاهی

کورد گوتەنی به جارێ مێشکی منی ئاودا، ئیتر وەخت و بێوەخت ئەو هەڵبەستانه له سەر زمانم بوون و ورینگەم پێوه دەکرد، گاڵته و جوێن و هەڵبەستەکانی تری شێخ رەزام له گەڵ هەر کەس له هاوساڵانی خۆم باس دەکرد دەردەکەوت که ئەوان له من باشتر و زووتر ئەو هەستیار و وێژەوانه گەوره کورده ئەناسن و هەڵبەستەکانیان لەبەره بێجگه لەوه هەستیار و وێژەوانه گەوره کانی تری کوردیش وەک : نالی، گۆران ، حاجی قادر ، بێخود، وەفایی ، تایر بەگ هێندێکیان دیوانی چاپ کراو و هێندێکیان شیعری دەست نووسیان له ناو بەیاز و دەفتەردا هەیه و له زۆر شوێن وەدەست دەکەون و چونکه له مالەکەی ئێمەدا نین من لێیان بێخەبەرم . دیوانی وەفایی ئەو کاته هێشتا چاپ نەکرابوو بەڵام شیرین تەشی دەڕێسێی وەفایی

وای دەنگ دابۆوە هەر پێش بڵاو بوونەوەی وڵاتی داگرتبوو، هیچ کۆڕێک نە بوو باسی ئەو هەڵبەستانەی تێدا نەکرێ و لە سەر مەعنا لێدانەوەوشی کردنەوەیان کێشە و هەرا دەست پێنەکا. خوالێخۆش بوو حاجی بایزاغای موهتەدی دێبوکری کە زانایە کی گەورە بوو لە هەر شوێنێک ئەو هەبا باسی زانست و ئەدەبیش هەبوو،، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە مانا و ئیشارە و تەشبیهی ئەو هەڵبەستانەی لە خەڵکی تر باشتر دەزانی و دەیبردەوە سەر یەک و هەڵبەست ناسەکانی تری ئەو کاتە بۆیان دەسەلماند .

دەنگخۆشەکان بەدوایدا دەگەڕان کە بە گۆرانی بێڵێن و دەنگی خۆیانی پێ وەبرەو خەن ئاخری منیش دوای ئەوە جووتێکم کاڵە بە دوایاندا دڕی هەر لە لای دەنگ خۆشێک وەدەستم کەوتن بەڵام راستت ئەوێ ئیتر لە دم و پلی من ناوەشێتەوە لە تەڕی و ناسکیی ئەو هەڵبەستانە بۆ تۆ خوێنەری خۆشەویست بدوێم چونکە بەراستی ئەوە کاری من نییە و هەر لە توانام دا نییە ئەو کەلێن و قوژبنانەی خەیاڵی وەفایی گەورە سەری پێدا کردووە، من نزیکی بکەوم یان سەر لە مەبەستی ئەو دەرکەم یان شی بکەمەوە یان بەو خەتە خوار و خێچەم چەند دێڕێکی لە سەر بنووسم کەوابوو باشتر هەر ئەوەیە خۆت ئەو خەزێنە وەدەست خەی کە بێ گومان تۆش وک من هەر لات وادەبێ لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی ئەم دواییانەی کوردی لە بەرزی دا هیچی تری وایان تێدا نییە شان لە شانیان بداو خۆیان لەگەڵ راست کاتەوە.

ئەوەی سەیرە لە نوێ کردنەوەی چاپی دیوانی وەفایی دا لە ناوەندی بڵاو کردنەوەی ئەدبیاتی کوردی سەلاحەدینی ئەییوبی لە ورمێ خە رمانانی ١٣٦٤ی هەتاوی کە ئەو کاتە کاک هێمن سەرپەرشتی دەکرد شیعری شیرین تەشی دەڕێسێ یان لێ دەرهاویشتووە بە بیانووی ئەوەی کە یەکەم گومانی لێ دەکرێ شیعری وەفایی بن دووهەم شاعیر بە شێوە یەکی ئەدەبیی بێ پەردە و رووهەڵماڵدراو و ناسک لە زۆر شت دواوە کە بە بڕوای من غەدر لە وەفایی کراو ئەو شیعرە لە رووهەڵماڵدراوی و بێ پەردەیی دا دەسکی لە

دووی پێنج خشتەکییەکانی مامۆستا میسباحی ئەرمەنی بلاّغی (ئەدەب ) ناکا کە دەڵێن بە ناوی نوسرەت خانم گوتوویە و بە و شیعرە دەست پێ دەکا:

دویێ شەو شەوی شەممە کە لە بورج و مە و ئەختەر

ئاراستە بوو سەتحی سە را پەردەیی ئەخزەر

یان خێرو شیعری مامۆستا شێخ رەزا تاڵەبانی و زۆر شاعیری تریش کە شیعری لەوە رووهەڵماڵاو تریان هەیە و کەسیش نەک ئەو بیانووەی لە چاپکردندا پێ نەگرتوون بەلکوو باشتر لێیان وەرگیراوە و لە ناو کۆڕ و کۆمەل دا هەر ئەو بێ پەردەیی و ناسکی یە ئەو هەڵبەستانەی گەیاندۆتە لوتکە لە بەرزی دا. وەفایی شاعیرێکی زۆر کۆن و لە مێژینە نییە و ئەو دواییانەش لە مهاباد پیرە مێردی وا هەر مابوون کە خۆیان وەفایی یان دیوە و دەزانن چیرۆکی گوتنی شیرین تەشی دەڕێسێ ی وەفایی جۆن بووە کە چی ئەوان ئەوە بە بەڵگە ناگرن و دەڵێن : بەوەڕا کە ئەو شیعرە لە بە یازی دەست نووسی مە لا عەبدوڵلای گە لاڵەیی دا نەبووە وا دەر دەکەوێ کە شیعری وەفایی نەبێ و شیعری شوعاعی بێ توخوا چاو لەو بیانووە سە یرە کەن جا من شوعاعی بم و بزانم شیعری وەک شیرین تەشی دەڕێسێ بڵێم بۆ بە ناوی وەفایی دەیڵێم و بۆ بە ناوی خۆم نایڵێم یانی دەبێ شوعاعی لەو دەمەدا ناوی خۆی لە بیر چوبێتەوە؟ لە لایەکی تر ئەو شیعرە ئەگەر شیعری شوعاعی بێ دەبێ بێجگە لەوە شیعرێکی تریشی لەو مستەوایە دا هە بێ یان هیچ نە بێ کە سێک ناوی بیستبێ جا ئەو جار بێن شیعری بۆ لە وەفایی زەوت کەن و لە گیرفانی ئاخنن.

هەر بە راستی وەفایی لە نووسین و نە نووسینی بەیازی خەڵکی تردا سووچی هەیە؟ ئەوەش هیچ کاک هێمن ئەگەر خۆی لە چاپی نوسراوەکانی دا هەڵەیەکی بچووکی وەبەرچاو کەوتبا کوفری دوازدە ئیمامانی دەکرد و شەو و رۆژێک نەدەهاتەوە سەرەخۆ و دەیگوت : تێی .....خۆی چۆن دڵی هاتووە

ئەو غەدرە گەورە لە وەفایی بکا کە دیوانی وەفایی هەر هەمووی بە سەنگ و تەرازوو لایەکەو شیعری شیرین تەشی دەرێسێ بە تەنیا لایەک من هەر ئەو دەم کە دیوانی وەفایی بڵاو بۆوە ئەو پیلەم بە کاک هێمن گرت و داوای بەڵگەم لێکرد بۆ ئەوەی کە دەڵێ ئەوە شیعری وەفایی نییە بەڵام لەوە بە دەر کە پێی وابوو ئەو وشانەی لەو شیعرانەدا بە کاری هێناون لە شیعرە کانی تری دا نین و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە شیعری ئەو نەبن هیچ بەلگەی تری نەبوو بەڵام هەروەک ئەودەم عەرزی خۆیم کرد وێنەی ئەوە لە شیعری خۆشی دا دەبینرێ هەموو وشەیەکی لە هەموو پارچەیەکی دا نابینرێ و بەوەش نابێ شیعرەکەی لێ بستێنن و بیدەن بە شاعیرێکی تر و شیعری شیرین تەشی دەرێسێ  بە ئاشکرا هەر ئەو گەرمی و سۆز و ناسکی و ئاهەنگ و سواری و تام و خوێ یە یان هە یە کە شیعرە کانی تری وەفایی هە یانە و جیاوازی یان لە گەڵ یەک نیە و وەفایی قۆنتەراتیشی لە گەڵ کە س نە کردبوو کە لە هەموو غەزەلەکانیدا وشە کانی پێشوو دوپات کاتەوە بۆ ئەوە کە دوایی خەلعی شیعری نە کەن .

مەبەستی من ئەوە نەبوو ببمە پارێزەری وەفایی و گلە و گازندە بێنمە سەر خۆم و مەبەستم ئەوەش نەبوو وەفایی بە خەڵک بناسێنم چونکە خۆی لەوە گەورەتر و ناسراوترە و پێویستی بەوە نیە ، مەبەستی من هەڵبەستی شیرین تەشی دەرێسێ و ئەو شیعرانەی ترە کە لەو سەردەمە دا دەگوتران و شوێنیان هە بووە لە سەر من و خە یاڵی منیان هە تا سنووری خۆشە ویستیی بوێژەکانیان رادەکێشا و هیچی تر و لەو ناوەدا چاپ نەکرانی شیعری شیرین تەشی دەرێسێ ی وەفایی لە دیوانە کەی دا هێند زەق بۆ خۆی تێ کێشا.

## مێژووی ئەدەبیات (١)

زۆر کەس پێیان وایە مێژووی ئەدەبیات دایکی هەموو زانستە ئەدەبییە کانە چونکە لێکۆڵەوەرانی ئەو بوارانە بۆ دەستە بەر کردنی هەموو کە رە سە و پێویستیەکانی کاری خۆیان بە مێژووی ئەدەبییات دا دەگەڕێن. بە خوێندنەوەی مێژوو خوێنەر دەگەڵ رووداوەکانی رابردوو ئاشنا دەبێ تاڵ و شیرینەکان، جوان و ناحەزەکان ستەم و دادەکان لە کەنار داب و نەریت و عادەتە کانی خەڵک و کۆمەڵگا دا دەناسێ و فێریان دەبێ .

مێژوو دەگەڵ مێژووی ئەدەبییات فەرقیان هە یە (مێژووی ئەدەبیات ریوایەتی هەوڵەکانی رووح و خەیاڵی ئینسان و روانین بەرەو نەزەرگایەکی باڵاتر لە هەرشتێک و تێ گەیشتن و ئازادی بێ سنوورە. لە راستی دا پێناسەی هوویەت و تەبار نامەی نەتەوەییە) بەڵام مێژوو ریوایەتی رووداوەکانی رابردوو لە قۆناغێکەوە تا قۆناغێکی دیکەیە بەو جۆرەی روویان داوە.

شتێکی کە لە لێکۆڵینەوە لە مێژوو دا بایەخێکی تایبەتی هەیە ئەوەیە بزانین زۆر لە رووداوەکان راست وەک خۆیان لە تێکستە مێژووییەکان دا باس نەکراون جاری وایە رووداوێکی دەگمەن لە چەند سەرچاوەی مێژوویی دا بە چەند شێوە باسی کراوە و خوێنەری ژێر هەر ئەوەندە بەسە ئەو رووداوە لە چەند سەرچاوەدا بە یەکەوە بەراوەرد بکا ئەو جار دەزانێ چەندە گێڕانەوەکان لێک جیاوازن. رەنگە زێدەرۆیی مان نەکردبێ ئەگەر بڵێین بەشێکی زۆر کەم لە رووداوەکانی رابردوو راست بەو جۆرەی کە قەوماوە گەیوەتە بەر دەستمان. ئەو کێشەیە بەربەستێکی سەرەکیی لە سەر رێگای

لیکۆڵەوەرانی مێژوو دروست کردووە بۆیە باسە مێژووییەکان بە پێچەوانەی باسە ئەدەبییەکان بە هاسانی قوبووڵ یا ڕەد دەکرێنەوە ئەمما مێژووی ئەدەبییات وانیە ئەگەر ئەو پێناسەیەی ئەدەب قوبووڵ بکەین کە (بریتییە لە کۆی بەرهەمی نووسراوە کە بەرزترین و باشترین فکر و خەیاڵ لە بەرزترین و باشترین شکڵ دا تەعبیر ) دەکا بە جوانی تەفاوەتی ڕیوایەتی مێژوویی مان دەگەڵ ڕیوایەتی ئەدەبی بۆ دەردەکەوێ. بەرهەمە ئەدەبییەکان بە جوانی دەتوانن نیشان دەری هەست و عاتیفە و وئەندێشە و هێندێک جار ڕووداوە مێژووییەکانیش بن. خوێنەرانی دیوانی (حافظ) بە وردبوونەوە لە غەزەلەکانی، هێندێک کارەساتی سەدەی هەشتەمیان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەوانەیە لە هیچ کتێبێکی مێژووی ئەو سەردەم دا دەستیان نەکەوێ . ئەدبیات جاری وایە دنیا وەک چۆن هەیە ئاوای دەخاتە بەرچاومان و جاری وایە وەک چۆن دەبێ بێ مێژووی ئەدەبییات هەردوو دنیامان دەخاتە بەردەست.

لە سەر بنەمای ئەو نووسراوانەی کە( زیدان،ناصیف ، الزیات ، عباسپور) و زۆر کە سی دیکە لە بارەی مێژووی ئەدەبییاتەوە نووسیویانە بە کۆ لە سەر دو ئەسڵی نە گۆڕ هاوڕان ئەویش ڕابردووی ئەدەبییات و دیاری کردنی ڕەوتی ئاڵووگۆڕەکانییە تی بۆیە مێژووی ئەدەبییات بریتیە لە داستانی چۆنیەتی زمان و ئاڵووگۆڕ لە گوزەری زەمان دا و چۆنییەتی پێوەندی ئەو ڕووداوە ئەدەبییانەیە یە .

لە دنیای ئەورۆ دا هەن کە سانێک کە مێژووی ئەدەبییات بە هێند ناگرن و پێیان وایە ناکرێ مێژووی ئەدەبییات هەر بیریشی لێ بکەیەوە ئەو بۆچوونە هەڵبەت بۆ سووک کردنی ئەدەبییات یان ڕەد کردنەوەی بایەخەکانی نییە بەلکوو ئەوانە جێ و ڕێیەکی ئەوپەڕی زەمان و مەکان بۆ ئەدەبییات قایلن و بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەزەلی و ئەبەدی و خاریج لە مێژوو دەزانن . ئەو دەستەیە لە لێکۆڵەوەران دەڵێن: ئەدەبییات ئی هەموو زەمانەکان و

دەورانەکانە و ئەزەل و ئەبەد لێک گرێ دراوە وجوودێکی واحید و کۆیەکی سابیت وزیندوو هەمیشە یە هەروەها پێیان وایە هەردەقێکی ئەدەبی دیاردەیەکی سەربەخۆیە و دەگەڵ شتی پێش خۆی و ئەوەی پاش خۆی هیچ پێوەندییەکی نییە .

ئەمن پێم وایە بەرهەمە ئەدەبییەکان لە زەرفی زەمانی و مەکانی تایبەت دا دەڕسکێن و کارکردی موحیتی دەوروبەر ، جوغڕافیا ، سیاسەت، ئابووری ، فەرهەنگی نەتەوەکان ، میزانی عیلم و زانست ، فەلسەفە و نەزەرگە ئینتزاعی و عەینییەکان سەبارەت بە دین و دنیا لە تەنیشت عەوامیلی فەردی هەمووی ئەوانە دەتوانن لە پێک هێنانی بەرهەمی ئەدەبی دا دەوریان هەبێ ئەگەر شاعیر یان نووسەرێک لە ژێر کارکردی فکرێک دا بێ، بێ شک و گومان ئەو فکر و ئەندیشەیە لە بەرهەمەکانی دا خۆ نیشان دەدا. ئەگەر لە کۆمەلگایەک دا ستەم و ملهوڕی هەبێ هونەرمەندەکان و ئەدیبەکان بە عەمد یان بە بێ ئەوەی بەخۆبزانن لە بەرهەمەکانی خۆیاندا دەی نوێنن یا ئەگەر شاعیر و نووسەرێک لە باری ئابوورییەوە لە تەنگانە دا بێ بەرهەمەکانی لە کارکردی ئەو دیاردەیە پارێزراو نابێ. دەڵێن جاحز نووسەر و موعتەزلی بە ناوبانگی سەدەی سێهەمیی کۆچی سالە ها لە گەل نەخۆشی دەستەویەخە بووە نەخۆشیەکەی لە بەرهەمەکانی ئەوکاتی دا رەنگی داوەتەوە و خوێنەری ژیر بە هاسانی رەنگدانەوەی نەخۆشی لە نووسراوەکانی دا دەبینێ بۆیە دەقە ئەدەبییەکان رسکانێک لە زەمان و مەکانی خۆیان دان و ئەوە بەو مانایە نیە کە بەرهەمەئەدەبییەکان ناتوانن هەتا هەتایی بن بەلکوو هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بە گوێرەی میزانی هونەری بوونیان هەتا هەتایین. بە زمانێکی دیکە دەتوانین بلێین بەرهەمە ئەدەبییەکان لە زەمان و مەکانێک دا دەڕسکێن ئەمما زۆر زوو لە رەوتی مێژوودا زەمان و مەکان بە جی دیلن و هەتا هەتایی دەبن.مەسنەویی (مولانا جلال الدین ) بەرهەمی بەرخوردی تاقانەی ئەو دەگەڵ (شمس تبریزی) یە لە زەمانێک دا ئەو بەرهەمە رسکاوە

ئەمما زۆر زوو هەتاهەتایی(جاودانە) بووە بەرهەمی ئەدەیی نەتەوەکانی دیکەش ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە.

ئەدەبییات مێژووی تایبەتیی خۆی هەیە و چونکە مێژووی ئەدەبییات مێژووی بەرهەمە ئەدەبییەکانە دەگەڵ مێژوو پێوند ی هەیە وچونکە ئاڵوگۆڕی رەوتە ئەدەبییەکان هەڵدەسەنگێنێ، بۆخۆی ئەدەبییاتە بەڵام ئەو مێژووە جیا لە مێژووی باوی رۆژ وەک (الکامل فی التاریخ ابن اثیر) و (تاریخ الرسل و الملوک طبری) یە لەوێ رووداوەکان بە ئاشکرا قابیلی باوەڕ یا جێگای گومانن رستەکان و عیبارەتەکان خەبەرین ئەمما لە ئەدەبییات دا و لە گێڕانەوەی ریوایەتە ئەدەبییەکان دا چون دەگەڵ بەیانی عاتیفە و هەست بەرەورووین باوەڕکردن یان نەکردن لە گورێ دانیە و لە نێو دەقە ئەدەبییەکان دا جاری وایە باسی هێندێک رووداو دەبینین کە قەت لە لێکولینەوەی مێژوودا تووشیان نابین . راستیان کوتووە کە : تەواوی تێکۆشانی هزری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی بەشەر مێژووی خۆیان هەیە ئینسان بوونەوەرێکی ئاڵووگۆڕ پەزیرە و هەرچی لە ئینسان رایە  و بەرهەمی خۆ رێکخستنی مروف دەگەڵ جیهانە بێ شک دەگەڵ ئینسان رەوتێ ئاڵووگۆڕەکان دەپێوێ و هەموو کردەوەیەکی ئینسان میژووی دیار و تایبەتی خۆی هەیە.

یەک لە گرینگ ترین زەحمەتە کان لە نووسین و لێکدانەوەی مێژووەکانی ئەدەبییات دابەش کردنی ئەدەبییات بە سەر دەورانی جیاواز دایە . زۆربەی لێکۆڵەوەرانی مێژووی ئەدەب سیماکان و دەنگەکان لە هەرەقەدیمەوە تا تازەترین یان بە گوێرەی زەمان دابەش دەکەن و یەک بە دوای یەک دا نێویان دینن بەشێکی دیکە لە لێکۆڵەوەران حکوومەتەکان و ئاڵوگۆڕ لە نیزامەسیاسیەکان دا دەکەنە دەسپێکی کارەکەیان و هیچ دوودڵییەک نییە کە ئاڵووگۆڕی حکومەت و نیزامی سیاسی لە شیعر و ئەدەبییات دا کارکردی هەیە و دەبێتە ئامرازێک بۆ شێوەی نوێتر بەڵام دابەش کردنی ئەدەبییات بە

سەر دەورانی سیاسی جیاواز دا ناتوانێ زۆر دەقیق بێ و لەوانەیە هێندێک گیروگرفت بەرهەم بێنێ هەوەڵین گیروگرفت ئەوەیە کە رووداوە مێژووییەکان جێگای باس و جەدەلن یانی گرووپەکان و لایەنگرانی رەوتی سیاسیی جیاواز لە سەر رووداوێک بۆچوون و لێکدانەوەیان و بایەخدانانیان یەکسان نییە و لە سەر کارکردی رووداوەکە لە ئاڵووگۆڕەکان دا هاوڕا نین تەنانەت میزانی گرینگیی هەڵکەوتەیەکی سیاسی لە گوزەری زەمان دا وەک خۆی نامێنێتەوە و بە هۆی گۆڕان لە سەر بۆچوون لە سەر دیاردەیەکی مێژوویی ، مانای دەورانی کات وساتەکانی ئاڵووگۆڕیش دەگۆردرێ.

مێژوونووسی ئەدەبی عەرەب (عمرفروخ) دەورەبەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەکوو دابەش کردنێکی عورفی دەبینێ و ئاماژەی بە هەڵخلیسکانەکانی ئەو دەوران بەندییەش کردووە ئەمما ددانی بەوەش داهێناوە کە بۆ نووسینی مێژووی ئەبییاتی عەرەب چارەیەکی غەیری دەوران بەندیی سیاسی نەبووە.

کێشەی دووهەم ئەوەیە کاتێک دەورەبەندی لە سەر بنەمای رووداوە سیاسیە گرینگەکان ئەنجام دەدرێ رووداوە ئەدەبییەکان کە هەمیشە بەرکەنار لە هەلکەوتە و ئاڵووگۆڕە سیاسییەکانن وەپشت گوێ دەخرێن وەک ئەدەبییاتی کەمینەکان ، فرقە چکۆڵەکان ، ئەدەبییاتی ژنان ، ئەدەبییاتی بەرعۆدە و بەستراوە بە ئیدئۆلۆژی تایبەت ، ئەدەبییاتی منداڵان و..... سێهەمین گرفت نەبوونی هاولایەنی و نەگونجانی هەموو قالبە ئەدەبییەکان دەگەڵ هەموو دەورانە مێژووییەکانن قالبە ئەدەبییەکان لە مێژوودا یەکسان لە ژێر کارکردی عامیلە سیاسیەکان دا نین.

شێوەیەکی دیکە بۆ دەورەبەندیی ئەدەبیی کەڵک وەرگرتن لە عاملی ئەدەبیی وەک ، جۆرەکانی ئەدەبی ، کەسایەتییەکانی ئەدەبی و بەرهەمەئەدەبییەکانە بۆ وێنە لە ئەدەبی فارسی دا لە دەورەی هەوەڵ دازیاترین بەرهەمە ئەدەبییەکان لە نەزەر نەوعەوە حەماسەیە بۆیە دەتوانین ئەودەورانە بە

دەورەی حەماسە کوتن نێو دێر کەین یان (حافظ) لە دەورەی خۆی دا گەورەترین کار کردەکانی لە سەر شیعر داناوە بۆیە دەتوانین دەورەی ئەو نێو بنێین دەورەی حافظ یان لە ئەدەبی کوردی دا دەورانی خانای قوبادی دەتوانین نێو بنێین دەورانی مەنزوومەی عاشقانە هەرچەند گۆنەی شیعری دیکەش لەو دەورانە دا یەگجار زۆرە ، بۆیە دەتوانین بڵێین عەوامیلی دیکەی ئەدەبی دەتوانن دەوران ساز بن.

هەڵبەت ئەو دابەشکردنەش تا رادەیەک گرفتی خۆی هەیە چونکە لە دەورانی حەماسە کوتنیش دا ئەنواعی دیکەی ئەدەبی وەکوو ئەدەبی غەنایی رەواجی هەبووە کە لەو دابەشکردنە دا لێی غافڵ بوون . یەکی دیکە لەو شێوە دابەش کردنانە ی دەورانەکانی ئەدەبیی لە سەر بنەمای فیلەسووف و کۆمەڵ ناسانی بە ناو بانگە بۆ وێنە دەورەی هەوەڵی ئەدەبی فارسی دەکرێ بڵێین دەورەی (ابن سینا)یە بەڵام ئەو دابەش کردنەش بێ شک موشکیلاتی خۆی هەیە بۆ وێنە کار کردی ابن سینا لە سەر ئەدەبییاتی ئەو سەردەمە زۆر کەم رەنگە و ئەگەر دەورانە کانی دیکەش بەو چاوە ببینین هەر بەو ئاکامە دەگەین. ئەو شێوە دابەش کردنە لە ئەدەبییاتی کوردی دانیە .

تا ئێرە بۆمان روون بۆوە کە دەورە ئەدەبییەکان دەتوانین بە شێوەی جۆراوجۆر دابەش بکەین ئەمما هیچ کام لە دەورانە ئەدەبییەکان ناتوانێ هەموو موختەسات و موشەخەساتی ئەو دەورانە لە خۆی دا کۆ کاتەوە و لە هەر کام لە دابەشکردنی دەورە ئەدەبییە کان داجۆرێک کەم و کووڕی هەیە.

ئەو بەرهەمەی لە بەر دەستتان دایە مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە تا شەڕی جهانیی هەوەڵە و سالە ها زەحمەتم پێوە کیشاوە و پێشم وانیە ئاخرین قسەی ئەو بابەتەم کوتووە بەڵکوو پێم وایە ئەو لێکۆڵینەوەیە دەتوانێ هەنگاوێک بێ بەرەو مێژووی ئەدەبی کوردی ئەویش لە دەورانی ئاماژە پێکراوی خۆیدا هەروەها لەو پێشەکییەدا پێویستە نێوی ئەو کەسانەش بێنم کە پێش من مێژووی ئەدەبی کوردییان نووسیوە و کەمێک

باسی تایبەتمەندی بەرهەمەکانیان بکەم مەبەستم ئەو بەرهەمانەیە کە ناوەرۆکی مێژووی ئەدەبییاتیان هەیە نەک ئەو بەرهەمانەی کە لە ژێر ئەو تیترە دا بڵاو کراونەتەوە. لە قەدیمی ترینی ئەوانە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبان) بەرهەمی ئەمین فەیزی بەگە کە لە دەورەی عوسمانی و هاوزەمان دەگەڵ سیمای ئەدەبیی وەک شێخ رەزای تاڵەبانی ژیاوە . لەو بەرهەمەی دابە کورتی نێوی هێندێک شاعیری هێناوە و کەمێک لە شیعرەکانی ئەوانیشی ناساندووە و هەر چەند کتێبێکی بچووکە بەڵام زانیاری پڕ بایەخی تێدایە.

لە بەرهەمەکانی دیکەی کە بە کورتی باسی شاعیرە کوردەکانی کردووە کتێبی (شیعر و ئەدەبییاتی کوردی)نووسینی رەفیق حیلمیە نێوی ٢٤ شاعیری هاو دەورەی خۆی هێناوە و هێندیک رووداوەکانی ژیانی ئەوانی ئاماژە پێکردووە و کەمێکیش هونەری شیعریی شاعیرانی لێکداوەتەوە ئەو کتێبەش لە هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی مێژووی ئەدەب دا جێگای تایبەتی خۆی هەیە هەڵبەت شکڵی هێنانە گۆڕی مەتلەبەکانی ئەو کتێبە بەشێکی تەزکەرە نووسی و بەشێکی مێژوو نووسینە.

عەبدولقەریب یوسفیش کتێبێکی هەیە بە نێوی ( دیوانا کرمانجا) و تا ئەو جێگایەی بۆی کراوە نێوی شاعیرەکانی زاراوەی کرمانجیی هێناوە و بە کورتی باسی ژیانی کردوون و بەرهەمی هێندێک لە شاعیرەکانیشی لەو کتێبە دا گونجاندووە ئەو کتێبە بچووکە سەرچاوەیەکی باشە لە ئەدەبییاتی کرمانجی دا. بەرهەمێکی دیکە بە نێوی (مێژووی ئەدەبی کوردی ) نووسینی عەلائەدین سەجادیە. وادیارە هەوەڵین کتیب بێ لە ژێرناوی( تاریخ ادبیات کردی ) کە بە زمانی کوردی نووسرابێ چونکە عەلائەدین سەجادی بۆخۆی یەکێک لە ئەدیبەکان و ساحەب نەزەرانی ئەدەبی کوردییە کتێبەکەی دەگەڵ کتێبی نووسەرانی پێش خۆی لەو بوارەدا ، فەرقی هەیە و خوێنەرانی دەتوانن لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە بەهرەی لێ وەرگرن بەڵام ئەوکتێبە

ئیرادێکیشی هەیە و نێوی زۆر لە ناو بەدەرەوەکان و خاوەن سەبکەکانی یان تێدانیە یان زۆربە کورتی ئاماژەی پێ کردوون ئەو شاعیرانەی عەلائەدین سەجادی بە تەفسیل باسی کردوون بریتین لە (باباتاهیر، مەلای جزیری ، بێسارانی ، ئەحمەدی خانی ، نالی ، سالم ، مەولەوی ، مەلای جەباری ، سەید یەعقووب ، کوردی ، حاجی قادر ، مەحوی ، شێخ رەزا، سالم ، سنەیی، مەجدی، حەریق ، ئەدەب ، پیرە مێرد ، حەمدی ، ناری ، تاهیربەگ، زیوەر ، ئەحمەد موختار و بێکەس) هەر وەک دەبینین زۆر لە شاعیرانی بە ناوبانگ و خاوەن سەبک وەکوو ( مەلای جزیری ، فەقێ تەیران ، مەلای بانەیی، خانای قوبادی ، ئەحمەد بەگ کۆماسی، ئەرکەوازی ، فەقێ قادر هەمەوەند، وەفایی و زۆری دیکە هەڵ نە سەنگێندراون. ئیرادێکی دیکەی کە دەتوانین لەو بەرهەمەی سەجادی بگرین نەسری ئیحساسی و عاتیفی ئەوە . ناوبراو نووسەرێکی ئەدیب و زەبەردەست بوو و لە زۆر لە داوەرییەکانی دا وا عاتیفە وئیحساس نیشان دەدا نووسینەکەی وەکوو تێکەڵێک لە نەزم و نەسر دەچێ. ئەو شێوە نووسینە قەدیم رەواجی بووە بەڵام ئەورۆ لە لیکۆڵینەوەی ئەدەبی و عیلمی دا جێگایەکی گرینگی نییە ئەو نەسرە ئیحساسیەی ئوستاد سەجادی وای کردووە کە هەموو شاعیران وەکوو ئەستێرەی درەوشاوەی عاسمانی شیعر و ئەدەب دەبینێ . ئیرادێکی دیکەی کارەکەی سەجادی کەڵک وەرنەگرتن لە رەوشی عیلمی و ئیشارە نەکردن بە دەورانە ئەدەبییەکانی ئەدەبی کوردییە لەوبارەوە بێجگە لە هێندێک داوەریی دیکە کاری مەرحوومی سەجادی ئاماژە بە رووداوەکانی ژیانی شاعیران و باس کردنی شیعری ئەو شاعیرانەیە . لە هەر حاڵدا رەنگە ئەگەر کەسێکی دیکە بە جێگای سەجادی نووسیبای لەوەی باشتر نە دەنووسی وچونکە پێشەنگە جێگای رێز و ئیحترام و ئەدەبە. بەرهەمێکی دیکە کە زیاتر لە دوو دەیە لە چاپ و بڵاوکردنەوەی تێدەپەڕێ (مێژووی وێژەی کوردی) بەرهەمی سەدیق سەفیزادەیە کە ساڵی ١٣٧٠ی کۆچیی شەمسی لە بانە لە لایەن بڵاوکەرەوەی ناجی لە دوو جڵد دا بڵاو بۆتەوە پڕە لە زانیاری بەڵام نامونەزەم و گەورەترین ئیراد لە سەر ئەوکتێبە نەبوونی موستەنەداتی پێویستە کە لە

کاری لێکۆڵینەوەدا بەردی بناغەیە هەروەها دەستەبەندی و تەبەقەبەندیی موناسبیش لە کارەکەدا نابیندرێ و نێوی کەسایەتییەکانی بە بێ لێکدانەوەی ڕەوتە ئەدەبییەکان بە دوای یەک دا ریز کردووە و کورتەیەک لە ژیان نامە و نموونەی شیعرەکانی هەرکامیانی هێناوە ئەو بەرهەمە جارێک چاپ کراوە و نووسەری بەرێزیش حەولی ئیسلاح و لە جاپ دانەوەی دووبارەی نە داوە.

کتێبێکی دیکە ی کە سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی کوردی نووسراوە بەرهەمی ڕێزدار عادل محەمەدپوورە لە ژێر ناوی (جریان شناسی شعر کردی هورامی از ابتدا تا بە امروز ) کە تایبەت بە شیعری هەورامیە و لە قەدیمەوە پێی داهاتووە و شاعیرانی ئەو زاراوەیەی ناساندووە. محەمەد پوور شیعری هەورامیی بە حەوت دەورە دابەش کردووە و شاعیرانی هەر کام لە دەورەکانی نێو دێر کردووە هەروەها شیعری هورمزگانی (کێشە لە سەری) بە پشت بەستن بە هێندێک ریوایەت بە بەرهەمی سەردەمی هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێرانی لە ژێر ئاڵای ئیسلام دا داناوە لە شتە گرینگەکانی ئەو کتێبە ئاماژە کردن بە هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری هەورامیە کە جێگای سەرنجە بەڵام هێندێک لە سەرچاوەکانی جێگای تێڕامانە و ئیحساساتیشی زۆر تێ دایە .

گرینگترین کتێبی( مێژووی ئەدەبی کوردی ) کە تا ئێستا نووسراوە بەرهەمی مرحوومی مارف خەزنەدار ئوستادی پێشووی زانستگای سەلاحەدین لە هەولێرە ئەو کتێبە ساڵی٢٠١٠ ی میلادی لە بڵاوکەرەوەی( ئاراس) لە حەوت جڵد دا چاپ کراوە نووسەر بەو زانیارییە قووڵ و بەربڵاوەی کە بوویەتی٤٠٠٠ لاپەڕی لە سەر مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوە و تا ئێستا موفەسەل ترین کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردییە . خەزنەدار لە پیش دا باسی مێژوو ، زمان و جوغرافیای کوردستانی کردووە و دوایە باسی باباتاهیر و شاعیرانی یارسانی کردووە و دوایەش هاتۆتە سەر باسی شاعیرانی گۆران و بە تەرتیبی مێژوو یەک بە دوای یەک دا شاعیرە بە ناوبانگەکانی لە هەموو

زاراوەکانی کوردی دا بە ناساندێکی کورتەوە نێو دێر کردووە و بە تەفسیل وەک فورمالیستەکان حەولی داوە بەرهەمە ئەدبییەکانی شاعیرەکان بخاتە بەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن کە کارێکی یەگجار پڕ بایەخە و لە هێندێک شوێن باسی رووداوی مێژوویی دەسەڵاتە خۆ جێیەکانی کوردی کردووە و کورتە مێژوویەکی ئەوانیشی خستۆتە بەر دەست . من بۆ نووسینی ئەو کتێبەی خۆم وەکوو سەرچاوەیەکی دەرەکی کەڵکم لێ وەرگرتووە. سەرەڕای غەنی بوونی مێژووی ئەدەبی کوردیی خەزنەدار هێندێک ئیرادیش دێتە بەرچاو وەکوو درێژکردنەوەی مەتڵەب و باس لە سەر شتی روون و ئاشکرا کە بە راستی خوێنەر ماندوو دەکا چونکە دەبێتە هۆی پەرێشانیی و لێک دابڕانی مەتلەب و جاروبار دووپات بوونەوەی گوتارەکان. هەروەها نارون بوونی باسەکان و سەرجاوەکانیان کە لە لێکۆڵینەوەی زانستگادا بە هیچ جۆرێک مەقبووڵ نییە لە ئیرادەکانی بەرچاوی کاری رێزدار خەزنەدارە.

ئەمن حەولم داوە لەو کتێبەی خۆم دا باسی رەوتە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی لە دەست پێکەوە تا شەڕی جیهانی هەوەڵ بکەم و هیچ باسێک بە بێ ئاماژە بە سەرچاوە نەهێنمە گۆڕێ و ئەگەر لە راستی و دروستی مەتڵەبیک دا دوودڵیم هەبووە باسی هۆی دوودڵیەکەش بکەم . خوێنەری ورد بین بە چاوپێدا خشاندنێکی سادە دەبینێ کە باسی هێندێک کەسم نەکردووە هۆیەکەی ئەوەیە هەموو سیمایەکی ئەدەبی دەوران ساز نییە بۆیە ئەو شاعیرانەی خاوەن سەبک و دەوران سازن بە تەفسیل باسیان کراوە و ئەوانی دیکە برێک بە کورتی. پێم وایە هیچ کاتێک شاعیری وەک خانای قوبادی دەگەڵ مەلیک حوسێن خانی کولیایی لە تای یەک تەرازوو نا ندرێن یا بێسارانی و مەولەوەی دەگەڵ فەقێ قادری هەمەوەند لە یەک رەدیف دانین بۆیە لەو بەرهەمەدا ئەو شاعیرانەی خاوەن سەبکن و لە سەر شاعیرانی هاوچەرخی خۆیان یا دوای خۆیان کارکردیان هەبووە زیاتر لە وانی دیکە باسیان کراوە تەنانەت نێوی هێندێک شاعیرم هەر نەهێناوە چونکە ئەوەی لە نووسینی مێژووی ئەدەبییات دا گرینگە لێکدانەوە لە سەر رەوتە

ئەدەبییەکان لە شیعری شاعیرەکان دایە. شتێکی دیکەکە پێویستە باسی بکەم ئەوەیە کە هێندێک لە شاعیران بۆ وێنە پیرە مێرد(١٨٦٧/١٩٥٠) ی میلادی یا مەلا حەسەن دزلی (وەفات ١٩٤٥) ی میلادی و بەشێکی دیکەش لەو دەورەی جێگای لێکۆلینەوەی ئێمە بووە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە هۆیەکەی ئەوەیە وا وێدەچی دەورانی کە ماڵی شیعریی ئەوان دوای شەڕی جیهانی یەکەمە یان ئەگەر لە دەورانی پێش ئەو شەڕە بووە لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا نەخشێکی زۆر پڕ رەنگیان نەبووە .

هەر وەک پێشتر باسم کرد یەک لە سەرچاوە گرینگەکانی بۆ نووسینی ئەو کتێبە کەڵکم لێوەرگرتووە مێژووی ئەدەبی کوردیی مارف خەزنەدار بووە و چونکە لە ناساندنی بەشێک لە شاعیرانی کەمتر نێو بەدەرەوە وەکوو(مەنفی، ئەختەر ، ثانی ، نهانی....) دەستم نە گەیشتە دیوانی شعرەکانیان بە ناچار نموونەی شیعرەکانیانم لە و بەرهەمەی خەزنەدار وەرگرتووە و لەو کتێبەم دا لە هەر جێگایەک کە نەگەڕاومەوە سەر دیوانی خودی شاعیرەکە لە کتێبەکەی خەزنەدار وەرم گرتووە هەروەها هێنانی نێوی ئەو شاعێرانە بۆ ئیشارە کردن بە پەیڕەوانی سەبکی نالی یان شاعیرانی خاوەن سەبکی دیکەیە و حەولم داوە لە هەلسەنگاندنی شاعیرە خاوەن کارکردەکان تا رادەیەک باسی تایبەتمەندی شیعرەکەیان و لە کۆتایی هەر دەورەیەک دا تایبەتمەندیی گشتیی سەبکی ئەو دەورەیەش باس بکەم کە پێم وایە روون کەرەوە و رێنوێنی رێگایە.

هەروەک پێشتریش کوتم مێژووی ئەدەبییات دەگەل مێژوو تەفاوەتی هەیە بۆیە کەم تر ئاماژەم بە رووداوی دوورودرێژی مێژوویی کردووە و لە دەوران بەندیی ئەدەبی کلاسیک دا رەوشێکی غەیری رەوشەکانی باسکراوی دیکەم هەڵبژاردووە چونکە رەوشەکانی پێشووم بۆ دەورەبەندیی ئەدەبییاتی کوردی بە موناسیب نەزانیوە بۆ وێنە هەرچەند ئەردەڵانەکان حکوومەتێکی درێژخایەن یان لە سەر بەشێکی جوغرافیای کوردستان بووە ئەمما کارکردیان

له سەر ئەدەبییاتی سەبک ساز( زمانی، فکری و ئەدەبی) نە بووە نە مێژووی سیاسی نە عامیلەکانی ئەدەبی و نە جیلەکان هیچ کامیان نەیاندەتوانی یاریدەدەری دەورەبەندیی ئەدەبی کوردی بن بۆیە هیچ چارەم نەبوو غەیری ئەوەی ئەدیبی کوردی لە سەر بنەمای زاراوەکانی کوردی دەورەبەندی بکەم. زمانی کوردی بە گوێرەی بوچوونی جەماڵ نەبەز و بەشێکی دیکە لە زمان ناسەکان خاوەنی چوار زاراوەی ئەسڵیە (کرمانجی شیمالی ، کرمانجی جنووبی ، گۆران و زازا) . دەورە بەندیی ئەدەبی کوردی لە سەر بناغەی دابەشکردنێکی ئاوا سەری گرتووە بەو تەفاوەتەوە کە زاراوەکانی (کرمانجیی جنووبی و گۆران و زازا ) م بە هۆی نزیکیی زاراوەیی تایبەت، بە یەکەوەم باس کردوون پێشم وانیە کە ئەوە دابەشکردنێکی کامیلەن دروست و مەنتیقی و ورد لە دەوران بەندیی زمانی کوردییە بەڵام تا ئەو کاتەی بگونجێ ڕەوشێکی دیکە بە کار بێنین دەتوانێ کەڵکی هەبێ. هەر چەند لە لیکۆڵینەوەکەی ئێمە دا باسی نەسری کوردی زۆر کەم ڕەنگە ئەمما لەکۆتایی کتێبەکەدا بەشیکی کورت بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە و تا ئەو جێگایەی کراوە قەدیم ترین نەسرە کوردییەکان خراونەتە بەرچاو. هەر وەها بەشێکیش بۆ بەیتەکان داندراوە کە باسی لە تاریفی(ناساندنی) بەیت و تایبەتمەندییەکانی و جێ و ڕێی لە ئەدەبی کوردی دا کردووە و نموونەی لێ هێناونەوە بێ شک یەک لەو بەشەی میژووی ئەدەبییاتی کوردی کە تا ئێستا نەکراوە و دەست لێ نەدراو ماوەتەوە بەیتە کوردییەکانن ئەوەش بڵێم ئەو کتێبەی من رووی لەو کەسانەیە کە ئاشنای زمانی کوردی نین بۆیە نموونە شیعرییەکانی شاعیرانی کورد وەرگێردراونە سەر فارسی بە جۆرێک کە ناوەرۆک و مەعنای شیعرەکە بە جوانی گوێزرابێتەوە بەڵام دیسانیش وەرگێرانەوەکە ناتوانێ بێ ئیراد بێ بەشێک لە شیعرەکانیش ئەگەر وەرنەگێڕدراونەوە لە پێش یا لە پاش ئەوەی باسم کردوون شێوە وەرگەڕاوەیەکی ئەوانیشم خستۆتە بەرچاو. بۆ وێنە بەشێک لە شیعرەکانی مەلا خدری رواری .

له جێگایەکیش لەو بەرهەمەدا کە باسی جۆری ئەدەبی لە شیعری کوردی دا دەکەم داوەرییەکی کورتم لە بارەی حەماسە لە شیعرو ئەدەبییاتی کوردی دا کردووە کە بڕێک دوودڵی تێدایە و دەمەویست لە کۆتایی کتێبەکەدا لە سەر شیعری حەماسی لە ئەدەبییاتی کوردی دا بنووسم ئەمما هەستم کرد پێویستیم بە خویندنەوەی زیاتر لەو بارەدا و کاتی زیاتر هەیە بۆیە دامناوە بۆ داهاتوو.

چونکە هێندێک لە خوێنەرە بەرێزەکان لەوانەیە مێژووی کۆچی دەگەڵ میلادی بەراورد بکەن بۆیە مێژووە گرینگەکان بە کۆچی و میلادی نووسراون. هەروەها بۆ ئاماژە بە سەرچاوەکان لە رەوشی (آ،پ،آ) کەڵکم وەرگرتووە کە پەسندترین رەوشی دنیایە و کە باسی دیوانەکانم کردووە بۆ جاری هەوەڵ ساڵی جاپ کردنەکەشیانم نووسیوە و لە جارەکانی دووهەم و سێهەم دا تەنیا شومارەی لاپەڕەکانیانم نێو هێناوە.

لە کۆتایی ئەو پێشەکییەدا لازمە لە هەموو هاوکارە عەزیزەکانم لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی کوردستان شناسیی زانستگای ئازادی ئیسلامیی یەکەی سنە پڕ بە دڵ سپاس بکەم بە تایبەت دوکتور ئومێد وەرزەندە و جەنابی دوکتور کیانی و جەنابی دوکتور سیاری و خانم دوکتور هیمەتی و داوا بکەم خودا لێیان رازی بێ و قەربوویان بکاتەوە.

دوکتور جەماڵ ئەحمەدی

سنە ئابانی ١٣٩٤

ئەو وتارە پێشەکی دوکتور جەماڵ ئەحمەدییە کە بۆ کتێبی خۆی(تاریخ ادبیات کردی از آغاز تا جنگ جهانی اول) بە زمانی فارسی نووسیویە و وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی.

## زمان چییە؟ بەشی [٢]

دوکتور جەماڵ ئەحمەدی لە کتێبی (تاریخ ادبیات کردی از آغاز تا جنگ جهانی اول) لە سەر پێناسەی زمان ئاوا دەنووسێ :

لێکۆڵینەوە لە سەر زمان ئەغڵەب بە دوو دەورە دابەش دەکرێ :

دەورەی پێش فردینان دوسوسور(١٨٥٧/١٩١٣ م) و دەورەی پاش ئەو. زمان پێش دوسوسور تەنیا وەکوو وتن ( گفتار) ( parol) دەناسرا بەڵام کاتێک دوسوسور نەزەرییە تازەکانی خۆی سەبارەت بە زمان پێشکەش کرد لاپەرەیەکی تازە لە ناساندنی زمانو جێ و ڕێی زمان وەکوو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوخەڵک دا و پێوەندی مابەینی ئەوان هەڵدرایەوە لەوە بەدواوە زمان ئیدی بە تەنیا بە وتن نەدەکوترا بەلکوو وتن بە یەکێک لە نیشانەکانی ڕێک کەوتووی زمان دەژمێردرا. نەزەرییەی زمان ناسی سویسی کارکردێکی قووڵ و گرینگی لە سەر فەلسەفە، ئەدەبییات ، زمان و کۆمەڵناسی دانا.

زمان ناسانی پێش دو سوسور هەڵسەنگاندنیان لە سەر زمان گرێدراو بە ڕەوتێکی مێژوویی درێژخایەن بوو ئەمما سوسور دیدگایەکی هاوزەمانی سەبارەت بە زمان هەبوو و ساختاری زمانی لە قۆناغێکی تایبەتیی دیاریکراودا هەڵدەسەنگاند.

بۆچوونی زۆربەی خەڵک لە سەر زمان ئەوەیە کە زمان نیزامێکی دەنگدار(آوایی) ە کە ئینسانەکان لە قالبی وتن دا بە کاری دێنن . ئەو شناسە

یە لە زمان دەگەڵ ئەوەی زمان ناسان بە کاری دێنن تەفاوەتی هەیە. هەموو دەزانین لە زانستی مەنتیق دا ئینسان بە حەیوانی ناتیق شناسە دەکرێ و ناتیق بوونی ئینسان تەنیا بە مانای قسە کردنی ئینسانەکان نییە بەڵکوو ئەوەی لەو شناسەیەدا بایەخی هەیە ئەوەیە کە قسەی ئینسانەکان لە سەر بنەمای فکر و ئەندێشە دەکوترێ یانی بیرمەندیی ئینسان پاڵی پێوە دەنێ بۆ قسە کردن و قسەکردنەکەش بنەمایەکی عەقڵانی و فکریی هەیە. ئینسان بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوەی لە زەین و فکری دایە بیگوێزێتەوە بەر دەستی ئی دیکە سروشتیە لە هێندێک کەرەسە و نیشانە کەڵک وەردەگرێ کە زۆر لێک جیاوازن . نیشانەیەک لەوانەیە لەفزی بێ و بە زمان دابێ جاری وایە بە نووسراوەیە و لە سەر کاغەز یا شتی دیکە نووسراوە یان جاری وایە عەلامەتێک لە سەر تابلۆیەک یان دووکەڵێک کە لە جێگایەک هەڵدەستێ. نیشانەکان ئەغڵەب دیاریکراون و لێک حاڵی بوونی تێدایە یانی ئینسانەکان لە نێو خۆیان دا لە جوغرافیایەکی بەربڵاو یا سنورداردا هیندێک نیشانە بۆ بەیانی ئەوەی لە زیهنیان دایە دیاری دەکەن هەرچەند ئەو نیشانانە جیاوازن بەڵام ئەوەی لە زەین دایە بۆ یەک مەفهووم، جیاواز نییە . حیکایەتی ئەو چوار گەدایەی لە (مثنوی) دا بۆ چۆنیەتیی بە دەست هێنانی ترێ پێکەوە ناکۆک بوون نموونەیەکی باشە بۆ ئەو قەزییە یە هەر چواریان ئیشتیایان لە ترێ بوو بەڵام نیشانەی جیاوازیان بۆ مەتڵەبە کە بە کار دێنا و چونکە ئاگایان لە نیشانەی هاوبەش نەبوو لێک تێ نەدەگەیشتن .

بە سەرنج دان بەو تێبینیانەوە لە سەر بنەمای بۆچوونی زمان ناسان پێناسەیەکی کورتی زمان دەکەین :

(خانلری)بە شێوەیەکی عام و هەمەلایەنە باسی زمان دەکا و دەڵێ: هەر نیشانەیەک کە بە هۆی ئەوەوە زیندەوەرێک بتوانێ حاڵەت یا ماناکانی زەینی خۆی بۆ زەینی زیندەوەرێکی دیکە بگوێزێتەوە پێی دەکوترێ زمان و بە کۆیەک لە نیشانە و مانای دیاری کراوی دەزانێ کە بە ئانقەست لە نێوان

ئینسانەکاندا بۆ بەیانی ئەندێشە یا فەرمان یا خەبەر لە زەینێک را بۆ زەینێکی دیکە بە کار دەهێندرێ و لە نیهایەت دا زمان بە بەیانی مەعنا و پێوەندیی نێوان زەینی ئینسانەکان بە کوتن یا نووسین دەکوترێ . لە روانگەی سوسوورەوە زمان بەشێکی بنەڕەتی لە هێزی ناتیقە یە و هاوکات بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیە و کۆیەک لە گرێبەستی پێویستە کە لە لایەن کۆمەڵگاوە پەسند کراوە تا ئینسانەکان بتوانن هێزی ناتیقەی خۆیان بە کار بێنن کەوابوو لە سەر ئەو بنەمایە مەسەلەی دەزگای دەنگ(آوا)لە مەسەلەی زمان دا دەبێتە شتێکی لاوەکی. دەشتوانین بڵێین کە دەنگ شتێک غەیری ئامرازی ئەندێشە نییە و هەروا لە خۆڕا ناتوانێ وجوودی بێ.

(نجفی) ئەو تاریفەی سوسووری بە جۆرێکی دیکە بەیان کردووە و دەڵێ :

زمان یەک لە ئامرازەکانی پێوەندی ئینسانەکانە کە لە سەر ئەو بنەمایە تەجرەبەی ئینسان(ئەندێشەی عەقڵانی) لە هەر کۆمەڵێک دا لێک جیا دەبێتەوە و دەبێتە یەکەی جیاواز بە ناوەرۆکی مانایی و دەنگیی(آوایی) جیاوازکە پێی دەکوترێ (تکواژ) کە ئەوەش دیسان بە یەکەی جیاواز و یەک بە دوای یەک دا دابەش دەبێ کە پێی دەڵێن واچ (دەنگ) کە ژمارەیان لە هەر زمانێک دا دیاری کراوە و ناوەرۆک و پێوەندی ئەو واچانە لە زمانێک را بۆ زمانێکی دیکە فەرقی هەیە.

عونسوری هاوبەشی ئەو پێناسەیە دوو عونسوری (ئەندێشە) و( نیشانەیە) و ئەندێشە (هێزی ناتیقە) ئەسڵە و(نیشانەکانی) بە کار هێنان فەرعن.

پێم وایە پێناسەی خوارەوە کە لە بەشێک لە سەرچاوەکانیش دا نووسراوە و دەگەڵ بۆچوونی زمان ناسانیش دا دەگونجێ پێناسەیەکی تەواو لە زمان بێ:

زمان تەرحێکی نیزام مەندە کە بە هۆی دەنگەکان یان نیشانەکانی نووسین لە سەر بنەمای یاسای رێکخراو بە مەبەستی بەیانی فکر و هەست یان گرتنی

پەیوەندی بە کار دەهێندرێ . زمان دیاردەیەکی گشتی و ئینتزاعییە و لە زەینی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاداهەیە و بنەمای وتاری بێ ئەژمارە هەروەها بۆ وەیە کە قسەکردن مومکین بکا و بەقا و مانەوەشی بەستراوەتەوە بە بوونی قسە و وتار یانی زمان وجوودی هەیە و کە بوو بە وتار و قسەخۆی دەردەخا. ئەگەر عەمەلی وتار و قسە نەبێ زمانیش وجوودی نابێ بۆیە زمان و گفت لازم ومەلزوومی یەکترن و دوو بەش لە شتێکی واحیدن کە پێی دەکوترێ قسە.     (لە فارسیەوە کراوە بە کوردی)

دوکتور جەماڵ رەشید لە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری) لە سەر پێناسەی زمان ئاوا دەنووسی:

لە سەردەمی ئێمەدا دەربارەی زمان و پێ ناسینی زۆر شت گوتراوە . بە وێنە پسپۆری زمان و فۆنۆتیکی بریتانی (هێنڕی سویت) دەڵێت: زمان دەربڕینی بیر و باوەڕێکە بە واتای دەنگەکانی ئاخاوتنەوە بە شێوەی کۆمەڵێک وشە دەردەبڕێن ئەو وشانەش بە کۆمەڵ رستەکان پێک دێنن و پاشان کۆمەڵە رستەکان دەبنە ئاوێنەی ئەو شێوە بیرو واتایانەی مروف. هەروەها زمانناسی ئەمریکی (بێرنارڕد بلوچ و جورج ل تراگر) بە شێوەیەکی دی باسی ئەو دیاردەیە دەکەن و دەڵێن: زمان سیستمێکی نیشانەیی (مفرەدات) هـ کە کۆبوونەوەی گرووپێکی کۆمەڵایەتی لە سەر واتاکانی رێ کەوتوون.   (شیرازیش) لە فەرهەنگی (محیط) دا وا پێناسەی زمان دەکا کە: ئەو دەنگانەن هەر نەتەوەیەی مەبەستی خۆی پێ دەردەبڕێ .

ئەورۆ ئەو پێناسەیەی زمان وەکوو هۆیەک بۆ پێوەندی یا بەندیواری(اتصال) نێوان خەڵک یا بۆ دەربڕینی مەبەستیان پێ ناسینێکی ورد نییە چونکە ئەو پێوەندییە هێندێک جار بە بێ زمانیش پەیدا دەبێ وەکوو سوورهەڵگەڕانی روو کە نیشانەی شەرمی یە وەیا چاوزەقی و تووڕەیی بەڵام

له بنه‌ڕه‌ت دا هه‌ر زمانه ده‌بێه هۆی سه‌ره‌کی ئه‌و پێوه‌ندییه (بڕوانه الدکتور نایف خرما) له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شداله نێوان شێوه‌ی ڕێکبوونی وشه سازی و رسته‌سازی دا (مۆرفۆلۆژی و سینتاکی) هه‌ر زمانێک و شێوه‌ی بیرکردنه‌وه‌ی ئه‌و کۆمه‌ڵه که پێی ده‌دوێت پێوه‌ندیه‌کی به هێز هه‌یه و به‌م جۆره‌ش ئه‌و ڕێکبوونه زمانه‌وانییه پێوه‌ندی به بینای بیر و دیارده‌کانی هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ فه‌لسه‌فه‌ی ژیانی ئه‌و کۆمه‌ڵه دا هه‌یه و ئه‌و زمانه ده‌بێته ئاوێنه‌ی پله‌ی شارستانییه‌تی و کولتووری کۆمه‌ڵه‌که و هه‌ستی له سه‌رده‌مێکی تایبه‌تی دا ده‌رده‌بڕێ له به‌ر ئه‌مه‌یشه جیاوازییه‌ک له پله‌کانی کۆچه‌رایه‌تی و نیشته جێ یی (پله‌ی کشت و کاڵ) و پله‌ی پیشه‌سازی بلند دا له هه‌مان زمان دا به‌دی ده‌کرێت ئه‌میش له به‌ر هۆی به جێ هێنانی پێویستیه‌کانی ئه‌و شێوه ژیانه‌ن و به پێی وشه و رسته تۆمارکراوه‌کان ده‌توانین له شێوه‌ی بیرکردنه‌وه‌ی کۆمه‌ڵه کۆنه‌کانی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست تێ بگه‌ین و پله‌ی بینای ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تیان بزانین. له مێژووی کورد دا وه‌کوو مێژووی هه‌ر میلله‌تێک ئه‌م دیاردانه رووی داوه و به هه‌مان پلانه‌ش دا تێ په‌ڕیون و زمانی کوردیش به پێی ئه‌و دیاردانه هه‌میشه له گوڕین دا بووه به‌ڵام به‌ر له‌وه‌ی بچینه خودی باسه‌که ده‌بێت بڵێین که وا ئه‌مڕۆ له کوردیدا به گشتی زمان دوو واتای هه‌یه یه‌که‌میان ئه‌و ئه‌ندامه له‌شه‌یه که له ناو دم دایه و رۆڵێکی تایبه‌تی له له‌شدا ده‌گێڕێت دووهه‌میان ئه‌و شێوه ده‌نگه ڕێکخراوانه‌یه که مرۆف هه‌ستی پێ ده‌رده‌بڕێت و مرۆفێکی دی پێ ده‌گه یێنێت ئه‌و ده‌زگانه به‌رهه‌می بینای بیر و فه‌لسه‌فه‌ی ژیانی مێژوویی وڵاتی کورده‌واری یه و ئاوێنه‌ی پله‌ی کولتووریه‌تی له‌م سه‌رده‌مه‌دا.

پێناسه‌کان هه‌ر چۆنێک بن به‌ڵام زمان وه‌کو دیارده‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی مرۆف له گیان له‌به‌رانی دی جیا ده‌کاته‌وه وه‌کوو توانای ده‌ربڕین و بیرکردنه‌وه‌ی هه‌ست و نه‌ستی به هۆی نیشانه‌ی تایبه‌تێوه پێ به‌خشراوه کارو پیشه‌ی زمانیش تێر کردنی خواست و خۆرگه‌ی ئاده‌میزاده له ده‌ربڕینی بیرورا و هه‌ستی و ده‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی که وا مرۆف بیری خۆی لای یه‌کێکی دی

دەربڕێت کە بەو هۆیەوە پێوەندی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکا. ئەو دیاردەیە بریتیە لە یاسایەکی کۆمەڵایەتی نیشان کراو کە کۆمەڵە کەسێک لە ناوەکەیدا پێی دەدوێن و لێک دەگەن و مەبەستیان لەوەدا وەدەست هێنانی چەند پیشەیەکە ئەو یاسایەش کار دەکاتە سەر یاساکانی دی کە لە کۆمەڵ دا هەیە جا چ ئابووری ، رامیاری و هی دی بێت. لێرەدا مەبەست خودی زمان و مێژووی پەیدا بوونی یا هۆی سەرەتایی پەیدا بوونی نوسین لەو زمانە دا نیە بەڵکوو مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوانە ئەو زمانانەن کە شتێکی نووسراو و تۆمار کراوی بۆ بە جێ هێشتوین چ بە هۆیەکی ئایینی یا ئابووری و یا رامیاری بێت و ئەمڕۆ کاری کردۆتە زمانی کوردی و لە هەمان کاتدا دەبنە بەڵگەیەک بۆ روونکردنەوەی ئەو پێوەندی مێژوویی یەی نێوان کورد و خاوەن ئەو زمانانە و رۆشناییەک دەخەنە سەر مێژووی وڵاتی کوردەواری.

بێ گومان نووسین بە شێوەیەکی وێنەیی هەر وەکوپرۆفسۆر کرامر دەڵێت : لە وڵاتی سومەر دا لە کۆتایی هەزارەی چوارمی پێش میلاد دا دەستی پێ کردووە وردە وردە شێوەی میخی سەندووە ئەم دیاردە شارستانییەی سومەریان لە نێو میللەتانی دی دەوروبەری خۆیان دا بڵاو بۆتەوە و سوودێکی گرینگی گەیاندۆتە لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەو هەرێمانە کە ئەمرۆ بە عێراق و ئێران و تورکیە و سوریە و لوبنان و فەلە ستین نێودارن. بە پێشکەوتنی نووسین زمان بەرەو پلەیەکی ئاسانترچوو و گەیشتە پلەیەکی بەرز و بیر و هۆشی ئادەمیزاد زیاتر سوودی لێ وەرگرت و زۆر شتی تازە داهێندرا ئەم پێشکەوتنەش بێ گومان باڵی هاویشتبوە جۆری تۆمار کردنی هاڵ و هەواڵی ئەو سەردەمانە . بە هاوکاریی ئەو نووسراوانە کە لە باری شوێنە جوگرافیەکانەوە یان نێوی تیرە و هۆزەکان نووسراون بە پێی بار و چۆنیەتی ئەو نوسراوانە دەتوانرێت نەژادی رەسەنی دانیشتوانی وڵاتی کوردەواری لە رۆژگارە جۆربە جۆرەکانا و مێژوو وناوچە و نژادەکانی دەوروبەری ئەم وڵاتە دیاری بکرێت. نێوی کەسی بە تایبەت نێوی سەرۆک هۆزەکان باشتر سوودیان لێ وەردەگیرێت چونکە زۆربەی زۆری ئەو نێوانە پەیوەندی بە

نێوی خوداوەندان و ئاییزاکانەوە هەیە کە بینای میتولۆژیای ئەو میللەتانەی دروست کردبۆوە . لە لیکۆڵینەوەی ئەم بابەتە زۆر کارەساتی ئاڵۆز دێتە پێشەوە .

دوکتور محەمەد مەعروف فەتاح لە کتێبی (لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان) کۆکردنەوە و ئامادە کردنی شیروان حسێن خۆشناو/ شیروان میرزا قادر لە ژێر سەردێڕی (زمانی مرۆڤ و زمانی گیانلەبەری تر)ئاوا پێناسەی زمان دەکا:

١، چاوخشاندنێک بە فۆلکلۆری میللەتاندا ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات کە هەر زۆر لە کۆنەوە مرۆڤ باوەڕی بەوە هەبووە کە تەنیا خۆی تاکە زیندەوەر نیە بتوانێت بدوێت و مەبەستی خۆی بە هۆی زمانیەوە دەربڕێت بەڵکو هەندێک گیانلەبەری تریش ئەم توانایەیان تێدا بەدی دەکرێت نەک هەر ئەمە بەڵکو لەوەش دەچێت مروف باوەڕی بەوە بووبێت کە زمانی هێندێک زیندەوەری تر هەر وەک زمانەکەی خۆی لە سەر یاسایەکی واتایی و دەنگی و رێزمانی دیاریکراو دەڕوات بە وەدا کە هێندێک ئامیزاد وەکو (سلێمان) و (سیگموندفرۆید) وەک دەڵێن توانای فێر بوونی زمانی زیندەوەرانیان هەبوە جگە لەمەش لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا ناو بە ناو فەرهەنگی فەرەنسی/قەل یان ئینگلیزی/ مەیمون دەکەوتە بەردەست.

٢، لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا لە ساڵەکانی ١٩٢٠ بە دواوە ئەو جۆرە بۆچونانە تەواو خرانە پشت گوێ بە تایبەتی لە بەر ئەوەی زمانەوانانی ئەو سەردەمە بەو تکنیکە کۆنەیەوە نەیدەتوانی بە جۆرێکی زانستیانە لە دیاردەیەکی وەک (زمانی زیندەوەرانی تر) بکۆڵێتەوە . زمانەوانیش وەک زانستێک دەبوایە خۆی لە بابەتی وا (نازانیاریانە) دووربخستایەتەوە تاوەکو پەردە زانستیەکەی لە سەر رانەماڵرێت بەتایبەتی چونکە ماوەیەکی کورت بوو ئەم پایەی وەرگرتبوو زۆر بە تەنگیەوە دەهات و ئامادە نەبوو لە پێناوی بابەتی ئاوادا خۆی بخاتە بەر پلار و لە نرخە زانستیانەی خۆی کەم بکاتەوە و جارێکی تر بچێتەوە ریزی بابەتە زانستیەکان هەر لە بەر ئەم هۆیانە کە

دەبینین ئەم پێناسانەی لە م سەردەمە دا بۆ زمان دەخرانە بەرچاو بەتایبەتی هی زمانەوانە ئەمریکیەکان کەم و زۆر پەنجەیان بۆ پەیوەندی زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تر درێژ نەدەکرد و بەلای دا نە دەهاتن زۆربەشیان زۆر بە ئاشکرا بۆ ئەوە دەچوون کە زمان بە تایبەتی هی مرۆڤە و مۆری هیچ زیندەوەرێکی تری پێوە نییە بە بیروڕای زۆربەی ئەم زمانەوانانە قیژە و بانگی گیانلەبەری تر پایەی (زمانی) نابێ بدرێتێ هەر چەند هیچ هۆیەکی رەوایان بە دەستەوە نەبوو . بۆ ئەوەی تەواو لە هەڵوێستی ئەو زمانەوانانە بگەین وا لە خوارەوە چەند پێناسەیەکی ئەو سەردەمە دەخەینە روو:

آ، زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەت بە مروفە بە کاری دێنی بۆ دەربڕینی بیر و هەست و ئارەزوو بە هۆی رەمزی دەنگی لە سەر یاسا رۆیشتوە و کار دەکات ولە ژێر ئیرادە دایە (ئیدوارد ساپیر) .

ب، زمان بریتیە لە چەند رەمزێکی لە خۆوە کە بە هۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێت هاریکاری بکات (بلۆک و تراگر)

پ، زمان کۆمەڵە رەمزێکی دەنگێکی لە خۆوەیە کە بەکار دێت یان دەتوانرێت بە کار بێت لە لایەن مرۆڤەوە بۆ لە یەکتر گەیشتن و پۆلکردنی شت و رووداوەکانی دەوروبەری . (جۆن کارِۆل)

هەموو ئەو پێناسانە بە نهێنی یان ئاشکرا رێکن لە سەر ئەوەی کە گوایە زمان مافی مرۆڤە بە تەنیا هۆیەکی نا غەریز کە مرۆڤ دەتوانیت بۆ لە یەکتر گەیشتن هاریکاری یان دەربڕینی هەست و ئارەزووەکانی بە کاری بێنێت بە واتایەکی تر بە لای ئەو زانایانەوە زمان هۆیەکە بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤ لە زیندەوەری تر . ئەم باوەڕەش ماوەیەکی زۆرە و تا ئێستاش لە کارە زمانەوانیەکاندادوپات دەکرێتەوە.

٣، هەموو ئەو زانایانەی باوەڕیان بەوە هەیە کە زمان زیاتر لە هەموو هۆیەکی کولتوری تر مرۆڤ لە گیانلەبەری ترجیادەکاتەوەراستیەکی گەورەیان

خستۆتە پشت گوێ ئەویش ئەوەیە کە زمانی مرۆڤ لە زۆر سەرەوە لە قیژە و بانگی زیندەوەری تر دەچێت ئەوەندە ناوکۆیان زۆرە کە لە بەراوەرد کردن دێن و بگرە جیاوازی نێوانیان تەنیا لە (پلە) دایە نەک لە (جۆر) وەک بەم بەراوەردەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێت :

آ، زمانی مرۆڤ لە سەر بناغەی فونێم کار دەکات بە واتای ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر دەنگ دەربکات بەڵام ژمارەیەکی زۆرکەم لەم دەنگانە بە کار دێت بۆ جیاکردنەوەی واتا (بۆ قسە کردن) بەم دەنگە گرینگانە دەکوترێ فونێم ژمارەیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت وەکو بۆمان دەرکەوتوە ژمارەی ئەم فۆنێمانە لە نێوان ١١ و ٦٧ دایە بێ گومان کەمی و زۆری ئەو فۆنێمانە گرینگ نیە لە زمان دا چونکە لەو ژمارە کەمە دیاریکراوە مرۆڤ دەتوانێت ژمارەیەکی بێ سنور وشە و رستە دروست بکات بە هۆی لێک دانەوە. هەر لە بەر ئەمەشە کە ناتوانین بڵێین زمانێک لە زمانێکی تر پیش کەوتوترە چونکە هەموو زمانێک دەتوانێت ئەو کەرەسە بنچینە یە بە کار بهێنێت بۆ پۆلکردنی دەوروبەر لە سەر یەکێک لە ئاستەکانی زمان وشە یان فرێز یان رستە بۆ نمونە ئەو دیاردەیەی کە زمانێک لە ئاستێک دا دەری دەبڕێت لەوانەیە زمانێکی تر هەمان دیاردە لە ئاستی تر دا دەربیڕێت. قیژە و بانگی زیندەوەری تر وەک لیکۆڵینەوەی زانستی بۆمانی دەرخستوە دیسانەوە وەک زمانی مرۆڤ بەندە بە فۆنێمەوە بە واتەی ئەوەی کە بانگ و قیژەی زیندەوەری تریش دەتوانرێت شی بکرێتەوە و کەرت بکرێت بۆ چەند پارچەیەکی دەنگی بنچینەیی (فۆنێم) کە لە قیژە و هاواری تردا خۆیان دوپات دەکەنەوە ژمارەی ئەو دەنگە بنچینەییانەش لە نێوان ٧ و ٣٧ دایە . کە واتە زمانی مرۆڤ لەگەڵ بانگی زیندەوەری تردا لە بەراوەردکردن دێت چونکە وەک لە سەرەوە روون بۆوە هەردووکیان کەڵک لە فۆنێم وەردەگەن دیسانەوە دەبێت لێرەشدا ئەو راستیەمان لە بیر نەچێت کە زۆر و کەمی فۆنێمەکان کەم و زۆر پێوەندی بە دواکەوتویی یا پێشکەوتوویی زمانەوە نییە فۆنێم زۆری ، ئەوە ناگە یە نێت کە زمانەکە لە

رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەرکی زیاتری لە سەرە هەر وەک کەمی فۆنێمیش لە لێهاتوویی زمانەکە کەم ناکاتەوە. تەنیا لە بەر ئەوەی قیژە و بانگی زیندەوەری تر لەگەڵ زمانی مرۆڤ دا کەڵک لە فۆنیم وەردەگرن ئیتر نابێت وا تێ بگەین کە هەردووکیان لە یەک پلە دان ئاشکرایە کە زمانی مرۆڤ پێشکەوتووترە بە واتای ئەوەی ئەرکی کۆمەڵایەتی زیاتری بە سەرەوەیە چونکە لە زمانی مرۆڤدا فۆنێمەکان زۆر بە ئاسانتر لە یەک دەدرێن و بیری نوێیان پێ دەدرێت بەڵام ئەو توانای لە یەک دانە لە بانگ و قیژەی زیندەوەرانی تر دا زۆر کەم هێزە . ئەرەستو هەزاران ساڵ لەمەوبەر بە تەواوی ئەم جیاوازیەی نێوان زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تر دەرخستووە .

## زمان چییه؟ بەشی [٣]

تاهیر عەلیار

ب، هەرچەندە وا بە بیردادەهات کە بە کار هێنانی رەمز تەنیا لە زمانی مروف دا هەیە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوایە روونی کردۆتەوە کە رەمز بە هەموو جۆرەکانیەوە لە بانگ و قیژەی زیندەوەری تریش داهەیە . مەبەست لە رەمز لێرەدا نیشانەیەکە کە واتایەک یان گرینگیەکی درابێتێ. وەک بەم پێناسەیە دەردەکەوێت رەمز هەموو کاتێک دوو دیوی هەیە : نیشانە، کە لە زماندا دەنگ دەگرێتەوە و واتای نیشانەکە . رەمز لە راستیدا بریتیە لە یەک گرتنی هەردوو دیوەکە ، نیشانەکە و واتاکە . بە پێی پێوەندی ئەم دیوەی رەمز ، سێ جۆر رەمزمان هەیە:

١، رەمزی سروشتی ٢، رەمزی وێنەیی ٣، رەمزی لە خۆوە.

مە بە ست لە رەمزی سروشتی ئەو رەمزانەن کە یەکێک لە دیوەکانی لە ئەنجامی دیوەکەی تریەوە دێتە دی بە واتەیەکی تر پێوەندی نێوان فورم و واتاکەی پەیوەندییەکی هۆییە وەک پەیوەندی نێوان (وەنەوزدان) و (خەواڵوویی) یان (هەور) و (باران) یان (سەرما) دەگەڵ (نزمبوونەوەی پلەی گەرما) یان (لافاو) دەگەڵ (بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو) ئەو جۆرە رەمزە بە مروف دروست ناکرێ بەڵکوو مرۆف هەر توانای ئەوەی هەیە کە وکوو دیاردەیەکی سروشتی لێکیان بداتەوە و پەیوەندیەکەیان دیاری بکات.

ڕەمزی وێنەیی هەروەک بە ناوەکەیدا دەر دەکەوێت ئەو ڕەمزانەن کە تیایدا فۆرم و واتا لە یەک دەچن جا ئەم لەیەک چوونەیان لە ڕاستیشدا هەیە یان خەڵکی وای بە بیردا دێت کە هەیە ڕەنگی سوور بۆ نموونە لە ئیشارەتی هاتووچۆدا بە مانای (مەترسی) و (وەستان) دێت چونکە سوور ڕەنگی خوێن یائاگرە ئەم دوانەش هەرکاتێک بەرچاو کەوتبن مەترسیەک لە ئارادا هەبووە لێرەدا لێکچوونێک هەیە لە نێوان سوور و خوێن دا ئەم لە یەکچوونەش جارێکی تر گواستراوەتەوە بۆ نێوان ڕەنگی سوور و مەترسی یان وەستان . لە ڕەمزی وێنەیی دا پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا وەکوو پەیوەندی نێوان وێنە و وێنە گیراو وایە . بە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوە ئەم جۆرە ڕەمزە لە داتاشینی مروف خۆیەتی .

ڕەمزی لە خۆوە ئەم جۆرانەن کە نەک هیچ لەیەکچوونێک لە نێوان فۆرم و واتا دانیە بەڵکوو هیچ جۆرە پەیوەندییەک نایانلکێنێ بەیەکەوە. بۆ نموونە هیچ جۆرە هۆیەک پاڵ بە مرۆفەوە نانێت کە ئەم نیشانەیە (٧)لە بیرکاری دا بۆ ڕەگ دابنێت وهیچ هۆیەک وای لە کورد نەکردووە کە بە مرۆف بڵێت پیاو یان بە گیانلەبەر بڵێت زیندەوەر لە هەمان کاتدا لەو جۆرە ڕەمزانە دا کۆمەڵ نەک تاکە کەس پەیوەندی فۆڕم و واتا ڕادەگرێت لەبەر ئەمەیە کە تاکە کەسێک گەر بە تەنیا وشەیەکی نوێ دابتاشێت ئەو بەرهەمە مەرج نییە ببێتە پارچەیەک لە کەرەسەی ئەو زمانە تا زۆربەی ئەو خەڵکەی کە بەو زمانە قسە دەکەن پەسندی نەکەن کەواتە ڕەمزی لە خۆوە کۆمەڵێک دایدەتاشێت ، لێکی دەداتەوە ، ڕای دەگرێت بە هۆی جۆرێک لە ڕێککەوتن لە نێوان قسە پێکەرانی زمانی دیاریکراودا. زمانی مرۆف بە زۆری ڕەمزی لە خۆوە بە کار دێنێت تەنانەت ئەو ڕەمزانەش کە وا بە بیردا دێت کە لە بنچینەدا لە لاسایی کردنەوەی چەند دیاردەیەکی سروشتییەوەهاتونەتە کایەوە وەک (حەپە) یان (فڕە) وشەی سروشتی ڕەمزی وێنەیی نین هەرچەند سەرزاریی لەو جۆرە ڕەمزە دەچن یان نزیک دەبنەوە .ئەم ڕەمزانە نابێت بە وێنەیی دابنرێن چونکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێن. بانگ و قیژەی

زیندەوەری تریش کەڵک لە دووجۆر ڕەمز وەردەگریت : ڕەمزی وێنەیی و ڕەمزی لە خۆوە بەڵام بە پێچەوانەی زمانی مرۆوەوە بە زۆری پشت بە ڕەمزی وێنەیی دەبەستێت   زۆر کەمتر ڕەمزی لە خۆوە بە کار دێنێت بۆ نموونە ڕەوشتی زیندەوەرێکی وەک کەڵەشێر پێش ئەوەی بکەوێتە شەڕەوە ( باڵ فش کردن، پۆپنە بەرزکردنەوە ، سووڕانەوە بە دەوری خۆیدا) جۆرێکە لە ڕەمزی وێنەیی هەمان کەڵە شێر کە دودڵ بێ لە شەڕ یان بیەوێت هەڵ بێت خۆی خەریک دەکات بە گەڕان بە دوای دانا و دەنووک لە زەوی ئەدات هەر وەکوو خەریکی خواردن بێت کەچی تەواو ئاگای لە دوژمنەکەیەتی و چاک خۆی ئامادە دەکات بۆ بەرهەڵستی . ڕەوشتی وا بە گشتی بە کارهێنانی ڕەمزی لە خۆوەیە چونکە هیچ پێوەندیەک لە یەکچوون یا هۆ نیە لە نێوان گەڕان بە دوای دانا و خۆ ئامادە کردن بۆ شەڕ بەڵام لە بەر ئەوەی هەموو ئەو جۆرە زیندەوەرانە لە هەڵوێست دا هەمان ڕەوشتیان هەیە و هەمووشیان لە یەکتری تێ دەگەن و بە هەڵە ناچن هەمان واتا دەدەن بەو ڕەوشتە کە واتە ئەم کۆمەڵە ڕێک کەوتوون لە سەر ئەوەی ئەم جووڵانەوەیە بەو واتایە بێت هەر وەک چۆن مروڤی کورد ڕێک کەوتوون لە سەر ئەوەی بە پیاو(مروف) بڵێن پیاو.

وەک لە سەرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە ڕەمز تایبەت نییە بە زمانی مروف زمانی زیندەوەری دیکەش بە کاری دێنێت بە هەموو جۆرەکانیەوە . تاکە جیاوازی لە نیوان زمانی مروف و زمانی زیندەوەری تردا لە رووی ڕەمزەوە لەوەدایە کە زمانی مرۆڤ بە زۆری ڕەمزی لەخۆوە بە کار دێنێت بەڵام بانگ و قیژەی تری زیندەوەری تر بە پێچەوانە بە زۆری ڕەمزی وێنەیی بە کار دێنێت و ڕەمزی لە خۆوە هەرچەند لە بانگ و قیژەیاندا هەیە زۆر کەم بە کار دێت. کەواتە دیسانەوە جیاوازی نێوان دوو زمانەکە لە پلە دایە نەک جۆر. دەبێت لێرەدا پەنجە بۆ ئەو ڕاستیە ڕاکێشین کە بە کارهێنانی ڕەمزی وێنەیی و پشت نەبەستن بە ڕەمزی لە خۆوە زیانێکی زۆری بە زمانی زیندەوەری تر گەیاندووە و تەواو لە چالاکی و توانای کەم کردۆتەوە چونکە

ئەو جۆرە ڕەمزە وەک ڕەمزی لە خۆوە بە ئاسانی لە( وێنە گیراو) واتا نابێتەوە و کەرت ناکرێ تا وەکوو لەگەڵ پارچەی تردا لێک بدرێ و ڕەمزیان نیشانەی ترمان بداتێ لە بەر ئەوەیە کە زمانی زیندەوەری تر دەستەوستانە بەرامبەر هەڵوێستی نوێ و ژومارەی ئەو بیرانە ی کە بە هۆیەوە دەردەبڕدرێت زۆر کەمە و سنوورێکی تەسکی هەیە زمانی مرۆڤ بە پێچەوانەی ئەوەوە بێ دەسەڵات نیە بەرامبەر هەڵوێستی نوێ و دەتوانێ هەموو مەبەستێک دەرببڕێت تەنانەت گەر مەبەستەکەش تەواو نوێ بێت و لەمەو پێش نەبووبێت چونکە نیشانەی لە خۆوە بە کار دەهێنێت وئەمانەش لە هەڵکەوت دا توانای ئەمەیان هەیە لەت بن و یەک بگرن لەگەڵ نیشانەی تردا بۆ دربڕینی نوێ. ئەم توانایەی زمانی مرۆڤ توانای داهێنان لە کاتێک دا تەواو هەستی پێدەکرێت کە زمانێک پێویستی بە وشەیەکی نوێ بێت بۆ دەربڕینی بیرێکی نوێ لە کاتی وادا هەندێک جار وشەیەکی تاریک خۆی دەکات بە زمانەکەدا و خەڵک لە سەر واتاکەی ڕێک دەکەون بێ ئەوەی ئەو وشەیە هیچ پێوەندییەکی هەبێ لەگەڵ وشەی تردابەڵام زۆربەی جار هەر لە کەرەسە کۆنەکە وشەیەکی نوێ پێک دەهێنریت بۆ دەربڕینی ئەو بیرە نوێیە. زمان لە بنچینەدا بەم شێوەیە دروست بووە و هەر بەم ڕێگایەش گەشەی کردووە و مەبەستیشمان لە کەرت کردن و لێکدانی ڕەمزەکان هەر ئەمەیە. سەرنجێکی کەم لە چەند وشەیەکی زمانی کوردی دیاردەی کەرت کردن و لێکدانمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە گریمان مرۆڤێکی کوردلە قۆناغێکی بوونیا وشەی سوتاندن و گەندان بۆ میوە و هەڵکروزاندنی زانیوە هەروەها لەفەرهەنگی بیریش دا وشەی بۆن کردن هەبووە کاتێک ئەو مرۆڤە تووشی هەڵوێستێ هاتبێت کە تیایدا پێویست بووبێت دیاردەی بۆن کردن لە هەمان کاتدا لەگەڵ دیاردەکانی تردا سوتاندن ، گەندان ، هەڵ کڕوزاندن بەکار بهێنێت زمانەکەی لە بەر ئەوەی ڕەمزەکانی لەخۆوە نییە ڕێگەی ئەوەی داوەتێ بە هەر جۆرێک بیت ئەم بیرە نوێیانە دەربڕێت و بەم جۆرە بۆنی سوتاندن ، بۆنی گەندان ، بۆنی هەڵکروزاندن هاتۆتە ناوکوردییەوە بێ گومان لێکدانی وشە بەم جۆرە سادەیە (هەر وشە دانە پاڵ یەک) لە توانا

و جالاكی زمان كەم دەكاتەوە لە بەر ئەوە زۆربەی كات دارشتنی رۆنانی نوێ نەك هەر درانە پاڵ بەڵكوو كەرت كردنیشی تێدەكەوێت بە مەرجێك ئەم كەرت كردن و لێكدانە نەبێتە هۆی دروست بوونی تەمومژی واتایی و سەر لێتێكدان. بەم جۆرە بۆنی سوتان دەبێتە بۆسۆ ، بۆنی گەندان دەبێتە بۆ گەن و بۆنی هەڵكڕوزاندن دەبێتە بۆ كڕوز. ئەو كەرت كردن و بۆ/ ن، هەڵ/كروزاندن/ سو/ اندن و دانە پاڵ و بۆ كڕوز و گۆڕانە دەنگیانە سو/ سۆ كاتێك روودەدا كە سەر لێتێكدان لە زمانەكە دروست ناكا بە واتەیەكی تر هەر ئەو ڕۆنانە بە واتا دژ بە مە ، لە زمانە كە دا نەبێت . بێگۆمان دەبێ ئەوە بزانین كە مەبەست لە لە یكدان لە زمان دا تەنیا ئەوە نیە كە رۆنانمان بۆ ئاسانتر بكات تا وەكو ئاسانتر بكوترێت و باشتر بە دەما بێت بەڵكوومەبەستی هەرە گەورە لە بەكار هێنانیدا ئەوەیە بە هۆی كەرت كردن و لێكدان و گۆڕانەوە پارچە كەرەسەی خامی ترمان دەست بكەوێت تا وەكو بۆ كاتی پێویست وشەی تری لێ داتاشین بە پێی یاسای زمانەكە. لەو لێكدانانەی سەرەوەدا بۆ نموونە ئەو پارچانەی (مۆرفیمانەی) كە ماونەتەوە وەكوو ن یا اندن كەلكێكی گەورەیان لێ وەرگیراوە بەوەی یەكەمیان بۆتە نیشانەی چاوگ و دووەمیان بۆتە نیشانە بۆ كاری تێپەر.

ج، زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تر لە سەرێكی تریشەوە لە یەك دەچن هەردووكیان بۆ گەیاندنی مەبەستەكە لە دووشت دا كۆ دبنەوە : گەیاندنی هەست و پۆلێنكردنی دەوروبەر. كە دەڵێن ئەركی هەردوو زمانەكە گەیاندنی زانیاری و لە یەك گەیشتنە مەبەست ئەوەیە كە هەردووكیان لە كۆمەڵ دا بە كار دێن و بۆ تێ گەیشتن لێیان پێویستمان بە دوو ڕۆلە : رۆڵی قسەكەر و رۆڵی گوێگر . زۆربەی كات بۆ هەر یە كێك لەو رۆڵانە پێویست مان بە كەسێك دەبێت بەڵام هەردوو رۆلەكەش هێندێك جار (كاتێ قسە لە بەر خۆمانەوە دەكەین ) بە یەك كەس دەبیندرێ. لێرەش دا دیسان دەبینین كە هەر دوو زمانەكە زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تر وەك یەكن و ئەو جیاوازییەی هەیە لە نێوانیاندا تەنیا جیاوازیەكە لە پلەی توانایاندا.

ئاشکرایە کە زمانی مرۆڤ زۆر بە تواناترە زۆر چالاک ترە لە گەیاندنی هەست و زانیاری دەربارەی دەورو پشتی مرۆڤ بە پێچەوانەی ئەوەوە زمانی زیندەوەری تر لە بەر ئەوەی بۆ هەر هەلوێستێکی دیاری کراو بانگێک یا هاوارێک تەرخان دەکا و لە بەر ئەوەی هەڵوێست و بانگەکە جیانابنەوە لە یەکتری بە واتای ئەوەی هەردووکیان لە یەک کات دا دەبێ ئامادە بن توانای ئەوەی نییە دەربارەی رابردووی بدوێت یان باسی دوارۆژ بکات یان لە بارێکی ناواقیعی (خەیاڵی) بکۆڵێتەوە کە ئەگەر و خۆزگەی تێ بکەوێت . زمانی زیندەوەری تر تەنیا بە ئێستاوە و رانەبردووەوە بەستراوە و دەربارەی ئەو شتانەن کاتی وتن لە دەوروبەردان.

د، هەر دووجۆرە زمانە کە دیسان نەک هەر پشت بە رەمز دەبەستن بەلکوو لە هەردووکیاندا نیشانە دەنگیەکان بە رێک و پێکی خۆیان دووپات دەکەنەوە لە شریتی وتن دا بە مە بە ستی زانیاری گەیاندن و لە یەکتر گەیشتن.

ھ،یەکێک لەتایبەتییەکانی هەردووجۆرە زمانەکە لەوەدایە کە رۆڵ گۆڕینەوەیان تێدەکەوێت بە واتای ئەوەی ئەو زیندەوەرەی کە دەنگەکان دەردەکات توانای ئەوەشی هە یە دەنگەکان وەربگرێت و شیيان بکاتەوە و تێیان بگات بەو جۆرە قسەکەر هەموو کاتێک دەتوانێ ببێتە گوێگر و بیسەر بە پێچەوانەشەوە گوێگر و بیسەر دەبێتە قسەکەر.

ر، لە هەردووجۆرە زمانەکەدا بە کارهێنانی رەمزەکان(وتن) دەبێتە هۆی پێشکەوتنی رەوشتێکی دیاریکراو لە گوێگردائەم رەوشتەش دەبێت لەگەڵ مەبەست و نامەی وێنەکەدا بگونجێت. هەر ئەم رەوشتەشە بۆمان دەردەخات کە لە یەک گەیشتن لە ئاراڕدا هەیە.

ز، هەر دووجۆرە زمانەکە رێگەی دەم/ گوێ بە کار دێنن بۆ تێگەیشتن لە یەکتر بەکار هێنانی ئەم رێگەیە لە دوو سەرەوە کەڵکی هەیە بۆ زیندەوەر

یەکەم : یەکەم زیندەوەر پێویستی بە وزەیەکی زۆر کەم دەبیت تا وەکوو قەناعەتەکە بخاتە ئیش (لەم رووەوە بەراوەردی قسە کردن بکە دەگەڵ راکردن، هەستان ، خواردن....) دووەم وتن یا قسەکردن رێگە لە چالاکی دیکە ناگرێت و بەم جۆرە زیندەوەر دەتوانێت لە کاتی راکردن خواردن یا هەستاندا قسە بکات. دەبێ ئەوەش بزانین کە رێگەی دەم / گوێ تاکە قەنات نییە بۆ لە یەکتر گەیشتن ( سەیرکردن دەست تێوەدان بەڵکوو رێگەی تریش هەیە) و رێکەوتیش نییە کە لە زیندەوەر دا ئەم رێگایە پەسند کراوە و گەشەی پێدراوە.

ح، هەردوو زمانەکە خاوەنی یاسای رستەیی و واتایی تایبەتی خۆیانن بە واتایەکی تر رێز کردن ، خستنە پاڵ یەکتری و دانانی رەمزەکان هەر لە خۆوە و بێ یاسا نابن بەلکوو لە سەر رێ و شوێنێکی تایبەتی دەڕوات هەروەها لە رێگای ئەو رمزانەوە زیندەوەر لە دەوروبەری خۆی دەکۆڵێتەوە.

گ، لە هەر دووجۆرە زمانەکەدا رەمزەکانی وتن پاش ماوەیەک لە دەم دەرچوون کۆتاییان پێ دێت وجارێکی تر گوێگر بۆی ناگەڕێتەوە دواوە بەم جۆرە مێشکی قسەکەر و گوێگر ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ ئەویش کۆکردنەوەیە ئەگەر لە بەر ئەو ئەرکە گەورەیەی مێشک نەبوایە لەوانەیە مرۆڤ بیری داهێنانی نووسینی نەکردبایەوە.

ی ، لە هەر دووجۆرە زمانەکەدا بڵاو بوونەوەی دەنگەکان بەهەموو لایەک دا و بە پێچەوانە وەرگرتنی دەنگەکان پێویستی بە ئاڕاستە کردنی گوێ هەیە بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی لە مەبەستی وتن بگەین پێویستمان بە گوێ گرتنە نەک (بیستن) ئەم تایبەتەش رێگای دەم و گوێ سەپاندوویەتی بە سەر زیندەوەر دا.

ک، لە هەر دووجۆرە زمانەکەدا ئەو زانیارییەی رەمزەکان دەیگەیەنن هەمووی بە یەگجار بە سەر یەکەوە ناگەنە گوێ بەڵکوو بەرەبەرە دێت بەم

جۆرە گوێگر ماوەی ئەوەندە دەبێت کە مەبەستەکە یان نامەکە شی بکاتەوە بێ گومان ئاگاداری ئەوەین کە شریتی دەنگەکان و ئاوازی وتن لە یەکتر جیا نابنەوە و هەردووکیان بە یەکەوە دەگەنە گوێگر و دوو ئەرکی جیاواز دەبینن بەڵام ئەو پێکەوە گەیشتنەیان ئەرکێکی وا قورس نییە بە سەر مێشکەوە کە وا بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو ئەرکەی چاو بۆ مێشک دروستی دەکات بە وەی وێنەی دەیەها شت لە هەمان کات دا دەنێرێت بۆلێکدانەوە.

ل، لە هەردووجۆرە زمانەکەدا قسەکەر ئاگاداری مەبەستی خۆیەتی و دەزانی چی وتووە و بە هۆی مێشکەوە دوای قسەی خۆی بکەوێت و بە جۆرێکی گونجاو وتنەکەی تەواو بکات بەم جۆرە قسەکەر تەواو ئاگادارە و راستەوخۆ هەست بەوە دەکا گویگر تێدەگا ، گوێی لێیەتی ، قەناتی گفتوگۆ کراوەیە یا بە پێی ئەو زانیارییە رەوشتی خۆی دەگونجینێ و بۆ کێشەکە دەچێت بە هۆی ئەو ئاگادارییەوەیە کە قسەکەر دەتوانێ ئاگاداری هەڵەی قسە بێت و هەندێ جار لە ناوەراستی وتن دا خۆی راست دەکاتەوە دیسانەوە بە هۆی ئەو وریایی و چاو دێرییەی گوێ و مێشکی قسەکەرەوەیە کە ساوا دەتوانێت قسەکانی خۆی لە بەر ئەوانەی دەوروبەر داتاشێت و بەم جۆرە خۆی فێری زمانەکەی یان زمانەکانی دەورو پشتی بکات. بەم بەراوەردەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زمانی زیندەوەری تریش ئەگەر لە پلەی پێشکەوتوویی و چالاکیشدا وەک زمانی مرۆڤ نەبێت هێشتا هەر دەبێت بە زمان دابندرێت چونکە لە بنەڕەت دا وەک یەکن یەک کەرەس بە کار دێنن یەک رێگە دەگرن و بۆ یەک مەبەست هەوڵ دەدەن تەنیا جیاوازییەکە لەوە دایە کە زمانی زیندەوەری تر بۆ ئەوەی بگاتە پلەی زمانی مرۆڤ چەند تایبەتییەکی تری پێویستە ئەم تایبەتیانەش راستەوخۆ پەیوەندیان بە ئەرکی یان کاری زمانەوە هەیە نەک چۆنییەتی هەڵکەوتی بایولۆجیانەی مرۆڤ ئەو تایبەتییانەس ئەمانەن:

١، پێوەندی نیشانە و واتا لە زمانی مرۆڤ دا بە زۆریی پەیوەندییەکی لە خۆوەیە و رەمزەکانی رەمزی لە خۆوەن بە زۆری هەرچەند رەمزی وێنەییش بەکار دێ هەندێ جار.

٢، لە زمانی ئادەمیزادا گۆڕینی فۆرم دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا ئەو گۆڕانە لەهەموو ئاستێکی زمان دا هەیە و هەستی پێدەکریت . لە ئاستی دەنگدا ، لە ئاستی مورفۆلۆجیدا هەر وەها لە ئاستی رستەدا.

٣، لە زمانی مرۆڤ دا ئەو شریتە دەنگەی لە دەم دەردەچێت دەتوانرێت کەرت بکرێت شریتە دەنگەکە بریتی یە لە دانەی زمان لە ناو دانەی تری زمان دا بەم پێیە رستەی ئاڵۆز بریتی یە لە چەند رستەیەکی سادە رستەی سادە بریتی یە لە فرێزی ناو و فرێزی کار ئەمانەش لە وشە پێک هاتوون وشەش لە مۆرفێم ، مۆرفێمیش لە فۆنێم. ئاشکرایە کە دانانەی زمان هەر یەکەیان لە ئاستێک دا کار دەکەن ، مۆرفێم لە ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنێم لە ئاستی فۆنۆلۆجی. هەریەکەیان پلە یەکیان هەیە و ئەو دانانەی پلەیان بەرزترە نابنە بەشێک لەوانەی پلەیان نزمترە هەر گیز رستە نابێتە بەشێک لە فرێز بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمکە روودەدات و فرێز دەتوانێ ببێتە بەشێکی رستە.

٤، تایبەتییەکی تری زمانی مرۆڤ لەوەدایە کە ژمارەیەکی زۆر لە دانە پلە بەرزەکانی ئاستێکی دیاریکراوی زمان هەموو کاتێک کەرت دەکرێت و دەگۆڕێتەوە بۆ ژمارەیەکی کەمتر لە دانەی ئاستێکی تری نزم تری لە خۆی بەم جۆرە هەر زمانێک دەبینین پێکهاتووە لە چەند هەزار وشەیەک ئەم چەند هەزار وشەیەش لە سەدها مۆڕفێم پێک هاتووە مۆرفێمە کانیش هەموویان لە ژمارەیەکی زۆر کەم فونێم پێکهاتوون ئەمانەش لە ژمارەیەک لە تایبەتی جیاوازکەر (distinktive featwes) پێکهاتوون کە بە باوەڕی هەندێک زمانەوانان ژمارەیان لە هەموو زمانەکانی مرۆڤ دا لە ١٢ زیاتر نییە شایانی باسە کە ئەم لەتکردن و گۆڕینەوەیە زۆر تەواوە بە واتای ئەوەی لەتە

دانە و پاشماوە لە هیچ ئاستێکی زمان دا نامێنێتەوە لە دوای گۆڕینەوە .
دەبێت ئەوەش بزانین کە زمانی مرۆڤ بە هۆی دانە و ئاستی دانەکانەوەیە کە توانیوێتی توانای لە یەکدان و داهێنان پەیدا بکا .

٥، زمانی ئادەمیزاد بە پێچەوانەی زمانی زیندەوەری ترەوە بە هۆی فێر بوونەوە لە نەوەیەکەوە دەگاتە نەوەیەکی تر هیچ بەڵگەیەکی زانیاری لە بەر دەست دانییە بۆمان بسەلمێنێت کە منداڵ زمانی دایک و باوکی ئاسانتر فێر دەبیت منداڵ کە دێتە دنیاوە ئەو توانایەی لەگەلدایە کە فێری زمانێک یا چەند زمانی مرۆڤ ببێت پێ دیاریکردن.

٦، جگە لەم تایبەتییانە زمانی مرۆڤ چەند تایبەتییەکی تریشی هەیە کە وەک ئەمانە گرینگ نین بە واتای ئەوەی ئەو تایبەتییانە ببن یا نەبن زمانێک مەرجەکانی تری تێدابوو هەر بە زمانی مرۆڤ دادەنرێت لەم تایبەتیانە:

١، توانای شێواندن : زمانی مرۆڤ بە پێی ئارەزووی قسە پێکەرانی دەوروبەری پێ دەشێوێندرێت و درۆی پێدەکرێت ئەم توانایەی زمان راستەوخۆ پەیوەندی هەیە لەگەڵ دانانی چیرۆک و هەڵبەستدا.

٢، توانای راستی دەربڕین: زمانی مرۆڤ بە گشتی ئەو توانایەی هەیە کە راستی پێ دەردەبڕدرێت ، هەر زمانێک ئەو توانایەی نەبێت (زانیاری) پێ تۆمار ناکرێت.

٣، توانای خۆ دەربڕین : زمانی مرۆڤ رێگە دەدات بە قسە پێکەرانی کە بە ئارەزووی خۆیان لە زمانەکەی خۆیان بکۆڵنەوە و پێی بدوێن زمانێک ئەو توانایەی نەبێ زمانەوانی و فەرهەنگ و فەلسەفەی پێ نانووسرێت.

٤، توانای وەرگێڕان: زمانی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی تر یان زمانی تر وەرگێڕێتە سەر خۆی.

٥، ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم دواییانەدا دەربارەی زمانەکانی گیتی کراوە بەتایبەت لە بارەی هەڵکەوتو جۆری یاساکانیەوە( فۆنۆلۆجی) رستەیی یا واتایی بێت هەندێ تایبەتیی تری زمانی مرۆڤی خستۆتە روو. زمانی مرۆڤ بە گشتی لە سەر چەند بنەمایەک کار دەکات.

ا، بنەمای ئەرک سووک کردن: بە پێی ئەم بنەمایە زمانی ئادەمیزاد بە گشتی هەوڵ دەدات لە ئەرکی قسە پێکەرانی کەم بکاتەوە هەر لە بەر ئەمەشە ئەو فۆرمانەی زۆر بە کار دێن کەمن لە ژمارەدا کورتن و ژمارەی برگەیان کەمە و فرەواتان. یەکەم کەس کە یەکەم بنەمای دەستنیشان کرد لە زمانی مرۆڤ دا ک،زیپۆف بوو وشەکانی زمانی مرۆڤ بە بڕوای زیپۆف وەکوو ئەو ئامێرانەن کە مرۆڤ بە کاریان دێنێت ئەو ئامێرانەی کە زۆر بە کار دێن دەبێت سووک بن ، لەبەر دەستا بن و بە کەڵکی زۆر ئیش بێن بۆ سەلماندنی ئەو بنەمایەی زمان زیپۆف بە درێژی بەراوەردی ئەرکی چەند وشەیەکی بڵاوی چەند زمانێک دەکات وبە دوایدا دەگاتە ئەو ئەنجامە.

ب، بنەمای هەڵبژاردن: لە هەموو ئاستێکی زماندا هەر زمانێک بگرین دەبینین لە ناو ئەو یاسایانەی کە لە زمانی مرۆڤ دا بڵاون و بە کاردێن تەنیا چەند یاسایەکی دیاری کراوی بۆخۆی هەڵبژاردووە و هەندێک لەم دیاردانەش لە رووی ژمارەوە زیاترن لە زمانی مرۆڤ دا لە دیاردەی تر .

بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو جیاوازییەی لەنێوان زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تر دا هەیە لە پلە دا هەرگیز ناگاتە ئەو رادەیە هەر دوو جۆر زمانەکە تەواو لە یەک بکات یان لە یەک بترازێنێ و وامان لێ بکات دوای بۆچوونە هەڵەکەی زمانەوانە ئەمریکیەکان بکەوین و گوێ نەدەینە ئەو هەموو تایبەتییە ناوکۆیانە و هەردووجۆرە زمانەکە بە دوو دیاردەی تەواو جیا لە یەکتر دابنێین بۆ ئەوەی چاکتر لەوە بگەین پێویستمان بەوە هەیە زمان بە گشتی وەکوو پەیژەیەکی چەندها پلەیی تەماشا بکەین بەرزترین پلەی پەیژەکە دابنێین بۆ زمانی مرۆڤ لە بەر ئەوەی باشترین و چالاکترین

جۆری زمانە پلەی دووەم دابنێین بۆ زمانی دۆلفین چونکە تەواو نزیک دەبێتەوە لە زمانی مرۆڤ بە دوای زمانی دۆلفین دا نزیک ترین بانگ و قیژە بۆ زمانی مرۆڤ سەمای هەنگە چونکە چەند تایبەتییەکی گرینگی تێدا دەبیندرێت بەم جۆرە دەتوانین پلەکانی تری پەیژەکەش تەرخان بکەین بۆ زمانی زیندەوەرەکانی تر بە پێی نزیکی و دووریان لە زمانی مرۆڤەوە تا وەکوو وێنەیەکی راستی پەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری ترمان دەست کەوێت.

## زنجیره وتار : زمان و زمانی کوردی [٥]




# زمانی نەتەوایەتی، چەند سەرنجێک

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

### ١،پێناسە

زمانی نەتەوایەتی ئەو زارە یا ئەو زمانەیە کە لە سنووری وڵاتێکدا بە کار دێت بۆ ئەنجامدانی سێ ئەرکە گەورەکەی زمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. مەبەست لە بوارەکان قوتابخانە و دادگا و شەقام و ماڵ و مزگەوت و دایرەکانە . سێ مەبەستە گەورەکەش بریتین لە :

١ ، بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی (ئامانجی ئیداری)

٢، گەشە پێکردنی کەلتووری هاوبەش کە خەڵکی کۆ دەکاتەوە .

٣، پتەو کردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوایەتی و هەستی هاووڵاتیەتی بۆ گرێدانی خەڵک بەیەکەوە (ئامانجی دووو و سێ ئامانجی نەتەوەیین)

### ٢، تایبەتمەندییەکانی زمانی نەتەوایەتی

هەمووزارێکی ناوچەیی توانای ئەوەی نییە ببێت بە زمانێکی نەتەوایەتی تا بە چەند هەنگاوێک دا تێپەڕ نەبێت و هەندێ تایبەتی پەیدا نەکات کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. هەڵبژاردن : زمانی نەتەوایەتی دەبێ هەڵبژێردراو بێت ئەو زمانەی هەڵدەبژێردرێت لەوانەیە زارێکی ناوچەیی بێت یان زمانێکی هاوردە (مستورد) بێت یان تێکەڵە بێت لە چەند زارێک مەرجیش نییە وڵاتێک تەنیا تاکە زمانێکی نەتەوایەتی هەبێت. هەڵبژاردن بە بڕیاری گەورەترین دەسەڵاتی رامیاری وڵاتەکە دەبێت .
٢. تۆمار کردن: بەرلەوەی زمان یان زار بکرێتە زمانی نەتەوایەتی دەبێ رێزمانەکەی بە رێگایەکی بابەتیی لێکۆڵرابێتەوە و فەرهەنگێکی سەراپای بۆ دانرابێت و ناوبەناویش لیستێک زاراوەی فەلسەفی و مێژوویی و زانستی و پەروەردەیی و دەروونی و.... بۆ ساز بدرێ. بە بێ فەرهەنگۆکی گەورە و چەند فەرهەنگۆکێک زمانەکە ناتوانرێ زانستەکانی پێ تۆمار بکرێت. بوونی رێزمانێکی بابەتی و فەرهەنگ وشە و رستەی راست و ناڕاست لە زمانەکەدا لە یەکتری جیا دەکاتەوە و بە بێ ئەم جیاکردنەوەیە زمانی نەتەوایەتی فێری کەس ناکرێت.
٣. بوار فراوان کردن: زمانی نەتەوایەتی دەبێ بوار فراوان بێت واتە دەبێ هەموو بوارەکانی ژیانی بۆ واڵا کرابێتەوە تا لە ماڵ و مزگەوت و دادگا و قوتابخانە و فەرمانگادا بە کار بێت نەک هەر لە دەزگاکانی راگەیاندن دا .
٤. رەزامەندی : زمانی نەتەوایەتی دەبێ بە رەزامەندی هەموو خەڵکی وڵاتەکە بێت نەک هەر تەنیا ئەوانەی قسەی پێ دەکەن دەبێ بێت بە زمانی هەموو خەڵکی. هەر کاتێک زمانێک ئەم رەزامەندییەی پێ بەخشرا ئەوساکە دەبێتە هۆکارێک بۆ گرێدان و

کۆکردنەوەی خەڵکی بە پێچەوانەشەوە ئەگەر زمانێک بێ ڕەزامەندیی هەموو خەڵکەکە بکرێت بە زمانی نەتە وایەتی ئەوا مەترسی کەرت بوونی وڵات دێنێتە ئاراوە چونکە هەر زمانێک هەڵبژێرێت بە زمانی نەتەوایەتی پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی دەدرێتێ و ئەوانەی قسەشی پێ دەکەن هەمان پلە و پایە وەردەگرن. لە بەر ئەوە بڕیاری هەڵبژاردن دەبێ زۆر ژیرانە بێت و چەندین هۆکار بە بەرچاوەوە بگرێت .

٥. جێ بە جێ کردن : لە دوای ئامادە کردنی ئەو بارە بابەتیيانەی سەرەوە هەموویان دەسەڵاتی رامیاری وڵات دەتوانێ بڕیارەکەی بە شێوەیەکی رەسمی پیادە بکات لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە واتە ئەم دەزگایانە (گووار و رۆژنامە و رادیو و تەلەفزیون و... ) دەبێ پێشەنگ بن لە پیادە کردنی بڕیارەکەدا .

## ٣، سەرهەڵدانی بیرۆچکەی زمانی نەتەوایەتی

بیرۆچکەی زمانی نەتەوایەتی بۆ یەکەم جار لە ئورووپا لە سەدەی ١٦ دا سەری هەڵدا. پێش ئەوە زمانی لاتینی باڵی بە سەر هەموو کیشوەرەکەدا کێشابوو زمانە ناوچەییە کانی تر وەک فەرەنسی و ئەلمانی، ئیتالی، ئینگلیزی بە چاوێکی نزمەوە سەیر دەکران و بە زمانی ناشارستانی دادەنران هەرچەند ئەمانە شێوەی قسە کردن بوون لە ناوچە جیاجیاکاندا. لە سەرەتای سەدەی چواردەشەوە شیعریان لە هەندێ ناوچەشدا پێ دەنووسرا بۆ نموونە (دانتێ). لە سەرەتای سەدەی چواردەوە شیعریان بە ئیتالی شێوەی فلورنسا دەنووسی (چۆسەر) لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا بە ئینگلیزی زاری لەندەن شیعریان دادەنا ئەو دوو شاعیرە بەرزە دەورێکی گەورەیان بینی لە هەڵبژاردنی زارە فلورنسا و لەندەن بە زاری نەتەوایەتی بەڵام وەنەبێ ئەوانە زمانی ئیتالی و ئینگلیزیان داهێنابێت تەنانەت کە ئەوانیش بە دوو زار شیعریان دادەنا لە

بەر ئەوە بوو کە ئەم زارانە خۆیان لە مەڵبەندێکی رۆشنبیری و دەسەڵاتی سیاسی دا بە کار دەهاتن . زمانی فەرەنسی لە ١٥٣٩ دا بە بڕیارێکی رەسمی شوێنی لاتینی لە دادگاکانی فەرانسە دا گرتەوە و وردە وردە لە بوارەکانی تریش دا بە کار دەهێنرا تا بوو بە زمانێکی نەتەوایەتی. ئەڵمانی زاری ساکسونیا لە ١٥٤٠ بە دوای بڵاو بوونەوەی بنەماکانی (لۆسەر) جێگەی لاتینی گرتەوە هەرچی ئینگلیزییە لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا پلەی زمانی نەتەوایەتی وەرگرت هەر لەم سەدەیەش دابوو کە رێزمان و فەرهەنگی ئەو زمانانە کەوتنە بەردەست مشت و مڕێکی زۆر لە بارەی دروستی و نادروستی وشە و رستە کەوتە نێوان رۆشنبیر و شارەزایانی زمانەوە شایانی گوتنە کە یەکەم کۆڕی زمان لە ١٥٨٢ دا لە فلۆرەنسا دامەزرا و بە دوایی دا لە ساڵی ١٦٣٥ کاردینال ریچیلیو لە فەرەنسا کۆڕێکی زمانی دروست کرد لە سەدەی ١٧ و ١٨ دا هەوڵی دامەزراندنی کۆڕی زمان لە ئینگلتەرە درا بەڵام ئەو هەوڵە سەری نەگرت چونکە دەگەڵ بیروباوەڕی لیبرالی سەردەمەکە نەدەگونجا یەکێک لەو کەسە کۆمەڵایەتیانەی کە دژی بیرەکە بوو ساموێل جونسن بوو هەر چەندە فەرهەنگە بە ناو بانگەکەی خۆی لە جێگیرکردن و چەسپاندنی وشەکانی ئینگلیزیدا زۆر کاریگەر بوو هەر ئەو تەقلیدەش چووە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و (رێبستەر) بە دوای دانانی فەرهەنگەکەیدا بوو بە فەرمانڕەوایيەکی نارەسمی لە زمان دا و فەرهەنگەکەش بوو بە دەستوورێک بۆ سەلماندن و ساغکردنەوەی دروستی و نا دروستی.

سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی لە ئورووپا ەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:

١، گە شەی سیاسی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی یان وڵاتی نەتەوەیی واتە وڵاتێک کە بە زۆری یەک نەتەوە لە سنووری دا بژی.

٢، داهێنانی چاپ کە یەکێک بوو لە گرینگ ترین هۆیەکانی بڵاو کردنەوەی خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانەی گشتی و بڵاو بوونەوەی کتێب و رۆژنامە. زمانی نەتەوایەتی لای یونان و رۆمانەکان موڵکی چینێکی

دەسەڵاتداری کەم ژمارە بوو بەڵام لە ئوروپای نوێ دا بوو بە موڵکی هەموو دانیشتوان بە مەش ئەم وریابوونەوەیە دروست بوو کە دێموکڕاتییەتی هێنایە کایەوە. شۆڕشی فەڕانسی دوو دیاردەی پێچەوانە و دژ بە یەکتری هێنا :

لە لایەکەوە هانی وڵاتە نەتەوەییەکانی دەدا کە زمانێکی نەتەوەیی بە کار بێنن لە لایەکی تریشەوە هانی کەمە نەتەوەییەکانی ناو ئەو وڵاتانەی دەدا کە بە زمانی زۆرینە قایل نەبن هەوڵی رزگاری بدەن. کە وڵاتی نوێ لە سەدەی ١٩ و ٢٠ دروست بوون هەریەکەیان زمانی نەتەوایەتی خۆیان هەبوو بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر کە وڵاتێ خۆی لە داگیرکەرەکەی رزگار دەکرد زمانێکی نەتەوایەتی دەکرد بە سیمایەکی رزگاربوون. بۆ نموونە هەر کە یونان لە چنگی تورکیا رزگار بوو خەڵکەکەی یونانییەکی کۆنیان زیندوو کردەوە هەروەها کە نەروێج لە یەکگرتنەکەی لەگەڵ سوئێد و دانیمارک هاتە دەرەوە گەشەی بە زمانی نەروێجی دا نە خشەی ئەوروپای ئەورۆ دەیان زمان نیشان دەدات کە تا ساڵی ١٨٠٠ ی میلادی ناویان لە مێژوودا نەهاتووە وەک ئوکرانی ، سلۆواکی ، ماسیدۆنی ، ئیستوانی ، کاتالۆنی ، رۆمانشی ، فارۆسی ...هتد نموونەی زیندووش بۆ ئەو کەمە نەتەوایەتییانەی بە زمانی زۆرینە قایل نین لە زۆر شوێنی ئەمڕۆدا دەبینرێت وەک فەرەنسیەکان لە کانادا ، فلاندر لە بەلجیکا ، دراویدی و بەنگالیەکان لە هیندستان.

## ٤ ، بۆچی کێشەی زمانی نەتەوایەتی دروست دەبێ ؟

هۆی سەرەکی دروست بوونی کێشەی زمانی نەتەوایەتی لەوەدایە کە زمانەکانی جیهان بە یەکسانی بە سەر گۆی زەوی دا دابەش نەبوون هەندێ ناوچە لە رووی دابەش بوونی زمانەوە زۆر چڕن هەندێکی تر تەواو تەنکن بۆ نموونە لە ناوچەی کالیفورنیا چڕی زمان بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێ . تا هاتنی سپی پێستەکان زیاتر لە ١٠٠ زمانی هیندوئەمریکی لەو ناوچەیە دا بە کار دەهات دیسان ناوەڕاستی ئەفریقیا ناوچەیەکی چڕە بەڵام لە هەموو

خوارووی ئەفریقیا دا یەک خێزانە زمان (پانتۆ) بە کار دێت . غینای نوێ پڕە لە زمانی هەمە جۆر بەڵام دوورگەکانی دەوروبەری هەر لە هاواییەوە تا ئەندەنوسیا یەک خێزانە زمانیان تێدایە (ملایو،پۆلینزیا) لە ئورووپاشدا ناوچەی قەفقاز لە زماندا دەوڵەمەندە لە کاتێکدا کە ناوچەکانی رۆژهەڵات و رۆژاوای هەموویان بە یەک خێزانە زمان (هیندوئەورووپی) دەدوێن کە واتە زمان وەک سامانی سروشتی بە یەکسانی دابەش نەبووەهەر چۆن وڵاتی هەژار هەیە لە رووی سامانەوە وڵاتی هەژاریش هەیە لە رووی زمانەوە بەڵام لێرەدا ئەنجامەکان پیچەوانەن تا وڵات لە رووی زمان و زارەوە هەژار بێت ئەوا کێشەی زمانی کەمتر دەبێت تا دەوڵەمەندتر بێت کێشەی زیاتر دەبێت . بەختەوەر ترین وڵات لە رووی زمانەوە ئەو وڵاتەیە کە تاکە زمان یان زارێکی هەبێت بەڵام وڵاتی وەها زۆر بە دەگمەن دەبینرێت.

لە رووی زمانەو وڵاتەکانی جیهان دەبن بە سێ بەشەوە :

١ ،ئەو وڵاتانەی کە زمانی نەتەوایەتیان نییە سویسرا و بەلجیکا نموونەی ئەو جۆرە وڵاتانەن زمانی سویسری، بلجیکی لە ئاڕادانییە هەر یەکەیان زمانێک لە وانەی دراوسێ کانیان بە کار دێنن بەلجیکیەکان هولەندی و فەڕانسی بە کار دێنن وسویسرییەکان ئەلمانی و فەرەنسی و ئیتالی دەشتوانین بڵێین ئەمریکیەکانیش زمانی نەتەوایەتییان نییە هەرچەند زۆر کەس واناڵێن . ئینگلیزیی ئەمریکی بە زمان دادەنێن بەڵام لە راستی دا ئەمریکی هەر زارێکی ئینگلیزییە.

٢، ئەو وڵاتانەی کە تەنیا هەر زمانێکی نەتەوایەتییان هەیە هەروەک لە پێشترەوە گوترا وڵاتی لەم وێنەیە زۆر کەمە لەم ولاتانەی بۆ نموونە لەم بارەیەوە دێتەوە وڵاتی فەرەنسایە بەڵام ئەگەر بە وردی لە نەخشەی فەرەنسا لە رووی زمانەوە ورد بینەوە دەبینین کە نموونەیەکی تەواو نییە چونکە جگە لە زمانی نەتەوایەتی کە فەڕەنسییە کەمایەتییەکی خاوەن زمانی سەربەخۆ لە بریتۆنی و کەمایەتییەکی تریش لە ناوچەی باسک دەژین بێجگە

لەمەش زارەکانی خوارووی فەرەنسە هێندە دوورن لەوانەی سەرەوە و زمانە نەتەوەییەکە کە هەندێ زمانەوان بە فەرەنسییان دانانێن.

٣، ئەو وڵاتانەی زیاتر لە زمانێکی نەتەوایەتی لە سنووریان دا بە کار دێ زۆربەی هەرە زۆری وڵاتەکانی جیهان لەم جۆرەن و هەر ئەمانەشن پێویستیان بە نەخشەدانان و هەڵبژاردنی زمانی نەتەوایەتی هەیە. بۆ نموونە زمانی هیندستان چوارده زمانی رەسمی هەیە و یەکێک لەوانە هیندییە واچاوەڕوان دەکرێ ببێتە زمانی نەتەوایەتی لە ئایندەدا بەڵام لە بەر زۆری زمان تا ئێستاش ئینگلیسی کە زمانێکی بیگانەیە لە هەموو زمانە ناوجەییەکان بڵاوترە زۆر لە وڵاتە ئەفریقیە تازە سەر بە خۆکان هێندە زمانی ناوچەیی سنوور تەسکیان هەبوو کە نەیان دەتوانی هیچیان بە زمانی نەتەوایەتی هەڵبژێرن بە ناچاری هەندێ لەم وڵاتانە وەک کامیڕۆن وغێنیا زمانی هاوردەیان کردووە بە زمانی نەتەوایەتی ئەگەر هەر بۆ ئەم قۆناغەش بێ لە تەمەنی وڵاتەکەیان دا.

پۆلینەکەی سەرەوە وا پێشان دەدات کە وڵاتی بەختەوەر لە رووی زمانەوە (وڵاتێک کە دووچاری کێشەی زمانی نەتەوایەتی نەبێ ) زۆر کەمە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان زیاتر لە زارێک یا زمانێکیان هەیە و هەڵبژاردنی زمانی نەتەوایەتی پێویستی بە بڕیارێکی ژیرانەی وەها هەیە کە مافی کەمە زمانییەکانی تێدا نە چێت و وڵات نەخاتە بەر مەترسی کەرت بوون دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێت کە تەنانەت ئەو وڵاتانەش کە تاکە زمانێکی نەتەوایەتییان هەیە ئەگەر لە هەرە بەختەوەرەکان نەبن ئەوا هەر تووشی کێشەی تری زمان دەبن ، کێشەی هەڵبژاردنی زمانێکی جیهانی چونکە زمانی نەتەوایەتی وڵات تا رادەیەکی زۆر دەپچڕێنێ و لە پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیا بێ بەشی دەکات بۆ کردنەوەی وڵات و بەستنەوەی بە دنیای ئەمڕۆوە دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ یەکێک لەم رێگایانە بگرێت کە هەر یەکەیان چاکە و کەم و کووڕی خۆیان هەیە.

١ ، هەڵبژاردنی یەکێک لەو زمانانەی کە لە دنیای ئەمڕۆەدا برەویان هەیە و بڵاون و زمانی تەکنۆلۆجیا و زانستی سەردەمن کە شان بە شانی زمانی نەتەوایەتی بە کار بێت بە تایبەتی لە قۆناغەکانی خوێندن دا . چاکەی ئەم ڕێگایە لەوەدایە کە وڵاتەکە لە پێشکەوتن دوا ناکەوێت و بە ئاگا دەبێت لە هەموو گۆڕانێک ، کەم و کورتیی لەوەدایە کە هەندێ جار ڕێگە لە گەشەکردنی زمانە نەتەوایەتییەکە دەگرێت جگە لەمەش زۆرجار چینێکی بە دەسەڵات دروستدەکات کە وڵاتەکە دەبەن بەڕێوە هەموو دەسەڵاتەکان دەگرنە دەست خۆیان . لەو زمانانەی کە لە برەو دان ئینگلیزی ، فەرەنسی ، ئالمانی ، چینی و...هتد . ژمارە و جۆری ئەو زمانانە بە پێی هێزی دەوڵەتان دەگۆڕێت .

٢ ، هەڵبژاردنی یەکێک لە زمانە دەسکردەکان چاکەکەی لەوەدایە کە هەستی نەتەوەیی کەس بریندار ناکات ، پلە و پایە ناداتە خەڵکێک و لە هی تری وەرگرێتەوە خراپەکەی لەوەدایە ئەم زمانانە تا ئێستا زۆر بڵاو نەبوونەتەوە و نە بوون بە زمانی زانست و تەکنۆلۆژیا ئەم زمانانەش بریتین لە ( بە پێی دەنگی) ئیسپرانتۆ، ئیدیەم ، نیوتڕال ئینتەر ، لینگوا ، گلوسا و هتد... .

٣ ، گەشە پێدانی زمانی نەتەوایەتی و دانانی پارەیەکی زۆر بۆ وەرگێڕانی کتێب لە هەمان کاتدابۆ وەرگێڕانی کتێب و سەرچاوەی زانستی و ئەدەبی لە زمانە بڵاوەکانەوە . چاکەی ئەم ڕێگایە لەوەدایە کە زمانە نەتەوایەتییەکە ڕێگەی گەشەی لێ ناگیرێ و دەستە و تاقم دروست نابن کە رۆشنبیرییە بێگانە کەیان بۆ مەبەستی سیاسی بە کار بێنن خراپەکەی لەوەدایە کە بزووتنەوەی وەرگێڕان چەند چالاکیش بێت بە پێشکەوتنی زانست دا ناگا جگە لەوەش وڵات پارەیەکی زۆری دەوێت نەک هەر بۆ چاپەمەنی بەلکوو راهێنان و بەرهەم هێنانی وەرگێڕی کارامە و لێ هاتوو لە هەموو بوارەکانی زانست دا .

## ٥ ، کەی بیر لە دروستکردنی زمانی نەتەوایەتی دەکرێتەوە؟

بیرکردنەوە لە پێکهێنانی زمانێکی نەتەوایەتی تەنیالەو کاتە دا دەبێ کە وڵاتێک تازە لە چنگی داگیرکەر رزگاری بووبێت یان بەرەو رزگار بوون بڕوات. تاوڵات لە ژێر چنگی داگیرکەر دابێت بیر کردنەوە لە زمانی نەتەوایەتی نایەتە کایەوە چونکە ئاساییە زمانی داگیرکەر زمانی رەسمی وڵاتە کە دەبێت . داگیرکەران رێگە بە بوژاندنەوەی زمانی ناوچەیی نادەن هەر لە بەر ئەمەشە کە زمانی نەتەوایەتی دەبێتە هێمای سەربە خۆیی و سەرفەرازی و رزگاری . هەڵوێستی داگیرکەر بەرامبەر زارو زمانە ناوچەییەکان بە پێی جۆری داگیرکەران دەگۆڕێ بەڵام بە زۆری لە سێ خاڵ دا کۆ دەبێتەوە.

١، داگیرکەر زمانە ناوچەییەکە بە زمانێکی چاو لێ پۆشراو دەژمێرێت واتە نە رێگا لە بە کارهێنانی دەگرن لە ماڵ و شەقام دا و نە هانی بە کار هێنانی دەدەن لە بوارەکانی تردا وەک لە دادگا و قوتابخانە و فەرمانگەکاندا.

٢، داگیرکەر هەوڵی قەدەغەکردنی زار و زمانە ناوچەییەکان دەدات واتە دان بە بوونیاندا نانێت و حەز ناکا بە کار بێت و هەوڵی ئەوەش دەدات کە نەهێڵێ قسەیان پێ بکرێت بە تایبەتی لە شوێنە گشتیەکاندا . بە پێی یاسای دەوڵەت باری زمانی کوردی زاری کرمانجی ژووروو بۆ چەندین ساڵ لە تورکیە بەو جۆرە بوو.

ج، هەندێ جار داگیرکەری وڵات بە تایبەت ئەگەر بە تەمای بە جێهێشتنی وڵاتەکە بێت هەڵوێستێکی لە مانەی سەرەوە نەرمتری دەبێ بەوەی پلەی زمانێکی رەسمی هاوبەش دەدات بە زار و زمانە ناوچەییەکان. لە باری وادا داگیرکەر رێگا بەو زمانە ناوچەییە دەدات کە شان بە شانی زمانەکەی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەدا بە کار بێت یان ئەرکی زمانە رەسمیەکەی لە ناوچەیەکی دیاری کراودا پێ دەسپێرێ هەڵوێستی بریتانیا لە عێراق دا لە

دوای داگیرکردنی، لەم بابەتە بوو. زمانی عەرەبی لە ناوچە عەرەبەکاندا و زمانی کوردی بە تایبەتی لە سلێمانی و هێندێ ناوچەی تردا پلەی زمانی رەسمی هاوبەشیان هەبوو و شان بە شانی ئینگلیزی بۆ بەرێوە بردنی ئیدارەی وڵاتەکە بە کار دەهاتن. ئینگلیزیەکان دوای دەرچوونی خۆشیان رێگای ئەوەیان بە عەرەبەکە نەدا زمانی کوردی قەدەغە بکەن بەڵام لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باشووردا عەرەبەکان هەر پلەی زمانی چاو لێپۆشراویان بە کوردی داوە هەرچەندە ناو بە ناو بە پێی بە هێزی و بێ هێزی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد حکومەتی بەغدا پەتەکەی توند یان شل دەکردەوە تا لە ساڵی ١٩٧٠ دا کوردی پلەی زمانی رەسمی ناوچەیی وەرگرت شان بە شانی زمانی عەرەبی لە ناوچەی ئوتونۆمی دا کە بەشێکی زۆری کوردستانی باشووری نەدەگرتەوە . ئەوەی کە روو نادات لە سەردەمی داگیرکردندا ئەوەیە کە پلەی زمانی رەسمی بە زمانێکی ناوچەیی بدرێ.

**٦ ، ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر هەڵبژاردنی زمانی نەتەوایەتی.**

پێش وەی دەسەڵای سیاسی وڵاتێک بڕیاری هەڵبژادنی زارێک یان زمانێک بدات دەبێ هەندێ هۆکار لە بەر چاو بگرێت:

١ ، سۆسیولۆجیا و دێمۆگرافیای زار یان زمانە هەڵبژاراوەکە یان هەموو زار و زمانەکانی وڵاتەکە وەک ژمارەی ئەو کەسانەی کە قسەی پێ دەکەن تەمەنیان و ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە بە زۆری دەینوێنن و سنووری جوگرافی زارەکە و ئەو بوارانەی کە تێیدا بە کار دێ کە لە هەموو بوارێکی ژیان بە کار هاتبێت و ژمارەی قسە پێکەرانی زۆر بن نەک بە پێچەوانە .

٢ ، مێژووی زارە هەڵبژێراوەکە و دەوری پێشتری لە کۆمەڵەکەدا و پەیوەندی ئەو خەڵکەی قسەی پێدەکەن بە خەڵکی ترەوە و ئەوانەی بە زار و زمانی تر دەدوێن و هەڵوێستی ئەمانە بەرامبەری .

ئەو زمانە پەسندەبۆ هەڵبژاردن کە مێژوویەکی درێژی هەبێت لە باری پەروەردە و خوێندەواری و رۆژنامەگەری راگەیاندندا زمانێک کە هێمای تێکۆشان بێت و خەڵکانی تر بە رێزەوە سەیری بکەن نەک هەڵوێستیکی سەلبی یان هەبێ بەرامبەری.

٣، هەڵکەوت و سروشتی زمانەکە و دوورو نزیکی لە زار و زمانەکانی تری وڵاتەکەوە ، ئەو زارە پەسند دەبێ بۆ هەڵبژاردن کە لێکچوونی لەگەڵ زارەکانی تر دا زۆر بێ ئەمەش بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی ورد و زانستیانەی هەموو زارەکان دەردەکەوێت.

٤، باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکە چونکە جۆری بڕیار بە پێی باری ئابووری ، سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتێک دەگوردرێ بۆ نمونە ئەو دەوڵەتەی بە یاریدەی دەرەوە دەژی لەوانەیە بڕیاریکی وا بدات کە سەرچاوەی یان سەرچاوەکانی یارمەتیەکە رازی بکات بە پێچەوانەشەوە دەوڵەتی ساماندار دەتوانێ بڕیارەکەی سەربە خۆ تر بێ واتە گوێ بە هەڵوێستی دەوڵەتی تر نەدات یان ژمارەی دانیشتوانی کەم بێت و زمانەکەی جیهانی نەبێت لەوانەیە بڕیارێکی وابدات کە خزمەتی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بکات لە رووی سیاسییەوە بێت یان ئابووری.

٥، زمانی خوێندن و نیزامی پەروەردە لە وڵاتەکەدا ئاساییە ئەو زمانە پەسند کا کە تا ئێستا زمانی خوێندن بووە نەک لەبەر ئەوەی چاپ کردنی کتێب بە زارێکی تر و پێگەیاندنەوەی مامۆستا بە زارێکی تر پارەیەکی زۆری دەوێ بەڵکوو گۆڕینی زاری خوێندن دەبێتە پچڕاندنی نەوەی نوێ و کون و کەرت بوونی خیزان.

٦، کولفەی زار یان زمان گۆڕین، بێگۆمان تا کولفەی گۆڕان کەمتر بێت بۆ دەوڵەت باشترە لە بەر ئەوەی جاپ کردنەوەی کتێب و رۆژنامە و گووار بە زارێکی جیاواز پارەیەکی باشی دەوێ دەوڵەت تا رادەیەکی زۆر هەوڵی

هێشتنەوەی ئەو زارە دەدات کە لەوە پێش لە بوارە جیاجیاکاندا بە کار هاتووە و حەز بە گۆڕانی ناکا تا زۆر پێویست نەبێت.

٧، ئیرادەی گۆڕین ، هەموو دەوڵەتێک ناتوانێ لە سەر گۆڕان سوور بێت و ئەوەی لەم بارەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکتاتوری دەلوێ بۆ نیزامێکی دیموکراتی سەر ناگرێ لە کۆمەڵێکی دێموکراتی دا بە کار هێنانی زۆر و هێز و بەرەنگاربوونەوە لە گەل خەڵکدا و سەپاندنی زارێک یا زمانێک بە زۆر دیاردەیەکی ئاسایی نییە و هەردەبێ بە قایل بوون و خوایشت بێت لەبەر ئەوە پیادەکردنی بڕیاری دەسەڵاتی سیاسی ولاتەکە کاتێکی زۆرتری دەوێ هەندێ جار گەڕانەوەی تێ دەکەوێ زۆرجاریش چارەکە کاتی دەبێت جا چاکتر وایە دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکە پێش ئەوەی بریاری هەڵبژاردن بدات سنووری دەسەڵاتی خۆی بزانێ بڕیاری وا نەدات کە بەرەنگاری و رووبەرووبوونەوەی تێدا بێت ئەگەر ئەمەش کارێکی زۆر پێویست بوو دەبێ لە ماوەیەکی درێژدا جێ بە جێ بکرێ و رێگای گەڕانەوەش هەبێت تاوەکوو وڵاتەکە تووشی پەرت بوون نەبێ.

### ٧، چەند رێگا چارەیەک

لەبەر ئەوەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتێک لەگەڵ وڵاتێکی تردا جیاوازە و زمانی نەتەوایەتی و هەڵبژاردنی بەندە بەم بارانەوە چارێک نیە کە بە کەڵکی هەموو وڵاتێک بێت بەلکوو چەند چارێک لە ئاڕادا هەیە کە هەر دەوڵەتە دەتوانێ بە پێی باری تایبەتی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت .

آ، هەڵبژاردنی زارێکی ناوچەیی یان زیاتر و بە کار هێنانی بۆ جێ بە جێ کردنی هەموو ئامانجەکانی ئیداری و نەتەوایەتی، چاکەی ئەو رێگایە لەوەدایە :

١، کەلتووری هاوبەش لە فەوتان دەپارێزێ.

٢، بۆ بڵاو کردنەوەی خوێندەواری ئاسانە و منداڵ لە دایک و باوکی دوور ناخاتەوە واتە نامۆی ناکات.

٣، دەبێتە هۆی پتەوتر کردنی گیانی نەتەوایەتی .

کەم و کورتی ئەم رێگایەش لەوەدایە:

١،خوێندنی باڵا تووشی گیرو گرفت دەبێ

٢، لە رووی ئابوورییەوە زەرەرمەندە چونکە پارەیەکی زۆری دەبێ بۆ وەرگێڕان و ئامادە کردنی مامۆستایان تەرخان بکرێت .

٣، لەوانەیە وڵاتەکە لە جیهان دا بپچڕێت.

٤، لەوانەیە هەستی دوژمنایەتی و کێشە دروست بکا بە تایبەتی ئەگەر بڕیارەکە بەرژەوەندی هێندێ کۆمەڵ و تاقمی گەورە بخاتە پشت گوێ .

٥، ئەگەر زیاتر لە چەند زارێک بکرێن بە زمانی نەتەوایەتی لەوانەیە گیانی جیابوونەوە و پەرت بوون هان بدات.

٦، ئەگەر زارە هەڵبژێراوەکە لە رووی زاراوە هەژار بێت ئەوا زمانی نەتەوایەتی بێ ناوبانگ دەبێ و هانی خەڵکی نادات فێری بن.

ب، هەڵبژاردنی زمانێکی جیهانی بۆ جێ بە جێ کردنی هەموو ئامانجەکان، چاکەکەی:

١، هەموو چین و توێژەکان بە یەک چاو سەیر دەکات چونکە زمانە بێگانەکە زمانی دایکی کەس نییە و هیچ زیادە مافێک بۆ هیچ کەس و چینێک دابین ناکات واتە هەموو هاووڵاتیان وەک یەک زەرەرمەند دەبن چونکە دەبێ لە منداڵیەوە فێری زمانەکە بکرێت. خراپەکانی:

١،پارەیەکی زۆر بۆ راهێنان و ئامادەکردنی مامۆستا بەو زمانە دەبێ دابین بکرێت تا ئاستی خوێندن نەیەتە خوارەوە .

٢، نەوە لاوەکان لە نەوەکانی پێشتر(ئەوانەی بە زمانێ خوێندنیان تەواو کردووە) جیادەکاتەوە و لەوانەیە کولتورێکی زۆر بفەوتێت.

٣، ناهێڵێ گیانی نەتەوەیی و هاووڵاتێتی گەشە بکات .و بۆ بڵاو بوونەوەی خوێندەواری ئاسان نییە. ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم بارەیەوە ئەوەیە ئەو وڵاتانەی چاری وایان پەسند کردووە دوای ماوەیەک گەڕاونەتەوە سەر چاری یەکەم نمونەی ئەم گەڕانەوەیە لە مالیزیادا دەبیندرێ.

ج، پلەی زمانی نەتەوایەتی یان یەک گرتوو بۆ یەکێک لە زارە ناوچەییەکان (یان زیاتر) لە پاڵ زمانێکی جیهانیدا. چاکەکانی:

١، بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بە زمانە ناوچەییەکان لە ئاستی سەرەتایی یان دواتر بە ئاسانی دەڕوات و منداڵ لە نەوەکانی پێشتر داناپچڕێت و تووشی نامۆیی نابێت . خوێندنی باڵا لە رێگای زمانە جیهانیەکەوە پەیوەندی وڵاتەکە لەگەڵ جیهاندا دروست دەکات ولە رووی ئابووریشەوە کەلکی لێ دەبیندرێت . خراپەکانی:

١، پێش نەکەوتن وگەشە نەکردنی زمانە ناوچەییەکان چونکە لە مونافەسە لەگەڵ زمانە جیهانییەکەدا دەرناچن .

٢، دروست کردنی چینێکی هەڵبژاردە لە خوێندەواری هەموو زارەکانی تر و جیابوونەوەیان لەوانەی کە هەر خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو دەکەن و هەر زارە ناوچەییەکان دەزانن.

د، تێکەڵ کردنی دوو زاری ناوچەیی یان زیاتر و هەڵبژاردنی بە زمانی نەتەوایەتی. ئەوە ئەو چارەیە کە رووناکبیر و زمانزانە کوردەکان هەر لە

سەرەتای ١٩٧٠ وە بە پەسندی دەزانن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمانی نەتەوایەتی لە نێو کورددا. بە پێی ئەم بیرە زارەکانی کوردی لە بەراوەرد کردنیان لەگەڵ یەکتری دا دەمان گەیەننە ئەو ئەنجامە کە ئەگەر وشە و هەندێ دیاردەی رێزمانی یەک بخەین ئەوا زمانێکی نەتەوایەتی یان یەک گرتوو دێە مەیدان بۆ نومنە جەماڵ نەبەز وای بۆ دەچێ کە گواستنەوەی هەندێ دیاردەی رێزمانی وەک( ژێدەری ئایندە و رێژەی بکەر و ئامڕازی ناسیاری و..... ) لە کرمانجیی ژووروو بۆ کرمانجیی ناوەڕاست یان بە پێچەوانەوە زمانێکی نەتەوایەتی دێنێتە کایە . هەرچەند لە ئاستی وشەدا رەنگە ئەمە کارێکی ئاسان بێت بەڵام لە ئاستی رێزمان دا تێکەڵکردنی دووزار یان زیاتر بێگومان کارێکی دژوارە و لەوانەیە سەر نەکەوێت جگە لەوەش گێڕانەوەی زمان بۆ دواوە و وەستان بەرامبەر گۆرانی سروشتی وەک (گێڕانەوەی نێر و مێ بۆ کرمانجیی ناوەڕاست یان دانانی ناسیاری بۆ کرمانجیی ژووروو ) لە زماندا کارێک نییە بە ئاسانی ئەنجام بدرێ و لەوانەشە زارە ناوچەییەکان بشێوێنێ و ئەو جۆرە دەستکارییەی زمان لە زمانەوانیدا پەسەند نییە .

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە ٥٣ ی گوواری مەتین لە حوزەیرانی ١٩٩٦ ی میلادی بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکا ن پرۆفسۆر دوکتور محەمەد مەعرووف فەلاح کۆکردنەوە و ئامادە کردنی شێروان حسێن خۆشناو شێروان میرزا قادر




## زمانی کوردی

چونکە فەرزییە تازەکان سەبارەت بە ریشەی نەتەوایەتی کورد زیاتر لە سەر بنەمای زمانی کوردی داندراوە بۆ تێگەیشتنی باشتر لەو فەرزییانە هەڵسەنگاندنێکی کورتی زمانی کوردی وئاکامی تۆژینەوەی زمانناسان لەو پێوەندییە دا دەکەین.

زمانی کوردی یەک لە زمانە هەرە کۆنەکانە کە دانیشتوانی کوردستان لە هەزاران سال پێش ئێستاوە قسە یان پێ کردووە و لە حاڵی حازریش دا یەک لە زمانە زیندووەکانی دنیایە و ٤٠ ملیون کورد لە کوردستان و شوێنەکانی دیکەی دنیا بە کاری دێنن و دوای عەرەبی و ترکی و فارسی چوارەمین زمانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو لە دوو سەدەی ئاخردا سەرنجی زمانناسانی بۆ لای خۆی راکێشاوە و لێکۆڵینەوەی زۆری لە سەر کراوە .

هەوەڵین دانشمەندی کە دەستی بە لێکۆڵینەوە لە سەر زمانی کوردی کرد میسیۆنێرێکی ئیتالیایی بە نێوی م. گازرونی بوو. ناوبراو هەژدە ساڵ لە نێو کوردەکان دا ژیا و بە جوانی فێری زمانی کوردی بوو و ساڵی ١٧٨٧ کتێبێکی سەبارەت بە دەستوری زمانی کوردی نووسی . گازرۆنی پێی وابوو زمانی کوردی زاراوەیەک لە زمانی فارسیە و بوونی ئەلفوبێی هاوبەشی بەینی ئەو دوو زمانەی بە هۆیەکی سەرەکی نزیکی و یەکبوونی ئەو دوو زمانە دەزانی و دەڵێ:

زمانی کوردی و فارسی دوو زاراوەی لێک نزیکن کە دەکرێ بە هاسانی ئەلفوبێی فارسی بۆ نووسینی زمانی کوردیش بە کار بێنی. گازرونی بەو بۆچوونەوە کوردی و فارسی پێ یەک بوو و مەسەلەی ئێرانی بوون یا ئاریایی بوونی نەتەوەی کوردی هێناوەتە گۆڕێ. دەبێ لە بیرمان بێ لە سەدەی هەژدەهەم دا سەرچاوەی نووسراوی زۆر سەبارەت بە مێژووی کورد و ریشەی نەتەوەییان وەکوو ئێستا بە لێشاو نەبوو . نەزەراتی گازرونی و چەند دانیشمەندی دیکە وەک گ.خورنل کە لە سەر زمانی کوردی لەگەڵ گازرونی هاورا بوون لە نیوەی هەوەڵی سەدەی نوزدەهەم دا سەرنجی زیاتری زماناسان و پسپۆڕانی زمانە ئێرانیەکانی بۆ لای خۆی راکێشا و وردبوونەوەی زیاتری لە سەر زمانی کوردی بە دواداهات . دانیشمەندە ئوروپاییەکان لەو سەردەم دا لە ژێر کارکردی بیری نژادپەرستانە و مەزنخوازانەی قەومە ئاریاییەکان دا بوون و لە سەر بنەمای بنەماڵە زمانیەکان بنەماڵە نژادیەکانیشیان هێنا گۆڕێ . ئەو دانیشمەندانە سەرەڕای دەرکەوتن و خوێنرانەوەی سەرچاوەی نووسراوی تازە کە زانیاری بە کەڵکی زۆریان لە بارەی ئەقوامی کەونارانی(١) کوردستان و تێکەڵاوی رەگەزی و زمانی کوردی خستە بەر دەست کەم و زۆر بۆچوونەکانی گازرونیان پەسند کرد و هەرکامیان بە شێوەیەک هەوڵیان دا وەک فەرزیەیەکی عیلمی بیگونجێنن. ئێرانی بوونی زمانی کوردی و ئاریایی بوونی رەگەزی نەتەوەی کورد ئاکامی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی ئەو دانیشمەندانەیە هەرچەند تەفاوەتی بنەڕەتی لە بەینی شیوەکاری ئەوانە کە لە پێوەند لەگەڵ مەسایلی مێژوویی کوردستان بە کاریان هێناوە ئەوانە بە دوو گرووپ دابەش دەکا :

گرووپی هەوەڵ ئەو لیکۆڵەوەرانەن کە بە سەرنجدان بە سەرچاوەی تازە سەبارەت بە زمانی کوردی و مێژوو و بنەچەکەی نەتەوەی کورد لێکۆڵینەوەیان کردووە و بەو ئاکامە گەیشتوون کە ریشەی نەتەوەی کورد دەگەرێتەوە سەر( گووتیەکان) . ئەو دانیشمەندانە زۆربەی نەتەوە موتەمەدینەکانی کەوناران بە ئاریایی دەزانن و لە ئاکام دا گوتیەکان یا بە وتەی

هێندێکیان (خالدیەکان) بە ئاریایی دەزانن. نموونەی دیاری ئەو دانیشمەندانە (پ. لرخ ) ی رووسیە کە لێکۆڵینەوەی بە نرخی لە بارەی زمانی کوردی، مێژوو و بنەچەکەی نەتەوەی کورد ئەنجام داوە. بەرهەمی توێژینەوەکانی ئەو ٣ جڵد کتێبی بایەخدارە بە نێوی( لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردە ئێرانییە کان و بنەچەکەی کەلدانی ئەوان ) بەپێی ساڵەکانی ١٨٥٦ و ١٨٥٨ لە سێن پێترزبورگ بڵاو بۆوە . ئەو دانیشمەندە هەرچەند بنەچەکەی کورد دەباتەوە سەر گوتیەکان یا بە واتەیەکی تر خالدیەکان کە لە سێ هەزارساڵ پێش میلاد ناوچۆمانیان لە ژێر دەسەڵات دابوو دیسانیش زمانی کوردی و بنەچەکەی کوردەکان بە ئێرانی نێودیر دەکا و دەڵێ : جیاوازی بەینی زمانی کوردی و زمانی فارسی کاتێک دەستی پێکردکە کوردەکان لە هۆزە ئێرانییەکان جیا بوونەوە . سەرەڕای نەزەری پ . لرخ و باقی لێکۆڵەوەرانی ئەو گرووپە، زمانی کوردی لە زۆربەی بوارەکاندا بە  زمانی سەربەخۆ و جیا لە زمانە ئێرانیەکان دەژمێردرێ . قەنات کوردی یف کە لایەنگری ئێرانی بوونی زمانی کوردییە لە قەولی پیتر لرخ و هێندێک زماننانسی دیکە وە دەنووسێ :

زمانی کوردی لە چوارچێوەی کوردستان دا سەربەخۆیی خۆی پاراستووە و سەربەخۆ بڵاو بۆتەوە بە بێ ئەوەی زمانی فارسی کە لێی نزیکە کار کردی لە سەری بووبێ . لرخیش دەنووسێ وشە بێگانەکانی کە واریدی زمانی کوردی بوون کارکردیان لە سەر زمانی کوردی نەبووە. ب.زاگورسکی ، س،ا،گزارۆف، آ،ژابا و زۆر لێکۆڵەوەری دیکەی رووس ئەو راستییەیان قوبووڵکردووە کە زمانی کوردیی هاوچەرخ بە هۆی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و وشەی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆی زمانێکی سەربەخۆیە و لە زمانە ئێرانیەکان جیایە. ئەو تایبەتمەندیانە کە لە زاراوەکانی زمانی کوردیش دا هەیە ئەو زمانەی وەکوو زمانێکی واحید لە نێو بنەماڵەی زمانە ئێرانیەکان جیا کردۆتەوە. (پیتر لرخ)

گرووپی دووهەم ئەو لێکۆڵەوەرانەن کە بڕێک لە سەرچاوە نوێیەکانیان بە تێڕوانینێکی نژادپەرستانە ومەزنی خوازانە هەڵسەنگاندن و تەفسیر کردووە و زۆربەی بەردەنووس وبەڵگە مێژووییەکانی کە باسی خەڵکەکانی کەونارانی سەر خاکی کوردستان و زمانی ئەو خەڵکانە دەکەن نەخستۆتە بەرچاو . ئەو دانیشمەندانە پێوەندێک نێوان کوردەکانی ئێستا و دانیشتوانی کەونارانی کوردستان و زمانی کوردی ئێستا و زمانی خەڵکانی باستانی کوردستان کە تا کۆتاپی سەدەی حەوتەمی پێش میلاد قسەیان پێکردووە قایل نین هەروەها پێیان وایە کە ئارياييە رەوەکەکان دوای سەقامگیر بوون لە کوردستان دانیشتوانی پێشوویان لە ناوبردووە و فەرهەنگ و شارستانییەتی خۆیان دروست کردووە بەو هۆیەوە زمانی کوردییان بە ئێرانی زانیوە و بنەچەکەی کوردیان بە ئارياپی پێناسە کردووە. پێویستە چاوێک بە نەزەراتی ئەو دانیشمەندانەدا بگێڕین.

لێکۆڵەوەرانی سەدەی بیستەم بە ئاگادار بوون لە مەترسی پەرەگرتنی باوەڕی نژادپەرەستانە و مەزنیخوازانە کە بە تەعمیم دانی غەیرە عیلمیی تێئوری بنەماڵەی زمان بە بنەماڵەی ئێتنیکی کە رۆژ دەگەڵ رۆژ پەرەی دەگرت بە تێڕوانینێکی عیلمی تازەوە دەستیان کرد بە وردبوونەوە و توێژینەوە لە بارەی سەرچاوەی ئیتنیکی و زمانیی ئەو نەتەوە قەدیمیانەی کە لە کەونارانددا ژیاون. ئەو دانیشمەندانە زۆربەیان لە زماننناسەکانی بە ناوبانگی شووڕەوی پێشوون و بە دوو دەستە دابەش دەکرێن:

دەستەی هەوەڵ ئەوانەن کە تێئوری تازەیان لە جێگای تێئوری( زمانی تەتبیقی) دامەزراند و پێیان وایە بێجگە لە کەڵک وەرگرتنی غەڵەتی سیاسی لە تێئوری زمانی تەتبیقی کە کردوویانەتە تێئوری بنەماڵەی ئێتنیکی، خودی تێئوریەکەش کەموکووڕی زۆری هەیە و توانای چارەسەرکردنی هێندێک لە گیروگرفتەکانی زمانی نییە و تەتبیق کردنی دەگەڵ پێوەرە تازەکانی عیلمی نەگەنجاوە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە رێگا چارەی تازەیان پێشنیار

کردووە کە بە تیئۆری( زمانە ئیشتیقاقیەکان) نێو دێر کراوە. لایەنگرانی ئەو تیئوریە خۆجێیی بوونی زمانی کوردی و سەرچاوەی ئێتنیکی نەتەوەی کوردیان هێناوەتە گۆڕێ و دەڵێن زمانی کوردی ئەرمەنی (٢) و گورجی کە هەزاران سال لە تەنیشت یەکتر ژیاون لە یەک ریشەن . پرۆفسۆر ن،ج، مار و ویل چفسکی و دەیان دانیشمەندی دیکە بناغە دانەرانی ئەو تێئوریە تازەیەن.

گرووپی دووهەم ئەو دانیشمەندە زمانناسانەن کە بە نەزەرییەی زمانی تەتبیقی وەفادار ماونەتەوە ئەمما باوەڕیان بە تەتبیق دانی بە بنەماڵەی نژادی نییە و هەرچەند زمانی کوردی بە زمانی ئێرانی دەزانن بەڵام عەقیدەیان بە ئاریایی بوونی کوردەکان نییە و هۆزە کۆنەکان بە سەرچاوەی ئیتنیکیی نەتەوەی کورد دەزانن ژمارەی ئەو گورووپە یەگجار زۆرە . ا،م،دیاکۆنۆف پرۆفسۆر سپایزر ، چایلد گۆردۆن و دەیان دانیشمەندی دیکە لەو گورووپەن. کەوابوو زمانی کوردی تاسەرەتای سەدەی بیستەم بە تەواوی لە لایەن زمانناسەکانەوە جوزوی زمانە ئێرانییەکان ناسێندرابوو لە نێوەی هەوەڵی سەدەی بیستەمەوە ئەو باوەڕە درزی تێ کەوت چونکە بەشێک لە زمانناسەکان لایەنگری تێئوری تازە(زمانە ئیشتیقاقیەکان) بوون و بە هێنانەوەی بەڵگەی مێژوویی و وشەی خۆجێ یی زۆری کە لە زمانی کوردی دا ماوەتەوە ریشەی زمانی کوردییان خۆجی یی راگەیاندووە. ئەو زانایانە پێیان وایە لە نیوەی دووهەمی هەزارەی هەوەڵی پێش میلادەوە کە لەو ناوچەیەدا ئیمپڕاتوورییەکان یەک بە دوای یەک دا هاتنە گۆڕێ زمانی کوردی کەوتە ژێر کارکردی زمانی ئێرانییەوە و ئەوەش ماعنای وانییە زمانی کوردی کەوناران بە تەواوی لە ناو چووە یان یەک لە زمانە ئێرانییەکان جێی زمانی کوردی گرتۆتەوە بۆیە زۆربەی زانایانی زمانناسی لە بەرهەمەکانی خۆیان دا ئیشارەیان بە تەفاوەتی زۆری زمانی کوردی دەگەڵ زمانە ئێرانییەکان کردووە. دەستەیەک لە زانازمانناسەکان ریشەی زمانی کوردییان خۆجێ یی لە قەڵەم داوە هەروەها فەرزییەی تازە لە بارەی زمانە هیندوئورووپاییەکانیش کە لە

سەر بنەمای تازەترین دەستکەوتەکانی باستان شناسی لەو ساڵانەی ئەخیردا لە لایەن هێندێک لە دانیشمەندان هاتۆتە گۆڕێ پشتی خۆجێ یی بوونی زمانی کوردی دەگرێ . بە گوێرەی ئەو فەرزییەیە زاراوەی دانیشتوانی پێش مێژووی شەرقی ئاناتولی یا کوردستان ریشەی هەوەڵینی زمانە هیندوئوروپاییەکانە و پێیان وایە ریشەی هەوڵینی زمانە هیندوئوروپاییەکان زمانی کەسانێکە کە پێکهێنەری شۆرشی نیئولیتیک یا شۆڕشی( بەرهەم هێنان) بوون و لە هەزارەکانی پێش مێژوودا لە شەرقی ئاناتوولی خەریکی کشت و کاڵ و مەڕداری بوون .

جوغرافیای مێژوویی کوردستان:

مەبەست لە جوغرافیای مێژوویی کوردستان دیاری کردنی ئەو سەرزمینانەیە کە هۆزەکانی کەونارانی کورد لە درێژایی دەورانی پێش مێژوو هەروەها دەورانی مێژوویی لە پێوەند دەگەڵ هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو دەورانانەدا تێیدا ژیاون سروشتیە بەربڵاوی ئەو سەرزمینانە وەک قەلەمرەوی باقی گەلانی دیکە هەمیشە سابیت و یەکسان نەبووە و بە لە بەرچاو گرتنی هەل و مەرجی زاڵ مەجبوور بە هێندیک ئاڵ و گۆڕ بووە . ئەو سەرچاوانەی بۆ روون کردنەوەی جوغرافیای مێژوویی کورد لە هەزارەکانی پێش میلاد دا یاریدەمان دەکەن فرە چەشنەن کە ئاماژەیەکی کورت بە هێندێکیان دەکەین.

ئەوێستا:

ئەوێستا کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتی نە تەنیا تیشکی هاویشتۆتە سەر باری مێژوویی دانیشتوانی کوردستان لە کەوناراندا بەلکوو یاریدەی بە دووبارە دروستکردنەوەی جوغرافیای مێژوویی ئەو سەرزمینەش کردووە ئاکامی لیکۆڵینەوەی عیلمی ئەغڵەبی ئەو زانایانەی کە ئەوێستایان لە بواری جوراوجۆردا هەلسەنگاندووە باوەڕیان وایە کوردستان جێی لە دایک بوونی

زەردەشت و ئایینەکەی بووە و ئەو ئایینە رەنگدانەوەی هەل و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو سەردەمی کوردستان بووە. نێوی کێوەکان ، رۆبارەکان دۆلەکان ، دوندەکان ، دەریاچەکان و شوێنی جوغرافیایی هەر کام لەوانە کە لە ئەوێستا دا هاتووە دەگەڵ بەربڵاوی عەواریزی کوردستان یەک دەگرێتەوە و بە کێشانەوەی جوغرافیای مێژووی ئەو وڵاتە کۆمەگ دەکات. کتێبی (جغرافیای غرب ایران یا کوەهای ناشناختە اوستا) نووسینی عیمادەدین دەولەتشاهی سەبارەت بە ئەوێستا و ناوەرۆکەکەی لە لایەن زۆر لەدانیشمەندە پسپۆڕەکانەوە وەک بەرهەمێکی بایخدار هەڵسەنگێندراوە هەروەها ئوستاد ئیبراهیم پوورداوود و بیلی، اچ،دبلیو و کتێبی (جغرافیای تاریخی کردستان در اوستا) نووسینی دوکتور هەورامانی بە شێوەیەکی ورد نەخشی ئەوێستا لە ناساندنی جوغرافیای مێژوویی کوردستان لە سەردەمی کەوناران دا دەخەنە بەردەست بۆیە ئەوێستا وەک سەرچاوەیەکی بە نرخی سەردەمی کەونارانی کوردستان سەرنجی زۆر لە لێکۆلەوەرانی مێژووی راکێشاوە و لە سەر بنەمای ناوەرۆکی ئەو زۆر لە مەسایلی مێژوویی و جوگرافیایی کوردستان روون بۆتەوە.

بەردە نووسەکان :

بەردەنووسەکانی بە جێماو لە پادشاکانی هۆزەکانی کەونارانی دانیشتووی کوردستان کە ناسراوترینیان هوریەکان ، گوتیەکان ، لولوییەکان ، و کاسیەکانن، بەردەنووسەکانی پادشایانی سومێری ، ئاکێدی ، ئورارتویی ، پارسی ، بابلی و بە تایبەت ئاشووری لە هەزارەی سێهەم بەولاوە مێژووی کوردستانیان روون کردۆتەوە .

بەرهەمی نووسەرانی عەهدی عتیق وەک هێرۆدۆت ، گزنفون ، کتسیاس ، استرابۆن .... و ئەو سەنەدانەی کە بە زمانەکانی کەوناران نووسراون و لە لایەن زماناسەکانەوە وەرگێڕدراونەتە وە سەر زمانەکانی ئینگلیسی ، فەرانسەوی رووسی و ئالمانی کەوتوونە بەر دەستی لێکپڵەوەران کە لە نێو

ئەوان دا سێ کەسیان زۆر دیارترن. یەک لەوان ای،م،دیاکۆنۆف ئاکادێمیسیەنی ناسراوی رووسیە کە پسپۆڕی مێژوو و زمانەکانی شەرقی کەونارانە کە بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە کتێبێک دا بە نێوی (تاریخ ماد) بڵاو کردۆتەوە . لەو کتیبە دا باسی هۆزەکانی کەونارانی سەر خاکی کوردستان و ئەو دەوڵەتانەی بوویانە پێش دروست بوونی دەولەتی ماد و ساغکردنەوەی جوغرافیای مێژوویی کوردستان لە هەزارەی سیهەمی پێش میلاد تا نیوەی هەولی هەزارەی هەوەڵی پێش میلاد هاتۆتە بەرباس و لێکدانەوە. کەسی دیکەی کە لەوبارەیەوە هەوڵی زۆری داوە ا،ی ، اسپایزر دانیشمەندی ئامریکایی و پسپۆڕی زمانەکانی کەونارانە و کتێبێکی پڕناوەرۆکی بە نێوی (متروپوتامیااوریژین)(٣) یان بنەچەکەی نێوچۆمانیەکان بڵاوکردۆتەوە . ئەویش وەک دیاکۆنۆف شوێنی نیشتە جێ بوون و پێک هێنانی ئەو دەوڵەتانەی کە هەرکام لەو قەومانەی زاگروس لە هەزارەکانی پێش میلاد خاونی بوون خستۆتە بەرباس و بۆچوونەکانی زۆر لە نەزەرەکانی دیاکۆنۆف نزیکە . کەسی سێهەم ژ،هیوزینگی ئالمانیە کە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی ئەویش یاریدەدەکا بۆ ساغکردنەوەی جوغرافیای مێژوویی کوردستان.

لە ئەوێستا و هێندێک بەردەنووس و سەرچاوەی دیکەی عەهدی عەتیق دا باسی هێندێک شوێنی جوغرافیایی و کۆسار و رۆبار ەکانی کوردستان هاتووە. هەرچەند ئەو نێوانە لە درێژایی هەزاران ساڵدا ئاڵوگۆڕیان کردووە دیسانیش بە کەڵک وەرگرتن لە شێوەکانی لێکۆڵینەوە و بەراوەرد کردنیان دەگەڵ نێوەکانی ئێستا دەکرێ جوغرافیای مێژوویی کوردستان لە سەررا ساغ بکەیەوە . بەشێکی دیکە لە لێکۆڵەوەران بە ساغکردنەوەی مەسیری لەشکرکێشیەکان توانیویانە تا رادەیەک جوغرافیای مێژوویی کەوناران بخەنەوە سەر یەک . لە پێوەند دەگەڵ قەلەمرەوی ئەقوامی کورد ئاماژە بە دوو مەتلەب گرینگە.

١، ئەو دەوڵەت و ئیمپڕاتووریانەی کە لە هەزارەکانی پێش میلاد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوون بە گشتی لە کۆمەڵێک لە دەوڵەت شاری چکۆڵە تەشکیل بوون کە هەرکامیان پادشا و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئابووری جیاوازیان هەبووە و وەکوو شێوە فیدراڵێک لە ژێر چاوەدێری و ڕێبەریی یەک لە دەوڵەت شارەکان کە ئیحتمالەن هێزی زیاتری هەبوو ئیدارە دەکران.

٢، سەرچاوەکانی کەڵکیان لێ وەرگیراوە ئی نەتەوە و زمانی جۆراوجۆر بوون و لە زەمانی جیاوازیشدا نووسراون بۆیە نێوی دانیشتوانی زاگرۆسیان بە شێوەی موتەفاوەت نووسیوە سەرچاوەکانی هەزارەی سیهەم کە ئی سۆمێرییەکان و ئاکێدیەکانە نەتەوەکانی ساکینی کوردستانیان بە کوتی ، لولو یا لولوبیایی ، سوبیر یا سوبارتویی و سوبارو نووسیوە لە هەزارەی دووهەم دا زیاتر باسی کاسی و هوری یا سوبارتوییەکان و دەوڵەتەکانی ئەوانیان کردووە و لە هەزارەی هەوەڵ سەرچاوەکان ئاشوورین و زیاتر باسی کوتیەکان و لولوییەکانیان و دەوڵەتەکانی ئەوانیان کردووە. زۆربەی ئەو دانیشمەندانەی کە سەبارەت بە دانیشتوانی کەونارانی کوردستان لێکۆڵینەوەیان کردووە لە ڕێگای خوێندنەوە و موقایسەی زمانەکانی ئەو گەلانە ، نێوی کەسەکان و شوێنی جوغرافیایی و ئاسەواری باستانیی دۆزراوە بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەو ئەقوامە خەڵکی خۆجێ یی مەنتەقەکە بوون کە قەفقازی یا ئازیانیکیان پێ دەکوترێ و بۆ ئەو ئەقوامە ریشەیەکی هاوبەش ددەسەلمێنن و زۆربەیان هوریەکان یا سوبارتووییەکان بە بنەجەکە و ڕەگەزی هەموویان دەزانن.

اسپایزر لەو زانیارییانەی کە سەرچاوەکانی سومێری و ئاکێدی لە بارەی سوبارتۆوە داویانە پێی وایە کە سوبارتو نێوێکی جوغرافیاییە و مەفهوومی قەومیی نییە بە گوێرەی سەرچاوەیەکی ئاشووری سوبارتو شامیلی شیمالی سورییە (کوردستانی سورییە) مەشریق و جنوبی شەرقی ئاناتولی (کوردستانی ئێستای تورکیە) بووە هەروەها بە گوێرەی ئەو کەتیبانەی لە کەرکووک

دۆزراونەوە لە نێوەڕستی هەزارەی دووهەمی پێش میلاد بەولاوە لە سەر خاکی سوبارتو دەوڵەتێکی تازە دروست بوو کە پێی دەڵین دەوڵەتی میتانی. سەرچاوە ئاشوورییەکان لە ئاخرەکانی هەزارەی دووهەمی پێش میلاد بەولاوە باسی دەوڵەتەکانی ناموا،ماننا ، و ئوراڕتوو دەکەن کە لە بەشی جنوویی ئەرمەنستانی ئێستارا بەرەو جنوب لە کوردستان پەرەی گرتووە و دانیشتوانی ئەو شوێنانەیان بە گوتی نێو بردووە. دەوڵەتی ماد هەوەلێن ئیمپراتوریی بەهێزە کە لە لایەن دانیشتوانی کوردستانەوە لە نیوەی هەوەڵی هەزارەی یەکەمی پێش میلاد دروست کراو قەلەمڕەوی نفوزی ئەو گەلانە تا ئەوپەڕی کوردستان بڵاو بۆوە.

(١) کەوناران : لە هەزارەی سێهەمی پێش میلادەوە کە خەت و نووسین دەستی پێکرد و ئینسان توانی لە بارەی ژیانی خۆیەوە نووسراوەیەک لە پاش خۆی بە جێ بێڵێ پێی دەکوترێ دەورەی مێژوویی بە واتای دیکە مێژوو دەست پێ دەکا باقی تەمەنی درێژی بەشەر کە پێش تر بەراوەرد دەکرا یەک ملیون ساڵ بێ ئێستا بە کەڵک وەرگرتن لە رەوشی ئازمایشگاهی و بەراوردی نیو عومری رادیوئاکتیو دەڵێن زیاتر لە سێ ملیون ساڵە و پێی دەڵێن پێش مێژوو.

(کتێبی کورد و کردستان در هزارەهای ماقبل تاریخ و عهد باستان)

(٢) کوردیی کرمانجی : بۆ دیتنی نزیکیی کوردیی کرمانجی دەگەڵ زمانی ئەرمەنی بڕوانە کتێبی (کردها و خواستگاە آنها روش شناسی مطالعات کردی) نووسینی گارنیک آساطوریان وەرگێڕانی صنعان صدیقی.

(٣) میزوپوتامیا: وشەیەکی یونانییە بەو سەرزمینانە دەکوترێ کە بەینی دوو چۆمی دیجلە و فوڕات هەڵکەوتوون مێژوونووسانی عەڕەب و فارس لە سەدەکانی هەوەڵینی ئیسلامیدا ئەو سەرزمینانەیان بە جزیرە نێو دێر کردووە و دوایی پێیان کوتووە نێوان چۆمان کە شامیلی عێڕاقی ئێستا ، بەشێک لە

شیمالی سووریيە ، کوێستانەکانی جنووبی شەرقی تورکیە ، و غەربی ئیرانە. عێڕاقی جنوبی کە شوێنی رسکانی دەوڵەتەکانی سومێڕ و ئاکێد بووە بەشی جنوبی میزوپوتامیا یا نێوان چۆمان بووە بۆیە بەشێک لە کوردستانی ئێستا بەشێکی عومدەی نێوان چۆمان یا میزوپوتامیا بووە.

وەرگیراو لە کتێبی (کردوکردستان در هزارەهای ماقبل تاریخ و عهد باستان) نووسینی دوکتور غوڵامعەلی ئیدریسیان

مەتڵەبەکە لە زمانی فارسیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی

## زنجیره وتار: زمان و زمانی کوردی (٧)

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**زمانناسی لە شورەوی(١) :**

لە درێژایی سەدەی ١٩ دا زمانناسانی رووسی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی گشتیی ئورووپادا لە پێوەند دابوون بەڵام شۆڕشی بلشویکی رووسیە بووە هۆی جیا بوونەوەی ئەو ولاتە دەگەڵ لێکۆڵینەوە زمانیەکانی باقی جێگاکانی دیکەی دنیا. لە ساڵەکانی بیست و سی و چل زمانناسیی رووسیە کەوتە ژێر ئەندیشەی کەلله ویشکانەی سەیر و سەمەرەی ن،ی،مار . مار بۆخۆی کەسێکی نیوە گورجی بوو و لە هەرەتی لاویەوە تواناییەکی بەرچاوی بۆ فێر بوونی زمان لە خۆی نیشان دابوو و لە سەرەتای کاری لێکۆڵینەوە لە زمان سەرنجی خۆی دا سەر زمانی گورجی و باقی زمانەکانی دیکەی قەفقازی و روانینی خۆی بۆ مێژووی زمانە قەفقازییەکان ساغ کردەوە و نەزەرییەی قوبووڵکراوی هیندو ئورووپایی وەلانا و هاتە سەربۆچوونەکانی سەدەی هەژدەهەم کە (gestural origin) یا باوەڕ مەندبوون بە (خاستگاه ایمائی ) زمان بوو و تایبەتمەندی رەدەناسیی هەر زمانێکی بە نشانەیەک لە پێشرەفتی ئەو زمانە دانا و زمانی ؤیافیتی) نێوێک بوو کە مار بۆ زمانە قەفقازیەکانی بەکار هێنا و پێی وابوو ئەو زمانانە لە قۆناغێک دان کە بەشێکی دیکە لە زمانەکان چەندین سەدەیە ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە. مار پێی وابوو زمانەکان واقعییەتێکی نەتەوەیی نین بەڵکوو دیاردەی چینایە تین و ئاڵووگۆڕەکانیان پێوەندی بەو ئاڵووگۆڕانەوە هەیە کە لە ساختاری ئابووری دا دێتە ئاراوە و بەو شێوەیە دەیەویست نیشان بدا کە لە نێوان ماریسم و مارکسیسم داهاونەزەری هەیە و پێی وابوو بەوشێوە بیرکردنەوەیە نە تەنیا مێژووی زمانەکان تەوزیح دەدا بەڵکوو دەورانی پێش مێژووی ئەوانیش روون

دەکاتەوە. سەیر ئەوەیە ئەو خەیاڵاتە بێ سەروپایانە پشتیوانی دەوڵەتیشیی هەبوو تەنانەت چەند دانیشمەندی رووسی وایان بە سەڵاح زانی مەسڵەحەتی رۆژگار لە بەر چاو بگرن و لەو نەزەرە سەیرانە پشتیوانی بکەن و پێیهەڵبلێن بەڵام ساڵی ١٩٥٠ لە پڕ ئەستالین فەرمانیدا بناغەکانی نەزەرەکانی مار وردوخاش بکرێ و لە فەرمانەکەی دا ئاماژەی بەوە کردبوو کە زمان پێوەندیبە ساختاری ئابوورییەوەنییە یا بنەمای لە سەر ساختاری ئابووری نییە چونکە زمانی رووسیش لە خزمەت کردن بە کاپیتالیسمی رووسی پێش شۆرش دابووە و ئێستاش هەر هەمان زمانە و لە خزمەت سوسیالیسم دایە و ئەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگر بوو کە تا ئەوکات بە زمان دا نەهاتبوو . دەخالەتی ستالین لە لایەکەوە کۆتایی بە باڵادەستیی ماریسم هێنا و لە لایەکی دیکەوە سەرنجی خەڵکی دنیای بۆ لای خۆی راکێشا.

وەرگیراو لە کتێبی (تاریخ مختصر زبان شناسی )نووسینی آر،اچ ، روبین تەرجومەی (علی محمد حق شناس) لە فارسییەوە کراوەتە کوردی .


پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ
«کوردۆییڤ»

هەندێک بیر و باوەڕی هەڵە
بارەی زمان و مێژووی کوردەوە

وەرگێڕان و پێشەکی
د. عەورەحمانی حاجی مارف

پیاچوونەوەی
د.کمال مەزهەر

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد
بەغدا ١٩٧٣ - ١٩٧٤

## زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٨)

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

### زمانناسی لە شورەوی(٢) :

دێینە سەر تەماشاکردنی نووسینەکانی ب،ف،میللیر دەربارەی کوردناسی . ناوبراو زانایەکی گەورەیە، دەربارەی زمانە زیندووەکانی ئێران خاوەنی گەلێک نووسراوە : نووسراوەکانی تالیش ، دیالکتی زمانی شاری شوستیر ، تات و شوێنیان و دیالکتەکانی زمانیان و.... لەم نووسراوانەدا لە ڕێزمانی ئەو زمانانەی باش کۆڵیوەتەوە . ئەوەی لەو نووسراوانەدا گرینگ بێت ئەوەیە کە نووسینەکانی زۆر دوورن لە تیئوریەکەی ن،ی،مارەوە ( لەوەی کە ن،ی،مار) ئەسڵی ئەو نەتەوە ئێرانیانەی بە لافیتی داناوە بەڵام میللیر ئەو نووسراوانەی لە پێش ساڵی ١٩٣٠ دا بڵاو کردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٠ یەوە دەبێت بە پشتگیری تێئوری لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان ئەویش هەروەک ڤیلچێڤسکی ئەو ڕێگا چەوتە دەگرێ و نووسینەکانی لە سەر بناغەی تێئوریەکەی مار دادەڕێژێت. ئەونووسراوانەی لە سەر تێئوریە چەوتە دوور لە زانستیەکەی مار نووسیویەتی ئەمانەن: لێکۆڵینەوە لە دەڤست (دوسەد) ی فارسی ، ئامرازی کۆ یا (ئان) لە زمانە ئێرانیەکاندا ، پاشگری ( i) لە زمانی تالیشی دا، کارەکانی زانایانی رووس دەربارەی زمانە ئێرانیەکان ، هەندێ چەڵەمەی فونێتیکی زمانی کوردی و وتارێک دەربارەی زمانی کوردی کە لە ئینسکلوپێدیای سۆڤیەتیدا چاپ کراوە.

ئایا دەتوانرێ بوترێ ئەم بیروباوەڕەی میللیر لەو نووسراوانەدا تەنها نیشانی ئەوە دەدەن کە بیرو باوەڕێکی وەختیی تایبەت بەو سەردەمەی مۆدەی


پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ
«کوردۆیێڤ»

هەندێک بیر و باوەڕی هەڵە
بارەی زمان و مێژووی کوردەوە

وەرگێڕان و پێشەکی
د. نەورەحمانی حاجی مارف

پیاچوونەوەی
د. کەمال مەزهەر

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد
بەغدا ۱۹۷۳ - ۱۹۷٤

تێئوریکی مار بوو؟ بۆ سەلماندنی ئەمە هیچ بەڵگەیەک نییە لەو نووسراوانەدا وەنەبێ تەنیا دەربارەی زمانە ئێرانییەکان چاومان بە چەند هەڵەیەکی بچووک بکەوێ بەڵکوو چاومان بەوە دەکەوێ کە بە تەواویی بیر و باوەڕی میللیر لە ماوەی ۲۰ سالدا (۱۹۳۰ تا ۱۹۵۰) لە سەر بناغەی تێئوری یافیثی بوو کە ناویان لێنابوو لیکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان . ئەو بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا ئەو تێئوریە بە سەر زمانە ئێرانییەکاندا بە گشتی و بە سەر زمانی کوردیدا بە تایبەتی بچەسپێنێ . میللیر لە نووسینەکانیدا داوای لە ئێرانناسان دەکرد کە لێکۆڵینەوە لە لێکسیکۆلۆژی لە ڕێگای( لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمانەوە) بێت و سوور بوو لە سەر ئەوەی کە تەنیا لەم ڕێگایەوە دەتوانرێ لە زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی تر بکۆڵرێتەوە. ئەو تێئوریەی مار کە کورد بە لافیثی دادەنێ بۆ یەکەم جار لە لایەن میللیرەوە لە وتاری زمانی کوردیدا لایەنگیری کرا و تەشەنەی پێدرا لەم وتارەدا نوسیویەتی :

ئەو زمانناسانەی کە زمانە ئێرانییەکان و دیالکتەکانیان دەکۆڵنەوە بە تەواوی گرینگی نادەن بەو پاشماوەی کە لەو زمانانەدا ماون پێش ئەوەی ببن بە ئێرانی. بە تایبەتی هێندێک پاشماوەی فونێتیک و مورفولۆژی کە وا لە زمانی کوردیدا ماون نەک تەنیا وەک هەندێ لە زمان و دیالێکتەکانی زمانە ئێرانیەکان بەڵکوو وەک زمانەکانی قەفقازیشن. میللیر هەمان باوەڕی لە وتاری زمانی کوردیدا کە لە ئینسکلوپدیای گەورەی سۆڤیەتیدا چاپ کراوە

دووباره کردەوە لەم وتارەدا نوسیویەتی  خاسیەتی تێکەڵاوی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی یافیتیدا پتر لە فۆنێتیک و مۆرفۆلۆژیدا دەردەکەوێ .

لە وتاری دەورەکانی زمانە ئێرانیەکان دا لە مەسەلەی تێکەڵاو بوونی هەندێ لە زمانە ئێرانییەکان دەکۆڵێتەوە و دەڵێ لە دابەشکردنی زمانە ئێرانییەکاندا وەنەبێ کەم شتی سەرسام هەبێ دەربارەی هەندێ زمان وەک ئەفغانی ، ئەسیتینتی ، کوردی ، دیالکتی پامیر کە فۆنێتیکیان بە هیچ جۆریک لە سەر بناغەی زمانە ئێرانییەکان نییە. بەم بۆنەیەوە میللیر ویستوویەتی بلێ کە وا لە فونێتیکی ئەو زمانە ئێرانیانەی ناوی هێناون تەنها لە سەر بناغەی زمانە یافیتیەکان دەتوانرێ بکۆلرێتەوە هەروەها لە پاش مار ئەویش لەو باوەڕەدا بوو کە گشت زمانەکانی جیهان بە دەوری پێشکەوتنی یافیتی دا تێپەریون. میللیر زماناسانی زمانە ئێرانییەکانی بە خەتابار دادەنا چونکە لە لێکۆڵینەوەی هەر زمانێک لە زمانە ئێرانییەکان بە پێی دەورەکانی پێشکەوتنی زمانە ئێرانییەکان نەدەڕۆیشتن بەڵکوو بە پێی بەرامبەر کردنێکی مێژوویی لە ڕێزمانی زمانە ئێرانییەکان و زمانەکانی تری هیندوئوروپایی دەکۆڵینەوە . ئەو نووسیویەتی : مەسەلەی دەورەکانی پێشکەوتنی زمانە ئێرانییەکان لە سەر بناغەیەکی هیندوئوروپایی بە هیچ جۆرێک لەگەڵ راستیدا رێک ناکەوێ. میللیر لە لێکۆڵینەوەی زماندا دژی بەرامبەر کردنی مێژوویی وەستابوو وەک ئەم رێگایە دوور بێ لە زانست و زۆر ساکار بێ . ئەو نووسیویەتی بوونی ئەو مەبەستە لە لیکۆڵینەوەی ئەو جۆرە باسانەدا شتێکی بێسوودە. لە هەموو شوینێک شک دەکەین  کە لە سەر مەسەلەی مورفۆلۆژی و دەربارەی مانا هیچ نووسراوێک هەبێت بەم جۆرە پێویستە خوێنەر بێتە سەر ئەو ئەنجامە کە تەنها لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان توانی هەموو ئەو چەرمە سەرێیانەی کە لە رێگای زمانناسانی زمانە ئێرانییەکانەوە هەیە ساز بکا. میللیر بە هەموو جۆرێک هەوڵی ئەوەیدەدا کە زمانناسەکان لە سەر بناغەی لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان وتار بنووسن . لە وتاری کارەکانی زانایانی رووس دەربارەی زمانە ئێرانییەکاندا پشتگیری تیئوری ئەبایێف دەکا

دەربارەی تێکەڵاوی و دوسروشتی زمانی ئەسیتێنتیو نرخێکی زۆر بەو باوەڕە چەوتە دەدا لەم بارەیەوە میللیر نووسیویەتی :

بێ گومان ئەو جۆرە نووسینانە نرخێکی زۆریان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان و بۆ نیشاندانی تیکەڵاوی یەکێک لە هەرە زمانە کۆنەکانی ئەمڕۆی زمانە زیندووەکانی ئێران . زمانناسان پێویستە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بێنە سەر ئەو رێگایە. میللیر بە تەواوی سنووری لێکۆڵینەوەی لە تێکەڵاوی زمانە ئێرانییەکان نەکێشاوە ئەو نیشانی پێویستیی لێکۆڵینەوەی دەورە جیاوازەکانی زمانە ئێرانییەکان دەدا و دەیەوێ لە لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان لەگەڵ چۆنێتی پێشکەوتنی زماندا پێوەندی هەبێ . ئەو لە ناو هەموو زمانە هیندوئورووپاییەکاندالێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانییەکانی بە دواکەوتووترین لێکۆڵینەوە دادەنا ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی لە لێکۆڵینەوە لە سەر شێوەی بەرامبەر کردنی مێژوویی لای نەدا. ئەو دەڵێ هەتا لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان لە سەر ئەو رێگایەی هەردەم لە سەری رۆیشتوون (بە زمانێکی هیندو ئورووپایی دانە قەڵەم) لانەدا و نەیەتە سەر رێگایەک کە لە سەر بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی بێت ئەوە ئەو زانستە بێ بەرهەم دەبێت. سەبارەت بە پاشماوەی یافیتی لە زمانە ئیرانییەکاندا لە وتاری ئامرازی (کۆ) لە زمانە ئێرانییەکاندا نوسیوێتی شکی تێدانییە کە لە رێگای زمانە هیندوئورووپاییەکانەوە هیچ روونکردنەوەیەکمان دەست ناکەوێ تەنها لە رێگای لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان دەتوانین بگەینە ئەنجام و خاو کردنەوەی گەلێک شتی ئاڵۆز.

میللیر نزیکەی لە هەموو وتارەکانیدا هەوڵی ئەوەی داوە کە نیشانی بدا لە زمانە ئێرانییەکاندا لە فۆنێتیک و مۆرفۆلۆژی دا پاشماوەی یافیتی هەیە و بە باوەڕی ئەو نەتەوە ئێرانییەکان تێکەڵاون و لە یافیتی و ئێرانی دروست بوون. لە وتاری (تێکەڵاویی زمانە ئێرانییەکان ) دا نووسیوێتی : لە زمانە ئێرانییەکاندا وەنەبێ کەم پاشماوەی یافتیی هەبێ کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوری کۆنیان .

ئەوەی ئەو ناوی دەنێ پاشماوەی یافیتی و لە سەر ڕێگای لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان لێیدەکۆڵێتەوە و ئەوەی بۆ نیشاندانی پاشماوەی لافیتی لە زمانە ئێرانییەکاندا وتوویە لە راستیی مێژووەوە دوورە. لێرەدا دەردەکەوێ کە نووسەر ئەو بەڵگانەی مێژوو دەربارەری زمانە ئێرانییەکان نیشانی دەدا سوودی وەرنەگرتووە چووە سوودی لە مێژووی یافیتی و لە بیروباوەڕە چەوتەکەی مار وەرگرتووە و لە هەمووش سەیرتر ئەوەیە ئەو تێئورییەی کە ن،ی،مار لە لێوی بریولیای وەرگرتووە میللیریش یەکسەر دەیەوێ بە سەر زمانی ئەورۆی فارسی ، تاجیکی ، کوردی و ئەفغانیدا بچەسپێنێ کە ئەمە بە هیچ جۆرێک ناشێت. میللیر دەڵێ هۆی جیا نەکردنەوەی چەند حاڵەتیکی (voice) صیغەلمعلوم و المجهوڵ لە هەندێ لە زمانە ئێرانییەکانی ئەمڕۆداهەیە ئەوەیە کە پاشماوەی یافیتییان هەیە و زمانی کۆنی خۆیان بیر نەماوە بۆ نموونەش ١٠ کردار (فعل)ی هێناوەتەوە .....ئەو نووسیوێتی : لە تێکەڵاوکردنی ئەم (voice) دا پاشماوەی کۆن باش دەردەکەوێ. هەر لە بەر جیانەکردنەوەی چەند حاڵەتێکی (voice) لە زمانە ئێرانییەکانی ئێستادا میللیر دەڵێ پاشماوەی لافیتی لەو زمانانەدا هەیە ئەمە شتێکی راست نییە بە بەڵگەش ناژمێررێت کە زمانە ئێرانییەکان لە زوودا لافیتی بوون و ئێستا تیکەڵاون بەڵکوو ئەوە ئەنجامی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ و پێشکەوتنێکە لەو زمانانەدا کە هێندێک پێشگر و پاشگر لە سەر زمان کەوتوون و ئەمەش لە بەراوەردکردنی رێزمانی زمانە ئێرانییەکاندا دەردەکەوێ. میللیر لە نووسینەکانیدا بۆ چەسپاندنی ئەو باوەڕەی ، زۆربەی بەڵگەکانی ئەوەیە کە دەڵێ مار لە بارەی ئەو مەسەلەیە وای نووسیوە بەڵام ئەم بەڵگانە لە جێگای خۆیانین و لە ڕێگایەکی راستی زانستیانەوە نیشان نەدراون و لە بەردەم رەخنە دا خۆ ناگرن و دەڕووخێن.

مار لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەوەی بۆی روون نەبۆوە و لێی ئاشکرا نەبوو بە لافیتی لە قەڵەم دا و ئنجا لە پاشان هاتە سەر لێکۆڵینەوەی مانا لە چوار رێگاوە ، میللیریش هەر بەو شێوەیە کۆڵیوەتەوە. میللیر بۆ پەیدابوونی تاک

و کۆ نووسیوێتی لە زمانە ئێرانییەکاندا هەردەم بە کارهێنانی کۆ بۆ کۆمەڵێکی یەکگرتوو لە کار دایە کە لە بیری کۆندا دەگونجێ بە تایبەتی ئەم جۆرە بە کارهێنانە لە زمانی کوردیدا دەبینرێ . لە زمانی کوردیدا هەندێ وشە هەن کە لە یەک کاتدا هەر بەو شێوەیە بۆ کۆش و بۆ تاکیش بە کار دەهێنرێن وەک : زار ، کوڕ ، پەز ، خانی، حەیوان ....

گەر بیری کورد قووڵ نییە وکۆنە ، گەر کورد ناتوانن جیاوازی لە نێو تاک و کۆدا بکەن ئەی بۆچی میللیر ئەو نموونانەی هێناویەتەوە تەنیا بۆ کۆ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی رووسی ئەی بۆچ هەروەها بۆ تاک وەری نەگێڕاوە. لە وتاری (هەندێ چەڵەمەی فۆنێتیکیی زمانی کوردی ) دا میللیر دەیەوێ نیشانی بدا کە فۆنێتیکی زمانی کوردی وەک فۆنێتیکی زمانە یافیتییەکانە ئەو وادەداتە قەڵەم کە هەندێ دەنگ لە زوودا ناقۆڵا بوون بەڵام کە بە دەورەی یافیتی دا تێپەڕین چاک بوون یا وەک ئەو دەڵێ فراوان بوون . ئەو نووسیوێتی گەر لە دەنگی (ع) و (غ) ی عەرەبیدا وێکچوونێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانە سامیەکاندا هەبێت ئەوە پێوەندییەکی پتر لە سێ دەنگی گرینگدا لە نێوان زمانی کوردی و زمانە یافیتیەکاندا هەیە. دەربارەی چۆنییەتی تەلەفوز کردنی ع و غ  لە زمانی کوردیدا نووسیوێتی : لە رووی تەلەفوزەوە ئەو دوو دەنگە خاوەنی خاسییەتی تایبەتی خۆیانن کە زۆر دوورن لە زمانە هیندوئورووپاییەکان . بە گوێرەی باسەکانی میللیر وادەردەکەوێ کە کورد لە کۆندا یافیتی بوون و لە پاشا بوون بە یەکێک لە زمانە ئێرانییەکان و فۆنێتیکی هەندێ گۆڕرا. لە فۆنێتیکدا تا رادەیەک شێوەی کۆنی تێدا ماوە هەروەها بە باسەکانیدا وادەردەکەوێ کە فۆنێتیک گرینگترە لە درووستبوونی رێزمان و تێگرایی وشەکانی زمان .

بابڵێین ئەو ئەنجامە ناڕاستانەی نووسەر راستن کە دەڵێ کورد بە رەگەز یافیتییە و دوایی زمانی ئێرانییان وەرگرتووە و لە بەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو تێکەڵاوییان دەگەڵ میللەتانی قەفقازدا هەبوو هەندێ شێوەی فۆنێتیکی

یافیتی مایەوە . گەر ئەمە راست بێ ئەی زمانی ئەفغانی و پامیر دەبێ چۆن بێ کە فۆنێتیکیان زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ فۆنێتیکی زمانەکانی هیند و ئورووپاییدا ؟ زۆر هەڵەیە کە خەیاڵی وەها بکرێ بە تایبەتی بۆ زمانی ئەفغانی و پامیر کە ئەم میللەتانە نە بە مێژوو نە بە سنوور نە بە تێکەڵاوی هیچ پێوەندێکیان لەگەڵ میللەتانی قەفقازدا نەبووە ئەی وڵام چییە بۆ ئەوەی کە فۆنێتیکی ئەم نەتەوە ئێرانییانە لەگەڵ فۆنێتیکی زمانی کوردیدا زۆر وێکدەچێ لەگەڵ ئەوەی لە تەنیشت ئەو نەتەوانەوە لافیتی نەژیاون و ناژین تا بتوانن تەئسیر بکەنە سەر فۆنێتیکیان ئەی بۆچی نەتوانین بە پێچەوانەوە بڵێین کە دەنگەکانی زمانی کوردی و ئەفغانی و پامیر لە ناوخۆیاندا پەیدا بوون و لەگەڵ یافیتیدا هیچ پەیوەندییان نییە ئەگەر لە نێوان ئەم زمانانەدا کە لە یەک گرووپن جیاوازی و وێکچوون لە فۆنێتیک و درووستبوونی رێزمان و وشەکانیاندا هەبێ ئەوە بۆ روونکردنەوەی ئەو وێکچوون و جیاوازیە پێویستە لە سەرمان لە ناو ئەوزمانانە (لەناوخۆیاندا) بگەرێین بۆ دۆزینەوەیان نەک لە ناو زمانی گرووپێکی دیکەدا. بەم جۆرە لێکۆڵینەوەکەی میللیر کە لە زمانانی کوردی و ئەفغانی و پامیردا بۆ خاسییەتی فۆنێتیکی یافیتی دەگەرێ لە جێگای خۆیدا نییە و لاوازە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەشە دیالکتەکان و دیالێکتەکانی کوردی بۆ میللیر روون نییە . لە وتاری( زمانی کوردی ) دا بۆ بەشە دیالکتەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی ناوچەکانی زەنگەنە و کەڵهورِ و کرماشان وسنە کە لە زمانەوانیدا لە ژێر ناوی کورددا ئاشکرا و ناسراون کەچی ئەو وەک گرووپێکی تایبەتی جیایان دەکاتەوە و ناویان دەنێ دیالکتەکانی( کوردی- فارسی ) باوەرێکی وەها دروست دەکا کە گوایا جیاکردنەوەی ئەو دوو زمانە گرانە . ناونانی ئەم بەشە دیالکتانەی کوردی بەم شێوەیە ناشارەزایی میللیر نیشان دەدا لە جیاکردنەوەی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی کوردیدا . ئەم نەشارەزاییەی میللیر لە وتاری ئامرازی کۆ (ئان) لە زمانە ئێرانێکاندا دەردەکەوێ . لەم وتارەدا بەشە دیالێکتە کوردییەکانی ناوچەکانی موکری ، سلێمانی ، جەزیرە و زاخۆ و بادینانی ناو ناوە دیالێکتەکان . ئەو نووسیوێتی لە زۆربەی دیالێکتەکانی کوردی (موکری ، سلێمانی ،

جەزیرە ، زاخۆ ، بادینان و لە زمانی کوردانی سۆڤییەتدا ) ئامرازی (ئان) زۆر بە کار دەهێندرێ کەچی هەر لە لاپەڕەی ئەم دیوی ئەم وتارەدا و هەروەها لە وتاری ( تێکەڵاویی زمانە ئێرانییەکاندا) ناوی ناوە بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی . لە وتاری (هەندێ چەڵەمەی زمانی کوردی ) داسلێمانی ناوناوە بەشە دیالێکتیکی سەربەخۆی زمانی کوردی یا خود بەشە دیالێکتێکی گرووپی خوارووی زمانی کوردی. لە وتاری (کارەکانی زانایانی رووس دەربارەی زمانە ئێرانییەکان) دا دەڵێ سلێمانی بەشێکە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو. زۆر جار لە ناوی ئەو هەرێمانەی کە کوردی تێدایە و لە ناوی جیاوازی ئەو خێڵە کوردانەی کە بە یەک دیالێکت و بە یەک بەشە دیالێکت دەدوێن ناو دەنێ دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاواز بۆ نموونە بەشە دیالێکتی ناوچەکانی دیاربەکر و بادینان ناو دەنێ دیالێکتەکانی بادینان و دیاربەکر بەشە دیالێکتی ئەم خێڵانە بروکی ، شەرکی ، جەلالی کە خاوەنی یەک بەشە دیالێکتن ئەو بەسەر چەند بەشە دیالێکت دا دابەشیان دەکا و ناویان دەنێ بەشە دیالێکتەکانی موش ، بروکی ، شەرکی، جەلالی. ئەم ناتەواویانە ئەوە نیشان دەدەن کە میللیر لە جیاکردنەوەی دیالیکت و بەشە دیالێکتدا شارەزاییەکی تەواوی نەبووە لەبەر ئەو هۆیەیە کە زۆرجار بە دیالێکت دەڵێ بەشە دیالێکت و بە بەشە دیالێکت دەڵێ دیالێکت. هەندێ جار یەک دیالێکتی کوردی بە سەر چەند بەشە دیالێکتدا دابەشدەکا و دوایی هەر ئەو دیالێکتە بە سەر چەند بەشە دیالێکتدا دابەش دەکات . جگە لەوە زۆرجار دیالێکتێک یا بەشە دیالێکتێک کە هەر یەکێکن بە سەر دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاوازدادابەشدەکا و ناوی ناوچەیان لێدەنێ. لەگەڵ ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە یەک دیالێکت دەدوێن جگە لەوە دەبینین لە چۆنێتی دروست بوونی زمانی کوردیدا میللیر بە بەراوەردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ ئەو زمانە ئێرانییانەی کە لە یەک خێزانی زمانن گرنگی نەداوە نە لە بارەی وشەکانی زمانەوە بە گشتی نە لە فۆنێتیک هیچ بەراوەردێکی نەکردووە. بۆ ئاشکراکردنی بیروباوەڕە چەوتەکانی میللیر لە لێکۆلینەوەی زمانی کوردیدا ئەو نموونانەی سەرەوە بەسە پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین

که هەموو ئەو باسانەی سەرەوەی میللیر لە سەرلێکۆڵینەوەی ٢٠٠ وشە و ٢٠ رستەیەکی پچرپچڕ بوو کە لە هەندێ فەرهەنگ و کتێبی رێزمان وەریگرتووە.

بەم چەشنە میللیر دەیویست بە هەموو جۆرێک تێئوریەکەی مار بچەسپێنێ و بێ بەڵگە زمانی کوردی بە زمانێکی تێکەڵاو لە یافیتی وئێرانی دابنێ. لە لێکدانەوەی باسەکانی میللیردا دەرکەوت چۆن ئەو دەیویست نیشانی بدا کە لە زمانە ئێرانییەکاندا پاشماوەی یافیتی هەیە و کە زمانە ئێرانییەکان تێکەڵاون. ئەم نیشاندانەی ئەو لە رێگای تیئوریە دوور لە زانستییە دژی مێژوویەکەی مارەوە بوو. لە ساڵی ١٩٥٣ دا میللیر کتێبێکی نووسی بە ناوی (زمانی تالیشی ) بە داخەوە نووسەر نەک بە پێویستی نەزانیوە لەو کتێبەیدا پێ لە هەڵەکانی پێشووی بنێ بەڵکوو بە پێچەوانەوە دووبارەی کردوونەوە چووە رەگەزی تالیشی بە یافیتی داناوە و دوایی بەرەو ئێرانیی بردووە. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ دا لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە نێوان بەشی ئێرانی_ قەفقازیی ئامۆژگای زمانەوانی و بەشی ئێرانیی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسیدا کرا بۆ لیکۆڵینەوە لە دانانی فەرهەنگیکی کوردی _ رووسیدا (دیالێکتی کرمانجی ژووروو ) ئەو لەبەر رۆشنایی نووسراوەکانی مار و ڤیلچێفسکیدا وتی: نەک هەر پێویست نییە فەرهەنگێکی کرمانجیی ژووروو دابنرێ بەلکوو ئەو کارە ناتوانرێ بە جێ بهێنرێ ئەویش لەبەر ئەوەی کورد دابەشکراون ، خاوەنی یەکجۆر نووسین نین و لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا جیاوازیان هەیە .بەڵام دەبێ ئەوە لە بیرنەکەین کە گرینگی زمان لە چونێتی رێزمان و وشەکانی زمان دایە بە گشتی ئیتر سنوورێکی دەستکرد نابێ بە تەگەرە و نابێ بە هۆی جیاوازییەکی گەورە لە زماندا و لە نووسین و لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا . نەبوونی یەک جۆر نووسین ویەک سەرچاوە بۆ وەرگرتنی وشەی بێگانە لە زمانی کوردی (کرمانجی ژووروو) دا لە سوریا و تورکیە و ئێران و عێراق و یەکیەتی سۆڤیەت ناتوانن ببن بە هۆ و تەگەرە لە رێگای دانانی فەرهەنگی کوردی / رووسیدا . خۆ نووسین و وشەی بێگانە

زمان ناگۆڕن و ڕێزمان و وشەکانی زمان تێکنادەن . وەنەبێ دەوڵەمەندیی زمانی کوردی بە هۆی وشەی بیگانەوە بێت بەلکوو بە هۆی دروست بوونی ناوخۆی خۆیەتی کە سنووری دەستکرد پەیوەندی نییە . میللیر گرینگی نادات بە شتی سەرەکی وەک ڕێزمان و وشەکانی زمان بە گشتی و چۆنێتی ناوخۆی وشەکان بەڵکوو گرینگیی بە هەندێ شتی دوور و لابەلاداوە وەک وشەی بێگانە و تێکەڵاوی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەدا باش ئاشکرایە کە کوردناسان چی پێویستە بکەن و چ ڕێگایەک بگرن کوردناسانی سۆڤیەت دەربارەی زمانەوانی چ لە تێئوری و چ لە پراکتیک دەتوانن گەلێک کاری ئاڵۆز خاو بکەنەوە بەڵام بەر لە هەموو شتێک لە سەر شانمانە ئەو تێئورییە چەوتە دوور لە زانستانە ی دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژوو و ئەنتوگرافیای کورد هەن بە درۆ بخەینەوە و لە ناویان بەرین . دوورکەوتنەوە لە بیروباوەڕی ناراستی مار و لایەنگرانی ڕێگا تەخت دەکابۆ کوردناسانی سۆڤیەت هەتا بتوانن بە ڕێگایەکی سەربەخۆی پێشکەوتوودا بڕۆن و شوێنێکی بەرز لە کاری زمانەوانیی سۆڤیەت و زانستی ڕۆژهەڵاتناسیدا وەربگرن. لە سەر کوردناسانی سۆڤیەت پێویستە گرنگی بدەن بە :

١، لێکۆڵینەوە لە مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردی .

٢، لێکۆڵینەوە لە مێژووی پێشکەوتن و دروستبوونی نەتەوەی کورد .

بۆ بە جێهێنانی ئەو پێویستیانە دەبێ گرنگی بدرێ بەو یاسایانەی لە ناو زمانی کوردیدا هەن دەبێ لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنێتیک و مورفۆلۆژی و وشە بە گشتی وسینتەکسیسدا بێ چونکە یاسای ناوخۆی زمان لەم بەشانەدا کە پێکەوە بەستراون دەردەکەوێ . بەم بۆنەیەوە یەکەم پێویستیی سەرشانی کوردناسانی سۆڤیەت ئەوەیە لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان ، لە وشەکانی زمانی کوردی نووسینی گەلێک کتێبی تێئوری و پراکتیکی زمان .

هەندێ پێویستی ترهەیە کە پێوەندییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەو پێویستییانەی لە سەرەوە باسمان کردن لە لیکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا ئەوەش لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبی کوردی کە مێژووی نزیک هەزارساڵ دەبێت . لە سەدەی ١١ تا ١٨ لە ئەدەبی کوردیدا گەلێک شاعیر و نووسەر هەن کە بەرهەمەکانیان نە تەنها بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆلتوری میللەتی کورد بە نرخن بەڵکوو هەروەها بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردی بایەخ و نرخی تایبەتییان هەیە. بەم بۆنەیەوە پێویستە لە سامانی دەوڵەمەندی فولکلۆری کوردی بکۆڵرێتەوە کە کەرەسەیەکی گرینگە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردی . مەسەلەی لێکۆڵینەوە لە زمانی گفتوگۆ و لە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو زۆر پێکەوە بەستراون ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە رێگا خۆشدەکەن بۆ دروستبوونی زمانی ئەدەبی کوردی هەروەها لە سەرشانی کوردناسانە کە گەلێک لێکۆڵینەوەی گرنگ و پێویست پێشکەش بکەن وەک لیکۆڵینەوە لە رێزمانی کوردی و بەراوەردکردنی هەردوو دیالکتی کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو . بۆ هێنانەدی ئەم پێویستییانە کوردناسانی سۆڤیەت لە رێگای رەخنەوە سوود لە کەرەسەی دەوڵەمەندی کوردناسە بوورجواییەکان وەردەگرن. روونکردنەوەی مێژووی پێشکەوتنی دیالکتەکانی کوردی ، لیکۆڵینەوە لە جیاوازی و وێکچوونیان لە فۆنێتیک و رێزمان و وشە .... پێویستییەکی گرنگی سەرشانی کوردناسانی سۆڤیەتە. بە جێ هێنانی ئەو پێویستیانە شتێکی زۆر گرنگە بۆ گەیشتنە ئەنجام دەربارەی ئەو نائاشکراییەی لە مەسەلەی دیالکتەکانی کوردیدا هەیە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە نەک تەنیا یارمەتی دەدەن بۆ روونکردنەوەی جیاوازی و وێکچوونی دیالکتەکانی کوردی بەلکوو یارمەتی روونکردنەوەی یاسای ناوخۆی چۆنێتی پێشکەوتنی زمانی کوردیش دەدەن بە گشتی هەروەها یاریدەدەرن بۆ گەیشتنە ئەنجام دەربارەی چۆنێتی مێژووی دروستبوونی زمانی نەتەوایەتی کورد . ئاشکرایە کە لە کاتێکدا دەتوانین لە زمان و یاسای پێشکەوتنی تێبگەین گەر لێکۆڵینەوەکە لە رێگای پەیوەندییەکی هەمیشەییەوە بێت لەگەڵ مێژووی کۆمەڵدا لەگەڵ مێژووی

گەلدا کە ئەو کۆمەڵ و گەلە خاوەن و دروستکەر و هەڵگری ئەو زمانەن کە لێی دەکۆڵرێتەوە .

تەوزیحات :

(fonetic) فۆنێتیک : لێکۆڵینەوە لەو دەنگانەی وشەکانی زمانێک دروست دەکەن هەر زمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە لەوانەیە لە زمانی ئێمەدا هێندێک دەنگ هەبێ کە لە زمانی ئینگلیسیدا کەڵکی لێ وەرناگرن و بە پێچەوانەش ئێمە لە هەموو دەنگەکانی زمانی ئینگلیسی کەڵک وەرناگرین.

(morfhology) مۆرفۆلۆژی : وشە ناسی ، مەبەست لێکۆڵینەوە لە ئاڵوگۆڕەکانی هاوزەمان و بە بەرنامەی وشەیە لە شکڵ و ناوەرۆکدا.

(syntax) سینتکس : نەحو ، دەستووری زمان باسی چۆنێتی نووسین و جێ و شوێنی وشە و عیبارەت لە رستەدا دەکا بە شێوەی دروست .

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی  (٩)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

زمان و زمانناسی چیە؟

نووسینی دوکتور (مهری باقری)

بە گوێرەی مێژوو بەشەر لە دێرزمانەوە ژیانی بە کۆمەڵی بووە و یەکێک لە گرینگترین نیازەکانی ئادەمیزاد لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیدا پێوەندی گرتن دەگەڵ هاونەوعی خۆی و لێ تێگەیشتن لەوان و تێگەیاندنی ئەوان بووە . بۆ ئەو مەبەستە لە ئامرازی جۆراوجۆر کەڵکی وەرگرتووە کە زمان گرینگترینی ئەو ئامرازانە بووە کەوابوو زمان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە یانی ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ ئاگاداربوون لە مەنزوور و مەبەستی یەکتر و گرتنی پێوەندی پێکەوە عونسورەکانی ئەو ئامڕازەیان خوڵقاندووە. زمان نەتەنیا گرینگترین کەرەسەی پێوەندیی ئادەمیزادە بەڵکوو پایەی زۆربەی دامەزراوەکۆمەلایەتیەکانی دیکەشە  و بە هۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە هاوهەنگاو دەگەڵ جیاوازی کۆمەڵگاکان ئەویش جیاوازە یانی



هەرچەند ئەو دامەزراوەیە( institution) لە هەموو کۆمەڵگاکانی ئادەمیزاددا هەیە و ئەرک و وەزیفەی وەک یەکە ، شکڵ و زاهیری وەک یەک نیە و شێوەی بە کارهاتنی لە کۆمەلگایەک ڕا بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە فەرقی هەیە یانی شکلێک لە زمان تەنیا دەتوانێ لە نێو ئەفرادی کۆمەڵێکی دیاریکراودا ئەرکی بەرقەرار کردنی پێوەندی وەستۆ بگرێ.

ناسینی زمان و ماهییەتی زمان لەو بابەتانەیە کە پێشینەیەکی زۆر قەدیمی هەیە . لە سەدەی چوارمی پێش میلادەوە زمان سەرنجی حەکیمەکانی وەک ئیفلاتوون و ئەڕستووی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو . لە سەردەمی زێڕینی یونانەوە تا ئێستا هەمیشە لێکۆڵەوەران و بیرمەندانی دنیا خەرێکی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی یاساکانی زمان بوون و لە بواری جۆراوجۆردا وەک دەستووری زمان ، فەلسەفە و مەنتیق ، ئەدەبییات ، ریشەی وشە ، فێقوللوغە و.... خۆیان پێوە ماندوو کردووە و لە ئاکامی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەدا لە سەدەیەک لەوەپێشەوە عیلمی زمانناسی لە نێو عولوومی ئینسانیی دیکەدا جێگای خۆی کردەوە و سنوورەکانی خۆی و ڕەوشی کارکردن و ئەرکی خۆی لە پێناو زماندا روون کردەوە.

زمانناسی بە کەڵک وەرگرتن لە پێوەرەکان و میللاکە عەینیەکان و تەوسیفەکان ڕێگای لێکۆڵینەوەی خۆی روونکردەوە و جیایکردەوە و سەرنجی دا سەر رۆڵی ئەسڵیی زمان و هۆی ئاڵوگۆر لە زماندا و ناساندنی یاساکانی ئەو ئاڵوگۆڕانە هەروەها چونکە یاساکانی کوللی و عوموومین لێکۆڵینەوەکانی زمانناسی عوموومییەتیان هەیە و شامیلی تەواوی زمانەکانی دنیایە. ئەو زانستە بەربڵاوێکی جیهانی بە خۆیەوە دیت و جێگایەکی بەرزی لە نێو عولوومی ئینسانیدا بۆخۆی دەستەبەر کرد. مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەو دانیشە نوێیە بەربڵاوتر بۆوە و گەیشتە لێکۆڵینەوە لە سەر پێوەندی زمان و ئەندێشە ، تەفاوەتی زمان دەگەڵ ئامرازی دیکەی پێوەندی ، رۆڵی زمان لە پاراستنی دابونەریت و گواستنەوەی فەرهەنگ و تەجرەبەی ئادەمیزاد لە

جیلێکەوە بۆ جیلی دیکە ، پێوەندی سەدەمە و خەسارەکانی مێشک دەگەڵ زمان ، تێکچوونی توانای وتن و گوفتار دەرمانی وزۆر بواری دیکە . بەو جۆرە دانیشی زمانناسیی نویَ زۆر بەربڵاو بۆوە و زۆر لکوپۆپی لیَ بۆوە وەک رەوانناسی زمان ، کۆمەڵناسیی زمان ، زمانناسی رایانە (کامپیوتر) ، عەسەبناسی، زمانناسی مەردمناسین و..... هەرکام لەو لقانەی زمانناسی بەرەو گەشەکردن رۆیشتن بە جۆرێک پەرەیان گرت کە زانستی زمانناسی بوو بە زانستەکانی زمانناسی و ئەوەش وایکردووە لێکۆڵینەوە لەو هەموو لق و پۆپانە بۆ یەک کەس زۆر زەحمەتە بەڵام زانینی بنەماکانی زمانناسی بۆ ئەو کەسانەی لە بواری زمانو زمانناسیەوە هەڵسووڕانیان هەیە شتێکی پێویست و ناگوزیرە.

زمانناسی هەروەک لە نێوەکەیەوە دەر دەکەویَ هەڵسەنگاندنی زمان بە شێوەی عیلمیە کە لە دەستپێکدا واقعیات و دیاردەکانی عەینی و هەستپێکراوی زمانیی کۆدەکاتەوە دەستەبەندی و پێڕستی بۆ سازدەکریَ و لە رووی ئەو پێڕستانەوە ئاکام وەردەگیریَ و دوایەش ئەو ئاکام و فەرزیاتەی کەوتۆتە دەست تاقی دەکرێتەوە بۆوەی بزانین دروستە تا وەک نەزەرییەیەک قەبووڵی بکەین یا غەڵەت دەردیَ و دەبیَ رەدی بکەینەوە. . لە زمانناسیدا نەزەرییەیەک وەردەگیریَ کە جامیع ، مانع و ئابووریی بیَ. جامیع ئەوەیە تەواوی حەقیقەتەکانی قابیلی قوبووڵ بیَ ومانع ئەوەیە هیچ تەناقوزی ناورۆکیی تێدا نەبیَ و ئابووریی ئەوەیە سادە و رۆشن یانی موختەسەر و موفید بیَ. ئەگەر نەزەرییەیەک ئەو سیَ دیاردەیەی تێدا نەبوو دەبیَ ئیسلاح بکریَ. لە لێکۆڵینەوەی زمانناسیدا ئەوەی گرینگە هێنانەگۆڕی فەرزیات نییە بەڵکوو هەڵسەنگاندنی فەرزییەکان و تاقیکردنەوەیان دەگەڵ دیاردەکانی زمان و روونکردنەوەیانە. دیسانیش عیلم تەنیا بە تەوسیفی دیاردەکان و ساغکردنەوەی یاسای حاکم بە سەر ئەواندا رازی نابیَ بەڵکوو وەدوای دۆزینەوەی هۆیەکان و تەوزیحی عەوامیلی کارتێکەر و گرینگ لە

کامڵبوونی زمان و ئاڵوگۆڕی دیاردەکانیش دەکەوێ و بەوشێوەیە دەکرێ بڵێین زمانناسی عیلمی تەوسیفی زمانیشە.

لەسەریەک لە زمانناسیدا زمان لە دوو لایەنەوە هەڵدەسەنگێندرێ . لە لایەنێکەوە وەک هێزی نوتق یانی هەمان تایبەتمەندیی کە ئادەمیزاد لە حەیوان جیا دەکاتەوە هەڵدەسەنگێندرێ و یاساکانیی بە سەری دا نەزارەت دەکەن لێکدەدرێتەوە و لە لایەنێکی دیکەوە بە هەڵسەنگاندنی هەموو زمانەکان و بەتایبەت زمانی دایکەوە مەشغووڵ دەبێ . رێژەی ئەو زمانانەی کە ئێستا بە کار دەهێندرێن زۆرە و ئێستا زیاتر لە چوارهەزار بەراورد دەکرێن. ئەڵبەتە ئەوەش بزانین رێژەی بەکارهێنەرانی هێندێک لە زمانەکان لە قامکەکانی دەست زیاتر نییە .

ئەڵبەتە هەروەکوو لە تاریفی زماندا کوتمان کۆمەڵگاکان هیچ کات سابیت نین و تووشی شۆرش و ئاڵوگۆڕ دێن و دامەزراوەکانی خۆیان بە نیسبەتی ئاڵوگۆڕەکان دەگۆڕن لە بەر ئەوە زمانیش کە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە سابیت نامێنێ و ئاڵوگۆڕی بە سەر دادێت و ئەو ئاڵوگۆڕانە بە گوێرەی هێندێک یاسای تایبەتیی زمانە کە ناسینی ئەو یاسانەش ئەرکی زمانناسییە. بە کورتی زمانناسی تێدەکۆشێ وڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە:

زمان چییە ، میکانیزم و شێوەی عەمەڵ و بە کارهاتنی چۆنە ، زمانی ئادەمیزاد چ تەفاوەتێکی دەگەڵ نیزامی پێوەندی گرتنی دیکە هەیە ، چۆن دەبێ بۆ تێگەیشتن لە یاساکانی زمان تەجزیە و تەحلیل بکەین ، زمانی نووسین چۆن دەگەڵ زمانی وتن پێوەندیی هەیە زمان لەبەر چی و بە چ شێوەیەک ئاڵوگۆڕ دەکا ، منداڵ چۆن قسەکردن فێر دەبێ و ....ئەوەشمان لە بیربێ یاساکانی زمانناسی لە رێگای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی جوزئییاتەوە بە دەست دێن و وەک یاساکانی بیرکاریی (ریازیات) موسەلەم و مەختووم نین.

زمان دوو شێوەی مەلفووز و مەکتووبی هەیە نموونەی مەلفووز ئەو دەنگانەن کە لە هەوادا بڵاو دەبنەوە و پایەدار نین و نموونەی مەکتووب ئەوبەشەیە کە سەبت دەکرێ و پایەدار دەمێنێتەوە . بە پێی سوننەتێکی کۆن هەمیشە شێوەی مەکتووب زیاتر پەسند کراوە و قورسایەتی بووە بەرامبەر بە شێوەی مەلفووز . ئەو یاسایانەی هێندیەکان بۆ دروست خوێندنەوەی سروودە مەزهەبییەکانی کتێبی (ودا) دروستیان کرد یان تەکمیل کردنی خەتیی ئەوێستایی کە خوێندنەوەی دروستی کتێبی دینیی زەردەشتیەکانی دەستەبەر کرد نیشانەی بوونی ئەو سوننەتە قەدیمییەیە. لە بیرمان بێ شێوەی مەکتووبی زمان پێش لە ئاڵوگۆڕی بەپەلە و ئازادی زمان دەگرێ و دەستووری زمان دەبێتە هۆی سەقامگیریی زمان و مانعی گوڕانی بە پەلە و توندی قالبەکانی زمان دەبێ . بۆیە دەبینین زمانی فارسیی تازە لە هەزارساڵ لەوەپێشەوە تا ئێستا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی نەبووە. لە سەر یەک ئاڵوگۆڕەکانی زمان زیاتر لە نێو ئەو کەسانەدا روودەدا کە سەوادی خوێندن و نووسینیان نییە و دەگەڵ شێوەی مەکتووبی زمان ئاشنا نین.

لە نووسینی دەستووری زمانو لێکۆڵینەوەی سوننەتیی زمانناسیدا زیاتر بایەخیان بۆ دەقی نووسراوە دادەنا بەڵام لە زمانناسیدا گوتار بە سەر نووسراوەدا مەقبووڵترە و زمانناسان بۆ ئەو مەقبووڵییەتە هێندێک هۆی تایبەتییان باسکردووەبۆ وێنە:

١، ئێستاش لە دنیادا کۆمەلگای واهەن کە خەتیان نییە و تەنیا زمانی مەلفووز بە کار دێنن.

٢ ، لەو کۆمەڵگایانەی کە خەتیش هەیە هەموو کەس ناتوانن بنووسن و بخوێننەوە

٣ ، لە رەوتی فێربوونی زمان دا ئادەمیزاد لە پێشدا بە شێوەیەکی سروشتی وتن فێر دەبێ و دوایە لە مەدرەسە  بە عەمد فێری خەت دەبێ .

٤ ، ئەغڵەبی زانایانی مێژوو  پەیدابوونی زمان دەبەنەوە سەریەک میلیون ساڵ پێش ئێستا لە کاتێکدا کۆنترین خەت تەمەنیکی زیاتر لە دە هەزارساڵ لەوە پێشی بۆ دانانین.

٥ ، لەوانەیە خەتیی کۆمەڵگایەک بە هۆی ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی و فەرهەنگی و .... بگوردرێ بەڵام زمانی وتن بە شێوەیەکی عام برێک لەو بارانەوە مەحفووزترە و لە ئاڵوگۆڕی خەت تەبەعییەت ناکا وەک تورکیە خەتیان گوری بەلام لە سەر زمانی وتن کارکردی نەبو.

لێرە پێویستە هێندیک وشەی تایبەت کە لە زمانناسیدا کەڵکی لێوەردەگیرێ روون بکرێتەوە.

واچ  (phoneme) چییە؟

چونکە ئیمکاناتی ئەندامانی وتاریی ئادەمیزاد سنووردارە و ئەو پەیام و مەفاهیمەی کە ئادەمیزاد لە رێگای زمانەوە دەینێرێ بێ سنوورە بۆیە بەشەر ژمارەیەک یەکەی دەنگیی کە قابیلی تەلەفوزن بە کار دێنێ و بە جێگورکێی یان گۆڕینی ئەو یەکەی دەنگانە و کەم و زیاد کردنی ئەوانە مەفهوومی بێ ئەژمار دروست دەکا بڕوانە ئەو نموونانە لە زمانی ئینگلیسیدا ئاڵوگۆڕی واچ لە وشەیەکدا دەبێتە هۆی دروستبوونی وشەیەکی دیکە :  cat پشیلە bat شەمشەمە کوێرە            تەفاوەتەکە بەینی دوو دەنگی c  ,  b   یە. یەکەی دەنگیی هەر زمانێک واچی ئەو زمانەیە . دەتوانین بڵێین بچووکترین یەکەی وتاریی کە بە زمانی ئینسان دادێ واچی پێدەکوترێ. هەڵبەت دەبێ جیاوازیی  نێوان واچ و حەرفمان لە بەر چاو بێ چونکە واچ نێوی بچووکترین یەکەی وتاریی زمانە لە حالێکدا حەرف بچووکترین یەکەی نووسراوەی زمانە.

وێژەرانی هەر زمانێک لە هەمووئەو دەنگانەی کە ئەندامەکانی وتاریی مرۆڤ بەرهەمیان دێنێ بەشێکیان هەڵدەبژێرێ و بە شێوەیەکی تایبەتی رێکیان دەخا

و تێکەڵیان دەکا و ئەو هەڵبژێردراوانە دەبنە واچی ئەو زمانە و زانستی زماننا‌سی لە ڕێگای تەجزییەی دووبارەی ئەوانە دیسان دەیانناسێتەوە و دووبارە ڕەدەبەندییان دەکا. واچەکان لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازن بەڵام هەڵدەکەوێ واچێک یان چەند واچ لە چەند زماندا هاوبەش بن.

زانستی واچناسی پێیدەکوترێ(phonology) . ئەرکی ئەو زانستە لێکۆڵینەوەلە دەنگەکانی زمان و چۆنییەتی ڕێککەوتنی ئەو دەنگانە لە زمان دایە و ئەو ئاڵوگۆڕانە هەڵدەسەنگێنێ کە لە کاتی وتاردانی مرۆڤ بۆ دروست کردنی وشە لە دەنگەکاندا پێک دێت. فۆنۆلۆژی پردێکە لە نێوان فۆنێتیک و باقی بەشەکانی زمانناسیدا.

زانستی دەنگناسی (phonetics) بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی دروستبوون و تێگەیشتن لە دەنگەکانە و دیاریی دەکا چۆن دەنگەکان جیا لە یەک دروست دەبن و بیسەر چۆنیان وەردەگرێ . ئەو وشەیە یونانییە . phone یانی دەنگ و phonetic لیکۆڵینەوە لەو دەنگانەیە کە وشەکانی زمان دروست دەکەن. هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە ڕەنگە لە زمانی ئێمەدا هێندێک دەنگ هەبن کە لە زمانی ئینگلیسیدا بە کاری نە هێنن و بە پێچەوانەش. فونێتیک سێ لایەنی دیاریکراوی هەیە:

Articulatory phonetics : دەنگناسینی وتاریی یانی هەڵسەنگاندنی چۆنییەتیی حورووفی دەنگدار و بێدەنگ لە نێو زار و گەروودا.

Acoustic phonetics : هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی گواستنەوەی دەنگەکانی وتار.

Auditorg fhonetics : چۆنییەتی تێگەیشتن لە دەنگەکانی وتار.

مێژووی ئاڵوگۆڕەکانی وتاریی پێیدەکوترێ (morphology) کە زانستی چۆنییەتی دروست بوونی وشە و ساختارەکانی وشەیە . باسی چۆنییەتی

هەڵکەوتنی یەکە وردە کان و رێکخستنی ئەو یەکە بچووکانە لە رەوتی دروستبوونی یەکەی گەورەتر و یاسای حاکم بە سەر ئەو رەوتە دایە. ئەو عونسورانەی کە بۆ دروستبوونی وشە لە تەنیشت یەکتر رادەوەستن پێیان دەکوترێ morfeme کە بچووکترین یەکەی مەعناداری زمانن.

زانستی نەحو (syntex) چییە : ئەرکی ئەو زانستە لێکۆڵینەوە لە ساختاری(جوملە) رستە یە و روونی دەکاتەوە بە گوێرەی بنەمای گرامێری ، ساختاری زمانێک چۆنە؟

زانستی مەعناناسیش (semantics) بۆ هەڵسەنگاندنی ماعنای وشەکانە و تەوزیح دەدا چۆن لە مەعناکان تێدەگەین و چۆن لەو تێگەیشتنە بۆ بەرهەمهێنانی رستەی دیکە کەڵک وەردەگرین؟ مەعنا ناسی پێوەندێکی بەربڵاوی لەگەڵ عیلمی مەنتیق لە فەلسەفەدا هەیە.

زانستی (language acquisition) زمانفێربوونی منداڵ : پێمان دەڵێ چۆن منداڵێک زمان فێر دەبێ یا گەورەساڵەکان چۆن زمانی دووهەم فێر دەبن وزانستێکی زۆرگرینگە چونکە پێمان دەڵێ رەوتی فێر بوونی زمان چۆنە کە لە دوو بەشی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ یەکیان universal grammar توانای (فیتری) زمان وەرگرتن و فێر بوون ئەوی دیکەیان environment هەلومەرجی (موحیت) ی ژیان . تێئوری ئەو نەزەرییەیە ئەوەیە کە هەموو زمانەکان لە قالببەندییەکی تایبەتیدا عەمەل دەکەن و تێگەیشتن لەو قالببەندییە تا رادەیەکی زۆر یاریدە بە تێگەیشتن لە ناسینی زمان دەکا.

منداڵ هەر لە ساتی لە دایکبوونەوە دەکەوێتە بەر رەهێڵەی هەموو جۆرە دەنگێک کە لە دەوروبەری خۆیدا دەی بیستێ و پێش ئەوەی بتوانێ دەست بە فێربوونی زمان بکا دەبێ لە پێشدا ئەو دەنگانەی کە بۆوتار بە کار دەهێندرێ لەو دەنگانەی کە ئی وتار نین لێک جیابکاتەوە. دەستپێکی ئەو توانایە زاهیرەن هەر لە ساتی لە دایکبوونەوە دەگەڵ منداڵەکە هەیە

چونکە کۆرپەکان بە دەنگی ئینسان بە شێوەی جیاواز لە دەنگەکانی دیکە خۆ دەردەخەن . لە تەمەنی دوومانگیدا تەنانەت منداڵ دەتوانێ دەنگی دایکی خۆی بناسێتەوە و توانای جیاکردنەوەی هێندێک دەنگ لە وتاردا لەو تەمەنەدا لە منداڵدا پێک دێ بەڵام ئێستا توانای جیاکردنەوەی وشەی مەعناداری نیە و لە سێ یا چوار مانگیدا منداڵ دەست دەکا بە گوڕوگاڵ و هێندێک دەنگ بەرهەم دێنێ کە تاقیکردنەوە نیشانی داوە ئەو دەنگانە ئی منداڵی کە ئی کۆمەلگای جیاوازی زمانین زۆر وێک دەچن و ئەوە مانای وایە ئەو دەنگانە پێوەندیان بەو زمانەوە نیە کە منداڵەکە لە دەوروبەری خۆی دەیبیستێ بەلکوو تواناییەکی سروشتیی خودی منداڵەکەیەو هێندێک منداڵی کەڕیش کە هیچ نابیستن توانای بەرهەم هێنانی هێندێک دەنگیان هەیە و ئەوە دەستپێکی فێربوونی زمانە هەرچەند بەشێک لە زمان نییە . لە شەش مانگیڕا ئەو دەنگە ناروونانەی منداڵ بەرهەمی دێنێ لەو زمانەی دەوروبەری کە دە بێ فێری بێ نزیک دەبێتەوە و لە تەمەنی دوازدە مانگیڕا زمانی منداڵ هەوەڵین وشەکانی  کە دەکرێ لێی حاڵی بی بەرهەم دێنێ و کاتێک کە منداڵ پەنجا وشە فێربوو ئەوجار دێتە قۆناغی بەرهەم هێنانی دەستپێکردن بە تەلەفوزی قاعیدەداری وشەکان هەر چەند کە ئێستا بەیانی منداڵ دەگەڵ بەیانی گەورەساڵ فەرقی زۆری هەیە. لە تەمەنی هەژدە مانگیدا منداڵ خاوەنی پەنجا وشە یا زیاترە و لە مانگەکانی دیکەدا وردە وردە دەتوانێ لە رۆژیکدا دە تا دوازدە وشەی تازە فێربێ و لە تەمەنی شەش ساڵیدا منداڵ دەتوانێ پێنج هەزار وشە بزانێ .

وەرگیراو لە کتێبێ(مقدمات زبانشناسی)  نووسینی دوکتور (مهری باقری)

لە فارسیەوە کراوەتە کوردی

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی  (١٠)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**زمانی کوردی و زاراوەکانی(تاریخ کرد و کردستان)**

نووسینی: سەدیق سەفیزادە

زمانی کوردی یەک لە زمانە هیندوئوروپاییەکانەو پاشماوەی زمانی مادییە مادەکان ئەو کەسانەن کە ئەوەڵین دەوڵەتیان لە ئێراندا دامەزراند. بنیاتنەری ئەو دەوڵەتە دیاکۆ ٦٥٥/٧٠٨ ی پێش میلاد و گەورەترین فەرمانڕەوای ئەو خانەدانە هووەخشەترە ٥٨٥/٦٣٣ ی پێش میلاد بوو . بە بۆچوونی پرۆفسۆر مینورسکی عونسوری مادی لە رسکانی زمانەکانی رۆژاوای ئێراندا دەوری سەرەکی هەبووە. دەبێ قوبووڵی بکەین کوردەکان لە مادی بچووکەوە کە ئاترۆپاتن یا ئازەربایجانی ئێستایە بە ناوچەکانی دەوروبەری خۆیاندا بڵاو بوونەوە و رۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەوەران و دانیشمەندانی زانستی (فقه اللغه) پێیانوایە کە کوردەکانی ئەورۆ لە رەچەڵەکی مادن کە لە هەمان سەرزەمیندا بیروباوەڕ و رێورەسمی دێرینی خۆیان پاراستووە و زمانەکەشیان مەحفووزماوەتەوە.




(ادموندز) رۆژهەڵاتناسی بە ناوبانگ دەڵێ : ئێستا بە تەواوی روون بۆتەوە کە زمانی کوردی یەک لە زمانەکۆنە ئێرانییەکان و لە پاشماوەکانی زمانی مادیە . ئەو زمانە کە لە ئێرانی کەونارادا برەوی هەبووە و کوردەکان پاراستوویانە تەنیا زمانێکی رۆژهەڵاتییە کە بێجگە لە ئەلفاز و عیباراتی دینی لە تێکەڵاوی و نفووزی زمانی عەرەبی پارێزراوە و وشە و ئیستلاحاتی ئاریایی قەدیمی راگرتووە و خاوەنی زاراوەی جۆراوجۆرە.

(دارمستتر) ئێراننا‌سی ناودار دەڵێ : کتێبی ئەوێستا ئی زەمانی مادەکانە و زمانی مادی ئەو زمانەیە کە ئەوێستای پێنووسراوە و دەتوانین زمانی کوردی وەک ئیدامەی هەمان زمان بزانین (نولدکە) ش دەڵێ : بێتوو بەردەنووسێک لە پادشاکانی ماد دەستکەوێ بێگۆمان وەک خەت و زمانی بەردەنووسەکانی فارسی دەبێ چونکە (استرابۆن) دەڵێ : خەڵکی ماد و پارس بە جوانی لە زمانی یەکتر تێدەگەیشتن .

(سێر سیدنی سمیت) دەنووسێ: زمانی کوردی یەک لە زمانەکانی قەدیمی ئێرانە. زمانێکی سەربەخۆ و خاوەنی تایبەتمەندیی و خاڵی سەرنجڕاکیشی دەستوورییە و قەدیمتر لەو زمانەیە کە بەردەنووسی داریوشی پێنووسراوە . ئوستاد( مەلێکولشوعەرای بەهار) لە کتێبی (سبک شناسی) دا دەڵێ : زۆر لە دانیشمەندان پێیان وایە کە گاتەکانی زەڕدەشت بە زمانی مادییە و بەشێکیش پێیانوایە زمانی کوردی کە یەکێک لە شاخەکانی زمانی ئێرانییە بازماندەی زمانی مادە و مادی زمانێک بووە لەگەڵ زمانی دەورەی پاشخۆی کە زمانی پادشاکانی هێخامەنشی بووە تەفاوەتی نەبووە چونکە ئەگەر زمانی خەڵکی ماد کە بەشی هەرەزۆری ئێرانییەکان و گرینگترین شارنشینانی ئارییایی ئەوسەردەم بوون دەگەڵ زمانی فارسی هێخامەنشی تەفاوەتی هەبا کوروش و داریوش و.... لە بەردەنووسەکانی خۆیاندا کە بە سێ زمانی فارسی و ئاشووری و ئیلامیە زمانی مادیشیان لێ زیاد دەکرد بۆیە موسەڵڵەمە کە زمانی مادی و فارسی لێک نزیک بوون . دوکتور بەلەچ شێرکۆش لە کتێبی (مسئلە کردها) دا دەڵێ: زمانی کوردی یەک لە زمانەکانی هیندوئورووپاییە و سەرچاوەی زمانی کوردی زمانی مادیە کە کتێبی ئەوێستاش بەو زمانە نووسراوە. رۆژهەڵاتناسی بە نێوبانگ (سایس) دەڵێ: مادەکان عەشایری کوردن و ئەوێستاش بە زمانی مادی نووسراوە.

زمانی کوردی خاوەنی چەندین زاراوە و بنزاراوەیە ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی لە کتێبی شەرەفنامەدا کە ساڵی ١٠٠٥ ی کۆچی نووسیویە دەڵێ: زمانی

کوردی چوارزاراوەی هەیە. کرمانج، لوڕ ، کەڵهوڕ و گۆران.  بەڵام زمانی کوردی ئێستا بە هۆی ئالووگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەیوەند دەگەڵ زمانەکانی دەوروبەری بۆتە پێنج زاراوە : کرمانجیی سەروو ، کرمانجیی خواروو ، گۆران ، لەک و لور و هەرکام لەو زاراوانەش چەندین بنزاراوەیان هەیە بۆ وێنە کرمانجیی سەروو خاوەنی بنزاراوەکانی بادینانی ، بۆتانی ، ماکۆیی و بایەزیدی و قووچانیە کە خەڵکی ماکۆ و ورمێ و خۆی و سەڵماس و قووچان لە ئێران وخەڵکی زاخۆ و عیمادییە و عەقرە لە عێراق و خەلکی بدلیس و ئەخلات و خەرپووت و سعرد و دیاربەکر و ئەرزرووم و قارس و بایەزید و مووش لە کوردستانی تورکیە و قامیشلی و دەوروبەری جزیرە لە سوریە قسەی پێدەکەن. کرمانجیی خوارووش دابەش دەبێ بە بابانی ، سۆرانی ، مکوریانی و ئەردەڵانی کە کوردەکانی بۆکان و مهابادو سەردەشت و میاندواو وبانە و سەقز و مەریوان و جوانڕۆ و سنە و ساینقەڵا و هەوشار لە ئێران و کوردەکانی ڕەواندز و حەریر و هەولێر و پشدەر و کەرکووک و سلێمانی و پێنجوێن لە عێراق قسەی پێدەکەن. زاراوەی گۆرانیش جۆرەکانی هەورامانی تەخت و ژاوەرۆیی و لهۆنی و زازاییە کە کوردەکانی ژاوەرۆ و هەورامانی تەخت و نوسوود و پاوە لە ئێران و کوردەکانی تەوێڵە و بیارە لە عێراق و و کوردەکانی سیورک و بینگوڵ و ئادیامان و تونجلی و ئەرزەنجان و مووش لە کوردستانی تورکیە و بەشێک لە کوردەکانی کرماشان و سەحنە و کرند و بیوینج و هەوشار قسەی پێدەکەن. ئەو زاراوەیە لە سەرەتای ئیسلامەوە زمانی شیعرو ئەدەبی کوردی بووە و پاشماوەیەکە لە زمانی پەهلەوی و زاراوەی لەکی کە دابەش دەبێ بە کەلهوڕی و ئیلامی و کوهدەشتی و شیروانی و گەڕووسی و کوردەکانی کرماشان و ماهیدەشت و کولیایی و دینەوەر و قەسری شیرین و کرند و سەحنە و گاوارە و نەیریزلە ئێران و کوردەکانی خانقین و بەدرە و کوت لە عێراق قسەی پێدەکەن.زاراوەی لوڕیش کە خاوەنی جۆرەکانی فەیلی و بەختیاری و هەفتگلی و سوسەنگەردیە خەلکی دزفوول و شاری کورد و چوارمحال و پشتکۆ و خوڕەماباد و ئەلیشتەر و ئەلیگودەرز قسەی پێدەکەن .

(سپایزر) دەنووسیٚ: تیرەکانی چوارینەی زاگرۆس یانی کوردەکانی ئاراڕات بە ناوەکانی (گوتی، لولو، کاسی، سوباری) هەرکام زاراوەیەکی تایبەتییان هەبووە کە لە یەکتر نزیک بووە وەک ئ‌ی کوردەکانی ئەورۆ کە هەرچەند لە وشەکاندا جیاوازییان هەیە وەلی لەیەکتر نزیکن.

هەروەک کوترا زمانی کوردی یەک لە زمانە ئێرانییەکانە کە ئەورۆ کوردەکان قسەی پێدەکەن و لە نەزەر زمانناسیەوە زۆر گرینگە و یاریدەی زمانی فارسیش دەداو خاوەنی بەرهەمی نەزم و نەسرو ئەدەبییاتێکی دەوڵەمەندە بە تایبەت شیعری عیشقی و عیرفانی و حەماسیی کوردی پلە و پایەیەکی بایخداری لە نێو ئەدەبییاتی جیهاندا هەیە بۆ وێنە مەنزوومەی مەم و زینی خانی بە زمانەکانی ئینگلیسی و ئاڵمانی و ئەرمەنی و ترکی تەرجومە کراوەتەوە.

پووررداوود لە دیباچەی کتێبی (نامهای پرندگان در لهجه‌های کردی) دا دەنووسیٚ: زمانی کوردی زمانی سرزمینی مادە بۆیە ئەو زمانە زمانێکی ئێرانیە و پەیوەندی ئەو زمانە دەگەڵ زمانەکۆنەکانی ئێرانی وەک ئەوێستایی و فارسی باستان و پەهلەوی روون و یاشکرایە. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەوەران زمانی ماد کە زمانی دایکی و مێژوویی خەڵکی ئازەربایجان و لورستان وکوردستان و ویلایەتە ناوەندیەکانی ئێرانە لکوپۆپی زۆری بووە و لە نووسراوەی زۆربەی مێژوونووسەکانی ئیسلامیدا زمانی خەڵکی ئەو ناوچانەیان بە زمانی پەهلەوی و ئەدبییاتی ئەو زمانەیان بە فەهلەویات نێودێر کردووە . ئاسەواری زمانی خەڵکی رەی کە بە زاراوەی رازی ماوەتەوە نیشاندەدا کە زمانی مادی تا ئەوشارەش برەوی هەبووە




سەرچاوە و مێژووی زمانی کوردی : کتێبی(وزن شعر کردی)

نووسینی عبدالخالق پرهیزی

تا ئێستا نەزەری جیاواز لە سەر ریشەی نژادی کورد و ریشەی زمانی کوردی بڵاو بۆتەوە بێشک زمانی کوردی یەک لە زمانە ئێرانییەکان و شاخەی رۆژاوای ئەو زمانانەیە. و هەموو زمانە ئێرانییەکان لە خانەوادەی زمانە هیندوئوروپاییەکانن . زمانی کوردی کە لەگەڵ زمانی فارسی و باقی زمانە ئێرانییەکان ریشەی هاوبەشیان هەیە هەر لە قەدیمەوە لێک جیابوونەتەوە و رێبازی کامڵ بوونی تایبەتی خۆیان گرتۆتە بەر و لەو رێبازە دوورودرێژەدا لەگەڵ زمانی دیکەدا ئاڵوگۆڕ و بدە وبستانیان کردووە و کارکردیان لەسەر یەکتر هەبووە بەتایبەت لەو دەورانی ئەخیردا زمانی کوردی لە ژێر کارکردی زمانە دراوسێکانی وەک ترکی و عەرەبی و ئەرمەنی و بەتایبەت زمانی فارسیدا بووە بەڵام هوویەتی سەربە خۆی خۆی پاراستووە و ئەورۆ وەک زمانێکی زندوو لە گەشەدایە . دەزانین لە مێژووی زمانە ئێرانییەکاندا سێ قۆناغی دیار دەبیندرێ :

١، برگەی کۆن کە لە زەمانی کۆچی ئارياييەكان بۆ سەرزەمینی ئێران تا ئاخری پادشایی هێخامەنشییەکان ئیدامەی هەبووە.

٢، بڕگەی نێوەراست کە لە دەستپێکی حکومەتی ئەشکانیان تا تا لە ناوچوونی ساسانیان درێژەی هەبووە.

٣، بڕگەی نویێ کە لە سەرەتای ئیسلامەوە دەست پێدەکا و تا ئیستا درێژەی هەیە.

**بڕگەی کۆن:**

دەزانین کە شێوەی کۆنی زمانی فارسی ، فارسی باستانە یانی زمانی سەردەمی هیخامەنشی کە بە خەتی بزماری نووسراوە و لە بەردەنووسەکانی پادشاکانی ئەو رەچەڵەکە ئێرانیەدا بۆمان ماوەتەوە. دەشزانین کە هاوکات لەگەڵ هاتنی فارسەکان بۆ سەرزەمینی ئێران لقێکی بە هێزی دیکەی ئاریاییە گەڕۆکەکان بە نیوی ماد هاتنە نێو ئەو سەرزەمینەوە و لەکوێستانەکانی زاگرۆس (کوردستانی ) ئێستا و ئازەربایجان و قەزوێن و ئیسفەهان نیشتەجێبوون دەڵێن ئەو دەستەیەی بەرەو زاگرۆس رۆیشتن گوتیەکان بوون و دوایە مادەکان پارتەکان بەرەو شیمال و فارسەکان بەرەو جنووب داگەڕان. گووتیەکان و مادەکان بەسەر دانیشتووانی خۆجێی زاگروس دا زاڵبوون و دەگەڵیان تێکەڵبوون و زمان و ئاییی خۆیان بە سەردا سەپاندن. ئێمە ئەگەر پیوەندی کوردەکانی ئێستا دەگەڵمادەکان قوبووڵ نەکەین وەک هێندێک کەس نایسەلمینن رووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە ئەو مادانەی چەندین سەدە لەو سەرزمینە ژیاون و خاوەنی شارستانیەتی ناسراوو بە پێز بوون چیان لێهات و بەرەو کوێ ون بوون و دانیشتوانی ئیستای کوردستان لە کوێوە هاتوون . زمانی مادەکان لە قەدیم دا و لە زەمانی دەسەڵاتیاندا زمانی ئاریایی و لە فارسی کۆن نزیک بووە.

(احسان یارشاطر) دەڵێ : زمانەکانی ئێرانی بە گوێرەی وێکچوونی دەنگەکان و رێزمان و وشەکان بە دوودەستە دابەش دەکرێن دەستەی رۆژهەڵاتی و دەستەی رۆژاوایی. زمانەکانی سەغدی و سەکایی و خارەزمی و ئاسی دەستەی

ڕۆژهەڵاتی و زمانەکانی فارسی کۆن ومادی و بارسی میانە یا  پەهلەوی و فارسی ئێستادەستەی ڕۆژاوایین. ئەو دابەشکردنە ئەورۆش هەروایە بۆ وینە فارسی و کوردی و لوری و بلوجی و زاراوەکانی خواروی دەریای خەزەر و ناوەندو جنوبی ئێران هەموویان دەستەی ڕۆژاوایین بەڵام پشتو و بغتو و زمانە ئیرانیەکانی فەلاتی پامیر و ئاسی هەموویان دەستەی زمانە ئێرانیەکانی ڕۆژهەڵاتین. لێرە چەند پرسیارێک هەیە کە دەبێ وڵامیان هەبێ بۆوێنە چۆنە کە زمانی ئەوێستایی زمانی و ژینگەی ئەو زمانە کە زمانی پێغەمبەرێکی باستانی و زمانی کتێبی پیرۆزی ئەوێستایە کە دەیان سەدە ئەندێشەی ئێرانییەکانی داگرتووە نەماوە و ژینگەکەی ناروونە بەڵام مێژووی زمانەکانی دیکە روون و ئاسکرایە هەروەها چۆن مومکینە زمانی مادی کە زمانی دەوڵەتیکی بە دەسەڵات و شارستانیەتیکی ناسراو بووە تەنیا چەند وشەی لێماوەتەوە و باقی زمانەکە لە ناو چووەهەروەها ئەگەر زمانی ئەوخەڵکەی ئەورۆ لە سەرزمینی ماد دەژین درێژەی زمانی مادی و ئەوێستایی نییە ئەی چییە و مێژوەکەی لە دەورانی کۆن و میانەدا چۆن بووە وریشەکەی دەچێتەوە سەر چ زمانێک ؟

(زیربلال اسماعیل) لە بارەی برگەی نێونجی مێژووی زمانی کوردیەوە دەنووسێ : زمانی پەهلەوی(پارتی) بڕگەی میانیی زمانی کوردی ئێستا و زمانی گاتەکانی ئەوێستایە کە دەکرێ بڵێین کوردیی کۆنە چونکە زمانی پەهلەوی یا ئەشکانی زمانێکی دەستەی زمانەئێرانییەکانی رۆژئاوایە و کوردیش هەروائی ئەو دەستە زمانانەیە و زۆر لێک نزیکن.

مەبەست لەگورووهی زمانە ئێرانییەکان چییە؟

(کتێبی مقدمە فقەاللغە ایرانی نووسینی ای،م،ارانسکی) ترجمە کریم کشاورز.

مانای زمانە ئێرانییەکان چییە؟ بۆ وایان پێدەڵێن؟ ئەو زمان و زاراوانەی کە لە زەمان و مەکاندا لە یەکتری جیابوون و زاهیرەن هیچ شتی هاوبەشیان نییە چۆن لە یەک گرووپی واحیدیدا کۆ دەکرێنەوە؟ بەینی زمانی ئاستی کە کۆمەڵێک لە قەفقاز قسەی پێدەکەن و زمانی دری کە لە ئەفغانستان و پاکستان قسەی پێدەکرێ یا فارسی(تاجیکی) کە لە ئێران و ئاسیای میانە و ئەفغانستان قسەی پێدەکەن یان زمانی کوردی کە لە ئێران و تورکیە و عێراق و قەفقاز و هێندێک شوێنی دیکە قسەی پێدەکەن چ وێکچوونێک هەیە؟ ئەو زمانەی کە سروودە باستانییەکانی ئەوێستای پێهۆندراوەتەوە لە هەزارەی ئەوەڵی پیش میلاد مردووە و ئیدی زمانی پێوەندیگرتنی ئادەمیزاد نەبووە . زمانی پارتی کە لە کەونارادا لە ئاسیای میانە و شیمالی ئێران زمانی باو بووە لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی دوای میلاد هەڵوەشاوە و لە سەدەکانی سێزدە و چاردەی میلادیدا زمانی خارەزمیش کە تا ئەودەم زمانی خەڵکی دەشتەکانی جنووبی چۆمی جەیحوون بوو تووشی هەمان چارەنووس بوو.ئەو زمانە مردووانە کە لە مێژە کەس قسەیان پێناکا چ شتێک لە زمانەکانی ئێستای فارسی و دری و تاجیکی و ئاسی و .... گرێیاندەدا. هێندێک لە زمانە ئێرانییەکان وەک زمانی فارسی لە قەدیمەوە بۆ نووسین بە کاردەهێندران و خاوەنی ئەدەبیاتی نووسراوەی زۆر دەوڵەمەند بوون و بەشێکی دیکەیان وەکوو زمانی (یزغولمی) لە پامیر و ؤمونجانی) لە ئەفغانستان قەت بۆنووسین بە کار نەهێندراون. بەشێک لە زمانە ئێرانییەکان وەکوو فارسی و تاجیکی و ئاسی زمانی نەتەوەیی و دەوڵەتی بوون بەڵام بەشێکی دیکەیان وەک لوری و بەختیاری لە خوارووی غەربی ئێران تەنیا وەسیلەی قسەپێکردن بوون . بنەمای وەحدەتی ئەو زمانانە کە لە سەرزەمینی جیاواز و لە سەردەمی جیاوازدا برەویان هەبووە و یا ئادەمیزادی موختەلیف ئەلسەتح لە باری گەشەی کۆمەڵایەتییەوە قسەیان



پێکردوون چۆن لە کاسەی زمانە ئێرانییەکاندا کۆ کراونەتەوە. وڵامی پرسیارەکە دەبێ لە خودی ئەو زمانانەدا و ساختاری رێزمانی و عەمباری وشەی ئەو زمانانەدا ببینینەوە. ئەگەر عەمباری وشەی زمانە ئێرانییئەکان کە ئێستا لە وڵاتی دوور لە یەک قسەیان پێدەکرێ و یا هەزاران ساڵ پێشتر وجوودیان هەبوو بەیەکەوە بەراورد بکەین وێکچوونێکی سەیر دەبینین یان ئەگەر رێزمانی ئەوزمانانە پێکەوە بەراورد بکرێن بۆوێنە لە سەرفی فیعلەکاندا دیسان ئەو نزیکی و وێکچوونە دەکەوێتە بەرچاو. .هاوشێوەیی قەواعیدی رێزمان و عەمباری وشە و پێوەندی مونەزەمی چەند زمان بە گوێرەی قاعیدە و قانوونی دیاریکراو دەریدەخا کە ریشەی ئەو زمانانە یەک ریشەیە کە لە دەوری زەماندا لک وپۆپی لێبۆتەوە و جەندین زمانی لێ دروست بووە . چونکە لە زمانی فارسی و ئەفغانی و تاجیکی و ئاسی و بلوچی و کوردی و زمانی ئەوێستایی و فارسی باستان و زۆر زمانی مردووزیندووی دیکە ئەو وێکچوونە رێزمانی و وشەییە هەیە خزمایەتییان هەیە و لە یەک ریشەن و بە هۆی ئەو هاوریشە بوونەوەیە خراونە یەک بازنەوە و پێیان دەڵێین گرووهی بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکان . چونکە یاساکانی پێشکەوتنی زمانو خێرایی ئەو پێشکەوتنە لە زمانە ئێرانییەکاندا یەک نییە و زۆر جیاوازە زۆر شتی کە لە ریشەدا بۆ هەموویان یەک بووە لە رەوتی ئاڵووگۆڕەکەدا چونکە یەکسان نییە جیاوازی دروست کردووە.

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (١١)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**کورد و سەربە خۆیی زمان(١) مامۆستا هەژار**




وشەی خۆی بوون یان سەربەستی و سەر بە خۆیی کە هەرسێک بە مانا یەکن لەم دەوروزەمانانەدا تیا دەژین وەک بیزانم پتر لە هەموو واژەیەک بە سەر دەم و زارانەوە دێت و دەچێ زۆر جارانیش بۆ واتا ئاڵ و گۆڕ کردن ، رستەیەک یان وشەیەکی تری وەک پاشکۆ لێ شەتەک دەدەن وەکوو : سەربەستیی نەتەوایەتی ، خۆی بوونی گەل و نیشتمان، سەربەخۆیەتی بیروباوەر ، سەربەخۆبوونی ئابووری یان خۆ بژیوی. وەک دەشزانین هەموو مرۆڤی سەرزمین بە هەموو زار و زمانان چ بە دەستی گەل ، چ بە تاک ئەویندار و بەندەواری مانای ئەو رستە رەنگینەن و بۆی سەوداسەر و هەڵوەدان و خوێنی لە پێناو دەرێژن و لاشی لە رێدا دەنێژن و ئەوانەی لەسەر ئەم بیرە خراونە چاڵ و زیندان و لە گرتووخانانداگیرن هەرگیز لە بیریان دەرناچێ و بە هیوای وەدیهاتنی ئەو نیاز و دۆزە پیرۆزە رۆژ دەسەر شەو دەخەنەوە و شەوی پێ رۆژ دەکەنەوە بەڵام بە ناشکوری نالێم ئێمەی گەلی کوردی کڵۆڵ چەندین چەرخە ئێستاو ئێستاش خۆی بوونە بێ پاشکۆیەکە و سەربەخۆییەکلکدارەنرخدارەکانی ترمان بۆ نەرەخسیوە و وختە بشڵێم خەونیشمان پێوە نەدیوە. لە لایەکی تریشەوە لە سایەی شایی بە خۆیەتی بێ

کاکڵ و ئارەزووی رەگەڵ رەگەڵی هەر بە دەم و شەرم و فەدیی لە عالەم خۆهەڵاواردن ... ئەشێ هیچ نەبێ لاسایەک ، چاولێکەریەک با لاساوچاولێکەریەکەش بێ بەهرە بێ رەچاو کەین و بەوجۆرە سەربەخۆ بوونێک کە وەک دەڵێن نە شیش بسووتێ و نە کەباب خۆمان نیشانی مەردم دەین و نەڵێن کورد دەستە وەستانن و قەدری سەر بەستی نازانن. دەڵێن قسە قسە دێنێ: لە بیرمە رۆژێک لە رۆژان بە زەمانی (عەهدی باید) کە ئەو سا لە شارع نازی دووکانی وێنە گریم بوو سەرو کەڵڵەی مامۆستایەکی موحتەرەم گەورەی کردم لە پاش من خۆش و تۆ خۆشێ گەرم و گوڕ و برایانە مەزبەتەیەکی دەرێنا و فەرمووی : ئەگەر زەحمەت نەبێ بیخوێنەوە و پەنجە مۆرێکی پێوە نێ. نووسرابوو لە بریکاری گەلی کورد بڕیار دراوە مامۆستا فلانی شاعیر بە نازناوی (ئەمیرولشوعەرای کوردان ) خەڵات بکرێ.

بێ لام و خۆم و خۆگرتن لە لای سەرووی چەند ئیمزایەکی دیکە ئیمزایەکی خوانا و درشتم لێکرد و پێم دایەوە ، بە بزەیەکی پڕ بە بەزیێتی و کەزەب کە هێشتا هێندێک فەیلە سوف بە میللەتی حەساو ناکەن  مافی رەوای خواداوێتیمان پێ رەوا نابینن لە ناو ئەو هەموو ملێونە کوردەی لە بەر پێ پڵیشاوەدا لە ناو کولەکەی تەریش دا ناوی ئەمیرێک نابیسرێ ئەوە چۆن بە بیرتان دا هات کە لە ناو وێژەوانانەدا  پێویستە میرێکمان هەبێ ، سوور دەشزانن کە چینی شاعیر و نووسەر لە کوردستان نەخوازەڵا لەم چاخەش دا لە هەموو چین و دەستەیەک حەتتا لە دۆم و دەروێشیش رەجاڵتر و بێ ئەنوا و بی بژیوترن . مامۆستای خۆم نازناوی میر لە ناو گەلێکی یەخسیردا زۆر ئەشتێکی زەق و زۆیە و دەترسم ناقۆڵا دەرچێ دەگەڵ ئەوەش بەو میرە شوکرانە بژێرم چونکە کوردە و لە خۆمانە. خوا نەی برێ و پیرۆزمان بێ. هەر چەند مامۆستای ناوبراو جیا لەوەی بە عەقڵی من پێکەنی درگائێکی نەخستە سەر ... بەڵام دەیتوانی بفەرموێ ئەقڵی میری شاعیرانمان وەک ئاڵای گۆڕخانەکانە ، هەموو کورد لەکوردستان دا ئەوانەی دەجووڵێنەوە و ناوی خۆیان ناوە زیندوو کووتە پەڕۆیەکیان نییە کە دروشمی ناسینیان بێ

کەچی هەموو گۆرستانێک لە کوردستان هەزار ئاڵای سەوز و شین ومۆر و بۆر و بێ رەرنگی پێوەیە ، فەرق چییە؟ ئەو مەبەستەی پرم پێدا و چیرۆکم تێدا وەگێڕا باسی میری شاعیران و ئاڵای سەر گۆرستانەکان دێننەوە بیر کە بۆ یەکدی یان من یان هیچ نەبێ بە بۆرە خزمایەتییەکی بە یەک دەگەن. بەشێکی باش لە خویندەوارە کوردەکان ئەوانەی لە پاش شۆڕشی چاردەی تەموزی پیرۆزرا دەستیان داوەتە قەڵەم و نیازیان وایە خزمەت بە زمان و ئەدەب و دیرۆک و چیرۆکمان بکەن و لە گەرداوی کوردی نەزانینی پێشوو دەرمان بخەن و بۆ پلەی سەربەخۆ بوونێک جا هەرچی بێ بە بارێک دا سەرمان بخەن وەختێ بیریان لێکردەوە کە سەر بە خۆیی رووت و قووت داواکردن مانای زۆر لێ دەدرێتەوە و هەویرێکی ئاو هەڵگرە و لەوانەیە ئەو ئاگرە پڕیشکێکی ریشی خۆیان بگرێتەوە بایانداوە سەر سەربەخۆیی بە کلکە و کاژی ئەوانیشیان دۆزی ، روانیان ئەویش رەوا نابن چون سەربەخۆیی ئابووری یان سەربەستی بیروبڕواش بە بێ خۆی بوونە بفەکە نایە تە جێ ... ئەدی چ بکەین ؟ لە هەمووی باشتر ئەوەیە بۆ سەربەخۆ بوونی زمان تێکۆشن و بە پلارێک چەند چوێلەکەیەک دەپێکن وشە خۆش و شیرینەکەی هەموو دنیای لە دوو وێڵە کوردیش دەیێ ....زانایی و رێبەریی خۆیان بە نامۆ و خۆ نیشان دەدەن و چونکە وشەی سەربەخۆیی بە زمانەوەش بەستراوە هیچ کەسیان لێ درِدۆنگ ناکاو هەر لە سەرداری بە مازوون .

بەڵام ئاخۆ ئەو سەربەخۆیی زمانە وەک ئەوانە دەیانەوێ قازانجمانە ؟ یان زیانە؟ گەلێک لەو تازە نووسەرە تازە پێداکەوتووانەمان لایان وایە هەر وشەیەک کە دە زوانی عەرەب دا بەکار هاتبێ یا دەبێ دەراوێژرێ و وشەیەکی داتاشراوی لە عەرەبی بۆ سەر کوردی وەرگێردراوی لە جێ دانێن بۆ نموونە دووکان کراوە بە کۆگا ، لە باتی نوختە دەڵێن خاڵ ، خەت بۆتە هێڵ ، قەڵەم کراوە بە پێنووس ، بۆ نەگبەتی کاغەزی کاغەزئاساییش بە کوردی حەساو نەکراوە و کردوویانەتە هاوکێش و قافیەی پێنووس و هێندێک ناویان ناوە

تێنووس. لەو جۆرە بابەتە زۆرە و ئەگەر درێژەی پێبدەین دەبێتە درێژدادڕی و لەوتاری وا سەرچڵ دا دوایی نایە و دەبێتە هۆی سەرە گێژەی خوێندەواران ....بەڵام ئەگەر کوردێکی پشوو درێژ و خۆڕاگر تاقەتی هەبێ و یەک دوو جار ئێزگەکەی بەغدای بەشی کوردی سەرلە بەری گوێ لێبگرێ و بە وردی سرنجی بدا ئەو سا دەزانێ چ باسە و کوردیی تازە لە سایەی مامۆستای تازەی کوردی ناسی عەرەبی زان بە چۆن مەرەدێک براوە.ئەگەر ئەو تابشتەش نەبوو بڕواننە وردە کتێبان کە لە پەستاو بێ بڕانەوە دێنە بازار و پڕیانە لەو پەڕۆوپاڵ و خشت و خاڵە ، هەر دانەرەی بە هەوای خۆی وشە و رستی پێداویستی کتێبەکەی بە عەرەبی لە مێشکی دا دارشتووە و ئەوسا هاتووە دەنک دەنک عەرەبییەکەی بە کوردی تەرجەمە کردووە و دەیان رستەی وەک هەواڵی تەندروستی و خولی ئاوەکانی گشتیی دێتە بەرچاو و پەیمانگا لە جێی (معهد) و ناوی جامیعەی عەرەبی بۆتە مزگەفتی عەرەبان و هێندە شتی سەیروسەمەرە دەردەچن کە پیاو مووی لێ گرژدەبن و لە تاوی زمانەکەمان کە لە سایەی لە سەر وەجواب نە هاتنی خاوەنکاران خەریکی ئاویلکەدانە ناچارین هەر ئاخ هەڵکێشین و بۆ چرووکمان لە هەناوان بێ من گەرەکمە دەگەڵ ئەو جۆرە کوردانەی کە بە نیازی بژاری زمانی کوردی لە عارەبی چڵ و پنجە بە کەڵکەکانیش دەشێلن و دەری داوێن و لە جیاتی خاوێن کردنەوە سەرو گوێلاکی دەشکێنن تۆزێک بدوێم.

لە سەرانسەری دونیادا هیچ زمانێکی سەربەخۆ بەو مانایە کە هیچ وشەی هەندەرانی تێدا نەبێ دەس ناکەوێ(٢) هیچ گەلێکیش بە تیکەڵاوی چەند وشەی بێگانە لە زمانەکەیدا تووشی هیچ زیانێک نابێ و تووشیش نەبووە. با لە زمانزانان بپرسین : داخوا زوانی گەلانی خودا پێداوی خاوەن تەخت و بەخت چۆنە ؟ پێمان دەڵێن ئیتالیایی و ئەسپانی و ئەلمانی و ئینگلیزی و فەڕانسی و گەلێک لە زمانی ئورووپایی تر چونکە بنچینە لاتینین بە سەتان وشە و رستەیان وەک یەک دەچن و هیچکامیش بە تەنگەوە نین کە ئەو وشە هاوبەشیانە وەسەر یەکتر بکەنەوە . دەڵێن رووسی کە زمانێکی سلاویە

جگە لەوەی کە زۆروشەی وەک بوڵغاری و چێکی دەچێ بە سەتان وشەی ئینگلیسی و فەڕانسیشی تێخزاوە و هەرگیز رووسی دوای شۆڕشی ئوکتوبریش نەیان گوتووە ئەو وشانە کاپیتالی و بورجوازی و کۆنە پەرست و فاشیستن بێ دەستکاری هێشتوویانن و جیا لە قازانج زیانێکیان لێ نەدیون یا دوور نەڕۆین هەر لەم ناوە و لەم رۆژهەڵاتە نزیکە و لە نزیک خۆمان بڕوانین ....تورک، فارس، ئەفغان و هیند و پاکستان و بەنگلادیشیشیان دەگەڵ بێ بە سەتان نا بە هەزاران وشەی عەرەبیی رەسەنیان خوازتۆتەوە دەیان نووسن و دەیان خوێنن و دەناو فەرهەنگی خۆیاندا ریزیان دەکەن و بە هی خۆیانی دەزانن و دەزانین هیچ زیانێکیش بە عەمروماڵیان نەگەیوە و لە سۆنگەی وشەی بێگانە بە کارهێنان کەس ئازادی و نانی شەوی لێ نەبڕاوە و بە دەردی کورد گوتەنی زەرەدی لە پەز نەداوە . پسپۆرانی زمانی فارسی لە ئێران لایان وایە سەعدی و حافزی شیرازی چاکەی زۆریان بە سەر ئیرانەوە هەیە چونکە زۆر وشەی عەرەبیان هێناوەتە ناو شێعری فارسی خۆیان و وایان دەگەڵ فارسەکەدا پێلوز کردوون کە تازە هەڵناوێرێن و بەو کارەیان زمانە فارسیەکەی خۆیان دەوڵەمەند و بە پێز کردووە و ئەو گشت وشە عەربیانەی کە خوازراون و راگوێزراون خزمەتی فارسی دەکەن و خزمەتکاری بێ مووچە و مز خێری خوایە. بژار و خاوێن کردنەوەی زمان ئەگەر لە باری بزانین و بە لەباریی خەریکی بین کارێکی بێ بەهرە نییە بەڵام بژاری بەهرەدار زانا و پسپۆری گەرەکە و هەرکەس دەستی قەڵەمی گرت و کوێرە سیوادێکی هەبوو مل وە بەر ملی وێژەبێژ دروست نییە و لە جیاتی کل دەچاوکێشان کوێری دەکا. بەر لە هەر شت پێویستە ئەوەی بزانین ئەو وشانەی بۆرە پیاگ و نەخوێندەواری گەلەکەت دەیانزانن و لەبەریانە و کە بۆیان دەڵێی تێیدەگەن با رەسەنیان عارەبی نەبێ ترکی بێ با فارسی نەبن ئەوە تازە بوونە کوردی ، حەڵاڵی خۆمانن و خزمەتکاری زمانمانن و ئەرکیشیان لە سەرمان نییە کورد گوتوویە نۆکەری بی خەڵات و بەرات تانجی سەری ئاغایەتی. بۆ نموونە ئەو وشانەی وەکوو: دووکان و قەڵەم و خەت و خاڵ و ئیش و کشمیش و سەدەقە و خێر و صندوق و نەغد و وەفا و دۆڵمە و یاپراغ وشێخ

و زەکات و تەزبێح و خودبە و مێزەرو شەربەت و قەساب و بەقاڵ و چەرچی و هەرچی وەک ئەوانە دەچن و هەموو کوردێک دەزانێ چن ئەگەر باپیرەی هەزارساڵ لەمەوبەریشیان نامۆ بێ هیچ قەی ناکا...ئەو وشانەش وەکوو ئەولاد رەسووڵەکان زۆر لە مێژە بوونە کورد و هۆگریان بووین و ناسراون و شانازیشیان پێوە دەکەین. ئەو جۆرە وشانە ناشێ بە هیچ ئاوا لە شوێن خۆیان بیان بزێوین بەڵام هێندێک وشەی واهەن کە مەلا و کاڵی ساویلکە و کۆلکە میرزای بافیش کەر و هێندێک ئەفەندیی دەر دیتووی خۆ لە کوردان نەبان کردوو هەر بە هەوا و بۆ ئەوەی خەڵک وابزانن ئەو پیاوێکی دیکە و لە کوردی رەمەکیی خزمی جوێ بۆتەوە خستوویاننە ناو کوردییەکە و نەک هەر چینی نەخوێندەوار، خویندەواریش بە بێ قامووس تێیان ناگا دیارە دەبێ ئەوانە وەدەربخرێن و وشەی کوردیی رەسەن و لە سەر زمان سووک لە شوێنی ئەوان دابندرێن بەڵام دیسان ئەو وەدەرنان و دانانەش کاری هەموو رەشکە و پێشکە نووسێک نییە هەرگیز تاک و تەڕای زاناش بە بێ یاریدەی هاوکاران ئەو ئەرکەی پێ هەڵناسوورێ گەرەکە کۆڕی زانیاری یان کۆمەڵێک لە زمانزانانی بژاردە کە دەست بەو بژارەدەکەن بەر لە هەر کار هەموو وشەی هەموو زاراوەکانی جۆێ بە جوێی کوردستانیان بە فەرهەنگ لەبەر دەست دابێ و کە بیانەوێ وشەیەکی زەق و نەگونجاوی رەزاگرانی بێگانە وەدەر نێن و بە وشەیەکی کوردیی خۆماڵی جێی پڕ وەکەن ئەشێ ئەو وشەی لە مانای ئاوەکیەوە نزیکە و بە جوانتر دێتە بەرچاو و رەوانتر دێتە سەرزمان هەڵی بژێرن و لە شەڕە گەڕەک و من من و ئێمە وای ناڵێن وای دەڵێین و هەر چونکە من نەمبیستووە کوردی نییە خۆ ببوێرن و دڵسۆزانە و زانایانە وەری بگرن و ئەو کەلەبەرەی پێ بگرن کە جێی دەرکراوەکەیە تا ئەورۆژەش کە ئەو ئاواتە دێتە دی و تا دەتوانین بژارێکی زۆر لەبار و تەیار بکەین و کردە پەشیمان دەر نەیەین با ئێمەش وەک گەلانی دی چەند وشەی بێگانە بە کار بێنین و ئەگەر یەکێک هاتوو پرسی بۆ فلان وشەی عەرەبی لە ناو کوردیەکەتان دایە دەڵێین ئێمە خۆ لە عەرەبان زیاتر نین ئەو عەرەبەی کە خاوەنی ئەو زمانە بەربەرین و هەراوەیە کە هەموو کەسێک لای وایە هیچ ئاتاجی بە زمانی

بێگانە نییە هەزاران وشەی بێگانەی خواستۆتەوە و دەناو عەرەبیی ئاخنیوە و رەنگ و روخساری گۆڕیوە وکارێکی بەسەر هێناوە کە ئێستا خاوەنی پێشووی ئەو وشانە تووشیشیان بێ نایان ناسێ ئەگەر زانایانی عەرەب خۆیان راستیی ئەو ئاوەکیانەیان نەگوتبا و بە ئێمەیان نەفەرمووبا ئەو وشانە لاوەکین و هاتوونە ناو عەرەبییەوە نەک یەکێ وەک منی هەژار بگرە پیاوی دانا و زاناش بیری بە لادا نەدەچوون و لای وانەبوو عەرەبی نین و غەوارەن و عەرەب لە زمانەکەی خۆیدا پەنای داون و دەرنەکراون. بۆ شایەتی ئەم راستییە زۆر کتێب هەن کە زمانەوانانی عەرەب یان عەرەبی زانی دیکە لەو بارەوە دایان ناون. بەڵام من هەر سێ کتێبم بۆ روانیون و بۆ نموونەی لوێچ لە تەغار چەندسەت وشێکم راگوێزتوون .

مامۆستا( ئەدی شێر ) کە جاروبار ناوی کوردیشی هێناوە هەر وشەیەکی رەگەزی بچێتەوە سەر زمانە ئێرانییەکان ناویان ناون فارسی نژاد بەڵام من گومانم نییە هەر کوردێکی زیت و وریا چاوێکیان پێدابگێڕێ لە ناویاندا کۆنە وشەی کەلەپووری کەونارای خۆی لە زۆرشوێناندا دێتە بەرچاوکە ئەوانیش وەک ئێمە و باپیرەکانمان لە خزمەت بە برای عەرەبیان بێ دریغ بوون و لە ناو زمانی ئیسلام دا شوێنی خۆیان کردۆتەوە . بەشەکەی هەرە زۆریشم لەو وشانەی کە لە لاوە هاتوونە ناو عەرەبییەوە بۆ ئەو کەسانە هێشتەوە کە حەز دەکەن هەر راستەوخۆ کتێبەکان بخوێننەوە. ئەو سێ کتێبەش کە دەڵێم راستەوخۆ وەک سەرچاوە بۆم روانیون و بەشی خۆم لێ هەڵێنجاون ئەم سێ یانەن.

١، المعرب من الكلام الاعجمی علی حروف المعجم: نووسینی ابی المنصور الجوالقی.

٢، الالفاظ الفارسیه المعریه: نووسینی السید ادی شیر الكلدانی.

٣، المنجد فی اللغه

تەوزیحات:

١، کورد و سەربەخۆیی زمان ، ئەندامی کارا : هەژار گوفاری کۆڕی زانیاریی کورد ژمارەی ٢ ، ١٩٧٤، ز، ل ٢٨٠/ ٣٢٣.

٢، لە وڵاتانی پێشکەوتوو فەرهەنگی تایبەت بۆ وشەی هەندەرانی ناو زمانەکەیان دادەنێن.(هەژار)

وەرگیراو لە کتێبی (هەژار لە لووتکەدا) گردوکۆی فەرەیدون حەکیم زادە

## زنجیره وتار: زمان و زمانی کوردی (١٢)

### ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

### هێندێک بیروڕا دەربارەی بناغەی مێژوویی زمانی کوردی و پەیوەندی بە زمانە کۆنەکانی جیهانەوە




یەکێک لەو گیروگرفتانەی زمانی کوردی بێگومان مێژووی گشتییەتی هەروەها ئەو پلە هەمەجۆرانەی کە پیادا تێپەڕ بووە و چەند پەیوەندیەکی زمانەوانی لەگەڵ زمانانی مردووی کۆن یا زیندوودا کە هەبووە ئایا تا چ رادەیەک کاریان لێکردووە هەروەها کەی سەری هەڵداوەتەوە و لە کوێ؟

تا ئەم دواییانە هەروا زانرابوو کە کۆنترین بەڵگە ئەگەر هەبێت دەربارەی زمانی کوردی هەر تەنیا چوار خشتەکییەکانی باباتاهیری هەمەدانین کە لە سەدەی دەی زایینیدا ژیاوە ئەمجا دوابەدوای ئەم تەنها بە شێوەی کرمانجی ژووروو هەندێ پارچە هۆنراوەمان بۆ ماوەتەوە کە دەتوانرێت بکرێن بە بناغەیەک بۆ لێکۆڵنەوەی

زمانی کوردی بەڵام شتێکی بە گومانە کە زۆربەی ئەو شێوە کوردیانە لەگەڵ کوردی ئەمڕۆدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و هەموو کوردێک ئەورۆ دەتوانی تێیان بگات کەچی لە کاتێکدا ئەگەر سەیری ئەو فەرمانانەی حکومەتی شێخ مەحموودی نەمر بکەین کە دەگەڕێتەوە تەنها پێش نیو سەدەیەک زمانەکەی دەگەڵ کوردیی ئەمڕۆی هەمان ناوچەدا جیاوازییەکی دیاریان هەیە دەتوانین بڵێین شێوەی نووسینی فەرمانەکانی سەردەمی شێخ مەحموود ئاوێنەی هۆشێک و بیرێکی جیهانی عوسمانی بوو و ئەو هۆش و بیرە زۆر گۆڕاوە جا بەم جۆرە دەبێت ئاگادارییەکی تەواومان هەبێت لەو گۆڕینە گشتییە کە دێتە بەر هەر زمانێک لە ژیانیدا تا دەیبووژێنێتەوە یان دەیمرینێت بەڵام لە راستیدا ئەم کارەساتە مێژووییە ئەوە روون دەکاتەوە کە زمان لە هەر سەردەمێکدا بێت ئاوێنەی هۆشی کۆمەڵێکە لە سەردەمێکی تایبەتیدا و ئەو هۆشە بۆی هەیە بگۆڕێت بە پێی گۆڕینی سەردەم . لەوانەیە ئەم جۆرە قسەیە پرسیارێک بخاتە بەردەممان ئەویش ئەوەیە ئەو گۆڕینە بۆچی لە عەرەبیدا رووی نەداوە ؟ یان کوردیش هەروەکوو عەرەبی وەکوو خۆی مابووبێتەوە. وڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە ئەویش ئەوەیە کە وا شێوەی زمانی (قریش) ی عەرەبی بووبووە زمانی پیرۆز و موقەدەسی هەموو مسوڵمانان لە جیهاندا بیجگە لەوەی کە هەتاکوو ئێستا زمانی نووسین و بەرێوە بەرایەتی دەوڵەتە عەرەبییەکانە. لەگەل ئەوراستییەشدا ئەو زمانە بە وشەی بێگانەی هەمەجۆر زمان موتوربە کراوە لە نێوان پازدەسەدەدا لەم بابەتە دەبێ راستیەک بخرێتە بەرچاو ئەویش ئەوەیە کە ئەم زمانەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت زمانی کوردی و لە ناو زۆربەی کورد بە کرمانجی ناودارە کەی بە کوردی ناسراوە. و ئایا پێش بڵاوبوونەوەی ناوی نەتەوایەتی کورد لە سەرووی میزوپوتامیادا بە واتا تایبەتیەکەی بە زمانی ئەو دانیشتووانەی وڵاتی کوردەواری چ گوتراوە. بێگومان هەر زمانێک یا چەند زمانێک کە لەو ناوچەدا سەری هەڵدابێتەوە و پاشان موتوربە کرابێت بە زمانێکی ترەوە یان بە پێچەوانە ئەمیان بە ویتریان موتوربە کرابێت هەریەکە لەو زمانانە لە سەردەمێکی تایبەتیدا بە ناوێکی تایبەتی ناسراوە جا لەبەر ئەمە بە وێنە ناشێ

به زمانی مێدیەکان بە هەموو شێوەکانیەوە تەنانەت شێوەی ئاوێستاش بگوترێت زمانی کوردی یا کوردی کۆن چونکە وشەی کورد لەو سەردەمەدا هێشتا ئەگەر هەبووبێت واتایەکی گشتی بەخشیوە کە لە سەردەمی زایینیدا زۆر بە ئاشکرا بە دیار دەکەوێ. لە بەر هەمان هۆ ناشێت بە زمانی میتانی یاماننا، گوتی ...هتد بگوترێت زمانی کوردیی کۆن هەرچەندەش لە راستیدا ئەمانەن دانیشتوانی کۆنی وڵاتی کوردەواری بەڵام دەشێت بگوترێت کە وا زمانی کوردیی ئەمڕۆ پەیوەندێکی رێزمانی یان بە هاوبەشی چەند کۆمەڵە وشەکانییەوە پەیوەستە بەم زمانە کۆنانەوە بەڵام لە پلەیەکی مێژوویی تایبەتیدا بووەتە زمانێکی سەربەخۆ و پاشان بە کورمانجی ناسراوە و لە لایەن خەڵکی غەیری کوردەوە بە کوردی ناسراوە. بێجگە لەو دیاردە ناوچەییەی وڵاتی کوردەواری زمانی کوردی لە سەرەتای پەیدابوونیا باری کەڵچەر و سیاسی و ئایینی وڵاتانی دەوروبەری خۆی کارێکی گرینگیان لێکردووە بە تایبەت هی سۆمریان و ئەکەدیان پاشان درەنگتر کاریگەریەتی هێلێنیزم لە سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە لە نێوان ئەو دوو سەردەمەدا زمانێکی سەربە خێزانی میتانی رەگی خۆی کوتابۆوە کە دەشێت بگوترێت زمانی ئەم دانیشتوانی وڵاتی کوردەواری بەوەوە زۆر پەیوەستە بەڵام پاش هەزارساڵێک لە ناو زمانی پیرۆزی کۆچەرانی مێدییەکاندا کە بە ماگی یان ئاوێستا ناسراوە بتوێتەوەو ببێتە بناغەی زمانی کوردی هۆی ئەو تێکەڵاوبوونەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی هەردووکیان سەر بە یەک جیهانێکی زمانین. لەم لێکۆڵینەوەی داهاتوودا بە درێژی لەو خاڵانەی سەرەوە دەدوێم کە پێویستی بە روونکردنەوەیان هەیە و سەردەمی باسەکەش بۆ پێش سەدەی دە دەگەڕێتەوە کە کۆنترین بەڵگەی زمانی کوردی لەو سەدەیەدا ناسراوە هەر وەکوو لە سەرەتای ئەو باسەدا کوترا . ئایا دەتوانرێ تیشکێکی ئەو سەردەمە ببێتە هۆی روونکردنەوەی مێژووی زمانی کوردی کۆن یا دەبێ پەنا بەرینە بەر زمانانی تر بۆ روونکردنەوەی ئەو مەبەستە؟ لەم بوارەدا مێژوو جیاناکرێت لە زمان بەلکوو زانستە یاریدەدەرەکانی مێژووش دەبنە هۆی دۆزینەوەی پلەی سەرەتایی هەر زمانێک بە تایبەتی زمانی کوردی. گومان

لەوەدانیە گەر بگوترێت زمان وەکوو راستییەک ئەو ئامرازە پێوەندییەیە کە توانای دانانی سنووری بۆ خواست و ئارەزووەکانی مرۆڤ و گواستنەوەی بیرورای بۆ خەلکی دی هەیە هەروەها بە گۆڕینی جیهانی بیر بە جیهانی گفت وگۆ کردن لەگەڵ کۆمەڵدا بۆ ئەوەی ئەو پاشماوە رۆشنبیرییە دەربڕێ کە لە داهێنانی تاکە کەسێک دانییە بەڵکوو رەنگدانەوەی ئەو رۆشنبیرییە گشتییەیە کە کۆمەڵێکی دیاریکراو دەگرێتەوە و بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆر لە تەمەنی کەلچەریدا تیپەڕیوە . ئەو بابەتانەی کە زمان لێیان پێک دێت هەر هەمان ئەو بابەتانەن کە هەموو کەڵچەرێک لێی پێکهاتووە. کەلەپووری وێژەیی بۆی هەیە ببێتە کلیلی لێکۆڵینەوە بۆ پێک هاتنی بیری مرۆڤ و ئەو قۆناغانەی کە هەستی تاکە ئادەمیزادێک پێیدا تێپەڕیوە بۆ دەربڕینی بیرورای بەرامبەر بە گیتی. دەرک کردنمان بە شتێک بەوەوە نابێت کە هەر بە ناوەکەیەوە بە پێی سەروسیمای لە جیهانی بیر دا بەند بێت. بەڵکوو ئەو ناوانانە کە بۆتە بناغەی رستە وبە کۆمەڵێک شت و رووداو و هەست دەبەسترێتەوە لە هەمان کاتدا ئەو بیروباوەڕە مرۆڤایەتییە دەردەبڕێت کە بۆ قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی بیر دەگەڕێتەوە ئەو ناوانانە بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆر لە ماوەی هەزاران سالانی رابردوودا تێ پەڕیوە جا ئەمڕۆ بەو شێوەی ئێستای خۆ دەنوێنێت. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە ئەم شێوەیەشی هەر لە گۆڕان دا دەبێت مادام ژیانی مرۆڤ لە پەرەسەندندا بەردەوامە.

دۆکتور یوسف حۆرانی دەڵێت: مەزنترین دەستکەوتی کەڵچەری کە گەلانی کۆن بەدیان هێناوە رێکخستنی بەکار هێنانی زمان بووە لە گفتوگۆ و نووسیندا بۆ دیار خستنی شت و توانایی هەستی جۆراوجۆر . هەروا گوتوویەتی ئەم رێکخستنە لێپرساوێکی مرۆڤانەی مەزن بوو کە چەندین گەلانی کۆن هاوبەشیان تێدا کردووە کە هەر گەلێک لەم گەلانە ئەوەی پێشکێش کردووە کە لەگەڵ بوون و خواستی تایبەتی خۆی رێک کەوتووە. گێتی هۆش و بیر لە لای مرۆڤی کۆندا بە گێتی ئیدەئالیستی و یا نیشانەیی

نەژمێردراوە هەر وەکوو ئەورۆ لە لای ئێمە باوە بەڵکوو بە درێژ بوونەوەی گێتی دەرەوە داندراوە هەر وەکوو لە خەون دابین. ئادەمیزادی کۆن بناغەیەکی بیری رێک و پێکی نەبووە کە چاوەدێریی هوشیارانەی هەبووبێ بۆ جیاوازی کردن لە نێوان تاقیکردنەوەی واقعی و بۆ هاتنی بیردا هەروا باوەڕێکی تەواویان بەوەدا هەبووە کەوا خەون دەیخاتە نێو پێوەندییەکی راستەوخۆوە لەگەڵ هێزانی نەدیو. ئەو شتەی کە لە خەون دادەیبینێ راستیە و رووداوەکانیشی لە راستیدا روودەدا و ناونانی شتیشیان بە پروسەی خولقاندن داناوە ئەمە لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵ مرۆفدا روویداوە . وڵاتی میزوپۆتامیا و لای بەرزاییەکانی رۆژهەڵاتی و باکووری کە لە رووی کەلچەرەوە پێوەی کاریگەرن، لەم دیاردەیەدا بە پێش هەموان کەوتووە. بۆوێنە بە هۆی واژەی سومەری و ئەکەدیانەوە ئەوەیان بۆ دەردەکەوێ کە وا ئەوان لەو کاتەدا بوونی بیروهۆشیان دووپات و تەئکید دەکردەوە و ئەمەش بەرهەمی تاقیکردنەوەی مرۆفایەتیە دەگەڵ خودی شت. بۆیە سومەریەکان وشەی (نەم) یان بۆ ناساندنی ئەم تایبەتییە کاریگەرە بە کار هێناوە لەو شتانەدا، کە زانیویانە و ناسیویانە ئەم تایبەتییانە واتای رووداو و توانای شت و بابەت دەگەیەنن . ئەکەدیەکان ئەو وشەیان وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی خۆیان و بۆتە (شەمتو) کە واتای تایبەتی و ئەو خوو و رەوشتە دەگەیەنێ کە تێیدا هەیە . ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا هەروا بە زیندوویی ماوەتەوە (شیمە) واتای کرۆک (جوهر) و خوو و رەوشتی مرۆف دەگەیەنێ و لە بەکار هاتنی دا وەکوو کارێک واتای بە دیارخستنی نهێنی ، تایبەتێتی و هەموو شتێکی کە پەیوەندی پێوە هەیە دەگەیەنێت و رستەی (کل ماینم عنه) بەڵگەیە بۆ ئەم مەبەستە. ئەگەر ویستمان زێتر لەو رێگەیە نزیک بینەوە کە مرۆفی کۆن رووداوانی گێتی دەوروبەری خۆی پێ ناسیوە دەبێ پاڵپشتمان ئەو هەستە سەرسووڕهێنەرە بێ کە رامان دەچڵەکێنێ کاتێ لە پڕ رووبەرووی کارێکی نامۆ دەبین کە پێشتر هیچ شتێکمان لە هۆی روودانی نەزانیوە . هەستی ئادەمیزاد لەو کاتەدا هێز پێوەندیەکانی رووداوانی کۆن و

تایبەتێتی شتەکانی دەوروبەری خۆی لە مێشکیدا ڕێک نەخستبوو بەڵام بە هۆی زمانەوە سنووری بۆ دانابوو.

وشەی شەمتۆ ئەو تایبە تێتیە ناگەیەنێ کە لە شتدا هەیە بەڵکوو ئەو بۆچوونە بە هێزە نەدیتراوە دەگرێتەوە کە بە سەر جۆری شتدا دەسەڵاتدارە و بە ئارەزووی خۆی رەفتاری لەگەڵدەکات. بەم جۆرە دەبینین هەر خوایەو شەمتۆی تایبەتی خۆی هەیە هەروەکوو چۆن وشەی شیمە لە عەرەبیدا رەفتاری کەسێکی دیاریکراو دەگەیەنێت کە خوورەوشتی دەزانین لێرەوە ناوی خوا لە لایەن گەلانەوە سیفەتێک بوو لە ئەرکێک نەک بە ناوێکی تایبەتی کە بە کەسێکی دیکە دیار کراوە هەر وەکوو ناوی هێندێک زانا بە سەر هێندێک یاسادا دەدرێت وەکوو یاسای مەندەل و یاسای مەندەلیف ویا ئایینەکان کە بە ناوی پێغەمبەران بڵاو بوونەتەوە وەکوو دینی مەسیح ، بوذی و زەردەشتی بۆیە کۆمەڵانی سەردەمی کۆنیش یاسایان بە ناوی ئەو خوایانەوە ناوە کە هەوڵیانداوە دیاری بکەن . (ئیبا) ی خودای سۆمەری هەر ئەو خوایەیە کە مووگی بابلی (پیروسوس) بە ناوی ئاوانس ناوی بردووە لە شێوەی گیانلەبەر پێشانی داوە و تەنێ وەکوو ماسی بووە و وای داوەتە قەڵەم کە ئەمە گیاندارێکی داستانییە (خەرافیە) و لە زەریاوە دەرچووە بۆ ئەوەی خەڵکی فێری نووسین و پیشەسازی و کشت و کاڵ و ڕێکخستنی شار و کاری دی کەڵچەری بکات ناوی ئەو خوایە لە کتێبی پیرۆز(الملوک الاول. الملوک الثانی) دا لە شێوەی عیون داهاتووە ناوی ئەو خوایە چۆتە نێو زمانانی کەنعانی و ئارامی و عەرەبییەوە وەکوو (صبعون، جدعون، شمعون) هەر وەکوو ئەو ناوانەی کۆتاییان بە (ایل، اللاە) هاتووە وەکوو اسماعیل، صموئیل، جبرائیل و هی دی. بەڵام وشەی سەرچاوەی کوردی وەرگێڕانێکی ناڕاستی یەکسەری (العیونی) عەرەبییە کە واتای چاوی مرۆڤ ناگەیەنێ بەڵکوو کانیاوە کە لە ناوی خوای (عون) خوای سەرچاوە و کانیاو و ئاوەوەپەرەی سەندووە و هەتا وشەی چاووگ لە کوردیدا هەر بە هەمان جۆر پەیدا بووە بێگومان هێندێک لەو ناو و وشانەی کە واتای (گوزارەیی)

نا(ماتریالی) دەبەخشن هەرلەو شت و دەنگەوە پێک هاتوون کە هێمای شتێکی ماتریالیە. و هەروەها کرۆکی ئەو شتەشی چۆتە سەری جا وشەیەک یا نیشانەیەکی دیارخەری بۆ داندراوە بۆیە دەتوانین وشەی (لۆ) لە زمانی سۆمەریدا کە واتای مرۆف ، ئادەمیزاد دەگەیەنێت لە کاتی دووپاتکردنەوەیدا (لولو) واتای خەڵک دەبەخشێ کە وشەی نەم دەچێتە سەر(لولو) دەبێتە (نەم لولو) ئەوسا واتایەکی گوزارەیی کە مرۆفایەتییە دەگەیەنێت و نێشانەیە بۆ خو و رەوشت و هەڵس و کەوتی مرۆف. ئەم ناوە لە رووی بەکارهاتنییەوە پەرەی سەند تا گەیشتە ئەو ناوەرۆکەی کە ئادەمیزادی دڕندە بگەیەنێت بە پێی ئەو ئاخاوتنە ی کە لە نێو بیروڕای چینەکانی ئەوسای قۆناغی دیلایەتی باوبووە لە بەر ئەوەی زۆربەی ناوی دیل و بەند بە هۆی ناوی وڵاتی سۆمەڕ و ئەکەدەوە بووە بۆیەیە ئەمانە ناوی (لولوب) کە دارشتنێکی عیلامیە بۆ کۆ یا لە شێوەی لولوبوم لەگەڵ نیشانەی ناسیاری ئەکەدیدا لێناون و ئەم ناوەش ئەو ناوچە فراوانانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان دەشتی کەرکوک تا گۆمی ورمێ و هەتا سنووری وڵاتی حەلوان لە باشووردا .

لە دوایی ئەم ناوە بوو بە ناوێکی جوگرافی بۆ کۆمەڵێکی ئەنتوگرافی تایبەت لە ماوەی هەزاران ساڵدا بەر لەو گۆڕانە زمانەوانی کەڵچەرییەی کە لە دواییدا بە سەری دێت چونکە ئەم وڵاتە بە مەڵبەندو بنکەی دیل بە ناوبانگ بوو کە لە وڵاتانی سۆمەر و ئەکەد دا دەست بە سەر بوون و دەورێکی گرینگیان لە بنیات نانی کەڵچەری ئەو وڵاتانەدا بینیوە لەگەڵ ئەوەی ئەو ناوە سیفەتێکی نەتەوەیی هەزارەی سێهەمی پێش زایینەوە وەرگرتووە لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستی ئورارتووەکان لەم ناوە (نامۆ) بێگانە یا دوژمن بووە. وشەی کور کە مانای کێو و شاخ بە زمانی سۆمەری لە رووی واتا و پەرەسەندنییەوە وەکوو وشەکەی پێش خۆی وایە دووبارە کردنەوەی (کورکور) مانای شاخان ، کێوان دەبەخشێت کە لە دواییدا لە سۆمەریدا واتای وڵاتی دەگەیاند ئەم ناوە لە زمانی کوردیدا بۆ واتای کێو بەکارهاتووە و لە ناوی کور، کورداخ داهەیە کە دەکەوێتە سەر زێی بچووک لە نزیک

گوندی کانی توو لە ناوچەی پشدەر کە شوێنی وڵاتی لولوبیان بووە لە کۆندا ئەو وشەیە سۆمەریە بووە بە کۆ و هەرواش بە واتای شاخ لە زمانی کوردیدا ماوەتەوە هەروەکوو وشەی گامێش کە واتای کۆنی لە داستانی (گلگامێش) ی سۆمەریدا هەیە لە کوردیدا ماوەتەوە ئەم گیاندارە نیشانەی پیاوەتی و پیتداری بووە هەر لەوساوەی کە ئادەمیزاد پەیوەندێکی راستەوخۆی بە کشت و کاڵ و بەخێو کردنی گیانداردا پەیدا کردووە هەر بۆیە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لە بنچینەی وشەی کوردیدا رووبەرووی بێرێکی تێکەڵاو دەبین لە سەرەتای پەیدابوونیدا. کە چەندین کۆمەڵی ئادەمیزادی لەوانەی لە وڵاتی کوردستاندا نیشتەجێ بوون بەشداریان تێدا کردووە و یەک لە سەر یەک کاریگەر بوون . کاریگەریەکەش لە رووی لایەنی رۆشنبیری و کەڵچەری سۆمەری، ئەکەدی و ئیلامی بووە لە کۆندا بەڵام لە دوای ئەو قۆناغەدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری رۆشنبیری و کەڵچەری هیندی ئورووپی کە سنوورێکی زانیاری بۆ زمانی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا دانا. بۆ وێنە لە سەەرەتادا لەگەڵ پەیدابوونی تێروانینێکی تایبەتی بۆ خودایان لە هەزاران ساڵ لەمەوبەردا هیچ جیاوازیەکی زمانەوانی لە نێوان خودای خۆر (شمش) و هەتاو لە بابلیدا نابینین هەروەها ئەو هەستەش لەگەڵ خودای سوریاشی کاشی و سوریاشی هیندی و خۆری کوردی( هورمزد) کە لە ئەهورامەزداوەیە دیارهاتووە چونکە خودایەتی هێزی رووداوە لەو شتەدا کە کراوەتە نیشانەی و هەڵسوکەوتیش لەگەڵیدا هەرهەمانە کە لەگەڵ شتەکەدا دەکرێت. لە دواییدا وشەی شەمس لە زمانی عەرەبیدا هەر بۆ ناونانی شتەکە خۆی مایەوە هەر وەکوو چۆن وشەی خۆر بوو بە ناوی خودی هەتاو و هەریەکە لەو ناوانە چوونەوە ناونانی کەسیەتی وەکوو شەمسە دین لە عەرەبیدا و خورشید لە کوردیدا بەڵام شێوەکۆنەکەی ئەهورا لە زمانی کوردیدا لە شێوەی ئاهور، ئاور ، ئاگردا ماوەتەوە هەردوو وشەکەی دواییان بۆ یەک واتا بەکاردێن ئەم وشەی ئاهورا لە ناو نانی وڵاتی ئازەربایجان (ئاتورپایگان) ماوەتەوە بەڵام وشەی هەتاوی کوردی گەرچی لە رووی شێوەی دەرەوەیەوە لە وشەی ئافتابی فارسیەوە نزیکە بەڵام لە

راستیدا نیشانەی خودای سۆمەڕی (ئوتو) لێی نزیکە کە بە سەدان ساڵ بەر لە پەیدابوونی نووسیندا پەرستراوە هەرو کە دانیشتوانی وڵاتانی بەرزی باکوور (سوبارتوم) پێشتر پەرەستوویانە کە ئەم دانیشتووانە بە نای(خۆر) یان نێودار بوون لەبەر ئەوەی خودای هۆریان پەرستووە بۆیە گومان لەوەدا نییە کە وشەی ئاور ، ئاگری کوردی لەو هۆش و بیرە هیندی ئورووپییەوە پەرەی سەندبێ کە توانی بۆ خودای روشنایی و حیکمەت بە ئاهورا دەربڕێ کە ئەویش لە وارونای کۆنەوە پەرەی سەندووە کە لە دواییدا بووە بە ئاسورای هیندی سوریاشی کاشی کە لولوبیان لەگەڵ کاشیان لە وڵاتی کوردانددا پەرەستوویانە ئەم وشەیە ئێستا بۆ ناونانی جۆرە چرایەک بە کار دێت کە لە زمانی کوردی سورەیا و لە زمانی عەرەبیدا ثریا و وشەی سووری کوردی نیشانەیە بۆ رەنگە سوورەکەی. کە ئەمەشیان لە ئوخرا، سوخراوە پەرەی سەندووە لە هیندیدا لە شێوەی چوکراپە کە بێگومان نیشانەی رەنگی رووناکی یا هەتاوە کە چی شێوەی ناوی هورمز واتە حیکمەت لە زمانی ئارامیدا وەکوو ناوێکی کەسی تایبەتی ماوەتەوە هەروەکوو ناوی دەریاووش و چەندین ناوی دی. لە راستیدا ئاهورا هەر دەبێ وارونا بێت کە زۆربەی گەلانی هیندی ئوروپی پەرستوویانە کە لە نێو ئەو داستانانەشیان باسکراوە کە پێش سەرهەڵدانی ئایینەکانی هاوچەرخ دا هەبووە لەگەڵ ئەمەش لە نێوان دێوا کە خودای شەڕ ئیندرا نوینەرێتی لەگەڵ ئاهورا کە خودای پەیمان و یاسا و حیکمەت بووە و خودای میترا لە سەرووی هەموویانە وە بووە جیاوازییەک هەیە . لەگەڵ تێپەربوونی کات دا لە زمانی کوردیدا واتای ناوی دێو پەرەی سەند بەرامبەر واتای (الغول) ی عەرەبیەوە بە کار دێت بەڵام ئەو پەرەسەندنەی کە بۆ هەمان وشە لە زمانانی ئورووپیدا روویدا واتای پیاوی درندە و جنۆکە لە زمانانی سلاوی و ئینگلیسیدا پەیدا کرد و ئەوەش لە زمانی کوردیشدا روویدا و شێوەی دێوانەی وەرگرت بەڵام ئیندرا لە زمانانی ناوچەیی کۆندا لە لایەن گەلانی ئیمپراتوورییەتی ئاشووردا لە نێو چوو و نەما چونکە خودای ئاشوور هەر خودای ئیندرای میتانی بوو کە هەمان گەلان بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئاشووریدا لە سەر وێرانگەی

دەوڵەتی میتانیدا دەپەرسترا لەم کاتەدابوو خودای ئاشوور لە جێگای ئیندرا پەرسترا. لە راستیدا ئایینە زۆرکۆنەکانی هیندو ئورووپاییان لە سەر پەرستنی هێزی سروشت و ئەستێرانی ئاسمان دامەزراون ئەمە لە کاتێکدا بووە کە هێژ کۆچەر بوون جا لە دواییدا خودای دی خرایە سەر خودای سروشت کە هێزی خوو و رەوشت و بیروڕای گوزارەیی دەنواند ئەمەش لەوکاتەدا بوو کە ئەو خێڵە کۆچەریانە نیشتەجێبوون و شارستانییەتیان دامەزراند کە گرینگیەکی زۆری مێژوویی خۆی هەبووە بەوجۆرە ناوی شاری مهابادی کوردی دەربڕینێکە لەو ئاواییەی خودای مەزن ئاهورا و یا ئاسوورا چونکە وشەی مەها لە هیندی دا واتای مەزن دەگەیەنێ کە لە وشەی مهاتما داش بەرچاو دەکەوێ و واتای گیانی مەزن دەبەخشێت (الروح العظیمە).

ئەگەر بە هەمان رێگە و شێواز گەر ناوێکی کوردی وەکوو مزگەوت لێک بدەینەوە کە لە دواییدا بە هۆی زمانی لاتینیدا لە نێو زمانانی ئورووپیدا بڵاو بۆوە لە شێوەی ( mosque) دەبینین لە بنچینەدا واتای پەرستگەی خودای حیکمەت مزد یا مزدا بە رێگەی ناوی ( mazgit) ی پەهلەوییەوە بوو واتای پەرستگە دەبەخشێت ئەو وشەیە لە زمانی کوردیدا هەر بە جۆری شێوە کۆنەکەی بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێیسلامدا بە کار هاتووە و لە زمانی عەرەبیدا بە شێوەی مسجد ماوەتەوە بەڵام کاری لێ دارێژراوە وەکوو سجد، یسجد، سجودا هەروەها وشەی سجادە شی لێدارێژراوە. هەر بەو شێوەی سەرەوە دارشتنی کۆنە ناوی خودای ئەناهیتا خودای ئەستێرەی زوهرە ی عەرەبی پەرەی سەند کە بوو بە ئەناهید لە دواییدا لە زمانی کوردیدا لە شێوەی ناهید چەسپی بۆ ناونانی کچان و ئافرەتان هەروەهاش وشەی نهد لە عەرەبیدا واتای مەمکی ژنان دەگەیەنێ کە نیشانەی ئەناهیتا بووە و لە زمانی سۆمەریدا بەرامبەر ئەو ناوە ئینانا کە لە شێوەی ئان (کەیبانووی ئاسمان) لە هێندێک تێکستدا بەرچاو دەکەوێ کە ئەویش عشتاری بابلی کە لە دواییدا لە عەرەبیدا بە ناوی العزی، الزهرە، نجمەالصبح ، نجمەالراعی هاتووە و لە لایەن سۆمەرەکانەوە ئەرکی ئەو خودایە هەروەکوو

ئەرکی خودای دموزی بووە. بێگۆمان پەرستنی خودای دایک لە وڵاتی کوردانداا بە کۆنترین پەرستن دەژمێردرێ و پاشماوە دۆزراوەکانی گوندی (چرمو) کە دەکەوێتە نزیک چەمچەماڵ لە لای رۆژهەڵاتی کەرکووکەوە گەورەترین بەڵگەی ئەمجورە پەرەستنەن و کردەوەی زاوزێ کردن لە لای مرۆڤ هۆکەی ئێستا روون نەبووبوەوە لە پیشەی ژن بووە و لە بەر ئەوەی زاووزێکردن بە نهێنییەکی سەیر دەژمێردرا بۆیە لە سەرەتادا ئەو خودایانە بە زەویەوە دەناسران چونکە پیتی خاک جۆرێکە لە هاتنە دنیاوە بۆ بەرهەمهێنانێکی تازە وەکوو ئافرەت. لە پاڵ ئەوانەشداکە پێویستی ئابووری دەورێکی بنەڕەتی لە پەیدابوونی بیروباوەڕی ئایینی کۆندا بینیوە کە کار دەکاتە سەر پەیدا بوونی ئەم ژمارە زۆرەی خودایان و پیشە و ئەرکە جۆراوجۆرەکانیان ئەگەر نەڵێین دروستیان دەکات جا بە دەرکەوتنیان وەکوو وشە لە نێو زماندا ئەم پەرەسەندنەی کە لە خودی پێوەندە ئابوورییەکاندا روودەدا لە پەیدا بوونی هۆی تازەی بەرهەم هێنان ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردن و پەرەسەندنی زمان بە رێگەی پەیدا بوونی گوند و شارۆچکە بە واتا لە دوای گۆڕانی ژیانی ئامزاد لە باری راووشکار کردنەوە بۆ ژیانی بەرهەمهێنانی خۆراک و ئاڵوگۆرکردنی پێویستیەکانی دی ئابووری لەگەڵ شتی دی دا و بە تایبەتی ئامرازی کار کردنی کە بە بناغەی ژینی نوێی لە بەرهەمهێنانی پێویستیەکانی ئابووری پەرەسەندو و ژمێردرا و بە هۆیەوە بازاڕیان فراوانتر بوو و ئەم بازاڕانە بە ناوچەی سەرەکی سەرهەڵدانی گوندوشار داندران. هەر بۆیەیە واتای ناونانی شار لە زمانی کوردیدا بە ناوی بازێر هاوواتای بازاڕ ئەگەر نەڵێین لەوەوە پەرەی سەندووە لە بەر ئەوەی بازار ناوجەرگەی شار بووە و وێستگەی هۆزانی هاتووچۆکەر بووە بێگومان ئەو خێڵانە شیرەمەنی و بەروبووم و بەرهەمی خۆیان لەم بازاڕانەدا دەگۆرییەوە کە لە دواییدا ئەم جۆرە پێوەندییە ئابوورییە بووە هۆی فراوانکردنی ئەو ناوچانە لە پێناوی بەرژەوەندی خاوەنی بەروبووم ئالوگۆرکەر یا بە هۆی ئەو کەسانەوە کە لە دوای چەسپاندنی شاردابوون بە دانیشتواوانی ئەوانەش ئەم کارەیان بەرامبەر بەم راژەیە دەکرد کە لە نرخی

شتە ئاڵوگۆڕکەرەکە وەریان دەگرت. ئەم راژەیە (نسبە) ی کە ئەم نیشتەجێ بووانە وەریان دەگرت لە زمانانی هیندوئورووپیدا باژ یان پێدەکوت کە بەرامبەرەکەی لە زمانی عەرەبیدا باج . زمانی کوردی دارشتنی باژێڕی هەر پاراستووە بۆ ئەوەی یەکەم، واتای بازار ببەخشێ کە ناوی شوێنە دووەم لە کاتی فراوانبوونیدا لە لە زمانی کوردیدا بۆ شار بە کارهاتووە و دێت ئەگەرچی شێوەی کۆنی ئەو ناوە( wazar) ئێستەش لە دیالکتەکانی خوارووی زمانی کوردیدا بە کار دێت بەڵام ئەم وشەیە بە واتای بازاڕ نەک شار چۆتە زمانی ئینگلیسی و ئەرمەنیدا لە شێوەی پازار و هەرلە زمانانی تورکی و بوڵگاری و هی دی دا بە کار دێت کە ئەمڕۆ بۆتە ناوی رۆژی یەکشەممە لە تورکی نوێدا بە شێوەی بازار گوینی واتە رۆژی بازاڕ بە کار دێت.

## زنجیره وتار: زمان و زمانی کوردی  (١٣) بەشی ٢

### ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

### هێندێک بیرورِا دەربارەی بناغەی مێژوویی زمانی کوردی و پەیوەندی بە زمانە کۆنەکانی جیهانەوە




لە پاڵ ئەو پەیوەندە ئابوورییەشەوە ئەو هۆیانەی بەرهەمهێنان کە هۆزانی (سەکەس) لە وڵاتی کوردستاندا دۆزیویانەتەوە هانی هاتنە ناوەوەیان داون لە ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زایینداو لە گەڵ هۆزانی دیدا.

پەیدا بوونی ناوی شاری (سەکەس، سەقز) ی کوردی بۆ ناوی ئەو هۆزە کۆچەریە سەکەسیانە دەگەڕێتەوەکە لە نێو شاردا بەرهەمی خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکرد و بێگومان هیندێکیشیان لە سەردەمی مێدیدا لەو شوێنانەدا نیشتەجێ بوون. ئەگەرچی ئەو هەرێمانە بە بەشێکی وڵاتیماننا دەژمێردرا کە زمانی ناوچەیی و کەڵچەڕی تایبەتی خۆیان هەبووە و لە کۆچەرە تازەکانیان جیایان دەکردنەوە ئایین و بیروباوەڕی جۆراوجۆر لە دواییدا پەرەی سەند ئەمەش لە پاڵ پێشکەوتنی پەیوەندی ئابووری و

کەڵچەری دابوو کە لە ئەنجامی پەیدابوونی ئیمپراتوورییەتی مێدیدا روویدا .
بێگومان کەڵچەر و ئایینی ئاشووری و کەلچەری سومەری کاریگەری لە سەر دانیشتوانی هەبووە بەڵام بیروباوەڕە ئایینیەکان و داستانە تازەکانیان لەو چوارچێوەیدا بە شێوەیەکی گشتی بوونە هیندوئوروپایی بۆیە دووبەرەکی لە دروستکردن و نەمانی گێتی بە پێی بیروڕای باوی ئەوسا بە نۆهەزارساڵ سەری هەڵدا و ئەو ژومارەیە لە لایەن هیندوئوروپاییانەوە بە گشتی پیرۆز بوو لەگەڵ ئەوەشدا( گای) یەکەم لە لای سۆمەری گیاندارێکی پیرۆز بووە و شوێنێکی سەرەکی وەرگرتووە و وەکوو یەکەمین گیاندار لە پێش ئادەمیزاد پەیدا بووە و ئادەمیزادیش بە (کیومرد) (کیا/ مرتن) ی ئافێستی ناسراوە کە بەرامبەرەکەی لە زمانی کوردی نوێدا بە (گیان مردوو) باوە و یا ئەو گیاندارەی کە گیانی لە ناو دەچێ و نامێنێ و ئەویش ئادەمیزادە.

بەم جۆرە هێندێک واتای دی نوێ لەناوچەکەدا بڵاو بۆوە کە لە ئەنجامدا هێندێک ناوی تازەی جوگرافی شاری لێوە پەیدا بوو کە ئەم ناوە تازانە زمانانی ناوچەیی دانیشتوانی دەوڵەمەند کرد .لێرەدا قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئەم گەلانەدا پەیدابوو کە ئەویش سەردەمی ئاڵوگۆڕ کردنی زمانەوانی و کەڵچەری دانیشتوانی ناوچەیی لەگەڵ هۆزانی تازە هاتووە. بەم چەشنە دەبینین خوای میهرا (میثر) کە رووناکی سەرلە بەیانی و سەرچاوەی ژین و زانیاری و پەیمان بوو هێندێک واتای تایبەتی خۆی لە مێشکی کورددا هێشتۆتەوە کە لە ناونانی میرزا(میهرزاد) دا رەنگ دەداتەوە و واتای رۆشنبیر و هۆشیارو زانیار دەبەخشێت هەروا جوامێر (جوان میهر) بە واتای خۆشەویستیی خوای میهرا ماوەتەوە هەروەکوو لە ئەکەدیدا ناوی کۆنی( نارام سن ) خۆشەویستیی خودای سن بووە بەڵام وشەی کوردیی مهرەبانی هاوواتای وشەی (السعادە) ی عەرەبیە و چونکە خوای میهر کە کرۆکی رووناکی سەرلە بەیانی و سەرچاوەی ژین و زانیاری بووە دەبێ لە هەمان کاتدا سەرچاوەی بەختەوەریش بووبێ بۆ مرۆف هەر بەم پێیە لە زمانی عەرەبیدا ناوی جێژنی ئاهەنگ گێڕان لە شێوەی (مهرجان) مێهرگانی کۆندا ماوەتەوە بەڵام لە زمانی

کوردیدا شێوە کۆنەکەی لە ناو چووە و بە ڕێگای زمانی عەرەبیەوە شێوەی مهرجان بە کاردێت. ئەم ناوە لە ناسناوی هیندیدا بە میهراجا و لە کوردیدا بە (میهر/ میر) دەرەبەگەکان بۆخۆیان بە کاریان هێناوە.

ئەو ناوە چینداره لەوەوە بۆمان ماوەتەوە کاتێک ئەو چینە لە سەرپەرستی کردنی کاروباری ئاییندارییدا لە پەرستگەی میهرا دا لێپرسراو بوو گۆڕا بە چینێکی کۆمەڵایەتی / ئابووری ناسناوی (میهری میهران/ میری میران) وەکوو سەرۆکی هەرە گەورەی یاسای خێڵایەتیدا مایەوە و لە عەرەبیدا بەرامبەرەکەی (امیرالامرا) یە. لە بەر ڕۆشنایی ئەم هۆیانەی باسکران وشەیەک زۆر بایەخی پێدرا و ئەویش ناوی ڕۆژێک لە ڕۆژانی هەفتەی لیندرا کە ڕۆژی(السبت) ی عەرەبی، جوولەکەیی و سلاوی(رووسی، بولگاری و یوگوسلاوی و هتد....) یە وەکوو نیشانەیەکی پرۆسێسی بیرکردنەوەیەکی تایبەتیە . گەوهەرەکەی لەوەدایە کە وا لە ڕۆژی هەفتەمدا خوا لە دوای دروستکردنی یەکەمین مرۆڤ (کیومرد/ گیان مردوو) پشووی داوە و ئیستراحەتی کردووە . لە عەرەبیدا ئەم پشوودانە بۆتە (السبات). ئەم وشەیە لە بنەڕەتەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی هیندی ئورووپی دەگەڕێتەوە کە بە سانسکریتی میتانی وشەی (سابتای) بۆ داندراوە. بە پێی یاسای زمان لە مێدی و ئافێستاییدا پیتی سێ بە هێ گۆڕاوە و لە شێوەی هاپتا بووە کە لە زمانی کوردی کۆندا ژمارە حەفتی بەخشیوە و شێوەی هەفت وە یا حەوتی لە زمانی کوردی نوێدا وەرگرتووە کە لە زمانی سلاڤیدا بۆ شێوەی (سێم/ سیدوم) و لە زمانانی ئینگلیسیی هاوچەرخدا بۆ شێوەی (زیبن یا سێڤن)پەرەی سەندووە و خۆشی لە بنەڕەتدا(سێپتۆم/ سێپن) بووە.

لە ئەنجامی ڕوودانی ڕووداوانی مێژوویدا هێندێک وشە ون بوون یا لە نێوچوون بەڵام لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی دی پەیدا بوونەتەوە، ئەمەش بە ڕێگەی تێکەڵاوبوونی کەڵچەری یا لە ئەنجامی شەڕدا. لەم وشانەدا هێندێک دەنگ گۆڕاون هەروەها واتاکەشیان گۆڕاوە وەکوو وشەی

(بورژوازییەت) کە لە نوێوە لە زمانی کوردیدا پەیدا بۆتەوە ئەمەش بۆ دواکەتنی پەیدا بوونی ئەو چینە ئابووری و کۆمەڵایەتیە دەگەڕێتەوە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا لە چاو کۆمەڵانی ئوروووپاییدا درەنگتر پەیدا بووە بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو زاراوە سوپاییە کۆنەی لە کوردستان کە (بورگ burg) بووە تا ماوەیەکی زۆر لە زمانی کوردی کۆندا نەماوە و شێوەی (البرج ) ی عەرەبی لە بریتی بە کارهاتووە و بۆ ناونانی ئەو قەڵا و شوورانە بووە کە ئیمپراااتووریە رۆژهەڵاتییە جۆراوجۆرەکان بۆ بەرەنگاری کردنی دەوڵەتی رۆمان و بیزەنتەدا لە (حەدەیب، کوردوئێنێ، ئوسروینی، سوزیفین، ئەرمینیا) و هی دیدا بنیاتیان ناوە. ئەرخیتکتوری ئەم قەڵایانە بە رێگەی یونان و رۆمانەوە گوزرایەوە ئورووپا . ئەو بورگانە کە لە سەر شێوەی هونەری سوپایی رۆژهەڵاتەوە دروستکرابوون بە بناخەی چەندشارێک وەکوو هامبورگ ، مادیبورگ، پیتەربورگ، و هی دی دانرابوو. لەم ناوانەدا لە زمانانی ئورووپاییدا زاراوەی بورگ لە کۆتاییاندا پارێزرا کە دووپاتی ئەو قەڵایە دەکاتەوە کە لە سەر (بێرگ/ berg بەرز، کێو ) کە لە کوردیدا بە شێوەی بەرز مایەوە ، بنیات نراوە و ئەم وشەی ۆیێرگە) لە وڵاتانی گیرمانیدا بۆ واتای بەرزایی و کێو و شاخ هەر مایەوە چونکە لە کۆندا ( بورگ burg) لە سەر گرد و بەرزایی بنیات دەندرا هەر وەکوو لە زمانی حیثیەکاندا بە شێوەی (بەرغ/ bergh ) بە کار هاتووە. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ناونانی( بورژوازی / بورگواز) بە سەر دانیشتوانی ئەم قەڵایانەدا بۆ جیاوازی کردنیان لەگەڵ چینەکانی دەست کورت و هەژاری لادێکانی دەوروبەری شاران بە کارهات. ئەم ناونانەش لە دوای شۆرشی پیشەسازی بوو لەوێدائەم وشەیە بە تەواوی بیروڕای ئەو کۆمەڵە بە تەواوی دەردەبڕێت کە بە هۆیەوە وشەیەکی وای بە کارهێنا کە رەگی مێژوویی بە پەرەسەندنی کۆمەڵانی ئادەمیزاد لە ئورووپادا بەند بوو. بۆیە هیچ سەیر نییە کە ئەم وشەیە بورژوازی ، بێتە نێو زمانی کوردیەوە بۆ ئەوەی واتایەک دەربڕێ کە زۆر لە واتە ئەسڵیەکەی کە (بورگ / برج ) ە دوور بێت.

لە دوای ئەو راستیانەی کە لە مەوبەر باسکران هیچ سەیر نییە گەر ئەوە بڵێین کەوا وشەی سلق/ لوبیا کە لە کوردی و عەرەبیدا بە کار دێن لە بنچینەدا سۆمەری و ئەکەدین هەروا (المرج والدستور) لە عەرەبیداهەر(مێرگ و دەستەوەری) ئەسڵە کوردیەکەن هەروا دەبێ ئەسڵی ئەم وشە عەرەبییانە وەکوو( الجوز، ریباس، طمش) لە شێوەی گوێز، رێواس و تەماشای کوردی بێت هەروا ئەو وشانەی کە لە بنەڕەتەوە کوردین وەکوو( نیشان، سەرداو، سەراب و هی دی ) لە زمانی عەرەبیدا بە کاردێن لە هەمانکاتدا لە زمانی کوردیدا هێندێک وشەی عەرەبی وەک نال، فێل هەیە وشەی (الفردوس) بە رێگای (پردەوس) ی پەهلەوی کە لە پرادیزی هەخامەنشی دارێژراوە کە بە واتا(بەهەشت/ بوونی چاکتری) ئاوێستایە پەرەی سەندووە و لە زمانی ئەلمانی و ئینگلیزی و زمانانی دیی ئورووپاییدا ئەسڵە هیندو ئورووپێکەی هەر پارێزراوە کە لە زمانی کوردیدا بە بەهەشت گۆڕدراوە. لە پاڵ ئەو کاریگەریانەدا فە لسەفەی گرێکی دەگەڵ ئایینانی رۆژهەڵاتدا یەکی گرتەوە ، ئەوەش لە دوای داگیرکردنی وڵاتی ئاسیا لە لایەن مەکدونیەکانەوە روویدا. لە دوای ئەم هاتنەیاندا داستانی بابلی و گرێکی و هی دی تێکەڵبوون. ئەو دیاردەیە بە هۆی رازانەوەی کەلچەریان لە رێگای باوەرەکانی هێلێنیستیەوە کە تێکەڵاویەکی بیریی وای پێک هێنا و رێک و پێکیەکی لە نێوان ئایینزاکانی جۆراوجۆردا پەیدا کرد . خوایانی بابلی و گرێکی و هی دی بە هەمان خوای دانیشتوانی ناوچەکانی باکووری وڵاتی میزوپوتامیا دادەندرا بەم جۆرە خوای ئەهورامەزدا لەگەڵ سن و مەردوک ، میترا لەگەڵ شەمس و ئەناهیتا دەگەل عشتار تێکەڵبوون بۆ ئەوەی وەکوو گیانێکی بە نرخی بیرکردنەوەی دانیشتوان نیشان بدات کە هێندێک پاشماوەی لە چەندئایینزای کوردی جۆراوجۆر هەرمایەوە. ئەو پاشماوەیە لە ناو چوارچێوەی بیروباوەڕی موسوڵمانەتیدا توایەوە کە لە کۆتاییدا هێندێک ناو و دەربڕینی تایبەتی و دیالکتی زمانەوانی وای هێنا کایە زمانی کوردی لە سەدان ساڵدا بە لێکسیکۆی فەلسەفی و هونەری و رۆشنبیری بووژاندەوە.

لەم سەردەمە دێرینانەی ئەم ناوچانەدا هێژ دەربڕینی کۆمەڵێک بیروباوەڕ و ئارەزوو لە زماندا هەر بە سروشتەوە پێویست بوو. کە بۆ وەسف کردنی شتێک نیشانە زمانەوانێکان یەک لە ریزیەک دادەنا.

لە بەر ئەوەی شارستانیەتی میزوپوتامیا پەلی هاویشتبوەوە ناوچەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی خۆیەوە ئەگەر نەکوترێ کەوا شارستانیەتی وڵاتی سومەر درێژاییێک و بەردەوامبوونی زمانەوانی و کەلچەرپی دانیشتوانی پلەی کۆتایی چەرخی نیولیتی دێهاتەکانی سەرووی میزوپوتامیا بوون ئەو شیوە زمانانە کە لەو ناوچانەدا بەکار دەهاتن بە هەمان مەرج پێوەست بوبوون بەڵکوو نووسراوەکەی (ئانوبانینی) پاشای لولوبیان کە لە ناوچەی سەرپول زەهاو دا دۆزراوەتەوە بەڵگەیەکی بە سوودە بۆ ئەم مەبەستە و ناوەرۆکەکەی دەڵێت:

ئانوبانینی وێنەی خۆی بەرانبەر خوداوەند عیشتار لە سەر شاخی پادیردا کێشاوە. وێنەکەش واتای (ئان دروست کەرمەیە). لەم پارچە نووسراوەی سەر پول زەهاب دیار دەکەوێت کەوا بێجگە لە بڵاوبوونەوەی ئایینزای سومەری و ئەکەدی لەم ناوچانەدا ناوی کەسیەتی وەکوو (ئانوبانینی) بەڵگەیەکە بۆ پێوەندی ناوی خودای سومەری (ان) کە خودای ئاسمانە لەگەڵ پاشگری ئەکەدی (و) بێجگە لە وشەی (بانینی) ئەکەدی کە لە عەرەبیی ئەمرۆدا واتای (الخالق) دەگرێتەوە. بەم جۆرە ناوەکە تێکەڵاوێکی ئەکەدی سومەریە کەچی لەکاتێکی درەنگتردابە هەمان واتا بە جۆرێکی تر لەم ناوچانەدا پەیدا دەبێت وەکوو (میثرادات) کە پاشان دەبێتە میهرداد و لە کوردی ئەمڕۆدابوەتە (میهرزاد/ میرزا) ، بە جۆرێکی تر وەکوو خودادات کە بە عەرەبی (عطاالّله) و بە ترکی (الّلەوێردی) و بە سلاڤی بوگدان بەرامبەری هەن. پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناو کوردەواریدا مرۆڤ وەکوو دیلێکی (عەبد) خودا دەناسرا لەبەر ئەمە پاش سەدەی هەشت و نۆدا لە کوردیدا ناوی تایبەتی وا پەیدا بوو کە پەیوەندی بەم بیرو باوەڕەوە هەبوو وەکوو(عبدالّله، عبدالرحمان، عبدالرحیم) . ئەم ناوانە لە پاڵ ئەو ناوانەدا

بڵاو ببوونەوە کە ئارامی و یونانی بوون و کۆمەڵگای هۆزانی کوردەواری لە سەردەمی بڵاوبوونی مەسیحیدا لە خۆیان نابوو بە تایبەتی ئەوانەی هەڵگری ئایینزای یەعقووبی و نەستووری بوون وەکوو تۆماس (تۆما) مورقس(مارک) و هی دی هەروا ناوی چەندین ناوچە بە ناوی ئارامی و یونانی نرابوون وەکوو (بێت عەبهی، بێت قوردو، کەرخا، بێت سلوخ) کە هەموویان ناوی جوگرافی بوون. ئەم جۆرە شێوازی دەربڕینە لە زۆربەی زمانانی گێتی دا بە نێزیکی وەکوو یەک بوون بەڵام هەوڵدانی پاراستنی دەنگەکانی سروشت بە بناغەی دروستبوونی وشە دەژمێردرێت کە هێندێک لەو وشانە هەتا ئێستەش بە زیندوویی لە نێو هێندێک رستە و دەربڕیندا ماونەتەوە بۆ وێنە وشەی (گروم) ی رووسی کە واتای گرمە گرم دەگەیەنێت هەرهەمان دەنگە سروشتیەکەیە ماوەتەوە و لە زمانی کوردیشدا واتای دەنگی هەور (گرمەگرم) دەگەیەنێ کە واتا هێژ ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی کە لە زمانی رووسیدا بۆ واتای ئەم دیاردەیە گەیشتۆتێ بەڵکوو هێژ لە کوردیدا هەمان تایبەتێتی کاریگەری ئەو شتەی هەر تێدا ماوە کە سۆمەرییەکان ناوی (نەم) ئەکەدییەکان ناوی (شەمتۆ ) یان لێناوە. ئەم وشانە بە پێی یاسای کۆن دووبارە کراونەتەوە بۆ لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی دیاردەی سروشتی یا بۆ دووپاتکردن سەر زۆری یا بۆ پێشاندان و دەرخستنی سیفەتێ. لە زمانی کوردیدا ئەم شێوانە زۆرن وەکوو (تەکەتەک) واتای دەنگی لێکەوتنی دوو ماتریالە بە یەک هەروەها خوڕەخوڕ وشەیەکە نیشانەی دەنگی ئاوە و لاسایی کردنەوەیەتی . ئەم دەنگە لە عەرەبیدا شێوەی (خریر) ی وەرگرتووە و چەند وشەیەکی تری لێ دەرهێنراوە وەکوو (خر) بە واتای نیشتن یا کەوتن یا بەربوون و هتد بەڵام بەرامبەر ئەو واتایە کورد وشەی کەوتن کە بێگومان لە کەفتن ، کەپتن ەوە دارێژراوە کە لە بنچینەدا لاسایی کردنەوەی دەنگی کەوتنی هەر شتێکە بە زەویدا و ئەو گۆڕینە کە بە سەر پیتەکانی (پ،ف،ڕ) دێ یەکێکە لە هەڵسوکەوتی زمانە هیندوئوروپاییەکان.

بەوجۆرە و لە سەر بناغەی پاراستنی تایبەتێتی کاریگەریەکانی شت لە گەوهەریدا وشەی مەرد کە واتای ئازا دەگەیەنێ یا مەردایەتی واتە ئازایەتی نیشانەی ناوی خێڵەکانی(مەردەکان) نەبوو کە لە پێش زاییندا لە هەندێ ناوچەکانی وڵاتی کوهستان و کوردستان بڵاو بوونەوە بەڵکوو ئەو ناوە ئیتنیکیە نیشانەی ئەو رەوشتە بە ناوبانگەی ئەو کۆمەڵە کۆچەرە بوو کە جیای دەکردن لە کۆچەرانی تری چەرخە کۆنەکان کە ئەو وڵاتە شاخاویەیان کرد بە مەڵبەندی خۆیان. هەروەها چەند کۆمەڵە وشەی کوردی هەن کە لە کۆندا تەنها واتایەکی تایبەتیان دەبەخشی بەڵام پاش کاتێکی دوورودرێژ چەند واتایەک دەگەیەنێت وەکوو سەر کە بیجگە لە واتای کۆنی خۆی ئیمرۆ بە واتای(بەرز، لوتکە، سەرەتا) بە کار دێت ئەمە بێجگە لەوەی کە وشەی سەردار، سەرتیپ، سەربەستیشی لێ پێکهاتووە ئەم یاسایە بە سەر زۆر وشەدا سەپاوە وەکوو وشەی پیاو، خورت، کوڕ لەگەڵ ئەوەی واتای نێرینە دەبەخشێ ئەو هەموو باوە کۆمەڵایەتیانەش دەگرێتە خۆی کە بنچینەی ئابووری کۆمەڵایەتی سنووری بۆ داناوە و بە تایبەتی لە سەردەمی سەرکردایەتی باوکدا. بە پێی ئەم بیرکردنەوەیە لە سەرکردایەتیدا ، وشەی پیاوەتی بە واتای چاکە کەری و نان بدەیی سەری هەڵدا کە ئەمەش ئەم توانا بەهێزەی تەنی مرۆڤ دەردەبڕێ لە پاڵ ئازایەتی و کاری گران و پاڵەوانێتی لە جەنگ و چەندین سیفاتی دیدا. هەر بەم رێگەیە لە بەر هەمان هۆدا رووس بە هەموو موسوڵمانێکیان دەگوت تەتەر چونکە ئەوان بە هۆی تەتەرەوە موسوڵمانیان ناسیوە هەمان باریش لەگەڵ ناوی خێڵی ماگی مێدی کە هاوواتای ئەو چینە ئایینیە بوون کە کار و کردەوەیان جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ئایینی بوولە سەدەی حەوتەمی پێش زایینەوە لە مێدیا و لە دوای ئەوانیشدا و ئەو کردەوانەش ئەمڕۆ لە ئینگلیسیدا بە ماگیگ واتە جادووگەری بە نێوبانگە لە عەرەبیشدا وشەی مەجووس لەمەوە دارێژراوە. هەمان دیاردەش لە ناونانی کەرتی(ئاسیا) ش دا بەرچاو دەکەوێ کە یونانیەکان مەبەستیان لەو ناوە ئەم وڵاتانە بوو کە کەوتوونەتە بەری

ڕۆژهەڵاتیوە لە کۆنەوە . وادیارە ئەم ناوە لە وشەی (ئاسۆ) ی ئاشووریەوە پەرەی سەندووە کە مانای ڕۆژهەڵاتی بەخشیوە.

لەگەڵ ناوی نەتەوەیی گەلی ئالمانیدا هەمان دیاردە ڕوویداوە کە لە شێوەی نیمتس دا دارێژراوە کە لە زمانانی سلافیدا وەکوو ڕووسی، پولونی، بولگاری، یوگوسلافی، چێکی و سلۆفێنی و هی دی دا واتای بیانی ، نامۆ، لال دەگەیەنێ بەڵام لە زمانی عەرەبیدا پەرەی سەند و شێوەی (نمسا) ی وەرگرت بۆ ئەوەی وڵاتێک بگەیەنێ لە وڵاتانی کەرتی ئوروپادا. کە گۆکردنی نەتەوەیی هەمان ناو لە زمانی ئەلمانیدا (دویتش) دوورە و لە ناوی (ئوست رایخ) یان (ئوستریا ) و هیچ پەیوەندێکی بەم وشە ئالمانی نییە کە ناوی وڵاتی نەمسایە.

لە سەر هەمان یاسا ناوی (های) بە ئەرمەنی و کرمانج بە کورد و ئالان بە ئوستینی گۆڕدراوە. لە کوردیدا کە زمانێکە هەڵس و کەوتی کۆنی پاراستووە واژەیەکی زۆر ماوەتەوە کە واتای کارەساتێک یا کارێک دەردەبڕێت کە وا لە ناو دیاردەیەکی تایبەتی سروشت هەڵدەکەوێ. مرۆف لە چەرخە کۆنەکاندا نیشانەیەکی بۆ داناوە کە واتای مەردم یان هەر دیاردەیەکی سروشت بە سنوور دەکات بەڵام لەگەل پێشکەوتنی زمان کە ئاوێنەیەکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ژیانی ئادەمیزادلە شاردا توانرا بۆ هەر پارچەیەکی ئەو وشەیە ناوێک دابنرێت بە شێوەی (ناو، کار، پاشگر، پێشگر) بەڵام ڕەگی وشەکان هەروەکوو خۆیان ماونەوە بۆ وێنە ئەسپ(ئەسپا، هەسپا) دەورێکی باڵای هەبووە لە ژیانی کۆمەڵە کۆچەرانی هیندو ئورووپایی لەبەر ئەمە چینی سواران (ئەسپابارە، سپابارا، سوارە) چینێکی تایبەتی بووە و پێوەست بوون بە چینی بەگزادەکان و ئازادان. لە بەر ئەو دەورەی ئەسپ و ئەو پلە چینایەتییە ناوی ئەسپ کەوتە ناوی کەسیەتی پیاوانی چینی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵانی کۆنی هیندوئورووپایی وەکوو (هیستائەسپا) هەخامەنشی لە سەدەی شەشی پێش زایین و (ئەسپابارای) ئالانی لە سەدەی پێنجی زایینی و (ئەسپارۆخی) بولگاری لە سەدەی حەوتی زایینی و هتد بەڵام لە عەرەبیدا

وشەی سواران بوو بە (الاساورە) و لە کوردیدا  بارا  بوو بە بار. بە هەمان جۆر وشەی ئاپ  لاساییکردنەوەی دەنگی خواردنەوەی ئاو بوو لە کۆندا بەڵام ئیمڕۆ بێجگە لەو واتایە کوردیە بۆتە ناوی ڕۆباری  پەنجاب  لە هیندستانا و (دون آب/ دانوب) کە لە ناوچەکانی بەرزەوەی ناوەڕاستی کەرتەی ئورووپادا کۆدەبێتەوە دەرژێتە زەریای ڕەشەوە. ئەو گۆڕانانە لە دەنگی پیتی  ب  بۆ  و،  ف  ڕوودەدات و ئەو هەموو زمانانە هاوبەشن تێیدا کە بۆ هەمان خێزان دەگەڕێنەوە و پەیوەندی بە زمانی کوردیەوە هەیە .

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی  (١٤) بەشی ٣**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

## هێندێک بیرورِا دەربارەی بناغەی مێژوویی زمانی کوردی و پەیوەندی بە زمانە کۆنەکانی جیهانەوە

کتێبی: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری

نووسەر: دوکتور جەماڵ رِەشید




مرۆڤ بەر لە پێش خستنی پیشە سازیی شووشە و پێش دروستکردنی ئاوێنە بۆخۆی تەماشای ئاوی دەکرد بۆ ئەوەی خۆی ببینێ بۆیە لە زمانی کوردیدا وشەی ئاو پەرەی سەند پاشگری (ێنە) ی چۆ سەر و شێوەی ئاوێنەی لێ دارِێژرا کە هاوواتای نەینۆک، نەینک و یا قۆدکا رووناهی ێیە لە دیالکتەکانی دی زمانی کوردیدا. لە پاڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەم جۆرە وشانەداو دەگەڵ تێپەرِبوونی مێژوودا ئەم وشانە پەرەیان سەند و یەک لە دوای یەک کۆبوونەوە و ئەوە بوو لە دووسێ وەیا چوار برگە پێکهاتن بۆ ئەوەی واتایەکی دیاریکراو لە زمانی کوردیدا ببەخشن بۆ وێنە دەست

لێهەڵگرتن، چاولێپۆشین واتای تەرک کردن و ئیهمال کردن دەگەیەنن لەگەڵ ئەو بنچینە مێژوویەش پێکهاتنی بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوەی لە ناوی کوردیدا ، زمانی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغی یەکەمیدا ڕێزمانی هیندئورووپی (بێگومان میتانی تا ڕادەیەکیش هیتی ) کاریان تێکردووە پاشان زمانی مێدی (ئافێستایی یەکێکە لە شێوەکانی) و سەکەسی و کیمیری کە هەموویان دەگەڕێنەوە سەر یەک خێزان پەلیان بە هەموویان هاویشتوونەتە سەر ئەو جۆرە زمانە کە بنچینەکەی لە وڵاتی میتانیا (ڕۆژاوای کوردستانی ئەمڕۆ) سەری هەلێناوە ئەمە بێجگە لەوەی لە کاتی ئامادە بوونی هەموو مەرجەکانی ئەو زمانە کەوتووەتە ژێر کارتێکەری هێلێنیزم پاش جەنگەکانی ئەلێساندەری مەکدونی . لە ڕاستیدا زمانی میتانی لە سەدەی شازدەهەمەوە ببوە زمانی ڕەسمی چینی دەسەڵاتدار و هەروەها دەوڵەتی وڵاتی میتانی واتە زمانی ئەو چینە دەسەڵاتدارە هیندوئورووپاییەی میتانیا لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زاییندا بوو بە زمانێکی ڕەسمی ئەو چینانەی کە فەرمانڕەواییان لە باکووری وڵاتی میزوپۆتامیادا کردووە. بەمە بەری هۆزانی شاخاوی کە بە سوارچاکە ناودار بوون لە مێژوودا بۆ چوونە خوار و ڕۆژاوا تا دەریای سپی ناوەڕاست ئاوەڵە بوو. آنتوان مورتگات دەڵێ:

کۆمەڵانی گەلی هوری کەوتبوونە ژێردەسەڵاتدارەتی چینێکی باڵا....ناونانی ئەو چینە بە ماریانی بۆ ناوێکی هیندی کۆن دەگەڕێتەوە ئەمەش پەیوەندی زمانەوانییان بە سانسکریتی و بنەڕەتی هاوبەشیان پێشان دەدات دەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە باکووری هینددا ژیاون دەگەڵ ئەوەشدا جیجەر دەڵێ:

ناوی خوریان بە ناوی (hvar) خوای خۆرەوە پەیوەستە بەم جۆرە بوونی ئەو ناوە لە باکووری وڵاتی میزوپۆتامیادا و بڵاو بوونەوەی وەکوو ناوێکی ئایینی جا لە دواییدا نەتەوەیی بۆ هەموو ئەو دانیشتوانەی کە باوەڕیان بە خوای خۆر وەکوو گوتی ، لۆلۆیی و کاسی و هی دی هێناوە ئەوە واتایەکی

مێژوویی گرینگ دەدا بە دەستەوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە وا کۆمەڵێک ئادەمیزاد بە زمانێکی یەکگرتووی هاوبەش دەدوێن بە ئەندازەی ئەوەی خوایەکی هاوبەش دەپەرستن و هەمووش تێگڕا خوورەوشتە ئاییی یەکانیان پێڕەوی دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا ناونانی ئەو خوایە لە ناوی تایبەتیشدا بە کار دەهات وەکوو هفارداتا(hvardata) بە واتای خوداداتی خۆر کە لە دەستنووسە بابلیەکاندا لە شێوەی ئومرداتو، خورداتو، خومرداتو(humardatu) سەری هەڵداوە . لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئەم ناوە وەکوو ناوێکی تۆپۆنۆمیکی ماوەتەوە و لە شێوەی خورماتو لە (تازەخورماتو، توزخورماتو) لە سەر پێوانەی باگاداتو(بەغدا) واتە دانی خودا باگا. لە بەر ئەوەی خوریان دانیشتووانی وڵاتی سوبارتووی کۆن بوون کە هەر واتایەکی جوگرافی و مێژوویی دەبەخشێ کە ئەویش واتای وڵاتانی سەروو بوو ، لێرەدا دەرکەوتنی پاشگری عیلامی/لۆلۆبی لە ناوی خودای خۆر،هۆر دا بۆ ئەوەی ببێتە هۆری زۆر دەگەڵ ناوی حوریان یەک دەگرێتەوە بەڵام ئەو تێئوریە هێژ پێویستی بە هێندێک روونکردنەوە و بەڵگەی دی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەم کە وا دانیشتووانی وڵاتی سوبارتووی کۆن ، وڵاتی سەروو (باڵا) رەگەزێکی ئەنتوگرافی تایبەتیان پێک نەهێناوە چونکە خۆرپەرستن لەو پەرستنانە بووە کە لە نێو گەلانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوودا باو بووە بۆیە سەیر نییە ئەگەر ناوی خۆری لە لای هێرۆدۆت بوبێتە (مایتیتی matiene) کە لە نێو بەرهەمی نووسەرە کلاسیکەکانی گرێک و رۆماندا بەرچاو بکەوێت و مەبەستیشیان ئەو ناوچە بووە کە کەوتوونەتە نێوان رۆباری ئاراکس و گۆمی ورمێ کە ئەمڕۆ بە مەڵبەندی کۆبوونەوەی گەلی کورد دەژمێردرێ . سترابۆن گۆمی ورمێ بە گۆمی ماتیینی نێودەبات ئەویش لەبەر ئەوەیە ئەو ناوچانەی کە لە رۆژاواوەیەتی وڵاتی مایتینی بووە. مایتانیان(میتانیان) لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین لە رۆژهەڵاتی رۆباری هالیس تا رۆباری ئاڕاکس ژیاون و لە سەرووی دەجلە و رۆژاوای کێوی زاگرۆس بڵاو بوونەتەوە هێرۆدۆت ئەو چوار نەتەوەیەی کە دانیشتوانی رۆژهەڵاتی یونانیان پێک هێناوە ناوی (ئەرمەن، دادپیر، ئالارود

و ماتینی) کە مەبەستی ئەرمەن. ئیبیریان (بەشێک لە گورجیان) ئورارتویان و حۆریانی لێناون.ناوی کورد وەکوو چینی باڵا لەم ناوچەیەدا هێژ سەری هەڵنەداوە و هەروا ناتواندرێت بگوترێت زمانی کوردی وەکوو زمانێکی بڵاو بوو لەو ساوا بەدەر کەوتبێت بەڵام هەبوونی پێوەندیەکی بەتین لە نێوان زمانی کوردی و زمانی میتانیدا هەیە چونکە زمانی میتانی لە نێو ئەو زمانانەی کە لەمەوبەر ناویان هاتووە تاکە زمانێکە کە دەگەڕێتەوە هەمان خێزانە زمانی کە زمانی کوردی بۆی دەگەڕێتەوە . ناوی حوری زۆر پێدەچێ کە وا لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرەتای پەیدابوونی رەگەزی میتانی لە کۆتایی هەزارەی سییەمی پێش میلاد دەرکەوتبێت کە لەو کاتەدا بە کارهاتنی ناوی سوبارتووم لە نێو چووە و نەماوە.

لە پاڵ ئەو راستیانەی کە لەمەوپێش باسکران هێندێک بەڵگە هەن دەتوانن رێگەی پەیوەندی زمانەوانی نێوان میتانی کۆن و زمانی کوردی هاوچەرخدا رووناک بکەنەوە بە شێوەیەک ببێتە هۆی دانانی خشتی یەکەم بۆ مێژووی ئەو زەمانە و ئەو جۆرە پێوەندییەی لە نێوانیان دا هەیە . بێگومان چینی ماریانی لە دەوڵەتی میتانیدا خۆی بە پەروەردە کردنی ئەسپەوە خەریک کردووە و بایەخێکی زۆری داوەتێ ئەمەش لەو رافە دوورودرێژەدا بەرچاو دەکەوێ کە پیاوێکی هوری بە ناوی کەیکولی باسی پەروەردەکردن و موتوربەی ئەسپ دەکات. ئەم تێکستە لە پایتەختی حیثیان دۆزراوەتەوە هەروا لەم تێکستەدا هێندێک دەربڕینی هونەری بە کار هاتووە کە ناوی ژمارەی هیندوئورووپایی گرتوتە خۆ و چینی میریی ئەوسای دەوڵەتی میتانی بە کاری هێناون و بە خێراییەک فراوان بووە هەموو ئەو وڵاتەی داگیر کردووە کە کەوتۆتە چیاکانی زاگرۆس لە رۆژهەڵاتەوە تا زەریای سپی ناوەڕاست لە رۆژاواوە لە گۆمی وان ، لە باکوورەوە تا ئاراپخا (کەرکوک/ عرفە) لە باشوورەوە ، شاری واشوکانی کە لە سەر خابور بووە هەتا ئەمڕۆ نەدۆزراوەتەوە پایتەختی ئەم وڵاتە بووە. یەکەمی هەواڵی ئەم دۆزینەوانە لە نێو تابلۆکانی بوغازکۆی دا هاتووە کە ئەم هەواڵەی کەیکولی تێدا باسکراوە

و مێژووی بۆ ١٣٨٠ ساڵ پێش میلاد دەگەڕێتەوە لەم نووسراوانەدا ئەم وشانە هاتوون کە قۆناغەکانی پەروەردەکردنی ئەسپ پێیدا دەڕوا . بە پێی بیروهۆشی کۆنی ئەو هۆزەکۆچەرانەی هیندوئورووپایی وادەردەکەوێ کە وا ژمارە ٩ یان زۆر لە لا پیرۆز بووە ئەمەش بۆ چەند هۆیەکی ئایینی دەگەڕێتەوە. کۆنترین شێوەی جوگرافی بۆ ناوی ئەو وڵاتە لە شێوەی ماتینی دابووە بەڵام لە دەستنووسە چەرمەکانی گردی عمارنەدا بە شێوەی میتانا نووسراوە و لە وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی ئەکەدی بە میتانی هاتووە. لێرەدا پێویستە ناوی راستی هێندێک لەو جەنگاوەرە میتانیانە بێنین کە هاتوون یارمەتی دانیشتوانی وڵاتی میزوپوتامیایانداوە لەو کاتەی کە پاشای حیثی ، مورسلی یەکەم هێرشی هێناوەتە سەر شاری بابل لە ساڵی ١٩٥٤ ی پێش میلاد ناوەکانیشیان (ئاوانتیس ، ئوروتیتیس ، ئاواگازانییاو هی دی) بوون. بێگومان ئەو ناوانە ئەم گۆڕینە زمانەوانیە فراوانە پێشان دەدەن کە لە نێو هۆرییاندا لە وڵاتی سەروو (سوبارتوم) دا پێش ئەم مێژووە روویداوە یا لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش میلاد لە لایان کۆمەڵێک ئادەمزادەوە بووە کە لە رووی زمانەوە سەر بە جهانی هیندوئورووپین.لە پاڵ ئەوانەی لەمەوبەر باسمان کردن گرینگترین باسێکی لەو دەستنووسانەدا رووبەرووی دەبین ئەو ٩ کورسە وەیا خولەی ملەی (سباق) ی وڵاغە کە کەیکولی بە (نافارتانی فاژە سەنەسەیە navartane vazanasaia) ی ناوبردووە وهەر کورسێکیش لەو کورسانەی بە ناو ناوە و یونانیەکەشی (کیکلوس kyklos) ە (رفیسە rvesa) ش خول وەیا سوورِ وەیا دەور دەگەیەنێت. لەو سەدانەی کە دوای سەردەمی میتانی هاتن ئەم کورسانە بە( نافا فرائورسا nava fra jwersa) ناونران بەڵام زاراوەی ئەسپا رەفیسا ی کۆنی میتانی لە زمانی کوردیدا لە شێوەی ئەسپ رێزدا(asp rez) ماوەتەوە تێگرای ئەو کورسانە نزیکەی دوو پرسەنگ (فەرسەخ) بووە وەیا نزیکەی ١٠/٥ کم یان حەفت میل . ئەم ملەی ئەسپە لە شێوەی پێچاوپێچ بووە و بە درێژی ٧٠٠ یارد و درێژی هەر کورسەش ١٤٤٠ یاردە بووە و بە زاچارا نێو براوە . ئەم ئاهەنگانە لە مەیدانی تایبەتیدا گێڕدراون و لەدووایبدابوونەتە مەڵبەندی

شاران و هاوواتای ناوی میتانی به شێوەی مەیتانا/ مەیدان بووە لە زمانی لاتینی دا شێوەی میتا (mita - meta) ی لێوەرگیراوە بە هۆی ئەو روونکردنەوەی سەرەوەدا دەتوانین ئەسڵ و بناغەی ئەم وشە کوردیانە (مەیدان، ئەسپ، رێز و رێس) بدۆزینەوە لەبەر ئەو پیرۆزیەی کە ئەسپ لە لای وانەوە هەیبووە وشەی هەرەدوایی کە رێزە وشەی بەرێزی لێ دارێژراوە کە لە بنەڕەتدا نیشانەی وەستانی ئەسپسواران بە رێز رێزی ریک و پێک بەرامبەر گەورەی نەتەوە ، سەرۆکی هۆز، یان پێشرەوی ئایینیان بووە بەڵام لە زمانانی ئورووپیدا بە واتای کۆنی و لە شێوەی (رایس race) ماوەتەوە. هەروەها لەو بڕوانامەیەی رێککەوتنەکەی نێوان پاشا شوپیلولیومای یەکەمی حیثی و پاشا کورتی وازای میتانی تێدا تۆمار کراوە ناوی خودایانی هیندوئورووپایی وەکوو میترا(مهر)، وارونا(اهورا)، ئیندرا و ناساتیا هاتووە. ئەگەر چاو لەو وشانە بپۆشین کە ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا هەن و لە ناوی ئەو خوایانەدا پەرەیان سەندووە خۆ ئەوە ناوی ژمارەکانی میتانی وەکوو لە تێکستی کەیکولیدا دیارە تەنیا زۆر لەگەڵ ناوی ژمارەی ئەمڕۆی زمانی کوردیدا رێک دەکەوێ ویەک چینن لەنێو ئەو هەموو زمانانەی کە کەوتبوونە ئەو وڵاتە کۆنەی میتانیاچونکە هەر زمانی کوردی تاکە میراتگری زمانی میتانیە ئەگەر سەرنج بدەینە ژمارەکانی یەک، پێنج، نۆ هەمان ژمارە لە دیالکتی کرمانجی ژوورووش دا هەن و لەگەڵیدا یەک دەگرنەوە و رێککەوتوون. ژمارەی ٩ هەر بە پیرۆزی مایەوە تا سەردەمی پەیدابوونی ئیسلام . واروون بۆتەوە کە ئەو ژمارەیە پەیوەندی بە گێتی و خوڵقاندنەوە هەیە بۆیە هرتسفیلد لە کاتی خۆیدا ئەوەی باسکردووە کە وا خوای چاکە و خراپە سێ هەزارساڵ فەرمانڕەواییان کردووە هەروا سێ هەزارساڵی دیش فەرمانڕەوایی دەکەن کە سێ هەزارساڵەی دوایی دەکەونە دژ یەکتر بە ڕادەیەک هەر خوایە و کردەوەی ئەوی تریان تێک دەدات .

ئارتەر کریستنسن لە ساڵەکانی سی دا ئەم داستانەی لە بەر رۆشنایی سەرچاوەی باوەڕپێکراولەمێژوودا روونکردۆتەوە و دەڵێ :

ئەم جەنگە ماوەی ٩ هەزارساڵ دەخایێنێت و بە بەزینی جیهانی تاریکی کۆتایی دێت. ئەم باوەڕانە و داستانە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاردا رۆژبەرۆژ دەگۆڕان بەڵام ئەم هەموو باوەڕانە بە پێی ئەو زانیارییە نووسراوانەی کە زۆربەی ناوچەکانی سەرووی میزۆپۆتامیا و ئاسیای بچووک گەیشتوونە ئێمە لەوە تێپەڕ نابن کەوا دانیشتووان باوەڕیان بە خوایەک هێنابێ و شێوەی خۆری نواندبێ لە هەمان کاتیشدا بە نیشانەی خێرو چاکەداندراوە و پەرستیشی تا ماوەیەکی زۆری خایاندووە و نوێژ و ئەرکەکانی دی ئایینیان لە کاتی رۆژهەڵات وەیا رۆژاوادا کردووە . ئەو رۆڵە گرینگە شاژن نیفەرتیتی خێزانی ئەمنوفیس فیرعەونی میسر کە بە ئەخناتون (ئاتون/ خوای خۆر) گێڕاویەتەوە ئەویش داواکردنی بوو بە پرستنی تاکە خوایەک بەڵگەیەکی پاڵپشتە بۆ ئەو راستیانەی کە مێژوونووس فیلیپ فان بیرگەر دۆزیویەتەوە و بەوەی نەفەرتیتی میتانیە هەروا(قیصرصادر) لە ساڵی ١٩٣٨دا نووسیویەتی کەوا نێفەرتیتی لە خێزانێکی پاشایانی میئانی بووە و ناوی تودیهیبای میتانیە و پێشکەشی فیرعەونی میسرکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا تەفسیرکردنی هێندێک لەو داستانانە لەگەڵ رۆژگاردا دەستکاری کراوە هەتا لە نێو ئایینزاکوردییەکانی جۆراوجۆردا بە شێوەیەکی دی باسکراوە بەڵام ناوی میتانیان لە نزیکی شاری ئامێدیە ماوەتەوە لە پاڵ ئەوەشدا گوندێکی کوردی هەیە بە ناوی مەتینا و دەکەوێتە نێوان گوندی سەرکانی و توربە سپی کە لە باکووری رۆژهەڵاتی سوریا وەیا ناوچەی جەزیرە.

لە نێوچوارچێوەی دارشتنی رستە لە زمانی کوردیدا کاریگەریی هیندوئوروو‌پی لە پاشگر و پاشبەندی ئامرازانی کۆتایی ناودا گرتۆتەوە وەکوو لە سلێمانیدا ، لە سلێمانیەوە ، دەچمە هەولێرێ ، لە کەرکووک را هاتم، هێندێک لەو زمانانەی دەگەڕێنەوە هەمان گیتی زمانەوانی ئەو جۆرە دۆخە سینتاکسییانەیان پاراستووە وەک زمانی یوگوسلاوی و رومی. کە هەشت دۆخ و نیشانە تایبەتیەکانیان پاراستووە لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی کە زمانانی گێتی پێیدا تێپەڕبوون و زمانی کوردیش یەکێکە لەوان بەڵام زمانی

کوردی زۆر ناوی تۆپۆنۆمیکی (جوگرافی) ئەنتۆنومیکی(ناوی هۆز و نەتەوان) و ئەتوماستیکی ( ناوی تایبەتی) هەر بە شێوەی کۆنی پاراستووە بۆیە ئەم ناوانە دەتوانن یارمەتی ناساندنمان بۆ رووداوانی مێژوو و زمانی وڵاتی کوردەواریمان زێتر بدەن.

لە ناوی شاری پێنجوێن دا راستی داگیرکردنی کەڵچەڕی و رامیاری هلنیستیان لە سەردەمی مەقدونی و سەلوقی دوای سەدەی چوارەمی پێش زایین دا پێشان دەدرێت بۆیە شێوازی دەربڕینی ئەم ناوە بە هۆش و بیرێکی تێکەڵاو بە زمانێکی کوردی رەوان کە واتای پێنج یون یانی پێنج یونانی دەبەخشێت ئەم ناوە دەگەڕێتەوە سەر زمانێکی تەواو رێک و پێک کە لە سەردەمی سەلوقی لەم ناوچەیەدا قسەی پێکراوە و لە رووی رێزمان و دارشتنی ناوی لێکدراوەوە بۆ زمانی کوردی دەگەڕێتەوە و وشەی یەکەمی پێنج هەمان ناوی ژمارەیە کە لە نێو تێکستە میتانیەکەدا بە نزیکەی هەزارساڵێک پێش سەردەمی سەلوقیدا کوتراوە لە لایەکی ترەوە گەر بە شوێن ناوی ئەو گوندانەی ئەمڕۆی دەورووبەری شاری پێنجوێن وەک گوندی سەلاسی ، مەسۆ ، کێلو ، وولەسم ، نژمار و هی دی بکەوین وا هەست دەکەین لە وڵاتی لۆلۆبیان دا دەژین . کۆتایی ناوی دێی سەلەسی وەکوو کۆتایی ناوی شارانی لۆلۆبی بوناسی،، ئاراسی و باراهی وایە کە عەداد نیراری ئاشووری لە ساڵی ٨٠٢ ی پێش مەسیح باسی کردوون . هەمان باس بۆ وشەی ناوی نژمار دەوترێت و لە سەر کێشی ناوی شارانی لۆلۆبی خارخار و هاشمار دارێژراون کە کەوتوونەتە ناوچەی دەربەندیخانی ئەورۆ . ناوی گوندی نۆلۆ کە کەوتۆتە نزیک گوندی دەرەتفێ لە مەریوان بەری رۆژهەڵاتی پێنجوێن ئەوە پێشاندەدا کە وا دانیشتوانی لۆلۆبی بوون. هەتا ئەمڕۆش لە پاڵ ئەو ناوە کۆنانەدا ناوی تازەی کوردیش لە هەمان ناوچەدا بەرچاودەکەوێت وەک گوندی نزارە ، نەرزەنە ، خونیانە ، بوبان ، مەریوان (میهرەبانی کۆن) ، بناوەسوتە ، دۆڵاش و هی دی. لە کاتێکی درەنگ لە سەردەمی عوسمانیدا هێندێک ناوی کوردی لەگەڵ تورکیدا تێکەڵ بوون وەک قزڵجە بە واتا

شوێن یا هەرێمی سوور ، سووورداش بە واتا بەردی سوور وەیا هەر وشە کوردییەکە بە یەگجاری بۆتە ترکی وەک کارتاگ/ قرطق (قرداغ) کە کردوویانەتە ناو بۆ ئەو زنجیرە شاخاوییەی کەوتۆتە خواررووی سلێمانیەوە.

زۆربەی زۆری خێڵی کوردەواری ناوی کوردی خۆی پاراستووە وەکوو خێڵی دیفو، سینۆ هەروا جۆرێکی دی ناوی کوردی رەشکوتا، سینیکا ، ئالکا، میهرکان، مەندکان ، هەسکان، چیکان ، سلیفانا ، هەفیرکا و هی دی کە لە ناوچەکانی دەورووبەری شاری سعرت و دیاربەکرو مدیات دا دەژین. ئەو ناوانەی سەروو شێوەی هیندی ئورووپی وەیا کوردی کۆنی خۆیان پاراستووە بەڵام هێندێک ناوی تیرە و هۆزی کوردی (ی) نسبیشیان لە کۆتاییدا هەر ماوەتەوە و گەڕانەوەیان بۆ خێزان وەیا هۆز پێشاندەدات. وەک زێباری، هەرکی، تاڵەبانی. ئەم پیتە لە بنەڕەتدا بۆ زمانی لۆلۆبی / کاسی دەگەڕێتەوە کە لە کۆندا لە وڵاتی کورددا ژیاو ن و لە  زمانانی خێزانی سامیدا (و، وم) بەرامبەر ئەو (ی) نیسبەتەیە ئەگەرچی لە زمانی ئەمڕۆی فارسیدا (ئی) هەیە کە وادەزاندرێت ئی کوردی لەوەڕا هاتبێت بەڵام زاراوەی لۆلایی و بەواتای پیاوێکی لۆلۆیی و بازایی بە واتای پیاوێک لە بازووەوە ئەو راستییەی پێوەندی (ی) کوردیەکەی بە ئەسڵە عیلامیەکە روونەکاتەوە و ئەم دوو وشەیە لە ئەکەدی دا بە شێوەی لۆلۆپوم و بازووم دەگوترا. لە لایەکی ترەوە پیتی ب،پ لۆلۆپی کە نیشانەی کۆن لەو زمانانەدا کە ئەسڵیان عیلامیە لە کۆتایی ناوی وەک  نیشی ، کینیپا  هاتوون و لە کۆتایی ناوی روباری زێ داش ماوەتەوە جا لە دواییدا  ن  چۆتە سەر و بۆتە زابن ،زابان . بۆ روونکردنەوەی راستییەک کە بەو ناوەوە پێوەستە مامۆستا تۆفیق وەهبی لە کاتی خۆیدا دەڵێ :

کە وا ناوی زاب لە ذهب نیە ، مەبەستی وەرگێڕانە هەڵەکەی تورکیە بۆ شاری ئاڵتون کوپری و وشەی زێ لە زمانی کوردیدا واتای رووبار ناگەیەنێت بەڵکوو ناوێکی تایبەتی (رووباری زابە) . عوسمانیەکان لە کاتی خۆیدا وای

بۆچوون کەوا کورد نەیتوانیوە پیتی  ذ  لە وشەی ذهب دا گۆ بکا بۆیە وەکوو زابیان گۆ کردووە وەرگێڕانە تورکیەکەی وشەی، ذهب ئاڵتوونە ، ئەمە نهێنی ئەو هەڵەیە لەو نامە رەسمیەی لەو شارە نراوە لە سەر نەخشەکانی جهاندا بەڵام وشەی زێ  لەو ناوچانەی خوارووی کوردەواریدا ئەوانەی زۆربەیان کەتوونە سەر رووباری زاب وشەی زێ بە کاردێنن ئەگەرچی وشەیەکی کۆنیان هەیە بۆ ئەو مەبەستە کە ئەویش رووبارە . ئەگەر چاو لە ئەسڵی ئەو وشەیە بپۆشین ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە وا زمانی کوردی وشەی ترکی وەرنەگرتووە بەڵکوو وشەی ترکی چۆتە ناو زمانی کوردیەوە بەڵام زمانی ترکی وشەی کوردی زیاتری وەرگرتووە . وشەی قشلاغ/ قش لاغ کە چۆتە نێو زمانی کوردیەوە و هەروا زمانی عەرەبیەوە بە شێوەی قشلق واتای قەڵاو دژی هەمیشەیی دەگەیەنێت و لە لایەن هۆزی عوسمانی و سەلجوقیەوە لە کەژی زستانانددا بە کار هاتووە . ئەم وشەی قشلاغە هاوواتای وشەی بورگی کۆنە کە لە زمانی عەرەبیدا شێوەی بورجی وەرگرتووە بەرامبەر بەمە چەند ناوێکی تایبەتی کە لە ئەسڵدا لە زمانی کوردی ئاوەڵناون چۆتە نێو زمانانی ترکی و عەرەبیدا و بوونەتە بەشێک لە مێژووی ئەو زمانانەدا وەکوو شیرین، نەرمین، شەرمین ، وشەی شیر، نەرم، شەرم بە یارمەتی پاشگری ین ئاوەڵناوی دارێژراویان لێ دارێژراوە و بۆ ناوی تایبەتی بە کاردێن.

لە پاڵ نیشانەی کۆی عیلامی (ب،پ) پاشگری (ش) وەیا (اش) بە زۆری لە کۆتایی ناوی جوگرافی و ناوی تایبەتی زمانانی لۆلۆپی و عیلامی و کاس بە دەردەکەوێ وەک سیماش، کیماش، تورکیش و هی دی وادیارە ئەم پاشێرە پەیوەندی بە پاشگری (سی) یەوە هەیە کە لە کۆتایی ناوی شارانی لۆلۆپی وەک ئاداسی ، باراهسی بەرچاو دەکەون بەڵام ئەم پاشگرە وەکوو یاسایەکی گشتی لە کۆتایی ناوی کاسی دا مایەوە و لە پێش هەموویانەوە ناوی نەتەوەیی خوایان (کاش) و شێوەی ئەکەدیشی (کاششو) بوو و بە هۆیەوە وەکوو نەتەوەیەکی یەکگرتوو ناودار بوون هەروا ئەم پاشگرە لە کۆتایی ناوی پاشایانیان وەک گانداش ، کاشتیلیاش بەرچاو دەکەوێت هەتا ناوی وڵاتی

بابل لە سەردەمی فەرمانڕەواییاندا بە ناوی کاردونیاش بە ناوبانگ بوو و شاری ئاشنوناکی عیلامیانیش بە توپلیاش ناونرابوو. ئەم پاشگرە لای دیاکۆنۆف وڵات وەیا خاک دەگەیەنێت کە بوونی لە کۆتایی ناوی تایبەتیدا ناگونجێت وەکوو ناوی ئەو پاشایانەی کە لەمەوبەر باسکران چونکە وشەی کاسی، میری لە میریاش (خاک،زەوی) کە خوای دایکی نواندووە بەرامبەرەکەی میریزیر وەیا موروی عیلامیە بە واتای زەوی . ئەم وشەیە بە شێوەی میر لە زمانی رووسی و زمانانی سلاڤی دی دا مایەوە و واتای زەوی وەیا گیتی دەبەخشێت بێگومان هیندی و کاسی لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەدا لە هەمان قۆناغی مێژوویدا هاوبەش بوون لە لایەکی دییەوە خوای خۆر (سوریاش) ی کاشی هەر سوریای سانسکریتییە کە هاوبەشی دارشتنی ناوی کردووە وەک ناوی پاشای کاشی شاگاراکتی سوریاس لە سەدەی سێزدەهەمی پێش میلاددا و سوریا ئەمڕۆ وەکوو ناوێکی کوردی بۆ کچان بە کار دێت چونکە شێوەی سوریاهو ی لەسەردەمی مێدیەوە وەرگرتووە . بوونی هێندێک ناوی خودا و پادشایان لە لای کاشییان لە کاتی خۆیدا (سەرەتای سەدەی بیستەم) بووە هۆی سەرهەڵدانی باوەڕی ناراست کە دەیانگوت کاشی لە گەلانی هیندوئورووپایین بەڵام لە راستیدا ئەم باسە پەیوەندی هەر بە کۆمەڵێک هاوزمانی میتانیان بوو و لە هەمان پلەی مێژوویدا لە ناوچەکانی خوارووی شاخەکانی کوردەواری بڵاو ببوونەوە و چینێکی دەسەڵاتدار بە تایبەتی پیاوە ئایینیەکانیان لە نێو کاشیاندا پێک هێنابوو. ئەمەش بێگومان دوای بڵاوبوونەوەی ئایدیولوژیەتی رووحی کە بوو بە بناغەی ستروکتوری بیریان . بێشک ئەم گۆڕانانە لە کۆتایی هەزارەی سێ و سەرەتای هەزارەی دووی پێش میلاد روویداوە . ئەم کاتە هەمان قوناغی گۆڕان دەگرێتەوە لە وڵاتی سەرووی میزوپوتامیاش لەو ناوچەیەی کە لە حیثی و ئەکەدیدا بە کۆرکۆرمیش ئۆگۆ وەیا کوێستان لە دواییدا وڵاتی کوێستان لە عەرەبیدا. سوریا و سوار هەمان دارشتنی رۆژهەڵاتی هەمان بیروڕایە بەرامبەرەکەی لە رۆژاوادا خواروخۆر بووە بەڵام هەردوو شێوەکەی لەو وڵاتەدا بەکارهاتووە بۆ وێنە ناوێک لە ناوانی پاشایانی میتانی

له شێوەی سواردااتا به واتای خودادادی خۆر کەچی خەڵکەکه به خۆریان نێودار بوون. ئەم باره تەنیا چینی فەرنڕەوا و ئوروستۆکراتی دەگرتەوه کە زمانێکی هیندوئورووپیان کردبووه زمانی رۆشنبیری و ئایین بەڵام چینی خوارووی کۆمەڵی کاشی و خوری که مشکینو شێوەی ئەکەدی و مسکینی کوردی بوون زمانی ئەسڵی خۆیان پاراستووه . سەرچاوەکان هەواڵی هیچ هێرشێک وەیا به زۆری داگیرکردنێکی وڵاتی ژووروو له لایەن سوارانی هیندوئورووپییەوه نادەن به دەستەوه بەڵام دەستنووسەکانی بابلی باسی ئەو تاکه هێرشەی حیثیان له سەردەمی پاشای بابلی سمسودیتانا دژی ئەکەد له ساڵی ١٥٩٥ ی پێش مەسیح دەکەن . تێکدانی وڵاتی حوریان له دوای بابل بوو هەر وەکوو ئێرنێست هرتسفیلد لەو تێکستانەدا باسیان دەکا کە پێوەندی بەورووداوەوه هەبوو دەڵێ: وێرانکارییەکه هەموو وڵاتی هوری وەیا وڵاتی هوری و ئازی پێکەوه گرتۆتەوه که له دواییدا بوونه مەڵبەندی ئەمپراتووریەتی میتانی له سەرچاوەکانی رووباری خاپوورەوه کە ناوجەرگەکەی به هانی گاڵبات وەیا ناوچەی دەرسیم و دەورووبەری شارانی ئوروشوو/ ئەرزەنجان ، ئازەرنابیا/ ئەرزرووم گرتۆتەوه پاشای حیثی هاتووسیلیسی سێیەم له هێندێک لایەنی ئاسیای بچووکدا له بەندێکی فەرمانەکانیدا دەڵێ :

دوژمنی ئازی هات و هەموو کورکورمیش ئوگوی تاڵانکرد و شاموحای کرده سەنگەری خۆی. وەیا دانیشتوانی ناوچەیی وڵاتی سەرویان داگیر کرد و ناوچەی دیاربەکریان کرده سەنگەری خۆیان . هرتسفیلد وای بۆ دەچێ کەوا رووباری مرادسو بوه سنوورێکی نێوان وڵاتی هوری و ئاززی له وڵاتی سەروودا . له بەر ئەوەی ناوی ئاززی و هەیاشا (هایا) دوو ناوی هاوواتا بوون له نووسراوانی پاشای حیثی مورسلی دا هرتسفیلد ئەوەشی دەخاتە سەری کەوا هایا شێوەی کۆنی هایکه بۆ ناوی نەتەوەیی ئەرمەنیان که واته رووباری مرادسو سنووری نێوان ئەرمەن و وڵاتی خاریا (خوریان) بوو. له نێو ناوی شاراندا له تێکستی حیثی دا که پێوەندی به وڵاتی حوریانەوه هەیه

شاری بورشخەند کە شێوەی ئاشووری بوروشخانوم بووە بەرچاو دەکەوێ ، بڕگەی یەکەمی لە شێوەی ( bhrgh) کە واتای بەرزی کوردی دەبەخشێت لە پاڵ ناوی شاری ماشوهەند وەیا ماشهوتنا ، بڕگەی یەکەمی واتای مەزنی کوردی دەگەیەنێت . ئەو بڵاوبوونەوە فراوانەی زمانی هیندوئورووپی هەموو وڵاتی شاخاوی و ئاسیای بچووکی گرتبۆوە هەروا هەمان بار لەگەڵ خوای بوریاش خوای باوباران لە لای کاشیاندا روویداوە وکە چۆتە ناو نێوی پاشایانیانەوە وەکوو ئولام بوریاش، کاداشمان بوریاش، تازیبوریاش کە لە یونان‌دا بوریاسیان پێگوتووە بە واتای رەشەبای باکوور ئێستەش لە زمانانی سلاڤی دا بەم ناوە ماوەتەوە . لە زمانی کوردیدا بە شێوەی بۆران وەیا بۆریان لە دیالکتی گۆراندا بە کاردێت لەگەڵ ئەوەی بۆران بۆ ناوی ژنان بە کاردێت لە هەمانکاتدا سەرماو سۆڵ و تۆف و باران و بەفرێکی زۆر دەگەیەنێت . گەر نیشانەی (ان) لە وشەی بۆران لابەرین تەنیا بۆر دەمێنێت کە هرتسفیلد دەڵێ واتای گەورەی گەیاندووە لە کۆندا. لە زمانی کاسیدا لە پاڵ ئە ناوانەدا ناوی ( بوگاش ) یش هاتووەکە باگایە و لە زمانانی سلاڤی دا لە شێوەی بۆگ بە واتای خوا ماوەتەوە و ئەمڕۆ بە کاردێت. لەبەر رۆشنایی ئەوەی لەمەوبەر باسکرا پاشگری (یاش) ی کاسی کەوتۆتە دوای ناوی خوایان و ناوانی تایبەتی لە پاڵ ناوی جوگرافی یەوە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو پاشگرە لە زمانی گوتیدا لە شێوەی (وش، یش) دا بووە وهەروا بە کۆتایی کاری رابردووەوە لە عیلامیدا لکاوە وەکوو هوتتاش/ کار، تیریش/ وتی، تالاشە/ نووسی هەروا بە کۆتایی ناوی خوایانی عیلامیەوەش لکاوە وەک لیلاپرتاش، هونیان نوکاش، تیمتی راپتاش ، کوک کیرواش. لە دیالکتی هەورامی زمانی کوردیدا پیتێکی (ش) وەکوو ئەمە دەچێتە سەرکار وەکوو بەردش، واردش، کەردش کە بەرامبەرەکەی لە دیالکتەکانی دی زمانی کوردیدا بردی، خواردی، کردی یە. ئەم پاشگرە لە زمانانی هیندوئورووپاییدا وەک هیتی و ئاوێستایی بە کار هاتووە و هەروەها لە زمانی هوریشدا لە شێوەی س، ئیس بە دیار دەکەوێ . ئەو پێوەندەی نێوان هیتی و کوردیدا لە سەرەتای پەیدابوونیدا بە رێگای میتانیەوە بووە چونکە هەردوو زمانەکە

له یەک خێزانن و هاوسێی یەکیش بوون و هیثیش دۆستی بە هێزی سیاسی میتانیان بوون وەنەبێ پێوەندییەکەیان هەر لەم پاشگرەوە بێت بەڵکوو پرۆفسۆر هروزنی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا توانی چۆنیەتیی دارشتنی کاری رانەبردوو لە زمانی هیثیدا روون بکاتەوە کە بکەری بۆ کەسی تاک کۆتایی بە آن هاتووە. هەمان باری رێزمانی لە زمانی کوردی نوێدا بەرچاو دەکەوێت و نێوی بکەر لە چوونە سەری پاشگری وان دادەرێژرێت وەک گاوان، مەڕوان، پەزوان، رەزوان.....هتد.

لە زمانی هیثیدا بکەری رەسەنی نێر لە هێندێک باری دیدا بە انت ، ان کۆتایی دەهات وەکوو وشەی مامەند، هۆشمەند لە کوردیدا. چاوگەی دان ی هیثی شێوەی دانتێسی لە باری بکەری کۆی رەسەنی نێری هەبووە کە پڕ بە پڕی دانتێسی لاتینیە و لە زمانی کوردیدا لە شێوەی دان دا ماوەتەوە بە بێ کاری یارمەتیدەر هەس، هەبوون، هەیین کە وادیارە لە کوردی کۆندا لەگەڵ ئەم کارانەدا بە کارهاتووە وەکوو چۆن کۆم هەبوون بۆتە کۆمبوون و بە هەمان جۆر گیرهەبوون ، داهەبوون و ....هتد بوونەتە گیربوون ، دابوون. هیچ سەیریش نییە ئەگەر بزانین وشەی دان لەو دیاری و قوربانیانەوە هاتووە کە پێشکەش خوایان دەکران بۆیە وشەی دونوم ی لاتینی و دانای هیثی مانای دیاری دەبەخشن و لە دوای پەرەسەندنی پێوەندی ئابوورییەوە ئەم وشەیەش مانای پەرەی سەند و لە زمانانی سلاڤیدا بە شێوەی دانک بە واتای باژ بەکارهاتووە کە پێشکەش دەرەبەگ و لە دواییدا میری کراوە. بەم جۆرە دەبینین کە زمانی کوردی بناغەکەی پێش میلاد داهاتووە و پێوەندی بە زمانانی ناوچەییەکانی وڵاتی کوردەواری هەبووە پاشان بە زاڵبوونی چەند زمانێکی سەر بە خێزانی هیندوئورووپایی رستەکانی دارێژراوە سەرەڕای کاریگەری زمانە پیرۆزەکانی ئەو ئایینانە کە لەوێدا بڵاو بوونەتەوە تا وەکوو ئیسلام داهاتووە.

## زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (١٥)

## ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

وێژەی کوردی و زمانی پێوەر

نووسینی ئەحمەد ئەحمەدیان ماستەڕی زمانەوانی ، مامۆستای زانستگای ئازادی مهاباد.

سەرچاوە: کتێبی ئەدەبی کوردی ، زانستگای کوردستان توێژینگەی زمان و ئەدەبی کوردی

### کورتە

هەڵبژاردن و دەستەبەرکردنی زمانی پێوەر(یەکگرتوو) لەم بابەتە سەرنجڕاکێشانەیە کە لە زانستی زماننناسیی کۆمەڵایەتیدا کە بە زانستێکی ( نێوان رشتەیی ) دەزانرێ و شڕۆفە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی شی دەکرێتەوە . باس لەم بابەتە لە نێوان لقەکانی زانستی زماننناسی کۆمەڵایەتی دەکەویتە خانەی دارشتنی پلانی زمانی و لە ئاکامدا لە رەهەندی دارشتنی پلانی پێگەی زمان خۆ دەدۆزێتەوە و دەگیرسێتەوە. لەم وتارەدا دوای هێنانە ئارای ئەم پۆلێنبەندیە و



پێناسە جیاجیایانەی سەبارەت بە زمانی پێوەر لە ئارادان پێناسەی دوو زمانناسی سەردەرچوو و ناسراو : گاروین و ماتیو کە لەوانی تر گشتگیرترو زانستی ترە بە تایبەتی باس دەکرێت . بە بڕوای ئەو دوو زمانناسە زمانی پێوەر بەم زمان وێنەیە دەکوترێ کە هەڵگری دوو تایبەتمەندی سەرەکی و گشتگیری دامەزراوێتی و سەقامگیرێتیە و لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە ئاخێوەرانی یەک زمان وەک زمانی پێوەر و پاڕادیم پەسند کراوە و کەڵکی پێویست و هەمەلایەنەی لێ وەردەگیرێت . زمانی پێوەر خاوەنی هێندێک تایبەتمەندییە کە دەکرێ لە ژێر دوو چەمکی :

١، بگورەکانی زمانی کە داگری تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەییە.

٢، بگۆڕەرکانی غەیرە زمانی کە داگری هەڵوێستەکان و ئەرکەکانە.

بێنە ژێرباس و پۆلێنبەندی بکرێن. لەم وتارەدا دوای تاوتۆێ کردنی بنج و بناوانی زمانی پێوەر و تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی، ئەو بابەتە دێتە گۆڕێ کە ئەو زمانە ئەدەبییەی ئێستا بووە بە زمانی ئەدەیی یەکگرتووی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان و ئەو کوردانەی بە سێ دیالێکتی کوردی دەدوێن بەو زمانە دەخوێنن و دەنووسن و زمانی نووسینی ئەدەبیاتیانە ، ئەو زمانە لە سەرەتاوە لە شاری سلێمانیدا بوو بە زمانی ئەدەبیات و بڵاو بۆوە و هەموو ئەو تێکەڵبوون و تواندنەوە و رۆچوونەی بەسەردا هاتووە کە بە سەرزمانی ئەدەیی یەکگرتووی هەموو گەلان دادێت تا دەبێتە زمانی ئەدەیی هەموو نەتەوەکە. هەروەها لەم وتارەدا باس لەوە کراوە کە ئەو دیالێکتە کوردییەی لە سەرەتاوە شیعری نالی و سالم و کوردیی پێ نووسرا تەواو ئەو دیالێکتە نەبوو کە خەڵکی سلێمانی پێی دەپەیفین بەڵکوو هەروەک خەڵکی سلێمانی خۆیان تێکەڵ بوون و گەر شێوەی قسەکردنیان کاریگەری چەند دیالێکتی جیاوازی کوردیشی تیادیار نەبووبێ ئەوا چەند بەشە دیالێکتێ هەر کاری تێکردووە هەروەها ئەو تێکەڵییە لە زمانە ئەدەبییەکەشدا هەر دیاربوو.

**دەسپێک :**

سووکە ئاوڕێک بە سەر لایەنی تێئوریکی زمانی یەکگرتوو.

سەقامگیر بوونی زمانی یەکگرتوو رەوتێکە کە بە پێی ئەو رەوتە یەک شێوەی تایبەتی لە زمان وەک زمانی یەکگرتوو دەست نیشان دەکرێ و دەبێتە نموونە و پاڕادیم و تایبەتمەندییەکانی فونەتیک و گراماتیک و رێنووسی تایبەتی ئەم شێوەیە و ئەم پارادیمە زمانییە بە هۆی ئەوەی شێوەیەکی بەرزتر و گونجاوترە لە چاو شێوەکانی تری کۆمەڵایەتی و ناوچەیی بە چەشنێکی بەربڵاو رەچاو دەکرێ و دەسەلمێندرێ و پەرەی پێدەدرێت . لە روانگەی رای رەوتی سەقامگیربوونی زمانی یەکگرتوو بەم چەشنەیە:

١، قۆناغی هەڵبژاردنی شێوەیەک لە شێوەکانی زمان وەک وێنە و پارادیمێک بۆ چاولێکەری و گشتگیربوون.

٢، قۆناغی پەرەپێدان و گشتگیرکردنی ئەم شێوە هەڵبژاردەیە لە پانتایی کۆمەڵگای زمانیدا کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی بەرزنرخاندن و سەرەتای ئەم شێوە هەڵبژاردەیە لە بەرابەر دەگەڵ شێوەکان و وێنەکانی تری ئەم زمانە لە ناو ئەم کۆمەڵگایەی وا ئەو زمانە لە برەو دایە . زمانی یەکگرتوو خاوەنی هێندێک تایبەتمەندی زمانی و غەیرە زمانیە کە دەکرێ لە ژێر سێ چەمکی : تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەیی structural features ئەرکەکان functions و هەڵوێستەکان attitudes بێنە ژێر باس و پۆلێنبەندی بکرێن. تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەیی لە ژێر سەردێری بگۆڕەکانی زمانی باس دەکرێن و ئەرکەکان و هەڵوێستەکان لە ژێر سەردێری بگۆڕەکانی غەیرە زمانی .

بگۆڕەکانی زمانی linguistic variables داگری دوو تایبەتمەندی پێکهاتەیی و بنەڕەتین کە بریتین لە :

سەقامگیرێتی شلک ( flexible stability) و لێهاتوویی ئاوەزتەوەر ( intellectualization) واتا زمانی یەکگرتوو بۆ ئەوەی لێهاتوویی و کارامەیی و توانستی چاوەڕوانکراو و پێویستی هەبێ دەبێ لە لایەکەوە نەگۆڕ و سەقامگیر و دامەزراو بێ و لە لایەکی ترەوە لە سەر گۆڕانکاری کولتووری و زانستی هاوپەیوەند دەگەڵ بارودۆخی سەردەم و چوونە سەری راەە و پلەی رۆشنبیریی کۆمەڵگا کە هەمووی ئەوانە پێداویستیان بە دیاردەی وشەڕۆنان لە دەفەری جیاجیادا هەیە شلک و بگۆڕ بێ و دەوری کاریگەر و چالاک بە خۆیەوە ببینێ . کەوابوو زمانی یەکگرتوو دەبێ توانایی ئافراندن و بەرهەمهێنان و رۆنانی وشە و رێکەوەند و ئیدیۆمی نوێباوی گونجاولەگەڵ چەمکە زانستی و کولتووریەکانی سەر بە لق و دەفەرە جیاجیاکانی زانست و ئەندیشە و رۆشنبیریی باوی سەردەمی هەبێت. بگۆڕەکانی غەیرە زمانی ( nonlinguistic variables) بریتین لە چوار ئەرک(funktion) و سێ هەڵوێستە ( attitude) ی پەیوەندیدار لە نێوان سەرجەم ئەرکەکانی زمانی یەکگرتوودا . سێ ئەرکی ١، رێکخەرەوە ( unifyin) ٢، جیاکەرەوە ( separatist ) ٣، پلە و پایە بەخشی ( prestige ) پتر لایەنی کۆنکرێت و بەرجەستەی تێدا بەرچاوە. ئەم ئەرکانەی پێشوو دەبنە هۆی پێکهاتنی سێ هەڵوێستەی ژێرەوە لە نێو ئاخێوەرانی زمانی یەکگرتوودا:

١، خۆشەویستی و لایەنگری( loyality) ٢، شانازی( pride) ٣، ئاگاداری لە رێساکان( awareness of noems ) لە نێو ئەو سێ هەڵوێستەدا ،هەڵوێستەی خۆشەویستی و لایەگرێتی دەگەڵ ئەرکەکانی رێکخەرەوە ، جیاکەرەوە هاوپەیوەندە و هەڵوێستەی شانازی دەگەڵ ئەرکی ژێدەرێتی و سەرچاوە بوون هاوپێوەند و هاورەگەزن. ئەو خاڵانەی باسکران کورتەی سەرجەم بیروڕای دوو زماننـاسی پسپۆڕ و شارەزای بواری زماننـاسی کۆمەڵایەتی( sociolinguistics) لە مەڕ زمانی یەکگرتوودایە کە بریتین لە (گاروین) و (ماتیو) . پێناسە و پۆلێنبەندی ئەم دوو زماننـاسە لەوانیتر گشتگیرتر و زانستیترە . جاری واهەیە زمانی یەکگرتوو لە ئەنجامی

تێکەڵبوونی چەند دیالێکتەوە پەیدا دەبێت بەڵام دروستبوونی زمانی یەکگرتوو فەوتان و نەمانی دیالێکتێک ناگەیەنێ چونکە زمانی یەکگرتوو شتێکە و دیالێکت شتێکی تر. لەگەڵ گەشەسەندنی زمانی یەکگرتووشدا دیالێکتەکانی زمانیش هەریەکە بە رێگەیەکدا گەشە دەستێنێ و دەبێتە گەنجی وشە وەرگرتن و دەوڵەمەند کردنی زمانەکە . پەیدا بوونی زمانی یەکگرتوو زۆرتر بەستراوە بە پەیدابوونی نەتەوەوە ، مەبەست نەتەوەیە بە مەعنای عیلمیەکەی . تا ئێستا زۆر لە زانایان تەعریفی نەتەوەیان کردووە بەڵام پوختەترینیان هەر ئەو تەعریفەی یوسف شتالینە کە دەڵێ : نەتەوە کۆمەڵێکی جێگر بووە لە خەڵک کە لە بەرەوەپێشچوونی مێژوودا دروست بووە و یەک زمان و یەک زەوی و وڵات و ژیانێکی ئابووری یەکگرتوو و سایکۆلۆژیەتێکی ئەوتۆیان هەیە کە بەشێک بێت لە کەڵچەر و کولتووری هاوبەشیان بەڵام زۆرجار پێش ئەوەش کە مەرجەکانی نەتەوە لە گەڵێکدا تەواو بێت کە زمان یەکیانە زمانی یەکگرتوو پەیدا دەبێ . بۆ سەلماندنی ئەوراستیە با بزانین ئەو مەرجانە چین کە زمانێکیان پێ دەبێت بە زمانێکی یەکگرتوو . فیلۆلۆژەکانی هەموو جیهان ئێستا لە سەر ئەو باوەڕەن کە یەکبوونی سێ شت لە چەند دیالێکتێکی زماندا ئەو زمانە ئەکات بە زمانێکی یەکگرتوو ئەم سێ شتەش ئەمانەن :

١، گراماتیکی زمان(مۆرفۆلۆژ ی بەئیزافەی سینتاکس ) ٢، فۆنەتیک ٣، بنەڕتی فەرهەنگی زمان هەر وەها بیروڕای خودی نەتەوەکە .

## لایەنی پراکتیکی زمانی یەکگرتوو

بە بڕوای من لایەنی بە تۆپزی (تجویزی prespective) ڕەوتی سەقامگیرکردنی زمانی یەکگرتوو بە سەر لایەنی خۆبەخۆیی(خودکار automatic ) و سروشتیی ئەو رەوتەدا زاڵە ، بە تەعبیرێکی تر وەدیهاتنی ئەودیاردە گرینگە زمانەوانییە پشتیوانی هەمە لایەنەی دەسەڵات و دەزگا حکومیە پێوەندیدارەکانی گەرەکە و بە بێ یارمەتی فرە رەهەند و گشتگیری

دەسەڵات و دام و دەزگا فەرهەنگی و رۆشنبیریە هاوپێوەندە دەوڵەتییەکان رەوتی بە زمانی یەکگرتووکردنی یەک یان دوو شێوەزار مسوگەر نابێ یان ئەگەر مسۆگەریش بێ رەوتەکە یەگجار درێژخایەن و یەگجار نا دەرهەست (غیرمحسوس) دەبێت و تەمەنی نووحی گەرەکە . هەر لەم پێوەندییەدا بڕوام وایە ئەم رەوتە پتر لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی چەمکی پرۆژەدا دەگونجێ نەک پرۆسە.

بێتو ئەو بیرۆکەی پێشوو واتە بە تۆپزی کردنی رەوتی سەقامگیر کردنی زمانی یەکگرتوو وەک راستییەک بسەلمێنین و باوەڕی پێ بهێنین لە ئاکامدا دێینە سەر ئەو قەناعەتە کە هەلومەرجی ژێئوپولیتیکی جیاوازی هەرکام لەو چوار بەشەی کوردستان دەتوانێ وەک فاکتەرێکی سەرەکی و یەگجار گرینگ جیاکەرەوەی ئەو رەوت و میکانیزمە و ئەو پڕۆژەیە بێ واتە هەرکام لەو چوار بەشە لەو بوارەدا میکانیزم و رەوت و پرۆژەی تایبەتی خۆی گەرەکە بەڵام کوردستانی تورکیە و کوردستانی سوریە لە دوو بوار وەک یەک دەچن یەکەم شێوازین کرمانجی سەروو ، دووهەم شێوە نووسینی لاتین . لە مەڕ کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراقیش دیسان بە هەمان شێوە لە دوولایەن وەک یەک وان :

یەکەم شێوازی سۆرانی ، دووهەم شێوە نووسینی ئارامی ، کەوابوو لە ئاکامدا بەو قەناعەتە دەگەین کە پرۆژەی سەقامگیر کردنی زمانی یەکگرتووی کوردی لە کوردستانی تورکیە و کوردستانی سوریە دەتوانێ زۆر وەک یەک بچن بە هەمان شێوە ئەو رەوتە و ئەو پرۆژەیە لە کوردستانی ئێران و عێراقیش خاوەنی گەلێک لێکچوون و خاڵی هابەشن. بە بڕوای من لە باری تێئۆریک و لە روانگەی نەزەرییەوە و لە ئاسۆیەکی ئارمانخوازانەدا بێتوو یەک شێواز بە تۆپزی وەک زمانی یەکگرتووی کوردی بۆ سەرجەم ئەو چوار بەشەی کوردستان مەشرووعیيەتی پێ بدرێ و بچەسپێندرێت و وەک زمانی یەکگرتووی تاقانە بەهای پێویستی پێ بدرێ و ببێتە زمانی نووسین و زمانی

راگەیاندن و زمانی پەروەردە لە هەر چوار بەشی کوردستان ئەوا لە راستیدا پێش نیاز و پێداویستی سەرەکی ئەو پرۆژە ئارمانخوازە ئەوەیە کە پێشەکی پرۆژەیەکی زمانەوانی دی سەقامگیر بکرێ و بێتە بەرهەم ئەویش بریتیە لە شێوە رێنووسی یەکگرتوو. لە باری شێوە ناسیەوە ( روش شناسیmethodology) پێویستە پرۆژەی شێوە رێنووسی یەکگرتوو وەپێش زمانی یەکگرتوو بکەوێ یان بە تەعبیرێکی تر پرۆژەی ئارمانخوازانەی زمانی یەکگرتووی تاقانە بەرهەم نایا و سەقامگیر نابێ مەگەر پرۆژەی ئارمانخوازانەی شێوە رێنووسی یەکگرتووی تاقانە وە پێش بخرێت. لە باری زمانەوانییەوە و لە روانگەی رەچەلەکناسی زمانییەوە ( linguistic typology) چەند زمانی وەک عەرەبی، یونانی، چێکی و... خاوەنی تایبەتمەندییەکن بە ناوی دووزمان وێنە (دوزبانگونە diglossia ) ئەو تایبەتمەندییە بەم چەشنەیە کە لەو زمانانەدا دوو چەشنە زمان یا شێواز بەدی دەکرێ . یەکەم زمان وێنەی بەرز (زبانگونە عالی H-variety ) دووهەم زمان وێنەی رەشۆکی (زبانگونە عامیانەl-variety ) . زمان وێنەی بەرز لە راستیدا زمانی نووسین و وێژەیە و زمان وێنەی رەشۆکی زمانی ئاخافتنە . لەو زمانانەی گۆریندا ئەو دوو زمان وێنەیە زمان وێنەی بەرز و زمان وێنەی رەشۆکی هێندە لێک جیاوازن کە بۆ وێنە ئاخێوەرێکی عەرەب زمان کە زمانی زگماکی عەرەبییە بە بێ فێرکاری توانایی حاڵی بوون و تێگەیشتن لە زمانی عەرەبیی بەرزی نیە. پێچەوانەی ئەم دیاردەیەش هەر بەدی دەکرێت واتە خوێندەوارێکی غەیرە عەرەبی بەشی زمانی عەرەبی دەرچووی پلەی ماجیستێر و تەنانەت دوکتورا لە زمانی عەرەبی رەشۆکی تێناگا یان زۆرکەم تێدەگا. وێدەچێ کە زمانی نووسین و ئاخافتنی کوردیش لەم دواییانەدا بەرە بەرە بە چەشنێکی دەستکرد تووشی ئەو تایبەتمەندییە نەخوازراوە هاتووە. ئەو هەل و مەرجە و ئەو بارودۆخە بەو قەناعەتەمان دەگەیەنێت کە بێتوو پرۆژەی زمانی یەکگرتووی کوردیش بێتە بەرهەم و سەقامگیر بێ ئەو زمانە یەکگرتوویە لە راستیدا زمانی یەکگرتووی نووسین دەبێ و لە سەر بنچینەی زمان وێنەی بەرز رۆدەندرێت ئەوە لە حالێکدایە

که زمانی یەکگرتوو دەبێ هاوکات زمانی یەکگرتووی نووسین و پەروەردە و راگەیەنەرە گشتیەکان بێ هەڵبەت بەو تێبینیە کە لە بارودۆخی ئاساییدا زمانی نووسین و زمانی ئاخافتن لێک جیاوازن بەڵام نەک بەو رادەیەی کە ئاخێوەرێک کە زمانەکە زمانی زگماکی ئەوە لە زمان وێنەی بەرز زمانی نووسین بە رادەیەکی یەگجار کەم حاڵی بێ یان خوێندکارێک کە دەرچووی قۆناغی ماجیستێر و دوکتورای ئەو زمانەیە لە زمان وێنەی رەشۆکی ..زمانی ئاخافتن بە رێژەیەکی زۆرزۆر نزم و داکشاو تێبگات.

ئاشکرایە زمانی نووسین و قسەکردنی هەموو نەتەوەیەک کەم و زۆر لێکتر جیاوازیان هەیە خۆتان دەزانن ئەوفارسیەی دەنووسرێ دەگەڵ ئەوەی قسەی پێدەکرێ هێندێک فەرقیان هەیە بەڵام ئەوەندە زۆر نییە و ئەوە وای لە من کردوە کە بۆ زمانی کوردیش هەر سنوورێکی ئاوا رەچاو بکەم . کە دێینە سەر زمانی عەرەبی مەسەلەکە بە جارێکی دەگۆڕێ چونکە ئەو عەرەبییەی دەنوسرێ دەگەڵ ئەو عەرەبییەی قسەی پێدەکرێ (لە هەر وڵاتێکی عەرەبیش بە شێوەیەکی تایبەتی قسە دەکرێ) زۆر لێک جیاوازن و ئەوە کاری کردۆتە سەر خوێندکاری کورد لە عێراق و لایان وایە زمانی نووسینی کوردی دەگەڵ ئ ی قسەکردن ئەوەندەی عەرەبی یا نزیک بەو دەبێ لێک جودا بن من ئەوە بە راست نازانم و لام وایە کە زمانی عەرەبی بە هۆی شەرایتێکی زۆر تایبەتی ئەو حاڵەتەی وەرگرتووە کە لە هیچ زمانێکی تردا نابیندرێ و بۆ هیچ زمانێکیش دووپاتە نابێتەوە .

دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنی وشە و پیتەکان و هێندێک وردەکاریی رێزمانی زمانەکەمان هەر لە سەرەتاکانی هەوڵی چەسپاندنی زمانێکی یەکگرتوودا لە ساڵی ١٩١٣ لە لایەن کۆمەڵەی هێڤی لە ئیستامبوول هەتا پاش رووخانی کۆماری کوردستان هەروەها لە پاشانیش هەموو لایەک خەونیان بە زمانێکی یەکگرتووی کوردییەوە بینیوە و ئەو مەسەلەیە چ بۆ گەشەکردن و پێش وەچوونی زمانەکەمان ، چ بۆ یەکگرتنەوەی زمانی ئەدەبی کوردیمان

مەسەلەیەکی یەگجار گرینگە لەبەر ئەوەشە کە دەبێ ئەو پیتانە پەسند بکرێن کە دەگەڵ بارودۆخ و تایبەتمەندییەکانی زمان و نووسینی کوردی دەگونجێن. لە کوردستانی باشووردا ئەلفویێی عەرەبی هەتا ئاستێکی یەگجار پێشکەوتوە و شوێن پێی خۆی کردۆتەوە و بە شێوەیەکی گەورە خزمەت کراوە بنکە زانستییەکانی خۆی وەکوو زمانێکی یەکگرتوو رەگ و ریشەی خۆی چەسپاندووە لەبەر ئەوەشە کە هرگیز ناکرێ ئەو هەوڵ و کۆششە لە بەرچاو نەگێرێ . ئەلفویێی عەرەبی باشترین بڕیار و چارەسەرە و دەگەڵ ئەوەش دەبێت لە قوتابخانە و هەر لە پۆلەکانی ناوەندیی خوێندن لە تەک ئەلفویێی عەرەبیی قوتابیان شارەزاییان دەربارەی ئەلفویێی لاتینیش هەبێت. دیارە بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی باشووردا ناتوانێ داوای چەسپاندنی بریارەکانی بکات لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا واتە تورکیە، سووریا، ئێران و ئەرمەنستان. ئەم مەسەلەیەش زۆر ئاشکرایە و دەبێت بە شێوەیەکی واقعبینانە سەیری بارودۆخی ئەمرۆکەی گەلی کورد و کوردستان بکەین. لە بەر ئەوەشە ناکرێ ئەلفویێی عەرەبی بسەپێندریت بە سەر ئەو وڵاتانەی باسمان کردن و دەبێ ئەوەش بڵێین کە بڕیاردان بە دەست کورد خۆیەتی بەڵام جێبەجێ کردنەکەی بە دەست خۆی نییە . گەر بڕیاردان و جێ بە جێ کردن هەردووکیان لە دەسەڵاتی کورد خۆی دا بووایە ئەو کاتە باسێکی دیکە بوو . ئێمە نەک هەر ئەلفوبێیەکی یەکگرتوومان نییە بەڵکوو تا ئێستا زمانێکی وێژەی یەکگرتووی نووسین و خوێندنەوەشمان نییە چونکە زمانی کوردی لە چەند دیالێکت و خوار دیالێکتی جیاواز پێک هاتووە ، هەر دیالێکتەش بە جۆرە پیتێکی تایبەتی دەنووسرێ . هێندێ جیاوازی دیکەش لە نێوان رێزمانی هێندێ لە دیالێکتەکاندا هەیە لە بەر ئەوە گەر بیر لە زمانێکی ستاندارد بکەینەوە پێشەکی دەبێ هەوڵێکی زۆر بدەین ئەلفویێی کوردی یەکخەین هەر چەندە ئەو کوردانەی بە بەشە دیالێکتی کرمانجیی خواروو دەدوێن و بە پیتی عەرەبی دەنووسن تا رادەیەک زمانێکی نیمچە ستانداردیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و چەسپیوە ئەو زمانەش خۆی پتر لە لقە دیالێکتەکانی ناوچەی سلێمانی /موکریدا دەنوێنێ.

هەرچەندە زمانێکی یەکگرتووی کوردیی نووسینمان نییە بەڵام تا رادەیەکی زۆر زمانی یەکگرتووی کوردیی نووسین لە بەشێکی گەورەی هەر دوو پارچەکەی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە مێژە بەشە دیالێکتی کرمانجی خواروو لقە دیالێکتی سولەیمانی/موکری چەسپیوە کەچی هێندێ لە نووسەران هەر بەو لقە دیالێکتە دەنووسن کە لە سنووری ناوچەی ژیانی خۆیاندا بە کاری دینن جا گەر هەر نووسەرێ بەو شێوە زمانەی قسەی پێدەکا بنووسێ دەبێ چ جۆرە گەڕە لاوژەیەکی زمانەوانیی ، ماڵوێرانییەکی نەتەوەیی و پاشاگەردانییەکی سەیری لێ دەرچێ؟ کاریش بەو شێوەیە بڕوا هەرگیز زمانێکی یەکگرتووی توکمە و سفت و سۆڵی نووسین لە نێو کورددا سەر هەڵنادا لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین نکولی لەوە بکەین بە شێوەیەکی بەردەوام نووسەر و شارەزاکانمان هەوڵیان داوە و هەوڵیش دەدەن بەردی بنچینەی زمانێکی ستاندارد دانێن بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە تا ئێستە سەریان نەگرتووە . هەرچی مەسەلەی زمانە یەکگرتووە ئەدەبییەکەشە ئەوا دەبێ بزانین کە هەرچەندە ئەم ناتەواوییە وەک کەلێنێک لە سەدەی رابردووەوە هەستی پێکراوە بەڵام هەتا ئێستە بایەخێکی زانستانە بە دروستکردنی نەدراوە.

## دیالێکتی یەکگرتووی سۆرانی

رەسمی بوونی زمانی کوردی لە ساڵەکانی دوای ۱۹۱۸ لە دەوڵەتی تازە پێکهاتووی عێراق تا رادەیەکی یەگجار زۆر لە سۆنگەی چوونە سەری دەسەڵاتی نەتەوە خوازیی کوردی و دەوری بەرچاو و سەلمێندراوی زمانی کوردی لەم وتارە دابووە . بزافی نەتەوەخوازی لە عێراق دوای هەرەسهێنان لە مەڕ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی توانی لە سۆنگەی چالاکی بەردەوام و بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان مافی زمانی خۆی لە پانتاییەکی دیاریکراو و سنووردراردا دەستەبەر بکا ( کەڵک وەرگرتن لە زمانی کوردی لە خوێندنگاکان ، دایرەدەوڵەتییەکان، و دادگاکان) کە بە پێچەوانەی ویستی دەسەڵاتە

جۆربەجۆرەکانی یەک لە دوای یەکی عێراق لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان هاتە ئاراوە . لە نێوان ئاخێوەرانی کرمانجی و سۆرانی هەڵبژاردنێک لە پانتایی نێوان زمانیدا شکلی گرتووە . ئەگەرچی لە ساڵی ١٩١٨ دیالێکتی کرمانجی لە رووبەری تەواوی کوردستاندا لە پێوەندی دەگەڵ رادەی ئاخێوەران ، پەرتووکی نووسراو، بڵاو کراوە و لە چاپەمەنیدا لە پلەی هەوەڵدا بوو بەڵام لە عێراقدا ئاخێوەرانی کرمانجی لە باری رۆشنبیری و سەقافی و کلتووریدا لە پلەیەکی نزم دابوون هەرچەند لە بزافی نەتەوەخوازیدا چالاکانە بەشداریان هەبووە. کۆمەڵگای ئاخێوەرانی دیالێکتی سۆرانی لە عێراق لە رووی چەندایەتی و چۆنیەتییەوە لە پلەی هەوەڵ دابوون رێژەی ئاخێوەران و رادەی رۆشنبیری و سەقافی و کلتووری سۆرانی زمانانی عێراق لە بەراوەرد لەگەڵ ئاخێوەرانی کرمانجی لە پلەیەکی سەرتردا بووە هەروەها لە بزافی نەتەوەخوازیدا چالاکتر و پێشڕەوتر بوون. ناوەندی سەرەکی رامیاری و رۆشنبیریی عێراق شاری سلێمانی پایتەختی پێشووی ئەمارەتی بابان بووە و یەکێک لەو چەند ناوەندە عەسکەرییە بووە کە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدە بایەخ و نرخی تایبەتی بۆ داندراوە. سلێمانی دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵەکانی ١٩١٧/١٨ بۆ جارێکی تر لە ژێر دەسەڵاتی ناوچەیی زمانی کوردیدا خۆی دیتەوە . سلێمانی بەردەوام خاوەنی چەندەها کۆمەڵە و گرووپی رۆشنبیری لە ناو چینەکانی جیاجیای کۆمەڵگادا بووە کە بریتین لە چینی رۆشنبیری خوێندەوار، عەسکەری، مامۆستایان، فەرمانبەران، مامۆستایانی ئایینی ، چینی مامناوەندی و خوارەوەی کۆمەڵگا و..... کە ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی شابازی و جیاوازی ئەم شارە لە درێژایی مێژوودا. . ئەم خاڵانە دەکرێ وەک تاقمێک هۆکاری هەڵکەوتوو لە دەرەوەی پانتایی دەفەری زمانی بولێن بکرین کە لە مەڕ هەڵبژاردنی ژێر دیالێکتی سۆرانی وەک زمانی پێوەری کوردی کاریگەری و دەوری تایبەتییان هەبووە . داخوازینامەیەک لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٤/١٥ لە ژێر ناوی پەیامی کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیب و ئاکادیمیستی کورد لە بابەت ستاندرایزکردنی زمانی کوردی گەڵاڵە کراوە بۆ

ئەوەی داوا لە حکوومەتی هەرێم بکا کە سۆرانی وەک زمانی ستانداردی کوردی بە رەسمیەت بناسن. لە ئەو داخوازینامەیەدا داواکراوە :

یەکەم، بە یاسایەک بڕیار بدرێ لە سەر بە فەرمی ناسینی شێوەزاری کرمانجیی خواروو وەک بناغەی زمانی ستانداردی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا .

دووهەم، بە یاسایەکی هاوپێچ(مرفق) بڕیار بدرێ لە سەر دامەزراندنی ئەنستیتوتێکی نەتەوەیی لە کوردستاندابۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و ئارشیف کردنی هەموو شێوازەکانی زمانی کوردی و پێشکەش کردنی پێشنیار و لێکۆڵینەوەی بەردەوام بۆ موتوربە کردنی زمانی فەرمی بە وشە و فرەییز و زاراوەی هەموو شێوازەکانی تر .

ئەو داخوازییە دەیەوێ یەکێک لە سێ لەهجە ئەدەبییەکانی کوردی ، ئەوەی کە ناوی سۆرانی ، کوردی ناوەڕاست یان کرمانجی خوارووی لێندراوە بە زەبری قانوون و دەسەڵاتی دەوڵەتی بکرێت بە زمانی رەسمی و ستانداردی کوردی ، دەوری لەهجەکانی تریش کرمانجی ژووروو، هەورامی..... ئەوە بێ کە خزمەت بکەن بە دەوڵەمەند کردنی ئەو زمانە ستاندارده.

لە روانگەی دوکتور ئەمیر حەسەنپوورەوە کە مامۆستای زانکۆی تورنتۆی کانادایە ئەو داخوازییە ئەگەر بە پێوانە زانستییەکانی زمان هەڵیبسەنگێنین بە هەڵە چووە و لە باری سیاسییەوە تووشی هەڵەیەکی گەورەتر بووە. بیروڕای تایبەتی دوکتور ئەمیر حەسەنپوور لەم بارەیەوە ئاوایە:

١، زمانی کوردی وەک زمانی ئەرمەنی و ئالبانی و نوروێژی زمانێکی جووت ستانداردە . دوو ستانداردی هەیە ، کرمانجی و سۆرانی . لەگەڵ ئەوەشدا هەورامی ئەدەبیاتێکی کۆنی هەیە وەک دوو لەهجەکەی تر پرۆسەی ستاندارد بوونی دەست پێنەکردووە. لەهجەی دملی یا زازاش بۆ نووسین زۆر کەم دەکار هێندراوە.

٢، زۆربەی گەلی کورد بە کرمانجی قسە دەکەن . تەواوی کوردەکانی سووریا ، تەواوی کوردی ئەرمەنستان ، زۆربەی کوردی تورکیا، بەشێک لە کوردەکانی ئێران و عێراق کرمانجی زمانن سۆرانی تەنیا لە کوردستانی ئێران و عێراق ئەویش تەنیا لە ناوچەکانی ناوەڕاست قسەی پێدەکرێ .

٣، لە روانگەی زمانناسیەوە هیچ لەهجەیەک لە لەهجەیەکی تر باشتر نییە ، هەر لەهجەیەک دەتوانێ ببێتە زمانی ستاندارد . ستاندارد بوون پێوەندی بە بارووِدۆخی غەیری زمانی واتە ئابووری ، کۆمەڵایەتی، سیاسی.....هەیە .نووسین و ئەدەبییات لە پێشدا بە کرمانجی و هەورامی دەستی پێکرد . سۆرانی زۆر درەنگتر نزیکەی سێ سەدە دوایە بۆ نووسین دەکار هات بەڵام لە بارووِدۆخی شەڕی جیهانی یەکەم هەلی بۆ رەخسا کە ستاندارد بکرێت.

٤، پرۆژەی ستانداردبوونی زمانی کوردی لەبەر دابەشکردنی کوردستان لە ناو چەند دەوڵاتدا و بە هۆی سیاسەتی زمانکوژی بە شێوەیەکی ئاسایی وەرێنەکەوت و درێژەی نەبوو ئەو پرۆسەیە کاتێک دەستی پێکرد کە گەلی کورد لە نێوان ئێران و عوسمانیدا دابەش ببوو و بەشێکی کەمیش لە رووسیا بوون . ستاندارد کردن لە سەرەتاوە خۆرسک بوو واتە بە بێ بەرنامەیەکی لە پێشدا گەڵاڵە کراو و بە بێ تێئوری و زانستی زمانناسی. ئەو پرۆژەیە بە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی کوردستان لە ١٨٩٨ دەستی پێکرد کاتێکی دەسەڵاتی دەوڵەتی کورد لە ئاراِدانەبوو. کوردستان زۆرتر بە کرمانجی بوو لەبەر ئەوەی بڵاوکەرەوەکەی (بدرخانیەکان) کرمانجی زمان بوون . رۆژنامەگەری دوای ١٩٠٨ هەم بە کرمانجی بوو هەم بە سۆرانی بەڵام کرمانجی زاڵ بوو لە بەر ئەوی خوێندەوار و رۆشنبیر و خوێنەرەوە زۆرتر کرمانجی زمان بوون.

٥، دوای شەڕی جهانیی یەکەم بەشی عوسمانیی کوردستان کە بەشی هەرە گەورە بوو دیسان دابەشکرا و ئەو دابەشینە پێوەندی نێوان لەهجەکانی گۆڕی . بە رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزرانی کۆماری تورکیە بە تایبەتی

دوای ١٩٢٥ کرمانجی بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوتکرا . لە سووریيەش کە فەڕانسە دایمەزراند ڕێگە نەدرا کرمانجی لە خوێندندا دە کار بێ و ڕۆژنامەگەریش تەنیا لە ١٩٣٢ هەتا ١٩٣٥ و لە ساڵانی شەڕی جیهانیی یەکەم تەنیا لە عێراق لەژێر دەسەڵاتی ئینگلستاندا و یەکییەتی سۆفیەت (١٩٢١) بەولاوە زمانی کوردی کە خوێندن و نووسین و چاپەمەنی و رادیۆ دەکارهات و پرۆژەی ستاندارد کردن هاتە گۆڕێ.

لە عێراقدا ستاندارد کردن بێ بەرنامە بووە. واتە رۆژنامە نووس و بڵاوکەرەوەی کتێب و وەرگێڕەکان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو بەڵام لەو بێ بەرنامەییەشدا یەکدەنگی بەدی دەکرا بۆ وێنە (لە وشەرۆنان ، پەتی کردن، گۆڕین یا چاککردنی ئەلفوبێ) . پرۆژەی ستاندارد کردنی زمانی کوردی بە سۆرانی ئەویش لەسەر بنچینەی لەهجەی سلێمانی بەرێوە دەچوو نەک لەبەر ئەوەی ئەو بن لەهجەیە لە ئەوانی تر باشتر بوو بەڵکوو لەبەر ئەوەی شاری سلێمانی ناوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی بوو خوێندەوار و رۆشنبیری زۆرتر بوو و ناوچەی بادینان زۆرتر عەشیرەتی بوو و شاری گەورەی نەبوو تەنیا لە یەکییەتی سۆفیەت بۆ ستاندارد کردنی زمانی کوردی رێباز و بەرنامە دیاریکرا (کۆنگرەی ١٩٤٣ ی ئێرەوان) بەلام کوردی سۆفیەت بە شومارە زۆر کەم بوون و لە قەفقاز و ئاسیای ناوەندی بڵاو ببوونەوە و لە ١٩٣٧ هەتا دوای شەڕی جیهانیی دووهەم سەرکوتکران و دەوڵەتان رێگایان نەدەدا پێوەندی لە نێوان ئەوان و پارچەکانی تری کوردستان هەبێ. لە ئەو بارودۆخەدا بن لەهجەی سلێمانی لە کوردستانی عێراق پرۆسەی ستانداردبوونی بەردەوام بوو تا رادەیەکیش لە کوردستانی ئێران . سەرباقی ئەوەی زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران سەرکوت دەکرا ، هێزی پێدەدرا( بە تایبەت بە درێژایی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان).

٦، ئەم داخوازینامە داوا دەکا سۆرانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە رەسمییەت بناسرێ بەڵام ئەگەر شتێکی وا بکرێ (جوێکردنەوە یا دابڕانی

لەهجەکان ، لەت و کوتتر کردنی پرۆسەی ستاندارد بوون و سەپاندنی هەر کوتەی لە ناو دەوڵەتێکدا ) دیسان بەرنامەیەکی وا سەرناکەوێ و زیانێکی سیاسی زۆری دەبێ . ئەگەر لە رابردوودا سۆرانی لە عێراق و کرمانجی لە سۆفیەت دەیانتوانی بێ خۆهەڵقوتاندن لە یەکتر ستاندارد بن ئیستا ئەو پێوەندیانە گۆڕاون ، پەرژینی سنوورەکان نزمتر بوون ، پارچەکان تێکەڵاوتر بوون ، تێکنۆلۆژیی راگەیاندن سنوورەکانی شێواندووە . قورسایی لەهجەکانیش وەک جاران نەماوە هەربۆیە هەوەڵ تلویزیۆنی ساتلایت کرمانجی زمانەکان دایان مەزراند و زۆرتر بە کرمانجی بوو تا سۆرانی. کرمانجی زمانەکان بە خەباتی خۆیان لە تورکیە مافی بڵاوکردنەوە بە زمانی خۆیان ئەستاندووە و دەوڵەتی تورکیەیان والێکردووە کە بەو زوانە رادیو و تلویزیونی ساتەلایت بە کرمانجی دەست پێبکا لە کوردستانی عێراقیش بادینان چیتر مەڵبەندی عەشیرەت و وردەشاران نییە.

٧، دوای وەلاچوونی دەسەڵاتی رێژیمی بەعس لەسەربەشێک لە کوردستان لە ١٩٩١ کرمانجی زمانەکان لە کووچە و کۆڵانان و لە دووکان و ئیدارەکاندا بە نووسین و بە ئاخافتن کرمانجییان دەکار هێنا و سۆرانی زمانەکانیش وەک جاران دەکارهێنانی لەهجەی خۆیان درێژە پێدا دیارە سۆرانی هێشتا دەسەڵاتی زۆرترە ئەوەش لە بەر پێوەندی نابەرابەری نێوان دوولەهجەکەیە لە کوردستانی عێراقدا نەک لە بەر ئەوەی سۆرانی لە کرمانجی پێشکەوتووترە یان سۆرانی ستاندارد بووە و کرمانجی نەبووە ، راستەکە چاپەمەنی زۆرتر بە سۆرانی بووە بەڵام هیچ بابەتێک نییە کە بکرێ بە سۆرانی باسی بکرێ و بە کرمانجی نەکرێ . رەسمی کردنی لەهجەیەک دەسەڵات دەدا بە لەهجەکە و بە ئەانەی بەم لەهجەیە قسە دەکەن و لە هەمان کاتدا ئاخێوەرانی لەهجەکانی تر لەو دەسەڵاتە بێ بەش دەکا ئەوەش کێشەکە دەکا بە کێشەی ماف و دێموکراسی.

٨، کوردی زمانێکی جووت ستاندارده و ئەگەر قەرار بێ بکرێتە تاقە ستاندارد بە بێ زەبروزەنگی دەوڵەت سەرناگرێ و ئەو زەبروزەنگەش بە ئامانجی خۆی ناگا و ناکۆکی قووڵتر و بەرینتر دەکا ئەگەر مەبەستی ئەو داخوازینامە ئەوەیە کەنەتەوە یەک بگرێ و جیاوازی دوو لەهجەکە نەبێتە سەرچاوەی لێک هەڵبڕانیان رەسمی کردنی سۆرانی پرۆسەی جیابوونەوە خێراتر دەکا . ئەگەر مەبەست ئەوەیە نەتەوەی کورد وەک (سرب) و (کرووات) یان (چێک) و (سلۆواک) لێک هەڵنەبڕن رەسمی کردنی سۆرانی بەرنامەیەکی وا وەدی دێنێت.

٩، جیاوازی زمان و لەهجە وەک نوقسان و دواکەوتوویی و لێقەومان چاوی لیکراوە بەڵام دەکرێ وەک دەوڵەمەندی و جوانی و هەڵکەوتوویی دابندرێ . ئەو بۆچوونانەش لە باری دوو جهانبینی و دوو ئایدولۆژی و دوو سیاسەتی لێک جیاواز سەریان هەڵێناوە . کێشەی ماف و دێموکڕاسی لە ناخی ئەو ناکۆکیەدا ماڵی کردووە.

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (١٦)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی**

نووسینی ئەحمەد ئەحمەدیان مامۆستای زانستگای ئازادی مهاباد

کتێبی ئەدەبی کوردی زانستگای کوردستان

توێژینگەی زمان و ئەدەبی کوردستان




پرسیار ئێستا دەربارەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووە کە ئەمە شتێکی جیاوازە لە زمانی یەکگرتوو. هێندێ کەس لای وایە زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان نییە. وادەزانم زۆرتری شارەزایان ئەوەی زانست دەکەن بە چرای بینین لە سەر ئەو رایەن کە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی لە سەدەی نوزدەهومەوە دەستی کردووە بە دروست بوون و رێگەی خۆی گرتۆتە بەر و لە گەشەساندن دایە. زمانی ئەدەبی یەکگرتوو شتێک نییە کە ئارەزووی ئەم پادشا یا ئەو زانا دروستی بکا هەروەک شتێکیش نییە کە چەند زانایەک بە پێی نەخشە یا کاتالۆگێکی ئامادە دروستی

بکەن بەڵکوو مێژووی نەتەوە خۆی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دروست دەکا و هەر نەتەوەیەکیش ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە لە دروست کردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوودا. ئادەمیزاد دروست کەری مێژووە بەڵام مێژووی گەلانیش ڕێڕەوێکی هەیە بەرەو پێشەوە کە بە ئادەمیزاد ناگۆڕدرێ با بۆ ماوەیەکیش کۆسپی بهێنرێتە ڕێگە. لە دروستبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووشدا زانایانی نەتەوەیەک بەوەی کە لە مێژوو ئەگەن و زاناشن دەتوانن پێش بین بن و بزانن مێژوو بەرەوکوێ ئەڕوات و ئەوانیش لەگەڵ بەرەوپێشچووندا بن و نەبنە کۆسپی سەر ڕێ. زانایانی کوردیش دەتوانن لەگەڵ ئەو ڕێڕەوەدابن کە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئەم سەدەیەمان لە سەدەی نوزدەهەمەوە گرتوویەتە بەر و خێراتر بەرەو پێشەوەی بەرن. کەواتە دەمێکە زمانی یەکگرتووی کوردی پەیدا بووە کە زمانی کوردییە و خاسییەتی تایبەتی خۆی لە رووی گراماتیک (مۆرفۆلۆژی وسینتاکس) و فۆنەتیک و بنەڕەتی فەرهەنگەوەهەیە و هەموو نەتەوەی کورد بە زمانی خۆیانی دەزانن . لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی کوردی چەند دیالێکتێکی جیاوازە و هەر دیالێکتە چەند بەشە دیالێکتیان لێ جیا دەبێتەوە ، ئەوەی زانای پایەبەرز تۆفیق وەهبی  بە مێحوەر دیالێکت (لەهجە) یان دادەنێت بەڵام خاسییەتە یەکگرتووەکانی ئەم زمانە کوردیە لە هەموو دیالێکتەکان و بەشە دیالێکتەکاندا دەبیندرێت و هەر یەکە لەم دیالێکت و بەشە دیالێکتانە خاسیەتی جیاوازی خۆی هەیە کە لە زمانەکەی جیاناکاتەوە و نایکات بە زمانی جیاواز بەڵکوو شەقڵی تایبەتی دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیای ئەداتێ و سامانی وشەی جیاوازی ئەڕژێتە ناو زمانە یەکگرتووەکەوە و دەبێتە سەرچاوەی وشەی هاوجۆر کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو سوودی لێ دەبینێ و پێی دەوڵەمەند دەبێ کە واتە دەمێکە گومان لەوەدانییە کە زمانی یەکگرتووی کوردی هەیە بەڵام ئەوەی تا ئێستا لە سەردوان و لێکۆڵینەوەی دەوێت ئەوە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووە .

زمانی ئەدەیی یەکگرتوو بەو زمانە دەگوتریت کە لە زمانی یەکگرتووەوە بە هەموو دیالێکتەکانەوە وەردەگیرێت یا بناغەکەی لە یەکێک لە دیالێکتەکانەوە وەردەگیرێت و زۆرجار پوختەکراوێکی زمانە یەکگرتووەکەیە یان دیالێکتێکیەتی . بابڵێین پوختە کراوی زمانی قسەکردنە. ئەو زمانە دەبێتە زمانی نووسین و خوێندنەوە و ئەدەبییات و پشت بە هەموو سەرچاوەکانی بەرەوپێش چوون و دەوڵەمەندبوونی زمان ، دەوڵەمەند دەبێت و بەرەوپێش دەڕوات . زمانی یەکگرتوو و دیالێکتەکانی زمان و ئەدەبی فولکلۆری نەتەوە و زمانی نەتەوە دراوسێکان و ئیستیلاحی زانستی جیهانی گەورەترین سەرچاوەی ئەو دەولەمەند بوونەن.

هۆیەکانی دروستبوونی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی.

ئەو هۆیانەی کە دەبنە هەوێنی پەیداکردنی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی بۆ گەلێک ئەوانەن:

١، رێی سەپاندنی شێوەیەک بە سەر گەلێکدا: ئەمە بە تایبەتی بۆ ئەو گەلانەیە کە هێشتا زمانێکی یەکگرتوویان نییە . بەڵام قەوارەیەکی سەربەخۆی یەکگرتوویان هەیە . ئەو کاتە بۆ چارەسەرکردنی ئەمە یا بە جۆرێکی دێموکراتیانە بیروڕای گشتی خەڵکەکە وەردەگیرێ تا بزانرێ چ شێوەیەکی بە دڵە یا ئەوەتا کاربەدەستانی خۆیان شێوەیەک لە شێوەکانی زمانەکە دەکەنە زمانی رەسمی و دەیسەپێنن بە سەر گەلەکەدا و بەرەبەرە دەبێتە زمانی ئەدەبییات.

٢، لە خۆوە دروستبوونی شێوەیەکی ئەدەبی : هەندێ جار شێوەیەکی ئەدەبی لە خۆیەوە بێ سەپاندنی راستەوخۆ دروست دەبێ بۆ ئەمەش هێندێ هۆ هەن کە لەو کارەدا دەور دەگێڕن وەک:

آ، ئەوەی کتێبی ئایینی پیرۆز بەو شێوە بنووسرێتەوە بۆ وێنە شێوەی هۆزی قورەیش بوو بە شێوەی ئەدەبیی عەرەبەکان تەنیا لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز بەو شێوەیە هاتە خوارەوە. مارتین لووتەری ئالمانیش کە داهێنەری ئایینزای پرۆتستان و پێشەوای بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی دیانەتی کاتولیکیە پاش ئەوەی ئینجیلی لە لاتینییەوە وەرگێرایە سەر شێوەی ئەلمانیی ساکسی کە تا ئەو کاتە تەنیا لە دیوەخانەکانی ئەمیرەکانی ساکسدا بە کار دەهێندرا توانی سەرنجی خەڵکێکی زۆر بۆ ئەو ئینجیلە رابکێشێ و هەر بەو هۆیەوە شێوەی ساکسی بوو بە زمانی ئەدەبیی هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ بە ئالمانی دەدوێن هەر لە ئەلمانیا خۆیەوە بگرە تا دەگاتە سویس و ئوتریش و گشت لایەکی دی. بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئایین دەورێکی مەزن دەگێڕێ لە دروستکردنی زمانێکی ئەدەبیدا . پێچەوانەی ئەوەش هەر راستە . واتا ئایین دیسانەوە دەورێکی مەزن دەگێڕێ لە دوولەت کردنی زمانێکی ئەدەبیدا . بۆ وێنە سریانەکان هەتا سەدەی پێنجی زایینی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوویان هەبوو. لەو سەدەیەدا ئاژاوە کەوتە کلیسای سریانەکانی رۆژهەڵاتەوە و بەوە خەڵکەکە بوون بە دووبەشەوە و هەر لەوەشەوە ئایینزای یاقووبی و نەستووری پەیدابوون، ئەوجار وردە وردە هەر لایە شێوەی تایبەتی خۆی پاراست و پێینووسی و رق و کینە و دووبەرەکیش دەورێکی ئاگر خۆشکەرانەی نواند بۆ دوورخستنەوەی هەردوو شێوەکە لە یەکتر بە جۆرێک سریانیەکان ئێستا دووشێوەی ئەدەبییان هەیە . ئارییە کۆنەکانیش واتا هیندو ئێرانییەکۆنەکان لە سەرەتاوە بە یەک زمان دەدوان ویەک ئایینیشیان هەبوو بەڵام پاش ئەوەی ئەوانەی هیندوستان ئایینی خۆیان جیاکردەوە و لە دەوروبەری ٣٠٠٠ ی پێش میلاد دا کتێبێ پیرۆزی( وێدایان) بە شێوەی سانسکریت بۆ نووسرایەوە ئەمجار لە دوای ئەوانیش ئارییەکانی ئێران ئایینی زەردەشتیان پەسند کرد و کتێبەکەیان بە زمانی ئاوێستا بڵاوکردەوە ، ئەو دەمە زمانی ئاریایی وردەوردە بوو بە دووزمان ، هیندی و ئێرانی کە هەریەکەشیان لەسەرخۆ بوو بە چەند زمانێکی سەربەخۆ.

ب، ژیاندنەوەی ئەدەبییات بە تاقە شێوەیەکی زمانێک و لە سنوورێکی یەگجار فراواندا دەبێتە هۆی دروستکردنی زمانێکی ئەدەبی بۆ وێنە زمانی فارسی تازە لەو کاتەوە دروستبووە کە روودەکی و فیردەوسی دەستیان بە هۆنراوە هۆنینەوە کردووە بە شێوەی دەری واتا شێوەی ژووررووی رۆژهەڵاتی ئێران بە تایبەتی شانامەی فیردەوسی دەورێکی کاریگەری گێڕاوە لەم رووەوە و توانی هەموو شێوە و زاراوەکانی دی راماڵ بدا و جێگای خۆی بکاتەوە.

پ، خزمەتکردنی زانست بە تەنیا شێوەیەک بە تایبەتی لە وڵاتێکدا کە زانستگە و کتێبی زانستیانە و رۆژنامەی زۆر و زەبەندەی هەر بە یەک شێوە بێ و بە شێوەکانی دی نەیبێت دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو شێوەیە بکاتە زمانێکی ئەدەبی.

ت، هێندێ جار جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندی بازرگانی و ئابووری دەبنە هۆی دروستبوونی شێوەیەکی ئەدەبی . شارێکی زۆرگەورە یا پیتەختی وڵاتێک کە ببێتە ناوچەی هاتووچۆ و بازرگانی و نان پەیدا کردن و خەڵک رووی تێبکەن ، شێوەی ئەو شارە دەسەڵات پەیدا دەکا و برەو دەستێنێ و لە ئەنجام دا دەبێتە شێوەیەکی ئەدەبی.

هەوڵدانێکی رێکخراوی زانستیانەی لە سەرخۆ بۆبەرهەمهێنامنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو ، ئەو رێگە ئەو گەلانە دەیگرن کە هەر دوو رێگەی باسکراوی پێشوویان بۆ دەست نادا. بە بیروڕای من ئەمەیان باشترین و تەنیا رێگەیە کە کورد بتوانێ پێیدا بڕوا لەم بارەیەوە واتا ئێمە دەبێ شێوەیەکی ئەدەبی بۆخۆمان دروست بکەین بەڵام ئایا دروست کردنی ئەم شێوەیە لە کوێوە دەست پێبکا و کێ دەستی پێ بکا وچۆن دەست پێ بکرێت ، ئەوە پێویستی بە شیکردنەوە و لە سەر رۆیشتن هەیە. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە بەو چەشنە کە پەیوەندی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی لەگەڵ ئەو لەهجانەی دی چییە ؟ کە دەکرێ ئاوا وڵام بدرێتەوە:

ئەوەی راست بێ لە سەرەتای کارەوە بن لەهجەی سلێمانی کە دەتوانین بڵێین تەنیا هی شاری سلێمانییە وەکوو زمانی پینووسین هاتۆتە مەیدانەوە ، ئەمە ماوەیەک درێژەی کێشاوە ، ئەم رووداوەش کە بێگومان بارووڤۆخی سیاسی و مێژوویی پێکی هێناوە خۆی بۆتە هۆی ئەوەی نیوچە تەعەسوبێک لە لای هەندێک خوێندەواری کوردی خەڵکی سلێمانی پەیدا بیێ و هەر بن لەهجەی سلێمانی بە نۆرمی زمانی یەکگرتوو بزانن کە لە جێگەی خۆی نییە بەڵام چەند ساڵێکە ئیشەکە رووی لەوەیە کە ئەم زمانە ئەدەبییە دەبێ بە وشەی لەهجەکانی دیکە دەوڵەمەند بکرێ بە تایبەتی بن لەهجەی مکوریانی زۆر تەئسیری کردووە و بەرەبەرە ئەو رێبازە ئاواڵە بووە کە لە هەموو لەهجەکان کەڵک وەربگیرێ و رۆژبە رۆژیش ئەم ئیشە پەرە دەستێنێ . تکایە تەماشای شەرەفنامە وەرگێرانی هەژار، ئەفسانەی چیای ئاگری، و قەڵای دمدم تەرجومەی شوکر مستەفا بکەن. عەبدرەحمان زەبیحی باس لە هەندێ لەم پێشکەوتنانە دەکا کە زمانی کوردی لە سەرەتای جەرخی بیستەمدا بە دەستی هێناوە و لە پەیوەندی لە مەڕ زمانی کوردیی ئەدەبی یەکگرتوودا دەڵێ : زمانی کوردی لە شێوەی نووسینی فارسی و تورکی عوسمانی یانی ئاخنینەوەی وتار بە رستەی درێژ درێژی رەق و زەق و زاراوەی غەیرە کوردی تا ئەندازەیەک پابۆتەوە و شێوەیەکی تایبەتی کوردی نووسینی بە خۆیەوە گرتووە ئەگەرچی هێشتا زۆری پێدەوێ تا فێر دەبین بە کوردی بیربکەینەوە و ئینجا بیخەینە سەر کاغەز . سەرەڕای ئەوەش پیاو بە ئاشکرا هەست بەوە دەکا کە زمانی کوردی کەوتۆتە سەر رچەی زمانی ئەدەبی و بەرەو پێش دەچێ . کورت و کرمانجی بڵێین:

نەمامی زمانی کوردیی ئەدەبیی یەکگرتوو گوورواە و شین بووە بەڵام هێشتا پێدەچێ تا دەبێتە درەختێکی خاوەن سایە و لق و پۆپ و داری ئەوتۆ کە پیاو ماندوویی رێگای سەختی لە ژێردا لە خۆی دەرکا و لە بن سێبەریدا بحەسێتەوە.

گزینگ و مەشخەڵی پەیڕەوێکی ئەدەبی تازە لە سلێمانیەوە سەری دەرهێنابوو بە رووناکیەک کە تا ئێستا بەردەوامە و بەشی زۆری کوردستانی گرتەوە یا راستتر ئەوەیە کە لە رووی زمانەوە بوو بە ئەدەبیاتی ئەوانەی بە سێ دیالێکتی کوردی دەدوێن . قوتابخانەی شیعری بابان کە هەندێک لە مێژوونووسانی ئەدەب بە قوتابخخانەی نالی دادەنێن هەندێکیش لە باسیدا ناوی نالی و سالم و کوردی پێکەوە تۆمار دەکەن، ئەم قوتابخانەیە گەر لە رووی ناوەرۆکیشەوە گەلێک دیمەنی لە ئەدەبیاتی ئەمرۆماندا نەمابێ ئەوە فۆڕمی ئەدەبیاتی ئەورۆمان هەر بەرەوپێشچوونی مێژوویی فۆرمی ئەدەبیی ئەو قوتابخانەیەیە بە تایبەتی ئەو زمانەی کە ئەدەبیاتەکەی پێدەنووسرێ هەر ئەو زمانە تازە پتەوەیە کە ئەو قوتابخانەیەکردبووی بە کەرەسەی دەربڕینی ناوەرۆکەکەی و بە هۆی دارشتنی فۆرمی تایبەتی خۆی گەر گۆڕینێکیش لە زمانی ئەدەبیاتی ئەورۆمان و ئەو قوتابخانەیەدا ببینین ئەوە هەر ئەو گۆڕانەیە کە مێژوو و سروشتی پێشکەوتن دروستی کردووە و دەبێ رووبدا و سەرچاوەی یەکەمی ئەو پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونەشی لە زمانی ئەدەبیاتی ئەورۆماندا هەر ئەو رۆشنی و تازەگەری و دینامیکێتییەیە کە لە زمانی ئەدەبیاتی دەوری باباندا هەبوو و دەستی پێکرد. ئەو زمانە کوردییە یا وردتر ئەوە بێژین ئەو دیالێکتە کوردییەی لە سەرەتاوە شێعری نالی و سالم و کوردی پێ نووسرا تەواو ئەو دیالێکتە نەبوو کە خەڵکی سلێمانی پێی دەپەیفین بەڵکوو هەروەک خەڵکی سلێمانی خۆیان تێکەڵ بوون و گەر شێوەی قسەکردنیان تەئسیری چەند دیالێکتی جیاوازی کوردیشی تیا دیار نەبووبێ ئەوە چەند بەشە دیالێکتێ هەر کاری تێکردووە هەروەها ئەو تێکەڵیە لە زمانە ئەدەبیەکەشدا هەر دیار بوو. هونەرمەندی و وەستایی دامەزرێنەرانی ئەو قوتابخانە ئەدەبییە توانایەکی وایان بەخشی بە ئەدەبەکەیان کە زوو بڵاو ببێتەوە و باش بچیتە دڵەوە و کار بکاتە سەر شاعیرانی ناوچەی تری کوردستان و ئەو دەنگەی لە سلێمانییەوە بەرز بۆوە دەنگی دایەوە و دەنگ دانەوەشی لە یەکەم پلەدا لە ناوچەی سۆرانەوە بوو.. هەر لەو سەردەمەدا شێعری حاجی قادری کۆیی و ئەختەر و کەیفی

جوانڕۆیی لە خاکی سۆرانەوە و مەجدی لە ئەردەڵانەوە و کۆمەڵێ شاعیری تری ناوچەی سنە و مکوریان هەر بەوچەشنەیان نووسیوە کە نالی و هاوەڵەکانی نووسیویانە واتە پشت بە گەلێک بەڵگەی ئەدەبی دەتوانین بڵێین ئەو زمانە ئەدەبییەی لە سلێمانیەوە هەڵقوڵی هەر لە سەرەتای دروستبوونیدا زمانی ئەدەبی هەرچواربەشە دیالێکتەکەی کرمانجی خواروو بوون. واتە سلێمانی و سنە و سۆران و مکوریان . ئەوساش و ئێستاش لە ئاخافتنی رۆژانەیاندا ئەوەندە جیان کە هەر یەکێ لەوان ناوبنێین بەشە دیالێکت بەڵام ئەوساش و ئێستاش هەر یەک زمان و یەک چەشن نووسیویانە.

دوکتور عێزەدین مستەفا رەسووڵ لە سەر پێوەندی شێوەزاری نێوان سنە و مکوریان دەگەڵ زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ئاوا رای خۆی دەردەبڕێت: بۆ ناوچەی سنە و مکوریانیش هەروەک لەوێش لە سەردەمی بابانەوە پاش کزبوونی شێعری دیالێکتی گۆران هەر لە سەر پەیڕەوەکەی نالی و سالم و کوردی شیعر دەستی پێکرد هەر لەوکاتەوە تا ئێستاش ئەم پەیڕەوە هەر بەردەوام بووە . ئەو شتانەی لە ناوچەی سنە دەنووسرێن و دەگەنە ئێمە یا ئەو نووسەرانەی خەڵکی ئەو ناوچەیە کە لەو گۆفار یا رۆژنامانەدا دەنووسن کە لە ئێرانا رێگەی پێدەدرێ یا جاروبار کوردی ئێران لە دەرەوەی وڵات دەری دەکەن هەر بەوشێوە یەکگرتووە دەنووسن. ئەم بڕیارە زۆر قووڵتر و فراوانتر بە سەر خەڵکێ مکوریاندا دێتە رێ چونکە ناوچەی مکوریان لە پاڵ ئەوەدا کە مێژووی ئەدەبیاتەکەی ئەم دوو سەدەیەی لەگەڵ ناوچەی سۆران و سلێمانی و سنەدا لێک جیاناکرێتەوە ئەوێش وەک سلێمانی سالانێکی گەشەدار و زێڕینی لە مێژووی نیشتمان پەروەری و رامیاریدا هەیە کە کارێکی تەواوی کردە سەر بزووتنەوەی رۆشنبیریی و سەر ئەدەبیات کە تا ئێستا تەئسیری هەر مابێ. کەواتە ئەو شێوە نووسینەی ئێستا لە بەشی زۆری کوردستانی عێراق و ئێراندا پێی دەخوێنرێت و دەنووسرێت و زمانی ئەدەبیاتە ، شێوە نووسینێکی یەکگرتووی کوردییە کە

هەموو خاوەنانی کرمانجی خواروو (سنە، سلێمانی، سۆران، مکوریان) و نووسەرانی کوردی گۆران و هەندێ نووسەری کوردی لورِ بە کاری دەهێنن. دیارترین نووسەر لە ناو کوردی لوڕی عێراقدا نووسەر دوکتورکامیل حەسەن بەسیر کە نووسینە کوردییەکانی هەر بەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەیە. ئێمە ناتوانین بە هیچ جۆرێک بەو شێوە ئەدەبییە بڵێین شێوەی سلێمانی چونکە هەروەک نووسینەکە خۆی تەنانەت نووسینی شاعیران و نووسەرانی شاری سلێمانیش لەگەڵ قسەکردنی ناو ماڵیاندا جیاوازییەکی بچووکی هەر هەیە هەروەها وردەوردە گەلێک وشەی ئەو بەشە دیالێکت و دیالێکتانەی تری تێکەڵ بووە هەروەک هەندێ بنەڕەتی گراماتیکی ئەوانیش جێی خۆی تێدا دۆزیوەتەوە و هەندێک لە جیاوازییەکانی فونەتێکی خەڵکی سلێمانیش لێرەدا جێگای نەبۆتەوە.

زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو لێرەدا لە سەرچاوەیەک دەچێ کە لە سەرەتاکەیدا واتە لە ژێر زەمیندا چ لە دیمەن و تام و پێکهاتنیدا هەرئاوی روونە و بریتییە لە دووبەش هیدرۆژێن و بەشێک ئوکسیژێن بەڵام کە ماوەیەک بەژێرزەمین دا دەڕوا زۆر رەگەزی دیکەی تێکەڵ دەبێ و تا لووتکەی تێربوون لە ئاوەکەدا دەتوێتەوە و کە بە رەگەزی تر گەیشت هەندێ لە تواوەکەی پێشوو دادەنێ و هەندێ شتی تر دەتوێنێتەوە تا لە ئەنجامدا و لەوکاتەدا کە هەڵدەقوڵێ لە ئەنجامی ئەنالیزداهەر( H٢O) دەرناچێ بەڵکوو شتێکی تر دەردەچێ کە رەگەزی یەکەمی ئاوە هەرچەند دیمەنی دەرەوە و رواڵەتی هەر لە ئاوی سادە یا لە ئاوێکی پەتی روون دەچێ. بەو چەشنە ئەو زمانە ئەدەبییەی ئێستا بووە بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان و ئەو کوردانەی بە سێ دیالێکتی کوردی دەدوێن بەو زمانە دەخوێنن و دەنووسن و زمانی نووسینی ئەدەبیاتیانە. ئەو زمانە لە سەرەتاوە لە شاری سلێمانی بوو بە زمانی ئەدەبییات و بڵاو بۆوە و هەموو ئەو تێکەڵبوون و تواندنەوە و رۆچوونەی بە سەرداهاتووە کە بەسەر زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەموو گەلان دێت. تا دەبێتە زمانی ئەدەبیی هەموو نەتەوەکە. ئەم زمانە دەگەڵ شێوەی

قسەکردنی شاری سلێمانی جیایی هەیە هەرچەند رواڵەتەکەی هەر شێوەی ئەو شارەی پێوە دیارە بەڵام ئایا ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە بووە بە زمانی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی کورد؟ گەر نەبووە دەبێ بپرسین ئایا نەتەوەی کورد ئەمڕۆ دوو زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەیە یا یەک؟ ئایا زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی کردن بە دوو لەگەڵ رێڕەوی مێژووی نەتەوەی کورد دەگونجێ یانا؟

ئایا پەیداکردنی دووزمانی ئەدەبی لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەمڕۆی مێژووی نەتەوەی کورد دەگونجێ؟ ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی ئێستا ئایا لە قالبی ئێستای دا لێی دێ و دەتوانێ ببێ بە زمانی یەکگرتووی هەموو نەتەوە ؟ چۆن دەتوانین ئەو رێبازە بدۆزینەوە کە مێژوو بۆ دروست بوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی داناوە و چۆن ئەوەی ئێستا والێدەکرێ کە ببێ بە بنکەی پەیدابوونی ئەو زمانە؟ وەک وتمان ئەم زمانە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئەمانەن کە بە هەموو بەشەکانی کرمانجی خواروو دەدوێن و تا رادەیەکیش ئەوانەش کە بە لوڕی دەدوێن بەڵام ئەم شێوە نووسینە ئەدەبییە هێشتا نەبووە بە شێوەی نووسینی ئەوانەی کە بە کرمانجی ژووروو دەدوێن کە ئەمان لە رووی ژمارەوە بەشی زۆرتری کوردن . هەرچەند هەندێ شاعیر و نووسەری ناوداری ئەوتۆشمان هەیە کە شێوەی ئاخافتنی ماڵەویان یەکێکە لە بەشەکانی کرمانجی ژووروو بەڵام نووسینیان هەر بەو زمانەیە کە لای ئێمە بووە بە زمانی نووسین و خوێندن و ئەدەبییات. کە واتە ئەو زمانە نەبووە بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی کورد بەڵام هەروەک نەبووە بەو زمانە یەکگرتووە هەروەها ناتوانین بڵێین ئێستا کورد دوو زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان هەیە چونکە هەر لەو کاتەدا کە ئەم زمانە لە دەوری بابانەوە تا ئیستا زمانی ئەدەبیی ناوچەیەکی گەورەی کوردستانە و لە ساڵی ١٩٢٢دا تا ئێستازمانی خوێندن و نووسینی بەشی زۆری ئەو ناوچەیەیە هەر لەوکاتەدا شێوە زمانێکی تر نابینین کە لە دەوری بابانەوە تا ئێستا بەو شێوە فراوانە و بەو بەردەوامیە زمانی ئەدەبیات

بێ و لە هیچ شوێنێکی تری کوردستاندا بە کوردی خوێندن نییە و زمانی کوردی بە رەسمی نەناسراوە تا شێوەیەکی تری لەمە بەدەر ببێتە زمانی یەکگرتوو با لە ناوچەیەکی تەسکیش دابێت.

کەواتە پاش ئەوەی گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ زمانی ئەدەبی کوردی یەک بێ نەک دوان دەبێ بپرسین ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە کامەیە و دەبێ چۆن بێت؟ هەندێ لەوانەی هەوڵی ئەوەیانە کوردی بکەن بە دووزمان و زۆریان بە کردەوە ئەو ڕێگەیەیان گرتووە بە ناوی ئەوەوە کە کرمانجی ژووروو زمانی ئاخەفتنی بەشی زۆری کوردە لایان وایە کە هەموو کورد دەبێ کرمامجی ژووروو بکەن بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی خۆیان. ئەم رایە بە لای ئێمەوە نە راستە و نە دێتە دی چونکە گەر ئەو بنەما دێموکراتییەی باسی لەسەرشۆڕ کردنی بەشی کەم بۆ بەشی زۆر دەکا لە مەیدانی زماندا راستیش بێت ئەوە لێرەدا پێچەوانە دەبێتەوە و ئەو ئەنجامە ناگەیەنێ کە ئەوان دەیانەوێ هەرچەند مەسەلەی زمان و بڵاوبوونەوەی و داچەسپاندنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو کاری مێژووە و ئەو شتی راست دەچەسپێنێ و هەوڵی ناراست ناهێڵێ. بەڵام گەر بڕیاردان بۆ ئێرە راستیش بێ و هەر لە سەر ئەو پەیڕەوە دێموکڕاتیە بریاریشمان دا کە کرمانجی بیێ بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو ئەوە مەیدانی هێنانەدیی بڕیارەکەمان بۆ ئێستا و وادیارە بۆ ماوەیەکیش هەر کوردستانی عێراق دەبێ چونکە توانایەکی وامان نییە کە لە شوێنی تردا بڕیارەکەمان بە جێ نهێنین کەواتە مەسەلەی زۆرو کەمەکە بۆ کوردستانی عێراق پێچەوانە دەبێتەوە . ئەوەی بە کرمانجی ژووروو دەدوێن بەشی کەمن و ئەوەی بە دیالێکتی تر دەدوێن و زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوویان هەیە بەشی زۆرن.

ئەنجام:

زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی نەتەوە مێژوو دروستی دەکا و ئارەزووی تاقەکەس و دەستەیەک رۆڵی کاریگەریان لە بەرەو پێشچوونی مێژوودانییە بەڵام

تاقەکەس دەتوانێ ڕێڕەوی ڕاستەقینەی مێژوو بەدی بکا و لەگەڵی بڕوات و پاڵ بە خێرارۆیشتنی بنێت و نەبێتە کۆسپ لە ڕێگاکەیدا و نەبێتە هۆی دواخستنی ئەو پێشوەچوونەی. لەو جۆرە هەڵوێست و تێگەیشتن و تەجروبەیە لامان وایە کە نەتەوەی کورد زوو یا درەنگ زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی خۆی دروست دەکا کە دەبێ بە زمانی رەسمیی خوێندن و نووسین و ئەدەبییاتی هەموو کورد کە ئەم زمانە هیچ یەکێ لەم شێوانەی ئێستا نییە هەر چەند دیمەن و تەئسیری شێوەکان لەو زمانەدا زیاتر دیار دەبێ. کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووش پێکهات مانای وانییە کە شێوەی ئاخافتنیش دەبێتە یەک بەڵکوو کوردی هەرلایەک وەک خۆی دەدوێ بەڵام هەموو کورد وەک یەک دەنووسن.

هەرچەندە شێوەیەک دیمەنی لەوانیتر زیاتر بە زمانی ئەدەبیی یەکرتووەوە دیاربێ بەڵام ئەو زمانە زۆر رەگەزی تێکەڵی شێوەکانی ئێستای تیا دەبێ واتە لە هەر شێوەیەک شتێک خۆی لەو زمانەدا دەچەسپێنێ . لەبەر ئەوەش کە زمانەکانی جیهان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە خۆیان لە ئاڵۆزی و سەختی رزگار بکەن لەبەر ئەوە دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە پەیرەوە ئاسانەکانی گڕاماتیک ئیتر گەر گشتی بن یا لە یەک دیالێکت دابن خۆیان لە زمانی ئەدەبیدا دەچەسپێنن لە رووی فۆنەتیکەوە زیاتر ئەونشتانە لە زمانی ئەدەبیدا جێگیر دەبن کە لە هەموو دیلێیکتەکانا یەکن. یا لە زۆربەیاندا لە یەک دەچن.

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (١٧)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**لێکدانەوەیەک لە سەر ئەدەبیاتی کوردی**

نووسینی سوارەی ئێلخانیزادە

وەرگیراو لە کتێبی زەمزەمەی




زوڵاڵ

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی عەبدولخالق یەعقووبی.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا سێ قۆناغی جیاواز هەیە. هەرکام لەو قۆناغانە لە دەورانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی تایبەتیدا پێیگرتووە و بڵاو بۆتەوە. بێگومان ئەدەبیات وەک هەموو دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکە لە

هۆیەکانی پێش خۆی و تەنانەت هۆیەکە بۆ پێکهاتەکانی دوای خۆی . ئێمە ناگوزیرین لە هەڵسەنگاندنی هونەر و ئەدەبیاتی نەتەوەیەکدا سەرنج بدەینە هەموو لایەنەکۆمەلایەتیەکانی ئەو قەومە. بە تایبەت باری ئابووری کە لە ناساندنی سیمای قەومەکان و نەتەوەکان نەخشێکی بنەڕەتیی هەیە و بۆچوونەکان و ئەندیشەکان قالبرێژ دەکا و نابێ لە بیر بچێ.

لە فێئودالیسمی دێرینە و گیان سەختی قەومی کورددا دوو جەمسەی بیدایەت و نیهایەت وەبەرچاو دەکەوێ کە لە بەستێنی لایەنی باڵادەستی ئابوورییەوە بە تەواوی لێک جیاوازن . قۆناغی سەرەتایی ئەو فێئودالیسمە کە بۆ هاسانکردنەوەی باسەکە دەتوانین وەک فێئودالیسم نێوی لێ بنێین، تێکهەڵکێشێک لە ئابووری قەبە وئابووریی شوانییە . لەو قۆناغەدا ئامرازی بەرهەمهێنان دامدارییە و عشایر و عێلاتی کورد لە گەڕانی دایمی دان بۆ دیتنەوەی لەوەرگەی باش و موناسب بۆ مێگەلی ئاژەڵەکانیان. ئەو قۆناغەی بە هۆی تەبیعەتی تایبەتی خۆی دەگەڵ دامەزران و نیشتەجێ بوون ناکۆکە. ئیمکانی رسکانی ئەدەبیاتی نووسراو نادا بەڵام ئەدەبیاتی مەنزووم کە قابیلییە تی زیاتری بۆ دەگەڵبوون دەگەڵ خەڵکی کۆچەر زیاترە و دەتوانێ لە سینگی خەڵکدا و نە لە لاپەڕەی دەفتەرەکاندا جێی خۆی بکاتەوە ، بەربڵاویەکی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێ . هەڵبەت دەبێ ئەوەشی لێ زیاد کەین لە باری زەمانیەوە لە هەموو شەرق شیعرپێشتر لە نەسر هاتۆتە ئاراوە. تەنانەت ئەگەربگەڕێینەوە زەمانی هەوەڵین ئینسانەکان و سەرنج بدەینە هونەری ئەوان دەبینین لە هونەری (جادووکاریی) ئەواندا لەوێش کەلامی ئاهەنگدار لە پێش کەلامی دیکەوەیە.

لە هەر دەورەیەکدا هاوکات لەگەڵ ئەدەبیاتی رەسمی ئەدەبێکی دیکەش هەیە کە پێیدەکوترێ ئەدەبی عامیانە . ئەو دوو ئەدەبە هەوکات و لە تەنیشت یەکتر کارکردیان لە سەر یەکتر هەیە بە بێ ئەوەی هیچکات بگەنە یەک و ببنە یەک. ئەدەبی رەسمی خەریکی جوانکاری وشەکان و مۆسیقای

وشەکان و لێکگرێدانی جوانییەکانە و خۆی لە سنووری تێگەیشتنی زەوق و فەهمی کۆمەڵگا و عامەی خەڵک زیاتر دەباتە سەرێ ئەمما ئەدەبی عامە لە داوێنی کۆمەڵانی خەڵکدا لە دایک دەبێ و دەگەڵیان دەژی و هەوڵدەدا غەم و شادیەکانی ئەوان بگێڕێتەوە و وا گیرۆدەی موفیدبوون و واقعی بوونە کە زۆر گوێ ناداتە ئاڕایشی زاهیریی وشەکان چونکە ناتوانێ هەم بیر لە قافڵە بکاتەوە هەم لە قافیە. چونکە بە قەولی مەولانا (مفتعلن مفتعلن) بۆ شاعیرێکی کە بە پرۆش و گیرۆدەی شتێکی دیکەیە زۆر زەحمەتە.

ئێستا بگەڕێینەوە سەر دەستپێکی بابەتەکە و سێ قۆناغی جیاوازی ئەدەبی کوردی دەست نیشان بکەین:

ئەوەڵ، قۆناغێکە کە شێوەی (بیت) دروست دەبێ . ئابووری باڵادەستی ئەو قۆناغە دامدارییە.

دوهەم، قۆناغێکە کە شێوەی (عروضی) پەرە دەگرێ . ئابووری باڵا دەست لەو قۆناغەدا کشت و کاڵە . ئامرازی بەرهەم لە دامدارییەوە بۆ زەمینداری (فیزیوکراسی ) ئاڵوگۆڕ دەکا. ئەو دەورەیە دواقۆناغی فێئودالیسمی کوردە.

سێهەمین قۆناغ لە ئەدەبیاتی کوردی دا کاتێک خۆ نیشان دەدا کە سەدەی ئێستا دەست پێدەکا و ئاڵووگۆڕێک لە ناوەرۆکی ئەدەب کە لەگەڵ نیازەکانی کۆمەڵایەتی ئەو میللەتە بگونجێ دێتە ئاڕاوە. شیعری نوێی کوردی بە شێوەی ئێستا و بە ناوەرۆکی شارییەوە بە هۆی شاعیرێکی گەورە بە نێوی عەبدوڵلا گۆران پایە رێژی دەکرێ . پێش گۆرانیش شاعیرانی دیکەی وەک نووری شێخ ساڵح بە ئیلهام وەرگرتن لەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە تورکیەی نوێ لە ئاڕادابوو شێوەی شیعری کوردییان لە سلێمانی بەرەو شێوەی نوێ پاڵپێوەنا. بەڵام کارکردی گۆران و شاعیرەکانی دوای ئەو کە رێڕەوانی رێگای گۆران بوون زۆر بەربڵاوتر و ئەسیل تر و پایەدارتر بوو. ئەوەش وەبیر بێنمەوە کە شێوەی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەگەڵ ئەوەی لە ئەدەبیاتی

فارسیدا پێیدەکوترێ نویێ فەرقی هەیە . لە ئەدەبی فارسیدا جۆرێک شکاندنی سوننەتی قەدیمی و رەدکردنەوەی شتەکانی لە قەدیمەوە قوبوولکرابوون دەبیندرێ کە هەزارساڵ پێشینەی هەبوو و بە هۆی شاعیرانی گەورەی وەک (فردوسی، سعدی، حافظ و مولانا) گەیشتبووە ترۆپکی جوانی لە حالێکدا شیعری نوێی کوردی تەنیا ناوەرۆکە کە شکلێکی تازە وەردەگرێ و دەگەڵ نیازەکانی زەمان هاوئاهەنگ دەکرێ و قالب بەرەو شێوەی (بیتی) یا شێوەی کلاسیکی شیعری کوردی دەڕواتە پێش. کورت و درێژی (مصراع) ەکان، تێکدانی نەزمی عەروزی لە دوو (مصراع) ی بەیتێکداله تایبەتمەندییەکانی تازەی شیعری کوردییە کە عەینەن لە شیعری (بیت) یشدا بووە .

شێوەی بەیت ئەغڵەب بە هەڵە پێکوتراوە فولکلور و ئەو هەڵەیە هەم نووسەرانی عێراق و هەم ئاکادمیسیەنەکانی شووڕەوی یەگجار زۆر تووشی هاتوون لە حالێکدا بەیت تەواوی تایبەتمەندیی یەک شێوە شیعری سەربەخۆی تێدایە . شێوەیەک کە گرێدراوی زەمانێکی روون و دەورانێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی دیار بە شاعیرانی نێوبەدەرەوە و ناسراوەوەیە. بەڵام بۆچی ئەو شێوەیەیان بە بەشێک لە زانستی کۆمەڵگا نێو دێر کردووە و بۆچی لەوکاتەدا ئەو شێوەیە رەواجی هەیە؟و بۆچی لە قۆناغی هەوەڵینی فێئودالیسمی کورد دا یانی کۆمەڵگای دامداری ، ئەدەبیاتی رەسمی وئەدەبیاتێکی عامیانە کە شان بە شانی یەک بەڕێدا بڕوا بەرچاو ناکەوێ ؟ بۆچی خیلافی دەورەکانی دیکە کە دوو ئەدەبی رەسمی و عامیانە پێ بە پێی یەکتر دەچوونە پێش و هەرچەند کارکردیان لە سەر یەکتر هەیە و لێک تەئسیر وەردەگرن و ململانە و هاوکارییشان پێکەوە هەیە ، لە کۆمەڵگای دامدار و ئەدەبییاتەکەی کە شێوەی بەیتە ئەو دوو فاقەییە دەگاتە وەحدەت و هەم ئەدەبی عامیانە و هەم ئەدەبی رەسمی تێکەڵ دەبنەوە ؟

لە وڵامی پرسیاری ئەوەڵدا دەبێ بڵێم بە هۆی تۆمار نەکردنی ناوی بەیتبێژەکان و نەبوونی ئەدەبی نەسر و چاپ نەکردنی دیوانەکان نێوی زۆربەی شاعیرانی شێوەی بەیت لە درێژایی زەماندا فەرامۆش کراونوو و بۆتە هۆیەک کە پێیان بڵێن فولکلۆر نەک بەرهەمی شاعیرێکی نیوبەدەرەوە . دووهەم ئەوەی کە بەیتەکان بە هۆی نەنووسراوە بوونیان تووشی ئاڵو گۆڕێکی زۆر لە ناوەرۆک و شکڵیاندا بوون و لە هەر ناوچەیەک بە زاراوەیەک و لە ژێر کارکردی عەوامیلی تایبەت بەو ناوچەیە دا کوتراون بەجۆرێک کە ناسینەوەی بەیتێک لە دووناوچەی جیاوازدا هاسان نییە. نموونەی زۆر لەئاڵوگۆڕی بەیتەکان لە ناوچەی جیاوازی کوردنشین دەبیندرێ. بەیتی گرینگی مەم و زین لە عێراق دەگەڵ مەم و زین لە ئێران دەگەڵ مەم و زینی کە ئەحمەدی خانی بایەزیدی شاعیری گەورەی کورد نوێی کردۆتەوە تەفاوەتێکی زۆریان لە ناوەرۆک و نێوی کەسەکان و نێوی شوێنی رووداوەکاندا هەیە . ئوسکارمان، کوردناسی گەورەی ئالمانی کە لە زەمانی (فتحعلیشاه) هاتۆتە ئێران نزیک ١٧ بەیتی کوردی کۆ کردۆتەوە و چاپی کردوون . ئەو کەسەی ئەو بەیتانەی بۆ ئوسکارمان خوێندۆتەوە نێوی رەحمان بەکرە کە لە بەیتی دمدمدا شاعەباسی سەفەوی دەگەڵ فەتحعلیشا لێ تێکچووە . ئەو هەڵە و لێتێکچوونەش هۆیەکی دیکەیە کە لێکۆڵەوەران لە سەر ئەو نەزەرە هەڵەیە پێدادەگرن کە دەڵێن بەیت هۆنەرێکی فۆلکلۆڕە نەک مەکتەبێکی تایبەتیی شیعری. هۆیەکی دیکەش بە (ضربالمثل) بوونی هێندێ بەندی هێندێك لە بەیتەکان ، سلامەت و رەوانیی بێ سنووری بەیتەکان ، نزیکی زیاتریان بە زمانی رۆژانەی کۆمەڵ بۆتە هۆی ئەوەی ئەو نەزەرە هەڵەیە بێتە ئاراوە.

پرسیاری دووهەم کە بۆچی لە قۆناغی دامداریدا کە بە دەستپێکی فێئودالیسمی کوردی نێو دەبەین،شێوەی بەیت بە تاقانەی هونەری شیعردادەنێین؟ دەبێ بڵێین کە لەو قوناغەدا کۆمەڵگا ناکۆکی ئابووری بەرچاوی نییە . جەوهەری خزمایەتی لە نێو عێل یا بنەماڵە یا عەشیرەتدا

بڵاو بۆتەوە و لە راستیدا هەموو ئەندامانی ئەو سیستمە چارەنووسێکی هاوبەش و ئابووری هاوبەشیان هەیە. بەو جۆرە بوونی ئەدەبێکی بەرهەڵستکار دەگەڵ ئەدەبی بەیت، بوونی نییە.

بەیتە کۆردییەکان لەبابەتگەلی جۆراوجۆر وەک وەکوو حەماسە، عیشق، سروشت نیگاری،مەزهەب دەدوێن و رەسەنایەتییەکی بەرچاویان هەیە . بەیتبێژ لە کێشانەوەی حالات و نواندنی ئەو فەرهەنگانەی کە تایبەتی کۆمەڵگای دامداری کورد نین تووشی هەڵە و ناشیگەری دەبێ و ئەوەش لە چۆنیەتی بەکارهێنان و عیباڕات بە جوانی دەردەکەوێ بەڵام لە بەستێنەکانی کە خالیسانە ئی کۆمەڵگای دامداری کوردە شکۆیەکی سەرسووڕهێنەر و عەزەمەتێکی بەرچاو لە بەیتەکاندا دەردەکەوێ کە نموونەیەکی بەرچاوی بەیتی سەیدەوانە .

سەبارەت بە زمانی کوردی

زمانی کوردی بە زمانی قەومێک دەکوترێ کە لە شیمالی غەربی ئێران ، شیمالی عێراق، شیمالی سورییە، و جنووبی تورکیەدا دەژین. ئەو زمانە یەک لە زمانەکانی هیندو ئێرانییە. ئەو زمانە وەک هەموو زمانەکانی دیکە خاوەنی زاراوەی موختەلیفە. زماناسانی کورد و بیانی دابەشکردنی جۆراوجۆریان بۆ زمانی کوردی کردووە کە هەرکامیان بە شێوەیەک کەم و کووڕی هەیە و دەگەڵ شێوەی عیلمی گونجاو نییە . دوکتور مەکەنزی و تۆفیق وەهبی لێکۆڵەوەری بە نێوبانگی کورد زمانی کوردی و زاراوەکانی ئەوزمانەیان ئاوا دابەشکردووە:

١، کرمانجیی شیمالی شامیلی زاراوەکانی بادینانی، بایەزیدی، هەکاری، بوتانی، ئاشیتی.

٢، کرمانجی جنووبی شامیلی زاراوەکانی سۆرانی ، موکری، سلێمانی ، سنەیی.

٣، کرماشانی شامیلی زاراوەکانی کەلهوڕی، لەکی، (پشت کوهی) .

ئەو شیوە دابەشکردنە هێندێک ئیرادی هەیە بەو جۆرە:

یەکەم ئەوەی لەو دابەشکردنەدا زاراوەی گۆرانی کە شامیلی لقەکانی هەورامی، زەنگەنە ، سیامەنسووری، .... دەبێ لە نەزەر نەگیراوە.

دووهەم ئەوەی لێکۆڵەوەر زانیاری نادا کە فروعاتی زاراوەکان چۆنە؟ بۆ وێنە دەنووسێ کە کرمانجیی جنووبی شامیلی زاراوەکانی سۆرانی ، موکری، سلێمانی و سنەییە و ئەوە خوێنەر واحاڵی دەکا کە فروعاتی زاراوەی کرمانجیی جنوبی هەر ئەو سێ شاخەیە لە حالێکدا وانییە و لێکۆڵەوەری وردبین ناتوانێ سنووردارکردنی ئاوا پەسند بکا.

سێهەم دوکتور مەکەنزی و دەستیارە ئاکادیمیسییەنەکەی تۆفیق وەهبی تووشی هەڵە بوون و بن لەهجەکانیان وەکوو زاراوە ئەژماردووە بۆ وێنە نووسیویانە کرماشانی شامیلی زاراوەکانی کەڵهوڕی و لەکی و پشت کوهی ، لە حاڵێکدا کرماشانی یەک زاراوەیە وکەڵهوڕی و لەکی و پشتکوهی لە شاخەکانی ئەو زاراوەیەن.

چوارم ئەو دابەشکردنە زیاتر لە مەسەلەی زمانناسی ئەو تەعبیرەی گرتۆتە بەر کە لە کوردستانی عێڕاق باوی هەیە و ئەو تەعبیراتەی لە نەزەر نەگرتووە کە لە کوردستانی ئێران رەواجی هەیە. سۆرانی وەک فەرعێک لە زاراوەی کرمانجی جنوبی مەعلووم نییە شێوەزاری کام عەشیرەت یا کام ناوچەی جوغرافیایی لە کوردستانە ؟ ئەگەر فەرزکەین شێوەزاری ئەمیرانی سۆران یا ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەوانە، مەسەلەکە روونتر دەبێتەوە . ئەمارەتی سۆران لە زەمانی دەسەڵاتیدا لە شنۆوە تا (جبل حمرين) یانی سەرزەمینەکانی بەینی زێی گەورە و زێی چکۆلەی لە ژێر دەسەڵاتدا بووە. ئەو شوێنانە ئێستا سەر بە پارێزگای هەولێرن. زاراوەکانی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە لەو شوێنانەی هاوسنووری تورکانن کەمێک تێکەڵ بووە و لە

شوێنەکانی دیکە بە ئاڵوگۆڕێکی سادە لە بەیانکردنی وشەدا  هەر ئەوەیە کە لە مکوریان قسەی پێدەکرێ بە چەشنێک کە کوردەکانی ئێران زاراوەی سۆرانی بە ئەسڵ بۆ فەرعەکانی مکوریانی ، سلێمانی، سنەیی دەزانن . هەڵبەت دابەشکردنی تۆفیق وەهبی سەحیحترە و سۆرانی بە مانای زاراوەی دانیشتووانی نێوان دوو چۆمی زێ بە هەموو نزیکی کە دەگەڵ شێوە زاری موکری هەیەتی دەکرێ وەک فەرعی کرمانجیی جنووبی بێتە ئەژمار.

عەزیزی ژیان رەئیسی دەبیرخانەی دانیشکەدەی ئەدەبییاتی دانشگای تاران کە لە بەستێنی زمانناسیدا موتالەعاتی هەیە و بە هاوکاریی گرووپی زمانناسیی دانشگای تاران لێکۆڵینەوەی لە سەر زمانی کوردی هەیە لە نووسینێکی کورتدا ئاوا دەڵێ:

زمانی کوردی وەک هەموو زمانی دیکە خاوەنی زاراوەی جۆراوجۆرە کە هەموویان بە دوو گرووپی گەورە دابەشدەکرێن:

١، زاراوەی شیمالی یا شێوەزاری  بووتان  کە کوردەکان پێیدەڵێن زاراوەی بادینان .

٢، زاراوەی موکری کە کوردەکان پێیدەڵێن زاراوەی سۆرانی.

لە دابەشکردنی عەزیز ژیاندا ئەو کەموکووڕیانەی لە دابەشکردنەکەی تۆفیق وەهبی و مەک کەنزی دا هەبوو قەرەبوو کراوەتەوە چونکە زمانناسی لاو بە بێ ئەوەی فروعاتی زاراوەکان سنووردار بکا و خۆی تووشی هەڵەیەکی عیلمی بکا ئاماژەی بە گرووپی فرووعاتی زاراوەکردووە و خۆی لە ژماردنی ئەو هەموو فروعاتە پاراستووە . لە راستیشدا تەفاوەتی بەینی فروعاتی زاراوەکان یەگجار زۆرە تا رادەیەک کە لە بەینی دوو ئاوایی نزیک لە یەک هەرچەند وەحدەتی ستروکتوریش هەیە جۆری بەیانی وشە جیاوازە. تەفاوەتی بەیانی سەردەشت لە لایەک لەگەڵ بانە و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ مهاباد کە هەردووکیان دەگەڵی جیرانن بە روونی بەرچاو دەکەوێ لە حاڵێکدا هەر سێ ناوچەکە لە

گرووپی زاراوەی کرمانجیی جنووبیدان و هیچکامیان بە تەنیا تەنانەت فەرعێکیش لە و زاراوەیە نین. کۆی ئەو سێ ناوچەیە دەگەڵ ناوچەکانی دیکەی وەک دەشتی حاجی حەسەن ، شاروێران ، محاڵی مەجیدخان ، بۆکان و ناوچەکانی ، شنۆ و خانێ ، محاڵی گەورک و مەنگوڕ لە سەر یەک فەرعی موکری لە زاراوەی کرمانجیی جنووبیدا پێک دەهێنن.

هەڵبەت دابەشکردنی عەزیز ژیانیش هێندێک ئیراداتی هەیە کە پەیوەندی بە زمانناسیەوە نییە . روون نییە کە ژیان لە رووی چ سەرچاوەیەکەوە دەڵێ کوردەکان بە شێوەزاری موکری دەڵێن سۆرانی و بۆچی لێکۆڵەوەری لاو بە جێگای کرمانجی جنووبی شێوەزاری موکری بە کار هێناوە؟ هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد زاراوەی سۆرانی بێشک زاراوەی دانیشتووانی بەینی دوو زێی گەورە و بچووک بووە و ئەو ناوچەیە لە ژێر ئیدارەی ئەمارەتی سۆراندا بووە و نێوەکەشی هەر بەو هۆیەوەیە. شێوەزاری موکریش بە شێوەزاری ناوچەی موکری دەڵێن (ئەمارەتی موکری) کە لە محاڵی پیران و مامەشەوە دەست پێدەکا و بە سەردەشت و بۆکان و سەقز خاتیمەی دێ . شوبهاندنی شێوە زارێک بەو ناوچە بەرتەسکەوە بە زاراوەی هەموو خەڵکی سلێمانی، خانقین ، هەڵەبجە ، کۆی ، هەولێر ، قەڵادزێ و عێلات و عەشایری ئەوشارانە و خەڵکی سنە و تەوابیعی دوور لە واقعییەتی عیلمیە.

ئێستا بۆتە باو تەنانەت لە نووسراوەی رەسمی و رادیو و تلویزیون و رۆژنامەی کوردیش دا وشەی سۆرانی بە جێگای کرمانجی جنووبی بە کار دەهێنن و بە جێگای کرمانجی شیمالی لە وشەی بادینانی یا کرمانجی بە بێ ئەوەی شیمال یا جنووبی دەگەڵ بێ کەڵک وەردەگرن بەڵام ئەو هەڵەیە ئەگەر خەڵکی عادی و غەیرە پسپۆڕ بیکا قابیلی چاوپۆشیە بەڵام شارەزایانی زمان ولێکۆڵەوەرانی زمان نابێ بە سەریدا باز دەن. بە هەرحاڵ زمانی کوردی خاوەنی چەند زاراوەیە بەو شێوەیە:

١، کرمانجیی شیمالی کە کوردەکانی تورکیە ، ئەرمەنستان، سوریە، قسەی پێدەکەن خەڵکی شیمالی عێراق و کوردەکانی غەربی دەریاچەی ورمێش هەر ئەو زاراوەیان هەیە.

٢، کرمانجیی جنووبی کە کوردەکانی جنووبی کوردستانی عێراق ، کوردەکانی غەربی ئێران قسەی پێدەکەن.

٣، کرماشانی ، زاراوەی کوردەکانی کرماشان و قەسری شیرن و سەرپێڵی زەهاو و کوردەکانی دەوروبەری کرماشانە.

٤، گۆرانی ، کە نزیکیەکی زۆری دەگەڵ فارسی باستان هەیە و لە بەعزە شوێنێک وەک هەورامانی لهۆن دەست لێنەدراو ماوەتەوە ، هێندێک کەس ناشارەزایانە لە کوردی بوونەکەی دوو دڵی نیشان دەدەن . تۆفیق وەهبی لە دابەشکردنەکەی خۆیدا جێگایەکی بۆ ئەوزاراوەیە نەهێشتۆتەوە . ئەو زاراوەیە ئەغلەب بە زاراوەی هەورامی نێودێر دەکرێ. بێجگە لە دانیشتووانی هەورامان عیدەیەکیش لە نێو سیامەنسووری، زەنگەنە، رۆژبەیانی لە عێراق بەو زاراوەیە قسە دەکەن. بەشێک لە سیا مونسوورییەکان لە ئەفغانستان دەژین.هەرکام لەو چوار زاراوەیە فروعاتێکیان هەیە و گرووپی زاراوەی خۆی تەشکیل داوە.

لە فارسییەوە کراوەتە کوردی

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (١٨)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**سەرەتاکانی نووسین**

**وەرگیراو لە کتێبی (انسان خردمند) نووسینی یووال نوح حراری . لە فارسییەوە کراوەتە کوردی.**




ئیمپراتووریيەکان زانیارییەکی یەگجار زۆر بەرهەم دێنن. بێجگەلە یاساکان ، ناچارن حیسابی معامەلات و ماڵیاتەکان ، ریزبەندی تەداروکاتی نیزامی و پاپۆڕە توجاریەکان و مێژووی جێژنەکان و سەرکەوتنەکان رابگرن. لە ماوەی ملیونها ساڵدا ئینسانەکان زانیاریەکانیان تەنیا لە یەک جێگادا یانی لە مێشکیاندا کۆ دەکردەوە . بە داخەوە مێشکی ئینسان جێگایەکی موناسیب لە ئاستی ئیمپڕاتووریدا نییە.

ئەوەڵەن ، زەرفییەتی مێشک سنووردارە . راستە ئ‌ی وا هەیە حافیزەی زۆر بە هێزە و لە دەورانی باستاندا کار بە دەستی وا هەبووە نەخشەی تەواوی ویلایەتەکان و یاساکانی دەوڵەتی لە مێشکی خۆیدا کۆ دەکردەوە بەڵام دیسانیش سنوورێک هەبوو و کەس نەیدەتوانی بێ سنوور هەموو شتێک لە مێشکی خۆیدا رابگرێ.

دووەمەن، ئینسانەکان دەمرن و تەواوی ئەو زانیاریانەی لە مێشکی ئینسانەکەدا کۆ بۆتەوە لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵدا لە بەین دەچێ. هەڵبەت ئیمکانی گواستنەوەی بیرەوەری و زانیارییەکان لە مێشکێکەوە بۆ مێشکێکی دیکە هەیە بەڵام ئەوەش دوای چەند جار گواستنەوە دەگۆردرێ یا لە بەین دەچێ.

سووەمەن، گرینگتر لە هەموو شتێک مێشکی ئینسان وا دروست بووە کە تەنیا جۆرێکی تایبەت لە زانیاری زەخیرە بکا و پێیەوە مەشغووڵ بێ . راوچی و خۆراکجۆی کەوناران ناچار بوون بۆ بەقا و مانەوەی خۆیان شکڵ و تایبەتمەندی و رەفتاری هەزاران وێنە لە گیا و ئاژەڵیان لە بیر بێ . مەجبوور بوون لە بیریان بێ کە گارگی سیسبووی زەردرەنگ کە پایزان لە ژێر داری نارەونی رەنگ سوور شین دەبێ لە وانەیە ژەهراوی بێ بەڵام کارگێکی هاوشێوە کە زستانان لە ژێر داری بلّووت هەڵدەتۆقێ دەرمانێکی باشی دڵەکزەیە هەروەها راوچی و خۆراکجۆکان مەجبوور بوون نەزەر و بۆچوونی دەیان ئەندامی گرووپەکەیان لە زەینی خۆیاندا رابگرن . بۆ وێنە ئەگەر ژنێک پێویستیی بە یاریدەی یەک لە ئەندامانی گرووپەکەی خۆیان بوو تا شەڕی موزاحەمەتی یەک لە پیاوەکانی گرووپەکەیان لە کۆڵ خۆی بکاتەوە ، لازم بوو لە بیری بێ کە ئەو پیاوە ملۆزمە حەوتووی رابردوو پێوەندی خۆی دەگەڵ یەک لە ژنەکانی گرووپەکەیان پساندووە و ئەو ژنە دەکرێ یەک لەو کەسانە بێ یاریدەدەری بێ و پشتی بگرێ .

لە ئاکامی فشارەکانی سەر مێشکی ئینسان وردە وردە مێشک ئامادەتر دەبوو زەخیرەیەکی عەزیم لە زانیاری سەبارەت بە رووەکەکان ، مەکانەکان ، ئاژەڵەکانو زانیاری کۆمەڵایەتی لە خۆیدا کۆبکاتەوە. بەڵام کاتێک بە هۆی شۆڕشی کەشاوەرزییەوە کۆمەڵگای پڕ لە گرفتی تازە دروست بوو و جۆری کامیلەن تازە لە زانیاری گرینگیی پەیدا کرد و ئەویش (عدد) ەکان بوون . خۆراکجۆیە کان هەرگیز پێویستییان بە زانیاری بیرکاریی زۆر قووڵ و بەربڵاو

نەبوو . هیچ خۆراکجۆیەک پێویستیی بەوە نەبوو کە بۆ وێنە بزانێ میوەکانی جەنگەڵ چەند دانەن . مێشکی ئادەمیزاد لەگەڵ زەخیرە کردن و پێڕاگەیشتن بە عەدەدەکان سازگار نەکرابوو. بەو حاڵەش بۆ ئیدارە کردنی پادشاییەکی گەورە زانیاری بیرکاری پێویستییەکی گرینگ بوو . نەدەکرا یاسایەک بریاری لە سەر بدرێ و سەبارەت بە خودایانی پارێزەر داستان ساز بکرێ بەڵام کەس نەبێ خەڕاج کۆ بکاتەوە. بۆ کۆکردنەوەی خەڕاج لە سەدان هەزار کەس، پێویست بوو لە سەر دارایی و داهاتی خەڵک زانیاریان هەبێ ، زانیاری لە بارەی ئەوەی چەندیان خەڕاج داوە ، چەندەی وەدواکەوتووە ، چەندە جەریمە بکرێ ، چەندە دابشکێنن و لە چەندەی چاو پۆشی بکەن . ئەوانە هەمووی بە میلیون یەکەی زانیارییان پێک دەهێنا و بە بێ ئەو تواناییانە دەوڵەت قەت نەیدەتوانی لە سەرچاوەکان و میزانی دارایی خۆی ئاگادار بێ و داراییەکانی داهاتووی خۆی لێک بداتەوە. هەر مێشکێک کە بەرەو رووی ئەو هەموو عەدەدانە دەبۆوە کە دەبوو لە بیری بێ و کونترۆڵی بکا ، لە توانای دانەبوو ، لە کار دەکەوت.

ئەو سنووردار بوونی مێشک و گیروگرفتەکانی گرووپە کان و داراییەکانی کۆمەڵگا کە لە زیادبووندابوون پێویستی زەخیرەکردن و پێڕاگەیشتن بە کۆگایەکی گەورە لە زانیاریی دەهێنا ئاراوە کە مێشک وڵامدەری ئەو نیازە نەبوو ، نیزام تووشی دارِمان دەبوو . لە رەوتی هەزاران ساڵ دوای شۆڕشی کەشاوەرزی رایەڵەکانی کۆمەڵگای ئینسانی هەروا چکۆڵە و سادە مابوونەوە. هەوەڵین کەسانێک کە بەسەر ئەوگرفتەدا زاڵ بوون سۆمێریەکانی کەوناران نیشتە جێی جنووبی عێراق بوون. لەوێ خۆر گەرمای بە پێدەشتەکاندا بڵاو دەکردەوە و بەرهەمی زۆر و شاری دەوڵەمەندی پێدەگەیاند . بەو پێیەی کە جەماوەر زیادی دەکرد زانیاری زیاتر بۆ باشتر ئەنجامدانی کارەکانیش زیادی دەکرد. بەپێی ساڵەکانی ٣٥٠٠ تا ٣٠٠٠ ی پێش میلاد چەند نابیغەی نەناسراوی سومێری سیستێمیکیان بۆ زەخیرە کردنی زانیاری لە دەرەوەی مێشکی خۆیان دروستکرد. سیستیمێک بۆ کونترۆڵی کۆگایەکی گەورە لە

زانستی بیرکاری . بەو شێوەیە سومێریەکان نەزمی کۆمەڵاتی خۆیان لە سنووردرابوونی مێشکی ئینسان تێپەڕاند و ڕێگایان بۆ پەیدابوونی شارەکان و پادشاییەکان و ئیمپراتووریەکان کردەوە. سیستمی خەریکبوون بە زانیارییەوە ، ئەوەی سومێریەکان دروستیانکرد پێی دەکوترێ (خەت).

نووسین شێوەیەکە بۆ زەخیرەکردنی زانیاری بە هۆی عەلایمی مادییەوە. لە سیستمی نووسینی سومێریەکاندا دوو علامەتیان تێکەڵدەکردکە لە سەر لووحی بەردینە حەک دەکرا. یەک لەو عەلامەتانە بۆ ناساندنی عەدەدەکان بوو . ئەو عەلامەتانە بە جێگای ١، ١٠ ، ٦٠ ، ٦٠٠ ، ٣٦٠٠ و ٣٦٠٠٠ بە کار دەبرا. سومێریەکان لە تەرکیبی دەزگای عەدەد لە سەر بنەمای ٦ و ١٠ کەڵکیان وەردەگرت . سیستمی ٦ ی ئەوان میراتێکی گرینگی بۆ ئێمە بە جێهێشتووە وەکوو دابەشکردنی ڕۆژ بە ٢٤ سەعات و دابەشکردنی دایرە بە ٣٦٠ دەرەجە.

جۆری دیکەی عەلامەتەکان بۆ ناساندنی ئینسان ، ئاژەکان ، سەرزەمینەکان ، کاڵاکان ، و مێژووەکان و ئەو جۆرە شتانە بوو. سومێریەکان بە تەرکیبی ئەو ٢ عەلامەتە توانیان زانیارییەکان زەخیرە بکەن زیاتر لە وەی کە مێشکی هەر ئینسانێک بتوانێ زەخیرەی بکا یا لە زنجیرەیەکی (د،ان، آی) بکرێ ڕەمزی بۆ دابندرێ. نووسین لە قۆناغی سەرەتاییدا سنووردار کرابوو بە عەدەدەکان و زانیارییەکان. نووسین تێکۆشانێکی وەختگر بوو و ئەو کەسانەی توانای خوێندنەوەیان هەبوو زۆر کەم بوون بۆیە دەلیلێک بۆ کەڵک وەرگرتن لە نووسین بە غەیری سەبت کردنی ئەسنادی پێویست ، نەبوو. ئەگەر بە دوای وتەی حەکیمانەی پێشئنەکانمان لە ٥٠٠٠ سال لەوەپێشدا بگەڕێین زۆر نائومێد دەبین . حەیف کە هەوەڵین مەتنە مێژووییەکان هیچ تێگەیشتنی فەلسەفی ، شیعر ، ئەدەبیات ، یاسا یا تەنانەت سەرکەوتنی پادشاکانیشی تێدا نییە بەلکوو هێندێک سەنەدی ئابووری سەبارەت بە دانی باج و قەرزەکان و خاوەندارییەتی سەروەت و

سامانە. بێجگە لەوانە تەنیا نووسراوەیەکی دیکە لە ڕۆژگاری قەدیم بە دەستەوەیە کە ئەویش پێڕستی هێندێک وشەیە کە شاگردەکانی نووسەر وەک جار بە جار بۆ فێربوون نووسیویانەتەوە.

خەتی سەرەتایی سومێر خەتێکی نا تەواو بوو . خەتی کامڵ و تەواو دەتوانێ کۆیەک لە عەلامەتەکان بێ کە نوێنگەی هەموو ئەو قسانە بێ کە بە زمان دادێ و تەنانەت دەبێ توانای هەبێ شیعریشی پێ بگوترێ بەڵام خەتی ناتەواو دەزگایەک لە کۆی عەلامەتەکانە کە تەنیا دەتوانێ جۆرێکی تایبەت لە زانیارییەکان سەبارەت بە بەستێنی تێکۆشانێکی سنووردار بەیان بکا. خەتی لاتین ، هیروگلیفی میسری کەوناران و ئەلف و بێی نابیناکان خەتی کامڵن و دەتوانین بۆ نووسینی ئەسنادی باج و خەراج ، شێعری عاشقانە ، کتێبی مێژوویی ، چۆنیەتی دروستکردنی خۆراک و قانوونی توجارەت و... بەکاریان بێنین بەڵام خەتی هەوەڵینی سومێری وەکوو عەلامەتە تازەکانی بیرکاری و نوتەکانی موسیقا ناتەواوە و دەتوانین لە عەلامەتەکانی بیرکاری ، بۆ حیسابکردن کەڵک وەرگرین ئەما ناتوانین شێعری عاشقانەی پێ بنووسین . ناموناسب بوونی خەتی سومێری بۆ نووسینی شیعر نە دەبووە هۆی نارەحەتی ئەوان چونکە ئەوان ئەو خەتەیان بۆ بەیانی ئەوشتانەی بە زمان دادێ دروست نە کردبوو بەڵکوو بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی دیکە دروستیان کردبوو کە زمانی قسە پێکردن توانای ئەنجامدانی نەبوو.

هێندێک فەرهەنگ وەکوو فەرهەنگەکانی (آند) پێش کەشفی کریستوف کلومب هەبوون کە لە درێژایی مێژوویاندا تەنیا لە خەتی ناکامڵ کەڵکیان وەرگرتبوو و لەو سنووردار بوونی خەتەکەیان سەریان لێ نەدەشێوا و هیچ نیازێکیشیان بە خەتی کامڵ هەست پێنەدەکرد. خەتی (آندیەکان) جیاوازی زۆری دەگەڵ خەتی سومێری هەبوو . لە ڕاستیدا جیاوازیەکە هێندە زۆر بوو کە هێندێک هەر بە خەتی نازانن . ئەو خەتە لە سەر لۆحەی گڵینە یا کوتە کاغەز نەدەنووسرا بەڵکوو بە گرێدان لە گوریسێکی ڕەنگاوڕەنگ دەنووسرا کە

نێویان نابوو (QUIPU) . هەر کیپۆیەک چەند گوریسێک بوو لە ڕەنگی جۆراوجۆر لە جسنی پەشم یا لۆکە. لە هەر گوریسەی چەند گرێ لە بەشەکانی جیاوازی گوریسەکە دەدرا . هەر کیپۆیەک بە تەنیا دەیتوانی شامیلی سەدان گوریس و هەزاران گرێ بێ . لە کۆی گرێکان و لە سەر گوریسە جیاوازەکان کە ڕەنگی جیاوازیان هەبوو دەکرا زانیارییەکی زۆری بیرکاری بۆ وێنە سەبارەت بە کۆکردنەوەی باج و خەڕاج و میزانی خاوەندارییەتی ماڵ و سامان روون کەیەوە.

لە درێژایی سەدان و لەونەیە هەزاران ساڵ ، کیپۆ نەخشی بنەڕەتی لە توجارەتی شارەکان و پادشاییەکان و ئیمپراتوورییەکاندا هەبوو . کیپۆ لە دەورەی ئیمپراتووریی (اینکا) دا گەیشتە ئەوپەڕی توانایی خۆی . ئەو ئیمپراتوورییە بە سەر دە تا دوازدە میلیون ئینساندا حکومەتی دەکرد و وڵاتەکانی پرو ، ئیکوادۆر ، بولیوی و بەشێکی زۆر لە شیلی و ئارژانتین و کولۆمبیای ئەوڕۆی لە خۆدا جێ دەکردەوە. اینکاکان بە هۆی کیپۆوە توانیان کۆگایەکی عەزیم لە زانیاری زەخیرە بکەن و بە بێ ئەوە نەدەکرا دەزگای بەڕێوە بردنی ئیمپراتوورییەکەیان بەردەوام بێ.

لە راستیدا کیپۆ ئەوەندە کارکردی هەبوو کە ئیسپانیاییە سەرکەوتووەکان لە ساڵەکانی هەوەڵینی داگیرکردنی ئەمریکای جنووبی بۆ بەڕێوە بردنی کاری ئیمپراتوورییەکەیان کەڵکیان لێوەردەگرت. هەڵبەت بۆخۆیان زانستی کەڵک وەرگرتنیان لە کیپۆ نەبوو و لە پسپۆڕانی خۆجێی کەڵکیان وەردەگرت. حاکمە تازەکان دەیانزانی کە لەوانەیە پسپۆڕە خۆجێیەکان بە هەڵەیان بەرن بۆیە وردەوردە کە دەسەڵاتیان زیاتر سەقامگیر بوو هەموو شتیان خستەسەر خەت و زمانی لاتین و ئەوە بووە هۆی ئەوە کە کیپۆ ئیدی لە برەو کەوت وئێستا ئەو کیپۆیانەی ماونەتەوە ناکرێ ڕەمزەکانیان بدۆزرێتەوە چونکە بە داخەوە هونەری خوێندنەوەی کیپۆ ئیدی نەماوە.

خەڵکی نێوچۆمان (بين النهرين) وردەوردە دەستیان کرد بە نووسینی ئەو شتانەی جیا لە زانیاری ماندووکەرەوەی بیر کاری بوو. لە بەینی ساڵەکانی ۳۰۰۰ تا ۲۵۰۰ ی پێش میلاد عەلامەتی زیاتریان لە سیستمی سومێری زیادکرد و بە ئەسپایی کردیانە خەتی کامڵ کە ئێمە ئێستا پێیدەڵێین خەتی بزماری. ساڵی ۲۵۰۰ی پێش میلاد پادشاکان بۆ فەرماندان ، کاهینەکان بۆ سەبتی پەیامە غەیبیەکان و شارۆمەندان بۆ نووسینی نامە لە خەتی بزماری کەڵکیان وەردەگرت. تەقریبەن هەر لەو سەردەمەدا میسریەکان خەتێکی کامڵی دیکەیان دروستکرد کە نێوی هیرۆگلیفە. هێندێک خەتی کامڵی دیکە لە چین لە دەوروبەری ساڵی ۱۲۰۰ ی پێش میلاد و لە ئامریکای ناوەندی لە ساڵەکانی ۱۰۰۰ تا ۵۰۰ ی پیش میلاد دروست بوو. لەو ناوەندە هەوڵینانەی دروست بوونی خەت ، خەتەکان بەرەو هەموو جێگایەک بڵاو بوونەوە و ئەرکی تازەیان وەستۆ گرت . خەڵک دەستیان کرد بە کوتنی شیعر ، نووسینی کتێبی مێژوو ، کوتنی داستانی عاشقانە ، نمایشنامە و کتێبی ئاشپەزی بەڵام گرینگترین ئەرکی خەت زەخیرە کردنی زانیاریی بیرکاری بوو کە ئەو ئەرکە وەک ئیمتیازێک بۆ خەتی ناتەواو ماوەتەوە. کتێبی پیرۆزی عیبری ، ئیلیادی یونانی ، مهابهاراتای هیندی و تیپی تیکای بودایی هەموویان لە پێشدا بەرهەمگەلێکی زارەکی بوون و لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی دیکە دەگوازرانەوە و تەنانەت ئەگەر خەت هەرگیز دروست نەکرابا دیسانیش درێژەیان بە حەیاتی خۆیاندەدا بەڵام سەبتی شتی پێوەنددار بە باج و کاروباری پڕ لە گرێ و گۆڵی ئیداری لەگەڵ خەتی ناتەواو لە دایک بوون و هەردووکیان بە شێوەیەکی لێک جیانەکراوە تا ئەورۆ وەک دوانەیەکی پێکەوە چەسپاو ماونەوە.

خەتی بزماری بۆ ماوەیەکی نزیک ۳۰۰۰ ساڵ لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەڵکی لێوەرگیرا ئەما ئاخرین کەسی کە دیتوانی بیخوێنێتەوە رەنگە لە ئەوەڵی هەزارەی ئەوەڵی میلادیدا مردبێ . دوای مەرگی ئەو، خەڵکی ناوچەکە زۆر جار نووسراوەی بزمارییان لە سەر بینا مێژووییەکان و ستوونە

بەردینەکان و وێرانە کۆنەکان و زەرفەشکاوەکان دەدیت ئەما نەیاندەتوانی بیخوێننەوە و تا ئەوجێگایەی دەزانین حەوڵێکیشیان لەو بوارەدا نەدا.

خەتی بزماری ساڵی ١٦١٨ سەرنجی ئورووپاییەکانی بۆ لای خۆی راکێشا ، کاتێک سەفیری ئیسپانیا لە ئێران چووبووە دیتنی وێرانەکانی تەختی جەمشید و ئەو بەردەنووسانەی دیت کە کەس نەیدەتوانی مەعناکەیانی بۆ باس بکا. خەبەری بوونی خەتێکی نەناسراو لە نێوان زانایانی ئورووپاییدا بڵاو بۆوە و سەرنجی راکێشان. ساڵی ١٦٥٧ لێکۆڵەوەرانی ئورووپایی روونووسی نووسراوەیەکی بزماریی تەختی جەمشیدیان بڵاو کردەوە. بە دوای ئەوەدا روونووسی دیکەش بڵاو بۆوە و نزیک دوو سەدە هەوڵیاندا ماناکەی تێبگەن بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون . لە دەیەی ١٨٣٠ دا ئەفسەرێکی ئینگلیسی بە نێوی هێنری راولینسۆن ناردرایە ئێران تا یاریدەی شای ئێران بدا سپای ئێران راهێنانی نوێ و ئورووپایی بۆ بکرێ . راولینسون سەفەری بۆ ناوچەکانی ئێران دەکرد و رۆژێک رێپێشاندەرەکانی ئەویان بردە بەر تاشە بەردێکی گەورە لە کێوەکانی زاگرۆس و بەردە نووسی گەورەی بێستوونیان پێشاندا . ئەو بەردەنووسە بە بەرزایی نزیک پازدە میتر و پانایی نزیک بیست و پێنج میتر دەوروبەری ساڵی پێنسەدی پێش میلاد بە فەرمانی داریوش شای ئەوەڵ لە سەر سینگی ئەو تاشەبەردە حەک کراوە کە بە خەتی بزماری و بە سێ زمانی فارسی باستان و ئیلامی و بابلیە. بەردەنووسەکە بۆ خەڵکی خۆجێیی ئاشنا بوو بەڵام نەیاندەتوانی بیخوێننەوە . راولینسون خاترجەم بوو ئەگەر بتوانێ رەمزی خوێندنەوەی بەردەنووسەکە بە دەست بینێ بۆخۆی و لێکۆڵەوەرانی دیکە دەتوانن بەردەنووس و نوسراوەی بێ ئەژماری دیکە کە تا ئەوکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆزرابوونەوە بخوێننەوە و بەو جۆرە دەرگایەک بە رووی دنیای کۆندا بکەنەوە.

هەوەڵین هەنگاو لەورێگایەدا ئامادەکردنی روونووسێکی دەقیق بوو کە بکرێ بنێردرێتە ئورووپا . راولینسون بۆ ئەوکارە چەند کەسێکی ناوچەکەی وەک

یاریدەدەر کۆ کردەوە کە لە هەموویان گرینگتر کوڕێکی کورد بوو کە لەو تاشەبەردە سەغڵەتە وەسەر دەکەوت تا لە بەشەکانی سەرەوەی بەردەنووسەکە روونووسی بکا . ساڵی ١٨٤٧ ئەو پرۆژەیە بە ئاکام گەیشت و نوسخەیەکی کامیل و دەقیقی ناردرایە ئورووپا. راولینسون بە شێوازی جۆراوجۆر تاقیکردنەوەی لە سەر ئەو بەردەنووسە کرد تا لە کۆتاییدا توانی بەشی فارسی باستانی نووسراوەکە بخوێنێتەوە . تێگەیشتن لەو بەشە کلیلی تێگەیشتن لە بەشی ئیلامی و بابلیەکەشی دادەستی و شەپۆلێک لە دەنگەکۆنەکان ئەما زیندوو و گیانداری خستە دەرەوە. هەراوهوریای بازارەکانی سومێریەکان ، بەیانیەی پاشاکانی ئاشوور ، قسەوباسەکانی دیوانسالارانی بابلی بە بێ تێکۆشانی ئیمپریالیستە مودێرنەکانی ئورووپایی وەکوو راولینسون ئاشکرا نەدەبوو و شتێکمان لە چارەنووسی ئیمپراتووریەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێ روون نەدەبۆوە.

لێکۆڵەوەری سەرکەوتووی دیکەی ئیمپریالیست ویلیام جونز بوو کە ساڵی ١٧٨٣ واریدی هیندوستان بوو تا وەکوو قازی لە دادگای باڵای بنگالدا خزمەت بکا . ئەو وا شیفتەی عەجایبی هیند بوو کە ئێستا شەش مانگ لە هاتنی تێنەپەڕیبوو (ئەنجومەنی ئاسیایی) دروست کرد . ئەوە دامەزراوەیەکی ئاکادمیک بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و مێژووی گەلانی ئاسیا بە تایبەت هیندوستان. جونز دوای دووساڵ ئەوەڵین لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە بارەی زمانی سانسکریت کە زمانی کۆنی هیندی و زمانی موقەدەسی ئایینی هیندو بوو بڵو کردەوە کە رێپێشاندەری عیلمی زمانناسی تەتبیقی بوو.

جونز لە نووسراوەکانی خۆیدا بە وێکچوونی سەیری سانسکریت و زمانە یونانیەکان و لاتین و وێکچوونی ئەو زمانانە و زمانەکانی گوتیک و سلتی و پارسی باستان و ئالمانی و ئینگلیسی و فەرانسەوی ئیشارەی کرد و وایدانا ریشەی هەمووی ئەو زمانانە یەکە. ئەو هەوەڵین کەسە کە ئەوەی دوایە پێیکوترا بنەماڵەی زمانەکانی هیندوئورووپایی بە دنیا ناساند.

بایەخی لێکۆڵینەوەکانی جونز نە تەنیا بەهۆی گومانی جەسوورانە و دروستی سەبارەت بە هاوریشە بوونی ئەو زمانانەیە بەڵکوو بە هۆی داهێنانی ڕەوش شناسی ڕێکوپێک بۆ بەراوردکردنی زمانەکان و چۆنیەتی وێکچوونیان خاڵێکی سەرەکیە لە زانستی زماننناسیدا . ئەو زانستە لێکۆڵەوەرانی دیکە پەسندیانکرد و توانیان بەوشێوە دیاریکراوە دەست بە لێکۆڵینەوە لە گەشەکردنی زمانەکان لە تەواوی دنیادا بکەن.

**زنجیره وتار: زمان و زمانی کوردی (٢٠)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**زمانی کوردی لە ئاوێنەی مێژوودا**




زمانی کوردیی ئەورۆ پاشماوە و ئاڵووگۆڕ کراوی زمانی باستانیی مادیە. خەڵکی کورد تۆرەمە و ئەولادانی مادەکانن. شوێنی ژیان و مانەوەی مادەکان و حەوزەی جوغرافیایی زمانی مادی بە گوێرەی فاکتی مێژوویی و نەزەری لیکۆڵەوەران ناوچەگەلێکی بەربڵاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە کە ناوەندەکەی ئەو شوێنانەیە کە ئەورۆ کوردەکان تێیدا دەژین و بە زمانی دێرێنی ئەجدادی خۆیان کە کوردیە و بە زاراوەگەلی جۆراوجۆری ئەو زمانە قسە دەکەن.

لێکۆڵەوەران دەڵێن چی؟

هێندێ لە دانیشمەندان پێیان وایە گاتەکانی زەرتەشت بە زمانی مادیە و بەشێکیش پێیانوایە زمانی کوردی یەک لە شاخەکانی زمانی ئێرانی و لە پاشماوەکانی زمانی مادیە. (سبک شناسی) بەهار جلدی ا.

تایەفەکانی کورد لەو خەڵکەن کە لە رۆژگاری قەدیمەوە لە سەر سەر زەمینی خۆیان کە بەشێک لە ئێرانە ، ژیاون و زەمانێک لەوەڕگەی ماڵات و خێمە و خەرگای خۆیان تا لورستان و ئیسفەهان و کوهگیلویە و لێوارەکانی خەلیجی فارس بڵاو کردۆتەوە و زمان و ئادابیان یەک لە دێرینەترین زمان و ئادابی ئێرانیە. شیعری کوردی جۆرێک لە شیعری پێنج هەجایی قەدیمە و زمانی ئەو خەڵکە یەک لە شاخەکانی زمانی ئێرانیە . گزنفون نووسەری یونانی لە کتێبەکەیدا (بازگشت دە هزار یونانی) ٤٠٠&٤٠١ ی پێش میلاد باسی ئەو خەڵکە دەکا و لە بەردەنووسەکانی پادشاکانی ئاشووردا باسی خەڵکی (کردو) کراوە و لە کتێبی پەهلەوی (شهرهای ایران) نێوی( کوهیاران کردو) هاتووە کە کوردەکانن. (طبری و ابن خردادبە و اصطخری ) بە تەفسیل باسیان کردوون . وشەی (کردۆ) لە زمانی ئاشووریدا بە مانای ئازایە و لە یەک لە بەردەنووسە ئاشووریەکاندا کە ئ سارگونە هەر بەو مانایە بە کار هاتووە. (سبک شناسی بهار ، طبری ، تاریخ اللغات السامیە ) نووسینی دوکتور ئیسرائیل.

مینورسکی و مار هەرچەند سەبارەت بە بناغەی نیژادیی کوردەکان دوو نەزەری جیاوازیان هەیە بەڵام گەیشتوونە ئاکامێکی هاوبەش کە پێیانوایە مادەکان لە تەکوینی نژادیی کوردەکاندا حاشایان لێناکرێ. (کرد و کردستان واسیلی نیکیتین ) تەرجومەی محەمەدی قازی

مینورسکی پێیوایە : تەواوی زاراوەکانی زمانی کوردی لە زمانێکی قەدیمی و ریشەدارڕا هاتوون کە ئەویش زمانی مادیە. بە نەقڵ لە کتێبی( کردها ، ترکها، عربها ) نووسینی ادموندز). تەرجومەی یونسی

پرۆفسور سایس دەڵێ: مادەکان عەشایری کورد بوون و لە غەربی ئێرانی ئەورۆ نیشتە جێ بوون و وڵاتەکەیان هەتا جنووبی دەریای خەزەر درێژ بۆتەوە و زمانەکەیان ئاریایی و نژادەکەیان ئارياییە.(کرد و کردستان به نقل از تحفه ناصری)

دارمستتر زمانی کوردی بە شاخەی زمانی مادی دەزانێ و هوارد و دارمستتر لە سەر ئەو باوەڕەن کە زمانی مادی هەمان زمانی کوردی موکریە.(تاریخ مردوخ به نقل از تحفه ناصری)

سیسیل،جی ئێدموندز دەڵێ: من پێموایە بە هۆگەلی جوغرافیایی و زماناسی دەکرێ بڵێین کوردەکانی ئەورۆ نوێنەرانی مادەکان و سێهەمین سەلتەنەتی گەورەی رۆژهەڵاتن. (کردها، ترکها، عربها)

دیاکونوف بە ناساندنی سەرزەمینی ماد و نێوبردنی ۱۲ ناوچەی جوغرافیایی نیشتە جێ بوونی مادەکان پێیوایە لە دەریاچەی ورمێوە تا سەرووی چۆمی دیالە یا سێ گۆشەی شارەکانی میاندواو ، بانە، سلێمانی، زەهاو ، سنە، درێژ بۆتەوە. (تاریخ ماد، دیاکونوف، ترجمه کریم کشاورز)

لە کۆی نەزەری لێکۆڵەوەران و لە سەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی موعتەبەری زماناسی دەردەکەوێ کە زمانی کوردی ، زمانێکی سەربەخۆیە. بەکار هێنانی وشەی زاراوە بۆ ئەو زمانە کە بۆخۆی خاوەنی زاراوە و بن زاراوە و راوێژی جۆراوجۆرە و لە حەوزەیەکی جوغرافیایی بەربڵاودا قسەی پێدەکرێ و بە ملیون کەس بەکاری دێنێ نیشانەی نەناسینی عیلمی زماناسیە.

مەوجوودییەتی ئێستای زمانی کوردی

مەسەلەی دیتنەوەی ریشەی دروستی زمانەکانی عالەم و یەک لەوان زمانی کوردی تا ئەورۆ کێشە و ئیختیلافی نەزەری لێکۆڵەوەرانی لێکەوتۆتەوە.

حەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەسڵ و تەباری زمانەکانی بەشەر لە رۆژگاری ئەورۆدا نە تەنیا بێ ئاکام دەبێ بەڵکوو زیاتر بە فیڕۆدانی کاتە . لە راستیدا دۆزینەوەی ئەو مەتەڵە لە سەر رەوتی حەرکەتی سروشتی ئیجباریی زمان هیچ کارکردێکی موسبەتی نییە بەڵکوو ئەوەی لە نەزەر عیلمی زماننناسیەوە گرینگە و ئەهمیەتی هەیە هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی وەزعیەتی ئێستای زمانەکانی عالەمە ، بۆیە سەبارەت بە زمانی کوردیش سەرفینەزەر لە پێشینەی دوورودرێژو مێژووی کۆنی دەبێ لە سەر واقعییەتی روون و حاشا هەڵنەگری ئەو زمانە لەورۆدا کار بکرێ چۆنکە زمانی کوردی بە شاخە و زاراوەکانیەوە نزیک چل ملیون کەس لە شوێنە جیاوازەکانی دنیا قسەی پێدەکەن و یەک لە زمانە ئاکتیو و زیندووەکانی دنیایە کە لە کۆڕ و رێکخراوە جیهانیەکاندا ناسراوە و نێوی سەبت کراوە. ئەورۆ خەڵکی کوردزمان لە سەراسەری دنیادا بڵاو بوونەوە و بە تایبەت لە بەشێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرزەمینی ئەجدادی و شوێنی لە دایکبوونیانە و بە نێوی کوردستان دەناسرێ نیشتەجێن . هەرچەند بە هۆکاری جیاوازی ئابووری ، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی و.... لە چۆنیەتی قسەکردنیاندا ئاڵوگۆڕێک پێکهاتووە کە بۆ بیسەری غەیرە کورد وەکوو چەند زمانی جیاواز دەچێ ئەما بۆ کەسی کوردزمان لە هەر کوێیەکی دنیا بێ، سەرەڕای جیاوازیەکی کە لە قسەکردنیاندا هەیە ئەگەر لێیان بپرسی بە چ زمانێک قسە دەکەن ، دەڵێن بە زمانی کوردی. ئەو عەقیدە هاوبەشە رۆشنترین دەلیلە بۆ یەکبوونی ریشەی هاوبەشی زاراوەکانی زمانی کوردی . ئەڵبەتە ئەو مەنتیقە تەنیا بۆ زمانی کوردی نییە بەڵکوو بۆ زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیسی، رووسی، چینی،ئیسپانیولیش بە کار دەهێندرێ.

زمانی کوردی:

ئەو کەسانەی کە لە سەرزمانی کوردی لێکۆڵینەوە دەکەن ئەغڵەب چاویان بە بۆچوونی چەند گەڕۆک یا لێکۆڵەوەر دەکەوێ کە سەبارەت بە

ئەسالەت، ئاڵوگۆڕ، گەشەکردن، ڕەوتی مێژوویی و دابەشبوونی زاراوەکانی زمانی کوردی دواون و پێوەندی زمانی کوردییان دەگەڵ زمانە جیرانەکان بە بێ هیچ سەنەد و مەردرەکێک لێک گرێداوە.

کەسێک بیهەوێ قالبی سەربەخۆی هەر زمانێک روون بکاتەوە دەبێ بەر لە هەموو شتیک بە لێکدانەوەیەکی روون و هەڵسەنگاندنی ورد بگەڕێتەوە سەر رابردووی ئەو زمانە و ئەگەر تووشی چەند وشە بوو کە وەک وشەی زمانی جیران دەچێ نابێ بە پەلە قەزاوەت بکا و زمانی کوردی وەک زاراوەیەک لە زمانی جیران بزانێ . زمانی کوردی شێوەی گۆڕاوی زمانی فارسی نییە کە لەو جوێ بووبێتەوە. قەت زاراوەیەکی بێ دەروپەیکەر و بێ گراماتیک نەبووە . قەت زاراوەیەک لە زمانی هیندیش نەبووە وەک بەعزێک لە گەڕۆکەکان و نووسەران کوتوویانە . ئەوانە لە بارەی زمانی کوردیەوە شارەزایی باشیان نەبووە. دەستکەوتەکانی نوێی زماناسی نیشاندەدا ئەو بۆچوونانە بایەخی عیلمییان نییە.

زمانی کوردی بە زاهیر شێوەی زمانی پەهلەوی و فارسی نوێیە و ئەگەر لە زاهیرەکەی بڕوانین وەک پەهلەوی و فارسی دەگەڵ زمانی ئەوێستایی ئیختلافی هەیە . ئاڵوگۆڕی کردووە و پەرەی گرتووە و زمانیکی سەربەخۆ و جیاواز لە زمانەکانی دیکەیە.

ڕۆژهەڵاتناسان و گەڕۆکەکان سەبارەت بە ریشەی زمانی کوردی هێندێک نەزەریان بڵاوکردۆتەوە کە بە دوو دەلێل جێگای باوەڕ نین. یەک لەو دەلیلانە کەمبوونی بەرهەمی نووسراو بە زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردییە کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوە گرینگن. بە تایبەت لە کۆتایی سەدەی نوزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو موشکیلە بەرچاو بووە و بەرهەمە لێکۆڵدراوەکانی ئەو سەردەمە کەموکووڕی زۆریان هەیە. دووهەمین دەلیل بوونی زاراوەی زۆرە لە زمانی کوردیدا . بیگومان ئەو دوو هۆیە بۆ کەسێکی

بێگانه كه بیەوێ له بارەی ڕەسەنایەتی زمانێكی تایبەت زانستێكی زۆر كۆ بكاتەوە تووشی گرفتی زۆر دەبێ و ناتوانێ نەزەرەكانی بێ كەم و كووری بێ .

زۆرینەی لێكۆڵەوەران كه باسی زمانی كوردییان كردووە نه تەنیا عەقیدەیان وانییه كه زمانی كوردی زاراوە یا بەشێک له زمانی فارسیه بەڵكوو پێیانوایه كوردی زمانێكه تایبەتمەندی دیاری خۆی هەیه . بۆ وێنه (یوستی) له سەر ئەوە پێدادەگرێ كه زمانی كوردی له نەزەر دەنگ ، تەجزیه و تەركیب و بەربڵاوی به تەواوی له زمانی فارسی جودایه و(سوسین) ڕوونیدەكاتەوە كه زمانی كوردی زاراوەی هاوخانەوادەی زمانی پەهلەوی یا فارسی نوێ نییه و شاخەیەک له زمانی فارسی باستانیش نییه و لەو جودا نەبۆتەوە. ئەڵبەته زمانی كوردی نزیكی دێرینەی لەگەڵ فارسی هەیه چونكه هەردوو زمان له كۆی زمانه هیندوئورووپاییەكانن. بەڵام له زۆربارەوە پێكەوە جیاوازییان هەیه . ئەو جیاوازیه له وشه، دەستووری زمان ، سەرف و نەحو و شێوەی تەلەفوزدایه.

(سیدنی اسمیت) دەڵێ: زمانی كوردی زمانێكی به تەواوی سەربەخۆیه و خاوەنی ڕەوتی پێگەیشتن و پەرەگرتنی تایبەتی خۆیەتی . زمانێكی ئارییایی و قەدیمییه كه له كێوەكانی كوردستان له قەدیمەوە تا ئەوڕۆ ڕەسەنایەتی و دەوڵەمەندیی خۆی پاراستووە. باستانشناسەكان ئاسەواری تەمەدونێكی پاش دەورەی (نوسنگی) یان دیوەتەوە كه بەشێک له دنیای قەدیم له ڕۆمانی و جنووبی ڕووسیەوە بگره تا شووش، بلوچستان، هیندوستان، تركستان، كوردستان له خۆی دەگرێ و پێیانوایه ئەو تەمەدونه ێ میللەتێكی واحیده چونكه پاشماوەكانی هەموو ئەو ناوچانەی داگرتووە و بۆیه بەو میللەته دەڵێن هیندوئورووپایی. ئەو میللەته بریتی بووە له زۆر عێل و عەشیره و پێش ئەوەی دەست بكەن به كۆچ و بڵاو ببنەوە له سەرزەمینی قەدیمی خۆیاندا نیشته جێبوون كه له سەرەوەی دەریای قەزوێن بووە . تەواوی ئەو عێلانه تەشكیلی یەک میللەتیان داوە و تازەمانێک كه یەكپارچه بوون به زمانێكی

واحید دواون کە پێیدەکوترێ زمانی هیندوئورووپایی . زمانەکانی ئەورۆی میللەتانی ئاریایی هەموویان لە زمانی دایکی و دێرێنی خۆیان جوێبوونەتەوە و سەربەخۆ بوون . زمانی هیندوئورووپایی کە زمانی کوردی بەشێک لەوە، بۆخۆی لە زمانێکی پێش مێژوو ڕا رسکاوە و بڵاو بۆتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی پێنجەمی پێش میلاد و دانیشمەندان پێیدەڵێن زمانی هەوەڵینی هیندوئورووپایی.

لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی خێڵەکانی هیندوئورووپاییدا جودایی و جیاوازیی بەینی زمانەکان و زاراوەکان زیاتر بووە و کولتور و رێورەسمەکانیان ئاڵووگۆری بە سەردا هاتووە تا ئەو جێگایەی ئەگەر ئەندامانی ئەو خێڵانە دەگەیشتنە یەکتر لە زمانی یەکتر نەدەگەیشتن. سەرەنجام ئەو شتە بووە هۆی پەیدابوونی زمانەکانی ئەوڕۆی میللەتانی ئورووپا و جنووب و جنوبغەربی ئاسیا. کۆی زمانەکانی هیندوئورووپایی ئەورۆ بە سەر چەند دەستە زمانی ئەسڵی و فەرعیدا دابەشدەکرێن کە بریتین لە:

١، مەجمووعەی هیندوئورووپایی

٢، مەجمووعەی (اندولی)

٣، مەجمووعەی ژرمەنی

٤، مەجمووعەی کلتی

٥، مەجمووعەی بالتیکی ، ئیسلاوی

هەریەک لەو مەجمووعانەش شامیلی چەند مەجمووعە زمانی سانەوی دیکەن:

١،داردی،٢، هیندی،٣، کاسپین،٤، ئێرانی .

مەجمووعەی  زمانە ئێرانیەکان شامیلی چەند زمانی ئێرانی دیکەن : کوردی، بەلووچی، سەغدی، پەشتوو، ئەوێستا ، فارسی قەدیم.

وێکچوونێکی ئاشکرا بەینی مەجمووعەی زمانە هیندیەکان و مەجمووعەی زمانە ئێرانیەکان بەرچاو دەکەوێ کە سابتی دەکا ئەو دوو مەجمووعە زمانە ریشەی هاوبەشیان هەیە. و هەر بەو دەلیلە ئەو دوو مەجمووعەیە بە نێوی زمانەکانی هیندو ئێرانی ناو  دەبرێن. مەجمووعەی زمانەکانی هیندوئێرانی کوردی و فارسی و چەند زمانی دیکەیە و بە سەر سێ شاخەدا دابەشدەکرێن.

١، زمانەکانی ئێرانی (شمالی)

٢، زمانەکانی ئێرانی (جنوبی)

٣، زمانەکانی ئێرانی(شەرقی)

زمانی کوردی دەگەڵ شاخەی ئەوەڵە و زمانی فارسی دەگەڵ شاخەی دووەمە. ئەوە دەلیلێکی بە هێزە کە ئەو دوو زمانە هەرکام سەربەخۆ بووە و لێک جیاوازن. جێگای زمانی کوردی روون و ئاشکرایە ، لە گرووپی زمانەکانی ئێرانیی جنووبی دانییە و زاراوەی ناوچەیەکی ئەو حەوزەی زمانیە نییە بەڵام پێوەندێک بەینی ئەو دوو زمانە هەیە کە ئەویش هاوریشە بوونی هەر دووزمانە.

زاراوەکانی زمانی کوردی

هەروەک چۆن بەشێک لە گەرۆکەکان و رۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی راستەقینەی زمانی کوردی و پێوەندی دەگەڵ زمانی فارسی تووشی سەرلێشێواوی و هەڵە بوون و نەیانتوانیوە بە دروستی تێبگەن کە پێوەندی زاراوەکانی ئەو زمانە دەگەڵ یەکتر تا چ رادەیەک و چۆنە . ئەو شتە گرینگە بۆتە هۆی ئەوەی عەقیدەیان لە سەر دابەشبوون و دەستەبەندیی

دیالێکتەکانی زمانی کوردی یەکنەگرێتەوە و نەزەرەکانیان جیاواز بێ. ئەو نەزەرە جیاوازەی ڕۆژهەڵاتناسان زیاتر لە سەر دوو زاراوەی ڕەسەن و دێرینی زمانی کوردییە کە یەکیان:

١، زاراوەی کرمانجی جنووبی کە لە رابردوودا وەک زاراوەی لوڕی ناسێندراوە .

٢، زاراوەی گۆران.

بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسان ئەو دوو زاراوەیان جیا لە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی ناساندووە و بە زمانی کوردییان نازانن. عیدەیەک تەنانەت دەڵێن ئەو دوو زاراوەیە لە زاراوەکانی زمانی فارسین. پێویستە ئەو هەڵەیە لێرە ڕاست کەینەوە. وادیارە زەقکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە لە ڕوانگە و دیدی حاکمانی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ و مەبەستی سیاسی تایبەتی لە پشتە . مخابن بەشێک لە نووسەرانی کوردیش هەڵخلیسکاونەتە سەر ئەو ڕێگا هەلەیە .

ڕوانینی حاکمانی ئێرانی سەبارەت بەو زاراوەیەی زمانی کوردی و ئەو کوردانەی بەو زاراوەیە دەدوێن لەبەر ئەوەیە ئەوان بە بەشێک لە نەتەوەی فارس لە قەڵەم دەن و لەو نەتەوەیەدا بیانتوێننەوە . بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە هەموو گومڕا کردنێک کەڵکیان وەرگرتووە. بۆ وێنە :

١، بەشی جنووبی کوردستانی ئێران یانی لورستانیان وەکوو ناوچەیەکی فەرامۆشکراو لێکردووە بەتایبەت لە باری فەرهەنگی و فێرکردن و بارهێنان و ئابووریەوە خزمەتێکی وای پێناکرێ.

٢، کوردەکانی ئەو ناوچەیەش بۆخۆیان زۆر ئەهمییەتیان بەوەنەداوە تا بەوزمانەی قسەی پێدەکەن هەر بەو زمانەش فێری خوێندن و نووسین بن و باقی ڕۆڵەکانی دیکەی گەلی کوردیش لە بارەی ئەوانەوە کەمتەرخەمییان کردووە. لەو ناوچەیە فێرکردن و بارهێنان بە فارسیە و منداڵەکان بەو زمانە

تەعلیم دەدرێن و نووسین بە زمانی کوردیان فێر نەکردوون و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی فەرهەنگی زمانی فارسی لەوێ زیاتر بسەپێ و بناغەی زمانیی خۆی قایمتر بکا و جەرەیانی رووناکبیری و فەرهەنگیی کوردی لەوێ کزتر بێ. وای لێهاتووە زاراوەی لوڕی نێوێکی سەربەخۆ لە زمانی کوردی بە دوای خۆیدا دەکێشێ.

٣، مەنتەقەیەکی جوغرافیایی دوور لە جەرەیاناتی رووناکبیریی و سیاسی کوردستانە و تا ساڵی ١٩٣٠ هیچ رێگاو بانێکی مودێرن و بەربڵاوی لێنەبووە.

٤، خەڵکی ئەو دەوەرەی کوردستان شیعە مەزهەبن و حاکمان و فەرمانڕەوایان بۆ زەعیف کردنی هەستی نەتەوەیی لە فرسەت کەڵکیان وەرگرتووە و لە چەکی مەزهەب کەڵک وەردەگرن و زیاتر بۆ لای نەتەوەی فارسیان دەکێشن.

٥، جووڵانەوەکانی نەتەوایەتیش کەمتەرخەم بوون و حەولیان نەداوە نفووز و قودرەتی خۆیان بگەیەننە ئەو بەشە لە کوردستان و ئەوەش بۆتە هۆیەک رێگای ئەوە هاسانتر بێ تا لە نێوان هەستی نەتەوەیی راستەقینەی دانیشتوانی ئەو دەوەرە ، هەستی مەزهەبی تەقویەت بێ .

٦، بێجگە لەوانە هەرکات کوردەکانی ئەو ناوچەیە فرسەتێکی لە باریان بۆ هەڵکەوتووە هەستی نەتەوەیی خۆیان نیشان بدەن ، بێڕەحمانە سەرکوت کراون و گەمارۆی ئابووری و نیزامی دراون و لە سەر زێدی خۆیان دەربەدەرکراون.

ساڵی ١٥٩٦ پێش ئەوەی هەستی ناسیونالیستی لە نێو رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیەدا زۆر بە هێز بێ ، شەرەفخانی بدلیسی زاراوەی لوڕی وەک یەک لە زاراوەکانی زمانی کوردی نێو بردووە هەروەها واسیلی نیکیتین ئەو زاراوەی وەک زاراوەیەکی زمانی کوردی ناساندووە . شەرەفنامە هیچ شک و گومانێکی

له سەر کوردی بوونی زاراوەی گۆران نە هێشتۆتەوە . ئیدموندز و توفیق وەهبیش هەر ئەو عەقیدەیەیان هەیە و بە زاراوەیەکی زمانی کوردی دەزانن.

زۆر بوونی زاراوەکانی زمانی کوردی کە لە راستیدا بۆتە هۆی دەوڵەمەندیی ئەو زمانە بە هیچ جۆرێک نابێ وەک بەهانەیەک بۆ ئیجادی شک و شوبهە لە سەر سەربەخۆیی و رەسەن بوونی زمانی کوردی بێتە ئاراوە.

نووسەرانێک کە باسی زمانی کوردییان کردووە لە سەر بنەمای دیالێکتەکانی دەستەبەندییانکردووە و دوایە بە چەند زاراوەی ناوچەیی دابەشیانکردووە بەڵام زۆربەیان لە سەر شومارەی زاراوەکان هاودەنگ نین . بە دەلیلی ئەوەی زمانی کوردی خاوەنی زاراوەی زۆرە هێندێک کوتوویانە ئەو زمانە کۆیەک لە زاراوەکانی ناوچەییە کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە تەفاوەتیان هەیە بەڵام میجرسۆن لە بەرپەرچدانەوەی ئەو نەزەرەدا دەڵێ:

ئەوەی کە هێندێک کەس دەڵێن زمانی کوردی تەنیا زاراوەیەکە و لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی دیکە فەرقیان هەیە ، دەبێ بڵێم :

راستیەکەی ئەوەیە کە زاراوەی بابان لەگەڵ زاراوەی کرمانج هێندێک ئیختلافیان هەیە بەڵام نە ئەوەندە زۆر کە وەک جیاوازی زمان بە حیساب بێ . جیاوازیەکی بچووک کە هەیە پێوەندی بە ئاڵووگۆڕی (صوت) و شێوەی تەلەفوزی حەرفەکانە کە ئەوە لە زمانەکانی دیکەشدا شتێکی ئاساییە . هەرچەند ئیختیلافی کەم لە نێوان زاراوەکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەبێ دیسانیش نیشانەکانی رەسەن بوونی زمانی کوردی لەواندا دیارە .

لە نێوان دابەشکردنی زاراوەکانی زمانی کوردی، دابەشکردنی ژێرەوە لە هەموو ئەوانی دیکە باشترە و دەگەڵ حەقایقی زمانناسی باشتر دەگونجێ و دەگەڵ هەڵکەوتەی جوغرافیاییش سازگارترە:

١، زاراوەی کرمانجیی شیمالی

٢، زاراوەی کرمانجیی میانە

٣، زاراوەی کرمانجیی جنووبی

٤، زاراوەی گۆران

هەرکام لەو زاراوانە بۆخۆی بە چەند دیالێکتی ناوچەیی و مەنتەقەیی دابەش دەبێ کە عومووماًن وێکدەچن. بێجگە لەو ئیختیلافاتە بچووکە لە هێندێک وشە و پیت و کارکردی زاراوەکانی جیران، هیچ ئیختیلافێکی گەورەی دیکەیان دەگەڵ یەکتر نییە و بە شێوەیەکی سروشتی خاوەنی هەموو مەرجێکی زمانێکی یەکسانن. دەبێ سەرنج بدەینە چوارچێوەی جوغرافیایی هەرکام لە چوارینە زاراوەیەی زمانی کوردی.

وەرگیراو لە کتێبی(زبان کردی و پراکندگی جگرافیایی لهجەهای آن)

نووسینی: دوکتور فواد محەمەد خورشید

لە فارسیەوە کراوە بە کوردی

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی  (٢١)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

هۆیەکانی بوونی ئەو هەموو زاراوەیە لە زمانی کوردیدا

هۆیەکانی بوونی زۆریی زاراوە لە زمانی کوردیدا دوو شتە :

١، هۆی جوغرافیایی : هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان و وەزعیەتی سروشتیی ئەو سەرزەمینە کۆێستانیە بە دۆڵ و دەرەی فراوان و شاخ و هەڵدێر و نەبوونی رێگای موناسب و بوونی چۆمی قووڵ و بارینی بەفروباران و سەرماو سەغڵەتی زستانان ناوچەی زۆربەی عێلەکانی لە یەکتر جیا کردۆتەوە و پێوەندی ئەوانی دەگەڵ یەکتر کەم کردۆتەوە. لە رابردوودا دانیشتوانی کوردستان دەگەڵ یەکتر پێوەند و هاوهەنگاوییان نەبووە چ بگا بەوەی لە فەرهەنگ و عەقیدەی یەکتر کەڵک وەرگرن . ئەو پرش وبڵاویە ولێکدوور بوونی خەڵکەکە وردە وردە بۆتە هۆی ریشە داکوتانی ئەو ئیختلافاتە لە زاراوەکانی ناوچەکاندا.

تەنیا قازانجێکی ئەو وەزعیەتە جوغرافیاییە بوویەتی ئەوەیە کە زمانی کوردی لە کارکردی زمانی بێگانە پارێزراوە و پێشی نفووزی بێگانەی تا رادەیەک بەربەست کردووە . بۆیە زمانی کوردی دەست لێنەدراو ماوەتەوە، ئەسالەتی خۆی لە دەست نەداوە و یەک لە زمانە دێرینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە تا ئەورۆش وشە و رستی ئاریایی قەدیمی تێدا دەبینین کە هەموو رۆژێ دەیڵێینەوە لە حاڵێکدا زمانەکانی دیکە ماوەیەکی دوور و درێژە لەو وشانە بێ بەهرە بوون.

نوئێل پێیوایە بڵاوبوونی عێلە کوردەکان و لێک جیابوونیان و پێکنەهاتنی ئەدەبیاتی هاوبەش کە کارکردی گشتیی لە سەر زمان هەبووە بۆتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی بە سەر چەند زاراوەدا بەشبووبێ کە هەرکامیان خوسووسیەتی تایبەتیی خۆی هەبێ بەڵام دەتوانین بڵێین هەموویان لە یەک زمان و یەک سەرچاوەوە رسکاون.

٢، هۆی سیاسی

کوردستان تا ئەورۆ یەکیەتی سیاسیی وای نەبووە کە تەواوی ئەو سەرزمینە و هەموو ناوچەکانی وێکڕا بگرێتەوە. بێگومان ئەو دابڕانانە بۆتە هۆی ئەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی هاوبەش سەرنەگرێ. هەرچەند کە ئەمیر نشینی سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆی کوردی بە تایبەت لە دەورانی ئیسلامیدا دروستبوون ، دیسانیش نەیانتوانی زمانێکی واحید و یەکسان دروست بکەن، تەنانەت بۆتە هۆی ئەوەی زاراوەکان زیاتر لێک جودابکاتەوە چونکە میرنشینەکان لە شوێنی جیاوازی کوردستان دروست بوون هەرکامیان ویستوویانە زیاتر بە زاراوەی ناوچەیی خۆیان قسە بکەن و بنووسن و بەو زاراوە ناوچەییە ئەهمیەت بدەن. نە تەنیا لە نێوان زاراوە سەرەکیەکانی زمانی کوردی سنوورێکی روون و جیاکەرەوە وجودی نییە بەڵکوو لە نێو وێژە ناوچەییەکانیش سنوورێکی وا وجودی نییە بەڵکوو هەموو زاراوە و وێژەکان دەگەڵ یەکتر خاڵی هاوبەشیان هەیە و کێشەیەکی تایبەت و ناکۆک لە نێویاندا نییە و ئەگەر کەسێک بە زاراوەیەکی ناوچەی خۆیەوە بچێتە ناوچەیەکی دیکە بە زاراوەیەکی دیکەوە، تەفاوەتێکی زۆر بەرچاو نابینێ . بۆ وێنە ئەگەر کەسێک لە ناوچەی سۆرانەوە بچیتە ناوچەی زاراوەی موکری ئاڵووگۆڕێکی بەرچاو لە باری زمانەوە هەست پێناکا هەرچەند زاراوەی سۆران لە هەولێر و زاراوەی موکری لە مهاباد لە گۆڕێدایە. ئەگەر کەسێک لە هەولێر وەڕێکەوێ و لە شەقڵاوە و حاجی ئۆمەران و خانێ و نەغەدە و میاندواو تێپەڕێ و بگاتە مهاباد ئەسڵەن ئاڵووگۆڕی زمان لەو ناوچانە

هەست پێناکا . هەروەها ئەگەر کەسێک لە ناوچەی جوغرافیایی زاراوەی کرمانجیی شیمالیی بێ بەرەو ناوچەی زاراوەی کرمانجیی ناوەڕاست، تا دەگاتێ هەست بە سنوور و ئاڵوگۆڕی سەرەکی لە بەینی زاراوەکاندا ناکا یان ئەگەر کەسێک لە سلێمانیەوە وەڕێکەوێ بەرەو پێنجوێن و مەریوان تا دەگاتە سنە تەفاوەتێکی زۆر بەینی دوو زاراوەی سلێمانی و ئەردەڵانی نابینێ یان ئەگەر کەسێک لە کرماشانەوە بەرەو خورەم ئاباد و ئیلام وەڕێکەوێ تا دەگاتە شەهری کورد لە نێوان زاراوەکانی ئەو ناوچانە کە کرمانجیی جنووبیە تەفاوەتێکی زماناسی تایبەتی نابینێ .

نەخشەی بڵاوبوونەوەی زاراوەکانی زمانی کوردی

زمانی کوردی و زاراوەکانی بە بەربڵاوی تەواوی ناوچەکانی جنووب و جنووبی شەرقی تورکیە و سنوورەکانی نزیک سوریە و شیمال و شیمالشەرقی عێراق و هەموو ناوچەکانی غەربی ئێران (بێجگە لە ناوچە عەرەب نشینەکان) ی داپۆشیوە. کە وابوو زمانی کوردی ناوچەیەکی گەورە و بەربڵاو لە غەربی ئاسیای داپۆشیوە کە لە شیمال لە لینیکان(ارمنستان)، قارس، ئەرزروم، ئەرزەنجان، سیواس و مەرعەشەوە دەست پێدەکا و لە جنوبی غەربی لە عفرین و جەبەلولئەکراد تێپەڕ دەبێ و لە چۆمی دیجلە ڕەد دەبێ و بۆ لای شەرقی (هامون حمرین) دادەکشێ و مەندەلی و دزفول تێدەپەڕێنێ تا سنوورەکانی شیمالشەرقی خەلیجی فارس درێژ دەبێتەوە. لەولاوە لە شەرقەوە دەگاتە چومی ئەرەس و شارەکانی ماکۆ ، خۆی و لێوارەکانی غەربی و جنوویی دەریاچەی ورمێ تا کێوی سەهەند کە لە شیمالی مەراغەیە و لەوێوە وەک خەتێکی پڕ پێچ و خوار دادەکشێ و لەو ناوچانە تێپەڕ دەبێ : شارۆچکەی ئەحمەداباد، مسیراباد، بیجاڕ، ئەسەداباد کە دەکەوێتە غەربی شاری هەمەدان، کارێز، عەلی چاودر، شاری کورد و دەکشێ بەرەو جنووب تا شاری کازروون و حەسار و گۆشەی شیمالشەرقی خەلیجی فارس کە شارەکانی بەندەردەیلەم و حەسار لەوێدا هەڵکەوتوون.

زمانی کوردی بەو بەربڵاوی و پانایی جوغڕافیایی هەیەتی بێگومان لە هەموو مەنتەقەیەک لە کارکردی زمانەکانی دراوسێ بە دوور نەبووە و لەگەڵ زمانەکانی دەوروبەری تێکەڵ بووە و دیاردەکانی زمانییان پێکەوە ئاڵوگۆڕ کردووە. لە شیمالغەربەوە دەگەڵ زمانی ترکی و لە شەرق و جنوبشەرقەوە دەگەڵ زمانی فارسی ، لە غەربەوە دەگەڵ زمانی عەرەبی و لە شیمالشەرقەوە دەگەڵ زمانی ئەرمەنی و تورکمانی تێکەڵی هەبووە بەڵام لە ناوچە ناوەندییەکانی کوردستان کە لە کارکردی زمانەکانی دیکە بە دوور بووە ، زمانی کوردی و زاراوەکانی هەروا رەسەن و پاراو ماوەتەوە بەڵام لە قەراغەکان وشە و ئیستلاحاتی زمانە بێگانەکانی پێوە دیارە. ئەو پێوەدیاربوونەش لە بەر ئەوەیە سنوورێکی زمانیی دیاریکراو وەک سنووری سیاسی و جوغرافیایی بەینی دەوڵەتەکان لە بەینی زمانی کوردی و زمانەکانی دراوسێ نەکیشراوە کە ئەوانە لێک جیابکاتەوە. مەبەست لە قەراغەکان ئەو ناوچانەن کە دوو زمانی دراوسێ تێکەڵاویان پێکەوە هەیە و پردێکی پێوەندی بەینی دوو زمان دروست بووە و کاتێک لەو پردە تێپەڕین دەگەینە ناوچەیەک بە زمانی تایبەتی خۆیەوە .

ئەوەی بە دابەشبوونی جوغرافیایی زاراوەکانی زمانی کوردی مەربووتە ئەوەیە کە زاراوەی کرمانجیی شیمالی لە ناوچە شیمال و شیمالغەربی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و کرمانجیی ناوەڕاست ناوچە ناوەندییەکانی کوردستانی داگرتووە و کرمانجیی جنوبی هەم جنووب و هەم جنووبی شەرقی کوردستانی داگرتووە بەڵام زاراوەی گۆران لە ناوچەکانی بڵاوبوونەوەی زاراوەکانی کرمانجیی شیمالی و ناوەندی بە شێوەیەکی لێک بڵاو دابەش بووە.

دیالێکتی کرمانجیی شیمالی

ئەو زاراوەیە لە هەموو زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی بەربڵاوتر و پەرەگرتووترە چونکە کوردەکانی کوردستانی تورکیە ئوستانەکانی بایەزید(کارگوسە)، وان، جۆڵەمێرگ، سیرت، موش، مێردین،دیاربەکر،

خارپوت، ئەدیامان، غازیان تەپە، و ناوچەکانی شەرقی ئوستانەکانی مەرعەش و سیواس و ناوچەکانی جنووبی ئوستانەکانی ئەرزروم و قارس بەو زاراوەیە قسە دەکەن. هەروەها کوردەکانی جنووبی غەربی ئەرمەنستان و شیمالی سوریە و دانیشتوانی ئوستانی دەهۆک و شارەکانی زێبار و ئامێدی و سەنجار و ئاکرێ عێراقیش هەر بەو زاراوەیە وتووێژ دەکەن هەروەها شارەکانی خۆی و قوتووریش بەو زاراوەیە دەدوێن .

دەتوانین لە جنووب زاراوەی کرمانجیی شیمالی لە کرمانجی نێوەڕاست جیا بکەینەوە و ئەو خەتی جیاکەرەوەیە لە لێوارەکانی رۆژاوای دەریاچەی ورمێوە دەست پێدەکا و بەرەو جنووبی غەربی دەروا و لە شیمالی شاری شنۆ و دۆڵی کێلە شین نزیک سنووری عێراق تێدەپەڕێ و دەگاتە کێوی هەڵگورد و لەوێڕا بە لای چۆمی رەواندز بەرەو شیمال دەڕوا تا دەگاتە چۆمی بادینان (زێی گەورە) . بەو جۆرە لە بەشی شیمالدا بە هۆی بەربڵاو ی و فەراخیی جوغرافیایی و سیاسی ئەو زاراوەیە بە سەر چەند بنزاراوە دابەش دەبێ بەڵام ئیختلافاتەکەیان گەورە نییە و تەفاوەتێکی زۆریان دەگەڵ یەکتر نییە. دەتوانین لە سەر بنەمای چوارچێوەی جوغرافیایی ئاوایان دابەش کەین:

١، بایەزیدی ، لە شیمال و شیمالی رۆژهەڵاتی دەریاچەی وان هەڵکەوتووە.

٢، هەکاری، لە جنووب و جنووبغەربی دەریاچەی وان هەڵکەوتووە.

٣، بوتانی ، لە دەوروبەری دۆڵی بوتان و شاری سیرت و ئەڕتووش و جزیرە و دیاربەکر هەڵکەوتووە.

٤، شەمدینانی ، لە گۆشەی جنووبی شەرقی تورکیە و شەرقی زێی گەورە و دەوروبەری ئەو چۆمە هەڵکەوتووە .

٥، بادینانی،لە ناوچەکانی ئوستانی دەهۆک و شارۆچکەکانی ئامێدی، زێبار، ئاگری، شێخان و شەنگاڵ هەڵکەوتووە .

٦، زاراوەکانی غەربی، ناوچەکانی خارپوت، ئورفا، عفرین و مەرعەش دادەپۆشێ.

زاراوەکانی کرمانجیی ناوەندی

ئەو زاراوەیە تەواوی ناوچە جنووبیەکانی ئەو خەتەی کێشامان دادەپۆشێ و لە زاراوەی کرمانجیی شیمالی جیای دەکاتەوە و لە لای جنووبەوە تا شاری خانەقین و چۆمی سیروان درێژەی هەیە. لە لای غەربیشەوە لە رۆژهەڵاتی حەمرینەوە بەرەو رۆژاوا درێژ دەبێتەوە و دەگاتە خەتێک کە لە کێوی سەهەند و مسیراوا و بیجار و ئەسەداباد تێدەپەڕێ . بەشی ئاخری سنووری جنوبی دەگاتە مەلایر و کرماشان و قەسری شیرین و خانەقین. لەو زاراوەیە پێنج بنزاراوەی ناوچەیی لێ جوێ بوونەتەوە

١، موکری، ناوچەکانی شنۆ،نەغەدە، مەراغە، میاندواو، ساینقەڵا، سەقز، بۆکان، مهاباد، بانە و سەردەشت.

٢، سۆرانی، هەموو ئوستانی هەولێر غەیری زێبار.

٣، ئەردەڵانی، سنە، بیجار، کەنگاوەر، رەوانسەر، شیمالی جوانرۆ.

٤، سلیمانی یا بابانی، تەواوی ئوستانی سلێمانی و هێندێک ناوچەکانی خانەقین.

٥، گەرمیانی، فەرقێکی زۆری دەگەڵ راوێژی سلێمانی نییە و هەموو ناوچەکانی کفری، قەرەتەپە ، کەرکووک، توز، و ناوچەی شوان.

زاراوەی کرمانجیی جنووبی

ئەو دیالێکتە بەربڵاویەکی زۆری لە نێو زاراوەکانی کوردیدا هەیە. حەوزەی ئەو زاراوەیە لە قەسری شیرن،کرماشان، مەلایرەوە، دەست پێدەکا و بەرەو

جنووب دەکێشرێ و دەگاتە لێوارەکانی شیمالی شەرقی خەلیجی فارس. ئەو زاراوەیە ئی تەواوی کوردە لوڕەکانە و ناوچەیەکی بەرینی شوێنی ژیانی ئەوان دەگرێتەوە و نێوی لوڕستانە و هێندێک لە نووسەران بە زاراوەی لوڕیٚ نێوی دەبەن. لوڕەکان بەشێکی گەورە و دێرینی نەتەوەی کوردن. لە شەرەفنامەدا لە بارەی لوڕەکاندا ئاوا هاتووە:

تایەفەی لوڕەکان لە کوردەکان، لە ویلایەتی مانڕۆی کوردستان سەریانهەڵداوە. لەوێ گوندیکی لێبووە بە نێوی کورد و لە نزیک ئەوێ دۆڵێکی لێبووە بە نێوی (گوڵ) و لەو دۆڵەدا مەکانێکی لێبووە بە نێوی لوڕ و عەشایری کورد لەوێ دەژیان و لە بەر ئەوە ئەو نێوەیان وەرگرتووە . کاتێک حەشیمەتەکەیان زیادی کردووە لە ناوچەکانی دیکەی ئەو دۆڵە نیشتەجێ بوون و پێیان دەکوترێ لوڕی رەسەن یا لوڕی بچووک بەڵام ئەو دەستە لە عێلەکانی کورد کە لە جێگاکانی دیکەوە هاتوونە ئەو شوێنە و تێیدا نیشتە جێبوون بە لوڕی رەسەن حیساب ناکرێن بەڵکوو پێیاندەکوترێ لوڕی گەورە، بۆ ئەوەی بە هاسانی بکرێ ئەوان لە لوڕی رەسەن جیا بکرێنەوە. بۆیە کوردە لوڕەکان دەبنە دووبەش :

١، لوڕی گەورە ، کە بریتین لە تیرەکانی بەختیاری و مەمەسەنی و کوهگیلویەیی. ئەوانە بە هەر هۆیەک لە کوردستانەوە بۆ لورستان کۆچیانکردووە و ئیستا نیوەی جنووبی لورستان ئەوان لێی نیشتەجێن.

٢، لوڕی بچووک یا لوڕی رەسەن، ئەو دەستەیە ئەو کوردانەن کە لە دێرزەمانەوە و لە دەستپێکی پێکهاتنی میللەتی کوردەوە لەو شوێنانە نیشتەجێ بوون و ژیاون. بریتین لە تیرەکانی دلفان، سەلسەلە، باڵاگریوە، ئەمالەن کە لە ناوچەی پێشکۆ دەژین و فەیلیەکانیش ناوچەکانی پشتکۆیان بۆ ژیانی خۆیان هەڵبژاردووە. ئەوانە پێیاندەکوترێ فەیلی لوڕ .

له دیالێکتی کرمانجیی جنووبی بنزاراوەی ناوچەیی زۆری لێکەوتۆتەوە وەک: بنزاراوەی ناوچەیی لوڕی ڕەسەن یا فەیلی ، لەکی، کەلهوڕی، بەختیاری، مەمەسەنی، کوهگیلوویی.

لوڕیی ڕەسەن ، دانیشتوانی پێشکۆ و پشتکۆ و باڵاگریوە قسەی پێدەکەن. مەحدوودەی ئەو بنزاراوەیە نیوەی شیمالی ناوچەی لوڕستانە. لەکیش بنزاراوەیەکە کوردەکانی پێشکۆی لوڕستان قسەی پێدەکەن و شامیلی تیرەکانی خاجەوەند، عەبدولمالیکی، ناداوەند، شوجا و کاتاوەندە هەروەها تیرەکانی دلفان و سەلسەلە و پیرانوەند جوزوی لەک حیساب دەکرێن .

وەرگیراو لە کتێبی (زبان کردی و پراکندگی جغرافیایی لهجەهای آن) نووسینی دوکتور فواد محەمەد خورشید . لە فارسیەوە کراوەتە کوردی.

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی  (٢٢)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**زاراوەی کەڵهوڕ**




کەڵهوڕ دیالێکتێکە دانیشتوانی کوردی ڕەسەن و دێرینی کوردەواری قسەی پێدەکەن. ڕاولینسۆن ساڵی ١٩٣٨ جەمعییەتی ئەوانی بە ١٠٠٠٠٠ کەس بەراوەرد کردووە کە تەقریبەن نیوەیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی سەرزەمینی فارسدا بڵاو بوونەوە و نیوەی دیکەشیان لە ناوچەی شاخاوی زاگرۆسدا نیشتە جێن. ئەو بەشەیان کە لە ناوچەی کرماشاندا دەژین دابەش دەبن بە مەنسووری و شازادە. شازادەکان کە دەشتی ماهیدەشتیان بە دەستەوەیە و لە کرماشانەوە دەست پێدەکا و تا بەدرە و جەسان و مەندەلی درێژ دەبێتەوە و بەشێکی دیکەی شوێنی ژیانیان ناوچەی گیلانغەربە. بەو جۆرە هەر سێ زاراوەی(لوڕی ڕەسەن، لەک، کەڵهوڕ) تەواوی بەشەکانی شیمالی لورستان دادەپۆشێ. بەختیاریش دیالێکتێکی فەرعی لە زمانی کوردیە کە بەختیارییەکان قسەی پێدەکەن کە بەشێکی زۆر لە لوڕی گەورەن کە بەسەر

(حەوت لنگ و جوارلنگ) دا بەش کراون. حەوت لنگەکان لە مەنتەقەکانی سەر بە چۆمی کاروندا دەژین و تایفەکانیان زۆربەیان رەوەکن.

چوارلنگەکان(چوارعێل یا چوار تایەفە) لە ناوچەکانی بەینی کاڕوون و داڵکی دا نیشتەجێن و زۆربەیان وەرزێر و لە گوند و شارەکاندا دەژین. راوێژی مەمەسەنیش دیالێکتی کوردی مەمەسەنیە و بریتین لەو تیرانە: بکسی، جاوی، رۆستەمی، خان حەلیخا، ئیمامقولیخان. راویژی کوردەکانی کوهگیلویە دیالێکتی کوهگیلویەییە کە نیشتەجێی مەناتیقی جنووبی بەختیاری و دەوروبەری کێوی دنا و سەرچاوەی چۆمی جەڕاحین وتا بیهبەهان و رامهورمز و کازروون درێژ دەبێتەوە. لە لای رۆژهەڵاتی ئەوانەوە کوردەکانی مەمەسەنی نیشتەجێن. ئەو کوردانە بە دوو کۆگا دابەش دەبن .

١ ، کۆگای پشت کوە: بویرئەحمەدی، دوژمن زیاری، سەیدرەزاتۆفیق، تابی بیلال، تابی بینی، تاجی تیبی، بەهمەهی، جارومفسلیان، باوی، نەوە.

کۆگای پێش کوە: ئاغاجاری، بەگدالی، باولی.

زاراوەی گۆران

ئەو زاراوەیە لە رێگای بەینی قەسرشیرین ، کرماشانەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە کێوەکانی هەورامان. لە لای غەربیشەوە لە سەرچاوەی چۆمی سیروانەوە دەست پێدەکا تا دەگاتەوە کرماشان. هەورامیەکان، رێژاو، کاندولە، سەنجاوی، گۆران و باجەڵان بەو زاراوەیە قسە دەکەن. بێجگەلەوە (شبکی) یەکانی شیمالی شەرقی مووسڵ لە دەوروبەری چۆمی خوسر بەو دیالێکتە قسە دەکەن. ئەو دیالێکتە بە جوار بنزاراوەی ناوجەیی دابەش دەبێ. گۆرانی رەسەن، هەورامی، باجەڵانی، زازا.

گۆرانی رەسەن، راوێژی ناوچەکانی کرند، زەهاو و جوانرۆیە. هەروەها کاکەییەکانی داقۆق، زەنگەنەی نزیک کفری، قادرکەرەم، سیامەنسووری مەنتەقەی لەیلان بەو دیالێکتە قسە دەکەن.

هەورامیش دیالێکتێکی شیرنە کە خەڵکی کوێستانەکانی هەورامان ، پاوە، پاڵنگان و دەوروبەر قسەی پێدەکەن و ئەویش دوبەشە.

بەشی لهۆن: کە لە ناوچەکانی غەربی کێوەکانی هەورامان لە دیوی عێراق نیشتەجێن .

بەشی هەورامانی تەخت: لە شەرقی شاخەکانی هەورامان لە دیوی ئێران نیشتەجێن.

باجەڵانەکان زۆربڵاو بوونەوە . بەشێکیان لە شیمالی شەرقی مووسڵ دەژین کە پێیان دەکوترێ شەبەک. بەشێکیان لە زەهاو و شیمالی لوڕستان و نزیک خانەقین ، قورەتوو، شێخان و هۆرینی عێراق نیشتەجێن. هەرچەند کە شوێنەکانی دیالێکتی باجەڵانی لێک بڵاون بەڵام راوێژی هەموویان وەک یەکە بەڵام راوێژی کرمانجیی نێوەڕاست بڕێک تێکەڵی دەگەڵی بووە و کارکردی لە سەری هەبوو.

زازاش شاخەیەک لە زاراوەی گۆرانە بەڵام سەیرە کە لە مەحدوودەی زاراوەی گۆران زۆر دوورە و لەوبەری شیمالی کوردستان بڵاو بۆتەوە. زیاتر لە ناوچەکانی مووش، خارپوت، ئەرزروم،ئەرزەنجان یانی ناوچەکانی بەینی چۆمی فورات و مرادسو بەرەو جنووب شۆڕبۆتەوە تا جنووبی کێوەکانی موشیرداغ . کوردەکانی زازا لە ناوچەی درسیم دەژین. (سون و درایور) لە سەر ئەو باوەڕەن دیالێکتی زازا دیالێکتێکی زیندوو نییە و لەوانەیە ئەو قسەیەیان بۆیە کردبێ چونکە ئەوانەی بەو زاراوەیە قسە دەکەن لە موقایسە دەگەڵ زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی شومارەیان زۆر نییە یان بەرهەمی نووسراو بەو دیالێکتەیان دەست نەکەوتووە و نەیاندیتووە.

فەرهەنگی ئەدەبی و نووسراوەیی ئەو زاراوەیە زۆر کەمە . لە ڕاستیدا ئەو دیالێکتە لە دەورانی ئەمیرەکانی ئەردەڵاندا نەبێ گەشەکردنێکی وای نەبووە بەڵام ئەمیرەکانی ئەردەڵان زۆر ڕێگایان بۆ خۆش کردن و دەرگای کاخەکانی خۆیان بۆ هونەرمەندان و خوێنەران و نووسەرانی ئەو زاراوەیە کردەوە تا بەرهەمەکانی خۆیان بخەنە بەردەست . بێجگە لە ئەو چاخە پێشڕەفتێکی وایان نەبووە . کاتێک قاجارەکان لە ساڵی ١٨٦٧ی میلادی ئەمیر نشینەکانیان ڕووخاند و ئەمیرەکانیان بێدەسەڵات کرد، ئیدی ئەوانیش فرسەتەکانیان لە دەست دا و ئەستێرەی ئیقباڵیان کووژایەوە. هەڵبەت لە دەستپێکدا ئەمیرەکانی بابانیش یاریدەی زۆریان کردوون.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە تەواوی ئەدەبییاتی دێرینەی کورد لەوناوچەکوردیانەی لە ئێراندان و لە دوو ئوستانی کەرکووک و سلێمانیدان بە زاراوەی گۆران نووسراون.

من پێموایە ئەدەبیاتی گۆران لە دەورانی حکوومەتی حەسەن وەیهی تا سەدەی ١٨ ی میلادی لە بەشی کرمانجی نێوەڕاست و کرمانجی جنووبی گرینگترین ئەدەبیات بووە و تا دەورەی بابانەکان ئەو ڕەوتە بەردەوام بووە.

ئاکامی ئەو باسانە

زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و لە ڕیزی زمانە هیندوئوروپاییەکاندایە. بە درێژایی مێژوو وردەوردە خۆی گرتووە و بە هێز بووە و سەرەڕای دیتنی نامولایماتی زۆر، شتێک لە ڕەسەنایەتی کەم نەبۆتەوە. زمان نوێنگەی بەرچاوی شارستانیەت و فەرهەنگی هەر نەتەوەیەکە. یەک لە نیشانە گرینگەکانی زیندووبوونی زمان ئەوەیە کە لە ڕەوتی زەماندا قالبی تازە وەرگرێ و پێشڕەفت بکا.

ئەو گرفتانەی بە هۆی زۆر بوونی زاراوەکانی کوردی بەرەورووی زمانی کوردی بوونەوە لە زۆر زمانی دیکەشدا دەبیندرێ و تا ئێستاش هەر بەردەوامە . زمانی ئینگلیسی و ئەلمانی لەو زمانانەن. دەبینین لە شیمال، ناوند و جنووبی ئینگلستانەوە تا وڵاتانی دیکەی ئینگلیسی زمان وەک ئەمریکا و کانادا ئیختلافی زۆر لە بەینی دیالێکتەکانی زمانی ئینگلیسیدا هەیە. زمانی ئەلمانیش هەروایە. زمانی ئەلمانی لە وڵاتانی ئوتریش و ئەلمان و سویس و هولەند تەفاوەتیان هەیە و دیالێکتی ئەو وڵاتانە وەک زاراوەیەک لە زمانی ئەلمانیی خودی ئەلمان وایە. ئەو تەفاوەتانە لە دەستووری زمان، شێوەی بەیان و وشەکاندایە.

بەو لێکۆڵینەوە زمانناسییانەی دنیای ئەورۆ لە سەر زاراوەکان دەکرێ زاراوەکان دابەشکەین بە چەند بەش و لێکیان جیاکەینەوە:

١، زاراوەی ستاندارد

٢، زاراوەی نژادی

٣، زاراوەی جوغرافیایی

٤، زاراوەی چینە کۆمەڵایەتیەکان

ئەوەی پێوەندی بە زاراوەکانی زمانی کوردیەوەیە ، ئەوەیە کە دەتوانین زاراوەکانی، وەک زاراوەی ناوچەیی بە حیساب بێنین چونکە هۆی پەیدا بوونیان وەزعییەتی جوغرافیایی و سیاسی بووە . لە کوردستان ئیختلافی زمانیی وا گەورە بەرچاو ناکەوێ کە پێوەندی بە نیژاد یا چینەکانی کۆمەڵەوە بێ بەڵام زمانی ستانداردی کوردی کە ئەورۆ بە کاری دێنین و بۆ خوێندن و فێربوون کەڵکی لێوەردرگرین ، دەبێ گەشە بکا و پەرە بگرێ و بە کەڵک وەرگرتن لە وشەکانی هەموو زاراوەکانی دیکە کامڵتر بکرێ بە تایبەت بە

کەڵک وەرگرتن لە وشەکانی زاراوەکانی کرمانجی شیمالی و لوڕی زمانەکە دەوڵەمەندتر بکریّ و ببێتە زمانی ستانداردی هەموو ناوچەکانی کوردستان.

جێگای خۆیەتی بڵێین ئەدیب و نووسەرانی کورد دڵسۆزانە هەمیشە لە فکری ئەوەدا بوون کە زمانی یەکگرتووی کوردی پەرە پێبدەن و ڕێگای لێک نزیک کردنەوەی زاراوەکانی کوردی بدۆزنەوە. لە کۆنگرەی دووهەمی ئوستادانی کورد کە ساڵی ١٣٦٠ بەڕێوە چوو هێندێک پێشنیاری باش بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش کرا بۆ وێنە:

کۆڕی (دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی دروست بکریّ) . کاری لێکۆڵینەوە لە زمان بکا و لە زانایان و زمانناسان کەڵکوەرگیریّ.

لە تەرجومەی کتێبی دەرسیدا پێوەر لێک نزیک کردنەوەی زاراوەکانی کوردی بێ.

پێویستە دەسەڵاتی سیاسی گەلاڵەیەکی تەبلیغی و فێرکاری ڕێک و پێک ئامادە بکا کە جێگای پەسندی خەڵک بێ و ئەدیب و شاعیر و نووسەری ڕووناکبیری کورد لە دەوری کۆببنەوە و بە هێزی بکەن و بەرەو سەرکەوتنی بەرن . پێویستە نووسەران و شاعیرانی کورد کە یەک لە زاراوەکانی کرمانجی شیمالی، جنووبی وگۆران بە کار دێنن لە نووسیندا شێوەیەک بە کار بێنن کە کرمانجیی نێوەڕاست ڕۆڵی سەرەکی بە ئەستۆ بێ چونکە ئەو زاراوەیە وەک ڕیشەی زمانی یەکگرتووی کوردی چاو لێدەکریّ و دەبێ وشە و ئیستلاحاتی ناوچەییش وەپشت گویّ نەخریّ بۆ وەی زمانەکە دەوڵەمەندتر بێ.

لە کتێبی (زبان کردی و پراکندگی جغرافیایی لهجەهای آن ) نووسینی فواد محمد خورشید . تەرجومەی : د سەعید خزری (عضو هیئت علمی دانشگاه کردستان) و جەعفەرخزری

## زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٢٣)

### یادگاری زەڕێران

ناوی ئەو کتێبە هەروەک دیارە (یادگاری زەڕێران)ە. مەبەست لەو ناوە یادکردنەوەی زەڕێر و هاوڕێیانیەتی. زەڕێر(زەڕگەر) برای وێشتاسب شایە کە لە شەڕێکدا لەگەڵ خیونیەکان، خۆی و پادخەسرەوی برای و فەرشاوەردی برازای واتا کوڕی وێشتاسپ شا قارەمانانە دەجەنگن هەتا دێنە کوشتن. ئەم




داستانە کە بەیتێکی کۆنی کوردییە یادێک دەکاتەوە لەم شەڕە و لە قارەمانەتی زەڕێر و هاوڕێیانی.

نووسەرانی فارس و بیانی ئەم ناوە وەک( زریر) دەینووسن و دەیخوێننەوە کە دیارە هەڵەیە. چونکە هەروەک دواجار لەم کتێبەدا نیشان دەدرێت ، بە پێی لێکۆڵینەوەی پسپۆرانی زمانی پەهلەوەی ، ریشەی ئەو نێوە لە وشەی (زەڕ)ەوە هاتووە و (زەڕێر) بە واتای زەڕگەرە.

پێشەکی

بەیتی یادگاری زەڕێران ، داستانێکی کۆنی دانیشتوانی وڵاتی کوردەوارییە. باسی جەنگێک دەکات کە لە سەردەمی پێش دەسەڵاتداری مادەکان لە نێوان وێشتاسپ پادشای ئەو کاتەی ولاتی ئێران لەتەک ئەرجاسپی خیونی سەرۆکی

هۆزی خیونی کە لە دانیشتوانی قەفقازی ئێستا بوون روویداوە. (تێبینی: ئێران لەوکاتەدا بە ناوچەکانی ماد و خوراسان دەکوترا . فارس و ناوچەکانی باشووری لە خۆ نەدەگرت. لەو سەردەمەدا فارس هەر لە ئاڕادانەبوو. ناوچە فارس نشینەکانی باشوورلە ژێر دەسەڵاتی پادشایەتی عیلام دابوو ). شەڕەکە لە کاتی سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشتی و بە هۆی باوەڕهێنانی ویشتاسپ و بنەماڵەکەی بە ئایینی زەردەشتیەوە روویداوە . پرۆفیسۆر مری بۆیس لێکۆڵەر و زانای بە ناوبانگی ئینگلیزی ئەم داستانە وەک رووداوێکی راستەقینەی مێژوویی پێناسە دەکات و دەڵێ:

لە ئەوێستادا ئاماژەی پێکراوە. هەروەها بڕوای وایە کە ئەم داستانە لە لایەن گۆسانەکانەوە (بەیتبێژان/ دەنگبێژان) ەوە سرووددراوەتەوە و بە شێوەی زارەکی و دەماودەم بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ چڕیویانەتەوە. بەیتبێژان/ دەنگبێژانی کورد لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا (گۆسان) یان پێوتووە. گۆسانەکان هەروەک بەیتبێژانی ئێستا شەڕەکان و رووداوەکانی مێژوویی و هەروەها کۆمەڵایەتی، دینی و دڵدارییان بە شێوەی گۆرانی و سروود هۆنیوەتەوە و لە بارەگای پادشایان و گەورەکان و هەروەها لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئاساییشدا چڕیویانە.

مری بۆیس کە زانایەکی گەورەی بواری ئایینی زەردەشتی وزمانی ئەوێستاییە ، بڕوای وایە کە بەیتبێژان/ دەنگبێژانی کورد درێژەدەری نەریتی گۆسانەکانی سەردەمی کۆنن. ئەم داستانەش بە هۆی گۆسانەکانەوە گەیشتووەتە سەردەمی ئەشکانییەکان و لە کاتێکی نادیاردا نووسراوەتەوە.

ئەم دەقەی یادگاری زەرێران کە ئێستا لەبەر دەستدایە ، دوایی لە کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانیدا وەرگێڕدراوەتەوە سەر پارسیک (بەڵام ئەم بۆچوونە جێگای پرسیارە ، چونکە بەشێکی زۆر لە وشەکان و دەستەواژەکان بە هەمان شێوەی پەهلەویی ئەشکانی / کوردیی میانی لە دەقەکەدا ماونەتەوە. ئەم دەقە لەو ماوەی دوورودرێژەدا چەندین جار روونووس کراوە و

وەرگێڕدراوەتەوە ، بە تایبەتی لەم سەدساڵەی دواییدا . بەداخێکی گرانەوە بە هۆی دەستتێوەردانەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و تووشی گرفت بۆتەوە. ئەوەی کە جێگەی داخی گرانە ، بێجگە لە مری بۆیس نەبێ هیچکامی تر لە لێکۆڵەرەکان ئاماژەیان بە شوێنی سەرهەڵدانی بەیتەکە و زمانی بنەڕەتی دەقەکە و پەیوەندی لەگەڵ زمان و فەرهەنگی خەڵکی کوردستاندانەکردووە و ئەم دەقەشیان وەک دەقەکانی تری ئەشکانی و مادی خستووەتە نێو ئەدەبی فارسیەوە.

یادگاری زەرێران بەیتێکی کۆنی کوردی

وشەی بەیت لە زمانی کوردیدا لەگەڵ ئەوەی کە لە زمانەکانی فارسی و عەرەبیدا بە کار دێت و بە دێڕێکی هۆنراوە پێناسە دەکرێت جیاوازە. وشەی بەیت لە کوردیدا بە هەڵبەستەیەک (منظومە) دەڵێن کە لە شێوەی ئاسایی خۆیدا لە سێ بەشی، پەخشانێکی بە هەوا(موزون)، هەڵبەست و گۆرانی، ستڕان پێک دێت، کە لە لایەن بەیت بێژانەوە دەبێژرێتەوە.

د. حوسێن میکاییلی ، لە وتارێکدا لە گۆواری فارسی (پژوهشنامە ادبیات کردی، شمارە ۱) لە سەر بەیت لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا وەها دەنووسێ: بەیت هەڵبەستە (منظومە) یەکی زارەکییە (فولکلوریک) . ناوەرۆکی سەرەکی بەیتەکان بریتین لە باسی ئەفسانەیی ، باسی ئازایەتی و قارەمانی، سۆزوهەست، دیرۆکی کۆمەڵایەتی، رەوشت، عیرفان و یا تێکەڵاوێک لە دوویا چەند بابەتێک لەمانە کە بە شێوازی هەڵبەست و یان پێکهاتێک لە هەڵبەست وپەخشانێکی بە هەوا(موزون) دەهۆنرێتەوە. شێوازی گێڕانەوە (روایت) لە نێویاندا زۆر دیاروبەرچاوە و وەک هۆنراوەی گێڕانەوەیی (اشعارروایی) دەژمێردرێت. لە بەیتەکاندا هێندێک لە هۆنراوەکان هەوای برگەیی(هجایی) یان هەیە و هێندێکی دیش هەوایەکی ناسراوی نیە بەڵام جۆرێک لە هەوا و نەزمی تایبەتیان تێدا بەدی دەکرێت. کورتی و درێژی دێڕەکان و یەکسانی برگەکان نابنە بنچینە. سەروا(قافیە)

نەخشێکی گرینگی هەیە. شێوازی دارێژراوی ئەگەر بێتو لەسەر کاغەز بنووسرێتەوە ، بە شێوەی بەندبەندە و ڕستە یان دێڕگەلێک لە سەرەتا یان لە کۆتایی هەربەندێکدا دووبارە دەکرێتەوە و جۆرێک تەرجیعبەند پێک دێنن. هەر بەیتێک هەوا و نەزمی تایبەتی خۆی هەیە و زۆربەی جاران بە بێ ساز و ئامێری موزیک لە لایەن بەیتبێژ یان دەنگخۆشێکەوە لە کۆڕ و کۆمەڵ و لە دیوەخانان دەبێژرێتەوە.

ئەوەی کە ئاساییە لە هەر بەیتێک چەند گێڕانەوەیەکی جۆراوجۆر لە هەر شوێنێک یان لە ناوچەکانی جیاجیادا هەیە بەڵام ناوەرۆکی هەموویان هەر وەک یەکن و تا ئەندازەیەکی زۆریش هەر وەک رابردوو ماونەتەوە. کاریگەری ئەدەبی و فەرهەنگی ئایینەکانی وەک(ئیسلام، عیسایی و مووسایی ...) لە بەیتەکاندا شوێنیان دیارە . بەیتە کوردیەکان پارێزەر و بووژێنەری داب و نەریتی کوردان و نیشاندەری رەوشی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی،سیاسی و بیروبۆچوونی کوردانە. بەیتەکان وەک ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردان ناویان لێبراوەکە پڕیەتی لە ئەزموونی زێڕین و گرانباری هەوراز و نشێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردان لە رابردوودا، کە هەم لە جیهانی هزری و هەمیش لە ژیانی کوردەواریدا بزوێنەر و هەڵخڕێنەرن. بۆچوونەکانی دادپەروەریخوازی و دژ بە ستەمگەری و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر تێاندا زۆر بزوێنەر و بە هێزە. قارەمانە خەڵکییەکانیان بەردەوام نموونەی بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بوون . لە بەیتەکاندا پەردە لە سەر راستیەکانی ژیان دادەماڵدرێتو رێورەسمەکانی ژیان بە هەموو چاکی و خراپییەوە لە هەموو بوارەکاندا دەخرێتە پێس چاو . ئەمە دەتوانێ زۆر سوود بەخش بێ بۆ ئەو کەسانەی کوردان بە جوانی ناناسن. هەر دەرکەوتەیەکی گرینگی سیاسی و مێژوویی، هەر رووداوێکی کۆمەڵایەتی دیار و لەبەرچاو، هەر چیرۆکێکی تاڵوشیرینی پڕ لە هەست و سۆز، هەر سوور و شێوەنێکی گەورە کە لە سووچێکی کوردستاندا روویداوە، دەنگخۆشانی بێ ناوو نیشان و نەخوێندەوار ئەوەیان

به هەوای برگەیی (وزن هجایی) یان نابڕگەیی خۆماڵیانە (غیرهجایی بومی) بە زمانێکی سادە بەڵام پوختە ، بیگەرد و ڕەوان هۆنیویانەتەوە و نەزمی(ریتم/ آهنگ) ی تایبەتیان بۆ داناوە، کردوویانە بە بەیت یان بەند ، دوایەش وردەوردە سۆزدارتر و بە هەست تریان کردووە و دەمبەدەم گێڕاویانەتەوە و لە فەرامۆشی رزگاریانکردووە و ئەمڕۆکە بە ئێمەیان ئەسپاردووە.

سەرچاوە مێژووییەکانی یادگاری زەڕێران:

یادگاری زەڕێران هەوەک باسی لێکرا ڕەزمنامەیە . ئەفسانە یان داستانێکی خەیاڵاوی نییە بەڵکوو هەر بەو جۆرەی پرۆفیسۆر مری بۆیس بە دروستی ئاماژەی پێداوە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژوویی سەردەمی سەرهەڵدانی دینی زەڕدەشتییە .بەڵام دیارە لە درێژایی زەماندا لە لایەن بەیتبێژانی کوردەوە لێی زیادولێی کەمکراوە و ئێستا وەکوو چیرۆک و ئەفسانەی لێهاتووە.

هەر چەند لە کتێبی ئەوێستادا ئەم ڕووداوە مێژووییە بە شێوەیەکی چڕوپڕ باسی لێنەکروە بەڵام زۆرجاران ناوی کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەم داستانە هاتووە و بەو جۆرەی لە یەشتەکاندا دەردەکەوێ ، بە جوانی دیارە کە وەها ڕووداوێک لەو سەردەمەدا قەوماوە. دەقێکی ئەوێستایی پێشاندەدات کە سازبوونی ئەو داستانە بە هۆی کەسایەتی زەڕێرەوە بووە . فەڕ/ وەر ی زەڕێر لە فەرەیدوون یەشت (بەندی ١٠١) ستایش کراوە. زەڕێر داوا لە ئەناهیتا دەکات کە یارمەتی بدات بەشکەم ئەرجاسپی خیونی لە گۆڕەپانی شەڕدا تێک بشکێنێ. ئەناهیتاش بە ئارەزووی دەگەیەنێت(ئابان یەشت بەندی ١١٢ تا ١١٤). بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان کە ئەم داستانەیان نووسیوەتەوە ، وادیارە بنەمای ڕاستیی ئەو داستانە بەو شێوەیە بووە:

لە دوای ئەوەی کە وێشتاسپ شا باوەڕ بە زەڕدەشت دەهێنێت و دەچێتە سەر دینی مەزدا یەسنایی ، ئەرجاسپ پادشای خیونیان ئەم کردەوەی

ئەرجاسپی زۆر پێ دژوار دەبێت و هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی بندەستی وێشتاسپ و دوو لە کچەکانی بە دیل دەگرێت.

د. ئارەشی مەفاخێر لێکۆڵەری ئەدەبی لە بواری داستانیدا لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی، ڕەزمنامەی کەنیزەک داستانێک بە زمانی گۆرانی، گێڕانەوەیەکی ترە لە یادگاری زەرێران لە سەر بە دیل گرتنی کچەکانی وێشتاسپ لە لایەن ئەرجاسپی خیونییەوە ، وەهای نووسیوە:

لە ئەرت یەشت بەندی ٤٩ تا ٥٢ وێشتاسپ داوا لە ئەرت دەکات یارمەتی بدات کە لە کارزاردا بە سەر ئەرجاسپ دا سەر بکەوێ و هەروەها بۆ ڕزگاری کچەکانی هۆمای و واریزکنا(بەآفرید) لە دەستی ئەرجاسپ و گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە یارمەتی بکات. ئەرت ئەم کارە دەکات و ئەو بە کامی خۆی دەگات.

هەروەها ئارەشی مەفاخێر لە کتێبی ڕەزمنامەی کەنیزەک لاپەڕەی ٢٦ لە سەر کتێبی یادگاری زەرێران دەنووسێ:

بە پێی ئەم ئاماژەگەلە ئەتوانین باوەڕ بکەین کە گێڕانەوەی ئەوێستایی، هخامەنشی، پارتی ئەم داستانە هەبووە بە تایبەتی کە نوسخەی سەردەمی ئەشکانی لێ هەبووە. لەوانەیە نوسخەی ئەشکانیەکەی بەلەبەرچاوگرتنی وتەکانی یەشت لەسەر بنەمای هەمان سێ کردارەکەی وێشتاسپ واتا باوەڕهێنانی بە دینی زەردەشتی، کوشتنی ئەرجاسپ و ئازادی کچەکانی لە دیلیەتی بووە . پوختەیەک لەم داستانە لە دینکرد (کتێبی چوارم،پێنجەم و هەفتەم) دا هاتووە . هەروەها لە بەندهشن و زەند بەهمەن یەسن ئاماژەیان بەو جەنگە کردووە.

(ئەم وتەی ئارەشی موفاخێر وردنییە . ئەوەی کە گێڕانەوەی بە شێوازی ئەوێستایی و پارتی کە هەردووکی زمانی کۆنی کوردین هەبووە قسەی تێدانییە بەڵام هیچ ئاماژە و نیشانەیەک بۆ گێڕانەوەی شێوازی هەخامەنسی لەم داستانە لەبەردەست دانییە. نووسەر)

له کتێبە مێژووییەکانی پاش ئیسلام گێڕانەوەی جۆربەجۆر سەبارەت بەم رووداوە مێژووییەوە بە هێندێک جیاوازییەوە نووسراونەتەوە . لەوانە لە کتێبی مێژووی تەبەریدا ، لە گازارشەکانی بەلعەمیدا، هەروەها مەسعوودی، مەسکویە رازی، ئیبنە ئەسیر . لەم کتێبانەدا سێ کۆڵەکەی سەرەکیی یادگاری زەرێران بەرچاو دەکەون کە بریتین لە ١، باوەڕهێنانی وێشتاسپ بە دینی زەردەشتی ٢، کوژرانی ئەرجاسپ ٣، ئازادیی کچەکانی وێشتاسپ. هەروەها لە شانامەی دەقیقی و غەڕالسیەری سعالێبی (غرراخبارملوک الفرس و سیرهم) کە ئەم داستانەیان تێدا هاتووە ، هەموویان باسی بە دیلگرتنی کچەکانی وێشتاسپ لە لایەن ئەرجاسپەوە و دوایەش رزگار بوونیان لە بەند کراوە.

زۆر بە داخەوە هەرچەند هەموو سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بەوبەشە گرینگەی داستانەکە واتا بە دیل بردنی کجەکانی وێشتاسپ شا لە لایەن ئەرجاسپەوە کردووە بەڵام لە دەقە پەهلەوییەکەدا بە هۆی دەستتێوەردانەوە ئەم بەشەی لێسڕاوەتەوە. ئەڵبەتە هەروەکوو دواجاریش پێشانی دەدەم هەر لەم دەقەشدا ئاماژەیەکی کورت بەم بابەتە کراوە بەڵام بە هۆی ناشارەزابوونی لێکۆڵەران لە زمانی پەهلەوی ئەشکانی (کوردی میانی) لە خوێندنەوەی دەقەکەدا تووشی هەڵە بوون و وشەکانیان بۆ مانا نەکراوەتەوە ، یان بە هەڵە خوێندوویانەتەوە.

وەرگیراو لە کتێبی (یادگاری زەرێران) داستانێک لە قارەمانیەتی لە کاتی سەرهەڵدانی ئاییني زەردەشتیدا

نووسینی : فازل ئوسوڵیان

**زنجیره وتار: زمان و زمانی کوردی (٢٤)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

## خەت و زمانی کوردی




کوردەکان بۆ نووسین رەسمولخەتی عەرەبی/ فارسی بە کاردێنن. لە شێوەی نووسین و فەرهەنگی ئیملایی زمانی کوردی چوار پیتی پ،چ،ژ وگ کە لە عەرەبیدا نیە و لە فارسیدا دروست کراون کەڵک وەردەگیرێ. لە زمانی عەرەبیدا و بە پەیڕەوی لەوە لە زمانی فارسیشدا بۆ دروست خوێندنەوەی وشەکان (اعراب یا همان آوانوشت) کە (فتحه،ضمه،کسره) ن بە کار دەهێندرێ. لە زمانی کوردیدا بە جێگای (اعراب بە حرف) ، (اعراب بە حرکە) یانی(سەر، ژێر،بۆر) بەکار دەهێندرێ.لە حودوودی سەد ساڵ لەوە پێشەوە کە نووسین بە زاراوەی سۆرانی وەکوو زمانی رەسمی و ستانداردی کوردی دەستیپێکرد بە جێگای (اعراب بە حرکە) دەستیان بە بەکارهێنانی (اعراب بە حرف ) کرد، یانی بە جێگای فەتحە و زەممە و کەسرە ، (ە،و،ی) بەکار دێنن بە مەبەستی متمانەی زیاتر لە خوێندنەوەی دروستی وشەکان. یان لەنێو بردنی فاسیلەی بەینی کوردیی (قسەکردن) لەگەڵ کوردیی

(نووسین) ، یان لانی کەم کەمکردنەوەی ئەو فاسیلەیە. لێرە تەوزیحاتێکی کورت بە پێویست دەزانم:

١، زەبەر(فتحە) : بە جێگای دانانی زەبەر لە سەر وشەگەلێک کە ئەو حەرەکەیان هەیە، پیتی (ه)بە ئاخریانەوە دەلکێنین . وەک:

حسن"دەنووسین " حەسەن

بهمن" دەنووسین" بەهمەن

برادر" دەنووسین" بەرادەر

٢، ژێر(کسرە) : لە نێوەڕاستی وشە (ی) بچووک و لە ئاخری وشە (ی) گەورە دلکێنین. وەک:

کتاب" دەنووسین کیتاب

زمستان" دەنووسین"زیمیستان

٣، پێش(ضمە): زەمەی کورت وەک (و) و زەمەی درێژ بە دوو(و) دەنووسین. وەک:

کردستان" دەنووسین" کوردستان

کافور"دەنووسین" کافوور

٤، تەشدید: لە کوردیدا پیتی (مشدد) بەشیوەی دووپاتەکردنەوەی پیتەکە دەنووسرێ وەک: محمد" دەنووسین" موحەممەد

مکە"دەنووسین" مەککە

٥، پیتی ئەلف(ا) لە ئەوەڵی وشەدا وەکوو هەمزە دەنووسرێ . وەک:

احمد" دەنووسین" ئەحمەد

آشنا"دەنووسین'' ئاشنا

٦، بۆ لامی قەڵەو، نیشانەیەک وەک حەوتی چکۆڵە لە سەر لامەکە دادەنێین(ڵ) و بۆ (ڕ) ی قەلەویش نیشانەیەک وەک حەوتی چکۆڵە لە سەر یا لە ژێر (ڕ) یەکە دادەنێین. وەک:

کر"دەنووسین" کەڕ

٧، بە جێگای واوی کێشدار و (و) ی مەچهول و(ی) ی مەچهول لە ئەو نیشانانە(وو،و،ی،ێ) کەلکوەردەگرین. وەک:

کتاب"دەنووسین" کیتاب

٨، لە زمانی کوردیدا پیتەکانی (ث، ص، ض،ذ،ط،ظ) بە کار ناهیندرێ و بۆ ئەو وشانەی کە ئەو پیتانەی تێدایە ، ئەو پیتانە(س،ز،ت) بە کار دەهێندرێ. ئەلف و بێی کوردی ٢٨ پیتی بێدەنگ و ٨ پیتی دەنگداری هەیە. کە هەموویان پێکەوە ئاوا دەنووسرێن:

ء،ا،ب،پ،ت،ج،چ،ح،خ،د،ر،ڕ،ز،ژ،س،ش،ع،غ،ف،ق،ک،گ،ل،ڵ،م،ن، و،وو،ۆ،هـ،ی،ێ،ی،ە.

کوردەکانی تورکیە دوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی و لە زەمانی ئاتاتورکدا کە ئەلفوبێی لاتین جێگای ئەلفوبێی عەرەبیی گرتەوە ، لەو ئەلفوبێیە کەڵک وەردەگرن و نووسراوە و کتێبەکانی خۆیان بە پیتی لاتینی زمانی تورکی دەنووسن. کوردەکانی رووسیەش بۆ نووسین ئەلفوبێی رووسی (سیرلیک) بە کار دینن. لە کۆتاییدا ئەگەر بمانەوی ئەو شێعرە فارسیەی سەعدی:

توکز محنت دیگران بی غمی      نشاید که نامت نهند آدمی

بە کوردی بنووسین ، ئاوا دەنووسری:

توکەز میحنەتی دیگەران بی غەمی    نە شایەدکی نامەت نە هەند ئادەمی

سەبارەت بە زمان دەبێ بڵێین کە دانیشمەندە زمانناسەکان ، زمانیان وەک ئامرازێک بۆ پێوەندی گرتن و نیشاندانی هەست و دروستکردنی مەفاهیمی تازە ناساندووە و کەرەسەکەشی وشەیە. وشەکان گەنجینەیەکیان لە زانست و فولکلۆر و مێژوو و شارستانیەت لە دڵی خۆیاندا شاردۆتەوە کە پشتیوانەی مەعنەوی و فەرهەنگی هەر زمانێکن. کاتێک دێینە ناوچە کوردنشینەکان تێدەگەین کە دانیشتوانی هەر ناوچەیەک بە شێوەیەکی تایبەتی قسە دەکەن. بەڵام لە راستیدا هەمووی ئەو زاراوانە تەیفێکی بەربڵاو لە زمانی کوردین .

زمانی کوردی یەک لە شاخەی زمانەکانی هیندوئێرانیە . دەبێ بڵێین زمانە ئێرانیەکان لە ماوەیەکی دوورودرێژدا تەنیا ئامرازی پێوەندیگرتن و لێک نزیک کردنەوەی ئەوخەڵکە بوون کە لە سەر فەلاتی ئێران ژیاون . مێژووناسەکان زمانەکانی ئێرانی بە سەر سێ دەورەدا دابەش دەکەن:

دەورەی ئێرانی باستان، دەورەی نێوەڕاست و دەورەی تازە. دەورەی زمانی ئێرانی باستان بە هەڵوەرینی حکوومەتی هیخامەنشیان تەواو دەبێ. زمانی ئێرانی دەورەی نێوەڕاست کە بە زمانی پەهلەوی ناسراوە لە سەدەی سێیەمی پێش میلاد یانی دەورەی ئەشکانی و ساسانی دەست پێدەکا وتا ماوەیەک دوای ئیسلام یانی سەدەی دووەمی پاش ئیسلام هەر بەردەوامە. لە شیعرەکانی دوای ئیسلام کە لە کتیبخانەکاندا بە (فهلویات) نێوی دەبەن هەموویان لە سەر وەزنی عەرووزی (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن) کوتراون. ئەورۆ زاراوەی هەورامی نزیکترین زمان بە زمانی پەهلەویە .

شکڵی زمانە ئێرانییەکان بەوجۆرەیە:

هیندو ئێرانی(ئارییایی کۆن) ، ئوروووپایی

هیندوئێرانی کۆن: ئێرانیی کۆن، هیندی کۆن

ئێرانیی کۆن: سەکایی، ئەوێستایی، پارسی باستان، مادی

پارسی باستان: شەرقی، غەربیی شیمالی،غەربیی جنووبی

غەربیی شیمالی: پەهلەوی ئەشکانی(بلخی، خوارزمی میانە، ختنی، سغدی)

غەربی جنوبی: (پهلوی ساسانی، پارسی دری، زبانهای ایرانی کنونی یا جدید)

زمانەکانی ئێرانیی جەدید: کوردی، ئازەری، بلوچی، زابولی، قومس، تاجیکی، تاتی، تالشی، گیلەکی، تەبەری. زمانەکانی ئەیالەتی فارس، زمانەکانی نێوەڕاستی ئێران.

بدلیسی لە شەرەفنامەدا زمانی کوردی بە چوار دەستە دابەشدەکا: وەک کرمانج، لوڕ، کەڵهوڕ و گۆران بەڵام لە راستیدا زمانی کوردی چوار شاخەی کرمانجی ، گۆرانی، لوری و لەکییە. هەرکام لەو شاخانەش زاراوەی فەرعیی جۆراوجۆریان هەیە کە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، عێراق، تورکیە، سووریە، ئەرمەنستان، گورجستان و ئازەربایجان قسەیان پێدەکرێ. هەرچەند کە لق و پۆپەکانی وشەکان لەو چوار گرووپەدا هێندێک جیاوازییان هەیە ئەمما ئەسڵ و ریشەی وشەکان لە هەموو زاراوەکان و بن زاراوەکاندا یەکن و شکڵی فیعلەکان پارێزراون. مەبەست ئەوەیە زمانی کوردی یەک زمانە کە ریشەی سەرەکی تەواوی زاراوە و بن زاراوەکان کە لە ناوچە جیاوازەکان قسەی پێدەکرێ یەکن. کرۆکیی زمان و زاراوە جیاوازەکانی کوردی ئاوایە:

کرمانجی:

کرمانجی شمالی، کرمانجی جنوبی

کرمانجی شمالی:جەلالی، شکاک، بایەزیدی، بوتانی

کرمانجیی جنوبی: سۆرانی ، جافی، ئەردەڵانی

سۆرانی (مکوریانی، سەقزی، بابان)

مکوریانی/ موکری(مەنگوڕ، مامەش، پشدەری)

ئەردەڵانی (سنەیی، تیلەکۆیی)

گۆرانی: گۆرانی هەورامی، گۆرانی کرماشانی

گۆرانی هەورامی(هەورامانی تەخت، لهۆنی/ زازا)

گۆرانی کرماشانی( کرماشان، کەڵهوڕ، ئیلامی)

لەکی:لەکی میانی، لەکی لوڕستانی

لەکی میانی(گەڕووسی، زەند)

لەکی لوڕستانی(ئەلەشتەری، ئەلیگودەرزی)

لوڕی:لوڕی بچووک، لوڕی گەورە

لوڕی بچووک(لوڕ، فەیلی)

لوڕی گەورە(بەختیاری، هەفتگلی، سووسەنگەردی)

زاراوەی کوردەکانی فارس بریتین لە شوانکارە ، مەمەسەنی

زاراوەی کوردەکانی خوراسان کرمانجیە.

زمانی کوردی لە ریشەی زمانی مادیەو قەدیمترین ئاسەواری ئەو زمانە کتێیی ئەوێستایە. زمانی گاتەکان کۆنترین بەشی ئەوێستایە و ئی هەوەڵین دەورەی زمانە ئێرانیەکان یانی ئێرانی باستان یا مادیە. گاتەکان ١٧ فەسڵ و ٢٣٨ قەتعە و ٨٩٦ شیعر و٥٥٦٠ وشەیە. لە قەدیمەوە گاتەکانیان بە پێنج دەستە دابەشکردووە و لە ٧٢ یەسنادا کۆیانکردۆتەوە و پێیان دەڵێن گاتەکانی پێنجینە کە ١٩،١٦،١٤،١٣،١٢،١١ هەجایین کە بە ئاهەنگێکی تایبەت دەخوێندرێنەوە.

دەورەی زمانی باستانی بە لە ناوچوونی هیخامەنشیان تەواو دەبێ و سەردەمی زمانی میانە کە بە زمانی پەهلەوی ناسراوە دەستپێدەکا. هەروەک کوتمان زمانی پەهلەوی تا ماوەیەک دوای ئیسلامیش برەوی هەبوو و هێندێک شیعر بەوزمانە کە پێیاندەڵێن فەهلەویات بە دەستەوەیە. لە هۆنینەوەی شیعر بە زمانی پەهلەوی قافیە ریعایەت دەکرا . وەزنی عەرووزیی فەهلەویات (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن ) بوو کە لەتیف و رەوان بوو. دووبەیتییەکانی باڵوڵی ماهی، بابالورەی لوڕستانی،بابارەجەبی لوڕستانی و باباحاتەم لوڕستانی و بابانجوم لوڕستانی کە لە سەدەی سووەمی کۆچی و دواتر هۆنراونەوە لەو نەوعە شیعرانەن. دوای ئەوانەش مەلا پەرێشانی لوڕ، مەلا عەبدولڕەحیم مەولەوی کورد سەید یاقووب ماهیدەشتی، نالی، مەحوی، بێسارانی و فکری،ش هەر بەو رێبازەدا رۆیشتوون. تایبەتمەندی ئەو شیعر و دووبەیتییانە کە ئاهەنگ و موسیقای کەلامیی بەرچاویان هەیە یەگجار سەرنجراکێشن . ئێستاش لە کوردیدا بەو شیعرانەی کە (غنایی) ن و بە ئاهەنگەوە دەکوترێن پێیاندەڵێن گۆرانی . وشەی گۆران بەو کوردانەی کرماشانەوە پەیوەند دەدرێ کە سەر بە تایەفەی گۆرانن.

تا سەدەی حەوتەمی کۆچی ئەغڵەبی بەرهەم و نووسراوەی عالمەکان و زانایانی کورد بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی دەنووسران . لەو سەدەیە بە

دواوه دەبینین شیعرەکان بە زمانی کوری دەکوترێن و دەنووسرێن و زۆر لە لێکۆڵەوەران خەریکی کۆ کردنەوە و بڵاوکردنەوەی بیوگڕافیی ئەو زانا کوردزمانانە بوون بۆوێنە بابامردووخی کوردستانی لە کتێبی (تاریخ مشاهیر کورد) دا نێو ونیشانی نزیک ٧٠٠ کەس لەو ناودارانەی لە سەدەی ئەوەڵ تا سەدەی ١٣ کۆکردۆتەوە کە کارێکی یەگجار گەورەیە.

وەرگیراو لە کتێبی (تاریخ تمدن کرد) نووسینی : کامیل ڕەشادی

لە فارسییەوە کراەتە کوردی.

## زنجیره وتار: زمان و زمانی کوردی (٢٥)

## ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

پێشینەی مێژوویی و ریشەی زمانەکانی لوڕی و لەکی و بەختیاری

لەک و لوڕ دووتایەفەی گەورەی ئێرانن کە لە ئوستانەکانی کوردستان، هەمەدان، کرماشان، لوڕستان، ئیلام، چوارمحاڵ و بەختیاری، کوهگیلویە و بەویرئەحمەد، خوزستان، فارس، بوشەهر، ئیسفەهان و ئوستانی مەرکەزی دا بڵاو بوونەوە. لەک و لوڕ لە عێراقیشدا هەن و بە فەیلی(محکی) نێودێردەکرێن و لە ناوچەکانی دیالە، سولەیمانیە، کەرکووک و خانەقین دەژین.




لوڕستانی گەورە پێش ئیسلام بریتی لە سێ بەشی (کابیانە، گریبانە ، مزاباتیک ) بوو. لە ئەدەبیاتی دوای ئیسلامدا بە (ماه نهاوند، ماه کوفە، ماه بصرە) فرە وفراوان نێوی براوە. بەڵام لە ڕاستیدا عەرەب دوو (ماه) یان هەبوو (ماه الکوفە، ماه البصرە) مەبەست لە ماه الکوفە دینەوەر، کرماشان، حەلوان و نهاوەند و لوڕستان تا سیمەرە بوو. لە سەدەی ئەوەڵی کۆچیەوە تا زەمانی خەلافەتی هاڕونەڕەشیدی عەبباسی لوڕستان بەشێک لە ماه الکوفە بوو بەڵام دوایی لوڕستان بە دوو مەنتەقەی

(مهرجانقذق و ماسبذان ) دابەشکرا کە تا سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی بەو نێوانە ناودەبرا.

(ابن خرداذبە) لە (بلادالفهلویون) و یاقوت حەمەوی لە (فتوح البلدان) دا لوڕەکان بە نێوی تایفەکانی کورد نێو دەبەن و لە بارەی وشەی لوڕەوە حەمدوڵڵای مستوفی دەڵێ لە کتێبی زوبدەتەلتەواریخ دا لە بارەی لوڕەوە ئاواهاتووە:

لە مانرود ئاواییەکی لێیە کە پێی دەڵێن کورد و لەو ناوچەیە بەندێکی لێیە کە بە لوڕی پێیدەڵێن کول و لەوبەندە جێگایەکی لێیە کە پێیدەڵێن لوڕ و چونکە ئەسڵی ئەوان لەو شوێنەوە پەرەی گرتووە بۆیە پێیاندەڵێن لوڕ. جێگای شاری لوڕ لە سەرچاوە و کتێبەکانی بەشێک لە جوغرافیازانانی عەرەبدا واساغکراوەتەوە کە لە دوو فرسەنگیی شاری دزفوولە. مانڕوودیش ناوچەیەک لە خوزستانە لە نێوان شووش و شووشتەر و ئیزەدا هەڵکەوتووە. شوارتز لە کتێبی (persien) دا دەنووسێ: لە مەڵبەندی گوندی شاپوور جێگایەکی لێیە کە پێیدەڵێن لیر.

لێرە بە پێویستی دەزانم پێش ئەوەی بێمە سەر پێشینە و مێژووی ئەدەبییاتی لوڕ ئیشارەیەک بە تایبەتمەندی ناوچەی شووش و شووشتەر و راماهورمز لە زەمانی ساسانیاندا بکەم، یانی چوارسەدساڵ بەر لەوەی ئەوەڵێن شیعری کوردی لەوناوچەیە بکوترێ.

شاپووری ئەوەڵی ساسانی، هراکلس سەرداری رۆمی لە ناوچەی رۆم شکانی لوڕستان شکستدا . رۆم شکان لە دوو وشەی رۆم/ شکان پێکهاتووە کە بەشی دووەمی لە زمانی کوردیدا بە مانای شکست پێهێنانە. رۆم شکان یانی ئەو جێگایەی رۆمیەکان لەوێ شکستیان خواردووە. دوای شکان و بە دیلگیرانی هراکلس و لەشکرەکەی ، شاپوور فەرمانیدا ئەو ئەسیرانە شارێکی دانشگایی لە بەینی شووش و شووشتەردا دروست بکەن. نێوی ئەو شارەیان

نا (وە آنتیوک شاپور) کە دوایە پێیاندەکوت گوندی شاپوور. ئەو شوێنە لە ٥٠٠ کیلۆمیتریی تیسفون پێتەختی سیاسی و نیزامی ساسانیەکان هەڵکەوتبوو کە لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە گەرەترین شاری عیلمی و دانشگایی سەردەمی خۆی. شارێک کە لەگەڵ ناوەندی عیلمی گەورەی ئەو سەردەم یانی ئەسکەندەرییە کە دوای هێرشی ئەسکەندەر بۆ میسر لە لایەن بەتلەمیوسەوە پایەگوزاری کرابوو، رەقابەتی دەکرد. جیاوازی گوندی شاپوور لە گەڵ ئەسکەندەرییە لەوەدابوو کە دەرس و راهێنانی کە لە ئەسکەندەرییە دەخوێندرا لەسەر بنەمای فکری و فەلسەفی یونانی و مەسیحییەت بوو و عیلم و زانستی دانیشمەندانی شەرقی لەوێ هیچ رۆڵیکی نەبوو بەڵام بە هۆی کۆبوونەوەی عۆرەفا، زانایان و دانیشمەندان و فیلسوفانی ئێرانی، هیندی، رۆمی، یونانی، سریانی و یەهوودی لە زانستگای گوندی شاپووردا ، ئەو ناوەندە بوو بە سەنتەری تێکەڵبوونی شارستانییەت و زانستی وڵاتانی ئاسیایی و ئوروپایی و شیمالی ئافریقا . ریازی زانەکانی هیندی و تەبیبەکانی یەهوودی و میعمارەکانی رۆمی و شیمیزانەکانی ئێرانی و ئەستێرەناسەکانی تورک و فیلەسووفەکانی میسری بێ هەرجۆرە دەمارگرژییەکی مەزهەبی، نیژادی، لەوێ خەریکی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی عیلمی و فێرکردنی ئەو دەستکەوتانە بە لایەنگرانی عیلم و زانست بوون. دوای شاپووری ئەوەڵ، لە زەمانی ئەنەوشیرواندا ئەو ناوەندە گەشەی زیاتری پێدرا. ناوبراو فەرمانیدا کتێبخانەیەکی گەورە بە نێوی(فرهنگستان) لەوێ دروست بکرێ و زانایانی نیشتەجێ لە گوندی شاپوور کتێب و رەسالەی زانستیی جۆراوجۆر لە سەر ریازیات، ئەدەب، پزیشکی، نجووم، فەلسەفەو هونەر لە زمانەکانی یونانی، رۆمی، عیبری، عەرەبی، قیبتی، هیندی و.... وەرگێرنە سەر زمانی فارسی و لە کتێبخانەی گەورەی فەرهەنگستاندا کۆیان کەنەوە. دەورانی حکوومەتی نەوشیروان هاوکات بوو لەگەڵ حکوومەتی قەیسەر ژوستینین لە رۆم. لەوکاتەدا بە هۆی پەرەگرتووبوونی تەعلیماتی کلیسایی و بیرکردنەوەی دینیی مەسیحییەت کەشیشەکان و کاردینال و ئوسقۆفەکان لە سەر قەیسەر

نفووزیان زۆر بوو و بە کردەوە دەستیان لە شێوەکانی دەوڵەتداریدا وەردەدا. ئەوکاتە سەرەتای دەورانێک بوو کە لە مێژوودا بە نێوی (قرون وسطی) تۆمار کراوە. کەشیشە مەسیحیەکان بە تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە ڕۆمیەکان لە دەورانی ئیمپراتوریی ڕۆمدا ئەنجامیاندابوو و لایەنگران و پەیرەوانی دینی مەسیحیان لە مەیدانە گشتیەکان دابووە دەست گلادیاتۆرەکان و بەردەم شێر و ئاژەڵە وەحشیەکان ، هەرشتێکی کە ئاسەوارێکی شارستانییەتی یونان و ڕۆمی پێوەبایە بەتاوانی ئیلحاد نابوودیاندەکرد. بەشێکی زۆر لە بەرهەمی فیلەسووفان و دانیشمەندانی یونان و ڕۆمیان ئاور تێبەردا. بیرمەندان و عالمەکانیان بە تاوانی بڵاوکردنەوەی ئەفکاری دژ بە مەسیحییەت عەزیەت و ئازار دەدا. دەخالەت و نفووزی دادگاکانی تەفتیشی بیر و باوەرلە ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵایەتی خەڵکدا واپەرەی گرتبوو کە بووە هۆی ئەوەی سێڵاوی زانایان و هەڵکەوتووانی بیزانس و ئورووپا و شیمالی ئەفریقا بەرەو ناوەندی حکوومەتی ئێرانییەکان سەرڕێژ بکا . ئێرانییەکان هەرچەند لە نەزەر عەقیدە و فەرهەنگ و بنەماکانی فکری و فەلسەفی لە گەڵ ئەو دانیشمەندانە فەرقیان هەبوو بەڵام بە باوەشی ئاواڵەوە بەرەوپیریان چوون . بەشێکی زۆری ئەو بیرمەندانە لە ناوەندی عیلمیی گوندی شاپوور گیرسانەوە و بەرهەمە فکریە بایەخدارەکانیان وەرگێڕدراوە سەر زمانی پەهلەوی و لە کتێبخانەی گەورەی زانستگای گوندی شاپوور کۆکرانەوە. گوندی شاپوور دوای تیسفون کە پێتەختی سیاسی، نیزامی ئێران بوو، بوو بە پێتەختی عیلمی و فەرهەنگی ئێرانییەکان. هەر چەند دوای دەسەڵاتداریەتی عەرەب ئەو گەنجینە عەزیمە عیلمیە وئەو زەخیرە بێ بەدیلە فەرهەنگییە تووشی کێشە و سەدەمەی زۆر هات ، دیسانیش بە حەول و هیمەتی خەڵکی فەرهەنگدۆست و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەشێک لەو ئاسەوارە، شاردرانەوە و پارێزران.

دووسەت ساڵ دواتر و لە زەمانی هاڕوونەڕەشیددا بە هیمەتی بەرمەکیەکان (دارالحیکمە) لە بەغدا بەرپا کرا. ئەو بەرهەمانە دەگەڵ کتێبەیونانیەکان بە

هۆی سریانیەکانەوە کە زمانی یونانییان دەزانی تەرجومە کرانەوە سەر زمانی عەڕەبی.

چوار سەدساڵ دوای هاروونەڕشید و مەئموون ئەو ئاسەوارە عیلمی و فەلسەفییە لەگەڵ نووسراوەکانی بوعەلی سینا و فارابی و ئەبووریحانی بیروونی و خارەزمی و ئیبنی روشد و...لە سەردەمی شەڕی سەلیبیەکاندا کەوتە دەستی دانیشمەندانی مەسیحی بەڵام ئەوجار ئەو ئورووپاییانەی کە لە (قوڕوونی وستا) دا دەیانویست ئەو بەرهەمە فکریانە لە ناوبەرن لە بایەخ و ئەهمییەتی ئەوکتێبانە تێگەیشتن و دەورانی زێڕینی دوای رێنێسانسیان دروست کرد . بە هەرحاڵ دوای نابوودکردنی گوندی شاپوور بە دەستی موسوڵمانەکان ، ئەو ناوچەیە کە ئەو زانستگایەی لێبوو هەروا ناوەندی عیلم و زانست مایەوە.

جاحظ لە کتێبی(البیان و التبیین ) دانووسیویە ، خەڵکی قەسەبەی ئەهواز لە لوغەتی پەهلەویدا فەسیحترینی ئێرانییەکانن و کەمێک باڵاتر لەو ناوچەیە زاراوەی تایەفەکانی باڵاگریوە، بەهاروەند، جودەکی، میر، قەڵاوەند و پاپی کە لە بەینی رێگای خورەماباد و دزفوولدا دەژین زاراوەیان زۆر نزیک لە پەهلەوی قەدیم و ئێرانیی دەورانی (میانە) بوو. یانی جێگایەک کە ئاخێزگای هەوەڵین شیعرەکانی کوردی بوو. کە شاعیرانی وەک بابالوڕە، باباڕەجەب، باباحاتەم و بابانجوم لورستانی لە قالبی هەوەڵین شیعرەکانی لوری و کوردیدا کوتوویانە. بەڵام لە بارەی لەکەکانەوە دەبێ بڵێم هێندێک لە سەرچاوەکان ئەوانیان لە تیرەی لوڕ زانیوە و نووسیویانە، چونکە جەمعییەتیان سەدهەزار کەس بووە بەوانیان کوتووە لەک چونکە لە لوغەتنامەکاندا لەک بە مانای سەدهەزارە. بەڵام خودی لوڕەکان دەڵێن ئەوان کوردن . لە لوڕستان زاراوەی لەکی لە نێوان تایەفەکانی سلسلە، دلفان و لە ناوچەکانی ئەلەشتەر و خاوە و تایەفەی بیرانوەند نزیک خوڕەماباد هەروەها تایەفەکانی پێشکوە یانی تەرحانیەکان و جەلالوەندەکان و هەلیلانیەکان رەواجی هەیە . هەروەها لە

ئوستانەکانی هەمەدان و کرماشان و کوردستان لە نێو تایەفەکانی کولیوەند، ئەحمەدوەند و هرسینی و زەند و لە کەزاز و شازەندی ئەراک زاراوەی لەکی رەواجی هەیە. لە زاراوەی لەکیدا وەک کوردیی سۆرانی ساختاری (کنایەای) دەبیندرێ یانی جێگای (شناسە) لە ئاخری فێعلەوە دەبردرێتە آخری (اسم).

وەکوو ئاوم خووارد کوردی سۆرانی

اوم هووارد لەکی

چیت وت لەکی و کوردیی سۆرانی

شاعیرانێکی زۆر بە زاراوەی لەکی شیعریان کوتووە کە ناودارترینیان باباتایری عوریان، مەلا مەنووچیهر کولیوەند، مەلا حەق عەلی و اڵلاە مرادە کە دیوانێکی بە نێوی (هشیارنامە) بە زاراوەی لوڕی هەیە. لە خوارەوە چەند دووبەیتی لە شیعرەکانی باباتاهیر دێنینەوە کە بە زاراوەی لەکی کوتوویەتی.

پەپخ رویی هەنی خورەم گیهان بی زەمین خەندان بەرمان ئاسمان بی

پەپخ رویی هەنی ها زێد و سامان نە جینان نام نە زانان نیشان بی

شەوتاراست و گرگان میزەنن میش دوو زولفونت حەمایل کن بوورە پیش

از آن کونج لەبەت بووسی بە مو دە بەگو راە خودا دادەم بە دەرویش

لە نێو شێعرەکانی ئایینی یارساندا شیعرەکانی بابالوڕە، باباڕەجەب و کەلامی خان ئەڵماس و غەم گرینی عەزیز پیرانوەند و هەفتوانەی پەهلەویانەی عەسکەری عالەم لە ناسراوترین شیعرەکانی ئەهلی حەقن. خان ئەڵماس بن

محەمەد بەگی لوڕستانی ساڵی ١٠٧٢ ی کۆچی لە لوڕستان هاتە سەردنیا و ساڵی ١١٣٨ وەفاتیکردووە ئەوە یەک لە شێعرە جوانەکانییەتی:

چوارگۆشەماتەن، چوارگۆشە ماتەن سەرراف مە زانو چوارگۆشە ماتەن

بگیربیگرەن، سەلات سەلاتەن ئەشوی شارانەن شاخوشین واتەن

نوتق ئەزەلەن ژ رۆژگاران کوهان مارگیر وەدەشتان سوواران

تهە ک ئەو ماران ویم نە وەسوواران ژارمار خاسەن ژ نێزەداران

تەک بدەیم وەدەم نیش مارەوە نە نامووس دەدەم نیزەدارەوە

ماران مسولمان رایحەق شناسەن سوواران کافر خودا نەشناسەن

سەرزەمینی بەختیاری لە چوار محاڵ (غرب اصفهان) تا شووشتەر درێژبۆتەوە. بەختیاری لە شیمال تا سەرحەداتی لوڕستان (اشترانکوە) و لە جنووبەوە دەگاتە کوهگیلویە . مەنتەقەی مەمەسەنی و کوهگیلویە ئێستا جوزوی ئوستانی فارسن کە شامیلی چوار تایەفەی بەو نێوانەن: بکش، جاوید، دشمنزیاری، و روستەم. مەنتەقەی کوەگیلویە لە ناحیەی باشت لە رۆژاوای محاڵی مەمەسەنییەوە دەست پێدەکا تا بیهبەهان درێژ دەبێتەوە و شاری بیهبەهان ناوەندی عومدەی تایەفەکانی کوەگیلویەیە. بەختیارییەکان لە فەریدەن، گولپایەگان و بروجردیش دەژین. سەرزەمینی بەختیاری بە هۆی چۆمی دز لە لورستان جیا دەبێتەوە. بەختیارییەکان بە دوو بەشی چوار لنگ و حەوت لنگ دابەش دەبن کە ئەڵبەتە حەوت لنگەکان ژمارەیان زیاترە. زمانی بەختیارییەکان لە توولی زەماندا بە هۆی تیکەڵبوون دەگەڵ ئەقوام و نژادی جیاواز تووشی هەرەسهێنان هاتووە و ئەورۆ لە زمانی

بەختیاریی نوسەدساڵ لەوەپێس نیشانەیەکی زۆر نابینیەوە و وشەی زۆری فارسی تێکەڵ بە زمانی لوڕیی ئەوان بووە

وەرگیراو لە کتێبی (تاریـخ تمدن کرد) نووسینی کامیل رەشادی

لە فارسیەوە کراوەتە کوردی

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٢٦)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**زمان و ئەدەب**




زمانی کوردیش وەک تێگرای زمانە ئارییەکانی خۆرهەڵات ، لە پەهلەوی و سەنسکریتی و میدی جیابۆتەوە. ئەم زمانەش لە سەرەوە بەرەو راست و بە رێنووسێکی سەر بەخۆ ئەنووسرا. نزیکایەتی زۆری لەگەڵ رێنووسی ئاشووری و ئەرمەنیدا هەبووە. ئەم رێنووسە وازی لێهێندرا و بە رێنووسی عەرەبی کۆتایی پێهێنرا. زمانی ئێستای کوردی، دەبێ بە چوارشێوە زمانی جیاجیاوە کە ئەمانەن:

کرمانج، گۆران، لوڕ و کەڵهوری. لە ناو ئەوانەشدا شێوە زمانی لوڕی لە هەموویان زیاتر لە پەهلەوییەوە نزیکە. لەبەر ئەوەی لوڕەکان لە مەڵبەندی پەهلەوییەوە نزیکن و کلدانی و ئاشووڕییەکان زۆر کاریان لێنەکردوون. دوای ئەو کەڵهوڕی لێی نزیکە و ئینجا گۆران و پاشان کرمانج. بەڵام ئەم دوانەی دواییان، زمانەکانی کلدانی و ئاشووڕی کاری تێکردوون، چونکە دراوسێتییان نزیکە.

بۆروونکردنەوەی ئەم مەسەلە ئاڵۆزەش ، لێرەدا پوختەی ئەو نووسینە ئەخەینە بەرچاو کە خاوەنی جوگرافیای(ملطبرون) نزیکەی سەدساڵێک لەمەوبەر لە بارەی روونکردنەوەی مانای وشەی( ئێران،یران) ، وەک لە

ڕۆژهەڵاتدا باوە و(ئێرەیانا،ئاریانەوە) وەک لە خۆراوادا باوە و لە مەڕ گەشەکردنی زمانەکانی ئێرانیدا ، کە لە ناو نەتەوە پێشکەوتووەکانی ئێراندا نووسیوێتی و دەڵێ:

پێشینیەکان کاتی خۆی جیاوازییان لە نێوان ئاری و ئەسقویی (تاتار) دائەنا. هەروەها جیاوازییان لە نێوان هەردو وشەی توران و ئێراندا، دائەنا،کە لە سەر خانووبەرەکانی ئیستەخر وشەی ئاریانە نووسراوە و هەر هەمان ناوی ئاریانە کە لە لای یونانیەکان باو بووە. بەڵام هەندێ زانای یونان ئەم زاراوەیەیان هەر بۆ خۆر هەڵاتی ئێستای ئێران و ئەفغان بە کار هێناوە کە چی  هێڕودۆت  زاراوەی ئێرانی بە تێگڕای ئەو وڵاتە وتووە کە کەوتۆتە نێوان و خۆراوای دیجلە و فوڕاتەوە. گومانی تێدا نییە کە میدیاییەکانیش هەر پێیان ئەوترا ئاری. کۆنترین زمانی ئاریانەش، هەردوو زمانی زەند و  پەهلەوانە . زمانی زەندیش کاتی خۆی زمانی کتێبی ئایینی ئێرانی کۆن بووە ، کە پێیان وتووە (زەندئاوێستا) . چونکە ئەو زمانە لە سەرتاپای ناوچەکانی باکووردا ، لە بانی ئێراندا هەر لە خۆراوای  بوخاراوە  تا ئەرزەنجان باو بووە ، ئەم زمانە تا ئەم چەندانەی دواییش لای مەجووسەکان هەر پیرۆز بووە، وەک چۆن زمانی سەنسکریتی لای زاناکانی هیند پیرۆزە. ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێ کە ئەم دووزمانە کۆنە لە بنچینەدا هاوبەشێتێکیان لە ئێراندا هەیە. بەڵام زمانی پەهلەوی بە واتای زمانی پاڵەوان و جەنگاوەران وادیارە کاتی خۆی لە عێراقی عەجەمی و میدیای گەورە و (برف) یشدا ، واتە هەرێمی فارسدا بەکارهاتووە. هێندێکیش پێیوایە کاتی خۆی ئەم زمانە، تاقەزمانێک بووە کە لە کۆشک و سەرا و دیوەخانی پاشاکانی قیروس نەژاددا بە کارهاتووە. کە واتە بە هۆی نزیکایەتی و بە کارهێنانییەوە لە لایەن پاشاکانەوە، وشەگەلێکی زۆری کلدانی و ئاشووریی تیایە و جگە لەمەش کاتی خۆی کتێبە مەجووسیەکان لە زمانی زەندییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر پەهلەوی.

دیسان هەر بەوزمانە نووسینی هەڵکۆڵراوی زۆری سەردەمی ساسانی هەیە و ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم زمانە لە سەردەمی ئەمانیشدا ، بە کار هاتووە بەڵام وردەوردە لە سەرەتای ساڵی ٢١١ ی زایینییەوە بۆ ساڵی ٦٣٢ ی زایینی زمانی پەهلەویانەیان کەلا خستووە ، کە لە باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە و چوونەتە کێوی برفە و بە پێی فەرمانی شاهانە و یاسای بڵاوکراوە ، زمانی فارسی یان کە شێوە زمانی هەرێمی فارسە (واتە ناوچەی شیرازی) ئێستایە ، بە سەر هەموو ئەو هەرێمانەدا سەپاندووە ، کە لەو سەردەمەدا لە ژێر رکێفی خۆیاندا بووە. هەر بەڕاستیش ئەمیان لە پەهلەوی و زەندیش ئاسانترە.

لە سەردەمی حەوتەمی زایینیشدا ، کاتێ عەرەب بە تەواوی دەستیان بە سەر دەوڵەتی فارسدا گرت ، ئیتر ئەو زمانە گەشە و شەوقی لە دەستدا . لە ساڵی ٩٧٧ ی زایینیشدا و لە سەردەمی دیالەمەدا ، کاتێ ویستیان زمانێک لە زمانەکۆنەکانی ئێران زیندووکەنەوە کە سیمای شارستانییەتی پێوە دیاربێ ، هاتن زمانی فارسی یان هەڵبژارد کە نزیکتر بوو لە سەردەمی خۆیان و لە هەمان کاتیش دا تازە بوو. بەڵام سەیریانکرد ئاڵوگۆڕی زۆری بە سەردا هاتووە و گەلێ وشەی عەرەبی و زمانی تری دراوسێی تێکەڵ بووە . لەگەڵ ئەمەشدا شاعیران و وتاریێژان لەم زمانە و لە زمانی تری ئێرانی کۆنی وەک زەندی و پەهلەوی کۆنی کوردی ، شێوە زمانێکی ئاسان و فرە وشە و فرەمانا و شیرینیان هە ئاخاوتن
ڵبژارد و ناویان نا ، زمانی فارسی تازە و ئێستا لە وڵاتی فارسدا باوە. زمانی کۆنی فارسیش بە هۆی کتێبی بە ناوبانگی شاهنامە فردوسی و کتێبە مەجوسیەکان و کتێبی کۆن و پیاوانی مەجووسەوە هەر بە پارێزراوی مایەوە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ، نەتەوەی کورد لە نەتەوە کۆنەکانی ئێران و بناغەی شارستانییەتی پێشکەوتووی لە بانی گەورەی ئێراندا داناوە و دەسەڵاتی لە خۆرهەڵاتەوە ، هەر لە دۆڵی سەندەوە تا ئاوەڕۆی دیجلە و

فوڕات لە خۆرئاوادا ڕۆیشتووە و زمانەکەیشی بە ناوی زمانی پەهلەوی یان پەهلەوان بە واتای زمانی پەهلەوانان و جەنگاوەرانەوە ، لە تێگڕای وڵاتانی سەر بە ئیمپڕاتورییەتی یەکەمی ئێرانی باوبووە ، کە ئەسکەندەری مەکدوونی لە ناوی بردووە و دوای ئەویش بە ماوەیەکی کەم ، دەوڵەتی پاشایانی (طوائف) دامەزرا کە لە مێژووی فارسدا بە ئەشکانی ناو ئەبرێن و ئەمانە هەر ئەوانە بوون کە تا ماوەیەکی زۆر لە سەر دەست بە سەراگرتنی ئێران ، لە شەڕدابوون تا پاشای هەرێمی فارس بە سەرهەموویاندا سەرکەوت و دووەمین ئیمپڕاتووریەتی ئێرانی دامەزراند کە پاشان ناونرا ساسانی و وشەی فارس لە تەک وشەی ئێراندا بە هەموو ئیمپڕاتووریەتی کۆن و نوێ دەوترا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی یەکەمین ئیمپڕاتووریەتی ئێرانیش هەر بە فارسی ناو ببرێ. لە کاتێکدا کە کوردی پەهلەویش بووە، چونکە سەرەڕای ئەوەش کە نەتەوەی فارس ، لە شارستانێتی و سەروەری ئێراندا کۆنە بەڵام لە چاو نەتەوەی کورددا تازەترە . چونکە کورد لە پێش لەوەدا بناغەی یەکەمین شارستانێتی ئێرانی داناوە.

زۆربەی ئەدیبان و زانایانی کوردیش ، دوای ئیسلام بەرهەمی خۆیان لە بواری هونەر و زانستدا بە زمانی تری وەک فارسی و عەرەبی و لەم دواییەشدا بە تورکی نووسیوە. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکیان زمانی نیشتمانی خۆیان هەر لە بەری هەست و بیری خۆیان لە یاد نەکردووە و کۆمەڵێ نووسراوی گەورەیان لە هەمە جۆر هونەر و زانین دا بۆ بە جێهێشتووین. ئێمە لێرەدا ناوی هێندێ لە ئەدیبانی ناوداریان بە سەر دەکەینەوە کە بە زمانی کوردی نووسیویانە ، نەک هەموویان ، لە ترسی ئەوەی درێژە بە باسەکە نەدەین، چونکە باسکردنی یەک بە یەکیان پێویستی بە کتێبێکی سەربەخۆ هەیە.

عەلی حەریری:

ساڵی (١٠٠٩ی،ز) لە شارۆچکەی حەریر سەر بە هەولێر لە دایک بووە و دیوانێکی شیعری یەگجار جوانی هەیە و هەر لە شارۆچکەکەی خۆی نێژراوە و گۆڕەکەی بۆتە مەزار .(١)

مەلای جزیری:

ناوی شێخ ئەحمەدە و بەو ناسناوە بە ناوبانگە. خەڵکی بوتانە و چامەی ناسکی لە غەزەل و خواپەرستی و تەسەوفدا هەیە و دیوانێکی شیعری هەیە کە لە لای خەڵک زۆرخۆشەویستە . ساڵی ١١٦٠ لە جزیرەی بۆتان(جزیرەی ئیبنو عومەر) کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ نێژراوە و گۆڕەکەی بۆتە مەزار.

فەقێ تەیران:

ناوی مەحموودە و خەڵکی شارۆچکەی (مەکس) ە، ساڵی ١٣٠٢ ی زایینی لە دایک بووە (٢). دووکۆمەڵە شیعری گەورەی هەیە. بە ناوی (شێخی سەنعانی و چیرۆکەکانی بەرەسیسا) و دیوانێکی بە ناوبانگیشی هەیە بە ناوی وشەکانی ئەسپەڕەشەوە ، ئەسپەکەی پێغەمبەر کە بە بوڕاق بە ناوبانگە. ئەم نمووسراوەیان لە ناو خەڵکدا زۆر بڵاوە. کتێبێکی تری شیعری هەیە بە ناوی (م،ھ) لە بارەی تەسەوف و وەحدەتەلوجود . ساڵی ١٣٧٩ ی زایینی لە شارۆچکەی مەکسە کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

مەلای باطی:

ناوی مەلا ئەحمەدە و بەو بۆنەیەوە کە لە گوندی باطەی لای حەکاری بووە بە باطی بە ناوبانگە . ساڵی ١٤١٧ ی زایینی لە دایک بووە . دانراوێکی دەربارەی چیرۆکی لە دایکبوونی پێغەمبەر هەیە و دیوانێکی شیعریشی هەیە . ساڵی ١٤٩٢ ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

ئەحمەدی خانی:

شێخ و زانایەکی پایە بەرز و شاعیر و عاشقێکی پڕشەنگدارە و لە هۆزی خانیانە و خاوەنی دیوانی مەم و زینی بە ناوبانگە،کە چیرۆکە شیعرێکی بێ وێنەیە. وەک ئەلیازەی هۆمیرۆس. ئەم کتێبە ساڵی ١٥٩١ی زایینی (٣) لە بایەزید نووسراوە. فەرهەنگێکی لە بارەی زمانی عەرەبی و کوردییەوە نووسیوە ، ناوی نەوبەهارە. گەلێ کتێبی تریشی بە عەرەبی و تورکی هەیە و جگە لە شیعر ، بەهرەیەکی گەورەشی لە هونەرە جوانەکاندا هەبووە. ساڵی ١٦٥٢ ی ،ز ، کۆچی دوایی کردووە و لە تەنیشت ئەو مزگەوتەدا نێژراوە کە خۆی لە شاری بایەزید دروستی کردووە.

ئیسماعیل:

خەڵکی بایەزید و ساڵی ١٦٥٤ ی ،ز لە دایک بووە. ئەمیش هەر شاعیری غەزەلە و لە نووسینی چیرۆکە شیعریشدا چاوی لە ئەحمەدی خانی کورد کردووە کە هۆمیرۆسی کوردە و فیردەوسیی فارسە. فەرهەنگێکیشی بۆ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی نووسیوە و ناوی ناوە گوڵعوزار. گەلێ چامە و شیعری ناسکیشی هەیە کە بە شێوەی کرمانجی ژووروو نووسیوێتی . ساڵی ١٧٠٩ ی ،ز لە بایەزید کۆچی دوایی کردووە و گۆڕە بە ناوبانگەکەشی هەر لەوێیە.

شەریف خان:

ناوی میرشەرەف خانە و لە میرەکانی حەکارە. ساڵی ١٦٨٦ی،ز، لە شاری جۆلەمێرگی مەڵبەندی حەکاری لە دایک بووە و گەلێ یادگاری پەخشان و شیعری هەیە و دیوانێکی یەگجار جوانی هەیە. شیعری بە فارسیش نووسیوە . ساڵی ١٧٤٨ ی ،ز کۆچی دوایی کردووە و هەر لە جۆلە مێرگ نێژراوە .

مرادخان:

خەڵکی بایەزیدە و ساڵی ١٧٣٧ لە دایک بووە و بەرهەمێکی زۆری نووسراو و شیعری جوانی دەربارەی تەسەووف وغەزەل هەیە. ساڵی ١٧٨٤ ی ،ز، کۆچی دوایی کردووە.

عەلی تەرموکی:

یەکێکە لە زاناپایەبڵند و مامۆستا مەزنەکان . ساڵی ١٠٠٠ ی کۆچی لە گوندەکەی خۆیدا کە کەوتۆتە نێوان هەکاری و مەکسەوە لە دایک بووە. دەستێکی باڵای لە زانست و هونەر و بە تایبەتیش لە هونەرە جوانەکان و دەرس وتنەوەدا هەبووە . دانەری کتێبی رێزمانی کوردیشە . گەشتی بە کەلکی بۆ وڵاتانی دراوسێ کردووەە و تیایاندا گەلێک شتی بەکەڵک و سەرەنجی تیژی تۆمار کردووە گۆڕەکەشی هەر لە گوندەکەی خۆیدایە.

مەلایوونسی هەلەکاتینی:

خاوەنی سێ نامە بە ناوبانگە کوردییەکەیە کە لە کوردستاندا بە ناوبانگە و دەربارەی فێرکردنی زمانی عەرەبییە لە تەسریف و زرووف و تەرکیبدا . گۆڕەکەشی لە گوندی هەلەکاتینە کە تیایدا لە دایک بووە.

پەراوێزەکان:

١، رەنگە دانانی مێژووی زایین لە پاڵ مێژووی ژیانی ئەم شاعیر و ئەدیبانە هەڵەی چاپ بێت چونکە مەلای جزیری ساڵی ١٤٠٧ ی ،ز لە دایک بووە . ساڵی ١٤٨١ ی، ز کۆچی دوایی کردووە. لە بەر ئەوە ئەگەر هەڵەی نووسەر نەبێ ئەوە مێژووی کۆچیە.

٢، ئەمیش لە کۆتایی سەدەی شازدەهەمی زایینیدا ژیاوە.

٣، ئەو مێژووەش هەر هەڵەیە چونکە ئەحمەدی خانی ساڵی ١٦٥٠ ی ،ز لە دایک بووە و ساڵی ١٧٠٧ ی ، ز کۆچی دوایی کردووە . بۆ زیاترزانین لەو بارەیەوە بڕوانە (ئەحمەدی خانی شاعرا و مفکرا ، فیلسوفا و متصوفا ) الدکتور عزالدین مصطفی رسول . بغداد ١٩٧٩ میلادی.

(پەراوێزەکان ئ ی ڕێزدار محەمەد حەمە باقیە.)

وەرگیراو لە کتێبی کێشەی مێژینە و ئێستای کورد

نووسینی : بلەچ شێرکۆ

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: محەمەد حەمە باقی

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٢٧)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

داهێنانی نووسین

ژیاری مێزۆپۆتامیا، لەبەر تیرۆژی ژیانی بە کۆمەڵدا بووە. بنەماڵە کاریگەرپی لە سەر گەشەی شارو شارستانییەت هەبووە. دیاردەی شار نشینی لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا جگە لە بەرهەمهێنانی شارستانییەت ، گەلێک بەرهەمی تریشی بوون. لەوان : سەرهەڵدانی ئایین، پێشکەوتنی زانست، ژیان بە تامی وێکهەڵکردن وپێکهەڵکردن. بە واتایەکی تر بناخەدانان یا خود ئاوەدانکردنەوەی شارێک ، جگە لە ئامانجی کۆمەڵایەتی ، ئابووری و رامیاری ، مەبەست و هۆکاری تایبەتیشی لە پشت بووە. بۆ وێنە بەیتی نەزیلەی گیلگەمێش ، بناغەی شاری توروک لە سەردەستی گیلگەمێش دانراوە . گیلگەمێش دەسەڵاتی سیاسی و بژیوی دانیشتوانی شارەکەشی لە مست بووە. بە هۆی ئەوە کە گیلگەمێش بوونەوەرێکی نیوەخوا و لەتکە مرۆف بووە ، دەلوێ بڵێین ، دانان و ئاوەدانکردنەوەی شارێک ، داهێنانێکی خوداوەندی یاکوو راپەڕاندنی



ئەرکێکی ئایینی بووە. مەبەست لەوەش کۆکردنەوەی ئیمانداران بووە بۆ پاڕانەوە و نزاکردن لەبەردەم خواکاندا.

کە باسی مێزۆپۆتامیا دەکرێ، بابەتی کشت و کاڵ گرینگیی تایبەتی دەدرێتێ. دەشێ لەبەرئەوە بێ کە کشت و کاڵ ئێستاشی لەگەڵ بێ ، یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەکانی بەردەوام بوون و گەشەی ژیان و ژیارە . جگەلەوەش کشت و کاڵ، خۆی پیشەیەکە پێویستیی بە کۆمەڵێک پێداویستی هەیە کە هۆکار و پاڵنەرن بۆ ئەوەی ژیانی بە کۆمەڵی مروفەکان بەردەوام لە پەرەئەستاندن دابێ. بۆ وێنە :

کشت و کاڵ پێویستی بە هێز و کاری هەرەوەزییە. هەرەوەزی وادەکات کۆمەڵێک کەس پێکەوە ، لە چوارچێوەی بنەماڵە یادەرەوەی سنوورەکانی بنەماڵەش ، هاوکار و هاویار هاوشانی یەکدی کاری هاوبەش بکەن. لەوەش بترازێ کشت و کاڵ پێویستی بە کۆمەڵێک ئامێرە بۆ جووتکردن، دروێنە، داکردن و شەن و کەو کردنی بەرهەمی وەرزێرەکان . بۆ دروستکردن و فرۆشتنی هەرکام لەو ئامێرانەش ، پێویستە کۆمەڵگا هەبێ تا کوو لەو کۆمەڵگایەدا وەستا و بەرهەمهێنەر ، فرۆشیار ، کڕیار و بەکاربەر چالاکانە پێکەوە بژین. کشت و کاڵ و بەری وەرزێر ، پێویستی بە داکردن،داگرتن، هەڵگرتن پاشەکەوت و پاراستن هەیە . هەموو ئەوانە گشتیان پێکەوە لە ژیانێکی بە کۆمەڵدا لوواولوو و توێژاوتوێژی کۆمەڵگایەک پێکدێنن کە بەردەوام ئەگەشێتەوە و پەرە ئەستێنێ. ئیتر لێرە بەولاوە روونە کە ئەم چتگەلە تا چەند پاڵنەر بوون لە برەو پێدان بە ژیان و ژیار لە ناوچەکانی دواوان. (مێزۆپۆتامیا) دا.

گەرچی دەرکەوتووە کە پێداویستییەکانی مرۆڤی مێزوپوتامیا لە چاو چاخەکانی دواتر گەلێک ساکارتر بوون ، لێ، شوێنپێی حەز لۆ خۆشبژی، لە مرۆی ئەو سەردەمەشدا بە سەر شوێنەوارەکانەوە ماگە. ئەوانیش وەک مرۆڤی سەردەم لە ڕێگای ئاڵووێر و بازرگانییەوە هەوڵیان بۆ پتر پەرەپێدانی لق

و پۆپەکانی خۆشبژی ژیان داگە. پیشەی بازرگانی وەک سەرچاوەیەکی گرینگ لەو سەردەمەدا ، لە لایەک هۆکار بووە بۆ گەشەکردن و لە لایەکی تریشەوە پاڵنەر بووە بۆ داپڵۆسین و لە سەروسەکتی یەکتردانی هۆز و گەلان. وێڕای ئەم دوو هۆکارە ، بازرگانی رۆڵێکی یەگجار سەرەکی لە پەیوەندی نێوان خەڵکانی ناوچەکانی دەوروپشت و تەنانەت شوێنە دووردەستەکانیش گێڕاوە. ئەم پێوەندییانە وایان کردوە کولتور و ژیاری کۆمەڵگەکان باندۆڕیان لە سەر یەکدی هەبێ و بەردەوام لە گەشانەوەدابن. وەک بەڵگەیەک بۆ پشتراست کردنەوەی ئەم بابەتە دەتوانین ئاماژە بە گەلێک هۆنراوە ، لاوژە، لاوک، نەزیلە ، بەیت و بالۆرەی هاوشێوەی گیلگەمێشی میزوپۆتامیا بدەین کە لە زۆر شوێنیتری دوور لە کوردستان و ناوچەکانی تری میزوپۆتامیادا دۆزراونەتەوە . ئەشێ تۆوتۆرەمەی کولتوورەکان خۆیان لە قولینچکێکی پرێچکەی بازرگانەکاندا مات دابێ و لە کاتی هاتووچۆ و ساتوسەودای بازرگانیدا بە شوێن شوێنپێی بازرگانەکاندا پرژابن.

وەک باسکرا، کشت و کاڵ و بازرگانی پاڵنەری سەرەکی پەرەگرتنی ژیانی شارستانیی مرۆڤ بوون لە سەردەمی مێزۆپۆتامیادا. کشت و کاڵ و بازرگانی هۆکار بوون بۆ پەیوەندی و کارتێکەریی کۆلتور و کۆمەڵگاکان لە سەر یەکتری . بەڵام کەرەسەی پەیوەندی نێوان ئەو کۆمەڵانە ، ئاڵوگۆڕی شمەک و بەرهەمەکان بووە . بەم پێیە دەتوانین بەم رامانە بگەین کە پرۆسەی باندۆری کولتوورەکان لە سەر یەکتری لە ژێر کارتێکەری توخمەکانی پیشەسازی ، بەرهەمهێنان و ئاڵووێری کەلوپەلەکانەوە بووە. پیشەسازی بە پێی پێداویستی و پێشکەوتنەکانی مێزوپۆتامیا (دوواوان) وەکی بەرهەمهێنان لە مس، گڵ ، داروبەردهەڵکۆڵین و دروومان و هتد بە یارمەتی کۆڵەرەکان ، شوێن پێی ئەم پەیوەندییە کولتووری ، زانستی، بازرگانی و وەبەرهێنانە لە میسر، یۆنان و هیندۆستانیش دۆزراونەوە.

کە باس لە وێژە و داهێنانی نووسین وەک یەکێکیتر لە بەرهەمەکانی داری بە پیتی داهێنان لە مێژوپۆتامیادا دەکەین ، بێگومان لە چەشنی کشت و کاڵ و بازرگانی و پیشەسازی ، نووسینیش خۆی داهێنانێکی گرینگ بووەکە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ مرۆفایەتی هەر لە بەری دەخوا و لە سەر هەمان رێچکە دەڕوا.

سۆمەرییەکان بە سێ قۆناغ  یان  شێواز زمانی سۆمەرییان لە چەپەوە بۆ راست نووسیوەتەوە :

لە قۆناغی یەکەمدا وێنەیان کێشاوەتەوە کە وێنای شمەک و کەلوپەلەکانی کردووە و بە قۆناغی وێنە دەناسرێ .

قۆناغی دووهەم بریتییە لە قۆناغی هێما ، کە لەو قۆناغەشدا ، ئەواان لە سەر واتای هێماکان رێککەتوون. ئەو هێمایانە واتای بابەت یا شتێکیانداوە.

لە کۆتا قۆناغدا دوو یا چەند بڕگەی هێما و وێنەکان تێکەڵ بەیەک کراون بۆ ئەوەی دەنگێک یا واتایەک بگەیەنن. بۆ وێنە بۆ گواستنەوەی واتای باران ، هێمای ئاو و بارانیان پێکەوە کێشاوەتەوە و بەم شێوەیە نووسەر مەبەستی خۆی گەیاندووە . ئەم قۆناغەش ناوی قۆناغی دەنگی لێنراوە.

نووسین کۆمەڵێک ئەرکی لە کۆڵ زمان کردۆتەوە. بۆ وێنە وشە، نۆرم و بەها کولتوورییەکانی لە بەر زەبری تێپەڕبوونی کاتدا پاراستووە. جگە لەوەش ، نووسین هەمبانەی ئەزموون ، زانست و مێژووە. نووسین ئەرکی گواستنەوەی تێگەیشتنی مروف لە قۆناغ و تۆرەمەیەکەوە بۆ چاخ و نەوەکانی داهاتووشی لە ئەستۆیە. دەقەکان دەبنە سەرچاوەگەلێکی ئەدەبی ، زانستی، ئایینی، ئایدئۆلۆژی و هتد. تینووێتی ئاوەزی مرۆفەکان لە سەردەمی خۆیاندا دەشکێنن. سەرەڕای هەموو ئەوانە ، نووسین پێوەرێکە بۆ شیتەڵکردنەوە و سەلماندنی راستی و ناڕاستی بنج و بنەچەی نەتەوە و گەل.

کورت و کرمانجی ، توێژینەوە و شیکردنەوەی دەقە کۆنەکانی مێزۆپۆتامیا یارمەتیمان دەدەن باشتر لە مێژووی خۆمان تێبگەین، دیارە ئەگەر دەساوەڵا و وێلخەرج نەبین لە بەخشینەوە و تەخشان پەخشانکردنی مێژووی خۆمان بە گەڵانیتر و بە ئانقەستە خۆمان لە مێژووی بەرەبابانی خۆمان بێبەری نەکەین. گشت ئەو بابەتانە راستەوخۆ پێوەندییان هەیە بە بابەتگەلێکی وەک رۆشنبیریی گشتی ، سیاسەت و دەسەڵاتی باڵادەست بە سەر ئەم نیشتمانەی ئێستا ناوی کوردستانە. کورد یەکێک لەوان نەتەوان بووە کە بە درێژایی مێژووی نوێ سەربەستی بە خۆیەوە نەدیوە. ئەوەی دەسەڵاتی بە سەر کورددا شکابێ ، لە قاتوقڕی، بنەبڕ و سەرکوتکردن، مزگێنیتری پێنەبووە. مێژووی کورد بە تایبەتی دیرۆکا کۆن یان نەهاتۆتە سەر پەڕ ، یان کە نووسراوەتەوە بۆ مەبەستی تایبەتی پێچی پێدراوە، یا خود بە زۆریش بێ ، دانی پێدا نەهێندراوە و ئەگەر دانیشی پێدا هێندرابێ ، چتە باشەکانی لە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی لێقاچێندراوە. لە جێیەکیش کوردێک مێژووی نەتەوەکەی لە پەڕتووکێکیش ئاخنیبێ ، نەیارانی کورد بە گەلە کۆمەگی لە هەموو لایەکەوە کێبەرکێیان بووە بۆ سڕینەوە و بە لارێدا بردنی راستیەکانی رابردوومان.

کولتووری سۆمەریەکان

زوان مێزۆپۆتامی ، زمانێکی فرە چەتوون بووە . هوڵبرگ دەڵێ : خەڵکی مێزۆپۆتامیا تەنانەت لەگەڵ منداڵەکانی خۆشیانا بە ئەستەمی دەدوان. وشەی مێزۆپۆتامیا کۆی ئەو تێگەیشتنانەی لە کۆڵ ناوە کە سەبارەتن بە کۆمەڵەی کولتووری سۆمەری. بابلی و ئاسۆری. مێژووەکەیان بۆ سێ، دوو و یەک هەزارساڵ بەر لە لەدایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە. وشەی مێزۆپۆتامیا لە بنەڕەتدا وشەیەکی یونانیە . مانای وڵاتێک لە نێوان دوو چۆم دا دەدا. واتا ئەو ناوچەگەلە کە لە نێوان دوو چۆمی دیجلە و فوراتدا هەڵکەوتوون. دیارە وڵات و ناوچەگەلێکی وەک سووریای کۆن ، فەلەستین و بەشێک لە ئاسیای

بچووک ، هەروەها خودی ناوچەی دوواوان کەوتبوونە بەر باندوری کولتووری مێزۆپۆتامیاوە. لەوەش بترازێ کولتووری مێزوپۆتامیایی پەلی بۆ ئەو ناوچانەش هاویشتبوو کە پێیدەکوترا ئیلام. واباشە بزانین ئەم کولتوورە تەنانەت سەری بە ناوچەکانی (فارسستان) یشدا کردبوو کە بۆ ماوەی سەدان ساڵ پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ مێزۆپۆتامیادا هەبوو، کە چی دواتر لە یەکتری بوونە دوژمن. رۆڵی کولتوور و ژیاری مێزۆپۆتامیا لە مێژووی مرۆفایەتیدا هێندە زەوەندە ئەگەر بڵێین ژیاری ئێستای جیهان بە بێ ئەو کولتوورە لەق و سەقەت یان رەنگ بوو بە چەشنێکی تر دەرچێ . بۆوێنە ئەگەر خەڵکی دوواوان نەبوایە ، شایەد ئەوەی هەنووکە پێیدەکوترێ ساڵ یان حەوتوو بەو شێوەی ئێستا نەبوایەتن.

لە نێو ئاسەوارەکانی ئەو چاخە لە مێژوو لە بەشی باشووری رۆژاوایی ئاسیادا ، ئاسەواری سەرەتای دەستپێکی چەشنێک نووسین بە پێی تواناییەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە دۆزراوەتەوە . سۆمێریەکان ، زمانەکەیان بە پێی ئەو نووسراوەکۆنانەی دۆزراونەوە ، هیچ خزمایەتێکی لە تەک زمانی ئەو نووسراوەکۆنانەیتر دانییە کە لە ئاسیای کۆندا دۆزراونەتەوە . شک لەوەدانییە کە ئەوان شتێک نزیک بە سێ هەزارساڵ بەر لە لەدایکبوونی عیسا لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون. لە مێزۆپۆتامیادا کۆمەڵێک شار و شارۆچکەیان پێکهێنا کە لە شێوازی شارنشینی یونانی دەچێتن. خاوەن رامیاری خۆیان بوون . کولتووری سۆمەرِی لەو سەردەمەدا دەوڵەمەندترین ژیاری سەردەم بووە. لە سەرەتای سەدەکانی هەزارەی سێهەمی بەر لە میلاد شێوازی بەرِێوەبردنی کۆمەڵگا لای سۆمەرییەکان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە دی کە بووە هۆی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ژیار و سیستمی کشت و کاڵی لە ناوچەکەدا.

لە وێنەنووسینەوە تا نووسین بە ئەلفوبێ

بەڕێوە بردنی کۆمەڵگایەکیئ ئاڵۆز و بەرین بە بێ نووسینەوەی یاسا و رێساکان ، کارێکی هاسان نەبوو، بە تایبەتی کە قسە دێتە سەر ئەوە کە ئەم یاساگەلە دەبوو بۆ کەس یان لە شوێن و ساتی پێویستدا رەچاوکرابان . بە پێی ئەو نووسراوە کۆنانەی ئەو سەردەم کە ئێستا دۆزراونەتەوە دەردەکەوێ کە وێڕای بەرەوپێشوەچوون و گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگادا ، نووسین و نووسراوەکانیش گۆڕانیان بە سەرداهاتووە. دەقەکانی سەدەکانی یەکەم ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە دەستنووس و پەڕتووکەکانی ئەو چاخە لە مێژوو وەک ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردنی باری ئابووری کۆمەڵگا لە لایەن کەسانێکەوە دەکار خراون کە یان خۆیان نووسەری دەستخەت و کەتیبەکان بوون یان ئەوەی ئەوان تەنیا و تەنیا ئەرکی پاراستنی ئەو نووسینانەیان لە ئەستۆ بووە.

هێما کۆنەکانی نووسین لە مێزۆپۆتامیا دەریدەخەن کە نووسین و رێنووسی وێنەیی لەو سەردەمەدا رەچاو کراوە . بە پێی ئەو رێنووسە وێنەی شتێک ، هێمای تاقە یەک شت بووە و بەس. بەو حاڵەش هەر ئەو وێنە نووسینەش خۆی لە خۆیدا وەک شۆڕشێکی گەورە هەموو ناوچەکانی مێزۆپۆتامیای تەنیوە. لە وەها سەردەمێک دا وەک رووداوێکی گرینگ شۆڕشێکی پێشکەوتووخوازانەی لەگەڵ خۆی هێنا وەک ئێستا کە نووسین بە ئەلفوبێ بۆ ئێمە شتێکی زۆر ئاسایی و باوە ، وێنە نووسیش لەو سەردەمدا ئاوا باوبووە. سەروبەندی دووهەزارو پێنسەدساڵ بەر لە میلاد وێنە نووسی لە مێزۆپۆتامیا جێی خۆی بە شێوازێکی پێشکەوتووتر و رازاوەتر لە جۆری نووسین دا. بە هۆی ئەو شێوازە نوێیە لە نووسین، دەکرا ئاخاوتن و دەربڕینەکانیش بە پێی کۆمەڵێک یاسای رێنووسی بنووسرێتەوە. ئەو یەکەم نووسراوە ئەدەبییانەی دۆزراوەتەوە ئی سەردەمی سۆمەرەکانە. هەر چەند تەواو لەوە دڵنیانین کە پێش ئەو دووهەزاروپێنسەدساڵە ، ئەدەبی زارەکی و وێژەیی چەندە توانیویەتی رەسەنایەتی میراتی زۆروزەوەند و دوورودرێژی مێژوویی خۆی بە شێوەیەکی پاراو بپارێزێ.

له بەرەبەری دووهەزاروپێنسەدساڵ بەر لە میلاددا بە کارهێنانی نووسین جگە لە زمانی ئاسۆری پێی نایە قوناغی بە کارهێنان و دووپاتبوونەوە لە بنەماڵەی گەورەی زمانی سامیدا کە ئەورۆ بە هەر هۆیەک بێ پێی دەڵێین عەرەبی بەڵام لە راستیدا ئاماژەیە بە گەلێک زمانیتری وەک : عیبری، ئارامی و ئیتیۆپی.

وەرگیراو لە کتێبی مێژووی وێژەی دوواوان. نووسینی: یورگن لەسووە

وەرگێڕانی بۆ سەرکوردی : زەند زارعی

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٢٨)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

هۆزەکۆنەکانی نیشتەجێی وڵاتی کوردەواری

مێژووی کۆنی گەلی کورد ، هەرروەها مێژووی سەرهەڵدان و پێگەیشتنی زمانی کوردی باسێکی کراوەیە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترو نووسینەوە هەیە. زۆربەی ئەو نووسینەوە گەلەی کە تا ئێستا کراون ، یان لە لایەن




بیانیەکانەوە بوون یانیش بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی ئەوانەوە بووە. بەشێکی زۆر لەم لێکۆڵینەوە گەلە بە مەبەستی دیاریکراوەوە نووسراون. ئەوانەشی کە بێ مەبەستی تایبەت نووسراون بەداخەوە کەموکووڕییان زۆرە. کەماسیی ئەم لێکۆڵینەوانە لەوەدایە کە لە گۆشەی چاوی خۆیانەوە بۆی دەچن و زۆر جار زانستیان لەسەر کوردەکان ، زمانی کوردی ، شێوازەکانی، ئەردنیگاری(جوغرافیای) کوردستان ، شێوازی ژیانی گەلی کورد و پەیوەبدە کۆمەڵایەتییەکانیان کەم و کورتی تێدایە. بۆ نموونە ئەگەر لە بەڵگەیەکی

مێژووییدا جێگای دانیشتنی هۆزێکی کورد جارێکیان لە شوێنێک و جارێکی دیکە لە شوێنێکی دیکە دەست نیشان کرابێ ئەوە بە چاوێکی سەیروگومانەوە تەماشای دەکەن و تووشی سەرسووڕمان دەبن بەڵام ئەمە بەلای کەسێکی کوردەوە نەتەنیا سەیر نییە بەڵکوزۆریش ئاساییە. چونکە هەر کوردێک دەزانێ کە هەتاحەفتا یا هەشتا ساڵ لەمەوبەر گەلێک لە هۆزەکانی کورد گەرمێن و کوێستانیان دەکرد .

جاری واهەبووە کە هێندێک لەم لێکۆڵەرانە کاتێک رووبەڕووی شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی کوردی بوونەتەوە بە سەرسووڕمانەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە ئایا ئەم شێوازە کوردییە یان ئاخۆ ئاخێوەرانی کوردن؟ جاری واش بووە کە بە هۆی نەزانینی زمانی کوردییەوە وەرگێڕانی سەیروسەمەرەیان بۆ دەستەواژەکۆنەکانی زمانی کوردی کردووە . بۆ نموونە وشەی ئەسپووهەران کە دەستەواژەیەکی کوردییە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بۆ ئەو کاروانانەی کە بەرپرسی کۆکردنەوەی باجەکان بوون بە کار هێنراوە و لە شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکیدا واتای ئەسپ و کەران دەدا کەچی (هێرتسفێلد) زانای گەورەی ئالمانی بە واتای جێگری پادشا مانای کردۆتەوە یان وشەی (زەڕاتوشترا) کە شێوەی هەورامی (ئەوێستایی) وشەی (زراتخشترا) یە کە واتای پادشای زێڕین دەدات وەک خاوەنی وشتری زەڕین یان زەرد ماناکراوەتەوە. یەکێکی تر لەو گرفتانە کە کاریگەریی لەسەر لێکۆڵینەوە لە زمان و مێژووی کورد هەبووە و ئێستاش هەر هەیەتی نەبوونی وڵات و کیانێکی سەر بە خۆی کوردستانییە. کەم نین ژمارەی ئەم لێکۆڵەرانە کە هەموو شتێک دەبەستنەوە بە وڵاتی سەربەخۆوە واتا ئەگەر نەتەوەیەک وڵاتی سەربەخۆی نەبێ ئەوە زمانەکەشی سەربەخۆ نییە . مێژوو و فەرهەنگەکەشی سەربەخۆ نییە . لەوانەیە هەروەک گەلیش ئەژمارنەکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە قورسایی ئێستای وڵاتی ئێران کاریگەریی کردوەتە سەر شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینی نووسەران و لێکۆڵەرانی ئێرانی و بیانیش. بۆ نموونە چونکە مێژووی فارسەکان لە سەردەمی

هەخامەنشیەوە دەست پێدەکا ، دەستپێکی مێژووی کوردیش دەبەنەوە بۆ سەردەمی مادەکان یان زۆربەی ئەوانەی کە لە زمانی ئەوێستایی لێکۆڵینەوەیان کردووە لە باتی ئەوەی کە زمانی ئەوێستا کە شێوە زارێکی مادییە لەگەڵ زمانی کوردیدا بەراورد بکەن کە چی شیکاری و بەراوردکردنەکانیان هەر لەگەڵ زمانی فارسیدا بووە . کورد وەک نەتەوەیەکی گەورە کە چەندین هەزارساڵە هەر لەوشوێنەی ئێستای خۆیاندا ژیاون و خاوەن مێژوویەکی کۆن و زمانێکی سەربەخۆن لە بەرچاو نەگیراون.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا تێدەکۆشرێت کە تیشک بخرێتە سەر رەگ و ریشەی زوانی کوردی هەروەها بە پێی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی چەند بابەتێکی مێژووییش روون بکرێتەوە. راستە کە زمانی کوردی زمانی مادییە بەڵام گەلی کورد تەنیا نەوەی مادەکان نین بەڵکوو چەندهەزارساڵ بەر لە دەسەڵاتی مادەکان کوردەکان لەو شوێنەی ئێستای خۆیاندا نیشتەجێ بوون و لەگەڵ نەتەوەکانی تردا تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئایینی و سیاسییان هەبووە. میتانیەکان، مانناییەکان، مادەکان ، کەیمریەکان، سکیتەکان، گوتیەکان و بە ئەگەرێکی زۆر لولوبیەکانیش هۆزگەلی جۆراوجۆری نەتەوەی کوردبوون. لەم بەرگەدا ئەم راستیە روون دەکرێتەوە کە زمانی کوردی پەیوەندی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ زمانی میتانییەکان و مانناییەکان یان باشتر بێژین زمانەکانی میتانی و مانناپی بناغە و بنچینەی زمانی کوردین. هەروەها لێرەدا بە بەڵگەوە نیشاندەدرێت کە نزیکایەتێک لە نێوان زمانەکانی سومەری و کوردیشدا بەرچاو دەکەوێ بەڵام چۆنیەتی و ئاستی ئەم نزیکایەتییە وەک ئەو پەیوەندی و خزمایەتییە نییە کە لە نێوان زمانی کوردی و زمانەکانی میتانی و مانناییدا دەردەکەون. ئێمە بە بەراوردکردنی زمانەکانی میتانی و مانناپی و ئەوێستایی لەگەڵ کوردیدا زۆر بە روونی وشە کوردییەکان دەبینین و دەیان ناسینەوە بەڵام لە بەراوردکردنی زمانی سومەری و کوردیدا ئەم نزیکایەتییە تەنیا لە رەگی هێندێک لە وشەکاندا بەرچاو دەکەوێت . ئایا زمانی سۆمەرییەکانیش هەروەک زمانی کوردی سەر بە خێزانی زمانە

ئێرانییەکانە؟ یان نا ئەمە کاریگەری زمانەکانی ئەم دوو نەتەوەیە لەسەر یەکتر کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لە پەنای یەکداژیاون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان لەگەڵ یەکتردا هەبووە.

پسپۆرانی زمانەکۆنەکانی جیهان لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و قووڵیان لەسەرزمانی سۆمەری کردووە و توانیویانە زۆر لە بابەتەتاریکەکانی ئەو زمانە و رێنووسەکەشی روون بکەنەوە. ئەوەی کە تا ئێستا پسپۆران لەسەری ساغبوونەوە و لە لایەن زۆربەی زمانناسانەوە جێگای باوەڕە ئەمەیە کە زمانی سۆمەری زمانێکی سەربەخۆیە و سەر بە هیچکام لە خێزانە زمانییەکانی ناسراوی جیهان نییە . بۆیە هەتا کاتێ کە زانستی زمانەوانی راوبۆچونێکی جیاواز نەسەلمێنێ ئەم بۆچوونە جێگای بڕوایە. تەنانەت بێتوو لە داهاتووشدا ئەمەش بسەلمێندرێ کە زمانی سومەری سەر بە خێزانە زمانەکانی هیندوئورووپاییە ، دیسانیش بە دڵنیاییەوە لەگەڵ زمانی کوردیدا جیاوازی یەگجار زۆرە. لێرەدا هێندێک زانیاری لە سەر نزیکایەتی و کاریگەریی نێوان زمانی کوردی و سومەری دەخرێتە پێش چاو کە دەتوانێ یاریدەدەر بێ بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە.

شوێنپێی سۆمەرەکان و زمانی سۆمەری لە کوردستان و زمانی کوردیدا

سۆمەرەکان یەکێک لەو نەتەوە کۆنانەن کە پێش چەندین هەزارساڵ لەمەوبەر لە کوردستاندا ژیاون و خاوەنی شارستانییەتێکی بەرز و فەرهەنگێکی گەشاوە بوون. ئەم پێشکەوتن و شارستانییەتە کە ئەمرۆ مرۆفایەتی بە خۆیەوە دیتویەتی ، بنەڕەتەکەی لە لایەن دانیشتوانی کۆنی کوردستان بە تایبەتی سۆمەرەکان و ئیلامییەکانەوە دانراوە.

داهێنانی نووسین بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە لایەن سۆمەرەکانەوە بوو، کە ئەوە بۆخۆی گەورەترین خزمەتێک بوو کە پێشکەشی مروفایەتییانکرد. بە هۆی داهێنانی نووسینەوە توانیویانە زۆر نووسراوە لە سەر رووداوە

مێژووییەکان ، دادوەرییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، ئایینیەکان و زۆر شاکاری وێژەیی تۆمار بکەن. سۆمەرییەکان لە بوارەکانی زانستی وەکوو پزیشکی ، کیمیاگەری، بیردۆزی و ئەستێرەناسیدا گەیشتبوونەو ئاستێکی هەرە بەرز. ئەدەب لە کۆمەڵگای سومەریدا جێگای تایبەتی هەبووە. هەزاران سواڵەتیان لەو بارەوە بۆ بەجێهێشتووین، لەوانە چیرۆکی ئافراندنی گەردوون و ئە فسانەی گێلگامێش (کەڵگامێش) و هەروەها جیرۆکی دابەزاندنی خودای عشتار بۆ جیهانی خواروو.

لە سەربنچینە و رەگەزی سۆمەرییەکان بۆچوونی زۆر جیاواز هەیە. هێندێک لە مێژوونووسان پێیانوایە کە لە ناوچەکانی سند لە هیندوستانەوە کۆچی میزوپوتامیایانکردووە ، بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچوونە لەیەکچوونی هێندێک کەرەسە و کەلوپەلی هونەری شارستانییە کە لە هەردوو ناوچەکەدا دۆزراونەتەوە بەڵام هێشتا هیچ پێوەندییەکی زمانەوانی لە نێوان خەڵکانی ئەو دوو ناوچەیەدا روون نەبۆتەوە. یەکێ لە مێژوونووسان بە نێوی دوکتور بەندەک لە ساڵی ١٩٧٤ لە زانکۆی بۆینس ئایرس لە پەڕتووکەکەی خۆیدا بە نێوی (الاعجوبەالسۆمەڕیە) رەسەنی سۆمەرەکانی بردۆتەوە بۆ سەر مەجارەکان لە وڵاتی مەجارستان وتەنانەت شوێنی کۆچکردنیانی لە ناوچەکانی مەجارستان و رومانیادا بەرەو ناوچەکانی سەرەوەی میزوپوتامیا و دواجار بەرەرو ناوچەکانی خوارەوەتر دەستنیشانکردووە. ئەوە لە کاتێکدا کە بە پێی بەڵگەی زانستی و سەلمێندراو ، گەلی مەجار دانیشتوانی رەسەنی مەجارستان نین و پێشتر لە باشووری رووسیای ئێستا و لە خوارەوەی کێوەکانی ئۆرالدا ژیاون و دواجار لە دواییەکانی سەدەی هەشتەمی زایینیدا لە ژێر سەرکردایەتی یەکێ لە سەرکردەکانیان بە ناوی ئارپاد(١) لەم شوێنەدا کە ئێستا مەجارستانی پێدەڵێن گرساونەتەوە. لە ساڵی ٨٩٦ ی زایینیدا ئەم ئارپادە بوو بە یەکەم پادشای مەجارەکان کە هێشتا لەو سەرەدەمەدا خەڵکەکەش نەچووبوونە سەر ئایینی عیسایی و دژایەتیشیان دەکرد. هەندێکی تر لە زانایان سومەرەکان دەبەنەوە سەر نەتەوەی باسک وەلێ

بەڵگەی قایم و باوەڕپێکراویان پێ نییە. ژمارەیەکی تریش لە مێژوونووسان و ئارکیولۆژەکان ڕەسەنی سومەرەکان دەبەنەوە سەر چیاکانی زاگرۆسی کوردستان . زانا و پرۆفسۆری بە ناوبانگ هاری ساکز پێیوایە کە سۆمەرەکان لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی میزوپۆتامییاوە هاتوونەتە باشووری وڵاتی بابلەوە. هەرچەند سومەرەکان بە هۆی شارەزاییان لە نووسیندا گەلێ شتیان تۆمارکردووە بەڵام بە ڕوونی ڕەچەڵەک و شوێنی نیشتمانی خۆیانیان دیاری نەکردووە. زمان کەرەسەیەکی گرینگە بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی شوێن و دانیشتنی هۆز و نەتەوەکان. لەم بەشەدا بە هێنانەوەی بەڵگەی باوەڕپێکراوی زمانەوانی ئەو ڕاستیە نیشاندەدرێت کە کوردەکان و سۆمەرەکان لەم وڵاتەدا کە ئێستا کوردستانی پێدەڵێن پێکەوە ژیاون و ئێستاش پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ کارگەرییەکانی فەرهەنگی و زمانەوانی لە نێوان زمان و فەرهەنگی کوردی و سۆمەریدا دیار و بەرچاوە . لێرەدا وەک نموونە ژمارەیەک وشەی هەڵبژێدراوی سۆمەری و کوردی دەخرێتە بەرچاو.

نا(NA) بە واستای ناهاتووە

با(BA) بە واتای بدە، لە زاراوەکانی باشووری کوردستاندا لە جیاتی بدە دەبێژن بە.

ئارو(ARU) بە واتای ڕووبار هاتووە. نزیکە لە وشەی ڕوو کە ڕەگی وشەکانی ڕووبار و ڕودخانەیە لە کوردیدا.

کوڕ(KUR) بە واتای کێو لە کوردیشدا وشەی کوڕ هەیە هەر بە مانای کێوی بەرزە و لووتکەی کێو بە کاردێت. بڕوانە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەی هەژار. لەوانەیە هەر لە سۆمەرییەوە کەوتبێتە ناو زمانی کوردی.

سەر(SAR) بە واتای شا، بەرانبەرە لەگەڵ وشەکانی سەر، سەردارو سەرۆک لە کوردیدا.

ژیانا(ZIANA) بەرامبەرەکەی لە کوردیدا دەبێ بە ژیان و ژین . لە ئەوێستاییدا هەر ژیانا  یا جیانایە.

پەش(Pesh) واتای کوڕ و ڕۆڵە دەگەیەنێ لە ئەوێستایی و کرمانجیشدا  پس دەگوترێت.وەک پس مام.

زۆر وشەی دیکەش لەو چەشنە.

پاشگری (توو) لە زمانی سومەریدا ، پاشگرێکی جوغرافییە. ئەم پاشگرە ئێستاش لە نێوی ژمارەیەک لە گوندەکان و شوێنەکانی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ. لەوانە:

کەرەفتوو، ناوی ناوچەیەکی بەربڵاوە کە نزیکەی ٦٠ گوند لە خۆ دەگرێ. هەروەها ناوی گوند و ئەشکەوتێکی زۆرکۆن و بە ناوبانگە لە ناوچەی دیواندەرە.

هەوەتوو، ناوی ناوچەیەکی بەربڵاوە کە چەندین گوند لە خۆ دەگرێ سەر بە شاری دیواندەرەیە.

گاوەسنتوو، ناوی گوندیکە لە دەوروبەری دیواندەرە.

ئیزرتوو شاری کۆن و پایتەختی ماناکان بوو لە نزیکی شاری سەقز. گۆیا هەر ئەو شوێنەیە کە ئێستا گوندی ساحێی لێیە.

قەپڵانتوو، گوندێکە لە ناوچەی زێویەی سەر بە شاری سەقز.

سوتو، گوندێکە سەر بە ناوچەی نەمەشیری شاری بانە.

مارانتوو، گوندێکە لە ناوچەی چەمچەماڵ سەر بە شاری هرسینی کرماشان.

کلانیتو ، گوندێکە لە ناوچەی پشدەر.

زۆر وشەی تری لەو چەشنە.

١: سەیر ئەوەیە کە ئەو ناوە بۆخۆی ناوێکی کوردییە. پات لە وشەی پاتن| پاراستنەوە دێت . ئارپاد بە واتای ئاگرەوان یان پارێزەری ئاگرە. ئەوە لە کاتێکدا کە زمانی مەجارەکان ناچێتەوە سەر زمانە هیندوئورووپاییەکان.

وەرگیراو لە کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی نووسینی فازڵ ئوسوڵیان.

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٢٩)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

# زمانناسی و لێکۆڵینەوەلە زمانی کوردی

وەرگیراو لە کتێبی (هەنگەواژەی ژیانەوە ) نووسینی کاک ئەحمەد کاکە مەمی.

خۆشویستنی زمان و خۆ خەریک کردن بە مەسەلەکانی پەیوەنددار بە زمانەوە لەو بابەتانەیە کە پێشینەیەکی زۆر قەدیمی هەیە. لە سەدەی چوارەمی پێش میلادەوە سەرنجی کەسانی وەک ئیفلاتوون و ئەرەستووی بۆ لای خۆی راکێشاوە. بە درێژایی مێژوو زۆر لێکۆڵەوەر و دانیشمەند لە جیهاندا لە لایەنی جۆراوجۆرەوەخەرێکی ورد بوونەوە لە زمان بوون و ئەوە وایکردووە کە زانستی زمانناسی لە ناوەندەکانی تەمەدون لە سەراسەری دنیادا گەشەی کردووە . لە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانەدابوو کە لە ماوەی سەدەیەک بەر لە ئێستا زانستێکی سەر بە خۆ بە نێوی زمانناسی لە نێو زانستەکانی سەر بە عولوومی ئینسانی سەریهەڵدا. هەرکام لە بەرهەمەکانی عیلمی زمانناسی لە رەوتی مێژوویی خۆیدا دەسکەوتێکی پڕ بایەخە کە سووک و هاسان دەستەبەر نەبووە و لە توولی زەماندا دەگەڵ سوننەتی زمانناسیی ئوروپایی گەیشتوونە یەک و لەو رێگایەوە جار دەگەڵ جارشتێکیان پێزیادکردووە کە لە رەوتی پێشرەفتی زمانناسیدا کارکردیان هەبووە. لە مێژووی هەر عیلمێکدا و لە هەڵسەنگاندنی زانستیی هەرشتێکدا ئینسان پێی خۆشە مەتڵەبێک پەیدا بکا و لە پێشهات و رووداوە یەک بە دوای یەکەکاندا بیپارێزێ و بە روونی و بە مێژووی پڕ لە هەورازونشێویەوە بیخاتە بەردەست. ئەو قاعیدەیە لە لێکۆڵینەوەی زمانناسیدا بە پەرۆشەوە لە بەرچاو دەگیرێ و بایەخی پێدەدرێ.

کاری لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی یەکێک لە رێگاکانی خزمەت بە زانست و زمانی نەتەوەییە و هۆکارێکی بە هێزە بۆ روونکردنەوەی بنەماکانی هوویەتی نەتەوایەتیی گەلی کورد . هەستی وڵاتپارێزی و خۆشویستنی گەل و نیشتمان ، لە رێگای تێگەیاندنی کۆمەڵانی خەڵک لە مێژوو ، ئەدەبیات و زمانیەوە دەستەبەر دەکرێ . دیتنەوە و ساغکردنەوەی ئاسەوارەکانی فەرهەنگی و بووژاندنەوەی ئەو بەرهەمە فکریانەی کە کۆمەڵگای کوردەواری بە درێژایی مێژووی خۆی دروستی کردوون و تا ئەورۆ دەگەڵیان ژیاوە بە تایبەت ئەگەر لە بیرکراو و شاراوەش بن ، ئەرکێکی پیرۆز و ئامانجدارە.

خەڵکی کوردستان لە دوو لایەنەوە دەڕواننە ئەو دیاردانە. لایەنێکیان سیاسییە . یانی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی زمان دەبێتە هۆیەک بۆ دیتنەوەی شەخسیەتی نەتەوەیی . لایەنەکەی دیکەی کۆمەڵایەتیە بەو مانایە، رەوتی پێشڕەفتی کۆمەڵگالە رێگای زمانەوە نیشاندەدا. ئاشکرای دەکا واژەکان کامە مانا و مەبەست و پەیوەند و ئاستی کۆمەڵایەتی بەیان دەکەن و بە چ ئامانج و مەبەستێک بە کار هاتوون و لە کوێڕا نووسەر بەو ئاکامە گەیشتووە. بۆ وێنە کاتێک وشەگەلێک دەبینین کە نێوی هێندێک ئامرازی کشت و کاڵن یان نێوی هێندێک دیاردەی کۆمەڵایەتین لە رێگای ئەو وشانەوە بۆمان دەردەکەوێ باری ئابووری ئەو کۆمەڵگایە لە چ ئاستێکدایە یان باری پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکەی چۆنە؟

گەلی کورد لە ناوچەی زاگرۆسدا بە هەزاران ساڵ ژیاوە. لە راستیدا هەر لەو ناوچەیە گووراوە و هەڵقوڵیوە و بە پێچەوانەی عەرەب و فارس و تورک لە وڵات و مەڵبەندی دیکەڕا بۆ ئەو ناوچەیەی کۆچ نەکردووە بەڵکوو بوومیی زنجیرە کێوەکانی زاگرۆسە. رەگ و ریشەی لە مێژووی ناوچەکەدایە. لە دەورانی جۆراوجۆردا لە دارشتنی تەمەدونی ناوچەکەدا دەستی هەبووە و وەک هۆز و دەسەڵاتەکانی (هیتی ، میتانی ، هوری ، ئیلامی ،ماننایی، مادی...) دەگەڵ تەمەدونەکانی دنیای قەدیم وەکوو میسری کەوناران ،

یونان ، رۆم ، ئاشوور ، بابل... لە پەیوەند و ئاڵوگۆڕدابووە و بەرهەمە فیکری و کولتوورییەکانی ، یەک لەوان واژەکانی زمانی خۆی دەگەڵ گۆڕیونەوە.

بوونی وشەی کوردی لە دەورانی کەونارانەوە لە زمانەکانی نێو چۆمان (میسوپوتامیا) ،قەفقاز ، ئاسیای نێوەڕاست و ئاسیای بچووک سەلمێندراوە. وشەی کوردی لە زمانەکانی سومێری ، عیلامی ، ئاکێدی ، ئارامی ، عەڕەبی ، ئەرمەنی و گورجی بە لێشاو دۆزراوەتەوە . کورد لە رۆژهەڵاتی مەڵبەندەکەشەوە پێوەندیی دەگەڵ تەمەدونی گەلانی ئێرانی ، هیندی و چینیش هەبووە و لە هەموو بارێکەوە دەگەڵیان لە دانوستاندندا بووە.

حوکمڕانی و دەوڵەتەکانی گوتی ، ئورارتویی ، نایری ، هیتی و سومێری وەک دەسەڵاتی کوردی ، هەموویان لە سەر خاکی کوردستان کە نیشتمانی خۆیان بووە پێکهاتوون. تا ئەوکاتیش هیچ نیشانەیەک لە حوکمڕانیی هۆز و عشیرەتە تورکەکان و عەرەبەکان لە ناوچەی زاگرۆس و فەلاتی ئێراندا نییە. خەڵکی پێکهێنەری ئەو دەوڵەتانە دەگەڵ کورد لەیەک دەستەی نژادین و بە زمانێکی نزیک لە یەک پێکەوە پەیوەندیان گرتووە. لە راستیدا ئەوانە هەموو دەوڵەتی کوردین کە بە نێوی تایەفە جیاوازەکانی کوردەوە نێودێر کراون. هەر وەک باوی زەمانە بووە هەر تایەفەیەک بە دەسەڵات گەیشتووە بە نێوی خۆیەوە دەوڵەتەکەی ناساندووە. بۆ وێنە لە ئێرانیشدا تا سەد ساڵێک لەوەپێش هەر دەسەڵات و دەوڵەتێک لە سەر کار بووە نێوی تایەفەکەی خۆی لە سەردەوڵەتەکەی بووە. وەکوو تاهیریان، سامانیان ، ئەفشار ، زەند ، قاجار و ..... هتد.

لە درێژایی مێژوودا زمانی کوردی رەگ و ریشەی داکوتاوە و پەرەی گرتووە و وەک هەموو زمانەکانی دیکە بۆتە ئامرازی پێوەندی گرتن و لێک تێگەیشتن لە نێو نەتەوەی کورددا. ئەو رەوتە هەزاران ساڵ درێژەی هەبووە . لە درێژایی ئەو رەوتەدا زمانی کوردی دەگەڵ هەموو ئەو زمانانەی کە پێوەندی

دەگەڵیان بووە تا بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلام، وشەی بەو زمانانەداوە و وشەی لێوەرگرتوون . لە دوای ئیسلامیش دەبینین دەگەڵ زمانی عەرەبی ئەو دانو ستاندنە هەیە و وشەی عەرەبیش لە زمانی کوردیدا زۆرە.

ئینقلاباتی سیاسی و دەسکەوتە تازەکانی عیلمی و هونەری و دیاردە فەلسەفی و سیاسیەکانی حەوزەی ئەو زمانانەی دەگەڵ زمانی کوردی پێوەندییان هەبوو و ئالوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواریش لەو بوارانەدا هەمیشە بۆتە هۆیەکی گرینگ بۆ دروست بوونی وشەی تازە و وەرگرتنیان لە لایەن زمانی کوردییەوە . هەڵبەت ئەو ئاڵووگۆڕانە ئەگەر بە شێوەیەک وەرگیرابێ کە نیازی رۆژی دابین کردبێ بەشی زۆری بە قازانجی زمانەکان تەواو دەبێ و بە هێزتریان دەکا. ئەوەش دیاردەیەکی سروشتیە چونکە هیچ زمانێک نییە کە بتوانێ خۆی لە تێکەڵبوون لەگەڵ زمانی دیکە بپارێزێ مەگەر ئەوەی ئاخێوەرانی ئەو زمانە پێوەندییان دەگەڵ هیچ کەسی دیکە نەبێ و ئەوەش محاڵە.

نەتەوەی ئێمە هەموو بەرهەمەکانی زمانی دەورانی سەرەتایی و لاوی خۆی لەبەردەست دانیە و لێی ونبووە و لە بیری نەماوە. بۆ دیتنەوەی بەشێک لەو بەرهەمانە ناچارین بە پاشماوەی کتێب و بەردەنووس و ئاسەوارە قەدیمیەکانی زمانەکانی دیکەدا بگەڕێین و وشە ونبووەکان بدۆزینەوە و بیانناسینەوە ، ئەوەش کارێکی واهاسان نییە . هەر لە سەردەمی ئێستادا زۆر وشە هەن بە شێوەی جۆراوجۆر بەیان دەکرێن وبەکار دەهێندرێن، چ بگا بەوەی بە یەقین بڵێین فلان وشە لە پێنج هەزارساڵ پێش ، چۆن بە کار هاتووە و چ ویست و خواستێکی گەیاندووە . لێرەیە ئەرکی کەسانی شارەزا و لێهاتوو دەردەکەوێ و بە کۆکردنەوەی بەڵگە و سەنەدی تازە و دەستەبەندیکردن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان ، دەتوانن بە بەشێک لەو ئامانجانە بگەن و بە پشت بەستن بە زانستی ئێتیمولوژی ئەو مەبەستە بپێکن.

هەر وشەیەک ئاڵقەی پەیوەندێکە کە ئێمە بە رابردووی زمان و قووڵایی مێژوو و فەرهەنگمان دەبەستێتەوە . هەر وشەیەک لە زمان رێنوێنێکە بۆ ئێمە کە لە کاری لێکۆڵینەوەدا رێگامان پێشاندەدا و بەرەو پێشمان دەبا. کۆی ئەو وشانەیە کە وردە وردە بناغەی زمانی لێ دروست بووە . وشەکان بڵاو دەبنەوە ، پەروەردە دەبن، گەورە دەبن و جاری وایە دەشمرن. هەر وشەیەک سەرگوزەشتێکی هەیە و چارەنووسێک . کاری زمانناسی و ریشەناسی وشە، ئەوەیە کە ئەو سەرگوزەشت و چارەنووسە ببینێتەوە و نیشانی بدا کە ئەو وشەیە لە درێژایی مێژوودا چ نیشانەهایەکی لە خۆی بە جێهێشتووە و بەیانگەری کام مانا و دیاردەی کۆمەڵایەتی یا ئابووری یان کام ئامرازی نێو کۆمەڵگابووە. بەو شێوەیە بەشێک لە کارامەیی فەرهەنگیی روون بکرێتەوە. بەشێک لە پێوەندی بەینی زمان و فەرهەنگەکان تیشکی بخرێتە سەر، چونکە هەر وشەیەک کە دەمرێ بەشێک لە جەستەی فەرهەنگیش دەمرێ . نیشانەیەکی رێنوێنیکار دەمرێ و ریشتەیەک لە پێوەند دەگەڵ رابردوو دەمرێ. بۆ وێنە دەزانین کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی مەڕداری و کشت و کاڵی بووە. بە هەزارانساڵ بۆ ئەو دوو پیشەیە وشەی پێویستی ئەوپیشانەی دروستکردووە. یان ئایین و رێورەسمی تایبەتی بۆ کاتی هەرەوەز یان دروێنە یان ئاوداشتن یان مەڕ تێبەردان یان بەران رەنگ کردن .....دروست کردووە.ئێستا کە میکانیزاسیون بۆتە باو و ئامراِزی پێشکەوتوو جێگای کەرەسەی قەدیمی گرتۆتەوە ، تەواوی وشە قەدیمیەکان لە برەو دەکەون و جیلی داهاتوو نایناسێتەوە و لە کاتی خوێندنەوەی تێکستێک کە ئەو وشانەی تێدابێ نازانێ باسی چیدەکەن . هەم ئایینەکان و رێورەسمەکان لە کۆمەڵگادا ون دەبن و هەم وشەکان و ئەوە بۆ مێژووی زمانەکە و تێگەیشتن لە ئاستی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکە زۆر گران تەواو دەبێ و شوێنەوارەکانی رابردوو کوێر دەبنەوە.بۆیە فەرهەنگی عیلمی و پاراستنی ئەو بەرهەمە فیکریانە بە شێوەی مودێرن ئەرکێکی گرینگە.

ئەگەر ئێمە بۆکار لە سەر زمان و بەکارهێنانی زمان یاسا و رێکاری عیلمی و رێوشوێنی دیاریکراو نەگرینە بەر وردەوردە وشەکان و دەنگەکان و لە نیهایەتدا زمانەکە کز دەبێ و کەلیمەی تازە لە جێگای وشەرەسەنەکان دادەنیشن و وشە ناسراوەکان لە بەین دەچن . ئێمە نابێ بێلێن وشەکان لە ناو بچن. هەڵبەت دەزانین کە ئینسان مەیلی بە لای شتی تازەوەیە و هەرکەسێک پێیخۆشە شتێکی وا بێنێتە ئاراوە کە خەڵکی دیکە نەیدیبێ یان نەی بیستبێ . رێبازی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونیش لەوەدایە و زمانیش لەو یاسایە پەیڕەوی دەکا و هەمیشە وشەی تازە دروست دەبێ بەڵام ئەو پێشڕەفتە نابێ بە قیمەتی لە دەستچوونی مێژووی زمانەکە و وشەکان تەواو بێ.

زمان ئاوینەی فەرهەنگە و فەرهەنگ بایەخدارترین پاشماوەی پێشینیانە. دەبێ ئاگامان لە هەردووکیان بێ و هەروەک چۆن لە پێشینیانمان وەرگرتووە دەبێ هەرواش بیگەیەنینە بەردەستی جیلی داهاتوومان.

کتێبی هەنگەواژەی ژیانەوە لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجە نووسراوە. نووسەر هەوڵیداوە شوێنی وشە کوردییەکان تا قووڵایی مێژوو هەڵگرێ و خوێنەر بکاتە هاورێی خۆی و بەدوای دیتنەوەی وشەی کوردی و ناسینەوەی ناوەرۆکی وشەکان و لق و پۆپیان، سەر بە نێو زمانی کوردی و سەر بە نێو زمانەکانی دیکەی وەک عەرەبی ، سوریانی ، یونانی و عیبری و .... بەشێک لە زمانە ئورووپاییەکاندا بکا و ئاڵوگۆڕ و چۆنیەتی بە کار هێنانی وشە کوردییەکان لە زمانەکانی دیکەدا هەڵسەنگێنێ و لە گەڵ بەکارهێنانیان لە زمانی کوردیدا، بەراوردیان بکا.

نووسەر تەحلیل کردنی وشەکانی لە سەرەتایی ترین قۆناغی گۆورانی وشەوە تا بەکارهێنانی لە بواری جۆراوجۆردا و لە زەمانی جۆراوجۆردا بە ئەرکی لێکۆڵیەوەکەی خۆی داناوە و سرنجی تایبەتی خستۆتە سەر هەموو بارەکانی ئیشتراک و ئیفتراقی وشەکان و ئاکامی هەریەک لەو سیفەتانەی روون

کردۆتەوە. ئەوەشی لەبەر چاو بووە کە ڕەوشی لێکۆڵینەوە لە عولوومی ریازی یا تەجروبی دەگەڵ ڕەوشی لێکۆڵینەوە لە عولوومی ئینسانیدا جیاوازیی هەیە. بۆ وێنە لە زانستی بیرکاریدا ٢ بە ئیزافەی ٢ دەبێتە ٤ و ئەوە حوکمێکی نەگۆڕە بەڵام لە عولوومی ئینسانیدا هەموو شت دەبێ بە تەحلیل کردن و دانی نەزەری جیاواز و تەوزیح و تەشریحی قورس و قایم بسەلمێندرێ. بەختەوەرانە نووسەری کتێبی هەنگەواژەی ژیانەوە بە وردی نەزەرەکانی خۆی لە سەر ئاڵووگۆڕی وشەکان دەربڕیوە و بەرهەمێکی کەم وێنەی خستۆتە بەردەستی هۆگرانی لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەویندارانی زمانی لە مێژینەی کوردی.

پێشەکییەکی کورت بۆ کتێبی هەنگەواژەی ژیانەوە

نووسینی ڕێزدار ئەحمەد کاکە مەمی

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٣٠)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

## مەولەوی ژیان و بەرهەمی

سەرەتا

ئەو نامیلکەیەم لە سەرەتادا ، لە سەر داوای مامۆستایان جویس بلاو، وان براونێسن و عەبدوڵلا مەردۆخ نووسراوە کە ١٩٩٧،٤،٨ نامەیەکیان لە پاریسەوە بۆ ناردبووم تیایانا باس کردبوو کە وا بڕیاریان داوە کە ژمارەیەکی گۆواری (ساڵنامەی ئیسلامی) تر، تایبەت بە دین و ئایینی کوردان ، ئامادە بکەن. گۆواری ناوبراو گۆوارێکی زانستییە بە دوو زمانی فەڕەنسەیی و ئینگلیزی دەرئەچێ و لە لایەن یەکێ لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەنستیتووتی میللی زمان و شارستانیەتەکانی رۆژهەڵاتەوە لە پاریس بڵاو ئەبێتەوە. ئەو مامۆستایانە هەروا نووسیبووشیان بە مەبەستی ئامادەکردنی بابەتەکانی ئەو ژومارەیەی




گۆوارەکە قسەیان لەگەڵ ژمارەیەک پسپۆر کردووە و ئەوانیش گفتی بەشدارییان داوە و هەریەکەیان بابەتی خۆی دەستنیشان کردووە و ناوی ئەو پسپۆڕانە و ناو و نیشانی بابەتەکانیشیان بۆ نووسیبووم. پێخۆشحاڵی خۆشیانیان دەربڕیبوو کە منیش بە وتارێک لە بارەی شاعیری گەورەی کورد

(مەولەوی) یەوە لە دەرکردنی ئەو ژمارەیەی گۆواری ناوبراوا بەشداربم. بەندەیش لەسەر خواستی ئەو برادەرانە و بە پێخۆشحاڵیەکی فرەوە ، گفتی ئەو کارەم دانێ و ئەم وتارەم ئامادە کرد و بۆم ناردن.

پاش بڵاوبوونەوەی وتارەکە لە ژمارەی ٥ ی ساڵی١٩٩٨ ی گووارەکەیانا بە ئینگلیزی، کە برایان کاک عومەر دزەیی و کاک میشێل .ل.شوێت لە کوردییەوە وەریانگێڕابوو، پێم خۆش بوو بە ئەسڵەکوردییەکەی خویشی بڵاو بکرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە کەوتمە تەقەلادان.

خۆشبەختانە ئەوەتا ئێستا لە شێوەی نامیلکەیەکی پاشبەندی گوواری (کاروان) ی ئازیز کە هەر لە سەرەتای دەرچوونیەوە هاوکارێکی بەردەوامی بووم ، ئەکەوێتە بەردەستی خوێندەوارانی خۆشەویستی کورد.

هیوام وایە بێ سوود نەبێ بۆیان و کەڵکێکی لێ ببینن و هەر هەڵە و نا تەواوییەکیان تیا دی ئاگادارم کەنەوە. سوپاسی بێ پایانیش بۆ هەموو ئەو دۆستانەی لە هێنانە دیی ئەو ئارەزووما یارمەتی خۆیانا لێ نەگرتوومەتەوە. محەمەدی مەلا کەریم.

ژیانی مەولەوی

سەیید عەبدوڕڕەحیمی کوڕی مەلا سەعیدی تاوەگۆزی، لە ناو خەڵکا بە ناووبانگ بە (مەولەوی) و لە جیهانی شیعرا نازناو(معدوم) و (معدومی) لە بنەماڵەیەکی تا چەند پشت مەلا و مەلازادەی گەورەی ناوچەی رۆژاوای کوردستانی بەشی ئێرانە و ئەچێتەوە سەر( پیرخدری شاهۆ) کە یەکێکە لە پیاوە ئاییینیە هەرە پیرۆزەکانی ناوچەی هەورامان.

لە ساڵی ١٨٠٦ یا ١٨٠٧ لە دێی (سەرشانەی خواروو) لە بەشی کوردستانی عێراقی ناوچەی تاوەگۆزی هاتووەتە دنیاوە و بە عادەتی ئەوسەردەمی کوردستان کە خوێندنی تەنها لە حوجرەی فەقێی پاڵ مزگەوتی شارو

گوندەگەورەکان و ئاغادێ کانا تیا هەبووە ، لای باوکی لە حوجرە دەستی کردووەبە خوێندن و پاشان بە خوێندنگا بە ناوبانگەکانی ناوچەی ئەردەڵان و بابان دا گەڕاوە بۆ خوێندن و بە دوو قۆناغ خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە و مەلایەکی سەرامەدی خاوەن بەرهەمی بە شیعر و بە پەڕاوێز لە سەر شێعرەکانی بە کوردی و بە عەرەبی و بە فارسی لە عیلمی کەلام دا لێ دەرچووە. سەرەڕای ئەوەی کە شاعیرێکی ناسک و بەرزی لە ناوچەی ئەردەڵان و بابانا بێ هاوتای وایش بووە چ پێش خۆی و چ پاش خۆی تا ئەمرۆ ، لە بابەتی خۆیا ، شاعیری وا بە دەسەڵات لە زمانی کوردیدا هەڵنەکەوتووە و لە هەر شاعیرێکی تری کورد بە ناوبانگترە.

بۆ خوێندن،گەلێ ناوچەی کوردستانی ئێران و عێراق گەڕاوە و ئیجازەی مەلایەتیی لای مەلا عەبدورڕحمانی نۆتشەیی لە سلێمانی وەرگرتووە و لە هەندێ لە دێهاتی ناوچەی هەڵەبجە و پاشان لە سەر شانەکەی زێدوماوای خۆی بە مەلایەتی و پێگەیاندنی فەقێ و نووسینی بەرهەمەکانیەوە خەریک بووە. هەر لە سەرەتای مەلایەتییەوە ڕێگای سۆفییەتی گرتۆتە بەر و تەریقەتی نەقشبەندیی لە سەر دەستی شێخ عوسمان سیراجەددینی تەوێڵەی خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا وەرگرتووە و پاشانیش خۆی داوەتە دەستی شێخ بەهائەددینی کوڕی و لەگەڵ ئەویشا پێوەندی دۆستایەتییەکی پتەوی لەگەڵ گەورەترین دوو شێخی تەریقەتی قادری کاکەحمەدی کوڕی شێخ مارفی نۆدێی نەیاری گەورەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ عەبدورڕەحمانی تاڵەبانی بووە.

لەناو پیاوانی دنیایشا، لە دواقۆناغەکانی خوێندنیا لە سلێمانی، پێوەندی لەگەڵ ئەحمەدپاشای بابان و پاشان لەگەڵ قادربەگی کەیخوسرەوبەگی جاف و حەمە پاشای برای و مەحموودپاشا کوڕی حەمەپاشا و ڕەزاقوڵیخان و غوڵامشاخانی کوڕی خوسرەوخانی ئەردەڵان و لە ناو شاعیران و ئەدیبانی

سەردەمی خۆیشیا پێوەندی لەگەڵ زۆریان بووە و نامەی بە شیعر بۆ نووسیون.

پێوەندی مەولەوی بە شێخانی تەوێڵەوە هۆیەکی کاری بووە لە بڵاوبوونەوەی ناو و ناوبانگیدا وەک مەلایەکی گەورە و لەم ڕێگایەوە مەلای گەورە گەورەی زۆری کوردستانی ناسیوە و بەرهەمە زانستییەکانی و شیعری بە ناو مەلا و فەقێ و تێگڕای خوێندەوارانی کوردستانا بڵاو بوونەتەوە. هەر ئەو پێوەندییەیشی بووە ڕێگای سەفەرێکی پڕ ئەرکی هێورکردنەوەی باری ئاڵۆزی نێوان خەڵکی سونی مەزەبی سنە و میرە ئەردەڵانییە بە شیعە بووەکانیانی بۆ ڕەخساندووە. هەر لەم ڕێگایەشەوە ئەمەی بۆ لواوە بڕوا لە سنە لە سمینارێکی گەورەی دیالۆگی نێوان مەلایانی سونی مەزەبی کوردستان و گەلێ ئاخوونی گەورەی شیعەی ئێرانیدا لە بارەی بابەتە ئاڵۆزەکانی ناکۆکیی مەزهەبی نێوان سونی و شیعەوە بەشداری بکا . مەولەوی لەم سمینارەدا ، وەک لە ناو کۆڕوکۆمەڵانی مەلایانی کوردستانا باوە ، توانیویە بە بیری ورد و تیژی مووقلێش و زانستی بەربڵاوی ، ئاخوونە شیعەکان ببەزێنێ و دەمکوتیان بکا و کارێ بکا میرزادەکانی سنە ، بە دڵ و دایەن ، پێشنیای بۆ بکەن بێتە لای ئەوان دانیشێ و دێهات و زەویوزاری زۆر بۆ ژیانی تەرخان بکەن. بەڵام ئەو هەمیشە ئەو جۆرە پێشنیایانەی داوەتە دواوە و پڕ بە دەم رایگەیاندووە کەوا ژیانی لە ناو خزم و کەسوکار و عەشیرەتە رووتەکەی و لە گوندە رەقەن و کرێن و بێ بەروبوومەکەی سەرشانە و لەگەڵ فەقێ بە دوای زانستدا گەڕاوە، بە نانی بەڕووقنیات کردووەکانیا لە هەزار کلوور گەنجی بەخششی شازادەکانی قاجار و میرزادەکانی سنە پێ خۆشتر و بە تام و لەزەتترە.

مەولەوی لە ساڵی ١٨٨٢ یا ١٨٨٣ و لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بە سەر ملەیەکی بەرزەوە لە نزیک دێی سەرشانە ، ئەو گوندەی تیا هاتۆتە دنیاوە ، نراوەتە کۆشی گەرمی دایکی نیشتمانەوە. ئێستا

ئارامگاکەی زیارەتگای ئەو کەسانەیە بەوێدا گوزەر ئەکەن و دانیشتووان بە چاوی بە پیرۆز زانینەوە تێی ئەڕوانن. راو لە دەوروبەری گۆڕستانەکەیا بە حەرام دەزانن و کەس لەو ناوەدا توخنی پەلەوەر و گیانداران ناکەوێ.

بەرهەمی مەولەوی

بەرهەمی مەولەوی کە بۆ ئێمە ماونەتەوە ئەمامەن:

١، عەقیای مەرزییە/ ئەم کتێبە بە زمانی کوردی و دیالێکتی کرمانجی خواروو ، شێوەی تایبەتیی ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەی تاوەگۆزییە. بابەتەکەی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام و زانستی کەلامە لەگەڵ هەندێ لە بیروباوەڕی زانایان و راوبۆچوونی بەشێ لە تاقمە فەلسەفییەکانی ئیسلام و رەدوبەدەڵ لەگەڵیان و بەرپەرچدانەوەیان وەک موعتەزیلە و جەبرییە، سەرەڕای بیروباوەڕی سۆفییانە. ئەم کتێبە شیعرە و ٢٤٤١ بەیتە و خۆی و چەند کەسێ لە زانایانی سەردەمی ناوچەکەی پەڕاوێزیان بۆ نووسیوە و لە ١٨٦٣ یا ١٨٦٤ دەستی بە دانانی کردووە و لە ١٨٦٤ یا١٨٦٥ دا لێ بووەتەوە لێی و تا ئێستا سێ جار لە چاپ دراوە. جارێکیان لە قاهیرەی میسر لەگەڵ کتێبێکی تری فارسیی لە هەمان بابەتی بە ناوی ئەلفەواتیح لە لایەن موحییددین سەبریی نعێمی کانیمشکانییەوە لە ساڵی ١٩٣٣ یا ١٩٣٤ داو جارێکی تر بە ئۆفسێت لە تاران و جاری سێهەم بە شەرحێکی دوورودرێژی باوکم مەلا عەبدلکەریمی مودەرڕیسەوە بە کوردی لە ساڵی ١٩٨٨داله بەغدا.

٢، ئەلفەزیلە/ ئەو کتێبەیش هەر لە بابەتی عەقیدەی مەرزییەیە و بە عەرەبییە و ٢٠٣١ بەیتە و ١٨٦٨ یا ١٨٦٩دا دایناوە و خۆی و چەندین کەس لە زانایانی سەردەمی ناوچەکە پەڕاوێزیان بۆ ئەمیش نووسیوە. ئەم کتێبە بۆ یەکەمین جار بە شەرحێکی دوورودرێژی باوکمەوە بە عەرەبی لە ساڵی ١٩٧٣دا لە بەغدا لە چاپ دراوە.

٣، ئەلفەوائیح/ ئەم کتێبەش هەروا لە بابەتی دووکتێبە پێشووەکەیە و بە فارسییە و ٥٢٥ بەیتە و لە ١٨٦٩ یا ١٨٧٠دا دایناوە. ئەم کتێبە وەک پێشتریش وتمان بۆ یەکەمین جار لە داوێنی عەقیدەی مەرزییەکەیەوە لە قاهیرە لە لایەن موحییدین سەبری نعێمی کانیمشکانییەوە لە ساڵی ١٩٣٣ یا ١٩٣٤ داو بۆ جاری دووهەم بە ئۆفسێت لە تاران و بۆ جاری سێهەم بە شەرحێکی دوورودرێژی باوکم و بە پەراوێزگەلێکی زۆری مەولەوی خۆی و هەندێ زانای ترەوە لە ١٩٩٥دا لە بەغدا لە چاپ دراوە.

دیارە مەولەوی ویستوویەتی بەم سێ کتێبەی بیروباوەڕی موسوڵمانەتی لە پێشانا بۆ کورد و ئەنجا بۆ عەرەب و پاشان بۆ فارس روون بکاتەوە. لەمانەیش بەولاوە، کتێبێکی تری بە شیعری کوردی هەر لە بیروباوەڕی موسوڵمانەتیدا بە ناوی زەبدەتولعەقیدەوە هەیە هێشتا لە چاپ نەدراوە. هەروا نامیلکەیەکی بچکۆڵەی بیروباوەڕی ئیسلامەتیشی بە ناوی (عەقیدەی مەولەوی) یەوە هەیە لە ساڵی ١٩٧٧دا لە لایەن شێخ موحەمەدعەلی قەرەداغییەوە بۆ جاری یەکەم لە بەغدا لە چاپ دراوە و جارێکی تریش بە شێوەیەکی پوختتر و تەواوتر لە ساڵی ١٩٩٣دا لە گۆواری (رۆشنبیریی نوێ) دا هەر لە لایەن بڵاوکەرەوەی یەکەمجاریەوە بڵاوکراوەتەوە. نامیلکەیەکیشی بە شیعری فارسی لە پاڕانەوەدا لە خوا بە دەستەوداوێن بوونی پیرانی تەریقەتی قادرییەوە هەیە لە داوێنی شەرحەکەی باوکمەوە لە سەر (ئەلفەوائیح) ەکەی لە چاپ دراوە. جگە لەمانە نامیلکەیەکی لە چاپ نەدراویشی لە بارەی ئادابی تەریقەتی نەقشبەندییەوە بە فارسی هەیە.

دیوانی مەولەوی

بەڵام لە هەموو ئەوانەی بۆ کورد و بۆ ئەدەبی کورد پڕبایەختره دیوانە شیعری سۆزەکەیەتی کە هەمووی بە کوردی و بە دیالێکتێکی تێکەڵ لە هەورامی و لە کرمانجی خوارووی ناوچەی تاوە گۆزییە.

یەکەمین جار بڵاوکردنەوەی پارچە شیعرێکی مەولەوی بە چاپ و ناساندنی خوێندەوارانی دەرەوەی کوردستان بە شیعری ئەم شاعیرە هەڵکەوتووە، من پێ بزانم ، ئەوە بووە رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) کە ئینگلیزەکان ، پاش داگیرکردنی عێراق لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لە بەغدا دەریان کردووە، لە ئاڵقەی یەکەمی زنجیرە وتارێکا بە ناوونیشانی( ئەدەبییاتی کورد) چەند بەیتێکی لە شیعری مەولەوی لەگەڵ کورتە هەڵسەنگاندنێکی خۆیا و وەسپ کردنی بە (شاعیری شێوەی زەنگەنە و عەشایری ئەو تەرەفە) ، بڵاو کردۆتەوە و بە (ئیبنوهانی) واتە (ئەبونوئاس) ی ئەو دیالێکتەی داناوە. کە واتە( شاعیری مەی) ە. لە راستیشا مەی جێگایەکی باڵای لە شیعری مەولەویدا هەیە و مەولەوی زۆر بەرز و باڵا، مەیی بە مەعنا سۆفیانەکەی ، لە شیعری خۆیا خستۆتە کار. پاش ئەو رۆژنامەیەش رۆشنبیری کوردی ئەستەموول نشین ئەمین فەیزی بەگ لە چوارچێوەی کتێبێکی بچکۆڵەیا لە بارەی ئەدەب و ئەدەبییاتی کوردەوە کە ناوی لێناوە (ئەنجومەنی ئەدەبییاتی کورد) چەند پارچە شیعرێکی مەولەویی لەگەڵ چەند دێڕێ لە باسی خۆی و هەورامانا بڵاو کردووەتەوە، ئیشارەتیشی بۆ ئەو چەند بەیتەی کردووە کە لە سەر شێوەی (سۆنێت) دایناون و ئێمەیش پاشتر بە کەمێک لە سەر رۆیشتنەوە لێی ئەدوێین.

یەکەمین بڵاوکردنەوەی شیعری مەولەوی وەک دیوانە شیعر، با تەواویش نەبێ، ئەوەی پیرەمێردە کە شیعرەکانی مەولەوی بە شیعر هێناوەتە سەر دیالێکتی کرمانجی خواروو و بە ناوی (ئەسڵ و روح) ی مەولەوی لە دووبەرگدا لە چاپی داوە. لە ساڵی ١٩٦١یشا باوکم مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس بە یارمەتیی من لە رووی چەند دەستنووس، دیوانی مەولەویی لەگەڵ لێکدانەوەیەکی پوختی واتا و تاکەتاکەی وشەکانی شیعرەکانی لە کتێبێکی ٥٦٨ لاپەڕەییدا بڵاو کردەوە. ئەم چاپەی باوکم جارێکی تر لە ساڵەکانی حەفتادا لە ئێران بە ئۆفسێت لە چاپ دراوەتەوە. پاش ئەمە سەدیقی سەیفیزادەی بۆرەکەییش بە پشت بەستن بە دەستنووسێکی

یەحیای مەعریفەت کە لە کتێنخانەی دانشگای تارانا هەڵگیراوە و لە رووی دەستنووسی مەولەوی خۆی و لە سەردەمی ژیانی خۆیا نووسراوەتەوە ، لەگەڵ فەرهەنگێ بۆ بەشێک لە وشەکانی شیعرەکان و دەرخستنی ئەو بەراوەردکارییە تێکستۆلۆگییانەی لە پەراوێزی دەستنووسەکەوە نووسراون ، چاپێکی تری دیوانی مەولەوی لە ١٩٩٠دا بڵاو کردووەتەوە. موحەممەدئەمین حەبیبی ئەردەڵانییش لە ساڵی ١٩٩١دا بەرگی یەکەمی دیوانی مەولەویی لەگەڵ وەرگێڕانیا بە شیعر بۆ دیالێکتی کرمانجیی خواروو، بڵاو کردووەتەوە. ئێمەیش کەرەسەی پێویستی ئەوەمان کۆ کردووەتەوە ، ئەگەر بۆمان رێکەوێ جارێکی تر و بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر و تەواوتر و پوختتر و زانستیانەتر، ئەم دیوانە نازدارەی مەولەوی بڵو بکەینەوە و چەردەیەکی تر حەقی خۆی بدەینە دەست و بەوە وەفای رۆشنبیرانی کورد بۆ یادی ئەم شاعیرە مەزنەی گەلەکەمان بخەینە روو.

لێکۆڵینەوە لە شیعری مەولەوی

تائێستا گەڵی بابەتی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن لە لایەن گەلێ لە بنووسان و توێژەرەوانی کوردەوە چ لە دووتوێی هێندێ کتێبی ئەدەب و مێژووی ئەدەبدا و چ لەسەر لاپەڕەکانی گۆوار و رۆژنامەکان ، لە بارەی شیعری مەولەوییەوە ، نووسراوە. لە ناو ئەوانەدا ئەم بابەتەیان نووسیوە، ناوی ئەمین فەیزی بەگ ، پیرەمێرد، حسێن حوزنی موکریانی، گۆران، عەلائەددین سەجادی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، عەلی شێخ عومەری قەرەداغی،سەیید تاهیری هاشمی، موحەممەد سەدیقی موفتیزادە، د.عیززەددین مستەفا رەسوول، و بەندە و گەلێ کەسی تر لە رۆشنبیرانی کورد دیار و لەبەرچاوە.

له هاوینی ساڵی ١٩٨٨دا دەزگای رۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردیی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی عێراق میهرەجانێکی ئەدەبیی بۆ یادکردنەوەی مەولەوی بۆ ماوەی دوو رۆژ لە سلێمانی گێڕا. لەم میهرەجانەدا کۆمەڵێ لە رۆشنبیرانی کورد وتار و لێکۆڵینەوەیان پێشکەش کرد. ئەو بابەتانەی لەو میهرەجانەدا خوێنرانەوە لە ساڵی ١٩٨٩دا لە دووتویی کتێبێکی ٢٥٦ لاپەڕەییدا بە ناوی میهرەجانی مەولەوی لە لایەن دەزگای ناوبراوەوە ، بڵاو کرایەوە.

هەروەها لە هاوینی ١٩٩٢دا کۆبوونەوەیەکی گەورەی تر بۆ ماوەی دوورۆژ لە شاری سەقزی کوردستانی ئێران بە ناوی (کونگرەی قەدرلێگرتنی مەولەوی) رێکخرا. کۆمەڵێکی زۆر لە رۆشنبیرانی کوردی کوردستانی ئێران و چەند کەسێکیش لە کوردستانی عێراقەوە تیا بەشدار بوون و چەند پارچە شیعر و وتارگەلێکی زۆری پێوەندیدار بە گەلێ رووی ژیان و شیعرو بەرهەمی زانستی مەولەوییەوەی تیا خوێنرایەوە و تێگڕای ئەو بابەتانە لە دووتوێی کتێبێکا بە ناوی (مجموعه مقالات و اشعار کنگره بزرگداشت مولوی کرد) لە لایەن دەستەی زانستیی ستادی بەرپاکردنی کونگرەکەوە لە هاوینی ١٩٩٦دا بڵاوکرانەوە.

بەڵام ئەو کارەی لە گشت ئەم کاری لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسینانەی لە مەڕ شیعری مەولەوی نووسراون بەربڵاوتر و بە لای منەوە پڕ بایەختر بێ، ئەو نامەی دوکتوراییەیە کە شاعیر و رۆشنبیری کوردی کوردستانی عێڕاق ئەنوەر قادر موحەممەد پلەی دوکتورای لە ئەنستیتووتی رۆژهەڵاتناسیی لێنینگرادی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆویەت پێ وەرگرتووە و وەرگێڕاوە کوردییەکەی لە کتێبێکی ٢٨٩ لاپەڕەییدا بە ناوی (لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی) لە ١٩٩٠دا لە ستۆکهۆڵم لە سوید لە چاپ دراوە.

شیعری کوردیی مەولەوی

شیعری کوردیی مەولەوی ، تێگڕای لە سەر سەنگێکی تایبەتیی نەتەوەیی دانراوە کە هەر نیوە بەیتێکی لە دە بڕگە پێکدێ و لای کەمی سێ پیتی دوایی هەر نیوێکی و زۆرجار زیاتریشی چوار پیتی یا پێنج پیتی وەک یەکە . ئەم جۆرە شیعرە ئەو جۆرەیە بەشی هەرە زۆری شیعری دیالێکتی گۆرانیی پێدانراوە کە کۆنترین شیعری کوردی تا ئێستا مابێتەوە بەم دیالێکتەیە. ئەم جۆرە شیعرە بەم سەنگە و بەم دە بڕگەیەی هەر نیوە بەیتێکیەوە ، بۆ تێگڕای ئەو ئاواز و گۆرانییانە دەست ئەداکە لە ناوچەی گۆران و زۆر شوێنی ناوچەی ئێستای سۆران (کرمانجی خواروو) کە جاران بە دیالێکتی گۆرانی دواون ، ئەژەنرێن و ئەوترێن.

بەشێکی ئەم جۆرە شیعرەکەوردییەی مەولەوی ئەوەیە کە کتێبی (عەقیدەی مەرزییە) کەپی پێوتووە. ئەویکەیشی ئەوەیە ئەکەوێتە چوارچێوەی دیوانی مەولەوییەوە کە لەگەڵ ئەوەیش تا ئێستا چوارجار لە چاپ دراوە لەوە دڵنیانین هەموو شیعرەکانی گرتبێتەوە و تەنها جارێکیشیان رێبازی تێکستۆلۆگی ئەویش بەش بە حاڵی تەنها ئەو نوسخەیەی ئەوجارە دیوانەکەی لە روو لە چاپ دراوە ، تیا رەچاوکراوە لەبەر ئەوەی تا ئێستا کێوماڵێکی تەواو بە هەموو ئەو شوێنانەدا نەکراوە گومانی بوونی شیعری مەولەوییان تیا ئەبرێ.

وەرگیراو لە کتێبی مەولەوی ژیان و بەرهەمی

نووسینی: محەمەدی مەلا کەریم

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٣١)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

## بابەتی شیعری سۆزی بە کوردیی مەولەوی




مەولەوی، شیعری سۆزی بە کوردیی خۆیی لەگەڵ بابەتا بەکارهێناوە. رووی دەم کردنە خوا، سۆزدەربڕین بۆ پیری دەستگیر و رێنمای ، نامە بۆ دۆستان، سۆزی بۆ یار و گازندە لە دووریی ئەو، لاواندنەوەی بە کوڵی کۆچکردووان و بە تایبەت دووکەس: عەنبەرخاتوونی خێزانی و ئەورەحمانی کوڕی حاجی مەحموودی یارەویسی دۆست و برادەری، وەسپی سروشتی وڵات و بە تایبەتی وەرزەکانی ساڵ و گەرمیان و کوێستان کردنی خێڵەکان و رۆیشتن و هاتنەوە و نەهاتنەوەی یاران و دۆستانی کە وابووە لەو وەرزی هاوینە خۆرییەدا کۆچی دواییان کردووە یا لە بەر هۆیەک ماونەتەوە و شکاتی حاڵی خۆی و دەربڕینی دەردە دڵەکانی بە تایبەتی هەژاری و پیری و کوێری و دەردوستەمی زەمانە و مامەڵەی خراپی هەندێ کەس دەرهەق.. مەولەوی لە گشت ئەم بابەتانەدا گەیشتووە پۆپەیەکی زۆر بەرزی دەربڕینی شیعری و بیری ورد و وێنەی جوان و رازاوە و ناسکی واکەم جار شاعیرانی تری کورد توانیبێتیان لەو مەیدانەدا شان بە شانی بوەستن. راستگۆیی مەولەوی لەگەڵ خۆی و کوڵانی لە ناوەوە، کارێکیان کردووە ئەوەندەی بتوانرێت خەیاڵی شیعری بە جوانی دەربڕێ، بە ئاسانی بە دەستییەوە هاتووە. بۆیە شیعری مەولەوی لە هەموو ئەو ناوچانەدا لێی تێ

ئەگەن خۆشترین شیعرە لە سەر زمانی خەڵک و لە بەر گوێیان و هەر بۆیەشە لە سەردەمی مەولەوی خۆیەوە تا ئەمڕۆ خۆشترین و پڕ سۆزترین و دڵگیرترین ئاوازی کلاسیکی کوردی وەک: قەتار و ئەڵلاوەیسی و ئای ئای و خاوکەر و سیاچەمانە و دەرەیی کە لە ناوچەکانی ئێستا یا لەمەوپێش بە دیالێکتی گۆرانی دووی کوردستانا سەردەستەی گشت بەزم و ئاوازەکانن، لە لایەن دەنگ خۆشترین مقامبێژانی کوردەوە بە شیعری مەولەوی وتراونو ئەوترێن.

مەولەوی وەک بەشی زۆری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ، گەلێ جار لە شیعرەکانیا پەنا ئەباتە بەر مەی و بەڵکوو لە شیعری ئەما، مەی کەرەستەیەکی سەرەکیی بینای شیعرە. مەولەوی کە داخی دڵی لە دووریی یار دەرئەبڕێ یا دۆستێکی کۆچی دواییکردووی ئەلاوێنێتەوە یا لە ڕووزەردیی گوناهباریی خۆی لە حوزووری خوادا ئەدوێ یا دەردەدڵەکانی خۆیمان بۆ ئەگێڕێتەوە و لێ ئەبێتەوە ، ئەکەوێتە هەوڵی ئەوەی کارێک بکا ئەو ناڕەحەتییانە لە یاد بەرێتەوە و ئەو زووخاوانەی ناو دەروونی بشواتەوە. لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا پەنا ئەباتە بەر مەی و بە فریاڕەسی کار بە دەس ئاسانی خۆی ئەزانێ. وەک چۆن لە جیهانی مەحسووسی ژیانمانا مەی ڕێگای ئاسان و هەموو کەس دەسبەسەرارۆیشتووی خۆ لە یاد بردنەوەیە، لای ئەویش هەروا. بەزمێک ئەنێتەوە: مەیگێڕ و مەی و پیاڵە و گۆرانی بێژ پەیأ ئەکا ، دەفژەن و شمشاڵ لێدەر دائەنێ و کۆڕەکەیان پێ گەرم ئەکا بەڵام هەموو ئەوانە لای ئەو مەجازین و مەیگێڕ ئەو یارە ڕاستەقینەیە کە ئەتوانین بە خوا یا بە ڕێگای ڕاستی مەعنا لێ بدینەوە و گۆرانی بێژ و شمشاڵ لێدەر ئەو بانگ کەرەن کە بۆ گرتنە بەری ڕێگای ڕاستی و جیهانی جاویدان و بوونی ڕاستەقینەی بانگ ئەکەن. مەیەکەیشی ئەو مەیی سۆفیانە و بێ ئاگابوون لە دنیا و توانەوە لە جیهانی بوونی هەمیشەیی دایە. جا بۆ مەولەوی لەو بازدانەیدا لەم جیهانە پڕ دەردومەینەتەوە بۆ ئەو جیهانی حەسانەوەی بێ بڕانەوەیە و بوون بە دڵۆپێ ئاو لە دەریای بوونی ڕاستەقینەدا ،

هونەرمەندێکە وەختە بڵێم باڵادەستی نییە و شیعرێ ئەڵێ لە ریزی سەردەستەی هەموو شیعری مەیخوارییە.

لای مەولەوی سروشت و ئادەمیزادانی پاک هەردوو دیمەنی یەک راستین . ئەو لە هەر دیمەنێکی سروشتا، بەهار بێ یا پاییز، هاوین بێ یا زستان، رووبەکی جوانی موتڵەق ئەبینێ و لە پێشاندانی تابڵۆی هەر وەرزێکا ئەم بینینی جوانیی موتڵەقەمان بۆ یەکالا ئەکاتەوە. هەمان کات ئەو جوانیی موتڵەقە لەم مرۆیانەیشا بەدی ئەکا کە بە راستی لە واتای مرۆڤایەتی و دۆستایەتی گەیشتوون. ئەو کۆڕی یارانی لا دیمەنێکە لە دیمەنەکانی جوانیی سروشت و بەشێکە لە جوانیی موتڵەق و تەنانەت لە ژێر خاکیشا پاش حەسانەوەی هەمیشە ییيان ئەم جوانییە موتڵەقەیان هەر بۆ قایلە و وەک جۆرێ لە باوەڕ لە بیری دوونادوون ، شنەی شینایی و گوڵاڵەی سوور و زەرەدی سەر ئارامگایان بە دیمەنێکی بەشی ئەوان لەو جوانییە موتڵەقەدا ئەبینێ و گشتیان ئەکا بەیەک چەپکە گوڵ و پێکەوەیان ئەبەستێ . سەیری ئەو بەهار نامەیەی بکەن کە دواییەکەی بە یەکگرتنەوەی جوانیی سروشت و جوانیی وەجدی نوستووانی پاکی ژێر گڵ دێنێ:

نازک: تەدارەک فەسڵ بەهاران

شیرین:ئارایش هەردە و کۆساران

گوڵ چون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان

وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان

مدیان گوڵاڵان نە پای دەربەندان

ئەو یەکتەر وێنەی ئارەزوومەندان

چ خاس خاس شنێو نە ئێوارادا

سەوزە وەرووی خاک جەرگەی یاراندا

بوین رەعشەی وەجد دڵەی پاکشان

عەیان نە شنیای سەوزەی خاکشان

جەی گۆشە خاستەر نیەن مەسکەنێ

ساقی گیان ئامان، خومار ئەشکەنێ

هۆرێزە، سوبحەن، دڵ تازە خاوەن

شنۆی پای کاوەن، گۆشەی سەراوەن

سەوزەی خاک پاک یاران هام فەرد

فەرەمان وە فەرش بەزم دێمان کەرد

کەو سەوزەی ئێمەیچ نەکام هەردی بوو

وە فەرش مەجلیس کام هام فەردێ بوو

دیمەنێکی تری شیعری مەولەوی گواستنەوەیە لە زۆر لە پارچە شیعەکانیا، لە رێگای پەیوەندێکی زۆر ناسک و باریکەوە لە مەحسووسەوە بۆ میتافیزیکاو لە ژیانی دنیای لە بەر جۆرەها هۆ پڕ لە دەرد و کەسەر و مەینەتی لەش و دڵ و دەروونەوە بۆ ژیانێکی بێ ئازار و نارەحەتی کە مەولەوی دیارە لە بەررێنەبردنی بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی ناخۆشییەکانی ژیانی ماتریالی و دروست کردنی ژیانێکی ئازاد و سەربەست بۆ ئادەمیزاد کە کەرامەتی بە پێی بارودۆخی سەردەم تیا بپارێزرێ. لەو ژیانە ئەبەدییەدا بەدی ئەکا کە هەموو خاوەن باوەڕان بە ژیانی پاش مەرگ، هەر لە سەرەتای مێژووەوە سەبووریی دڵی خۆیانی پێ ئەدەنەوە و کە سۆفیەتیی ئیسلامییش وەک دیاردەیەکی

بەربەرەکانێی سەلبی لە رووی مشەخۆری و دنیا پەرەستیی حوکمڕانان و دەست و پێوەندەکانیانا لە هەر بەرگ و سیپاڵێکا بووبن هاتە ئاڕاوە، چەند ئەوەندەی تر تەشەنەی بەم رێبازەدا و کارێکی کرد لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیی رەنگ بۆ رێژراو و گەلێ دوور رۆیشتووتر لەو مەودایەی ئایینە ئاسمانییەکان خۆیان کە خاوەنی ئەو باوەڕەن، بۆی چوون، کۆڕ و کۆمەڵانێکی زۆری خەڵک بگرێتەوە.

یەکێتیی ئادەمیزاد و سروشتیش بیرێکی ترە زۆر زەق بە شیعری مەلەوییەوە دیارە و دوایی زۆر پارچە شیعری خۆی بەوە ئەهێنێ کە ئەمەش دیمەنێکی بیری یەکێتی گێتی (وحدەالوجود) ە کە لە ناو سۆفییانا زۆر بڵاو بووە و مەولەویش وەک سۆفییەکی ساف ، یەکێ بووە لە هەڵگرانی.

گیانی نارەزاییش لە کۆمەڵ و پێوەندییەکانی و سیستێمی کۆمەڵایەتی فەرمانڕەوا و پەسند نەکردنی لە ناخەوەی زۆر داب و نەریتی باو، ئەمیش شناسنامەییێکی تری کەم تا زۆر دیاری شیعری مەولەوییە بەڵام لە هیچ کامێکیانا ناگاتە ئەو تاقە بەیتەی کە ئەڵێ:

وەخیلافەون یاران سەرمەس     تەقازای زاتیی تەبعم هەرچی هەس

بە داخەوە مەولەوی وەک بڵێی پاش وتنی ئەم بەیتەی کە ئەوەندەی چەکوشێکی قورس بدرێ بە سەری هەرکەسێکا ، قورسە، خۆیشی هاتۆتەوە سەر خۆی و لە بەیتەکانی تری پارچە شیعرەکەیا لە سەر رێبازی ئەم بەیتە تاقانەیە بەردەوام نەبووە

دواشت لەم مەیدانەدابیلێم ئەوەیە کە مەولەویش وەک هەموو ئەوانەی بیر کردنەوە لەم جیهانە سەرسامی کردوون و زۆریانی خستووەتە سەر رێگای پاکانەکردن لە هەموو ئەو شتانەی بە رێبازی خەڵکیانەوە ئەبەستێ و زۆریشیانی والێکردووە نەیانتوانیوە تا دواقۆناغ رێگاکەیان ببڕن و پاشگەز بوونەتەوە بەڵام تا ئێستاش کەسێ وڵامێکی دڵ متمانەپێکردووی ئەو

پرسیارەی پێنەدراوەتەوە کە هەر لە سەرەتای مێژووەوە خاوەن بیرانی هەموو شوێنێکی تیا حەیران و سەراسیمەن، لە یەکێ لەو زمان هەڵکەوتنە بە دەگمەن و نایابانەدا کە پێ بە جگەری خۆیا ئەنێ تیایانا و زاتی ئەوە ئەکا چی لە دڵیا بێ، بێ پەردە بیدرکێنێ، ئەڵێ:

هەرچی دیت وەچەم شی نە سەفەردا   هەرچی موینی هانە گوزەردا

کەس حاڵی نەبێ وە هیچ نەفاما   ئەو پەی چێش و یەرد، ئێد پەی چێش ئاما

یەکێ لە نیشانە زەقەکانی شیعری مەولەوی خۆ وڵاتێتیی ئەو وێنە شیعرییانەیە دروستیان ئەکا. ئەو لە کەرەستەی وڵاتی خۆی کە خوێندەوارە هاوڵاتیەکانی زۆر باش ئەتوانن بیهێننە بەرچاوی خۆیان و لێی تێبگەن، وێنەی بەرزوباڵای وامان لەو شێوەیەدا کە پێی ئەڵێن (سەهلی مومتەنیع) واتە ئاسان بەڵام هەموو کەس دەست پێنەگەیشتوو بۆ دروست ئەکا کە هەرچەندە بە ناو دیوانی شاعیرەکانی ترمانا بگەڕێین مەگەر بە دەگمەن چەردەیێ لەو یا پارچەیەکی ئەو وێنەیەمان بەرچەنگ بکەوێ. با سەیرێکی ئەو چوارینەیەی بکەین و لێی وردبینەوە:

باڵاخانەی چەم دیوانەکەی تۆ   بانەنا و وەخاک ئاسانەکەی تۆ

تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا   ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا

مەولەوی هاتووە لەم چوارینەدا دیمەنی باڵەخانەیەکی بەرزی (ئاوێنە بە ندی) کوردەواری لە حاڵی دڵۆپەکردن و پێویستی بە چوونە سەربان و کوتاندنەوەی گڵە بارانا و هەڵمژیوەکەیا هێناوەتە بەرچاوی خوانایانی شیعرەکانی و ئەڵێ:

باڵەخانەی چاوی ئەو کەسەی شێت بووە بۆت و وەک عەوداڵ کەوتۆتە دووت کە سەربانەکەی بە خاکی بەرکەوشکەنی تۆ گڵەیان کراوە،وەک چۆن دڵۆپە دانیشتووانی ژوورەکانی سەرەوەی باڵەخانە بێزار و نارەحەت دەکا، ئاوا دڵۆپەی فرمێسک وێنەی هەمیشە نیشتەجێی تۆی تیابێزار و نارەحەت کردووە. دەجارێ وەرە پێیەکی پیا بنێ بەڵکوو بەو هاتن و پێ پیانانەت کزر بێتەوە و دوایە بە گریانی لەبەر دەردی دووریم لێتەوە بێنی وەک چۆن بانگۆش کە ئەچێتە سەربان و قوڕی بانەکە ئەکوتێتەوە و بەوە دڵۆپەکەی رائەگرێ.

چەند پێک شوبهاندن لەم چوارینەیەدا هەیە؟

شوبهاندنی چاو لەوەدا کە لە بینای لەشی ئادەمیزاد یا سەری ئادەمیزادا بە بەرزییەوەیە، بە ژوورەکانی سەرەوەوی باڵاخانە کە بینایەکی بەرزە. لەوەدا کە شتەکانی بەبەردەمیا تێ ئەپەڕن رەنگی تیا ئەدەنەوە، بە ئاوێنەبەندی باڵاخانە کە هەرچی لە بەرانبەریا بێ یا لە بەرانبەرییەوە تێ پەڕێ رەنگی تیا ئەداتەوە.

لەوەدا کە وەک دۆست خۆی هەرکات لە باڵاخانەکەیایەتی و لێی نابڕێ، ئەمیش وێنەی دۆستی هەرگیز لێ نابڕێ.

لەوەدا کە لە تاو دووریی خودی دۆست لێی هەمیشە فرمێسک ئەرێژێ وەک سەربانی باڵاخانەکە بانگوش نەچێتە سەری و نەیکوتێتەوە و نەیگێڕێ هەمیشە دڵۆپە ئەکا.

لەوەدا کە چۆن بانی دڵۆپە کردوو پێویستی بە خۆڵ کردنە سەرە تا باراناو هەڵمژێ ، ئەمیش پێویستی بە هاتنی دۆستە کە خۆڵی بەری پێی لەگەڵ خۆی دێنێ و بە کەوەتنە سەری، بە خەیاڵی ئەو، خۆڵی بەری پێ و کوتاندنەوەیەی، سوکنایی بۆ دێ و فرمێسکی داوەریوی ئەوەستێتەوە. پاش هەموو ئەمەش سەیری ئەو بەراوردکردنە پڕ لە خۆبەکەم دانانەی کەن

چۆن خۆڵی بەر پێی دۆست ئەکا بە دەرمانی دەردی چاوی فرمێسک رشتووی خۆی و چاوی خۆی کە ئازیزترین ئەندامی لەشیە لەگەڵ ئایەخترین شتی دۆست کە خۆڵی بەرپێیەتی لە ئاستی یەکا رائەگرێ. لە مەیش زیاتر ئەمەیشی بۆ خاتری خۆی ناوێ . تەنها بۆ ئەوەیەتی وێنەی دۆست لە ناو چاویا بە دڵۆپەی فرمێسکی بێزار نەبێ و خۆی هیچ مەبەست نییە.

ئەم وێنە چڕ و پڕانە لە هەموو تاقە چوارینەیەکا کە هەر ئەوەندەیشمان بۆ یەکالا ئەکرێتەوە بۆ خوێندەوارێ کە هەورامیانە ئەزانێ . بۆ خوێندەواری هەورامیانە زانیش زیاتری بەدەمەوەیە. چونکە وەک ئەگێڕنەوە مەولەوی ئەو دوو بەیتەی کە لە چوارچێوەی پارچە شیعرێکی زستانی دایە و دیارە باران و دڵۆپە و بانگێڕانیش تایبەتی وەرزی زستانن ، لە دێی تەوێڵەی هەورامان بۆ پیری دەسگیری وتووە و لەو رۆژانەدا لە هۆدەیەکی باڵەخانەیەکی خانەقای تەوێڵە میوان بووە کە بەسەرچەمی تەوێڵەوە دروست کراوە و دوور نییە لە راستیدا باڵەخانەکەیش دڵۆپەی کردبێ و مەولەویش بە تیرێ دوو نیشانی شکاندبێ و هەردوو واتا دیار و وەردەکەیشی مەبەست بووبێ.

لە دیوانی مەولەویدا گەلێک وێنەی شیعریی تری واهەن کە بەڕاستی دڵی دڵدارانی ئەدەب گرەویدەی خۆیان ئەکەن و بۆ لای خۆیانیان رائەکێشن.

محەمەدی مەلا کەریم

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٣٢)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**ناسنامەی زمانی کوردی**




پسپۆرانی زمانە کۆنەکانی جیهان لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و قووڵیان لە سەر زمانی سۆمەری کردووە و توانیویانە زۆر لە بابەتە تاریکەکانی ئەم زمانە و رێنووسەکەشی روون بکەنەوە. ئەوەی کە تا ئێستا پسپۆران لە سەری ساغ بوونەتەوە و لە لایەن زۆربەی زماناناسانەوە جێگای باوەڕە ئەمەیە کە زمانی سۆمەری زمانێکی سەربەخۆیە و سەر بە هیچکام لە خێزانە زمانییەکانی ناسراوی جیهانی نییە. بۆیە هەتا کاتێ کە زانستی زمانەوانی را و بۆچوونێکی جیاواز نە سەلمێنێ ئەم بۆچوونە جێگای بڕوایە. تەنانەت ئەگەر بێتو لە داهاتوویشدا ئەمەش بسەلمێندرێت کە زمانی سۆمەری سەر بە خێزانە زمانیەکانی هیندوئورووپیە،دیسان بە دڵنیاییەوە لەگەڵ زمانی کوردیدا جیاوازی یەگجار زۆرە. لێرەدا هێندێک زانیاری لەسەر نزیکایەتی و کاریگەریی نێوان زمانی کوردی و سۆمەری دەخرێتە پێش چاو کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە.

شوێنپێی سۆمەرەکان و زمانی سۆمەری لە کوردستان و لە زمانی کوردیدا

سۆمەرەکان یەکێ لەو نەتەوە کۆنانەن کە پێش چەندین هەزارساڵ لەمەوبەر لە کوردستاندا ژیاون و خاوەنی شارستانییەتێکی بەرز و فەرهەنگێکی گەشاوە بوون. ئەم پێشکەوتن و شارستانییەتە کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بە خۆیەوە دیتویەتی، بنەڕەتەکەی لە لایەن دانیشتوانی کۆنی کوردستان بەتایبەتی سومەرەکان و ئیلامیەکانەوە دانراوە.

داهێنانی نووسین بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە لایەن سومەرەکانەوە بوو کە ئەمە بۆخۆی گەورەترین خزمەتێک بوو کە پێشکەشی مرۆڤایەتییان کرد. بە هۆی داهێنانی نووسینەوە توانیویانە زۆر نووسراوە لە سەر رووداوە مێژووییەکان ، دادوەری، کۆمەڵایەتی،ئایینی و هەروەها زۆر شاکاری وێژەیی تۆمار کەن. سۆمەرەکان لە بوارەکانی زانستی وەکوو پزیشکی، کیمیاگەری، بیردۆزی و ئەستێرەناسیندا گەیشتوونە ئاستێکی هەرە بەرز. ئەدەب لە کۆمەڵگای سومەریدا جێگایەکی تایبەتی هەبووە و هەزاران سواڵکیان لەوبارەوە بۆ بە جێ هێشتووین لەوانە چیرۆکی ئافراندنی گەردوون و ئەفسانەی گێڵگامێش و هەروەها چیرۆکی دابەزاندنی خودای عشتار بۆ جیهانی خواروو.

لە سەر بنچینە و رەسەنی سومەرەکان بۆچوونی زۆر جیاواز هەیە . هێندێک لە مێژوونووسان پێیانوایە کە لە ناوچەکانی سند لە هیندوستانەوە کۆچی میزوپوتامیایان کردووە . بەڵگەیشیان بۆ ئەم بۆچوونە لە یەکچوونی هێندێک کەرەسە و کەلوپەلی هونەری و شارستانییە کە لە هەردوو ناوچەکەدا دۆزراونەتەوە بەڵام هێشتا هیچ پێوەندییەکی زمانەوانی لە نێوان خەڵکانی ئەو دوو ناوچەیەدا روون نەبۆتەوە.

مێژوونووس دوکتور بەندەک ساڵی ١٩٧٤ لە زانکۆی نوئنوس ئایرس لە پەڕتووکەکەی خۆیدا بە نێوی(العجوبەلسومەریە) رەسەنی سومەرەکانی بردۆتەوە بۆ سەر مەجارەکان لە وڵاتی مەجارستان و تەنانەت شوێنی کۆچکردنیانی لە ناوچەکانی مەجارستان و رۆمانیادا بەرەو ناوچەکانی

سەرەوەی مێزوپوتامی و دواجار بەرەو ناوچەکانی خوارتر دەستنیشانکردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی بەڵگەی زانستی و سەلمێندراو گەلی مەجار دانیشتوانی رەسەنی مەجارستان نین و پێشتر لە باشووری رووسیای ئێستا و لە خوارەوەی کێوەکانی ئورالدا ژیاون و دواجار لە دواییەکانی سەدەی هەشتەمی میلادیدا لە ژێر سەرکردایەتی یەکێ لە سەرکردەکانیان بە ناوی ئارپاد لەم شوێنەدا کە ئێستا مەجارستانی پێدەڵێن گرساونەتەوە. لەساڵی ٨٩٦ی میلادیدا ئەم ئارپادە بوو بە یەکەمین پادشای مەجارەکان کە هێشتا لەو سەردەمەدا خەڵکەکەشی نەچووبوونە سەر ئایینی عیسایی و دژایەتیشیان دەکرد.

هەندێکی تر لە زانایان سۆمەرەکان دەبەنەوە سەر نەتەوەی باسک وەلێ بەڵگەی قایم و باوەڕپێکراویان پێ نییە. ژمارەیەکی تریش لە مێژوونووسان و ئارکیولۆژەکان رەسەنی سۆمەرەکان دەبەنەوە سەرچیاکانی زاگرۆسی کوردستان . زانا و پسپۆری بە ناوبانگ (هاری ساکۆ) پێی وایە کە سۆمەرەکان لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی مێزوپوتامیاوە هاتوونەتە باشووری وڵاتی بابلەوە. هەرچەند سۆمەرەکان بە شارەزاییان لە نووسیندا گەلێ شتیان تۆمار کردووە بەڵام بە روونی رەچەڵەک و شوێن و نیشتمانی خۆیانیان دیاری نەکردووە.

زمان کەرەسەیەکی گرینگە بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی شوێنی دانیشتنی هۆز و نەتەوەکان. لەم بەشەدا بە هێنانەوەی بەڵگەی باوەڕ پێکراوی زمانەوانی ئەو راستییە نیشاندەدرێت کە کوردەکان و سۆمەرەکان لەم وڵاتەدا کە ئێستا کوردستانی پێدەڵێن پێکەوە ژیاون و ئێستاش پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ کاریگەرییەکانی فەرهەنگی و زمانەوانی لە نێوان زمان و فەرهەنگیی کوردی و سۆمەریدا دیار و بەرچاوە . لێرەدا وەک نموونە ژمارەیەک وشەی هەڵبژێردراوی سومەری و کوردی دەخەینە بەرچاو.

نا(NA) بە واتای نا هاتووە

با(BA) به واتای بده. له زاراوەکانی باشووری کوردستاندا له جیاتی بده دەبێژن به.

ئارو(aru) به واتای رووبار هاتووە، نزیکه له وشەی روو که رەگی وشەکانی رووبار و رووخانەیه له کوردیدا.

کوڕ(kur) به واتای کێو، له کوردیشدا وشەی کوڕ هەر به واتای کێوی بەرز و لووتکەی کێو به کار دێت . بڕوانه بۆ فەرهەنگی هەمبانه بۆرینه .

سەر(sar) به واتای شا بەرانبەره لەگەڵ وشەکانی سەر، سەردار و سەرۆک له کوردیدا.

زیانا(ziana)بەرانبەرەکەی له کوردیدا دەبێ به ژیان و ژین. له ئەوێستاییدا هەر ژیانا یان جیانایه.

مه(me) به واتای ئێمه هاتووە. له شیوازی کرمانجیدا هەر وەک مه یان ئەم گۆ دەکرێ.

ئەش(as) واتای شەش دەگەیەنێ.

من(men) جێناوه هەر واتای من دەدات.

پەش(pesh) واتای کوڕ و رۆڵه دەگەیینێ . له ئەوێستایی و له کرمانجیشدا پس دەگوترێت وەک پس مام.

کەڵ،کەڵاگ(kal,kalag) له سومەریدا واتای کەم وێنه و به هێزی دەدا. ئەمانه له راستیدا زۆر نزیکن له وشەکانی کەڵ و کەڵەگای کوردی که دەستەواژەن بۆ به هێزی.

دینگەر، (dingar,dingir) دینگەر یا دینکەر بە واتا خوداوەند لە رەگی وشەی دینەوە گیراوە. دین وشەیەکی کۆنی کوردییە لە ئەوێستاشدا هەر وەک دئین یا دئینا گۆ کراوە.

ئانو(annu) واتای ،ئەمە، دەدات. لە شێوەزاری هەورامیدا وەک ئانا/ئەنە گۆ دەکرێ.

ما(ma) بە واتای بەڵام هاتووە. لە کرمانجی و لە هەورامیشدا ئەما دەڵێن.

پاد(pad) بە واتای پەیدا کردن.

نورو , نێر(nuru,ner) بە واتای تەماشاکردن هاتووە. زۆرنزیکە لە رەگی وشەکانی نواڕین/نوڕین لە سۆرانیدا و نێڕین لە شێوەزاری کرمانجیدا.

دیورو(duru) ئەم وشەیە واتای دیوار دەدا.

ئا(a) واتای ئاو دەگەیێنێ.

زو(zo) بە واتای زان و زانین دێت.

ئەزەن(ezen) بە واتای جێژن هاتووە. لە کوردی کۆندا وەک یەسن،یەسنە،یەشن گۆ کراوە. وشەی یەسنە هێشتا هەر لە هەورامیدا ماوەتەوە.

نێر(nir) بە واتای ئوتوریتە بەرامبەرەکەی لە کوردیشدا نێر/ نێرایەتییە.

کارداکا(kardaka) بە وڵاتی کوردان کوتراوە. لە وشەکانی کوردەکان،سۆرانی، یان کۆردا،کرمانجی، نزیکە.

ئوتو(utu) ئوتو لای سومەرەکان خودای خۆر و خوداوەندی دادوەری بوو. دایکی خواژن ئینگال و باوکیشی خوداوەند نانا بوو. ئوتوی خوداوەندی خۆر

له لایەن دانیشتوانی کۆنی کوردستانەوە پەرەستش کراوە و ناوەکەشی لە زمانی کوردیدا هەر ماوەتەوە و دواجاریش پەڕیوەتە ناو زمانی فارسی بەوشێوەیە: ئوتو، ئاتو، ئاتاو، هەتاو(کوردی) ئافتاو، ئافتاب.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم بابەتە بکرێت کە گەلانی هیندوئێرانی هەر لە سەردەمانی کۆنەوە خۆریان پەرەستووە . خوداوەندی خۆر بە میترا یان مێهر بە ناوبانگ بووە. بەلام بە تێپەڕبوونی سالان جیاوازیی لە نێوان خدای خۆر و خۆردا نەما. واتا جیاوازییەک لە نیوان میترا یا مێهر و خۆردا نەما. هەردووکیان هەر یەک واتایان دەگەیاند. هەروەها پرستنی خۆر و ئوتوی سومەری لە ناو هۆزەکانی کۆنی ولاتی کوردەواریدا وایکرد کە نەتەنیا ئەم دووخودایە بوون بە هاوشان و هاوتەرازی یەکتر بەلکوو تەنانەت لە زمانی رۆژانەی مەردمی ناوچەکەیشدا هاتنە پال یەک و وەک یەک پەرەستش دەکران و سەرەنجام بوون بەیەک و یەک وشە پێناسە کران ئەویش وشەی خۆر، ئاتاو، خۆرەتاو ە. وشەی خۆرەتاو ئێستاش لە ناو بەشێکی زۆر لە خەلکی کوردستانا هەر لە کەرکووکەوە هەتا سنە و سەقز و کرماشان لە باتی وشەی خۆر یا رۆژ بەکار دێت.

پاشگری توو: لە زمانی سومەریدا توو پاشگرێکی جوغرافیاییە. ئەم پاشگرە ئێستاش لە نێوی ژمارەیەک لە گوندەکان و شوێنەکانی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ لەوانە

کەرەفتو: ناوی ناوچەیەکی بەربلاوە کە نزیکەی ٦٠ گوند لە خۆدەگرێ هەروەها ناوی گوند و ئەشکەوتێکی زۆرکۆن و بە ناوبانگە لە ناوچەی دیواندەرە.

هەوەتوو: ناوی ناوچەیەکی بەربلاوە کە چەندین گوند لە خۆ دەگرێ سەر بە شاری دیواندەرەیە.

گاوەسنتوو: ناوی گوندێکە لە دەوروبەری دیواندەرە.

ئێزرتوو: شاری کۆن و پایتەختی ماناکان بوو لە نزیکی شاری سەقز . گۆیا هەر ئەو شوێنەیە کە ئێستا گوندی ساحێی لێیە.

چنارتوو: گوندێکە لە ناوچەی خۆڕخۆڕە سەر بە شاری سەقز .

قەپڵانتوو: گوندێکە لە ناوچەی زیویەی سەر بە شاری سەقز.

کەمەنتوو: گوندێکە لە ناوچەی زیویە سەر بە شاری سەقز.

شیوەتوو: گوندێکە لە ناوچەی میرەدێ سەربە شاری سەقز.

سەرتکڵتوو: گوندێکە سەر بە ناوچەی سەرشیوی سەقز.

سوتوو: گوندێکە سەر بە ناوچەی نەمەشیری شاری بانە.

کاشانتوو: سێ گوندە لە ناوچەی چەمچەماڵ سەر بە شاری هرسینی کرماشان. (کاشانتو، کاشانتوی مەحموداوا،کاشانتوی عەلیاوا)

مارانتوو: گوندێکە لە ناوچەی چەمچەماڵ سەر بە شاری هرسینی کرماشان.

کانیتوو: گوندێکە لە ناوچەی پژدەر.

بێگومان ژمارەی ئەو وشانەی کە لە کوردی و سومەریدا هاوبەش و یان نزیک لەیەکن دەتوانێ زۆر لەمانە زیاتربێ ئەگەر بە شێوەیەکی بەرنامە دارێژراو لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت.

سەرچاوە: کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی . نووسینی فازیل ئوسوولیان

**زنجیره وتار: زمان و زمانی کوردی (٣٣)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

ناوی ژمارەیەک لە شوێنەکانی سەردەمی گوتییەکان و لۆلۆبییەکان.(١)

شاری گاسوور: یەکێ لە کۆنترین وشەکانی کوردی کە لە نووسراوە کۆنەکاندا تۆمار کراوە (گاسوورە) ئەو ناوە شوێنێکە لە نزیکی کەرکووک کە ناوەکەی ئێستا گۆڕاوە بۆ یورغان تەپە کە کەوتووەتە ١٣ ک،م باشووری رۆژاوای کەرکووکەوە. پاشماوەکانی شاری نۆزی لە ژێر گردێکی بە بەراورد ٢٠٠ لە ٢٠٠ مەتری چوارگۆشەدایە کە نزیکەی ١٥ مەتر بە سەر دەوروبەرەکەیدا زاڵە. شاری گاسوور(نۆزی) لە سەردەمی کۆندا گەشەیەکی زۆری سەندبوو و ببووە ناوەندێکی گرینگی هەرێمەکە و ناوی لە دەقەکانی ئەو سەردەمەدا هاتووە. پێ دەچێت هەر لە هەزارەی سێیەمی پێش میلاد بە گاسوور ناسرابێت. یەکەمین جار لە تابلۆ گڵینەکانی (ئیبلا) دا ناوی گاسوور براوە کە بە شێوەی ئیبلایی (گا،سو،لو،کەی) و لە رێنووسە ئەکەدییەکەی(گا،سوور،کەی) تۆمار کراوە. لە دەقەکانی ئاشووری کۆندا لە سەدەکانی ٢٢،٢٣ ی پێش میلاد ئەم ناوە وەک گاسوورا هاتووە. خۆرییەکان| هۆرییەکان لە سەدەی ١٨ ی پێش میلاددا ناوی گاسووریان گۆڕیوە بۆ نۆزی. زۆرترین پاشماوەی ئەکەدی لەو ناوچانەدا لە گاسووردا دۆزراونەتەوە. لەوانە نزیکەی ٢٢٢ تابلۆی گڵین(سواڵەت) کە بە زمانی ئەکەدین. فەرمانڕەوایەکی کۆنی ئاشووری ئیتیتی کوڕی ئیاکولابا لە نەخشێکدا باسی لە بردنی دەسکەوت لە گاسوورەوە بۆ خواوەند ئینینی لە ئاشوور کردووە.

ئەم ناوە واتا گاسوور بێگومان پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە. ناوی لەم چەشنە هەر ئێستاش لە کوردستاندا کەم نییە

بۆوێنە گوندەکانی گاسوور لە ناوچەی دالاهوو لە کرماشان ، گاگل لە مەریوان، گاسوار و گاوان لە ئیلام، گاوشان لە سنە و لە کرماشان، گاوبەندە،گاوگل و گامەرە لە کرماشان.

بە پێی بۆچوونی د. جەماڵ رەشید برگەی یەکەم (گا) هەمان وشەی گای کوردییە و سووریش واتای رەنگی سوور دەدا کە پێکەوە واتای گای سوور دەگەیە نێ. کە ئەمەش لەگەڵ ژیانی ئەو سەردەمە و سروشتی ئاژەڵداریی ناوچەکەدا دەگونجێ.

لار: بە وتەی دیاکۆنۆف لار وشەیەکی لۆلۆبییە کە واتای کێو دەدات . ئەم وشەیە لە ناوی شاری کەلار و هەروەها کێوی کۆلار لە نزیکی قەڵا چوالان بەدی دەکرێت.

کین|گین|کینگی بە بڕوای دیاکۆنۆف ئەمەش هەر وشەیەکی لۆلۆبییە بە واتای دژ، قەڵا، یان شوێنی نیشتەجێ بوون هاتووە.

کی نیپا: شێوەی لۆلۆیی ناوی کێوی پیرەمەگروونە لای سلێمانی. هەروەها د.جەماڵ رەشید ناوی ژمارەیەک لە گوندەکانی دەوروبەری پێنجوێن و مەریوانی هێناوە کە نێوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لۆلۆبییەکان. دەقی نووسراوەکەی ئاوایە:

گەر بە شوێنی ناوی ئەو گوندانەی ئەمڕۆی دەوروبەری شاری پێنجوێن وەک گوندەکانی سەلەسی، مەسۆ، کێلو،ولەسم، نژمار و هی دی بکەوین واهەست دەکەین کە لە وڵاتی لۆلۆبیاندا دەژین. کۆتایی ناوی دێی سەلەسی وەکوو کۆتایی ناوی شارانی لۆلۆبی(بۆناسی، ئاراسی، باراهسی) وایە کە عەداد نیراری ئاشووری لە ساڵی ٨٠٢ ی پێش میلاد باسیکردووە. هەمان باس بۆ وشەی ناوی نژمار دەوترێت و لە سەر کێشی(هەوای) ناوی شارانی لۆلۆبی (خارخار و هاشمار) دارێژراون کە کەوتوونەتە ناوچەی دەربەندیخانی ئەمڕۆ. ناوی گوندی نولو کە کەوتووەتە نیزیک گوندی( دەرەتفێ ) لە

مەریوان بەری رۆژهەڵاتی پێنجوێن ئەوە پێشاندەدا کە وا دانیشتوانی لۆلۆبی بوون. لێرەدا جێگای خۆیەتی کە ناوی چەند گوندێکی تریش هەر لە مەڵبەندی مەریوان کە سەر بە هەمان کۆمەڵە ناون (واتا ناوی لۆلۆبی) بخرێتە سەری وەک: گوندەکانی بێلوو، بەێیلە، نژمار، سەرنژمار، سەلەسی،سەلەسی خواروو، نشکاش(لەسەر هەوای ناوی شارانی توکریش، سیماش، کیماش، کە کەوتوونەتە ناوچەی ئاراپخا) ، نێ، نێزڵ، نەنە، نەچێ، ول، ولەژێر، وێڵە، وەرۆ، کەرەسی و کۆماسی کە ناوی ناوچە و هەروەها هۆزێکە لە کەڵاتەرزان لە نێوان سنە و مەریوان.

بە گشتیی چەند جۆرە ناوێک لەمانە بە پاشگری (ک،ر،س،ن) لە ناوچەی زاموادا بەرچاو کەوتووە وەکوو زنجیرە شاخەکانی سیمەکی کە ئەمرۆ بە سوماقە نێودارە هەروەها چیای ئەزیرۆ کە ئەزمەڕی ئەمڕۆیە . بە هەمان شێوە چیای لەلەر و کۆلار ، باتیرو، رووباری ئیدیر و شارەکانی زەم ری و با ری ، وڵاتی لارە و دەربەندی هەشمار و شاری ئوزی ، بابیت، بوناسی، میسو، ئەرزیزو هەروەها هودون و چیای سوەنی و رووباری رەردانو لە وڵاتی هەلمەندا(حلوان، ئەلوەن) دا و ئەو شارەی وڵاتی زاموا کە بە ئەتلیلە ناوبانگی دەرکردبوو و پاشان ناەکەی گۆڕی بە دوورئاشوور. لە نامەیەکی پادشای میتانی (ساوششەتار) کە بۆ فەرمانڕەوای ئەراپخای(کەرکوک) ی کۆن ناردبوو ، نێوی ئەو شارەی بە شێوەی ئەتلیلە تۆمارکردبوو. بەڵام وادیارە نێوی رووباری سیروان(دیالە) کە لەو سەردەمەدا تورنات بووە ئێستا گۆڕاوە بە تانجەڕۆ کە لقێکی ئەو رووبارەیە و ئەم جۆرە نێوە لە زمانی هوریدا دەردەکەوێ هەروەها چیاکانی هەورامان بە شێوەی نیش پی ناسراوە و ناوی هەردوو زێ وادیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانە ناوچەییە کە بە لۆلۆبی دەنگی داوەتەوە و بە شێوەی (زە/ ب) و پاشگرێکی ئەو زمانەی ،،ان،، هاتووەتە سەر و بووە بە زەبان. بە پێی بیروباوەڕی سپایزر نێوی پادشایانی ئاشوور لە سەدەی هەژدەهەم و نوزدەمەی پێش میلادا ئەدسی، لوبەی، بەزەی و لولای دەبێت لە بنەڕەتدا لۆلۆبی بووبێتن.

لێرەدا باشە ئاماژە بەوە بکرێت کە ،،ان،، ی پاش وشەکانی سیروان و زەبان پاشگرنین وەک ئەوەی کە د.ج.ڕەشید نووسیویەتی بەڵکوو نیشانەی کۆیە کە بە ئەگەرێکی زۆر لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا ئەم گۆڕانە ڕوویداوە و ئەم نیشانەیە کەوتووەتە پاش وشەکان. لەبەر ئەوەی کە دوو زەب/ زاب هەیە، زابی گەورە و زابی بچووک بۆیە شێوازی کۆکراوەی ئەوانە بۆتە زەبان/ زابانهەروەها وشەی سیروانیش لە ڕاستیدا سێ ڕووان ە واتا سێ ڕووبار.

پادشایەتی میتانی

لە هەزارەی سییەمی پێش میلاد هەتا نێوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش میلاد کۆمەڵێک هوزی جۆراوجۆر لە باکووری مێزوپۆتامیدا هەر لە کەرکوک و هەولێرەوە هەتا سەرەوەی گۆلی وان و ئەرمەنستانی ئێستا نیشتەجێبوون کە بە هووری یان خۆری دەناسران. سترابون جوغرافیناسی بە ناوبانگی یونانی کۆن گۆمی ورمێ بە دەریاچەی (ماتیینی) نێو دەبات. ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانەی کە لە ڕۆژاوای گۆمی ورمێەوە بوون بە وڵاتی ماتیینی یان میتانی بە ناوبانگ بوون. ئەو هۆزانە بە چەندین زمان و شێوەزاری جیا لە یەک دەدوان کە هەتا ئێستا دوو زوان لەم زمانانە ناسراونەتەوە. یەکێکیان زمانی هوورییە کە هیچ پەیوەندییەکی نە بە زمانە هیندوئورووپاییەکانەوە بووە و نە بە زوانە سامییەکانەوە و نەش بە زمانە ناسراوەکانی سەردەمی کۆن وەک ئیلامی یان سۆمەری. ئەوەی دیکەش زمانی میتانیە کە وەک کوردی سەر بە خێزانی زمانی هیندوئورووپییە و نزیکایەتییەکی زۆری هەیە لەگەڵ زمانی سانسکریتیدا. لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە دەستەواژەی خۆری یان هوری چەمکێکی ئایینی و نێونانێکی گشتییە بۆ ئەو هۆزانە کە ئایینێکی هاوبەشیان هەبووە. وشەی هووری نیشانەیەکە بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە وڵاتی زوزان (کوێستان/ سوبارتو) دا ژیاون و خەڵکەکە باوەڕیان بە خوداوەندێکی مەزن هەبوو و نیشانەکەی کەوانەی ئەو هەتاوە بووە کە بە هەردوو باڵە ئاواڵەکانیەوە لە

ئاسماندایە. مۆرێکی سەردەمی سوتارنا پادشای میتانی دۆزراوەتەوە ، خۆرێکی باڵدارە کە هێمای پادشایانی میتانی بووە . لە تەنیشتی ئەو مۆرە بە خەتی بزماری ئاوای لێ نووسراوە: شوتارنای کۆڕی کیرتا پادشای میتانی.

لە هەزارەی دووەمی پێش میلاددا بە تایبەتی لە نیوەی دووەمیدا پاشایەتی میتانی ناوبانگێکی جیهانیی پەیدا کردبوو چونکە نزیکەی سەدەیەک مەلبەندی سەرکردایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستەوە گرتبوو. لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش میلاد میتانییەکان توانیان فەرمانڕەوایەتی تەواوی ئەو ناچەگەلە کە ئەمڕۆ چوارپارچەی کوردستانی پێدەگوترێت بخەنە ژێر دەستی خۆیان و ببن بە سەرکردەی یەکێ لە سێ ئیمپراتوورییەکانی ئەو سەردەمەی گیتی کە ئەویش هیتی، میتانی و میسری بوون.  بە پێی قسەکانی ئەبایۆف مێژوو نووسی رووسی میتانیەکان لە نێوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش میلاد نیشتمانی خۆیان بە جێهێشتووە . هەروا ئەبایۆف وای بۆ دەچێت کە وا ئەو هۆزە ئارییانە لە دوای هاتنیان لە رۆژهەڵاتی ئورووپاوە بە رێگای قەفقازەوە بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، دوایش لێرەوە کۆچەکانیان هەربەردەوام بووە بەرەو هیند. لە نێو تێکستەکانی ئەکەدیان و هیتیاندا ئەو رووداوە لە هەزارەی دووی پێش میلاد نیشاندراوە.

زمانی میتانییەکان

لەڕاستیدا زمانی میتانی لە سەدەی شازدەهەمی پێش میلاد ببووە زمانی فەرمیی چینی دەسەڵاتدار و هەروەها دەوڵەتی میتانی، واتە زمانی فەرمی ئەو چینە دەسەڵاتدارە هیندوئورووپییە کە لە باکووری میزوپۆتامیدا فەرمانڕەواییانکردووە. ئەنتوان موتگارت دەڵێ : کۆمەڵانی گەلی هووری (خۆری) کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتدارەتی چینێکی باڵا . ناونانی ئەو چینە بە ماریانی (جەنگاوەران و سوارچاکانی میتانی لەو سەردەمەدا ماریانی / ماریانۆیان پێ دەکوترا) بۆ ناوێکی هیندی کۆن دەگەڕێتەوە ئەوەش پەیوەندیی

زمانەوانی میتانی بە سانسکریتی و بنەڕەتی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە باکووری هیندا ژیاون نیشان دەدات. ناوی خۆریان/ هووریان پێوەندی بە ناوی (Hvar) خودای خۆرەوە هەبوو . هەبوونی ئەو ناوە لە باکووری میزۆپۆتامیادا و بڵاوبوونەوەی وەک ناوێکی ئایینی کە لە دواییشدا بوو بە ناوێکی نەتەوەیی بۆ هەموو ئەو دانیشتووانەی کە باوەڕیان بە خوای خۆر هەبوو وەک گووتی، لۆلۆبی، وکاسی و هی دی. ئەمەش گرینگیی ئایین نیشاندەدا کە چۆن توانیویەتی هۆزەکانی جیاجیا بە شێوە زمانی جۆراوجۆرەوە لە ژێر ناوی خۆری/ هووری دا کۆ بکاتەوە.

پەیوەندیی نێوان زمانی کوردی و زمانی میتانی

پەیوەندییەکی بە تین لە نێوان زمانی کوردی و زمانی میتانیدا هەیەچونکە هەردووکیان سەر بە یەک خێزانی زمانین و هەردووکیان پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ زوانی سانسکریت دا هەیە. لێرەدا لە رووی شرۆفەکارییەوە پەیوەندیی هێندێک لەو وشەگەلە لەگەڵ زمانی کوردیدا نیشان دەدرێت.

١، بیریا مەزدە: ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێکدێت . بڕگەی یەکەم بیریا لە چاوگی وشەی بردن(سۆرانی) / برن (کرمانجی) و بڕگەی دووەم مەزدە/ مژدەیە کە وشەیەکی کوردییە هەمان وشەی مژدە (مزگێنی ) کوردییە کە پێکەوە واتای مژدەبەرە دەگەیەنێ.

٢، ئارتا تاما: ناوێ یەکێک لە پادشاکانی میتانیە ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێکهاتووە . ئارتا مانای پاک و دادپەروەر دەدا. لە کوردیدا ئێستا لە شێوەی ناوی ئەردەوان/ ئەرەدەشێر بەدی دەکرێ . تاماش کە وشەیەکی کۆنی کوردییە واتای پاڵەوان دەدات. لە سەردەمە کۆنەکاندا وەکوو تەهەم، تەهما، و تەخما بەکار هاتووە. فێردەوسی لە شانامەدا روستەم وەک تەهمتەن ناو دەبا. کە واتای تەن پاڵەوان دەگەیەنێ. هەروەها سەرۆکی هۆزی ئەساگەردیی مادی کە لە هەولێر لە بەرامبەر داریوش هێخامەنشی شەڕی کرد و شکا و

دوایی کوژرا ناوی چیترا تەخما بوو . چیترا لە ئەوێستاییدا چەند واتایەک دەگەیەنێ لەوانە: ڕۆشنایی، چهرە(دەم و چاو ) ئێستاش لە کوردیدا هەر ماوەتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر بنەماڵە هەن کە ئێستاش پاشناویان تەهماسپی یە کە لە ڕاستیدا تەهما ئەسپی یە واتا ئەسپی پاڵەوان یان ناوی ڕۆستەم پاڵەوانی ئەفسانەیی لەڕاستیدا ڕوتس تەهمە واتا ڕۆتسی پاڵەوان. کەوابوو ئارتا تاما هەمان ئارتا تەهمایە کە واتای ئارتای پاڵەوان دەدا.

٣، سووت تارنا: ناوی پادشایەکی میتانیە . ناوەکە لە دوو بڕگە پێکهاتووە . بڕگەی یەکەم سووت/ سووتا لە سانسکریت دا واتای ئەوکەسە دەدات کە ئەرابەێ جەنگی دەهاژوێت . بڕگەی دووەم تارنایە کە لە سانسکریتیدا واتای تێکشکێنەر و ڕووخینەر دەدات. پێکەوە واتای ئەو کەسەی کە ئەرابەی تێکشکێنەر دەهاژوێت دەدات. وشەی تارنا پێوەندی هەیە لەگەڵ وشەی کوردیی تارومارەوە. تار لە چاوگی تاراندن و مار لە چاوگی مراندن (سۆرانی) یان مرن(کرمانجی) ەوە هاتووە. تارومار واتای تێکشکاندن، دوورخستنەوە و مراندن دەدات.

٤، شاتیوازە: ناوی یەکێکی ترە لە پادشاکانی میتانی. ئەم ناوە دەستەواژەیەکی پەتیی کوردییە ، لە دوو بڕگە پێکهاتووە. بڕگەی یەکەمی ئەو ناوە شاتی،.یە کە ئێستا لە کوردیدا بووە بە شاتی و هەر ئێستاش لە کوردیدا باوە. یەکێ لە سەرۆک هۆزەکانی ماد ناوی پیرشاتی بووە کە سەرۆکی هۆزی گیزلبوندا بوو. (مێژووی ماد ، دیاکۆنۆف) . بڕگەی دووەمی ئەو ناوە (وازە) وشەیەکی ئاسایی کوردی و هەروەها ئەوێستاییشە. کە هەم وەک کارلە شێوەی واس / واز و هەم وەک پاشگر لە کوردیدا بە کار دێت. وشەی واز هەم لە ئەوێستاییدا و هەمیش لە کوردیدا وەک یەکن و دوو واتا دەگەیەنێ:

یەکەم: بە واتای واز/ واس لە چاوگی وازستن، وازتن. لە شێوازەکانی ئەوێستایی کوردیدا (هەورامی، زازاکی، لەکی) کە بەرانبەرە لەگەڵ وشەی

خواز له شێوەزارەکانی گشتیی کوردیدا (کرمانجی. سۆرانی، باشووری) . کەوابوو شاتی وازە لە شێوە زارەکانی ئەوێستایی کوردیدا بە مانای شادی خوازە دێت. لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وشەی وازە/ واز، خوازە/ خواز وەکوو پاشگر لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە پاش ناوەکان و واتای جۆربەجۆریان پێدەبەخشێ بۆ نموونە دڵ واز،دڵخواز/ ئاشتی واز، ئاشتی خواز/ شەڕ واز، شەڕخواز.لە ئەوێستاییشدا هەر وایە. بۆ نموونە یەکێ لە پیرەکانی زەردەشتی لە سەردەمی کۆندا ناوی دیناواز بووە کە بە واتای دین خواز دێت.

دووەم: وشەی واز ، وازە هەم لە کوردیدا و هەمیش لە ئەویستاییدا ببە واتای فڕین دێت بۆ نموونە لە وشەکانی پەرواز و پەروازەدا کە واتای فڕین دەدات. لە راستیدا پەڕەوازە واتا بە هۆی پەڕەوە فڕین دەدات یان لە وشەی باڵاوازەدا کە وەک دەڵێن ئەو پەلەوەرە هێشتا باڵاوازە نەبووە مەبەست ئەوەیە هێشتا ناتوانێ بە باڵ بفرێ.

٥، توس/ توش راتتا: ناوی یەکێ لە پادشا گەورەکانی میتانیە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٠/ ١٣٥٠ی پێش میلاد فەرمانڕەوایی کردووە . ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێکهاتووە . بڕگەی یەکەمی توس کە ناوێکی کۆنی ئێرانییە . بە پێی کتێبی مێژووی کورد و کوردستانی ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی یەکێ لە پاشاکانی زنجیرە پادشاکانی پێشدادی  توس نەوزەر  بووە هەروەها لە نێو پادشایانی مادیشدا کە ئەو بە زنجیرە پادشایانی کەیانی ناویان لێ دەبات باوەڕی وایە کە ناوی راستەقینەی دیاکۆ  توس  بووە واتا توسی کوڕی فەریبورز هەروەها نابێ لە بیربچێ کە پێشتر بەر لە ساڵەکانی ١٩٦٠ لە نزیکی شاری سنەدا تەپەیەک هەبوو کە ناوی تەپەی توس نەوزەر بوو کە لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی پەرەسەندنی شارەکەوە ئەم تەپەیە کەوتۆتە نێو شارەوە .

بڕگەی دووەمی وشەکە  راتتا  بە واتای ئەڕابەی جەنگییە . کەوابوو پێکەوە واتای توسی ئەڕابەدار یا توسی خاوەن ئەڕابە دەگەیەنێ . لەوانەیە وشەی

ڕەتان  کە واتای غاردان و ڕەتاندنی ئەسپان دەدا لە کوردیدا پەیوەندییەکی لەگەڵ ڕاتتادا هەبێ. دەبێ ئەوەش لە بیر نەچێ کە زۆربەی ئەم ناوانە نەک نێوی ڕاستەقینەی خۆیان بەڵکوو ناسناون کە پێیان بەخشراوە.

## زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٣٤)

## ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

ناوی ژمارەیەک لە شوێنەکانی سەردەمی گووتیەکان و لۆلۆبییەکان

واشوکانی/ واسوکانی: نێوی پایتەختی میتانییەکان بوو. ناوێکی دوو بڕگەییە. بڕگەی یەکەم واسو لە سانسکریتیدا بە دوو واتا هاتووە. هەم بە واتای چاک/ باش و هەم بە واتای چاککردنەوە. بڕگەی دووەم وشەی کانی یە کە پێکەوە واتای کانی باش و یان کانیی چاککەرەوە (کانی) شفا دەدات. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بە ئەگەری زۆر واسوکانی هەر شاری( سەرێکانی) یە لە کوردستاندا کە ئێستا بووەتە دووبەش . بەشێکی سەرێکانی بن خەتی پێدەڵێن کە کەوتووەتە رۆژاوای کوردستان و ئەو بەشەکەشی سەرێکانی سەرخەتی پێدەڵێن کە کەوتووەتە باکووری کوردستانەروە.




هیپا/ خیپا: ناوی یەکێ لە خودایانی هووری/ میتانی بووە. خەپا هاوسەری تیشوب خوداوەندی با و بۆران بووە . هەروەها وەکوو شاژنی ئاسمانەکانیش دەناسرا بەڵام هێزوتوانای ئەم خواژنە (الهە) لە چی دابووە باسی لێنەکراوە. ناوی ئەو خواژنە کەوتووەتە پاش ناوی شازادەکانی میتانی وەکوو تادو/ خەپا ، گیلو/ خەپا . ناوی خەپا ئێستاش لە زمانی کوردیدا هەر ماوەتەوە و بۆ ستایش کردنی کچی جوان بە کار دێت. ئەمە هەمان خیپا یان خەپا خواژنی هووری میتانییە. لە راستیدا شێوازی بە کارهێنانی ئەم وشەیە لە کوردیدا ئیتر هیچ

گومانێک لەم بارەیەوە ناهێڵێتەوە بۆ نموونە دەڵێن ئەو کچە خەپەیەکە بۆخۆی واتا خواژنێکی جوانییە بۆخۆی. یان دەڵێن فڵانی کچێکی هەیە خەپەیەکە بۆخۆی واتا جوانە وەک خەپا. لێرەدا دەکرێ ئاوا بوترێت کە ئەگەر خەپا/ خیپا هێمای شۆخی و جوانی یان بە جۆرێکی دیکە ئەگەر هێمای خواژنی جوانی نەبووبێت ، ئێستا ناوی خەپا/ خیپا لە زمان و فەرهەنگی کوردیدا واتایەکی وای بە خۆیەوە گرتووە.

میترا، وارونا، ئیندرا، ناساتیا: لە پەیماننامەیەکدا کە لە نێوان شوپیلولیوما پادشای هیتی و شاتی وازە(شادی خوازە) پادشای میتانی لە دەوروبەری ساڵی ١٣٨٠ ی پێش میلاد مۆرکراوە ناوی ئەو چوارخوداوەندە کە لە خودایانی کۆنی هیندوئێرانین هاتوون. وادیارە کە بە ناوی ئەو خودایانەوە سوێندیان خواردووەو پەیمانیان بەستووە. ئەم خوداوەندانەش بریتین لە میترا، ئیندرا، ناساتیا ، وارونا. وارونا لە فەرهەنگی کۆنی ئێرانیدا (کوردی، فارسی) دا نە ناسراوەتەوە. ژمارەیەک لە زانایان پێیانوایە کە دەبێ هەر ئاهورا بێت. ناسیتاش هەمان ئاناهیتایە چونکە دەنگی/ س/ لە سانسکریتیدا لە زمانە ئێرانییەکاندا زۆر جاران دەگۆڕێت بۆ / ه/ چەشنی سۆما کە لە سانسکریتیدا بە جۆرە خۆشاوێک دەڵێن. ئەو وشەیە لە ئەوێستاییدا وەک هۆما هاتووە . ئاسوورا کە بووەتە ئاهوراو ناسیتا کە بووە بە ناهیتا . وەک روونە پەرەستشگەی ناهیتا/ ئاناهیتا لە شارستانی کەنگاوەر لە مەڵبەندی کرماشان دایە.

میترا: هەروەکوو پێشتریش باسی لێ کرا، میترا یەکێ لەو خودایانە بوو کە لە لایەن دانیشتووانی کۆنی کوردستان و بە تایبەت میتانیان پەرستراوە. میترا خوداوەندی خۆر و هەروەها خوداوەندی پەیمان و رێککەوتن بوو. نێوی ئەو خودایە لە تێکستی ئەو پەیماننامەیەدا کە لە نێوان شوپیلولیومای پادشای هیتیان و کورتی وازە/ شاتیوازەی پادشای میتانیان دا مۆرکراوە هاتووە. ئایینی میترایی دواجار زۆر پەرەی ستاند و توانی شارستانیەتی کۆنی

گیتی هەر لە چینەوە هەتا ئوروووپا بتەنێتەوە . بە تێپەڕبوونی کات ناوی میترا گۆڕانی بەسەردا هات وەک میهرا، مێهر و میری لێ هات کە لە دواییدا زۆر وشەی جۆراوجۆری لێ دارێژرا وەک مێهربان، مێهرگان، مێهرداد، مێهرزاد، میر، میرمیران. (وشەکانی میر و مێهرگان کەوتوونەتە نێو زمانی عەرەبییەوە و وەک میهرەجان و ئەمیر گۆ دەکرێن) هەروەک باسکرا میترا هەم خودای خۆر بوو و هەمیش خودای پەیمان و رێککەوتن. لێرەدا با بە هێنانەوەی دوونموونە هەبوونی ئەو خودایە لە ژیانی رۆژانەی ئێستای خەڵکی کوردستاندا بخرێتە بەرچاو. هەتا ساڵەکانی پێش ١٩٧٠ لە گوندەکانی نێوان سنە و کرماشان سوێندخواردن بە خۆر زۆر کارێکی ئاسایی بوو. ئەو کەسەی سوێندی دەخوارد رووی لە خۆر دەکرد. دەستێکی بەرەوخۆر بەرزدەکردەوە و ئەمجا بە ناوی هەتاو سوێندی دەخوارد . نموونەی دووەم ئەگەر بکوترێ هەر تاکێکی کورد لانیکەم یەگجار لە ژیانیدا لەگەڵ میترادا پەیمانی بەستووە یان پەیمانی بە میترا داوە لە کاتی مارەبڕین یان مارەکردن دا. کە لە کرمانجیدا هەروەک مێهر کرن گۆ دەکرێ . خودی ئەم وشەیە لە مێهرەوە کە خودای پەیمان بوو هاتووە . لە سەردەمەکانی برەوی ئایینی میترایی و زەردەشتیدا بووک و زاوایان دەبردن بۆ هورمزگە (مزگت) یان دیواخانێک . لەوێ روویان لە پەنجەرەیەک دەکرد کە تیشکی خۆری لێ دەهاتە ژوور. ئەمجا لە بەرامبەر میترا/ مێهر کە خودای خۆر و خودای پەیمان بوو، پەیمانی ژن و مێردییان دەبەست. بەم پێواژۆی هاوسەرگرتنە مێهربڕان یا مێهر بەستنیان پێ گوتووە. ئەو نەریتە ئێستا نەماوە بەڵام دەستەواژەی مارەکردن یا مارەبڕین کە لە شێوازی کرمانجیدا مێهر کردنی پێدەڵێن هێشتا هەر ماوەتەوە و یادگارێکی کۆنی ئەو سەردەمەیە. هەرچەند ئایینی ئێزەدی لە کوردستاندا زۆر کەوتووەتە بەر کاریگەریی ئایینەکانی تر بە تایبەتی ئایینی زەڕدەشی و ئیسلام ، بەڵام لە راستیدا لە بنەڕەتدا هەمان ئایینی میترایییە.

مانی: مانی ناوی نێردراوەی فەرعەونی میسر بوو کە ناردبووی بۆ لای توسراتتا بۆ خوازمەندیی تادوخیپای کچی . ئەم ناوەش هەر ناوێکی ئێرانییە(کوردی/

فارسی) بۆ نموونە مانی نێوی پەیامبەرێکی ئێرانییە کە لە نێوان ساڵەکانی ٢١٦/ ٢٧٦ ی میلادی دا ژیاوە. وادیارە نێردراوەکەی فەرعەون خەڵکی وڵاتی میتانی(کوردستان ) بووبێت.

میتان: وشەی میتان لە کوردیدا بە واتای بچووک دێت. بۆ نموونە لە سنە و ناوچەکانی تری نزیک بە سنە بە منداڵی ورد یان ئاژەڵێکی چکۆڵە دەڵێن میتانە. یان وەکوو دەستەواژەی خلە میتان کە واتای زۆر چکۆڵە و بەژن کورت دەدا. لە سانسکریتیشدا میتا هەر واتای بچووک دەدا.

چیای ماتینا/ مەتینا: لە نووسراوە کۆنەکاندا ناوی میتانییەکان وەکوو مایتینی، ش تۆمار کراوە. سترابۆن جوغرافیناسی بە ناوبانگی یونانی گۆلی ورمێ لەسەر سنووری رۆژهەڵاتی وڵاتی میتانی بە گۆلی ماتینی ناو بردووە. ئەم ناوە ئێستاش لەسەر یەکێ لە چیاکانی کوردستان هەر ماوەتەوە. ئەویش چیای مەتینا/ مەتینی، یە کە کەوتۆتە نزیک شارۆچکەی ئامێدییەوە.

گوندی مەتینا: هەروەها ناوی مەتینا لەسەر یەکێ لە گوندەکانی کوردستان هەر ماوەتەوە. گوندی مەتینا کەوتووەتە رۆژاوای کوردستان لە نێوان شارەکانی سەرێ کانی و توربە سپی.

لاوکی مەتینی: لاوکی مەتینی (لاوی میتانی) ناوی گۆرانییەکی کۆنی کوردییە . یادگارێکی زیندووی هۆزی میتانییە کە وەکوو میراتێکی هونەریی بەنرخ تا ئەمرۆکەش هەر لە نێو کورداندا ماوەتەوە. ئەم گۆرانییە بە شێوازی لاوک لە لایەن هونەرمەندی مەزنی کورد کاراپێتی خاچۆ (کاراپێت خاچاتوریان) کە بە رەچەلەک ئەرمەنییە تۆمار کراوە. لێرەدا دیار دەکەوێ کە پێوەندییەکی رۆشن و بەرچاو هەیە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی میتانیدا . ئەو نێوە کەسی و تۆپۆنۆمی و ئێتنۆنۆمییە و هەروەها نزیکایەتی وشەکانی کوردی و میتانی لەگەڵ یەکتردا ئەوە دەردەخات کە ئەمرۆ لەو هەرێمەدا بێجگە لە

کوردی هیچ زمانێکی دیکە نییە کە خاوەنی ئەو کەلەپوورە دەوڵەمەندەی زمانەوانی و مێژووییە هیندی / ئێرانییە بێت.

بە واتەیەکی تر یەکێ لە پایە و بناغەکانی ئەو زمانەی کە ئێستا بە کوردی دەناسرێت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەدەمی میتانییەکان و زمانی میتانی بەڵام لە راستیدا نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە هەرچەند بێگومان بێجگە لە هۆزی میتانی گەلێک هۆزی تری هیندوئێرانی زمان لە وڵاتی کۆنی کوردەواریدا ژیاون وەلێ هێشتا ناتوانین بێژین کە زمانی میتانی و ئەو زمانەی کە ئەو هۆزانە لەو سەردەمەدا پێ ئاخاوتوون رێک زمانی کوردی بووە بەڵکوو ئەو زمانانە ئەو زەمینە و ژێرخانەیان دارِشت کە دواجار بوو بە بناغە و پایەیەک بۆ سەرهەڵدان و گەشە کردنی زمانێک کە ئێستا بە کوردی دەناسرێت.

ئایا پادشایانی میتانی هەمان پادشایانی پێشدادیی نێو شانامە نین.

فێردەوسی لە شانامەدا مێژووی ئێرانی کۆنی بە شێوەی داستانی (حماسی) هۆنیوەتەوە. بەشی هەرەزۆری شانامە مێژووی کۆنی کوردەواری دەگرێتە خۆی. گرینگی زۆری شانامە بۆ فارسەکان لەبەر زیندووکردنەوە و پاراستنی زمانی فارسییە بەڵام بۆ کوردان خودی ناوەرۆکی شانامە گرینگی هەبووە و ئێستاش هەر گرینگە چونکە بەشێکی زۆری شانامە باسی ئەفسانەکانی کوردی و مێژووی کۆنی کوردان دەکا.

ئەوەی کە فارس بە ناوی زنجیرە پادشایانی ئەفسانەیی پێشدادی ناوی لێ دەبەن چەمکێکی هەڵەیە و یان بە ئانقەست برەویان پێداوە و وەک راستییەک جێیان خستووە چونکە هیچ زنجیرە پادشاییەک بە ناوی پێشدادی هەبوونی نییە. بۆچی ئەو چەمکە هەڵەیە ؟ هۆکارەکەی لێرە روون دەکرێتەوە.

ئاینی زەرِدەشتی بەر لە بە دەسەڵات گەیشتنی بنەماڵەی دیاکۆ لە کوردستاندا بە هۆی زەردەشت و موغەکانەوە برەوی ساندبوو. لە

ئەوێستادا زۆر بە روونی باس لە دەسەڵاتدارێی وێشتاسب دەکات. هەر لەو کاتەدا وێشتاسبیش دەچێتە سەر ئایینێ زەڕدەشتی. زەڕدەشت زۆر بە ئەرێنی لە ئەوێستادا باسی دەسەڵاتدارێی وێشتاسب دەکا. بە وتەی دیاکۆنۆف لە ئەوێستادا هاتووە کە زەڕدەشت بۆخۆیشی میر و فەرمانڕەوای ناوچەی راغە(ماد،راغە، مەراغە ) بووە. ئەمڕۆ زانستی مێژوویی ئەمەی روونکردۆتەوە کە لە سەردەمی پێش دەسەڵاتدارێی مادەکان و ئایینی زەڕدەشتی خەڵکی ناوچەکانی کوردستانی ئێستا و ئاترپاتەکانی ئەو سەردەمە لە بارێکی زۆرسەخت و دژواردا دەژیان. بۆیە بە سەرهەڵدانی مادەکان و پەرەسەندنی ئایینی زەڕدەشتی جۆرێک لە داد و داد پەروەری لە هەموو ئێرانی کۆندا بڵاو بووەوەو پەرەی ستاند. ئەو سەردەمە لە لایەن خەڵک و هەروەها لە لایەن موغانی زەردەشتییەوە بە سەوردەمی داد و دادپەروەری ناوبانگی دەرکردبوو و سەردەمی بەر لە مادەکان و بەر لە برەوی ئایین و یاساکانی زەردەشتی واتا لە سەردەمی ئاشوورییەکان، ئورارتو و مانناییەکان کە ستەمکاری و بێدادی لە ناوچەکەدا زاڵ بوو بە سەردەمی (ئەپەر/ داتا) واتا سەردەمی بەر لە داد / پێش داد ی ناویان بردووە. واتا موغەکان لە باری مێژووییەوە سەردەمەکەیان دابەش کردووە بە دووبەشەوە . سەردەمی داد (سەردەمی برەوی ئایینی زەردەشتی) و سەردەمی پێش داد (سەردەمی پێش ئایینی زەردەشتی) . لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هیچ زنجیرە پادشاییەک بە نێوی پێشدادی هەبوونی نییە. هەموو ئەو پادشا و دەسەڵاتدارانە چ ئێرانی و چ نائێرانی کە پێش لە سەردەمی داد واتا پێش لە ئایینی زەردەشتی هاتوون و فەرمانڕەواییان کردووە بە پادشایانی ئەپەڕ/ داتا، پێش دادی دژمێردرێن. بە واتایەکی تر هەموو پادشایانی ماد بەر لە جێگیربوونی ئایینی زەردەشتی و هەموو پادشایانی مانناپی، میتانی و تەنانەت ئاشووریش بە ئەپەر/ داتە، پێشدادی دەژمێردرێن.

ئەوەی کە لە شانامەدا بە ناوی زنجیرە پادشایانی پێشدادی و کەیانی ناوی هێنراوە بێ هیچ گومانێک پادشایانی کورد بوون، چونکە مێژووی

فەرمانڕەوایی فارس روون و ئاشکرایە و لەسەردەمی هەخامە نشییەکانەوە دەست پێدەکا لە کاتێکدا مێژووی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لۆلۆبییەکان و گوتییەکان واتا زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە هەخامنشیەکان. هەر بۆیەش لە سەدەکانی رابردوودا لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لە باکوور هەتا باشوور و لە رۆژهەڵات هەتا رۆژاوا لە مزگەوتەکان و لە دیواخانان شانامە دەخوێندرایەوە و تا ئێستا چەندین شانامەی کوردیش نووسراونەتەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە د.بێهروزی چەمەن ئارا لە یەکێ لە زانکۆکانی ئالماندا لە سەر چیرۆک و داستانی پاڵەوانیەتی کوردی بە پشت بەستن بە شانامەی کوردی نووسیویەتی دەڵێ کە ٣٠ دەقی شانامەی کوردی کە بە گشتی نزیک بە ٦٠٠٠٠ بەیتە لەبەردەستیدایە کە هێشتا هەر دەستنووسن و لە چاپ نەدراون.

ئەوەی کە زۆر سەیر و سەرنجڕاکێشە لە چەند بەندی یەکێ لەو شانامانەدا بە ناوی هەفت لەشکەر، ئەو پێناسەیە کە بۆ یەزدان کراوە کە وەک شەمسی زێڕین باڵ ناوی لێ نراوە رێک هەمان پێناسەیە کە فەرمانڕەوایانی میتانی بە هێماکانی خۆیان پێشانیان داوە واتاخۆری باڵدار . ئەم هەڵبەستە کە بە شێوازی گۆرانییە بەم شێوەی خوارەوەیە:

ئەر هەی بڵند ماڵ

ئەر هەی یانە بەرز بەنای بڵەند ماڵ

ئەر هەی مایەی نوور شەمس زەڕین باڵ

ئەر هەی ئاگادار هەم حاڵ زان حاڵ

کۆتایی

سەرچاوە: کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی    نووسینی فازڵ ئوسوڵیان

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی  (٣٥)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

## فێرکردن و راهێنان بە زمانی دایک مافی هەوەڵین و بێ ئەولاوئەولای هەموو ئینسانەکانە.




فێرکردن(خوێندن) بە زمانی دایک لە هەر بارێکەوە سەرنجی بدەین چ لە روانگەی دەروونناسانی منداڵ، چ لە روانگەی پسپۆڕانی مێشک و ئەعساب، بە هەمان ئاکام دەگەین کە دەرونناسانی ناوبەدەرەوەی وەکوو پیاژە، اسکینر، ویگوتسکی و زماننناسی ناوداری هاوچەرخ نوام چامسکی پێی گەیشتوون.

چامسکی پێیوایە نەوزادی ئینسان خاوەنی توانایی مادەرزادیی زمان فێر بوونە . ئەو فیلسوف و دانیشمەندە لە زماننناسانی بە ناوبانگی زانستگای هارواردی ئەمریکایە کە لە سەرسیستمەکانی دامەزراوی زمان فێر بوونی زارۆکان پێداگری دەکا(language aequisition devices).منداڵ لەباری فیزیکی و رەوانیەوە خاوەنی سیستمی مادەرزادین کە فێربوونی زمانیان بۆ هاسان دەکاتەوە. ئەو توانایە ئیرسیە یاریدەی منداڵ دەدا زمانی دەوروبەری خۆی فێر بێ، وەری بگرێ و مەعنای پێبدا. فێربوونی زمان لە سەرەتاوە لە دایکەوە

و له نێو بنەماڵەدا و لە مەدرەسەوە و لە نێو کۆمەڵگادا لە رێگای تەقلید و فێرکردنی راستەوخۆ و بە یاریدەی سیستمی فێربوونەوە مسۆگەر دەبێ. بە گوێرەی لێکدانەوەی رەوانناسی، زمانی دایکی منداڵ ئەو زمانەیە کە دایک لە کاتی دووگیان بووندا قسەی پێدەکا چونکە لە کاتی دووگیان بوونی دایکدا منداڵ لە نزیکترین حاڵەت لە دەنگی دایک دایە و وشەکانی زمان وەردەگرێ. بۆیە دوای لە دایکبوونی منداڵەکە ئەگەر بە زمانێکی دیکە بیدوێنی ، منداڵەکەی خۆتان لە فێربوونی هاسانی زمان بێبەش کردووە.

رێکخراوی یونسکو ۲۱ ی مانگی فێوریەی بە عینوانی رۆژی زمانی دایک پەسند کردووە و ۱۸۸ وڵات و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بۆ دیاریکردنی ئەورۆژە دەنگیان داوە. دوای ئەوە بۆ هەوەڵین جار رێورەسمی رۆژی جهانیی زمانی دایک لە مانگی فێوریەی ساڵی ۲۰۰۰ لە پاریس بە بەشداریی نوێنەرانی وڵاتانی جهان و زمانناسان و دەبیرکوللی رێکخراوی یونسکۆ بەرێوە چوو. رێکخراوی یونسکۆ دەڵێ کەسێک کە نەتوانێ بە زمانی دایکیی خۆی بنووسی و بخوێنێتەوە بە بێ سەواد دەژمێردرێ.

ئالفونس دودە نووسەری فەرانسەوی دەڵێ: هەر نەتەوەیەک کە زمانی دایکیی خۆی ون بکا وەک کەسێکی زیندانی وایە کە کلیلی زیندانەکەی ون بووبێ.

میلان کوندرا کۆمەڵناس دەڵێ: هەوەڵین هەنگاو بۆ لە ناوبردنی نەتەوەیەک پاک کردنەوەی حافزەیەتی. دەبێ کتێبەکانی، فەرهەنگەکەی، زمانەکەی لە نێو بەری . دەبێ کەسێکی دیکە رابێنی کتێبی تازەی دیکەی بۆ بنووسێ فەرهەنگێکی تازەی دیکەی بۆ جەعل کەی و بۆی دروست کەی. مێژوو و زمانێکی تازەی بۆ بخوڵقێنی . لە ماوەیەکی کورتدا ئەو نەتەوەیە ئەوەی هەیە و ئەوەی بوویەتی لە بیری دەچێتەوە.

بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زمانەکانی کوردی، بلوچی، عەرەبی ئاسوری، کلدانی، قەشقایی و دەیان زمان و زاراوەی دیکە لە رادەی شفاهی و بیستندا ماونەوە و کەمتر بە خوێندن و نووسین و بەرهەم هێنانی فکر گەیشتوون. ئەو زمانانە بە تەواوی تووشی قەیران بوون.

وادیارە کە پرۆسەی هەڵتەکاندنی زمانەکانی غەیرە فارسی سیاسەتێکی هەڵبژێردراو، سیستماتیک و بە بەرنامەی دەوڵەتەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییە کە بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و وردبوونەوە لە دیاردە ناسراوەکانی زانستی بۆ ئەو تراژدییە کە ئاکامەکەی کزبوون و لە بەین چوونی فەرهەنگەکانی دیکەیە بە توندی بەڕێوەی دەبەن. هەڵبەت زمانی فارسیش بە نۆبەی خۆی لە بەرهەمهێنانی دیاردەی فکری، هونەری، عیلمی بێتواناتر دەبێ چونکە قورسایی زمانە کانی دیکەی وەک ئینگلیسی، فەرانسەیی و عەرەبیی لە سەرە. وەختی ئەوە هاتووە چاو و گوێمان بکەینەوە و ویجدانە نووستووەکان وەخەبەر بێنین تا نیژاد پەرست و فاشیستەکان چی دیکە دەهۆڵی کێشە دروستکردن و جیاوازی نەتەوەیی و زمانی لێنەدەن . فەرهەنگستانی کۆماری ئیسلامی گۆڕستانی زمانەکانی دایک و تەنانەت زمانی فارسیشە. مەردم ناس و زماناسەکان و لە پێشەوەی هەموان نوام چامسکی زمان بە مهارەتێکی ئینسانی دادەنێ و لە سەر کارکردی لە هوویەت سازی و دروست بوونی کەسایەتی کۆمەڵایەتی پێداگری دەکا.

کەسانێک کە ئاشناییەکی کەمیشیان لەگەڵ زمانناسی و فەرهەنگ هەبێ دەزانن کە هەر زمانێک و تەنانەت زمانێک بە ئاخێوەرانی کەمیشەوە سەرمایە و گەنجینەیەکی گەورەی ئینسانییە . لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەک فەڕانسە هەوڵێکی زۆر دەدەن کە چکۆڵەترین زمانەکانیش رابگرن و بازسازیان بکەنەوە و لە مەرگ و لە بەینچوون نەجاتیان بدەن.

لانی کەم لەو سەدەی ئاخردا ئەو حکوومەتانەی لە ئێران هاتوونە سەرکار بە سیاسەتی نائینسانی و نیژادپەرستانە و فاشیستی هیچ ئامارێکیان لە

جەمعییەتی میللەتەکان و زمانیان بڵاو نەکردۆتەوە . بە زۆر بەراوردی جیاواز ژمارەی دانیشتووانی غەیرە فارس زمان لە ئێران شێست دەرسەدە. حاکمانی ئێران لە ماوەی سەدەی رابردوودا منداڵی زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵاتیان مەجبوور کردووە لە سەرەتای دەستپێکردن بە خوێندنەوە زمانی فارسی فێربن و هەموو شت بەوزمانە وەربگرن . فازی پێشکەوتن و فێربوون لە هەموو وڵاتێک لە کاتی منداڵیدایە و لە دەورانی کودەکستان و مەدرەسە و پێشمەدرەسە وە دەست پێدەکا. هەرچی ئێمە بۆ کۆمەڵگاکەی ئارەزوو دەکەین دەبێ تۆوەکەی لەوتەمەنەدا بچێنین تا لە تەمەنی باڵاتردا ئاکامەکەی ببینین. بەڵام بە داسەپاندنی زمانی فارسی بە سەر منداڵیک کە زمانی دایکیی فارسی نییە، لە حەساسترین تەمەنیدا تووشی قەیران دەبێ . بە گوێرەی ئامارە رەسمییەکان شێست و حەوت لە سەدی ئەو منداڵانەی رەددەبنەوە ئی ٩ ئوستانی وڵاتی ئێرانن کە دووزمانەن. ئەو منداڵە غەیرە فارسی زمانە کاتێک لەگەڵ زمانی فارسی رادێ کە تەمەنی چووەتە سەرێ و دەورانی مێر منداڵیی بەسەرچووە. دەورانێک کە بۆ فێربوون گرینگترین دەورانە. لێکۆڵینەوەکان نیشانیانداوە منداڵێک ئەگەر زمانی دایک باش فێربووبێ و لە دەستپێکدا بە زمانی دایک شتی فێرکری هەم زانست و هەم زمانەکانی دیکە بە هاسانی وەردەگرێ. لە راستیدا بە داسەپاندنی زمانی فارسی و بەرگری کردن لەوەی منداڵ بە زمانی دایک بخوێنێ لە منداڵییەوە فشاری رووحی لە سەر منداڵەکە زیاد دەکا و بە چەندساڵ وەدرەنگی کەوتن فێری فارسی دەبێ و فرسەتی کامڵکردنی زمانی دایکی خۆی و وەگرتنی مەفاهیمی دەرسیی لە دەست دەدا.

خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە زمان دیاردەیەکی سروشتی و بێ دەخالەتی ئاگایانەی ئینسان دروست بووە و پێشکەوتووە و تووشی نەزمێکی خودبەخود بووە . ئێمە هەوەڵێ بەکارهێنان و کارکردی زمان دەبینین و دوایە لێکدانەوەی بۆ دەکەین و وردەکارییەکانی دەناسین بۆیە دەبێ لە پێشدا زمانی دایک فێربین و دوایە زمانەکانی دیکە فێربین. وەختێک منداڵ لە فەزای زمانی

دایک دەچێتە دەرەوە و تووشی فێربوونی زۆرە ملی زمانی فارسی دەبێ ، ئێستا ڕەوتی کامڵ بوونی زمانی دایکی تەواو نەبووە و ئەو هەست و عاتیفەیەی کە لە زمانی دایکەوە تێیدا پەروەردە دەبێ کامڵ نەبووە بۆیە قودرەتی قسەکردنی بە زمانی دایک تەواو نییە و زمانی دەروونیی منداڵ کە زمانی بیرکردنەوەیەتی ناگاتە تەواوی زەرفییەتی خۆی. ئەوە سیاسەتێکی وێرانکەرە کە حکوومەتەکانی ئێران بەسەر زۆربەی دانیشتوانی ئەو وڵاتەیدا دەسەپێنن. قەتڵی زمانی دایک دەگەڵ ژنوسایدی نیژادی و نیژادپەرستی فەرقی نییە

هۆی نێودێرکردنی ڕۆژی جهانیی زمانی دایک

ایرینا بوکووا سەرۆکی ڕێکخراوی فێرکردن، زانست و فەرهەنگی میلەلەی یەکگرتوو (یونسکۆ) سەبارەت بە نێودێرکردنی ئەو ڕۆژە دەڵێ : بۆ بڵاوبوونەوە و پێشرەفتی هەمەلایەنە ، ئەومنداڵانەی خەریکن زمان فێر دەبن دەبێ زمانی دایک فێر بن و ئیمکانی فێربوونی زمانی دیکەشیان لە دەسترەسدابێ. لە حاڵی حازردا لە ٥٥ وڵاتی دنیادازیاتر لە یەک زمان وەکوو زمانی ڕەسمی قوبووڵ کراوە . لەوانە ٢٤ وڵات لە ئەفریقا ٩ وڵات لە ئاسیا ، ٣ وڵات لە ئەمریکا ، ١٠ وڵات لە ئورووپا و ٩ وڵاتیش لە ئوقیانووسییەن. لە هێندێک وڵاتیش وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئوستڕالیا هیچ زمانێک وەکوو زمانی ڕەسمی دانەندراوە. مەبەست لە زمانی ڕەسمی ئەو زمانەیە کە جێ و ڕێی یاسایی و جیاوازی هەیە لە موقایسە دەگەڵ زمانەکان و زاراوەکانی دیکەدا. و لە ستروکتووری حکوومەتدا بۆ موراوەدات لە دامەزراوەی یاسادانان، قەزاوەت، و کارگێڕیدا بە کار دەهێندرێ.

کاتێک لە وڵاتێکدا زمانێک دەبێتە زمانی ڕەسمی مانای وایە ئەو کەسانەی بەو زمانە قسە دەکەن خاوەنی نفووزی سیاسی تەواون بۆ ڕەسمییەت دان بەو زمانە و پاراستنی زمانەکە . بۆ وێنە لە وڵاتی ئیسپانیا تەنیا زمانی کاستیلی ڕەسمییەتی هەیە . لە حالێکدا ١٧ لە سەدی خەڵکی وڵاتەکە بە زمانی کاتالان قسە دەکەن بەلام زمانی ئەو ١٧ لە سەدە ڕەسمی نەکراوە.

له نێوان ٢٧ وڵاتی ئەندامی یەکییەتیی ئوروووپا ٦ وڵات لانی کەم دوو زمانی رەسمییان هەیە کە بریتین لە بلژیک خاوەنی ٣ زمانی رەسمی(هولەندی. ئالمانی. فەرانسەوی) لوکزامبورگ، ٣ زمانی رەسمی(لوکزامبورگی، فەرانسەوی، ئالمانی) مالت ٢ زمانی رەسمی(مالتی، ئینگلیسی) ئیرلەند ٢ زمانی رەسمی(ئیرلەندی، ئینگلیسی) فینلەند ٢ زمانی رەسمی (فینلاندی و سوئێدی) و قیبرس ٢ زمانی رەسمی (یونانی، تورکی) . لە وڵاتی سویس کە ئەندامی ناوچەی (شنگن) ە بەڵام لە دەرەوەی ئەندامەتیی یەکییەتی ئورووپایە چوارزمانی ئالمانی، ئیتالیایی، فەرانسەوی و رومانش رەسمییەتی هەیە. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا بۆ زمانە رەسمییەکان جێ و رێ ، ماف و ئیمتیازاتی بەرامبەر لە بەرچاو گیراوە. لە بەشی فێرکردن و بارهێناندا منداڵەکان بە یەک لە زمانە رەسمییەکان فێردەکرێن و ئەگەر بۆخۆیان پێیان خۆش بێ وەک زمانی دووهەم دەتوانن یەکی دیکە لە زمانە رەسمییەکان فێر بن. هەڵبەت ئەو بابەتە لە وڵاتەکاندا هێندێک فەرق و جیاوازی هەیە.

لە بروکسێل پێتەختی بلژیک زمانی فەرانسەوی و هولەندی وەک زمانی رەسمی بە شێوەی بەربڵاو لە دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا بە کار دەهێندرێ . زمانی ئالمانی کە تەقریبەن ١ لە سەدی خەڵکی بلژیک قسەی پێدەکەن سێهەمین زمانی رەسمیی ئەو وڵاتەیە. ئەوەی کە لەو شارە منداڵ بچێتە مەدرەسەی هولەندی زمان یا فەرانسەوی زمان بە بڕیاری دایک و بابی منداڵەکەیە . دەوڵەتی بلژیک مافی خوێندن بە زمانی دایکی منداڵەکەی لە هەرکوێیەکی وڵاتەکە بژین بە یاسا دەستەبەر کردووە.

فێرکردن و بارهێنان بە زمانی دایک لە ئێران قەدەغەیە.

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمانە ئەمما نزیک یەک سەدەیە خەڵکانی غەیرە فارس لەو وڵاتەدا بە هۆی سەرکوتکردن و قەدەغەکردن و سیاسەتی تواندنەوەی ئیتنیکی و زمانیی سەدەمەی گەورەیان وێکەوتووە. لە پێناو ئەو سیاسەتانەدا هێندێک لە زاراوەکان و بن زاراوەکانی خەڵکانی غەیرە فارس یا

له ناوچوون یا به تەواوی لاواز کراون و بەرەو له ناوچوون دەچن. تورک، کورد، عەڕەب، بلووچ ،لور، بەختیاری، تورکمان، مازنی، ئەرمەنی.....کە غیرە فارسن مەجبوور کراون به زمانی فارسی بخوێنن.

بیرکردنەوەی ئاریاییگەرایی و پان ئێرانیستی دژی هەرجۆرە کرانەوەی دەرگای فەرهەنگی بەرووی زمانە غەیرە فارسەکان لە ئێراندایە. گەشەکردن و رەسمییەتدان بەو زمانانە دژی مەسڵەحەتی گشتی ئێران و بە زەرەری زمانی فارسی دەشوبهێنن. ئازادیی زمانی دایک بە تەجزیەتەڵەبی دادەنێن. سیاسەتی تەجزیەتەلەبی پەیوەندێکی راستەوخۆی دەگەڵ سیاسەتی چەند زمانی نییە و دەبینین زۆر لە وڵاتانی دنیا ٢ یا چەندزمانی رەسمییان هەیە و هیچ لێک جیا نەبوونەتەوە و تەنانەت مافی بەرامبەریی زمان لێکی نزیکتر کردوونەوە.

له حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لەئێراندا هەرچەند بە روونی دیارە نیوەی زیادی دانیشتووانی ئەو وڵاتە غەیرە فارس زمانن بەڵام تەنیا زمانی رەسمی بۆ فێرکردن و بارهێنان زمانی فارسیە لە کودکستانەوە تا باڵاترین رەدەی خوێندن. خەڵکی غەیرە فارس وەکوو کورد، تورک، عەڕەب، بلووچ، تورکمان بەتەواوی لە ژێر فشاری جیاوازیی رەگەزی و زمانیدان. هەرچەند ئێران ساڵی ١٩٨٩ کونوانسیۆنی نێو نەتەوەیی مافی منداڵانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیمزا کردووە بەڵام خوێندن بە زمانی دایک قەدەغە کراوە.

فەرق و جیاوازی دانانی رەگەزی و زمانی بەینی دانیشتووانی یەک وڵات یەکیەتی نەتەوەیی لە ناو دەبات و نارەزایەتی دروست دەکا . ئەو نارەزایەتییانە لە بەشی زمانڕا بۆ بەشی سیاسی تەشەنە دەکا و لە کاتی خۆیدا دەبێتە تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەورە . داسەپ-اندنی زمانێکی واحید بە سەر خەڵکی دیکەدا و بە سەر ئەو نەتەوانەی زمانێکی دیکەیان هەیە نیشناەیەکی روونی ماهییەتی دەسەلاتی ئیستیبدادییە.

سەرچاوە: اهمیت آزادی و برابری زبانها در ایران   نووسینی  بهرام رحمانی

لە فارسییەوە کراوە بە کوردی

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٣٦)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**زمانی ماد**

مادەکان قەومێک بوون لە ئەقوامی ئێرانی کە لە رەوتی جێگۆڕینی ئەقوامی ئێرانی لە شەرقەوە بۆ غەرب لە شیمالی غەربی پانایی ئێران نێشتەجێ بوون.




ئەو سەرەزمینەی تێیدا گیرسانەوە بە مادی گەورە و مادی چکۆڵە دابەش دەبێ.مادی گەورە بریتی بوو لە عێراقی عەجەم یانی (ری تا اصفهان و کردستان). مادی چکۆڵە تەنیا ئازربایجان بوو. وڵاتی ماد لە کتێبە کانی قەدیمی عەرەبدا (ماە) نووسراوە(١) . خەڕاجی هێندێک ناوچەی ماد لە زەمانی خەلیفەدا دەبرا بۆ کۆفە و بەو ناوچانەیان دەکوت (ماە الکوفە) و ئەو ناوچانەی ماد کە خەراجەکەیان دەبرا بۆ بەسرە پێیاندەکوت دەکوت (ماە البەسرە) . مادەەکان لە سەدەی ٩ ی پێش میلادەوە تا ئاخری سەدەی ٧ پێش میلاد لەو دوو ناوچەیەدا سەڵتەنەتیان هەبوو. لە هەوەڵەوە دەستنێژی دەوڵەتی گەورەی ئاشوور بوون. لە زەمانی سێهەمین پادشای ماد کە نێوی(هوخشتر) بوو توانین ئاشوور شکست بدەن و ساڵی ٦١٢ ی پێش میلاد سەربەخۆیی خۆیان بە دەست بێنن. دامەزرێنەری سەڵتەنەتی ماد ئەمیرێک بە نێوی (diaocoo) بوو کە بەزمانی یونانی پێیان دەکوت دیوکس. بەدوای ئەودا بە تەرتیب سێ پادشای دیکەیان سەڵتەنەتیان کرد بەوناوانە(فراورتیش، هوخشترە، ایختوویگو) .

ئیختوویگو کە فارسەکان لە رووی دوژمنایەتییەوە لەقەبی (agidahak) یان داوەتێ کە بە مانای هەژدیهای ١٠ عەیبە ، ئاخرین پادشای ماد بوو(٢) . کورش کوڕی چیش پش فەرمانڕەوای پارس کە لە دایکییەوە دەبێتە نەوەی ئیختوویگو، لە ئیختوویگو هەڵگەڕایەوە و لە ناوی بردو دەوڵەتی مادی لە دەسەڵات خست. لە شارستانییەت و فەرهەنگی مادەکان بەداخەوە تا ئێستا شتی زۆرمان بە دەستەوە نییە .

نێوی قەومی ماد لە ساڵی ٨٣٥ ی پێش میلاد لە بەردەنووسی شولمانوا شاريد(shoolmanoo ashariddu) پادشای ئاشوور بۆ هەوەڵ جار باسیکراوە . ئاشوورییەکان لە بەردەنووسەکانی خۆیاندا مادەکانیان بە شکڵی آمادائی و مادائی نێوهێناوە و چونکە پێتەختەکەیان شاری هەمەدان بووە ، نێوی ئەو شارەیان (amadana) نووسیوە کە مانای شاری مادەکانە. چونکە آمادا بە مانای قەومی ماد وآنە پاشگری مەکانە کە لە ئاخری نێوی زۆر لە شارەکانی ئێراندا دێت و دوایی بە گۆڕانی هەمزە بە (هـ) بۆتە هەمەدان. نێوی هەمەدان لە بەردەنووسەکانی هخامە نشیدا وەک (هگمتانە) هاتووە کە بە مانای شوێنی کۆبوونەوە لێکدراوەتەوە و بە یونانی بۆتە (اکباتان).

دارمستتر خاوەرناسی فەرانسەوی پێیوایە کە زمانی مادەکان هەمان زمانی ئەوێستایی بووە و زمانی کوردی و زمانی پشتووی کە لە ئەفغانستان بە کاری دێنن لە زمانی مادی را پەرەیان گرتووە و ئەوەی کە ئاشکرایە زمانی ماد یا ماه زمانێکی شاخەی ئێرانی بووە کە لەگەڵ زمانی دەورەی پاش خۆی کە پارسیی باستان یا زمانی هەخامەنشی بێت بە غەیری فەرقێکی کەم تەفاوەتێکی وای نەبووە چونکە سترابون جوغرافیانووسی یونانی دەڵێ زمانی مادەکان دەگەڵ زمانی پارسەکان و بەلخییەکان زۆر وێکچوون و ئەگەر زمانی خەڵکی ماد کە بەشێکی گەورەی ئێرانیان داگرتبوو لەگەڵ زمانی پارسیی هەخامەنشی تەفاوەتی گەورەی بایە بێ شک کوورش و داریووش و پادشاکانی دیکەی هەخامەنشی لە بەردەنووسەکانی خۆیاندا کە بە سێ زمانی پارسیی باستان،

ئاشووری و عیلامی نووسیویانە زمانی مادیشیان لێ زیاددەکرد بۆوەی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران لە تێگەیشتن لەو نووسینانە بێ خەبەر و بێبەش نەبن. لەو رووەوە بێگومان زمانی مادی لە زاراوەکانی نزیک لە پارسی بووە. ئەو زاراوەیە دوای جێگورکێی درێژخایەنی ئاریاکان لە نێو خەڵکی ماددا کە لە شیمالغەربی ئێراندا نیشتە جێ بوون بڵاو بۆوە و لەو ناوچانەدا یانی ئازربایجان و رەی و کوردستان جێگای زمانەکانی کاسپۆ، گووتی، لۆلۆبی و ماننایی و باقی زمانەکانی ئاسیایی شیمالغەربی ئێرانی گرتەوە.

زمانی مادی هەرچەند لەگەڵ پارسیی باستان لەیەک ریشە و یەک گرووپی زمانین لە نەزەر فونەتیک و ئاوا ناسییەوە تەفاوەتی زۆری لەگەڵ پارسیی باستان هەیە و لە زمانەکانی ئەقوامی ئێرانیی ئاسیای میانە نزیکترە. لە بارەی یاساکانی رێزمانی ئەو زمانە چونکە ئاسەواری نووسراوەی وامان لە بەردەستدا نییە وهەروەها نازانین مادەکان خەتی تایبەت بە خۆیان بووە یانا هەرچەند هێندێک لە دانیشمەندان پێیانوایە خەتی تایبەتی خۆیان هەبووە چونکە مانناییەکان کە پێش ئەوان لە سەرزەمینی ماد بوون خەتی تایبەتیی خۆیان بووە .

شێوەی نووسراوی بەردەنووسەکانی داریوش وادەگەیەنێ کە پێشتر لە نێوان مادەکان و پارسەکان ئەدەبییاتێک هەبووە و دواتر تەکمیل بووە تا گەیوەتە پێگەی زمانی فارسیی سەردەمی هەخامەنشی. رەنگە زمانی ئەدەبیی بەردەنووسە رازاوەکانی هەخامەنشی لە لایەن نووسەران و دەبیرانی ئارامی نیژاد لە ژێر کارکردی شوێندانەری زمانی مادی دابووبێ و زاهیرەن زمانی بەردەنووسەکانی هەخامەنشی لە باری وشەوە لە زمانی مادی نزیکتر بێ تا لە زمانی پارسیی باستان.

برێک لە وشەکانی زمانی مادی

هێرودۆت دەنووسێ: نێوی دایەنی کورش بە زمانی مادی سپاکۆ(spaco) بوو کە مانای دێڵە سەگ (سەگی مێ) دەدات. چونکە سەگ لە ئێرانی قەدیم دا حورمەتی تایبەتی هەبوو نێوی ئەو حەیوانەیان لە سەر خۆیان دادەنا. هێندێک لە سەردارانی سەکایی نێویان سپاکا(spaca) یانی گۆڵە سەگ(سەگی نێر) بوو دەبێ بزانین کە پاشگری (او,u) لە وشەی سپاکۆ دا نیشانەی مێیینەیە وەک پاشگری (u) لە وشەی بانودا کە نیشانەی مێیینەیە چونکە بان بە مانای خاوەن و ساحەبە و مێیینەکەی بانو بە مانای ساحەبەیە. ئێستاش لە زمانی رووسیدا کە لە زمانەکانی نزیک لە زمانی ئێرانییە بە سەگ دەڵێن سباکا. وشەی سپاک بە مانای سەگ ئێستاش لە زۆر لە بن زاراوەکانی ناوەندی ئێراندا هەر ماوە بۆوێنە لە زاراوەی تاتیدا کە لە بنزاراوەکانی قەدیمی ئازەرییە بە سەگ دەڵێن سپا(spa).

یاقووتی حەمەوی لە فەرهەنگی جوغرافیایی خۆیدا کە نێوی (مجمع البلدان) ە سەبارەت بە وشەی ئیسفەهان لە قەولی هەمزەی ئیسفەهانییەوە دەڵێ ناوی ئیسفەهان لە سپاه وەرگیراوە و لە فارسیدا سپاهان بووە و سپا بە مانای لەشکری و سەگە و چونکە هەردووکیان یانی سپاهی و سەگ ئەرکی باسەوانی بەڕێوە دەبەن لەو روانگەیەوە ئەو نێوە بەینی هەردووکیان هاوبەشە. دوایی وشەی ویسپازانە(wispazana) کە لە زمانی مادی وەرگیراوە و بە مانای خەڵکی هەمەچەشنە.

وشەی پائیری دائیزە(pairi, daeza) کە لە ئەوێستا و فارسی باستانیشدا بە کارهاتووە بە قەولی بنونیست خاوەرناسی بە ناوبانگی فەرانسەوی لە بنەڕەتدا وشەیەکی مادیە و بە مەعنای حەسارێکە لەدەوری شوێنێک دروستکراوە و بە مانای باغو بێستانیشە و وشەی پالیزی فارسی لەو ریشەیەوە هاتووە . ئەو وشەیە لە زمانە ئوروووپاییەکاندا بۆتە پارادایز(paradise) و لە عەرەبیدا بۆتە( فردوس) بە مانای بەهەشتە . وشەی تیگریس(tigris) بە قەولی سترابۆن وشەیەکی مادیە و بە مانای

توندوتیژە و بۆ نێوی چۆمی دەجلە بەکار دەهێندرێ هەروەها وشەی(سپا) کە وشەیەکی مادیە و بە ئەسپ دەکوترێ.

وشەی میترا(mithra) بە مانای میهر و رۆژ و وشەی خشترتیا بە مانای قودرەت و دەسەڵاتە کە هەردووکیان لە زمانی مادی وەرگیراون هەروەها وشەی توخماسپادا کە مانای خاوەنی لەشکری بەهێزە . دوکتور ئیحسانی یارشاتر لە نووسراوەی (زبانها و لهجەهاایرانی) دا دەنووسێ ئەو وشە مادیانەی لە بەردەنووسەکانی هەخامەنشیدا هاتوون ئەوانەن:

خشایەثیە بەمانای (شا) وزرکا(گەورە) باختریش (باختەر) زرنکا (زرەنج) ویسپا(هەموو) اسن(بەرد) میترا(میهر). هەروەک باسمانکرد تا ئێستا بەردەنووس و نووسراوەیەک لە خەڵکی ماد دەست نەکەوتووە و لە داهاتوودا ئەگەر پشکنینی باش لە شاری هەمەدان بکرێ رەنگە هێندێک دەستکەوتی هەبێ . نولدکە خاوەرناسی بە ناوبانگی ئالمانی دەڵێ ئەگەر رۆژێک بەردەنووس یا نووسراوەیەکی دیکە ئی پادشاکانی ماد بدۆزرێتەوە حەتمەن خەت و زمانەکەی عەینی زمانی هەخامەنشی یا نزیک لەو دەبێ.

زمانی مادەکان بە گوزەشتی رۆژگار لە ناوچوو و بنەمای زمانەکانی دوای خۆی وەک زمانی پەهلەوی و زمانەکانی دیکەی پێکهێنا.ئێستاش چەند زاراوە لە ئازربایجان وەکوو خەلخاڵی، تاتی، هەرزەندی، و ئەرزینی هەن کە پاشماوەی زمانی مادین. دەبێ بزانین کە حودوودی وڵاتی ماد لە کاتی بەربڵاوترین دەسەڵاتی خۆیدا لە چۆمی سەندەوە تا شەرقی چۆمی هالیس لە مەغریب بوو. هێرودوت دەنووسێ مادەکان ٦ تایەفە بوون بەو جۆرە: بوسەکان، پارتاکنەکان، ئاسترۆخانەکان، ئاریازانتۆکان، بوودییەکان و موغەکان کە هەموویان بە زمانی ئێرانی قسەیان دەکرد.

وشەی فرن( phan,phern) کە لە زمانی مادیدا بە مانای رۆشنایی و درەوشانەوەیە دەگەڵ وشەی خۆر و فەڕ هاوریشەیە. دیاکۆنۆف لە کتێبی

مێژووی مادا دەنووسێ: بێگومان لە هەزارەی هەوەڵی پێش میلاددا خەت و نووسین لە سەرزەمینی مادهەبووە . فەرمانێک لەبارەی بەخشینی ماڵ کە لە سەدەی هەشتەم یا نویەمی پێش میلاد لە لایەن شای آبدادانا بە زمانی ئاکەدی لە سەر نێوی پیاوێکی ئاشووری سادرکراوە و مەڕبووت بە سەرزەمینی مادە بوونی خەت لەو سەردەمدا لەو وڵاتە نیشاندەدا خەتەکە لەگەڵ خەتی بزمارِی فارسی باستان زۆر وێکدەچن و هێندێک نیشانە هەیە کە فارسەکان خەتی بزمارییان لە مادەکان وەرگرتووە.

ویکاندر ئێراناسی سوئێدی سابتی کردووە کە هەخامەنشیەکان بە خودای میهریان دەکوت میشا کە لە عیلامیدا میش شا بووە بەڵام لە بەردەنووسەکانی هەخامەنشیدا وشەی میترایان بە کار هێناوە کە فارسی نییە و مادیە. ئیملا و قەواعیدی رێزمانیی رستە فارسییەکان لە بەردەنووسەکانی هخامەنشیدا سابیتی دەکا کە زمانی ئەدەبیی، پێشووتر پێش نووسینی بەردەنووسەکانی کورش و داریوش وجوودی بووە و لە حاڵی کامڵبووندا بووە و ئەوە زمانی مادی بووە کە بە هۆی دەبیرانی ئارامی بە شێوەی ئەدەبیی رێکوپێک لە بەردەنووسەکاندا بە کار هاتووە و بێگومان دەتوانین بڵێین کە زمانی نووسینی نووسراوەفارسییەکان هەمان زمانی مادی بووە کە تەکمیل کراوە و لە بەردەنووسەکانی کورش و داریوشدا هاتووە. لەوانەیە لە داهاتوودا نووسراوەی لەو جۆرە لە پادشاکانی مادیش بدۆزرێتەوە.

سەرچاوە: کتێبی نامە باستان نووسینی دوکتور جەوادی مەشکوور

لە فارسییەوە کراوەتە کوردی.

پەراوێزەکان

١، ئێستاش لە زمانی کوردیدا بە ناوچەی شاخاوی و چڕو هەڵەمووت دەڵێین (زەرد و ماە) . عەرەب ناوچەی (جبال) یشیان پێ کوتووە کە بەمانای کێو و شاخە.

٢، بەیەکزانینی ئاژیدهاک(زەحاک) و ئیختوویگو هەڵە و ساختەکارییەکی گەورەی هێندێک مێژوونووسی ئێرانییە. وێنەی ئاژیدهاک لە سەر جامی زێڕینی حەسەنلو بە مارەکانی سەرپشتییەوە بە روونی کێشراوەتەوە. ئەوجامە و ئەو وێنەیە ئی زەمانی دەسەڵاتیماننایە و سێسەد ساڵ پێش هاتنە سەر دنیای ئیختوویگو کێشراوەتەوە. ئیختوویگو ناتوانێ کە سایەتییەک بێ کە لانی کەم سێسەد ساڵ پێش لە دایک بوونی وجوودی هەبووە.

تایر عەلیار

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٣٧)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**




شیعری شێوەی بەیت

بەیتەکان داستانە فولکلۆریکەکانن کە لە دوورەزەمانەوە تا ئێستا سینە بە سینە گێڕدراونەوە و گەیشتوونە بەر دەستی ئێمە . لێکوڵینەوە لە بەیتەکان بە تێر و تەسەلی کراوە و شێوەی شیعریی و قالب و دەنگ و کێشیان ناسێندراوە. دەزانین بەشێک لە بەیتەکان بەشێوەی نەزم و بەشێکیان بە شکلی نەسر بەیان دەکرێن و هەر بەیتێک هەردووشێوەی نەزم و نەسری هەیەو تێکەڵێک لە هەردووکیانە. ئەو تێکەڵییە موناسب ترین قالب بۆ ئەو جۆرە ئەدەبیاتەیە. ئەو داستانانە بەیتبێژەکان لە مەجلیساندا بە شێوەی شیفاهی پێشکەشیان کردوون و بە ئاهەنگەوە خوێندوویاننەوە. تەبیعەتی بەیتەکان ئەوەی هەڵدەگرێ کە بەیتبێژ بتوانێ بەشێک لە داستانەکە بە پەلە بیخوێنێتەوە و بە سەریدا تێپەڕێ و بەشێکی دیکەی داستانەکە کە خاڵی بەرز و ناوەرۆکی ئەسڵیی رووداوەکەیە شەرحی بدا و هونەری خۆی بۆ حەرەکەت پێدانی هەست و عاتیفەی بیسەر بە باری خۆش و ناخۆشدا بەکاربێنێ.

وشەی بەیت

وشەی بەیت لە کوردیدا بەداستانێک دەکوترێ کە شێوەی بەیانەکەی نەزم(نظم) بێ یانیوە نەزم و نیوە نەسر. زانایانی کە لێکۆڵینەوەی زۆریان لە سەر بەیتەکان کردووە بە تایبەت قادری فەتتاحی قازی دەڵێ: وشەی بەیت لە کوردیدا هیچ پێوەندی بە مانای ئەو وشەیە لە زمانی عەڕەبیدا نییە و زیاتر وێدەچێ ئەو وشەیە لەگەڵ (بیات) ی فارسی یەک بێ و چونکە شێعرەکان سینەبە سینە گوێزراونەوە لەوانەیە وشەکە لە (بەیاد) ەوە هاتبێ.

ئاغای فەتتاحی قازی کە تا ئێستا پێنج لە بەیتەکوردییەکانی چاپ کردووە دەڵێ: ژمارەی بەیتەکوردییەکان نزیک دووسەد بەیتە و ئاغای بورەکەیی نووسەری (تاریخ ادبیات کردی) نێوی سەدوشێست بەیتی نووسیوە.بەشێک لە بەیتەکان بە هۆی شاعیرانی کوردەوە لە قالبی شیعری کلاسیکدا هۆنراونەتەوە کە ناودارترینیان مەم و زینی ئەحمەدی خانی شاعیری ناوداری کوردە کە ساڵی هەزاروسەدوپێنجی کۆچی لە سەر کێشی (مفعول مفاعلن فعولن) هۆندوویەتەوە.

مەوزووعی بەیتەکان

ناوەرۆکی بەیتەکان هەموو جۆرەکانی ئەدەبیی لە مەسایلی دینی و عیرفانی و حەماسی و مێژووییەوە بگرە تا داستانی بە سۆزی ئەویندارى و پێهەڵکوتنی سروشت لە خۆدەگرێ و زۆربەی بەیتەکان هاوکات چەند جۆری ئەدەبی لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە و بە شێوەیەکی رازاوە و جوان بەیانی دەکا. بەیتی وەک فەتحی قەڵای خەیبەر و محەمەد حەنیفە حەماسەی دینیی ئیسلامیی و بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی و شێخی سەنعان ناوەرۆکی عیشقی/ عیرفانییان هەیە. بەیتی دمدم حەماسەیەکی مێژوویییە و بەیتی مەم و زین و دەیان بەیتی دیکە داستانی عیشقیی ناکام و بەیتی لاس و خەزاڵ و چەند بەیتی دیکە داستانی عیشقیی شیرن و بەیەک گەیشتووە . بەشێکی زۆری بەیتەکان سەرفینەزەر لەوەی رەزمی یا بەزمی یا عیرفانی یا هەر ناوەرۆکێکی دیکە بن ریشەیان لە رووداوە راستییەکان دایە و قارەمانی بەیتەکە

کەسانێک بوون کە لە رابردوویەکی دوور یا نزیک رووداوەکانی نێو بەیتەکەیان خوڵقاندووە . ئەورۆ زۆربەی ئەو قارەمانانە دەناسین و مێژوو سەرگوزەشتی ئەوانی بۆ روون کردووینەوە. بۆ وێنە بەیتی لەشکری، عەبدورەحمانی پاشای بەبە ، خانی لەپزێڕین ، سەمسام و ئیدی.....جاری واشە داستانەکان خەیاڵین و زیاتر ئەفسانەن وەک بەیتی کەڵ و شێر کە یەک تەمسیلە وتەنیا بە هۆی لایەنی فێرکارانەی لە قالبی داستانیی حەیواناتدا کوتراوە.

بێژەرانی بەیتەکان

سوارەی ئێلخانیزادە شاعیری هاوچەرخی کورد لەوبارەوە دەنووسێ : شیعرەکانی شێوەی بەیت بە هەڵە لە زومرەی ئەدەبییاتی فوڵکلورێک داندراون و ئەو هەڵەیە هەم نووسەرانی عێراقی و هەم ئاکادمیسیەنەکانی شوورەوی تووشی بوون و زۆرجار ئەو بۆچوونەیان دووپات کردۆتەوە لە حاڵێکدا بەیتەکان هەموو تایبەتمەندییەکانی شێوەیەکی ئەدەبیی سەربەخۆیان هەیە. شێوەیەکی تایبەت کە پێوەندی بە دەوروزەمانێکی تایبەتەوە هەیە و شاعیرانی ئەو دەوروزەمانە کەسانێکی ناسراو و بە نێوبانگ بوون بەڵام ژیانی کۆچ نشینی و بێبەشبوونی خەڵک لە خوێندن و نووسین بۆتە هۆی ئەوەی ئەو شیعر و داستانانە سەبت نەکرێن و نێوی شاعیران و رێکخەرانی ئەو بەیتانە بە مردنیان فرامۆش کراون و بەرهەمەکانیان دەستی تێوەردراوە. نیشانەی زۆرمان بە دەستەوەیە قسەکانی سوارەی ئێلخانیزادە پشتراست دەکەنەوە. بۆ وێنە لە بەینی بەیتبێژەکاندا رەسم بووە کە لە هەوەڵی زۆر لە بەیتە مەشهوورەکاندا نێوی بەیتبێژەکە و تەنانەت نێوی ئەو کەسانەی کە داستانی بەیتەکەیان بە بەیتبێژ گەیاندووە باس بکرێ بەڵام دەبینین بە دەست تێوەردانێک ئەو نێوانەیان لابردووە. تەنانەت بەشێک لە بەیتبێژەکان لە شاعیرانی کلاسیک بوون وەک عەلی بەردەشانی کە

هاوعەسری عەبدورەحمان پاشای بابان(١٢٠٤/ ١٢٢٨) بووە و بێژەری زۆر لە بەیتە مەشهوورەکانی ئەو دواییانەی کوردی بووە.

بە گوێرەی نووسینی سەدیق بۆرەکەیی عەلی ساڵی ١١٨٥ی کۆچی لە ئاوایی بەردەشانی ناوچەی پشدەر لە دایک بووە و لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە حوجرەی فەقێیاندا بووە و بۆ کەسبی عیلم بە کوردستاندا گەڕاوە و خوێندنی کۆتایی لە شاری سلێمانی بە ئەنجام گەیاندووە و لە بارەگای پاشای بابان وەرگیراوە. ساڵی ١٢٢٨ ی کۆچی وەفاتی کردووە.

ئێستا ئێمە سەرگوزەشتی زۆر لە بەیتبێژەکانمان بە دەستەوەیە و دەزانین هەرکامیان چ بەیتێکی کوتووە. نیشانەی زۆر هەیە کە بێژەری بەیتەکان بێسەواد نەبوون و بە ئیحتیمالی زۆر لە نێو میرزاکانی دەم و دەزگای خانەکاندا سەریان هەڵداوە یامەلا و تەلەبەی دینی بوون. بۆ وێنە لە ناوەرۆکی بەیتەکاندا زۆر بابەتی مێژوویی و عیلمی یا مەسایلی نجوومی دەردەکەوێ کە کەسانی بێسەواد ناکرێ ئەو شتانەیان زانیبێ. بە هەرحاڵ شفاهی بوونی ئەو مەنزوومانە وسینەبەسینە بوونیان ئەوانی لە رەدەی ئەدبیاتی فولکلۆر و میراتی ئەدەبیی خەڵک جێ کردۆتەوە. بە وتەی سوارەی ئێخانیزادە لە بەیتدا ئەدەبییاتی خاس و عام تێکەڵ دەبێ.

قالب و شکڵی شیعری شێوەی بەیت

شیعرەکانی شێوەی بەیت لە نەزەر شکڵ و قالبەوە زۆر جیاواز و جۆراوجۆرن. بەیتبێژەکانی بەشێک لە بەیتەکان دەگەڵ ئەوەی شارەزاییەکی زۆریان لە ناسینی شیعردا هەیە و شیعرەکانیان زۆر بژاردە و دڵپەسندە خۆیان بە هیچ قالبێک نە بەستۆتەوە .( میسرەعی) شیعرەکان کورت و جاری وایە بڵێندە. ئەژماری هەجاکان ئاڵوگۆڕ دەکا. ئەژماری میسرەعەکان لە بەندێکەوە بۆ بەندێکی دیکە فەرق دەکا ، قافیە ئازادە. جاری وایە چەند میسرەعی هاوقافیە بە دوای یەکدا دێ و جاری وایە شایەر قافیە بەردەدا و

یەک دوو میسراعی بێقافیە لە شیعرەکەدا دەگونجێنێ. لە بەعزێک لە بەیتەکاندا ئەغلەبی شیعرەکان بێ قافیەن بەڵام لە خاڵێکی حەساس لە شیعرەکەدا بە مەهارەتەوە قافیەکە دێتەوە گۆڕێ و بەوجۆرە میسراعە بێ قافیەکان پێکەوە لێک گرێ دەداتەوە. بێژەرانی ئەو بەیتانە زەریفترین فکرو هەست و عاتیفەبە نیهایەتی ئوستادییەوە بە کار دێنن و قەت لە شیعری ئەواندا قالب بە سەر ناوەرۆکدا قورسایی ناکا بەڵکوو بە پێچەوانە شاعیر هەمیشە ناوەرۆک لە بەرچاو دەگرێ. لەو شیعرانەدا هەزارجۆر نەغمەسازی دەکرێ و هیچ سنوورێک بۆ دووپات کردنەوە و هارمونی داناندرێ.

ئاغای فەتتاحی قازی لە بارەی بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شیعرانەوە دەڵێ : ئەگەر چاو لە بەیتەکان دەکەی دەبینی کە بەندبەندن . هەربەندەی لە چەند میسراعی هاو قافیە پێکهاتووە ، جاری واشە وشەی قافیەکان هێچ وێکچوونێکیان پێوە دیارنییە. میسراعەکانی هەر بەندێکیش لە نەزەر کێشەوە لەوانەیە ئیختیلافیان هەبێ. وەک دەزانین یەکەی ساختاریی بەیت میسراعە . لە چەند میسراعی هاوقافیە بەندێک دروست دەبێ. لە کۆی میسراعەکان بەیت دروست دەبێ. لە بەیتەکاندا بە روونی دووجۆر میسراع بەدی دەکرێ . جۆرێکیان میسراعەکان کورتن و ئەژماری هەجاکان بەینی حەو تا دوازدەیە . جۆری دیکەیان میسراعی درێژە کە ئەژماری هەجاکانی لەوانەیە لە ٢٢ هەجاش زیاتربێ. ئەو دووجۆرە میسراعە کە ئاهەنگ و کێشیان بەیەکەوە تەفاوەتی بنەڕەتیی هەیە کامیلەن لێک جیاوازن. وێدەچێ لە نەزەر فەساحەت و بەلاغەت و گەیاندنی مەتڵەب میسراعی بڵیند بە سەر میسراعی کورتدا باڵادەستیی هەیە. ئەژماری میسراعەکانی هەربەندێک لەوانەیە لە دە میسراع زیاتر بێ و نابێ لە دوو میسراع کەمتر بێ.

بە سەرنجدان بەو شتانەی لە سەرەوە تەوزیحمان دا بەندەکان دوو جۆرن :

١، بەندەکانی دروست بوو لە میسراعی کورت.

٢، بەندەکانی دروست بوو لە میسراعی بڵیند(درێژ)

لە بەشێک لە بەیتەکاندا لەوانەیە هەردووجۆری بەندەکانی تێدابێ وەک بەیتی (مهر و وفا) و لەوانەشە هەم میسراعی کورتی تێدابێ و هەم میسراعی درێژ. هەموو بەیتەکان کێشی هەجاییان هەیە بەڵام ڕێژەی هەجا لە میسراعەکاندا بەرابەر نین و شێوەی گوتنی یا ئاوازەکەیان بە یەکەوە فەرقی هەیە. کتێبی کونەساڵی ئەوێستا کێشی هەجایی هەیە و ئەو کێشە لەگەڵ ئاهەنگ و ئاواز هاوئاهەنگە.

زۆرێک لە ئەدیبان و شاعیران شێوەی بەیت لەگەڵ شێعری نوێ موقایسە دەکەن. یەک لە زەریفکارییەکانی بەیتبێژەکان کەم و زیادکردنی هەجاکان لە میسراعەکانی بەیتەکەدایە. بۆوێنە لە بەیتی (گەنج خەلیل) دا دوو میسراعی هەوەڵێ حەوت هەجایی دوو میسراعی دووهەم دوو هەجایی و دوو میسراعی سێهەم دە هەجایین. پێکهێنەرانی بەیتەکان لە هێنانی قافیەدا بە ڕاستی ئوستاد بوون و مەعنایان فیدای قافیە نەکردووە و سەنعەتی (جناس) (١) یان زۆر بە کار هێناوە. لە بەیتی (خنجر موسو) بەیتبێژ نزیک سی قافیەی بە دوای یەکدا ریز کردووە.

مامۆستا هێمن شاعیری گەورەی هاوچەرخ لە بارەی بەیتی لاس و خەزاڵەوە دەنووسێ: میسراعەکانی زۆرزۆر درێژن بەڵام وشە جوانەکان وا هەڵبژێردراون و لە تەنیشت یەکتر داندراون کە کێشی بەیتەکان ڕاگرتووە و جوانیان پێداوە.

سەرچاوە: کتێبی (وزن شعر کردی)

نووسینی : عەبدەلخالق پەرهیزی

لە فارسییەوە کراوە بە کوردی

١،(جناس) سەنعەتێکی ئەدەبییە کە لە کوتنی شیعردا زیاتر بە کار دەبرێ و بریتیە لە بەکارهێنانی وشەی (متحدالشکل و مختلف المعنی) . وەک:

دەستەی دەسماڵ تەنزیلان      ساز بوون دەچن بۆ دیلان

دیلان نابێ بۆ دیلان

حافز دەڵێ:

چو منصوران مراد آنانکه بردارند، بردارند

که بااین درد اگر در فکر درمانند، درمانند

زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٣٨)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

# ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان

## سەرەتا




ساڵی ١٩٥٧ بە حەق دەبێ بە نوختە وەرچەرخانێک لە مێژووی زانستی زمانناسی دابندرێ. لەو ساڵەدا کتێبی بە نێو بانگی بناغە نەحوییەکان(syntactic struktures) لە نووسینی نوئام چامسکی(noam chamsky) مامۆستای زمانناسی ئێم،ئای تی (massachusetts institute of technology) بڵاو بۆوە. لەو دەمییەوە تاکوو ئێستا ئەو کتێبە زۆرجاران چاپ کراوەتەوە و بە زۆرێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێردراوە. بیروڕا تازەکانی چامسکی سەبارەت بە ڕێزمان و زمان، دەنگ و باس و هەرایەکی زۆری لە نێو زمانناسە ئەمریکاییەکاندا سازکرد.

بەشێک لە پەیڕەوانی چامسکی لە پشتیوانیکردنی بیروڕاکانیدا ئەوەندەیان شوو لێهەڵکێشا کە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ئەگەر بە پێی بۆچوونی چامسکی نەبا بە بێ بایەخیان دادەنا. لە سەرێکی دیکەوە بەرهەڵستکارە توندوتیژەکانی ئەو، هەوڵیاندا ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵەی کە چامسکی لە بناغەی زانستی زمانناسیدا پێکی هێنابوو لەبەرچاو نەگرن و ڕێگەی قەدیمی خۆیان

درێژە پێبدەن. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە بیروڕاکانی چامسکی کە بە بڵاوبوونەوەی کتێبی (لایەنە تیئۆرییەکانی نەحو) لە ساڵی ١٩٦٥ و بەو پێداهاتنەوەی دواتر پوختەتر و پەروەردەتر بوو, زمانناسیی خستە سەر تەوەرەیەکی بە تەواوی تازە . هەڵبەت ئەو قسەیە بەو مانایە نییە کە ئەورۆ هەموو یان زۆربەی زمانناسان بیروڕاکانی ئەویان دەربەست و بێ سێوودوو سەلماندووە . لە ڕاستیدا کەلێنی نێوان بیروڕاکانی ئەو و ئەو کەسانەی بە ڕچەی ئەودا ڕۆیشتوون و پاشان لێی جوێبوونەتەوە جارجار قووڵترە لە کەلێنی نێوان ئەو و کەسانێک کەلە سەرەتاوە خۆیان بە دژی ئەو داناوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ جۆرێک ناکرێ ئەو شۆڕشەی کە چامسکی لە زمانناسیدا سازیکرد و شوێنی بیروڕاکانی لەسەرکاری زمانناسیی هاوچەرخ و بەتایبەتی زمانناسانی لاو بە کەم بگیرێ.

شوێن و شەقڵی بیروڕاکانی چامسکی هەر بە سەر مەڵبەندی زمانناسیەوە نییە بەڵکوو بیروڕاکانی ئەو لە نێو دەروونناسان، فەیلەسوفان، مەنتیق زانان، و زۆر لە بابەتەکانی دیکەی زانستیدا ناسراوە و بڵاو بۆتەوە. تەنانەت هێندێک لە بیروڕاگشتییەکانی وی لە موزیک و میعماریشدا شوێنی داناوە.

ڕێزمان نووسین لە ڕۆژاوادا.

لە سەدەی چوارەمی بەر لە میلادی مەسیح ، ئەرەستوو کە دەکرێ بە یەکەم ڕێزمان نووسی ڕۆژاوایی دابندرێ ، بناغەی ڕێزمانێکی دانا کە دواتر بە هۆی یونانیی دیکە پەرەی پێدراو لە ڕێگەی ڕومییەکانەوە لە ڕۆژاوای ئوروپا برەوی پێدرا و بوو بە سەرمەشقێک بۆ ڕێزمان نووسینی زمانەکانی ئەوێ بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە ئەورۆ دوای تێپەڕینی بیست و چەند سەدەیەک هێشتا بنچینەکان و دابەشکراوەکانی ئەو ڕێزمانە لەگەڵ وەرگێڕاوی لاتینی زاراوەکانی لە زۆربەی خوێندنگەکانی ڕۆژاوا بە دەرس دەکوترێتەوە. ئەوە هەمان ڕێزمانە کە زمنناسان پێی دەڵێن ڕێزمانی سوننەتی( traditional grammar) . ئەفلاتوون لە کتێبی سوفیستدا ناو و کاری لە یەک جیا

کردبۆوه. ئەرەستوو وردەیەکی لێ زیاد کرد و بەشەکانی ئاخافتنی لە زمانی یونانیدا بە ناو و کار و پیت دابەش کرد(١). دوای ئەرەستوو فەیلەسووفە رەواقییەکان درێژەیان بە لێکۆڵینەوەکانی ئەودا.

زەنون دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە بۆخۆی بەشێکی گەورەی لە رێزمانی سوننەتی کۆکردەوە. ئەگەرچی لێخوردبوونەوە لە دۆخەکانی ناو لە زەمانی ئەرەستوو وەوە دەستی پێکردبوو بەڵام ئەوە رەواقییەکان بوون کە چوار دۆخی کارایی(nominative) ، بەرکاری(accusative) ، بەرکاری بەسەردا(dative) و ئیزافە(genitive) یان ناسییەوە و لە یەکیان هەڵاوارد و نێوی ئەوتۆیان لێنان کە لە وەرگێڕاوە لاتینیەکەیان ئێستاش هەر دەکار دەکرێ.

ئەو کەسەی کە رێزمانی هەرە تەواوی یونانی نووسی نێوی دیونیسیوس تراکس بوو کە نزیکەی سەدساڵ بەر لە میلاد ژیاوە. ئەو بۆ یەکەمجار رێزمانی بە زانستێکی سەر بە خۆ دانا. کتێبەکەی ئەو سەرەڕای کورت بوونی بوو بە سەرمەشقی گشت رێزمان نووسانی یونانی و لاتینی کە بە دوای ئەودا هاتن. ئەو بۆ یەکەمجار بەشەکانی ئاخافتنی بە هەشت بەش دابەش کرد و ئەوە هەر ئەو دابەشکردنەیە کە تا ئەورۆش لە رێزمانە سوننەتییەکاندا ماوەتەوە و بە لێزیادبوونی سەوت(interjektion) ژمارەی گەیوەتە نۆ: ناو، ئاوەڵناو، کار، جێناو، حەرفی تەعریف، ئیزافە، ئاوەلکار، حەرفی رەبت، سەوت.

رۆمییەکان وەک زۆر لە بابەتەکانی دیکەی زانست و فەرهەنگ دەستیانکرد بە لاساکردنەوە و وەرگێڕانی شوێنەواری یونانییەکان بەڵام بۆخۆیان زۆر کەمیان لێ زیاد کرد . بۆ وێنە هەشت بەشی ئاخافتنیان راستەوخۆ لە یونانییەوە وەرگێڕا بەڵام چونکو حەرفی تەعریفیان نەبوو لە جیاتیان سەوتیان دانا بۆ ئەوەی شومارەی هەشتیان پاراستبێ . لێرەدا دەبێ ئاماژەی دوو رێزمان نووسی بە نێو بانگی رومیی بکرێ کە کتێبەکانیان بۆ چەند

سەدەی پەیتاپەیتا بوون بە کتێبی دەرسی. یەکەمیان ئیلیوس دوناتوس ە کە لە سەدەی چوارەمی پێش میلاد لە ڕۆم دەرسی دەگوت و ڕێزمانەکەی ئەو بە ناوی فەننی سەغیر(ars minor) لە سەدەکانی نێوەڕاستیشدا دەکوتراو ئەوەندە بە برەو بوو کە یەکەم کتێب بوو کە بە پیتی دار لەچاپ درا. (٢). ڕێزماننووسێکی بە نێو بانگی دیکە پریسکیانووس ە. لە سەدەی شەشەم لە قوستەنتەنییە ژیاوە. کتێبەکەی ئەو کە لە بیست بەش پێکهاتووە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا بە باوەڕپێکراوترین و کاملترین ڕێزمانی لاتین دادەندارا. لە سەدەکانی نێوەڕاستدا کاتێک زمانی لاتین شێوەی کۆنی دەگۆڕا و دەبوو بە زمانی ڕۆمییەکانی ئەو ڕۆژگارە (فەڕانسەیی، ئیتالیایی، ئیسپانیایی و....) لاتینی کلاسیک وەکوو خۆی وەک زمانی زانست و فەرهەنگ مایەوەو کەسانێک لە خوێندنگە ئەو زمانە وەکوو زمانی دووهەم فێر دەبوون بەڵام ئەگەرچی عالمان بە لاتینیان دەنووسی و پێی دەئاخاوتن ئیتر لاتین وەکوو رابردوو زمانی قەومێک نەبوو بەڵکوو زمانێ بوو کە بە هۆی کەشیشان و عالم و زانایان بە شێوەیەکی دەستکرد بە زیندوویی ڕاگیرابوو. . ڕێزمانێکی کە لەو سەروبەندیدابە دەرس دەگوتراوە لە سەر بنەمای سوننەتی وێژەیی ڕابردوو بوو و نووسەرە کلاسیکەکانی وەک ویرژیل و سیسرۆنی بە سەرمەشق دادەنا و قاعیدەی ئەوتۆی فێری خەڵک دەکرد کە بە دەم تێپەڕینی ساڵ و سەدانەوە کۆن ببوون. ئەو سوننەتەی لاتینییەتی کەم تا زۆر تا سەدەی بیستەم بەردەوام بوو تا ئەو جێیەی کە نەک هەر لاتین یەک لە بابەتە گرینگەکان لە بەرنامەی خوێندنی زۆربەی خوێندنگە و زانستگەکانی ڕۆژاوا بوو بەڵکوو بوو بە زمانی پێگوتنەوەی وێژە و بابەتەکانی دیکەی خوێندنیش. بۆ وێنە لە سۆربۆن تا نێوەڕاستی سەدەی نوزدە هەم دەرس بە لاتین دادەدرا.

نووسینی ڕێزمان بۆ زمانەکانی ڕۆژاوای ئورووپا لە سەروبەندێکدا دەستی پێکرد کە ئەو زمانانە بەرە بەرە بایەخ و ئیعتیبارێکیان پەیدا کرد تا وەک زمانی نەتەوایەتی و ئەدەبی دەکار بکرێن . بۆ وێنە هەوەڵینی ئەو ڕێزمانانەی بۆ زمانی فەڕانسەوی نووسران سەر بە سەروبەندی ڕۆنێسانسە. ڕێزماناناسانی

نیشتمانپەروەری ئەو سەروبەندە بۆ ئەوەی بتوانن لە بایەخ و ئیعتیباری زمانی فەڕانسەیی زیاد کەن و ئەو زمانە لەبەرچاو کەسانێکی کە ئەویان بە هاوتای زمانێکی ئەدەبی و فەرهەنگیی وەک لاتین دانەدەنا بەرێز نیشان بدەن بە تەواوی تێکۆشان بیسەلمێنن کە فەڕانسەوی تەواوی ئەو تایبەتمەندییانی هەیە کە زمانەکانی لاتین و یونانی بوویان و لە راستیدا لەگەڵیان یەک دەگرێتەوە.بۆ وێنە هەوڵیاندا کە ژمارەی پیرۆزی ٨ کە یونانییەکان و رۆمییەکان بۆ بەشەکانی ئاخافتنیان پەسند کردبوو لە فەڕانسەشدا بپارێزن. بۆ ئەو مەبەستە هێندێک لە رێزماننووسان بەو قسەیەی کە حەرفی تەعریف بەشێکی سەربەخۆی ئاخافتن نییە ئەویان وەلانا چونکە ئەو بەشە لە دابەشکردنەکانی لاتینیدا نەبوو. هێندێکی دیکە ئەو بەشەیان وەرەگرت و لە جیاتیان سەوتیان لە بەشەکانی ئاخافتن دەرهاویشت . هێندێکی دیکەش ئامادەگی ئەوەیان نیشاندا کە هەردووکیان رابگرن و ژمارەی ٨ بگەیەننە ٩. بەم پێیە رێزمانی فەڕانسەیی لە رووی سەرمەشقی لاتینیرا ساز کراو کەم و زۆر هەمان دیمەنی خستە ڕوو کە رێزمان نووسانی لاتینی لە سەر زمانی خۆیان دەریان بڕیبوو. ئەو سوننەتەی رێزماننووسیی فەڕانسە مایەوە و ئێستاش رێزمانە سوننەتییەکانی فەڕانسە وتە و دابەشکردنەکانی خۆیان بەڕوونان لە لاتین دەسەلمێنن.

لە سەدەی حەفدەهەمدا پرسی فەلسەفی و زمان تێکەڵاوبوون و هێندێک پرسیار لە مەڕ ریشە و نێوەرۆکی زمان هاتنە گۆڕی هێندێک لە فەیلەسووفەکان زمانیان بە رەنگدانەوەی بیری ئینسان دانا و بابەتە رێزمانییەکانی ئەویان بە رەنگدانەوەی کرۆکاشی زەمین و عەقلی ئینسان لێکدایەوە و ئەوەیان هێنا گۆڕێ لە بەر ئەوەی کە بناغەی عەقڵی مرۆڤ تێگڕاییە کەوابوو دەبێ بابەتەکانی زمانیش بناغە یەکی عەقڵی و تێگڕایی هەبێ. شوێن تێکردنی ئەو لە رێزماننووسەکانی ئەو زەمانیدا بوو بە هۆی پەیدابوونی رێزمانی ئەوتۆی بە ناوی رێزمانی تێگڕایی کە ئەوی لە هەموویان بە نێوبانگتر (grammaire generale et raisonee) رێزمانی تێگرایی و

عەقڵییە کە بە رێزمانی پۆرت رویال نێو بانگی رویوە و لە ساڵی ١٦٦٠ بڵاو بۆتەوە. لێکدانەوەی ئەو رەوتە فەلسەفییە لە رێزماننووسەکانی دواتردا بوو بە ئەوە کە رێزمان دەبێ بناغەیەکی مەنتیقی هەبێ و حوکمەکانی نابێ دژی حوکمەکانی مەنتیق بن. بەو شێوەیەی کە دوایە باسی لێوە دەکەین بە یەکسان دانانی بابەتەکانی زمان و مەنتیقی ئیستیدلالی نادروستە و دەکرێ بە سەدان نموونە بۆ بەرپەرچدانەوەی بە شاهید بگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا سوننەتی مەنتیقایەتی لە سەدەی حەفدەهەمەوە مایەوە و بوو بە بنەمای زۆر لە ئیستیدلالەکانی رێزمان نووسان . ئەو جۆرە ئیستیدلالانە ئێستاش لە رێزمانە سوننەتییەکاندا کە لە خوێندنگەکانی رۆژاوادا بە دەرس دەگوترێنەوە دەبیندرێ.

سەرچاوە: ئاورێکی تازەبۆ سەر رێزمان . نووسینی دوکتور رەزاباتنی وەرگێڕانی بۆ سەر کوردی  حەسەنی قازی

پەڕاوێزەکان:

١ ، جێی سەرنجە کە لە کتێبەکانی سەرف و نەحوی عەرەبیدا لە زۆر کۆنەوە تا ئێستا وشە عەرەبییەکانیان بە سێ بەش داناوە : ناو،کار،حەرف .

٢، جان/تی/ واترمن، ئاورێک وە زمانناسی. وەرگێرانی بە فارسی  فریدون بدرەای کتێبە گیرفانییەکان ١٣٤٧ ی هەتاوی.

درێژەی هەیە  ...